# ڕامان

**١٧٨**


مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی شازدە/ ئاداری ٢٠١٢



- **خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی رامان


● **دەق**

- بەشێکی دی لە قەسیدەی سکڵی ناو خۆڵەمێش/ کەریم دەشتی/ 3
- ئەرێ تۆ بۆ نەهاتی؟/ زانا خەلیل/ 6
- ڕوحی مرۆڤ/ سەید مادیح پیر یۆنسی/ 8
- ئەوێن گولان دچینن/ ئەحمەد قەرەنی/ 10
- لە زەردەپەڕەوە تا کازیوە/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 11
- من لە سەر و پێی تەرمێکدا/ دیدار مەسیفی/ 13
- شتێ لە گیرفانی دایکمدایە/ جەلیل کاکەوەیس/ 18
- حەسرەت/ ئازاد ئەرگوشی/ 22
- غەزالا بنخەتێ/ لوقمان پولات/ 24
- ئاسیاو/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 26

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ هونەرمەند (محەمەد قەدری)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 33

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- گێڕانەوە و زمان لە (پێنجەمین کتێب)دا/ د. کاوە عەبدولکەریم شێروانی/ 53
- نالی و (ئەو)ڕێژکردنی جەستەی مەستوورە/ پێشڕەو عەبدوڵڵا/ 62
- عومەری خەییام (شاعیری زانایان و زانای شاعیران)/ لە عەرەبییەوە: حەمەکەریم عارف/ 68
- نموونەی بێ لافی، یان وێنەی دووەمی شاعیرەکانمان/ د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود/ 77

● **دەق و ڕەخنە**

- نوێکردنەوەی شێوازی گێڕانەوە لە چیرۆکێکدا/ د. عادل گەرمیانی/ 83

● **وتار**

- کاوەی ئاسنگەر و گوڵەگەنمەکانی سەر شانی/ ئیبراهیم ئیسماعیل پوور/ 92
- کۆخی کورتەک/ مەلا مستەفا ڕەشیدی زاواکێو/ 96
- سازانی ڕۆمانسییەت و ڕیالیزم/ ئا: ئیحسان سابیر سەعید/ 99

● **هزر و فەلسەفە**

- ڕەهەندەکانی فەلسەفەی ئاکار/ د. حەمید عەزیز/ 105

● **هونەر**

- شانۆی منداڵ لە خوێندنگەکاندا/ مۆفەق عارف لهۆنی/ 122
- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 133
- چەند دەربڕینێک لەمەڕ حەیران/ ئەحمەد حەیران/ 137

● **خوێندنەوەی کتێب**

- هوتێل ئەورووپا و عیشق و گەڕیدەیی/هاشم سەڕاج/ 144

● **ڕاپۆرت**

- پێدەچێت دیداری شانۆی کوردی ئەم جارەش بەدەردی.../ ئا: خەلیل بابە کەریم/ 149

● **نرخاندن**

- گۆڤاری ڕامان و هەگبەیەک لە سامانی نەتەوایەتی/ د. شوکریە ڕەسووڵ/ 158

● **نامە**

- لە نامەکانی محەمەدی مەلا کەریمەوە/ ئا: تاهیر عوسمان/ 159

● **سووکە لەنگەر**

- دەگەڵ برایم خان یوونسی و محەمەد قازی-دا/ حوسێن شێربەگی/ 160

بەشێکی دی لە قەسیدەی

# سکڵی ناو خۆڵەمێش

**کەریم دەشتی**

**پاڕانەوە لە خوا**

خودایە ئەبەدێکی کورتم لە ئەوین
هەناسەم درێژ کە
خودایە ساتێکی ئەبەدیم لە ئەوین
مەوداکانم کورت کە
خودایە تەمەنێکی تاڵم لە ئەوین
مردنم شیرین کە

**ئاگری ئولومپ**

داستانی ئەوینم دڵۆپێ ئاو نییە هەڵڕژێ
شووشەیێ لە عەتری گوڵ نییە
بە شاخی ئاسکان هەڵپڕژێ
داستانی ئەوینم ئاگری ئەبەدە
تا هەتا لە ڕۆحم بەربووە
دەزانم ڕۆژێ دێ دەمکوژێ

**دەستەپاچە**

قەڵەمێ لە خەیاڵ نەماوە
بە خەرجی نەدەم لە ئەوینت
وشەیێ نەماوە دایڕێژم لە وەسفی ئەوینت
شەرابێ نەماوە مەستم کات
لە تەشقی ئەوینت

**گەلایێ لە وەرین**

چەند سەختە وشێکم لە کتێبی تۆدا
هەمیشە خەتێکی ڕەشی پیا دەهێنی
دڵۆپە ئاوێکم لە دەریای بەردەستت
دەتەوێ بۆ هەڵم و نەمانی بەیتەوە
ڕەنگێکم لە ئیشقت
ئەو کاتە گەش دەبێ کە ڕەشم کەیتەوە

**شەفەقی نەهاتوو**

شەوێکم لێ نەهات سپێدەی ئەوینم سپی کات
بارانێ بە سەرما نەباری
گۆڵەگەنمی دڵم پڕ شیر کات
تیشکی خۆرەتاوێکت لێی نەدام
تاوەری وجوودم گەرم کات

**پشت لە ئاسمان ڕوو لە زەوی**

کەی لە ناو سەدیمی نادیاریی دێیتەوە
کەی خۆت لە تەمتومان جیا دەکەیتەوە
کەی زەوی دەکەیتە ماڵی خۆت



وەک جاران بە ناو خاک وخۆڵا ڕێ دەکەی
دەزانم ئەوینم تەنها لە نەبوونت مەست بووە

**نەیژەن گوتی**

دەچمەوە ناو نیشتیمانی قامیشەڵان
هەر ئەوێ کانیلەی پڕ نەوای ئەوینمە
هەر لەوێ لە ناخی لەت لەتی خۆم دەگەم
لەوێیە دەزانم فیراق چی لە دڵم کردووە
نەوای نەی بۆچ وا دەچریکێنێ
لەوێیە کە فیراق
واز لە کونجی سینەی کون کونم دەهێنێ

**گێژەن**

ئەوینم لە ڕیشە و ڕەگەزی گومانە
لە ناو بێشەی چڕی
هەزاران ڕستەی ناو زیندانی زمانە
ئەوینم لە ڕیشە و ڕەگەزی سپی تەمتومانە
لە نەوای هەزاران شمشاڵ و
هەزاران چڕین و برووسکە و تۆفانە

**گومان**

هەموو ڕێگەوبانی زەوینم بڕیوە بە دوای تۆ
لە ئاوە دوورەکانم داوە من بە دوای تۆ
دارستان نەماوە تەی نەکەم بە دوای تۆ
بەڵام ئاخ تۆ نە لە ئاسمان دیاری نە لە زەوی
تۆ نە لە ترۆپک و نە لە سای بنارانی
بۆیەکە دەزانم یەقین نیت گومانی

**شمشێرباز**

کە هاتییە بووغمەوە من بوومە تەواوی ڕەنگەکان
کە هاتییە بووغمەوە من بوومە شمشێری جەنگەکان
ئێستاکە من شمشێرێکی سپی شەرابیم
هەمیشە لە ناو جەنگی مەستیم
وەشانم کتێبی وجوودم دەدڕێنێ
کۆتایی بە ئەفسانەی ئەوینم دەهێنێ

**مرواری هەزار ڕەنگ**

لە خۆمم پرسیوە لەبەرچی هەمیشە دەچییەوە
تەمتومان
یا بۆچی هەمیشە بۆ دارستانەکان ڕادەکەی
یاوەکو موریدێکی شێتی زەردەشتی
بەسەر ئاوەکاندا هەر سەیری خۆر دەکەی
بەڵام من وەڵامێکم نییە و نازانم
دارستان و ئاو و تەمتومان
بەشێکن لە ئەوین، یا لەشکرێکن لە گومان؟

**هەڵکەندنی گۆڕ**

زۆرم بیرکردۆتەوە چ خوێنێ دادی تۆ دەدا
تا بۆ تۆی هەڵڕێژم
زۆرم بیرکردۆتەوە چ گۆڕێ دەمشارێتەوە
تا لە پێناو ئەوینی تۆ
زەینی خۆمی تیا بنێژم
بەڵام ئاخ چ هەیە دادی تۆ بدا
جگە لە کوژاندنەوەی پووڵووی ناخ ؟

**مانەوە لە گۆشەگیری**

من ئێستاکە لقی دارهەنارێکی تەنیام
چاوەڕێتم ئارمووشی پەنجەکانی تۆ
لوولم بدا و بمشکێنێ
من ئێستاکە تاقە درەختی ئاقیقی بنارانم
چاوەڕێتم هێزی هەزار ئەفسوونی تۆ بۆنم بکا
بەو بۆنە من بۆ لای عەرشی خۆت بەیتەوە
من ئێستاکە کتێبێکم چاوەڕێتم
لەسەد ساڵان تاقە جارێ بمکەیتەوە

**هات و نەهات**

گوێم لە دەنگێکە ناوێرم بۆ لای بچم
دەزانم بەهەموو دارستانەکان دەمگێڕێ و نایدۆزمەوە
گوێم لە زێمارێکە ناوێرم بۆ لای بچم
دەزانم لە ڕەوەز و هەڵەمووتان ڕامدەدێرێ
بۆیە لە کونجی سینەمدا ئەو برینەم هەڵگرتووە
کە دەزانم ئەوە دەنگی ئەفسانەی هات و نەهاتە
زۆرانی وەک من و تۆی پێ لە ناو چووە

**دیلبوون لە ئەوین**

وەک دەریایێ ئەوینت تووشی هەدادانی کردووم
وەک دارستانێ ئەوینت تووشی ڕەشەبای کردووم
وەک کانیێ ئەوینت منی کردۆتە ڕووبار و چۆم
بزانە منت داوەتە دەست چ گێژەنێ
ئەی ئاوێنەو ڕابەری خۆم؟

**پارسەنگی ئاگر**

دەمەوێ لە باوەشت بگرم
زۆر دەترسم هەموو دونیا ئاگر بگرێ
دەمەوێ سەیرت بکەم
زۆر دەترسم میناى چاوەکانم بڕژێ
دەمەوێ بەسەر کێوی ئەوینت کەوم
زۆر دەترسم
بەفر دابکا و مەرگ هەموو ڕێگاکان بگرێ

**تەنهاترین کتێب**

هەندێ جار وەک پیرێکی نوورانی
لە پڕێ وەژوور دەکەوی
هەندێ جاریش وەک منالێ
ڕکە دەگری و جێم دەهێڵی
لە یەکەم هەروەکو سکڵ گەش دەبمەوە
لە دووەم هەروەک کتێبێ
کە دەستێ نەیکردبێتەوە ڕەش دەبمەوە

**شەڕ لەگەڵ دەریا**

تۆ لە بەرچاوم چەند گەورەی
دەڵێی پانتایی ئاسمانی

تۆ لەبەرچاوم چەند دووری
دەڵێی گەنجینەی تابانی
ئاخ تۆ ئەی شەرابی هەزار ساڵە
لەبەرچاوی من چەند گەشی
دەڵێی یاقووتێکی سپی ناو دڵی
نەهەنگێکی دەریای ڕەشی

### تاجی زەوی

هەر قومە ئاوێ دەخۆمەوە ئەوە تۆی
لە هەر پەنجەرەیێ شنەیێ دێتە ژوورەوە ئەوە تۆی
ڕووبەڕووی هەر لەشکرێ دەبمەوە
ئەوە تۆی ڕۆحم پڕ شمشێری فیراق دەکەی
لە هەر بەزینێ، خۆم دەبینم ئەوە تۆی
تاجی سەرکەوتن و شکۆ لەسەر دەکەی

### سوڵتانی ئەوین

ئەوەتا تۆ لەوسەری زەوییەوە دیاری
وەکو زیو دەبریقێیتەوە
لە ناو هەموو ئاوەکانی
لەناو بەفر و باوبۆرانی
ئەوە هێزی ئەوینمە
تۆی پەرشوبڵاوی هەموو دونیا کردۆتەوە
وادەکا تۆ لە هەموو شوێنێکا سپی بچیتەوە

### پووشی بەر با

بێ تۆ من هەبوونم نییە بێ تۆ من چیم
تۆ هەمیشە لە تەکمەوەی
لەناو لەپی دەستەکانمی
لە ناو گلێنە و خوێنمی
لەناو کتێب و قەڵەم و پەڕە کاغەزەکانمی
لەناو سێبەر و سایەمی
بۆیە هەرگیز من تەنها نیم

### لە کەوتنی سامناکدا

کەی وەک ئاسکێکی کەونار ڕێیەکانی ون کردبێ
ماڵی پووشم پڕ لە گڕی چاوت دەکەی
کەی دێیتەوە وەک حەکیمێ برینەکانم سارێژ بکەی
لەم کەوتنە ئەبەدییە دەستم بگری و
ڕزگارم کەی

### دەنگی وردوخاشبوون

دڵی من ئەوەندە شکاوە
بۆ هەر شوێنێ بچم
پارچەی دڵم دەدۆزمەوە
وەک نوورێ لەو شوێنە دەدرەوشێتەوە
دڵی من ئەوەندە شکاوە
بچمە هەر کەنارێ گوڵی سوور دەبینم
هێندە خوێنی دڵمی بەسەردا ڕژاوە

### مەیلێکی کوشندە

دەزانم تۆ تەمی سەرچیا و زەنوێری بنارانی
دەزانم تۆ سەرابی ڕێگە دوورەکانی
دەزانم هەنگوینی نێو قەدی
ڕەوەزە شاخێکی دژواری
دەزانم تەمەنیش دەڕوات هەر دەستم ناتگاتێ
مەیلێکە و تێکەڵی خوێن بووە

### مرواری ژێر دەریا

ئیدی من نەچاوم ماوە تۆ ببینم
نەهێزم ماوە بۆت بگەڕێم
ئێستاکە تۆ مرواریيەکی پڕ بەهای کەوناری
لە قووڵایی دەریای دڵی بچووکمدا

### بەردەکان گۆرانی نالێن

لە شەپۆلەکانم پرسیوە بۆ ڕەنگی تۆ لە ئاو دەچێ
لە گەڵاکانم پرسیوە بۆ دەنگی تۆ لە با دەچێ
لە کلپەکانم پرسیوە بۆ ئەوینی تۆ لە گڕ دەچێ
لە گوڵەگەنمم پرسیوە بۆ بۆنت لە بۆنی خاک دەچێ
ئاو و با، گڕ و خاک ، گوڵەگەنم و کلپە
ئاوەها سەرسامیی لوولیدان ڕازێکیان نەدرکاند

### یاری

لەگەڵ بایەکاندا هەڵدەکەی
لەگەڵ بارانەکان دەباری
لەگەڵ مەلەکان هەڵدەفڕی
لەگەڵ شووشەکاندا دەشکێی
لەگەڵ عەتردا دەپژێی
لەگەڵ گەڵاکان سیس دەبی
لەگەڵ گیاکان شین دەبییەوە
دەبینی ئەوینم چ لە دڵی من دەکا؟

### ڕەنگی دیماهی

دڵی من وەک گۆزەی شەرابێ
هەرجارەی بە جۆرە ئەوینێ سەری من مەست دەکا
دڵی من وەک کوانووی ئاگرێ
هەرجارەی بە جۆرە پەنگرێ دەروونم گەش دەکا
دەزانم ئەو گۆزە لە گەڕان بە دوای تۆ هەر دەشکێ

### زیندانی بن دەریا

من ئێستاکە مینا گەوهەری بن دەریا
هێزی ئەوین وەک قەدی کۆتەرەدارێ دەمهەژێنێ
چاوەڕوانی دەستی ئاوینی تۆ دەکات
لە قووڵایی قوڕی بن دەریام دەرهێنێ

### تۆی

دڵی من دڵ نییە ئاوێنەی ئەوینتە
ڕێی دوور و دژواری پێ دەبینم
خوێنی من خوێن نییە جوانیتە
بەناو گەرداوی لەشما دەسووڕێ
هزری من گومانە، داڕشتەی زمانم دەگۆڕێ

# ئەریَ تۆ بۆ نەهاتی؟

زانا خەلیل

**بەدوای - ناشت-دا دەگەڕێم**

خۆم وا نیشـان دەدەم کە دەمـەوێ
ئەوەشـم نەبێ کە هـەمـە..
دواتر دەبیـنم
هێشـتا هـەموو ئەو شـتانەی دیکەشـم دەوێ
کە نیـمـە و
ئەوانەیش نا، کە هـەمـە.

هـەوڵدەدەم ئەوەی تریشـم هـەبێ کە نیـمـە
بە نموونە:
ڕاتبێکی باشـتر
خانوویەکی گەورەتر
کتێبێکی قەبەتر
ژنێکی نوێتر لەناو سـەیارەکی ڕەش
لەسـەر قیرێکی سـپی..
دواتر دەبیـنم
هێشـتا هـەموو ئەو شـتانەی دیکەشـم دەوێ کە نیـمـە و
ئەوانەیش نا، کە هـەمـە.

بەردەوام دەبم لەو گەمـەیە تا ڕۆژێ
ئاوڕی دواوە دەدەمـەوە و دەبیـنم
لە هـەموو ژیانمدا، لە دەرەوەی زەمـەن و
لە ناشـوێندا، تەنیا بە دوای ناشـتدا گەڕاوم.

**ئەریَ تۆ بۆ نەهاتی؟**

شـەشـی بەیانی، لە پاسـێکدا
کە بەنێو دارسـتانێکی سـوور و
تەمێکی ڕەشـدا تێدەپەڕی
نیو بتڵ "بلاک لێبل"م بە نیو لیمۆ خواردەوە
بە خەیاڵی ئەوەی لەوێیە
لەوێ نەبوو
بەڵام دەبوایە بێ.



لەناو وێستگەیەکی ترامی پڕ لە مەست و ماندوو
لە شەش و دە خولەکی بەیانیدا
جگەرەم کێشا و بتڵی بلاک لێبلم وردوخاش کرد
بە خەیاڵی ئەوەی دێ.. نەهات
بەڵام دەبوایە بێ.

لە سەعاتی ٢٣ یەمی ناو وێستگەدا
پێیەکم لە دوکانەکەی سەرێ هێنایە خوار و
دەستێک لای قوتییە بیرەکە و
سەرم لە بن دەست و پێی هاتوچۆکەران و
دڵم لەسەر سککەی ترام گەڕاندنەوە لای خۆم
پارچەکانی خۆمم کۆکردەوە و ڕۆیشتم
جار نا جارێ ئاوڕم دەدایەوە و دەمزانی دێ..
نەهات
بەڵام دەبوایە بێ.

ئەرێ تۆ بۆ نەهاتی؟

**بە تەنیشت خۆمدا ڕێ دەکەم**

تاریکی بە تاریکی لاناکەوێ.
ئەو ڕۆژە ویستم خۆم ڕەش کەمەوە
تەماشام کرد من تەنیا سێبەرم بووم
ئیدی لێگەڕام خۆم بە تەنیشت مندا ڕێ بکا و
منیش بە پێکەنینەوە هیچ نەکەم
تەنیا و تەنیا بە تەنیشت خۆمدا ڕێ بکەم و بڵێم:
تاریکی هەرگیز بە تاریکی لاناکەوێ.

# ڕوحی مرۆڤ

سەید مادیح پیرپۆنسی(*)
(تاران)

تۆ ئەزانی ڕوحی مرۆڤ وەکو چییە؟
ڕوحی مرۆڤ، وەک شووشەیە
گەش و خاوێن
دنیایەک لە پشتی دیارە
جاری وایە چەقۆیەک
مل هوڕ و زل
لێی گیر ئەکا و نایڕووشێنێ
جاری وایشە تەپوتۆز
سووک و بێدەنگ
ئەیڕەنجێنێ و ئەیڕووشێنێ

**مان و نەمان**

هەر گەڵایەک کە سەوز ئەبێت
من پاییزی تیا ئەبینم
هەر بارانێ کە ئەبارێ
وشکەساڵیی دێتە بیرم
مناڵێ ئەبێ لە دایک
سێبەری مەرگی ها پێوە
بەرخە ساوایەک ئەبینم
چەقۆی تیژ و خوێنێکی سوور
دێتە بیرم
بەیانیان چاوی سووری ڕۆژهەڵاتان
دەکرێتەوە و دیسانەوە
بەڵای سووری ئێوارەی خوێناوڵی ڕۆژئاوادا
ئەفڕێتەوە هۆش و بیرم
من لە هەموو دڵێکا مەرگ ئەبینم
لە هەموو سەرێکا خۆڵ و
لە هەموو هەناسەدا نەمان
بێجگە لەو سەرە و ئەو دڵەی
یا بێجگە لەو هەناسەیەی
بۆ تۆ بسووتێن نیشتیمان



**درندەکان**

دڕەندەکانی ناو دڵم، دەوریان دابووم
لێم ئەوەڕین
دانی تیژیان پیشان ئەدام
منیش ئێجگار ترسا بووم
دڵم تاریک
بەتاڵ مابوو
چیا و چڕ بوو
هەرچی هاواریشم ئەکرد
کەس گوێی لە دەنگی من نەبوو
مەیدانیان پێ تەنگ کردبووم، دڕندەکان
سەرما چنگی تێم ئەگیران
تاریکیش بە قەمچی ڕەشی
دڵمی گرتبووە بەر لێدان
لە ناکاوێک
لە بنکی بنکی دڵمەوە
لە تاریکترین سووچەوە
نوورێک هەڵات
پەنجەی خستە پەنجەی سەرما و کۆڵی پێدا
بە شیری تیشکێکی تیژی قەمچی لە تاریکی سەند و
شانی گرت و لە عەرزی دا
من شێوەی نوورەکەم ئەکرد
هاتەیەکی مزری کۆنم لە ناو چاویا بەدی ئەکرد
ئاخ ئێستا خۆ ناسیمەوە
نووری یادەکانی تۆ بوو
کە لە دوایین دیدارمانا
لە قووڵایی ناخی دڵما شاردمەوە

*** قوتابی ئەندازیاری عومرانی زانکۆی تاران.**

# ئەوێن گولان دچینن

ئەحمەد قەرەنی

کچان ژ بۆ
خاترا ڤینێ،
خوە فێری هەسپ سواریێ کر..
پیرەمێران
ژ بۆ شەڕێ سالان،
ڕویڤێ د بن
سمبێلێن دویکێل گرتێ دە نڤاندن..
دناڤبەرا
خەوا ڕویڤیاو غارا کچان
سیە و پێنج عاشق
کاروانی بوون،
بەرەڤ هەیڤا تێهنێ کوشتێ و
جوانیێ خواستێ
بڕێکەتن..
دلی دەرگەه لێ داخستن،
عاشق ژ دەرڤە ڕوونشتن،
ستوونێن گریێ گڤاشتن..
بارانا ڕۆندکێن شەرمین
خوە داکێشا هەستێن ماندی،
سۆز لێ هەژیان
سەر دیوارێن ڕحێ ڕژیان
دیوار تەڕبوون
دووبەدەربوون
سیە و پێنج کولەک تێڤەبوون
د کولەکان دە عاشق هاتنەژوور
دەلنگ هەلدان
سیە وپێنج پەیسکان چوونەخوار
گەهشتنەڤە ئۆدا دلی
پەنجەرێن وێ ڤەکرنەڤە،
سیێن خوە ژ بایێ فێنک
پڕکرنەڤە..
چاڤەڕێ مان
ژ وەلاتێ
بەفرێ کاروانەک بێتەڤە...
بارهەلگرێ
چار خەمان بیت
خەمێن مەزن
ناڤ چیمەنێن وارێ سووتی
دانێتەڤە...
سۆرە گولێن بووکان خواستین
بچیننتەڤە..



# له زەردەپەڕ تا کازیوه

سیاوەش کەسرایی
لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)



شـەوگارمان چ پڕ شـکۆیە
کاتێـک گوللـە
سـینگی سـڕی خاڵکوت دەکەن
دڵی ئێـمـەش
دڵە پەرۆشـەکەی ئێـمـەش
لـە هـەردوو سـەری شـەوەوە
بانگی بەرزی بژی وڵات
بەیەکەوە گرێ دەدەن.

شـەوگارمـان چ پڕ شـکۆیە
کاتێـک تاریکی یەکیـەتی دەدا بە شـار.
شـەوگارمـان چ پڕ شـکۆیە
کاتێـک کە دەسـتێکی نەناس
دەرگا لـەسـەر تێکۆشـەرێک دەکاتەوە و
لـە داڵانێکی تاریکا
حـەز و دڵـەکوتە دەگوشـن باسـکی یەکتر.

شـەوگارمـان چ پڕشـکۆیە
ئەو کاتەی کە جـەندرمـەکان
لـە گەمـارۆی چاوی خـەو لێ زڕاومـاندا
یەخسـیر مـاون.
شـەوی ئێـمـە
چەند خـەمـاوی و پڕ شـکۆیە
کاتێـک
هـاوار و ئەسـتێرە
لـە ئاسـمـانا تێک دەهـاڵێن.
تارمـاییش لـە سـەربانەکان
بە بێ دەنگی
لـە پرسـەیەکی سـادەدان.

لـە زەردەپەڕ تا کازیوە
شـەوڕەوەکان
لـە کۆڵانا

دڵمان دەست بەدەست دەگێڕن.
خەوێکی بێ هوودەش
بەسەر سەری شارەوە دەگەڕێ.
کوژراو بەیانی نابینن
بەڵام، بەڵام
«ئاسۆ ڕوونە»

دیاری
ڕێبوارێکم تازە گەیشتوومەتە جێ
ئەو ڕێگا خەوتووەم یەکسەر بەلاق و بەسەر بڕیوە:
خۆڕاگری و شکۆی کۆسارە دوورەکان،
نیگای دەشتە سەوزەکان و
هەوڵی فڕین،
درزی خاک و چەقەرەی ڕسکانی زەوی
پەروەرندە لەگەڵ منن.
گوڵی هەزار باخی خەندە لەگەڵ منن.

بەری بەیان لەدەم ئاسۆ
بۆ دیتنی بزنەکێوی زیت و سڵۆک
لەم ڕەوەزەوە بۆو ڕەوەز بازم داوە
لەسەر ئاو دڕ و جۆگەکان
کە شینایی وەنەوشە، ئەستێرەیەکن
تکاونە سەر مافوورەی وەحشی گژوگیا،
زۆر شەکەت و هەناسە سوار
چەتری شۆڕەبیم هەڵداوە.
لە دایک بوونی بەهارم
لەسەر دەستی دارستانی گەورە دیوە.
لە ملوانکەی ڕەنگاوڕەنگی گردەکانیش
چرۆی نۆبەرەم چنیوە.

ئێستا لە هەمبەری تۆدا ڕاوەستاوم
ئەی تاقانە خاتوونی من
ئەی ڕەشپۆشی دڵ پڕ خەم و ژان و دڵۆ
مزگێنییەکم پێیە بۆت
دێ بەهاری خەفەت تارێن
سەرهەڵبڕە و بڕوانە تۆ.
خەم لە دڵ دەرکە و پەژارە و داخی دووری بتارێنە
وا هەڵاڵەی سەر شاخەکان هەڵکراون وەکو چرا،
پڕن لە تیشک و زریوە.
درووە شینە
ڕەگیان لەسەر ئاوە و سەریان هەڵبڕیوە.

تاوێ لەبەر ئەو دەلاقەیە ڕاوەستە و
بڕوانە ئەو باڵە تیژانەی کە سینگی شینی ئاسۆیان
دڕیوە.
بڕوانە دیسان هێلانە چۆڵ کراون.
بڕوانە کەس لە شوێنی خۆیان نەماون!
ئەگەر خوو بگری بە سەبران
ئەگەر ڕۆژانی پێک گەیین
چاو بەسەر ئەم پەردە سپی و نارەسیوەدا بگێڕی،
بۆتی دێنم مزگێنی سوور
مزگێنییەک کە بیستوومە لە گۆرەویلکەیەکی
خۆحەشارداوی پەنامژە و
لق و پۆپی دارستان و دۆڵێکی دوور.

**سەرچاوە:**
**صدای شعر امروز، گرداوری بهمن مه آبادی واحد منطقی تبریزی، چاپ دوم، تابستان ۱۳۶۸، انتشارات تلاش.**



# من لەسەر و پێی تەرمێکدا

دیدار مەسیفی

بۆ یادەوەریی ئامۆزاکان

هەردوو پێیە زەردەکان تاکە ئەندامی بەدەنی بوون کە بەدەرەوە بوون. ئەو لە نێو دارمەیتەکەدا بە هەمان پێخەفی کەسک و سوور داپۆشرابوو کە شەوێک پێشتر پێی خەوتبوو. پێیەکانی لە پێش چاوانم ئەوەندە مەزن دیاربوون، من لە خۆمەوە خەیاڵێکی سەیرم بۆ دەهات و دەمگوت " دیارە مرۆ لە کاتی مردندا پێیەکانی لە جاران گەورەتر دەبن."

حەزم دەکرد سەریم لێ دیار بوایە و بمزانیبایە کە ئەو شوێنەش وەک پێیەکانە، یان بە پێچەوانەوەی لێهاتووە و بچووکتر بۆتەوە.

نەمدەزانی بۆ چاوانی مێردمنداڵی من، ئەو دیمەنە لە هی پێیەکان گەلێک سارد و سڕ و جەرگبڕتر دیاردەبێت، دوای ئەوەی ڕووداوی دەستڕێژەکەیان بە سەد جۆر دەگێڕایەوە. لە نێو جەنجاڵی و حەوشەی مزگەوتەکەدا لەلایەک گوێم لە گریە و منگە منگ و هات و هاواری پیاوەکان بوو، لە لایەکی دیکەوە دەنگی ناخۆشی پرەمێزێکی نەوت خەریک بوو پەردەی گوێیەکانم بتەقێنێت و بە یەکجارەکی فڕێم بداتە نێو دنیایەکی کەڕ و کڕ و کشومات. من پەنا دیوارێکی چاکم گرتبوو و هەستم دەکرد لە تەواوی ئامۆزا و کوڕانی خاڵ و خزم و کەس و هاوسێیان بوێر و بە جەرگترم کە نەیانوێرابوو بستێک پێ بنێنە نێو حەوشەی مزگەوتەکەوە.

ئەو ڕۆژە شەرواڵێکی قاوەیی و بلووزێکی کەسک و سوورم لەبەر بوو، بە هەمان ڕەنگ و نەخشی پێخەفەکەی تەرمەکەی پێ داپۆشرابوو. ڕووشم بەسەر بلووزەکەوە ڕەنگی زەردی پێیەکانی لە خۆیدا بوو، کاتێک دەستێکی گەورە قۆڵێکی بلووزەکەمی گرت و منی لە نێو جەنجاڵی و حەوشەی مزگەوتەکە فڕێدایە دەرەوە.

ئێستا بیست ساڵێک بەسەر ئەو پەلکێشکردنەم بۆ دەرەوەی مزگەوتەکە تێپەڕیوە و من سێ باری ئەو کات تەمەنم هەیە، هەروەها دەتوانم بە خەیاڵ و چاوی نووسەرێک ورد و درشتی سێ دیمەنی دڵتەزێن بگێڕمەوە کە لە سەرووەختی

برینی هەر دەیەیەکی تەمەنم بینیبومن. سێیەمینیان دوو حەفتەیەک دەبێت رووی داوە، بەوەش هەموو ئەوانەی لەو ماوەیەدا لە دەوروپشتم بوون، دەزانن کە من تەنیا سی و سێ ساڵ و دوو حەفتە ژیام. ئەستەمە بتوانم خۆم بدزمەوە و گوزارش لەوە نەکەم، بەڵام دەستەکانم تەواو شەکەتن و دەنگی هەناسەدانیش بێزار و هەراسانی کردووم.

دوای ئەو هەموو برینەی بەدەنم، مەحاڵ بوو بتوانم جارێکی تر بیر لە ژیان بکەمەوە، بۆیە بریارم دا لەو ماوەیەدا خۆم بە نووسینی نامەیەک خەریک بکەم و لە دوای خۆمی بەجێ بهێڵم. لەگەڵ گرتن و نووسینی کاغەزەکە دەستەکانم بە جۆرێکی سەیر دەلەرزین، ناچار تاوێک چاوەکانم هەڵبری، بەڵام بێ ئەوەی بخوازم ئەوان بە دوای بینینی پێیەکانمدا گەران. کە لە ژێر چەرچەفە مەیلەو شین و خاوێنەکەی نەخۆشخانەکەدا دیمەنی سارد و سریان منی بردەوە بەردەم هەمان دیمەنی نێو مزگەوتەکە.

چاوەکانم زوو گەرانەوە سەر کاغەزەکەی نێو دەستم و بۆ جۆرە وشەگەلێک چاوەروان بوون تا نامەکەمی پێ بە کۆتا بهێنم.

لەو کاتەوەی ئۆتۆمبێلەکە بەسەر لەشمدا تێپەریبوو و ببووم بە جەستەیەکی هەپروون بە هەپروون، یەقینێک کەوتبووە نێو دڵمەوە کە ئیتر بیرکردنەوە لە ژیان کارێکی یەکجار ئەستەمە.

دووبارە سەیری پێیەکانم دەکرد، بەڵام نەدەکرا بۆ ماوەیەکی درێژتر لەو شوێنە بیانهێڵمەوە، چونکە دەبوو زوو نامەکە بنووسم و بیخەمە ژێر بالیفەکەوە، بەڵکو دواتر یەکێکی نێو ئەو تیمە پزیشکییەی چەند رۆژێک بوو بە دیارمەوە بوون، دەستێک دەخاتە ژێر بالیفەکە و نامەکە دەدۆزێتەوە، ئینجا لە رێگای ئەوەوە نامەکەم دەگات بە دەستی پۆلیس، خەمخۆرێکی پەنابەران لە شارەکە، یان بە نێو هەناوی ئامێرێکی فاکسدا رەت دەبێت، یانیش دەچێتە ژێر گڵۆپی سکانەرێک و دواتر دەبێت بە ئەتاچمێنت بۆ ئیمەیڵێکی خەمناک. لە ئەنجامدا ئەو نامەیە دەگاتە ژێر بینایی ئازیزێکم و لە ناخەوە دەیتاسێنێت.

من لە نووسینی نامەکەدا هەرگیز مەبەستم نەبوو رۆژگارێک ئازیزێکم، یان هەر تاکەکەسێک کە پێشتر منی ناسیبێت، بهێنمە نێو بەزمی گریان، بەڵام مەبەست لە نووسینی رەواندنەوەی جۆرە گومانێک بوو کە لەوانەیە بە کوژرانی من لە کۆڵانی شارێکی دووردا لە نێو دڵی هەموویاندا سەرهەڵبدات.

ئێستا ئەو مێردمنداڵانەی کە ئامۆزا و کورە خاڵ و خزم و هاوسێمان بوون، هەموویان گەورە بوون و کوژرانی کەسێک لە کۆڵانی شارێکی دووردا بە هەواڵێکی سەیر و نامۆ نازانن، بۆیە ئەگەر بە خەیاڵیشیاندا بێت کە ئەوە راستییە و لە دوارۆژی ئەواندا قەوماوە، هەرگیز ناگەنە ئەو بارە و نازانن کە من لەو رۆژەوە کوژراوم کە دەستێکی گەورە بەر لە شۆردنی تەرمەکە منی پەلکێشی دەرەوەی مزگەوتەکە کرد.

دەزانی دەردێکی گرانە کە لە هەرەتی منداڵیدا حەزت بچێتە هەڵدانەوەی شاراوەکان، لە یاری و گەمە و شەرەشەق و گوێنەدانی ئەوان بە دنیا، خۆت بدزیتەوە و بەشداری نەکەیت. ئەو دەردە بوو منی گەیاندە پەنا دیوارێک کە دەنگی پرەمێزەکەی دووبارە، بەڵام کز کز دەهێنایەوە نێو گوێچکەکانم. ئەوێ شوێنێکی چۆڵ بوو و من خێرا خێرا دەستەکانم دەخستە نێو درزەکانی دیوارەکە و دەمگواستنەوە و بە دیوارەکە هەڵدەگەرام. گەیشتمە سەر بانە تۆتیاکە و وام زانی گەورەترین سەرکەوتنم بەسەر ئەو دەستە گەورەیەدا بەدەست هێناوە کە منی پەلکێشی دەرەوەی مزگەوتەکە کرد. بێ ئەوەی بیرم لەوە کردبێتەوە کە لەوانەیە ئەو دەستە هی ئازیزێکم بووبێت کە ویستی من لە بینینی دیمەنێک بپارێزێت کە مرۆ لە ناخەوە دەتاسێنێت.

من بە ئازایەتییەکی بێ وێنە سەرکەوتبووم و دەمەویست چەندەی زووترە درزێک، یان کونێک لە تۆتیاکە بدۆزمەوە کە خوارەوەی تێدا ببینم. تۆتیاکانی بانەکە لە زۆر شوێن ژەنگیان هەڵێنابوو و منیان بۆ لای خۆیان کێش دەکرد. تا لە ناوەراستی بانەکە درزێکی وەهام لێ پەیدابوو کە خوارەوەی بە روونی لێوە دیار بوو. من ویستم و نەمویست چاوەکانم بە درزەکەوە بنووسێنم کە گرم کەوتمە خوارەوە و لەسەر تەرمێکی رووت و ساروسردا جێگیربووم. بەرلەوەی لە هۆش خۆم بچم و ترسناکی دنیا لە روومدا کۆببێتەوە، رووی مردووی خۆمم بینی کە کونێکی گەورە لە تەختی نێوچەوانییەوە هەبوو! دەتگوت گولیلکێکی سووری بەهارە و لە پێدەشتێکی بەفراویدا رووواوە.

کەمێک مابوو روحم بچێتە نێو شەبەق و قووڵایی کونەکەوە کە لە هۆش خۆم چووم و بە هەمان دەستە

گەورەکەی پێشوو بۆ دەرەوەی مزگەوتەکە بردرام. بە بەردەم چاوی مێردمنداڵەکان من تەرمێکی دیکەی سارد و سڕ بووم، کەچی بێ ئەوەی ئەوان بزانن من لە بێ هۆشیدا لە گەشت و خەونێکی دیکەدا بووم. کەسێکم تەمەن بیست ساڵان و لە نێو بزووتنەوەیەکی نهێنیدا کار دەکەم. شەوان بە دزی باوک و دایکم، برا بچووکەکەم لە خەو ڕادەچڵەکێنم و لەگەڵ خۆم دەیبەمە دەرەوەی حەوشەکە، پاشان لایتێکی بچووکی دەدەمە دەست و کۆڵان بە کۆڵان لەگەڵ خۆم دەیبەم. پێی دەڵێم کە ئەگەر هەر خشپەیەکی گوێ لێبوو، تەنیا یەکجار لایتەکەی بەرەو ڕووم داگیرسێنێت و یەکسەر بیکوژێنێتەوە. ئەو لە پەنای دیوارەکەوە کتومت لە خۆم دەچوو کە لە نێو مزگەوتەکەدا بۆ بینینی تەرمەکە وەستابووم.

لەو خەونەمدا کۆڵانەکانم دەگۆڕین بە گوێرەی ئەو نووسراوانەی لە ئاستێکی سەرووتر بۆم ڕەوانەکرابوون تا دیوارەکانی پێ بنووسم. ئەو شەوە دەبوایە هەشت دیوار بنووسم، بۆیە برا بچووکەکەم تا زیاتر دوور دەکەوتینەوە زیاتر دەشڵەژا و هەندێک جار لە خۆڕا لایتەکەی نێو دەستی دادەگیرساند.

تەنیا دوو نووسراوم بە دەستەوە مابوو کە بانگیم کرد و پێم گوت کە چیتر لە خۆیەوە لایتەکە هەڵنەکات تا لە دەنگ و خشپەیەک دڵنیا نەبێت.

بە قوتووە بۆیەکە خەریک بووم وشەکانی نووسینی حەفتەمینم لە دیواری کۆڵانێکی چۆڵوهۆڵدا دەنووسی کە برا بچووکەکەم لە پڕ لایتەکەی هەڵکرد و تاوێک بە هەڵبوویی هێشتییەوە. بە پەلە دەمویست خۆم بگەیەنمە لای ئەو، کاتێک شتێکی گەرم تەختی نێوچەوانمی بڕی و دەما و دەم منی خست. ئیتر خوێن بەسەر ڕوومدا فرچکی کرد و لە گشت لاوە جۆگەلەی بەست. لێرە بە دواوە نە ئاگام لە خۆم ما، نە لە برا بچووکەکەم و نە لە دنیا. ئاکام و ئەنجامێکی تاڵ و ناخۆش بوو کە خەونەکەمی پێ بە کۆتا دەهات، دەتگوت ئەوەی لە بێ هۆشیمدا دەمبینی، لە لایەک بۆ ئەوە بوو بمهێنێتەوە نێو ئاگایی و سۆزی بێ سنووری دایک کە بە پەرداخێکی شیر و قاپێکی پڕ لە هەنگوین لە پاڵ سەرم دانیشتبوو. لە لایەکی دیکەشەوە دەق و وردەکاری کوشتنەکەم پێ بڵێت کە بۆ هەموان ببوو بە مەتەڵێکی سەیر. لە ڕاستیدا من کەسێکی تەنیا و تاقانە بووم، هەروەها لەو کۆڵانەی لە ڕاستی و خەوندا لێی کوژرابووم نە نووسینێک بەسەر دیوارەکەوە بوو و نە قوتوویەکی بۆیەش لە شوێنەکەدا کەوتبوو.

دوای شووشتن و ناشتن و تەواوبوونی شیوەن بۆ تەرمەکە، کات بۆ من ڕەخسا دەربارەی کەوتنی نێو مزگەوتەکە و خەونەکە بدوێم کە لە بێ هۆشیدا بینیبووم. هەندێکیان بە تەوسەوە گوێیان ڕادەگرت و دەیانگوت "خەونی منداڵ ئەگەر هەمووشی ڕاست نەبێت، ئەوە نیوەی هەر ڕاستە! "

ئەوان بە پەرۆشییەکی زۆرەوە دەستیان لەسەر شانم دادەنا لە هەوڵی بێ پەروا بوون بۆ ئەوەی من بتوانم سەر و سیمای ئەو دوو چەکدارەیان بۆ وێنا بکەم کە گوللەیان بەرەو ڕووم تەقاندبوو.

بەڵام زۆربەی خزم و کەسان بێ هیوا مابوونەوە و دەیانگوت " واز لەو منداڵە بهێنن، ئەوەی بینیویەتی دەرئەنجامی ڕەفتارێکی بڵحی خۆی بوو کە لە مزگەوتەکەدا کردی. "

دە ساڵ تێپەڕین و ئەوان ڕۆژگارە تاڵەکەیان لە یاد چوو، کەچی خەونەکە لە قووڵایی زەینمدا بە زیندوویی مایەوە و دواتر لە سەردەم و شوێنیکی دیکەدا، زۆر نزیکتر لە ڕاستی خۆی دووبارە کردەوە و منی تا سەر ئێسقان پەشۆکاند و ورد و خاش کرد.

شەو بوو لە ماڵی هاوڕێیەکم دەگەڕامەوە، دوای ئەوەی پێکەوە تێر گوێمان بۆ گرتنی شەپۆلەکانی ڕادیۆیەکی یاساغ هەڵخستبوو. بەرلەوەی بە چەند کۆڵانێک لە ماڵ نزیک ببمەوە، لە شوێنێک خشپەی پێ و دەنگە دەنگێکی زۆرم گوێ لێبوو. دیسان لە پەنای دیوارێکدا لەنگەرم گرت و بە لاچاوێکم لە ناوەوەی کۆڵانەکەم ڕوانی. دیتم تارمایی سێ کەس لە پەنای دیوارێکدا هەن و تا وردتر دەبوومەوە شێوەیان جوان و ڕوونتر دەردەکەوت. دووانیان چەکدار بوون و ئەوەی سێیەمیان قۆڵ بەست کردبوو و بە دیوارەکەیان نووساندبوو. تاوێک لەو دیمەنە پڕ لە ترس و نهێنییەم ڕوانی کاتێک یەکێک لە چەکدارەکان بۆ دواوە کشایەوە و زۆر بە خێرایی تفەنگەکەی بە ڕووی کەسی سێیەم تەقاند. ڕووی دوو چەکدارەکە بۆ من زۆر ئاشنا بوون و منیان گەڕاندەوە دە ساڵ پێشتر. کاتێک دوو کەسی هاوشێوەی ئەوانم لە نێو مزگەوتەکە بینیبوو هۆڕ هۆڕ لەگەڵ خەڵکەکەدا بەسەر تەرمەکەدا دەگریان.

گۆمێک خوێن لە پاڵ سەری کەسە کوژراوەکەی پەنا

دیوارەکە ڕژابوو. کەمێک وەستام، بەڵام هەرگیز نەموێرا لە ڕووی ڕابمێنم، دوایی کەسی بکوژ زۆر بێباکانە و بە قاقای پێکەنین بە تەنیشتمدا ڕەت بوو. بکوژێک کە لە دوارۆژێکی دیکەدا دووبارە ڕووی کرێتی خۆیم نیشان دەداتەوە و بە جۆرێکی دیکە دەمکوژێت.

بەرلەوەی تەرمەکەی نێو خوێن و شوێنی تاوان بەجێ بهێڵم بە خێرایی لە دیوارەکەم ڕوانی و توانیم لە کۆی ڕستەیەکی تەواو نەکراودا تەنیا یەک وشە بخوێنمەوە کە ئەویش - بژی.... - بوو. ئەو (بژی)یەی سەر دیوارەکە تەزوویەکی ساردوسڕ و پڕ لە ئازاری ڕەوانەی ناخم کرد و خستمییە نێو گومان و دوودڵییەکی گەورەوە. هەستم کرد ئەو (بژی)یەی سەر دیوارەکە کە بە بۆیەکی شین و هێشتاکە تەڕ نووسرابوو، زۆر ناجۆر و پێچەوانە دەینواند. لەلایەک ڕووی بکوژەکەی زۆر زیندووتر نیشانم دەدا، کەچی لە لایەکی دیکەوە قوربانی وەک بەرخێکی سەربڕاو لە کۆڵانە تاریکەکەدا خستبوو.

کاتێک لە نەخۆشخانەکە لەسەر جێگای مردن ئەو وشانەم دەنووسی، چاوەکانم ڕۆندکی دنیایان تێزابوو، بە تایبەت کە دەمزانی من لە غوربەتیشدا هەر قوربانییەکەی پێشووی دەستی هەمان بکوژم. چەند سەعاتێک بەر لە ڕووداوەکە من لە ڕێستورانتێکی یۆنانی لەگەڵ کیژێکی بیانی دانیشتبووم کە تازە خەریک بوو ببێت بە دۆستم. ئەو دوو چاوە قاوەییەکانی لە هی من زۆر گەورەتربوون، بەڵام هەرگیز وەک من نەیدەتوانی شتەکانی دەورووپشت بە نیگایەکی خێرا هەڵبگرێتەوە، بۆیە ئەو کوڕە گەنجەی چارەکە سەعاتێک بوو مەنیوکەی هێنابوو، لە هاتوچوون و دواکەوتنی دۆستەکەم لە هەڵبژاردنی خواردنێک بێزاری دنیا لەسەر ڕووی نیشتبوو. من چەند جارێکی دیکەش هەستم بەوە کردبوو کە ئەو کیژە جوانەی منی لە غوربەتدا لە تەنیاییەکی کوشندە دەرهێنا، لە هەڵگرتنەوەی شتەکان کەمێک خاو و هێواشە. بۆ من ئەوە هەرگیز گرفتێکی گەورە نەبوو. ئەو لە نێو گشت کوڕە گەنجەکانی نێو هۆڵ و باخچە و شوێنەکانی دیکەی خوێندندا منی هەڵبژاردبوو، هەروەها بە چێژ و دنیایەکیشی ئاشنا کردبووم کە لە ڕاستی و ژیاندا چ جار بۆم نەڕەخسا بیانبینم.

بەرلەوەی لە یەکتر جیابینەوە داوای کرد کەمێک بچینە دیار شەپۆلەکانی زەریا، وەک ئەوەی زانیبێتی کە پێشتر من بە ناوی خوازراوی (شەپۆل) کۆڵانەکانم نووسیبوو. لەوەی ئەو قسانەی بە کوردییەکی پاراو کرد، ترسێک چووە نێو دڵمەوە و بە گومانەوە سەیری نێو چاوە قاوەییەکانیم کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی من لە سەروەختی ئەوەدا بووم کە تۆوی ئەوینێک لە دڵمدا بچێنم، ئاخاوتنەکەم بە ڕێکەوتێکی ڕۆمانسی زانی لەوەی پیلانێکی شووم و نهێنی بێت بۆ ئازاردان و کوشتنم.

کیژە تازە دۆستەکەم هێز و توانایییەکی سەیری هەبوو لە بینینی شتە نادیار و شاراوەکاندا. ئەو دەیویست من بە تەنیا نەچمە کۆڵانە باریکەکەی پشت ئەو ڕێستورانتەی کە تێیدا دڵ و دەروونی خۆمان بۆ یەکتر واڵا کرد. دەیویست لەو مەترسییەم ڕزگار بکات کە لە سەردەمێکی دیکەوە دووبارە هاتبووە ڕێم.

من دەبوایە لەگەڵ ئەودا بە پیادە چووبمایە شوێنەکەی کە داوای کرد، بەڵام لێم ڕوون بوو ئەو شارەی چەندساڵێک بوو لێی دەژیام لە ڕووبارێکی شێڵوو بترازێت چ ئاوێکی دیکەی لێ نەبوو.

ئێستاکە لە سەرەمەرگدا و کاتی نووسینی ئەو نامەیە، بیرهاتنەوەی ئەو ئێوارەیە لە یادەوەرییەکی بابردە زیاتر هیچ شتێکی دیکە نییە.

ئەو پیادە ڕۆیشت و منیش بەرەو ئەو شوێنە چووم کە لە نیوەڕۆوە ئۆتۆمبێلە نیسانە سپییەکەم لێی ڕاگرتبوو.

هەر کە پێم نایە کۆڵانە تاریکەکەی پشت ڕێستورانتەکە و میاوە میاوی پشیلە تێر و پڕەکان لە گشت لاوە هاتە نێو گوێچکەکانم، خەمناکی و نیگەرانییەکی قووڵ دایگرتم. وای لێکردم هەست بکەم کە من هەر بە تەنیا مێردمنداڵە خەونبینەکە نیم، بەڵکو تەرمەکەی نێو مزگەوتەکە و کەسە دەسترێژلێکراو و لە خوێن گەوزیوەکەی نێو کۆڵانە تاریکەکەشم.

دەڕۆیشتم و لە دوورەوە شەوقی لایتەکانی ئۆتۆمبیلێکم بەدی کرد کە هێواش هێواش بەرەو ڕووم دەهات، وەک ئەوەی پێشتر بۆ دیدەنی من وەستابێت. ئۆتۆمبێلەکە دەهاتە پێش و چەند جار شەوقی لایتەکانی بڵند و نەوی دەکردەوە وەک ئەوەی بە چاوێک هۆشداریم پێ بدات کە ڕێگای بەردەمی چۆڵ بکەم و بە چاوێکی دیکەشەوە پێم بڵێت لەو کۆڵانە باریکەدا ئیتر دەربازبوونم بۆ نییە. ئۆتۆمبێلەکە نزیکتر دەبووەوە شەوقی لایتەکانی نزمتر دەخستە نێو چاوەکانم. هەتا گەیشتە ئاستێک و سەری گەورەی شوفێرەکەم دیت کە خەریک

بوو گلۆپە بچووکەکەی بان سەری دادەگیرساند. لێرەوە شوفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی وەک گایەکی بلّح بە دەنگێکی گڕ بەرەو ڕووی من هاژوا. لە بەرانبەردا من بە ڕوویەکی پەشۆکاو، ببووم بە جەستەیەکی سارد و نیشانەیەکی گەورەی سەرسوڕمان! هیچم لەو زۆرنبازانە نەدەچوو کە پۆشتە و پەرداخ لە ناوەڕاستی گۆڕەپان لە چاوەڕوانی گایەکی چاو پڕ لە خوێندا دەوەستن.

لموزی لای چەپەی ئۆتۆمبێلەکەم بەرکەوت و منی پشتاوپشت خستە ژێر پێیەکانی. لەگەڵ هاوار و ناڵەی کەوتنم، پشیلەکان بە میاوەمیاوێکی زۆرەوە ڕاپەڕین و گەلێک لێڵ و شێلّوو تارمایی یەکێکیانم دیت کە لە پاڵ من لە ژێر تایەکەدا فلیقایەوە و خوێنی تێکەڵ بە خوێنم بوو.

لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکەدا هۆش هاتنەوەم زەمەنێکی زۆر درێژتری بەسەردا چوو بوو، لەوەی تەمەنی دە ساڵی کاتێک دایکم بە پەرداخێکی شیر و قاپێکی پڕ لە هەنگوین لە پاڵ سەرم دانیشتبوو. تەنیا بووم و کاریگەری برین و ئێسک شکان و هەپروون بە هەپروونی جەستەم، منی زیاتر لە پەنجا سەعات لە کۆمادا هێشتبووەوە، هەروەها هەزار و یەک لێکدانەوە و خەونی سەیریشی لە زەینمدا چاندبوو، وای لێکردبووم نەتوانم ڕاستی لە خەیاڵ جوایەز بکەمەوە، مردن لە ژین.

لە نامەکەدا دەمنووسی کە دەبوایە بەر لە کوژرانم لە دیوارێکدا بمنووسیبایە - بژی ئەوەی بە نووسین و چەپلەلێدانی من سەرکەوت، کەچی دواتر بوو بە بکوژم.

لە کۆڵانە تاریکەکەی پشت ڕێستورانتەکە کاتێک ڕووی شوفێرەکەم لە نێو ئۆتۆمبێلە تازە و ڕەشەکەی بینی و نەبینی، تووشی بارێکی دەروونی گرژ و تاڵ و ئاڵۆز بووم. ڕەنجام لە بێدەسەڵاتی خۆم کە هەتا سەر بەرگی قوربانی دەپۆشم، لە بەرانبەریشدا هەزار و یەک نەفرەتم لە چارەی بکوژەکەم کرد کە بەرلەوەی بە وشەیەک بمدوێنێت گوللە بە ڕوومدا دەتەقێنێت و بە ئۆتۆمبێلەکەی لەگەڵ پشیلەیەکدا پانم دەکاتەوە.

لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەدا و لە دوارۆژ و پێشهاتێکی هەرگیز نەهاتوودا، من کەسێکی هیچ و نەبوو بووم. تارمایی و ڕوحی ئەو تەرمە بووم کە لە ژێر پێخەفێکی کەسک و سووردا تەنیا پێیە زەرد و مردووەکانی دیاربوون. تەرمێک کە لە هەموو ئەوانەی بە خەمناکی وەستابوون و لە دانیشتندا دەگریان، پەرۆشتر بوو ڕووی بکوژەکەی بناسێتەوە، بۆیە جارێک دەبوو بە ڕوحێکی پەرێشان و کڵۆڵ و لە خەونی مێردمنداڵێک لە ئاشکراکردنی ڕاستی دەگەڕا، جارێکی دیکە لە دنیای ئەوانە ڕای دەکرد کە لە پەنای دیوارێکدا لەسەر ڕەفتارێکی شۆڕشگێڕانە دەیکوژن و دواتر لە هەڵگرتن و شۆردن و ناشتنیدا لە خەڵکەکە خەمناکتر ڕۆندکی تیمساح دەبارێنن، بۆیە لەسەر قەرەوێڵەی مردندا و لە شارێکی دووری غوربەت من هەمان ئەو تەرمە بووم کە لە نێو مزگەوتەکەدا بینیبووم. وەک ئەوەی گەشتە تاڵ و شیرینەکانم بە نێو دنیای ڕاستی و وەهمدا تەنیا بۆ ئەوە بووە کە ڕاستییەکم بۆ بسەلمێنێت کە بڵێم بکوژ هەتا سەر بکوژە و قوربانیش هەتا سەر قوربانی.

لەگەڵ دامرکانەوەی دەنگی ناخۆشی پرەمێزەکە و خشپە خشپی ئەو دەستانەی چەند جارێک هەڵمدەگرن و دواتر جلەکانم لەبەر دادەکەنن و دەمشۆن، من دەمێک بوو توانایی ناسینەوەی ڕووی بکوژەکەم لە دەست دابوو؛ دەمێک بوو لە خەونێکی مێردمنداڵیم هاتبوومە دەر و دەستی برا بچووکەکەم بەردابوو؛ دەمێک بوو لەو خەباتە پەژیوان ببوومەوە کە بۆ سەرخستنی بابایەک بوو کە بە شەو لە کۆڵانێکدا دەمکوژێت و بە ڕۆژیش لە مزگەوتێکدا بەسەر تەرمەکەمدا دەگریت.

بۆیە دوای ئەو ئاکامە شوومە من هەرگیز نەگەیشتبوومە ئەو شوێنە دوورەی خاکی غوربەت و هەرگیز لە ڕێستورانتێکی یۆنانی لەگەڵ کیژێکی جوان دانەنیشتبووم. نەوەک هەرگیز نەمدەهێشت لەو دوارۆژە نەهاتووەدا دەستم بەسەر قەڵەمێکدا وشک بێت کە بەهۆیەوە دەمتوانی ڕووی بکوژەکەم ئاشکرا بکەم کە ئەم جارە ئۆتۆمبێلێکی ڕەش و تازەی پێبوو و بە قاقا بە کوشتنم پێدەکەنی.

**زستانی ۲۰۰۹ - ۲۰۱۰**

**کەنەدا**



# حەسرەت

**ئازاد ئەرگوشی**

گوڵێی تەمەن دوو ساڵەی لە ئامێز گرت بوو، بە پەنجە ناسکەکانی خەریکی نەوازشت کردنی قژە ڕەشەکەی گوڵێ بوو، بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە کە خەڵکێک دێنە داخوازی گۆڵێ و ئەویش بە ئارەزووی خۆی سەدان مەرج و بیانوویان بۆ دەهێنێتەوە و پێداگری دەکات کە ئەگەر یەکێک لە مەرجەکانی جێبەجێ نەکرێت هەرگیز ئامادە نییە گۆڵێی جگەرگۆشە بە سانایی بداتە دەست کوڕی خەڵکەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: نا، نا، ناکرێت ئەوها، گوڵە تاقانەکەم. نازپەروەر دەکەم، جەرگەکەم، هەناسەکەم، ژیانەکەم بە دەستەوە بدەم، چۆن دەبێ... لەو کاتەدا دەنگی خوشکەکەی وەخۆی هێنایەوە، کە پێی گوت: گوڵێ خەوی لێکەوتووە؟ لەگەڵ بیستنی دەنگی خوشکەکەی وەبیری هاتەوە کە گوڵێ خوارزاکەیەتی نەک کچی، ئەوە زیاتر لە پازدە ساڵە حەسرەتی بوون بە دایک لە دڵیدا مابووەوە..

**دڵۆپە ئاو**

دڵۆپە ئاوێک کە پاشماوەی ئاوی زەریابوو، جێی لەناو پەڵکەگوڵێکدا خۆش کردبوو، هەموو دڵخۆشیی ئەوە بوو کە پاشماوەی ئاوی دەریایە، هەر گیانەوەرێک بە وێدا تێدەپەڕی بە فیزو ئیفادیەکەوە دەیگوت: دەزانی من پاشماوەی ئاوی زەریام؟ من لە زەریاوە هاتووم ئێوە زەریاتان بینیوە؟ ئەمە بەزمی ڕۆژانەی بوو. تاکو جارێکیان پیرە بلبلێک هات لەسەر چڵی گوڵەکە نیشتەوە، لە کاتی نیشتنەوەی بلبلەکە، گوڵەکە تێکرا هەژاو بووە هۆی شڵەژانی دڵۆپە ئاوەکە، ئەوەندە نەمابوو بکەوێتە خوارەوە. بە تووڕەییەوە هاواری کرد کێیە هێمنایەتیم لێ تێک دەدات؟ نازانێت من لە دەریاوە هاتووم! دەریا زۆر هێمنە، من بەرگەی ئەم گێرەشێوێنییە ناگرم، خەریک بوو بەردەبووەوە.... بلبلەکە بە بیستنی دەنگی دڵۆپە ئاوەکە تەماشایەکی ناو پەلکەکانی گۆڵەکەی کرد، چاوی بە دڵۆپە ئاوێک کەوت کە لەسەر پەلکەگوڵەکە پاڵی داوەتەوە، لێی پرسی: ئەوە تۆی هەر کەس لێرە تێدەپەڕێت باسی زەریایان بۆ دەکەیت؟ گوایە بەڕێزتان لە دەریاوە هاتوون؟ دڵۆپە ئاوەکە گوتی: بەڵێ منم....

بلبلەکە گوتی: هەوڵدە بە خۆت زەریا بیت نەک بەشێک لە زەریا بیت... پاشان زۆر بە هێمنی دەنووکی خۆی بۆ درێژ کرد و لە چاوترووکانێکدا دڵۆپە ئاوەکەی قووت دا...

## کرم

شای جوانی بوو، هەستی بە برسییەتی کرد، سێوێکی هێنا، سێوەکە ئەوەندە جوان بوو کە نەڵێی.. کاتێک سێوەکەی کردە دوو لەتەوە، بە بینینی کرمێک لەناو هەناوی سێوەکەدا هەڵوێستەیەکی کرد. پاشان ڕووی لە ئاوێنەکە کرد و گوتی: تۆ بڵێیت لەودیوی ئەم ڕوخسارە جوانەوە کرمێک خۆی حەشار نەدابێت!!؟

## مەستی

مامۆستا لە مزگەوتەکە دەرچوو و چاوی بە دراوسێکەی کەوت، کە خەریک بوو بەسەرخۆشی لە شەقامەکە دەپەڕییەوە، ئەویش لە ڕووی سۆز و بەزەیی پێدا هاتنەوەوە، خۆی گەیاندێ و دەستی گرت و پەڕاندییەوە ئەودیو. ویستی تاماڵەوە هاوڕێیەتی بکات، لە ناوەندی ڕێگەدا مامۆستا وەبیری هاتەوە کە لە ژوانگە خۆشەویستەکەی چاوەڕێی دەکات، ئیدی نەیزانی چۆن چۆنی خۆی لێ دەرباز بکات، هەوڵی دا خێراتر بڕوات، کەچی لە پڕێکدا دراوسێکەی لە شوێنی خۆی چەقی و بە دەم و لچێکی خوار و خێچەوە گوتی: خێرە مامۆستا من خواردوومەتەوە تۆ سەرخۆشیت!!؟ خۆ ئەمە ڕێگەی ماڵەوەمان نییە، کاتێک مامۆستا زانی بە ڕێگەیەکی هەڵەدا هاتووە، بە شەرمەزارییەوە گوتی: کوڕم هەریەک لە ئێمە بە جۆرێک سەرخۆشین، تۆ بە ئاشکرایی و هەندێکیشمان بە نهێنی!

## خوا لە چاوەکانمدایە

کچێکی گوڵفرۆش لەسەر کۆنە پردێکەوە وەستاوە، هەر ڕێبوارێک لەوێ تێدەپەڕێ، داوا دەکات چەپکە گوڵێکی لێ بکڕێت و پێی دەڵێت: وەرن خاتوون، وەرن کاکە گوڵ بکڕن، وەرن تەماشای خوا بکەن کە چۆن چۆنی لەنێوان پەلکە گوڵەکانمدا پاڵی داوەتەوە!! وەرن با دوانەکەون... دەڵێن لەو کاتەدا میری وڵات دەگاتە سەرپردەکە کە گوێی لە قسەکانی کچەکە دەبێت، داوا دەکات کچەکە بیبەنە لای. کە میر لەگەڵ کچەکە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، پێی دەڵێت: ئەم قسە قۆڕانە چییە دەیانکەیت؟ خوا لەناو پەلکە گوڵەکانی تۆدا چ دەکات؟

هەروەکو هیچ ڕووی نەدابێت کچەکە بە هەمان شێوەی شیرینی منداڵانەی خۆی دووبارە هاوار دەکات: وەرن دوانەکەون، وەرن تەماشای خوا بکەن کە چۆن چۆنی لەنێوان پەلکەگوڵەکانمدا پاڵی داوەتەوە... ئەوجا چەپکە گوڵێکی لە میر نزیک کردەوە، گوتی: تەماشا بکە گەورەم چەند جوان حەساوەتەوە..

پاشان بە گاڵتە پێکردنەوە گوتی: دیارە زۆر ماندووە؟ کچەکە بەبێ ئەوەی خۆی تێک بدات گوتی: بەڕاستی ماندووە قوربان... میر بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت: ماندووە؟

بەڵێ زۆر ماندووە.

لە دەست کێ ماندووە؟ کێ بە قسەی ناکات؟

لە دەست مرۆڤ ماندووە میرم، ئەگەر بڕوام پێ ناکەیت وەرە تەماشای بکە...

میر بە گومانەوە تەماشای چەپکە گوڵەکە دەکات، بەڵام هەرچی لێی ڕادەمێنێت هیچ نابینێت! بە نائومێدی دەڵێت: بەڵام من هیچ نابینم.

کچەکە بەبێ دوودڵی دەڵێت: دیارە لەنێو چاوەکانمدا حەساوەتەوە... میر خێرا نیگای چاوەکان دەگوازێتەوە سەرچاوەکانی کچەکە، دوای چەند ساتێک بێ دەنگی دەداتە قاقای پێکەنین و دەڵێت: بەڵام من لە چاوەکانی تۆدا بێجگە لە گەورەیی شکۆداری خۆم هیچی تر لە چاوەکانتدا نابینم.

کچەکە بە چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە دەڵێت: جا تاوانی من چییە تۆ ئەوەندە کوێریت، کە بێجگە لە گەورەیی و شکۆداری خۆت هیچی تر نابینیت...

## دیل

میرێک کۆمەڵێک دیلی هەبوو، ویستی بە مەبەستی خۆش خزمەتی و پاداشتکردن بەسەر دەست و پێوەندەکانیدا دابەش بکات. کە لەنێوان دیلەکاندا زانایەک هەبوو، وەزیر پێشنیارێکی خستە بەردەم جەنابی میر، کە باشترە ئەم زانایە بە کەس نەبەخشرێت، بەڵکو لە خزمەتی میردا بێت و لە کاتی پێویستدا وەکو ڕاوێژکار سوود لە دانایی و زانایی وەربگرێت، کە زاناکەیان هێنایە بارەگای میر، داوایان لێ کرد کە کڕنۆش بۆ میر ببات، ئەویش بە ناچاری فەرمانەکە جێبەجێ دەکات، میر بانگی زاناکە دەکات و دەڵێت: تۆ لەمەودوا وەک کۆیلەیەک لە خزمەتمدا دەبیت. زاناکە دەڵێت: جەنابی میر من لە هەر شوێنێک بم دیل و کۆیلەم، بەڵام حەزناکەم کۆیلەی بەڕێزتان بم، چونکە من بەرگەی دوو خوا ناگرم، ناچارم هەموو ڕۆژ ئارەزووی مردنی یەکێک لە خواکان بکەم، هەروەکو بەڕێزیشتان دەزانن خوای گەورە نەمرە، کەواتە دوعا و نفرینی من تەنیا بەڕێزتان دەگرێتەوە، کێ دەڵێت خوانەخواستە زمانم لاڵ، زمانم لاڵ.. میر قسەی پێ بڕی و گوتی: بیبەن ئازادی بکەن، کێوە دەڕوات با بڕوات..!!!

## کوڵکە زێڕینە

کچێک لەژێر داربەڕوویەکدا خەریکی چنینی ملپێچێک بوو بە ڕەنگی کوڵکەزێڕینە. پیاوێک بەوێدا تێپەڕی و کوڵکە زێڕینەکەی لەگەڵ خۆی برد و ملپێچەکەی هەڵوەشایەوە. کچەکە دیسان سەرلەنوێ دەستی کرد بە چنینی ملپێچەکە، بەڵام هەرگیز کۆتایی بە چنینەکەی نەهات!!!



# شتێ لە گیرفانی دایکمدایە

**جەلیل کاکەوەیس**

ئەمێستا یادگەی من کۆگای چل و ئەوەندە ساڵەیە و بە چەندین مەرزدا تێم پەڕاندووە تا گەیشتووەتە ئێستای وتن. با لەو جلوبەرگانەوە دەست پێ بکەم کە ئەوسا دەمپۆشین، جلوبەرگێ بە ڕەنگی ئافرەتانەی خۆیانەوە، بەملوانکەی بچووکی تێکەڵ لە زەنگیانە و مێخەکی کیژۆڵەیەکی نابالقەوە تا نهۆ لەنێو جانتایەکی کۆن و کاڵەوە بوو بە دەق و مۆری خۆیانەوە تەقەت کراون. ئا.. جلوبەرگێکی کچانە جەستەیەکی زبری نێرینەیەکی وەک منیان پۆشی. ئەو پۆشاکانە تەنیا ڕواڵەتی نێرینەیی منیان نەگۆڕی، بەڵکو ناوەکەمیشیان لە (سوارە)وە بۆ (سروە) گۆڕی. ئاخر کاتێ دایکم بانگی دەکردم (سروە!) دەشڵەژام و لەخۆم ورد دەبوومەوە. دەستم بە شوێنە هەستیار و شاردراوەکانی جەستەی خۆمدا دەهێنا و یەخەگیری ڕەوە پرسیارێک دەبوومەوە؛ «ئاخۆ لە پای چی دایکم بە کچێ، کچەتیو بانگم دەکات و دەڵێت: کچەتیو، هەی پرچ بڕاو ئەوە لە کوێ بوویت؟». لەگەڵ هەر بانگ کردن و ناتۆرەیەکی دایکمدا تەزوویەکی ساردم پێدا دەهات و دەگەڕامەوە بۆ ئەو سەردەمەی منداڵیم، کە بێ پەروا ئەندامی نێرینەی خۆم نەدەشاردەوە و بە بەرچاوانەوە میزم دەکرد، کەچی لەوەولا دایکم وای تێگەیاندم، کە نابێت هیچ کەسێک ئەندامی شەرمم ببینێت، چونکە بینینی ئەم ئەندامەم مایەی سەرمە و بەدەردەکەی باوکم و مامم و نێرینەکانی تر دەچم، لێرەوە ترسێک بەردەوام بە دیار سەرمەوە خەرمانەی دەداو بەر دیدەکانمی لێڵ دەکرد، تەنانەت بە خەیاڵیش زاتی ئەوەم نەدەکرد بیر لە سەردەمی پێش دۆخ گۆڕینەکەم بکەمەوە، چونکە هەر کاتێ ڕیتمی دەنگی تۆقیوی دایکمم دەهاتەوە یاد، ئیدی قەڵەمی دەست و پێم دەشکا؛ «سوارە، تۆ لە ئێستاوە کوڕ نیت و کچیت. تۆ کچیت و ناوت سروەیە، سروە حەمەجوان کەیکاوس. دەی ئەو جلانەی یەسنای خوشکت لەبەر بکە، ئەو گەورە بووە و بۆ ئەو نابن و پڕ بە بەری تۆن. هەر ئێستا ئەو جلە کوڕانەیە فڕێ بدە و دەیانسووتێنم، تا هەتا هەتایە لەبیریان بکەیت. ئاخر گەر وا نەکەیت تۆش دەبیتە بێ سەروشوێنێکی تر و بە دەردی ئەوانە دەچیت کە ناوی کوڕانەی وەک تۆیان هەبوو، پۆشاکی کوڕانەی وەک ئەوەی تۆیان

لەبەر دەکرد. تێگەیشتیت سروە؟!».
لەو تەمەنەی کە دەبوو وەک تاوسێکی نێرە پەڕو باڵ و کلکی نێرایەتی پەخشان بکەم، سەری کز و شەرمێونم کەچ کرد و لە تەک کچە هاوتەمەنەکانمدا لەبەر دەرگای یەکێ لە بێوەژنە پیاو بێ سەروشوێنەکانی گەڕەکەکەمان دادەنیشتم. هەستم لە ڕازی کچانەی ئەوان ڕادەگرت، گوێم بۆ چپەدووییان هەڵدەخست، گەرچی لە پۆشاکدا وەک ئەوان بووم، بەڵام هەستم دەکرد هەموو شتێکی ئەوان بۆ من دنیایەکی دیکەیە، بۆنی جەستەی ناسکیان، ئاوازی دەنگیان وەک شنەیەکی فێنک بەر جەستە و هەستم دەکەوت و وام بە خەیاڵدا دەهات من بوونەوەرێکی دیکەم و بە هەڵە تێکەڵی ئەوان بووم، بۆیە بەبێ ویستی خۆم هەستم دەکرد کاتێ بۆنیان دەکەم شتێک لەنێوان ڕانەکانمەوە هەڵدەپلکێت. ئیدی لێبڕاوانە جێم دەهێشتن و لەگەڵ خۆمدا دەکەوتمە ورەورو بە پرسیار خۆم بۆژە دەکرد؛ «نازانم تۆ چ بوونەوەرێکیت!؟». لەوەولا لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا وام بە خەیاڵدا دەهات من درەختێکم لە توخمی هاوتەمەنەکانم موتوربە کراوم، یان حەکایەتەکانی باوکم لە بارەی توخمی هێستر دەهاتەوە یاد؛ «ئەی خودایە من چ هێسترێکی نەزۆک و بێ زوڕێتم! چ درەختێکی موتوربەکراوم، خودایە!».

لە دنیای تەنیایی خۆمدا بە دوای ئەو ناسنامەیەدا دەگەڕام، کە وەک کچە هاوتەمەنەکانم ناو و ڕەگەزمی لەسەر نووسراوە، کەچی وتەکانی ئەو ڕۆژەی دایکم لە گوێمدا دەزرینگایەوە کە یەکەم جار پێی وتم؛ «تۆ کوڕ نیت و کچیت، گەر وانەکەیت بە دەردەکەی باوکت و مامت دەچیت. تێگەیشتیت سروە؟!» بەو دەنگە دوورە شەرمێکی کچانەم لێ دەنیشت و بێدەسەڵاتانە بەو دۆخ گۆڕینەی خۆم قایل دەبووم و دەگەڕامەوە نێو بۆنوبەرام و دەنگی ناسکی کچە هاوتەمەنەکانم. زۆر لەسەر ئەم بارە نەدەمامەوە و دەنگێک لە دوورەوە دەهات و لەنێو کاسەی سەرمدا دەزرنگایەوە؛ «ناو و ڕەگەزی تۆ لەسەر لەتە کاغەزێک نووسراوە و لێت ون بووە، بەدوایدا بگەڕێ و بیدۆزەرەوە، تا نەیدۆزیتەوە بەلایەکدا ناکەویت، ئەمێستا تۆ نە کچیت و نە کوڕ!». دوای بیستنی ئەم دەنگە هەموو جارێ خەیاڵم دەکەوتە سەر قوولایی گیرفانی سەڵتەکەی دایکم و وام هەست دەکرد ئەو لەتە کاغەزە لە گیرفانی دایکمدایە، گیرفانی ئەو سەڵتە کاڵەوە بووەی کە لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا لەبەر دایکم بوو، تەنانەت کاتی شۆردنیشی تا وشک دەبووەوە هەر چاوی لەسەری بوو و خافڵی نەدەکرد. کاتێ بە هەڵاو گێڕاوی لەسەر تەنافەکە هەڵی دەخست چاوم دەبڕییە ئەو گیرفانەی دیوی ناوەوەی کە بەدەزوویەکی سپی وەک دەمی برینێک بە تەقەڵی شاش و واش دووریبووەوە، ئەم غایلانەش لەو ڕۆژەوە کەوتنە قوولایی گیرفانی سەڵتەکەی دایکمەوە، کە لە هەردەکانی ئاوایی کانی ئاگرەوە گوێم لەم هاوارە بوو؛ «هۆ و خەڵکینە ئەوەی نێرینەیە با خۆ حەشاردەن، وا هاتن.. حەرەس قەومی بێ مەزەب هاتن و ڕاوی نێرینە دەکەن...!».

دوای بانگەڵاکە وەک ئەوەی جەستەی وردیلەم پەڕێکی سووک بێت و بەدەم پێچی گەردەلوولێکەوە گێژ بخوات هەر ئەوەندەم بەخۆ زانی لە ماڵی خۆمانەوە گەیشتوومەتە چەقی ئەو توولەڕێیەی کە باوکم بەیانییان بە سواری پایسکیلەکەی پێیدا بەرەو تاقگەی گرەکانی ئیستاپلاین بۆ سەر کارەکەی دەڕۆیشت. من لە چاوەڕوانی باوکمدا وەستابووم و ترسێکی منداڵانە دەیکرۆشتم، لە پڕ نیگام بە شەپقەکەی باوکمەوە ڕوا کە لە چەقی توولە ڕێکە کەوتبوو. ویستم هەڵی بگرم، لێ بانگکردنەکەی دایکم سڵەماندمییەوە؛ «سوارە، هۆ کوڕکوڕی لە ڕەو جێماو ئەوەی تۆ چاوەڕێی دەکەیت، ئیتر ناگەڕێتەوە! باوکت و مامت ئیتر ناگەڕێنەوە. وەرە با تۆش نەبیتە دوا نێچیری ئەو خوانەناسانە... ئەوانە تۆوی نێرینەکانمانیان بڕییەوە..».

بۆ ساتەوەختێک بە تووندا چووم. بە وتەی دایکم منی کوڕ کوڕی لە ڕەو جێماو ئەمێستا باوکم و مامم و هەموو نێرینەکانی کانی ئاگر بووبوونە ڕەوە کوڕ کوڕێک و بەرەو شوێنێکی نادیار فڕیبوون، بۆیە چاوم بڕییە بۆشایی ئاسمان و بەدوای باوکمدا چاوم دەگێڕا، لە پڕ چاوم بە دوو داڵی گەورە کەوت لەو بەرزاییەوە هەر ئەوەتا باڵە زەبەللاحەکانیان دەبزواند. جارێکی دی بانگەڵای هەڕەشە ئامێزی دایکم دایچڵەکاندم؛ «هەی سەرەخۆرە، ئاخر هەر تۆ ماویت، وەرە با لە شوێنێ بتشارمەوە تا تۆیشم لە دەست نەچووە..». هێشتا بە تەواوی لە قسەکانی دایکم حاڵی نەبووبووم، لە نکاو چەتەوڵێک لە شێوەی درنجی نێو حەکایەتەکانی باوکم لە هاچەی ماڵی خۆمانەوە سەری دەرهێنا و بەزمانێکی تووڕە هەر ئەوەندەی لێ حاڵی بووم وتی «ولچ مکانچ!» ئیدی کاتێ نووکی قەمەی سەر چەکەکەی ئاراستەی سەر گیرفانی سەڵتەکەی دایکم کرد ئیدی لە ئەلف و بێی زمانی چەتەوڵەکە بە تەواوی حاڵی بووم. لەم ساتەدا جارێ نیگام لەسەر ڕوخساری زەعفەرانی دایکم بوو، گاوێ لەسەر ئەو شوێنەی کە نووکی قەمەکەی لێ چەقیبوو. دەستی لەرزۆکی دایکم بزواو دەفتەرچەیەکی بچکۆلەی لەگیرفانەکە دەرهێنا و چەتەوڵەکە لە چاوترووکانێکدا لە

دەستی ڕای فڕاند، دیقەتێکی دایکمی داو دەفتەرچەکەی لەت لەت کرد و لە هەوادا پەرش و بڵاوی کردەوە. پارچە کاغەزەکان لە شێوەی پەپوولەی ورد ورد بە دەم باوە فڕین و دواجار هەریەکە و لەسەر بنچکێک نیشتنەوە. هەر ئەوەندەم گوێ لێ بوو دایکم بە بینی گیراوەوە ڕووە و درنجەکە لێوەکانی دەجووڵاند؛ «لە ڕاهی خودا دەست لەم کوڕەم هەڵبگرە، تەنیا ئەم چڵەدارەم ماوە دەستی پێوە بگرم..» چەتەوڵە خێسەیەکی کرد و لە کۆڵانێکی بێ نێرینەدا ون بوو.

دەستم بە دەستی دایکمەوە بوو، جار نا جارێ ئاوڕم لە پارچە کاغەزەکان دەدایەوە و دەمویست بگەڕێمەوە و هەموو لەتەکان کۆ بکەمەوە و وەک جاری جاران دەفتەرچەیەکیان لێ دروست بکەمەوە، لێ دایکم وەک ئەوەی لەگەڵ منیشی نەبێت، بەشپرزەیی لەبەرخۆوە ورە وری بوو؛ «ئیتر ئەو لەتە کاغەزانەش دادێکمان نادەن و بەدەردی نێرینەکانی کانی ئاگر چوون. وەی هاوار بە ماڵم قەت کەسم نەما...!» لەو دەمەدا جگە لە ترسێکی سامناک هیچ لە دایکم حاڵی نەدەبووم، قسەکانیشی وەک لەتە کاغەزەکان پچڕ پچڕ و پەرشوبڵاوبوون.

کە شەو داهات لەسەربانی ماڵەکەمانەوە کەوتمە پەیجووری گەڕانەوەی باوکم. جارێ چاوم دەبڕییە ئەو تووڵەڕێیەی کە شەپقەکەی باوکمی لێ کەوتبوو، جارێکیش هەستم لەو گریان و شینە ڕادەگرت کە لە ماڵەکانی ئاوایی کانی ئاگرەوە دەمژنەوت. گریانەکان جارێ کپ دەبوونەوە و گاوێ تێهەڵدەچوونەوە. هەمان ڕیتمی گریانم لە دایکم و یەسنای خوشکیشم دەژنەوت. لەو ساتەدا ئەوەی بە ئەڵهاوە خەریکی بووم، گەڕانەوەی باوکم بوو، تاو نا تاوێکیش بیرم لە شەپقەکەی باوکم و لەتە کاغەزەکان دەکردەوە. ئەم جارە دوورتر هەڵم ڕوانی و نیگام بەرەو تاقگەی ئاگرەکانی پشت هەردەکانی گورگەچاڵ بەڕێ خست، لەنکاو لەبەر ڕووناکی ئاگرەکە کۆمەڵە خەڵکێک بە بەرچاومدا تێپەڕین، وام بە خەیاڵدا هات کە زۆربەیان دەناسمەوە؛ ئەوە حاجی کەمەر و ئەوە مەلا باهیر و ئەوەش باوکمە بە سواری پاسکیلەکەی بەدوایاندا هێدی هێدی بە هەوادا دەڕوات. زانیم باوکم وەک جاران شەپقەکەی لەسەر نییە، بۆیە ویستم بانگی بکەم؛ «باوکە، هۆ باوکە، شەپقەکەت وا لە چەقی ڕێگاکە کەوتووە! بۆچی هەڵی ناگریتەوە؟ ئەی بۆ ناگەڕێیتەوە بۆ ماڵ.. ها!؟»، لێ نە بانگکردنەکەی من لە گەرووم جیابووەوە، نە باوکمیش ئاوڕی لێدامەوە. ئەو ڕووە و شوێنێکی دی دەڕۆیشت و پشتی لە ماڵی خۆمان بوو. وەک کەسێکی نیگەران و لووتەلا دەهاتە بەرچاوم.

وەک باوکەکەی جارانیش بەسەر زەویدا نەدەڕۆیشت، بەڵکو وەک چۆن پیرێژنی نێو حەکایەتەکان بە سواری چەرخ و فەلەک بە هەوادا دەڕۆیشت، ئەمیش بە سواری پایسکیلەکەی بە هەوادا دەڕۆیشت و ڕوخساری لەبەر تیشکی ئاگرەکە غەمگین دیاربوو. لە پڕ بە دەنگی دایکم لەو دیمەنە دابڕام «سروە.. هۆ سروە..!»

کە بە نەردەوانەکەدا شۆڕ بوومەوە، بینیم دایکم وەک تارماییەک لە سووچێکی تاریکی حەوشەکەماندا وەستا بوو، کە لێی نزیک بوومەوە بینیم لێوەکانی وەک برینێک لە دوای نەشتەرگەری هەڵوەشابێتەوە و کێم و زووخاو بدەڵێنێ، لێک ترازان؛ «سروە، ئێمە هەر ئەم شەومان لێرە ماوە. سبەینێ هەرکە ڕۆژ بووەوە سوپا ئێرە تەخت دەکات و ئەو بێ مەزەبانە دەیکەن بە شوێنی حەرام کراو. گەرەکە زوو فریا بکەوین و تۆیان لە دەست ڕزگار بکەم.».

دۆخ گۆڕین و جێ گۆڕین بوونە خەونێک و زوو هاتنەدی، ئەمێستا بە جلێکی کچانەوە لەنێو بۆنوبەرام و دەنگی ناسکی کۆمەڵە کچێکی هاوتەمەنی خۆم لەبەردەم یەکێ لە ماڵە بێ پیاوەکان دادەنیشم و بەشەرمەوە دەڕوانمە ئەو کوڕانەی کە لە تەمەنی مندان و مۆزە مۆز تێدەپەڕن و بەچاوی نەوسنەوە تێمان دەڕوانن. منیش بە حەسرەتەوە ئیرەییان پێدەبەم و تەماشایان دەکەم، لە پڕ کچێ بە نووکی پەنجە تێمەوە دەژەنێت؛ «کچەتیو، ئاوها تەماشای کوڕان مەکە و ئابڕووی ئێمەش مەبە!» ئەم دیمەنانە پتر نامۆیان دەکردم و وام لێهات هەموو خولیایەکم دۆزینەوەی ئەو پارچە کاغەزە بێت کە ناو و ڕەگەزمی لەسەر تۆمار کراوە، لێ لە هەموو ماڵەکەماندا شتێ نەبوو ناوی ڕاستەقینەی منی لەسەر تۆمار کرابێت. هەموو کاتێ ئەو درۆیەی دایکم دووبارە دەکردەوە؛ «ناسنامەکەم ون بووە و بۆمان نادۆزرێتەوە!» دوای هەر درۆیەک پیشم دەخواردەوە و ویژدانم دارکاری دەکردم، لێ بەوە دڵی خۆم دەدایەوە کە «ئەوە من نیم درۆ دەکەم، بەڵکو فەرمانێکە و جێبەجێی دەکەم.»، بەڵام لەوەدا بەدگومان بووم کە ڕۆژی پەسێنەکەی کانی ئاگر حەرەس قەومییەکی چەتەوڵ دەفتەرچەیەکی لە گیرفانی سەڵتەکەی دایکم دەرهێنا و لەت لەتی کرد، ئاخۆ ئەوە ناسنامەکەی من بوو؟ ئەی ئەوەی ئێستا دایکم لە گیرفانەکەی خۆیدا تەقەتی کردووە، چییە، ها...؟».

سەرباری نیگەرانییە ئەزەلییەکانم، ئەمێستا دەنگیشم گۆڕاوە، لە گڕی دەنگی خۆم دەسڵەمیمەوە. کاتێ خۆم لەبیر دەکەم و قسان دەکەم دایکم و یەسنای خوشکم بە سڵەمینەوە تێم دەڕوانن و هیچیش ناڵێن. من دەزانم

ئەوان هەستیان بە گڕی و ناسازی دەنگم کردووە، بۆیە دەشڵەژێم و لێیان دوور دەکەومەوە. کچە هاوتەمەنەکانیشم هەستیان بە گۆڕانی دەنگم کردبوو، بێ ئەوەی شتێکم پێ بڵێن لە نیگایاندا هەموو شتێکم دەخوێندەوە؛ «تۆ چۆن کچێکیت، بەم دەنگە گڕو ناسازەتەوە کام کوڕ دەتخوازێت!؟». تەماشاکردنی کچەکان تەنگەتاوی دەکردم، بۆیە بەبێ دەنگی جێم دەهێشتن و ڕووم دەکردە ژوورەکەی خۆم، ئەمێستا لە میانەی نیگای ئەوانەوە گومانم کەوتبووە سەر ڕوخساری خۆم، بۆیە ئاوێنەیەکم هەڵگرت و بە وردی دوای ئەو شوێنەکە وتم کە سەرنجی ئەوانی ڕاکێشا بوو، لە پڕ بینیم هێڵێکی خۆڵەمێشی باریک لە دامێنی لووتم پەیدا بووە. ئەو دیمەنە نوێیەم خورپەیەکی بە دڵمدا هێنا، بەڵام هەوڵم دەدا بەوە دڵی خۆم بدەمەوە کە ڕەنگە هەر لەم کۆڵانی بێوەژنانەدا چەندین کەسی وەک من لەژێر جلی کچانەدا خۆیان حەشار دابێت و بە هەمان دەردی منەوە بتلێنەوە. ئیدی لەبەر خۆوە چەندین ناوم دەژمارد و گومانم لێ دەکردن؛ «پەریخان، گوڵبەهار، مهاباد... و ئەمانەش دەنگیان لە کچەکانی تر ناسازترە.. ئا.. ئا ئەوانیش وەک منن» دواجار بیرم کەوتەوە کە ئەوانە ناسنامەی خۆیان هەیە. ئیدی ناچار خۆم لە ژوورەکەمدا قەتیس کرد و ڕوخسار و دەنگی خۆم لە دەوروبەر و دنیا شاردەوە.

ئەو هێڵە باریک و خۆڵەمێشییەی دامێنی لووتم بوو بە دەمامکێکی نوێ و ڕوخسارمی گۆڕی. گڕیی دەنگم و گۆڕانی ڕوخسارم وایان لێکردم بیر لەو جلوبەرگە کچانەیە بکەمەوە، چونکە ڕۆژ بەڕۆژ هەستم دەکرد پەنگرێکن و بە جەستەمدا دەچزێن، بۆیە ناڵەیەک بەکپی لە دەروونمەوە هەڵدەستا؛ «خودایە، من بە کێ بڵێم تەمەنێکە جەستە و ڕوحی خۆم بەند و یەخسیر کردووە، خودایە ئاوها من نە بە هەشتیم و نە دۆزەخی، نە نێرم و نە مێ، خودایە من کامیانم.. کامیانم..». لە کاتێکدا لاڵەپەتانە نزام دەکرد، لە ژوورەکەی تەنیشتمەوە گوێم لە ناڵە و نرکەیەکی دایکم بوو هاوکات ناوی (سوارە)ی بە دەمدا هات. تاوێک هەستم لە ڕیتمی ناوەکە ڕاگرت و مێژوویەکی لێڵ و گوماناویم هاتەوە یاد، مێژووی ونبوونی باوکم و ئەو چەتەوڵەی کە دەفتەرچەکەی گیرفانی دایکمی لەت لەت کرد، مێژووی ئەو چرکەساتەی کە دایکم پێی وتم «تۆ کوڕ نیت و کچیت و ناوت سروەیە». پتر هەستم ڕاگرت ناڵە ناڵەکەی دایکم تا دەهات دەبوو بەلرخەلرخ و تێکەڵی گریانە بە سوێکەی یەسنای خوشکم دەبوو. دەنگی فەرماندارانەی یەسنا ڕاپەڕاندم «سروە، بڕۆ دراوسێکان ئاگادار بکەوە، وا دایکم جێمان دەهێڵێت..».

بێ ئەوەی بیر لە ڕوخسار و دەنگم بکەمەوە هەر ئەوەندەم زانی وا بە حوجەت لە دەرگای ماڵەکان دەدەم. دوای ئەوە ئامێراسا و شەرمنانە گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم و لە ئایندەیەکی نادیار ڕادەمام و هەنسکم دەدا. دوای کپییەکی ئێرەتی گوێم بۆ ئەو بێوەژنانە هەڵخست کە لە دەوری دایکم گرد بووبوونەوە و دایکم ئاسا بێوەژن کۆشیان دەکرد. دەمزانی وا جلەکان لەبەر دایکم دادەکەنن، تا بیشۆن و کفنێکی سپی لەبەر بکەن، ئا لەو ساتەدا بیرم لەو شتە دەکردەوە کە لە گیرفانی سەڵتەکەی دایکمدا بوو، خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو ئاخۆ لە دوای مردنی دایکم چی لەو سەڵتەیە دەکەن؟ ویستم پڕ بە گەرووم هاوار بکەم و بڵێم «نەکەن شتێ لەو سەڵتەیە بکەن، شتێ لە گیرفانەکەیدایە و پێوەندی بە منەوە هەیە!». من لەم غایلانەدا بووم، یەکێ لە بێوەژنەکان وتی: «نەختێ نەوت بێنن با ئەم جلانە بسووتێنین، مانەوەی جلوبەرگی مردوو بەدوێمە!» ویستم هاوار بکەم، لێ خووە شەرمێونەکەم هاوارەکەمی خامۆش کردەوە. ئیدی دەسبەجێ بۆنسۆ و ڕووناکی ئاگری جلە سووتاوەکان لە تاقە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە وروژمیان هێنایە ژوورەوە. وام زەن دەکرد ئەوە بۆنی ئەو شتەی نێو گیرفانی سەڵتەکەی دایکمە و بۆ دواجار، بێ ئەوەی بیبینم وا بۆنی دەکەم، وام بە خەیاڵدا دەهات ئەوە ناسنامەکەی منە و بەناو و ڕەگەزمەوە وا دەسووتێن.

لەگەڵ ڕۆژکەوتندا تەرمەکەی دایکم بەڕێ خرا و یەسنای خوشکم بوخچەیەکی گرێدراوی بۆ درێژ کردم و وتی:

– ئەوە دەستێ جلی پیاوانەیە، دایکم بۆی کڕیبوویت، هەر ئێستا لەبەری بکە.

**هەولێر ٢٠١١/١٢**



# غەزالا بنخەتێ

لۆقمان پۆلات
(ستەنبۆل)

غەزالێ بنێرِ جارنا نەحەقی ژ کەسێ نەحەق رە نامینە. یێ کو نەحەقییێ دکە، ب ئاوایەکی، رۆژەکێ جەزایێ وێ نەحەقیا خوە دکشینە. یێ کو نەحەقییێ ل تە کر، ئیرۆ عەزابا وێ نەحەقییێ ب ئێشا لاشێ خوە دکشینە.

تو کەچەک بنخەتێ، وەک غەزالا چیایێ کورداغێ بووی. مالباتا تە وەلاتپارێز بوو و تو ب هەستێن کوردایەتییێ مەزن بوویی.وەک هەر کەچەکێ، د خەیالێ تە دە ژی زەواجەکە ب دل، ب قیمەت و رِوومەت هەبوو. تە ژی دخوەست کو تو جلێ بەرفەسپی یێ بووکیتییێ ل خوە بکی، ببی بووک، بزەوجی و بگهی مرادێ خوە.

تو کەچەک رِندی، بەژنوبالا تە خوەشکە، چاڤێن تە رِەشن، درانێن تە سەدەفن، سپی و گەوەرن، وەک مۆرِیمرجانێ نە، تو کەچەک رِووکەن بوو. ل دەرودۆرا تە خۆرت دزڤریان، دچوون و دهاتن. چاڤێن وان ل تە بوون. کی دزانە کو چەند خۆرتان دل بەردا بوو تە، ب ئەڤینەک پلاتۆنیک عاشقێ تە بووبوون، ژ تە حەز دکرن.

تو د مالباتەک وەلاتپارێز دە ب ئەدەب و تەربیە مەزن بووبوویی، هەستێن کوردایەتییێ کەتبوون رِوحێ تە و تە دخوەست کو ب کوردپەروەرەکی رە، ب کوردەک وەلاتپارێز رە بزەوجی و ژیانا خوە پێ رە بکی یەک.

ب ئەرێکرنا مالباتا تە و ب رِزا دلێ تە، تو بوویی دەستگرتیا وی. ئەو ژی مرۆڤەکی وەلاتپارێز و شۆرِەشگەر بوو و وەک تە ژ بن خەتێ بوو. وی ژیانا خوە یا خۆرتانییێ د ناڤ تەڤگەرا نەتەوەیی و دەموکراتیکا کورد دە دەرباس کربوو. وی ژی ژ دۆزا نەتەوا کورد رە خزمەت کربوو. ئەو ژ بەر سەدەمێن سیاسی مەجبوور مابوو دەرکەتبوو دەرڤەیێ وەلێت. ئەو ب هەزاران کیلۆمەتەر دووری کوردستانێ، ل وەلاتەک ئەورۆپایی، ژیانەک غەریبییێ دژیا.

غەزالا رِند و سپەهی، رِوحێ تە پاک بوو. دلێ تە خوەش بوو، هەستێن تە گەش بوون. تو بووبوویی دەستگرتیا

وی. تە دگۆت قەی ئەو ئەوروپایێ ب تەنێ یە. دلێ تە ب تەنێتیا وی دشەوتی. تە دگۆت ئەو ب تەنێ یە ئەز یێ بچم ببم هەڤالا تەنێتیا وی، ببم هەڤپارا ژیانا وی. لێ پەپووکا فەقیر، هایا تە ژ چەرخا فەلەکێ تونەبوو. تە نەزانی کو ئەو ل ڤی وەلاتی چ دکە و چ ناکە.

تو پێ رە زەوجی. داوەتا تە چێکرن. تە جل و بەرگێن بووکانییێ ل خوە کرن و بوویی بووکەک وسا خوەشک کو رندی و بەدەوییا تە ژ خوە رە مان حەیبیری. وان ژ خوە رە، د دلێ خوە دە گۆتن: "خوەزی ب ڤی زلامی کو ژ خوە رە ب کەچەک وەها رند و خوەشک رە زەوجی."

بەلێ تو زەوجی. داوەتا تە کرن و ئەو شەڤا یەکەم، شەڤا زفافێ، تە ب دلێ خوە، ب هەست و روحێ خوە، باکیرەتیا خوە دا وی. تە دگۆت قەی تو گهشتی مرادێ خوە. لۆما ژی، تو شاد و بەختیار بووبوویی. لێ چ حەیف و سەد مخابەن کو تە د ناڤ دەمێ دە عەجێبا گران دیت. ئێشا کو تە ئەو شەڤا پێشین کشاندبوو، دەربرینێن تە تازە کرن. رووڕەشیا کو تە دیت، بۆ سەدەمکا کو ئێدی تە نەدکاری ب وی رە بمینی و بژی. لۆما ژی تە دەڤ ژێ بەردا و هوون ژ هەڤ ڤەقەتیان.

زەواجا تە خەون و خەیالێن تە، دلشادی و بەختیاریا تە، هەموو دەمەک کن و کورت دۆمان. پشتی کو خەیالێن تە شکیان، تو خەمگین بوویی، تو ژار و پەریشان بوویی. تە ژ خوە رە گۆت: " وەی ل من فەقیرێ، ما ئەڤێ ژی بهاتنا سەرێ من؟"

تو کەچەک ب شان و شەرەف، ب هەسیەت، شاناز و سەربلند بوویی. تە رووڕەشیا وی، تێکەلیێن وی یێن ب کەچا پۆرزەر یا ئەوروپی رە قەبوول نەکرن. ئەو ب هەستێن تە لەیستبوو، باکیرەتیا تە خراب کربوو و روحێ تە تەڤلیهەڤ کربوو. وی خرابی ل تە کربوو.

تە هەلویستەک راست گرت، تو ژێ ڤەقەتیایی. بەلێ تو ڤەقەتیایی، لێ تو تێک نەچوویی. تو ل سەر لنگان مایی. تە دیسان هەستێن خوە یێن وەلاتپارێزی، دیتن و رامانێن کوردایەتییێ پاراستن. تو ژ وی غەیدیی لێ تو ژ خوە نەغەیدیی، تە ژ خوە حەز کر، تو نارسست بوویی و تە ژ ژیانێ حەز کر، تە قیمەت و روومەت دا دۆستاتیا راستەقین و تە بۆ چاندە و زمانێ گەلێ خوە خزمەت کر. هەرچقاس تو ب کوردیەک خوەش دئاخفی ژی، تە کوردیا خوە هین پێش ڤە بر. تە مل دا سازی و دەزگەهێن گەل و تە ئالیکاریا وان کر. تە مل دا دەزگەها تەڤگەرا ژنێن کورد و د ناڤ وان دە کار و خەبات کر.

تو ب هەست و روحێ خوە، ب ژیان و تەڤگەرا خوە ژنەک ئازاد بوویی. تو ژنەک شاناز، موتەوازی و هنەک شەرمۆک بوویی. تە خوە ب جان و روح دا کار و خەباتا چاندە و زمان. تە ب دەنگێ خوە یێ خوەشک و نارین، ب سوحبەتێن نازەنین بوویی شاهبۆنۆیا شادمانیا تەنێتیا شەڤێن کەسان، بوویی دەرمانێ دەرد و کولان. تو ب ژیانێ ڤە هاتی گرێدان و تە تەنێتیا خوە ب دۆستێن خوە یێن راستەقین رە بۆراند.

د سەر ڤەقەتاندنا وە رە گەلەک سال دەرباس بوون، تو ب تەنا سەرێ خوە، لێ ب هەسیەت بوویی، ب قیمەت و رووومەت بوویی، ئەو ژی ب وێ پۆرزەرێ رە ب دەرد، کول و کەدەر بوو. دەما تو پێ حەسیایی کو ئەو نەخوەش کەتیە، ژانەک گران، نەخوەشیەک بێدەرمان لێ پەیدا بوویی، دلێ تە گزگزی، تو ل بەر کەتی، دلێ تە پێ شەوتی. تو خەمگین بوویی.

**ئەڤ دەقە ژ پەرتووکا گوولیزار رووپەلێن (٧-٩) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکێ ل سالا (٢٠٠٤) ل چاپخانا جان ماتباعاسی - ستەنبۆل هاتبوو چاپکرن.**

**«رامان»**



# ئاسیاو (١)

**سەباحەددین عەلی (*)**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

براله، تۆ قەت بەناو ئاشێکی ئاودا گەڕاوی؟

شایەنی بینینە ئەوە... دیوارەیلی لار بووەوە، پەنجەرەگەلی گچکەی نزیکی بنمیچ و میچێکی ڕەش ڕەشی سەر کاریتە ئەستوورەکان... ئینجا ڕیزە چەرخێک، بەرداشی زل زل، میلگەل، قایشەیلی تۆزاویی بە هەڵبەزودابەزەوە خولاوە... لە گۆشەیەکدا جەواڵە گەنم، گەنمەشامی، چەودەر، جەواڵی هەر جۆرە دانەوێڵەیەک بەسەر یەکدا خڕ کراونەتەوە. لە بەرانبەردا ئاردی کۆمەڵە هەگبەی سپیی لێ پڕ کراو...

لەتەک بەرداشەکاندا، گەردیلەی گەرم و ورد لەشێوەی دووکەڵدا هەڵدەفڕن، لە کاتێکدا کە قەپاغە گچکەکانی سەر ڕاخراوەکە هەڵدەگیرێ، لە خوارەوە یەکسەر تنۆکە ئاوی سارد لە شێوەی تەمدا بە ڕووی مرۆدا دەپرژێ...

براله ئەی چی بەو دەنگانە دەڵێی، ئەو دەنگانەی لە هەر گۆشەیەکەوە بەپێی مەقامی جودا جودا بەرزدەبنەوە و هەموو پێکڕا لەشێوەی شەپۆلێکی زلدا پڕ گوێ دەبن؟.. ئەو ئاوەی بە پلووسکە تەختەکەی سەرەوەدا دێتە خوارێ، وەک بای زستانەی لە دارچنارەوە هەڵکردوو گڤڤە دەکا، تێکەڵ بە شەققەی چون شەقازلەی دەنگە گریاناوییەکەی قایشەکان دەبێ کە بەرداشەکانیان دەمێک بەرز و دەمێک نزم دەبنەوە... و چەرخە لە تەختە دروست کراوەکان هەمیشە جیڕە دەکەن و جیڕە دەکەن...

من زۆر لە مێژە ئاشێکی وەهام دیبوو براله، گەرەکیشم نییە جارێکی دی بیبینم.

تۆ واتای ئەوین دەزانی چییە براله، تۆ قەت دڵداریت کردووە؟

دە بڵێ زۆۆۆۆر! داخۆ خۆشەویستەکەت جوان بوو؟ لەوانەشە ئەویش تۆی خۆشویستبێ... و بە هەر حاڵ ئەوت زۆر لە ئامێز گرتووە... بەشەو دەتبینی و ماچت دەکرد وا نییە؟ ماچ کردنی ئافرەتێک شتێکی خۆشە، هێشتا خۆ پیاو

ئەگەر لاو بێ...

یان خۆشەویستەکەت تۆی خۆش نەدەویست... ئەوسا چیت کرد؟ شەوانە دەگریایت؟.. بۆ ئەوەی ڕووە زەردهەڵگەڕاوەکەت پیشانی ئەو بدەی، لەسەر ڕێی هاتوچوویدا چاوەڕێت دەکرد، نامەی درێژی بەزەییهێنت بۆ دەنووسی وا نییە؟

بەڵام بەهەر حاڵ بازدانە سەر ئەوینێکی دووەم بۆ تۆ ئەوەندە زەحمەت نەبووە. سەرەتا مرۆ وەک لە خۆی شەرم بکا وا دەبێ، بەڵام داخۆ دەزانی، ئایا دەزانی، گەورەترین بەهرەمان دەرکردنی بڕیاری بێ تاوانیمانە بۆ خۆمان، ئەو شتەی پێی دەڵێن ئازاری ویژدان هەر هەفتەیەک بەردەوام دەبێ، تەنانەت نزمترین پیاوکوژ دوای ئەوە پاساوی شایستە بۆ ئەو کردەوەیەی ئەنجامی داوە، ئامادە دەکا.

دەی، دوای ئەوە سێیەم، چوارەمێکت خۆشویست و بەم جۆرە بەرێوە دەچێ. باشە، بەڵام داخۆ ئەمە خۆشەویستییە براله؟

داخۆ دەتوانن بە ڕووتوقووتی بە کۆڵانەکانی شاردا ڕابکەن؟

داخۆ لە دەستت دێ کێردێک بەدەستەوە بگری و بە ماسوولکەکانی قۆڵ و ڕانتدا بچەقێنی و بەم شێوەیە بە ناو ڕووبارێکدا بازبدەی و مەلە بکەی؟

زاتی کوشتنی پیاوانی شارێکت هەیە؟ پێت دەکرێ بە منارەیەکدا سەرکەوی و هاوارێکی بەهێزی ئەوتۆ بکەی بەگوێی جیهانیدا بدەی؟

ئایا ئەوین دەکارێ ئەمانەت پێ بکا؟ ئیدی ئەوسا پێت دەڵێم دڵداری...

لەتۆ وایە تۆ دەتوانی چی بە خۆشەویستەکەت بدەی؟ دڵت؟ زۆر باشە، بە دووەمیان؟ دیسان ئەوە؟ بە سێیەم و بە چوارەمیش هەر ئەوە؟ دە مەهاوە براله، چەن دڵت هەیە تۆ؟ ئەوەش دەزانی، ئەمە لافێکی فشەبازانەیە: دڵت لە جێی خۆیدایە و تۆ ئەو بە فلان، یان بە فیسار دەدەی... ئەگەر سینگت شەقار بکەیت و ئەو گۆشتە لەوێوە دەربکەی و تووڕی هەڵدەیتە پێش خۆشەویستەکەت، ئەوساکە دڵت بەخشیوە...

ئێوە ناتوانن خۆشەویستی بکەن براله، ئێوە، ئەوانەی لە شاردا دەژین و ئەوانەی لە دێدا دەژین، ئێوە، گوێڕایەڵی یەکێ دەکەن و فەرمان بە یەکێک دەدەن، ئێوە، لە یەکێک دەترسن و هەڕەشە لە یەکێک دەکەن...

ئێوە ناتوانن خۆشەویستی بکەن، تەنیا ئێمە خۆشەویستی دەزانین.. ئێمە: هێندەی بای خۆرئاوا بەسەربەستی دەگەڕێین و ئێمەی قەرەج کە لە خۆمان بەولاوە خودان ناناسین... بیبە براله، باسی ئەوینی قەرەجێکت بۆ بکەم...

ڕۆژێکیان لە وەرزی دەست پێکردنی توانەوەی بەفر بوو هەموو دەوار، نزیکەی سی ئافرەت، مێرد و منداڵ، چوار بارگیر و دوو ئەوەندەش گوێدرێژ کۆچمان بەرەو لای ئەدرەمیت (٢) کرد.

دوای زستانێکی دڵگوش و هیچ لەگەڵماندا نەگونجاو هەتاوی گەرم کەرەوە و سەوزایی تازە دەست بە ڕووانەوە کرد و جموجووڵێکی سەیری بە هەموومان بەخشیبوو. منداڵانێک کە لە کراسێکی سپی و کورت بەولاوە هیچی دیکەیان بە شانەوە نەبوو بەبێ وەستان هەر ڕایان دەکرد، هاواریان دەکرد و لە کەناری ڕێگەشۆستەدا بە کەندەکاندا غلۆر دەبوونەوە.

هەرزەکارەکان بە کەمانجە و کلارنێت ژەندنەوە ڕێیان دەکرد، کیژەلاوەکان بە دەنگە ورشەدارەکانیان گۆرانیی وەک ئاویان دەگوت.

منیش چاوم بە دەوروبەردا دەگێڕا بۆ گوندێک، بۆ کێڵگەیەک و لە تەکیاندا لە شوێنێک دەگەڕام بتوانین لێی بمێنین.

دەمەو ئێوارە چناری ڕەنگکاڵی بە نێو دارزەیتوونە سیاکاندا بەرز بووبووەوە و سەروەکان بەرچاوم کەوتن. ئێرە ئاشێکی بچووک بوو. خڕێکی فرەئاو دوای ئەوەی بە ناو داربییە بچووکەکاندا ڕەت دەبوو، دەچووە ناو ئاوەڕۆیەکی تەسکی بەردین، لەوێشەوە بەسەر چوار سولاوکەی تەختەدا دابەش دەبوو.

پیرەچنار سەربانی بە قرمیتی سیای کۆنە ئاشی لە چاڵدا نێژراویان دادەپۆشی و سێبەریان دەخستە سەر گۆڕەپانی بەرفراوانی لای پێشەوەی.

لە ژێر ئاسیاوەکەوە کە گوڕەگوڕ خشپەی درەختەکانی دەکرد بە ژێرەوە، ئاوی بە گوڕ دەرپەڕیوی کەفچڕین بەنێو دوو ڕیزە دارچنارەکانەوە ڕەت دەبوو و لە قامیشەڵانەکەدا گوم دەبوو. لێرە بارگەخستن خرا نییە. لە کاردا بوونی ئاشەکە لە هاتوچۆی زوو زووی لادێیە بە کەر و بارەکاندا دیارە. ئەوەندەی گوللەهاوێژێک لەولاوە دێیەک بە منارە سپییەکەیەوە دیارە.

بەر لە هەڵدانەوەی چادرەکان "ئەتمەجە" (٣)

کلارنێتەکەی هەڵگرت و لە دەروازە لایەک بە تاکەکە نزیک بووەوە، دەستی بە کوتانی کرد، ئەوگوندییانەی ژوورەوە کە دەنگیان دەبیست، لەو ناوە گردبوونەوە و گوێیان دەگرت، ئاشەوانیش لە ناو ئەمانەدا بوو، ڕدێنە سپییەکەی تێکوەردەدا و بە چاوە بێ مەبەستەکانییەوە دەیڕوانی.

دەزانی براله، ئەم لادێییانە سکاڵای ئەوەمان لەدەست دەکەن گوایە مریشک و گوێرەکە دەدزین، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشیان دەوێین. لە نێو خۆیاندا نزیکەی یەک "کیلە" (٤) گەنمیان کۆکردەوە و دایانە "ئەتمەجە" و ئاشەوانیش دوو دیزە ماستی نایەسەر. ئەم هەڵسوکەوتە جوانە هانی داین و چادرەکانمان لە نێو ئەو دارزەیتوونانەی ئەولاترەوە هەڵدا.

کار بە باشی بەڕێوە دەچوو، ئافرەتەکان ئەو سەبەتانەی لە داربییە تازەکانەوە دەیانچنین زەحمەتییان لە فرۆشتنیاندا بە دێیە نزیکەکان نەدەبینی. ژەنیارەکانمان شاییەکانیان لە گوندە نیو ڕۆژ دوورەکانەوە بانگ دەکرد، بێ گومان ئەتمەجە لە سەرووی هەموویانەوە بوو...

تۆ هێشتا تووشی کەسێکی وەک ئەتمەجە نەهاتووی. هەرزەکارێکی شکۆدار بوو: پێستی گەنمڕەنگ و قژە ڕەش ڕەشە شێتانە بە سەر ڕوویدا ڕژاوەکەی و چاوە تێرەکانی... ئینجا لووتی.. درێژ، تیژباریک، نووکی کەمێک بەرەوخوار، لووتی نازداری، لەبەر لووتی ئێمە ئەتمەجەمان پێ دەگوت... سەری لەسەر شانە پانەکەیدا وەک ئەوەی ئەسپی عەرەب قیت دەوەستا و ئەسپێکی عەرەب لەو گورجتر نەبوو...

ئازایەتی ئەو و جوانی ئەو و چاکەی ئەو لە ناو هەموو دەوارەکاندا باس دەکرا.

ئەو چون قەرەجەکانی دی دزی نەدەکرد ئەو، براله: نۆتەشی باش دەزانی. لە قوتابخانەی شاردا خوێندبووی، تەواوی کردبوو: ناسک بوو... هەستت دەکرد کە کلارنێتی دەژەند، بایەکەی نەک لە سییەکانییەوە، ڕاستەوخۆ لە دڵییەوە دەر دەدا.

شەوانە تاکوتەنیا دەچووە ژێر دارێک. ئێمەش دەچووینە بەردەمی چادرەکان، لەسەر زگ ڕادەکشاین و چەنەمان دەنایە سەر زەوی و گوێمان لەو دەگرت.

هیچ خۆشەویستێکی نەبوو. نە گۆنا ئاڵەکانی جوانانی ئەو دێهاتانەی پێیاندا ڕەت دەبووین، نە لێوە باریکەکانی کچەقەرەجەکان دەیانتوانی لە ساتێک پتر ڕوانینی بۆ خۆیان ڕابکێشن...

لە کاتێکدا کە ئاوازی دەژەند بە چاوی درشتەوە وەک بڵێی بیەوێ ئەو پریشکانەی لەوێن بکوژێنێتەوە، نمەی دەردەهاویشت، بینیومانە لەسەر کوڵمە گەنمڕەنگەکانیدا، وەک تووشی ئاگرێک هاتبێ یەکسەر بیەوێ چەند تنۆکێکی گچکەی وشک بووەوە گرمۆڵە بکات.

زۆر نادوێ، کە قسەش دەکات هەرچی لە ناخدایە هیچێکیان بۆ نەدەدرکاندین. هەست بەچی دەکات، بیر لە چی دەکاتەوە؟ هیچ یەکێکمان نەماندەزانی. داخۆ لەبەر خۆشویستنی کەسێک بووە، یان لەبەر ئەوەیە کە کەسی خۆش ناوێ، ئەوەندە بە سووتاوی، ئەوەندە لە ناخەوە دەیژەند؟

ناوە ناوە ماوەیەکی زۆر ون دەبوو، گوایە بە ناو دەوارگەلی دیکەدا دەگەڕا، دەچووە شارە گەورەکان و بەشداری لە کۆڕەکانی بەگە گەورەکاندا دەکرد.

ئەفەندیگەلی شارۆچکەکان هەڵسوکەوتی هاوشانی خۆیان لەگەڵدا دەکرد، بەڵام ئەو لەگەڵ ئێمە پێکەوە پەزی لە دەوارەکانەوە ڕەوانە دەکرد و لە شاییەکاندا لەگەڵ ئێمە پێکەوە ئاوازی دەژەند.

ئیدی گشت ئێوارانێک لەو مەیدانەی بەردەمی ئاسیاوەکەدا کۆ دەبووینەوە و ئاهەنگمان دەگێڕا. لەبەر ئەوەی هێشتا هیچ شتێکمان پێکەوە نەناوە، ئاشەوانیش لێمان مەمنوون بوو. لەگەڵ کچەکەیدا لەژێر لەمپەرە چناری باردا حەسیرێکی ڕادەخست و چوارمەشقی دادەنیشت و دۆستایەتی لەگەڵدا دەکردین و گوێی لێ دەگرتین.

کچی ئاشەوانەکە تەواوێک جوانێکی لادێیی بوو. دەموچاوێکی خڕ، لێو ئەستوور، پرچێکی بە کەزیەی تا ناو قەد درێژی هەبوو، بەڵام ڕووی زۆر سارد بوو. ڕوانینێکی ڕاستوڕەوانی وەک بڵێی لەگەڵ شمەکەکانی دەوروبەریدا هیچ جۆرە دانوستانێکی نییە و خەندەیەکی نەویستی هەبوو وەک لە کەنارەکانی لێوەکانییەوە بڕژێنەوە وابوو. ئەم کیژۆڵەیە سەقەت بوو براله، بە بچووکی قۆڵی ڕاستی بە یەکێک لە چەرخەکانی ئاسیاو پەڕێنرابوو. ئێستاکە لەجێی ئەو قۆڵە جلێکی بەتاڵ بە پشت شەرواڵەکەیدا کراو شۆڕ بووبووەوە و ئەمە ئەوی لە مرۆیان جودا کردبووەوە.

دەتوانی بیر لەوە بکەیتەوە، کچێکی جوان قۆڵێکی نەبێ ئەمە چی دەگەیەنێ؟ پێی نەدەکرا تێکەڵ بەو کیژانە

بێ کە لەلای سەرووی خڕەکەدا بە ڕووتوقووتی خۆیان دەشۆردەوە. تەن و ئەو خەوشەی لە جەستەیدابوو داپۆشرابوو و ناچاری داپۆشینی بوو... نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو کیژانەش کۆببێتەوە کە شەوانە لە ماڵی یەکدیدا کۆ دەبوونەوە و گاڵتەوگەپیان دەکرد، چونکە نە دەفڕەندن و نە بە گرتنی کەوچکی تەختە لە ناو قامکەکانیدا سەما کردنی لە دەست دەهات...

دیارە هەموو منداڵیی ئەو بە هەناسە سەردییەک بەسەرچووە نابڕێتەوە و کۆتایی نایێ، دیارە بە چاوێکی پڕ ئەسرەوە پاڵی بە دیوارێکەوە داوە و سەیری ئەو هاوەڵانەی کردووە کە وەک سمۆرە بە چڵە زەیتوونەکاندا هەڵدەزنێن و لەگەڵ یەکدیدا ژێراوژێر و سەراوسەر زۆرانبازییان دەکرد و لە بەردەمی ئاسیاودا لەگەڵ منداڵە نێرینەکاندا وازیی ئاو بە یەکدیدا پرژاندن دەکەن. ئێستا وا دیارە بە سەر هەموو ئەمانەدا ڕاهاتووە. دەیزانی بەخۆی مافی ئەنجامدانی گەلێک لەو کارانەی نییە مرۆگەلی دیکە دەیانکەن و هیچ شتێکی نەدەویست. سەعاتگەلێک لەسەر سەکۆ بەردەکەی تەک دەرگای ئاسیاوەکەدا ڕۆدەنیشت و بە چاوی نیوە قووچاوەوە بە مریشکە لە مەیداندا گەوزاوەکان و بە گەڵا لەریوەکانی پیرەچنارەکاندا دەیڕوانی، پیاوی دەخستە گریان. شەوەکانی وەل باوکیدا پێکەوە دەهات، لەلای ئەودا بە چۆک داداوی دادەنیشت و سەیری ئێمەی دەکرد...

با قسە لە کورتی ببڕینەوە براڵە، ئەتمەجەی لووت بەرز و بێ ویژدانی ئێمە دڵی چووە ئەو کیژە سەقەتەی ئاشەوان. ئەو مەلە کێویلەیەی لە بێزی نەدەهات تەماشای تاوسەکان و پۆڕەکان بکا، بووە نێچیری ماسیگرەیەکی باڵ شکاو. مخابن من زۆر درەنگ پێم زانی، ئەو کاتەی من تێی گەیشتم ئاگر گەییبووە گوێسوانە... دەنا لە مێژە بارگەم تێکنابوو و کۆچم بۆ شوێنێکی دیکە کردبوو.

ئەتمەجە قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد، بەشداریی شاییەکانی نەدەکرد، بە تەنیا لە ژێر زەیتوونەکاندا دەیژەند، بەڵام شەوانە ژێرانە لە ژێر دارچنارەکاندا دەجۆشایەوە، چاوی بە کچەکەدا دەبڕی، ئاخوئۆفی دەکرد... و ئێمە هەستمان بە ئارەزووی هەڵلەرزین و هاوار و ئاخاوتن، یان بەربوونە سەر زەوی و گریانمان لە ژەندنی ئەودا دەکرد. لە لێدانی ئەودا، هاواری ئاگرپەرستێلێکی دەوروبەری کۆمەڵە ئاگرێک، یان فەریاد و ناڵەی ئەو شەپۆلانەی بەر کەشتییەکی بەرەو خنکان چوو دەرکەوتنی، تێدابوو.

باڵەکانی ئەتمەجە کەوتبوون براڵە، تا دەهات زەردتر دەبوو، ئەو ڕۆژانەی ئاشەوان شۆڕ دەبووەوە ناو دێ، کە بینیم لەگەڵ کچەکەدا لەسەر سەکۆ بەردەکەی تەک دەرگەی ئاشەکەدا دانیشتووە و وەک بیەوێ نینۆکەکانی پارچەپارچە بکات و بە سەر بەردی دوو لایدا دەیگێڕان، لەوە گەیشتم ئەم کارە بەو شێوە ئاسانە نابڕێتەوە...

شەوێک بانگم کرد، چووینە ژوورووی ناوخڕەکە، لە ناو نەمامەکانی دارچنارەکاندا دانیشتین. جگە لە بەپەلە بەسەر چەوەکاندا هەڵبەزینی ئاوەکان و ژاوەژاوی بۆقێک کە لە دوورەوە دەبیسترا گوێمان لە هیچ نەبوو. ئەتمەجە سەیری بەردەمی خۆی دەکرد، لە هۆی بانگ کردنی و لەو قسانەی دەمویست پێی بڵێم هیچی نەدەپرسی، دەستم نایە سەر شانی، چاوەکانی بەرەو من هەڵبڕین.

گوتم: "تووشی خۆشەویستی هاتووی!...".

گوتی: "ڕاستە...".

"بە تەمای چی بکەیت؟..."

وەک بیەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە ببینێتەوە چاوەکانی بۆ سەرەوە، ئاراستەی ئاسمانە بە ئەستێرەکە کرد. دوورودرێژ تەماشای کرد، یەکسەر گوتی:

"تۆ سەرۆکی خێڵمانی، لەمن زۆرتر بە شوێناندا گەڕاوی، ئەزموونەکانت پترن، ئاوەزت، تێگەیینت لە هەموو قەرەجان بەرزترە. بۆت دەکرێمەوە...

بێ ئەوەی چاوەکانی داگرێ، وەک بڵێی بۆ ئەستێرەکان بدوێ، دەستی بە پەیوین کرد:

"ئەوم خۆش دەوێ، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە چی دەکەم. تۆ دەزانی خۆشەویستییەکەی من چۆن دەبێ... منێک سەرم بۆ ئەو خانمە خاوەن کۆشکانەی پیاوانیان بە دووم دەخست دانەدەنواند: ئەو خانەدانانەی فەرمانڕەوایی حەوت گوندانیان دەکرد دەهاتنە لام، گوتیان: "کچەکەم بۆ تۆ کەوتووەتە ناو پێخەفان.. لەبیر خۆمی دەبەمەوە کە تۆ قەرەجی و تۆ وەک منداڵی خۆم دەنێمە سەر سینەم، تەنیا وەرە، وەرە و کچەکەم ڕزگار کە!..." و پاڕاشنەوە و بێ ئەوەی وەڵامیان بدەمەوە بە ڕێی خۆمدا ڕۆیشتووم، ئیدی ئەمێستا ئەم کچەم خۆش دەوێ کە قۆڵێکی نییە. نە دەتوانم بیخوازم، نە دەتوانم هەڵیبگرم... لەکاتێکدا ئەویش منی خۆش دەوێ. پێرێ ئەمەی بە گریانەوە بە من گوت، گوتم وەرە، پێکەوە هەڵێین. " بە خەمەوە پێکەنی،

گـوتی گـەورەم، من لەتۆ نوقـسـانتـرم، تۆ خـێـرم پێ دەکـەی؟... باسم کـرد ئەوم چەند خـۆش دەوێ: " لە جیاتی قۆڵت دڵم دەدەیتێ، ئایا دڵێک بەهای لە قۆڵێک کەمترە؟ ".

" دیسانەوە فرمێسکەکانی ڕشتنەوە: " گوتی نابێ، بیرێک بکەرەوە، هەرچەند بەرانبەرت بێمەوە شەرمت لێ دەکـەم، سـەرم لە زەویدا دەبێ، دەتەوێ وەها سـەرشـۆڕم بکەی؟ لێمگەڕێ، من کە خۆم دەناسم، با لەلای باوکمدا بمێنمـەوە، تۆش جـارێکی کـە مـەیەرەوە ئەم ناوە. سەقەتییەکەمت پێ لەبیر بردمەوە و شێتانە خەونت پێ دیتم، تا کۆتایی ژیانم تۆ لەیاد ناکەم، بەڵام هەوڵی ئەوە مەدە بڕوا بەو شتانە بکەم کە نابن، ئەگەر بەڕاستی منت خۆش دەوێ دەمودەست ئەم ناوە بەجێ بهێڵە!... "

ئەمجە لێرەدا هەناسەیەکی هەڵکێشا و چاوەکانی بە زەویدا خست: " بیـر دەکـەمـەوە، ئەگـەر یەک بگرینەوە بەڕاستی ئەمە بۆ هەردووکمان دەبێتە ئازار. ناتوانین لە نێوانماندا ڕێک بکەوین، هەست بە سووڕانەوەی بایەکی مرۆخنکێن دەکەین، ئەگەر ئەو دڵیم بۆ نەکاتەوە، نازم بە سەرەوە نەکات، ئەگەر وەک ئەوەی لە ناخییەوە دەرچێ نەتوانێ بەمندا بپێچرێتەوە، ئەگەر چاوەکانی هەموو دەم ویسـتی بڵێ: "بۆچی لاویی خـۆت بۆ من بە ئاگـر سووتاند، مخابن نییە بۆ تۆ؟" ئەوسا من چی بکەم؟ لە هەر قسـەیەکیدا، هەمـوو هەڵسوکەوتێکم لەدڵ دەگرێ: تووڕە بم ئازاری دەدا، بە پەژارە بم ئازاری دەدا، خـۆشم بوێ وا هەست دەکا بەزەییم پێیدا دێتەوە، ئامێزی پێدا بکەم لەشوێنی قۆڵە بۆشەکەیدا هەست بە کسپەیەک دەکا و ئەمانە هەر بەوجۆرە بەڕێوە دەچن...

"بەتەمـام چی بکەم، ئەم بارە بە کـوێم دەگـەیەنێ مەپرسە، من ئیدی هێزم تێدا نییە. ئاوەز نییە، بیر کـردنەوە نییـە، تەنیـا عـەشق هەیە. عـەشـقـێکی چون گـوللەی مـاوزەر ئەوەی بیـپـێکێ بەزەویدا ڕادەخـا..." ئەمجـە "کـەی تۆ ئیـدی لە بارودۆخـێکدا نیـیـە بتـوانێ باڵەکانی بجووڵێنێتەوە!..."

بێ دەنگ بوو، دوا وشـەکـان بەشێوەیەکی خەمهێن لە دەمیەوە دەڕژان کە، هەوڵی پرسینەوەی شتـێکی دیکە، تەنانەت هەوڵی دڵدانەوەشیم نەدا. لەم بارودۆخەدا چیی پێ دەگوترێ، ئەویش لە هیچ قسەیەک حاڵی نەدەبوو.

قۆڵم کرد بە قۆڵیدا و تا لای چادرم هێنا.

ئیدی تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو براله، بارودۆخی ئەمجە منی دەترساند، بەڵام هیچ نەبوو لە دەست بێت و بکرێ، بڕیارم دا هێشتـا کارەکە لە دۆخی خۆیدا بهێڵمـەوە و نووستم. ئەمجەم، کە بەدرێژایی شەو، لە ژێر دارچنارە گەورەکەدا قۆڵەکانی کردبووەوە و بێ ئارام بێدار بوو و کـچی ئاشـەوانەکـەم بینی، کـە لە ڕۆخی لێـوەکـانیـدا شـادییـەکی بەرین، پەمبـەییـەک کـە لەسـەر کـولّمـە ساردەکانیـدا نەبینرابوو بەرەو ئەو غـاری دەدا. بەڵام لەو کـاتەدا کـە خـەریک بوو خـۆیان بهـاونە ناو ئامـێـزی یەکدییەوە تەنێکی سەیر کە شێوەی دیار نەبوو چووە نێو هەردووکیانەوە، چەرخ ئاسایی فڕکان فڕکان دەجمی و تا دەهات گەورەتر دەبوو و ئەوانی لێک جودا کردەوە.

ڕۆژان، وەک گـەواڵە هەوری سـپی کـە ڕەشـەبایەکی بەهێز ڕایدەکێشان بەدووی یەکدی دەکەوتن و دەڕۆیشتن. ئێمەش، هەستمان بەوە دەکرد دوا بەدوای ئەمان هەبێ و نەبێ ڕەهێڵـەیەک بەرپا دەبێ. هەمـوو کـەسێک وەک لە شـتـێکی سـەیر بتـرسێ وابوو، خـامـۆشـیـیـەک هەمـوو دەوارەکـەی داپۆشـیـبـوو. پیـر و پیـرێژنە بە ئەزمـوونە قەرەجەکان ئەو ئەفسوونانەیان خوێندەوە کە دەیانزانین. هەمـوو گـیـانە باش و بەدەکـانیـان بانگـهێشـتی بە هاناوە هاتنی ئەمجەی بەستـەزمـان دەکـرد. ئەو، تا دەهات، کە بە کولّمە قـوپاوەکـانی و بە چاوە حەپەساوەکـانییـەوە کە نەدەزانرا سەیری کـوێ دەکەن، ڕەت دەبوو، هەرزەکارەکـان سەریان بەرەو زەوی دادەنەواند، کـیـژە لاوەکـان، بە شێـوە چون مـردوو زەردهەڵگـەڕاو و لێـوە لەرزۆکـەکـانیـانەوە بەدوایانەوەیان دەڕوانی.

ژن، پیـاو، لاو، پیر بێ ئەوەی بتـوانین بڕیارێک بدەین چاوەڕوان بووین. وەک بڵێی ڕەشەبایەکی وێڵ گسکی لە هەموو بیرێکی ناو سەرمان دەدا و دەسڕییەوە. ئێمەی بە سەرسامی و نائومێدی لەم ناوانەدا جێ دەهێشت.

ڕۆژێکیـان ئەمجـە لێم نزیک بووەوە. گـوتی: " ئەم ئێـوارەیە لە ئاسـیـاودا ئاهەنگ دەگـێـڕم، من لەگـەڵ پیرەمێرددا قسـەم کرد!... ". نەرمە بارانێک نمەی دەکرد، زۆر پێ دەچێ دەمـەوئێـوارە ڕێژنەیەکی بەهێـزی هاوینە دابکات. ئەمەم بەویش گوت.

گوتی: " لە ناو ئاسیاوەکەدا دەژەنم! ".

" ئاسـیـاو شـەوانەش دەگـەڕێ، لەو گـوڕە گـوڕەدا؟ " پێکەنینێکی سەیر پێکەنی.

گوتی: " مەترسە! لەو گوڕەگوڕەشدا کلارنێتتـان پێ دەبیـسـتم. هێـشـتـا هەناسـەم تا ئەو ڕادەیە لە هێـز

نەکەوتووە. ".

باران بەڕاستی دەمەوئێوارە پتر بوو. هەورەتریشقە بەدوای یەکدا بە دارستانی بەڕوودا دەکەوت، تنۆکە درشتەکان پەلکە سیاکانی دار زەیتوونەکانیان بە ترپەی سەیرەوە دەخستە سەما.

گشتمان پڕ بووینە ناو ئاشەکە، دوو دانە چرای گاز نیمچە رووناکییەکیان بە دەوروبەردا دەپرژاند و چەرخەکان، بەرداشەکان، قایشە تۆزاوییەکان دەسووڕانەوە. ئەو گورە دڕندەیەی هەموو پێکەوە دەریان دەکرد تێکەڵی نزگەرەی ماندووی بارانی بنمیچە نزمەکە دەبوو. گرمە شینە یەکدی ڕاونەرەکان، ئەم ئاهەنگە ترسناکەی تەواودەکرد.

ئاشەوان و کیژەکەی لەسەر سەکۆی بن دیوارەکەدا ڕۆنیشتبوون. چرا ئاوێزانەکان لە سەر رووی کیژی لاودا سێبەری سەیروسەمەرەی گەمە پێ دەکرد.

لە ناکاوێکدا دەنگێکی باریک کە هەموو گرموهۆڕەکانی کردە ژێرەوە بەرز بووەوە. ئەمجە کە خۆی کێشابووە گۆشەیەکی تاریکی ئاسیاوەکەوە دەستی بە ژەندنەوە کردبوو.

براله، من ئەو شەوە، ئەو شتانەی گوێیانم لێ گرت ناتوانم دوای مردنیش لە بیریان بکەم.

لە دەرەوە باوبۆران تا دەهات پتر دەبوو و ڕەشەبا قەمچییە تەڕەکەی بەسەر دیوارە خشتینەکاندا دەگێڕا. ئاوە بەرزبووەکان بە پلووسکە تەختەکاندا دەجۆشا، هاوار هاوار بەسەر زەویدا دەڕژا.

لە ناوەوە بەردەکان بە جۆشێکی بێ کۆتاییەوە بۆڵەیان دەکرد، قایشە شێتانە سووڕاوەکان، شریقەیان دەکرد، نێرەومێیەی چەرخە تەختە بە ناو یەکدا چووەکان چون گریان جیڕەیان دەکرد و دەنگێکی شێت کە هەموو ئەمانەی دەکرد بە ژێرەوە دەمێک دەپاڕایەوە، گەهێک کزدەبووەوە، وەک پێت وادەبوو خەریکە بێ دەنگ دەبێ بەرز دەبووەوە.

لە تاریکییە ڕەنگینەکەدا چاوە ڕەشە بریقەدارەکانی ئەمجە بێ ترووکان لە کیژە لاوەکەی دەڕوانی. بە چاوە گەورە بووە هەڵپە پەرێشانە بەزەییهێنەکانی کچی لاودا... و شتێلێکی وەهای دەژەند براله، ئەو وشانەی ئێمە بە کاریان دەهێنین وزەی دەربڕینیان نییە...

خۆرێکی بەیانیان بوو، جارجار لاوێنەوە و گەرم کەرەوە... بەڵام هەر لەو کاتەشدا ڕوودرێن و چاو کوێر کەرەوە، ئاگری ناوەوەی، وەک دەنکە لم بەدەوروبەردا پرژێن، دەبووە گەردەلوولێکی چۆڵەوانی، یانیش دەچووە بارودۆخی کێردێ کە بە سینەماندا ڕۆبچێ.

لە پاش ناڵەیەکی دوایین و تیژ بینیم ئەمجە هەڵسایە سەر پێیان، دوو سێ هەنگاو پێشڕەویی کرد و کلارنێتەکەی هاویشتە گۆشەیەک. هەموو کەسێک ڕاستەوە بووبوو، بە چاوی خەماوییەوە لەویان دەڕوانی.

ئەو، پرچە ڕەشە هەر هەموو بەسەر ڕوودا ڕژاوەکەی بەدەست، وە لا نا. دوای ئەوەی بەو چاوانەوە کە وەک بە جارێک بە قوولاییدا چووبێ وابوو، دەوروبەرەکەی پشکنی ئەوانەی لە کچی ئاشەوانەکە بڕی، ماوەیەکی درێژ درێژ ڕوانی... تا مردن ناتوانم ئەو خولەکە لە یاد کەم براله، ڕەهێڵە لە دەرەوە تا دەهات توندتر بوو بوو، دیوارەکان دەلەرزین، قرمیدەکانی سەرسەرمان دەفڕین و ئاسیاو، ئاژەڵێکی هار، بۆڵەی دەکرد و دەسووڕایەوە و ئەو، لە تیشکی کوژاوەی چراکەدا، وەک سێبەرێکی لە بوونی خۆی زلتر ڕاوەستابوو. چاوی لە کیژە لاوەکە بوو. خەمێکی لە بەرگەگرتن نەهاتوو دەموچاوی ئاخنیبووە شێوەگەلێک نەدەناسرایەوە. دەمێک، خوێنێک پێستە گەنمڕەنگەکەی پەنماندووە تا ڕۆخی چاوەکانی بەرز بووبووەوە، گەهێک تەنانەت لێوە لە ژێر دانەکانیدا ئەنجن کراوەکانیشی سپی سپی هەڵدەگەڕان. ئەو لێوانەی وا، وەک بیەوێ شتێک بێژێ دەجوولانەوە و وەک خەریک بێ بگریێ بۆ خوارەوە دادەکشایەوە.

ئەم ڕوانینە تا ساتێک درێژەی بوو. دواتر پێڵووەکانی بە کاوەخۆ داکەوتن و ئەو، وەک خەریک بێ بکەوێتە سەر زەوی شۆڕبووەوە، بەڵام یەکسەر خۆی کۆکردەوە. جارێکی کەش بەم لاولایدا ڕوانی، وەک کەسێک بوو چاوەڕێی بەهاناوە هاتن بوو: بە هاناوە هاتنێک کە لەم داپڵۆسان و ئەنجنبوون و ئازارانەی ڕزگار بکات... لە کۆتاییشدا وەک شتێکی لەسەر درابێ نرکاندی. بە گەڕانەوەی پاشەوپاش بەرەو گۆشەی ئەولای ئاشەکە، بەرەو ئەو گۆشەیەی قایشەکانی شێتانە تێدا دەسووڕانەوە بازی دا.

ئەوەندەی هەناسەکێشێک هەموومان لە جێی خۆماندا چەقین، دوایی شێتانە دەم بەهاوار بە دوایدا ڕامان کرد...

ژیان براله، زۆر درەنگ بوو. کە ئەمجە لەجێی خۆیەوە بازی دا و چاوەکانی کە دەیانویست بڵێن " کار لە کار

ترازا " بەرەو لای ئێمە هات.

قۆڵی ڕاستی لە جێی خۆیدا نەبوو و خوێن لەوێوە وەک پلووسک فیشقەی دەکرد. دوای چەند هەنگاوێک بەلادا هات، لە بنی پێماندا بەربووەوە...

ئیدی براله، ئەوە چیرۆکی قەرەجێکی دڵدار...

لە وەرزی گوڵپشکووتدا، لەگەڵ تەنێکی بۆن ئەوەندەی گوڵی لکخۆشدا قۆڵ بە قۆڵتدا بکات و دوور، لە ڕۆخی ئاودا دانیشتن و یەکدی ماچ کردن، تا ماندووبوون یەکدی ماچ کردن شتێکی خۆشە... لەبەر دەرگای دڵبەرێکی باییدا کە دەتبینێ، زاڵمانە ڕوو وەردەگێڕێ، یان لە ژێر ڕووناکیدا تا بەیانی گەڕان، بەدەم گریانەوە باسی ئەمە بۆ برادەران، قسەی خۆمان بێ دیسان شتێکی خۆشە، بەڵام شتێک کە لە تەنێکی خۆشەویستدا بوونی نەبێ و بەرگەی بە تەنی خۆیدا هەڵگرتنی نەگرێ و بتوانێ لە خۆی بکاتەوە و فڕێی دا، ئیدی براله، تەنیا ئەمە خۆشەویستییە.

سەرچاوە:

**http://www.meralinsevgisi.com/ romantik-kutlama.htm**

**پەراوێز:**

**(١) ئاسیاو: ئاش.**

**(٢) ئەدرەمیت: ناوێکە بۆ دوو شارۆچکە و ناوچە، یەکێکیان لە باکووری خۆرهەڵاتی تورکیایە و سەر بە "بالیکەسیر"ە. دووەمیان لە خۆرهەڵاتدا سەر بە "وان" ی کوردستانی باکوورە.**

**(٣) ئەتمەجە: مەلی "باز". وەک دیارە لەبەر کەوانەیی لووتی کەسایەتییەکەی ناو چیرۆکەکە، ناوی بازیان لێ ناوە. من لێرەدا بەڕاستم نەزانی ناوەکە وەرگێڕمە سەر کوردی. ئەگەرچی نووسەر هەڵسوکەوت و پەسنی دیکەی ئەو مەلەشی بە کەسایەتیی پاڵەوانەکەوە بەستووە.**

**(٤) جۆرە پێوانەیەکی قورسایی کۆنە.**

**(*) سەباحەددین عەلی:**

**(٢٥ ی شوباتی ١٩٠٧ – ٢ ی نیسانی ١٩٤٨)**

**سەباحەددین عەلی (لە چەند دێرێکدا)**

**– لە ٢٥ ی شوباتی ١٩٠٧ دا لە دێی ئەگریدەرە –ی سەر بە قەزای گوموولجینەدا لە دایک بووە کە ئەمڕۆ لە ناو سنوورەکانی بولگاریادایە.**

**– خوێندنی لە "بالیکەسیر" و ١٩٢٧ قوتابخانەی مامۆستایی تەواو کردووە. لە "یۆزگات"دا مامۆستایی کردووە، تاقیکردنەوەی وەزارەتی پەروەردەی بردووەتەوە و بۆ خوێندن چووەتە ئەڵمانیا، لە پۆستدام و بەرلین خوێندوویەتی. لە گەڕانەوەدا بە مامۆستای ناوەندیی زمانی ئەڵمانی دامەزراوە.**

**– لە ١٩٢٥ ەوە لە گەلێک گۆڤار و ڕۆژنامەدا شیعر و چیرۆک و نووسینی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام پتر بە چیرۆک و ڕۆمانەکانییەوە ناسراوە. بووەتە پێشەنگی ئەدەبی ڕیالیزمی سەردەمی سەرەتای کۆماری.**

**– سێ مانگ بەوەی پرۆپاگاندەی ڕووخێن بڵاو دەکاتەوە گیراوە. گوێزراوەتەوە قۆنیە. ساڵی ١٩٣٢ شیعرێکی خوێندووەتەوە تێیدا ڕەخنەی لە مستەفا کەمال "ئەتاتورک" گرتووە دیسان گیراوەتەوە و لە بەندیخانەدا ساڵێک ماوەتەوە. بە بۆنەی دە ساڵەی دامەزراندنی کۆمارەوە سوودی لە لێبوردن بینیوە و دەرچووە.**

**– ١٩٤٦ لەگەڵ (عەزیز نەسین ") گۆڤاری "مارکۆ پاشا"ی دەرکردووە.. لەبەر هەندێک نووسین سێ مانگ بەند کراوە.**

**– کە سەربەست بووە، لۆرییەکی بۆ کاری گوازتنەوەی کەلوپەل کڕیوە. لە چاودێریی زۆر و دادگایی بێزار بووە، بڕیاری هەڵاتنی بەرەو هەندەران داوە، گوایە لە ٢ ی نیسانی ١٩٤٨ لەلایەن قاچاخچیانی سەر سنوورەکانی بولگاریاوە کوژراوە و جێی گۆڕەکەی نەزانراوە.**

**بەرهەمەکانی:**

**– دوو کۆمەڵە شیعر "گەلێک شیعری کراونەتە گۆرانی".**

**– شەش کۆمەڵە کورتە چیرۆک.**

**– سێ ڕۆمان.**

**– گەلێک نووسین و وەرگێڕان.**

**سەرچاوە: بە کورتی لەم سایتەوە وەرگیراوە:**

**http://www.turkceciler.com/ sabahattin_ali.html**



# محەمەد قەدری:

## ئەگەر ئاهەنگسازی باشمان هەبێ، ئەوە گۆرانی کوردی دەگاتە ئاستێکی باش.. ئێمە لە ئێزگەی کوردی بەغدادا بێ کەس بووین

گۆرانیبێژی ناسراوی کورد محەمەد قەدری پتر لە شێست ساڵە لە بواری گۆرانی گوتن و ئاوازدانان و ژەنیندا کار دەکات و تا بە ئەمڕۆکەش دەگات بەردەوامە لە کارکردن و وەک کەسێکی خاوەن پرۆژە و خەونی زۆر باسی کار و چالاکییە هونەرییەکانی خۆی دەکات.

هەر لە سەرەتای دەست پێکردنییەوە وەک ئاهەنگساز و ئاوازدانەرێک کاری کردووە و ئاوازی بۆ چەندین گۆرانیبێژی ناسراوی کورد داناوە، بەم ئاوازانەی خۆی هاوکاری ئەو هونەرمەندە ناسراوانەی کردووە و لەولایشەوە بەهرەی زۆر لە لاوەکانی دنیای گۆرانی ناساندووە و هانداوە.

لە ساڵی ١٩٦٢ـەوە تا دوا ساتەکانی ئێزگەی کوردی بەغدا، لەو ئێزگەیەدا ماوەتەوە و کاری کردووە، لە ماوەی ئەو ساڵانەی کارکردن و بە درێژایی ئەو تەمەنە بووەتە شایەد حاڵی بەشێکی گرنگی مێژووی ئێزگەی کوردی لە بەغدا و لە نزیکەوە ئاگاداری شێوەی بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکانی بووە و پێ بەپێ لەگەڵ ڕەوتی کار و پێشڤەچوونی ئەو کارانە ڕۆیشتووە و لە نزیکەوە لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانی کورد و عەرەب و تورکمان هەڵسوکەوتی کردووە و لەگەڵیاندا کار و پرۆژەکانی بەجێ گەیاندووە.

ئەم هونەرمەندە لە زۆر کایەی هەمەچەشندا خۆی تاقی کردووەتەوە، بە تایبەتی لە بواری گۆرانی دووقۆڵی و ئاوازدانان بۆ سروودی نەتەوەیی و نیشتیمانی و مەنەلۆگ و گۆرانی منداڵاندا.

بۆ بەسەرکردنەوەی ئەزموون و تاقیمانە و قۆناغەکانی کاری ئەو هونەرمەندە و هەڵدانەوەی لاپەڕە گرنگەکانی مێژوو، گۆڤاری (ڕامان) بە باشی زانی بەسەری بکاتەوە و هەڤپەیڤینێکی بەرفراوانی لەگەڵدا ساز بکات... فەرموون با پێکەوە ئەو گەشتە بخوێنینەوە و بەو مێژوو و بیروڕایانەی ئاشنا بین.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(١ – ٢)

**رامان:** پێم خۆشە بە چەند تەوەرێک گفتوگۆکەمان ساز بکەین، یەکێک لەو تەوەرە گرنگانە ئێزگەی کوردییە کە تۆ ماوەیەکی زۆری ژیانت لە ئێزگەی کوردیدا کارت کردووە، بە تایبەتی لە بەشی گۆرانی و مۆسیقا، تکایە بە تێروتەسەلی باسی ئێزگەی کوردیمان بۆ بکە، چ ساڵێک چوویتە ئەوێ، ئینجا کە چوویت سەبارەت بە ڕابردووی ئەو ئێزگەیە چیت بیست بۆمانی باس بکە؟

**محەمەد قەدری:** بەڵام من پێش ئەوەی بچم بۆ ئێزگەی کوردی ئاوازم دادەنا، واتە لە ساڵی ١٩٥٧ و ١٩٥٨ەوە ئاوازم دادەنا.

**رامان:** ئەوکاتە خۆت لە بەغدا بووی؟

**محەمەد قەدری:** لە بەغدا قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووم، لەگەڵ هونەرمەند (یەحیا مەرجان) بە یەکەوە بووین، ئەو ڕۆژێک شیعرێکی بۆ هێنام کە هی (ئەحمەد چنگە)ی قوتابی لای خۆمان بوو، شیعرەکە گۆرانییەکی دووقۆڵی بوو، یەحیا مەرجان گوتی تۆ لە بەشی مۆسیقای لای خۆتان ئاوازێکی بۆ دابنێ، لە بواری ئاوازداناندا ئەوە یەکەم ئەزموونم بوو، کە ئاوازێکی دووقۆڵی بوو، یەحیا مەرجان لەگەڵ (عایدە) کە ئەویش قوتابی بەشی شێوەکاری بوو، لە فستیڤاڵێکی پەیمانگا پێشکەشیان کرد، لەو فستیڤاڵەدا هونەرمەند شەماڵ سائیب ئامادە بوو، کە هاتینەدەرێ دەستخۆشانەی زۆری لێ کردم، گوتی دەستت خۆش بێ، بەڕاست ئەوە یەکەم ئاوازت بوو؟ گوتم بەڵێ.

**رامان:** شەماڵ سائیب بە چ بۆنەیەک بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا هاتبوو؟

**محەمەد قەدری:** شەماڵ سائیب خۆی لە ئێزگە بوو، بەسەردان هاتبووە لامان و بۆ فستیڤاڵەکە بانگهێشت کرابوو، پێی گوتم لەسەر ئەم شێوە ئاوازدانانە بەردەوام بە، کەی توانیتان وەرن بۆ ئێزگە بۆتانی تۆمار دەکەم. ئەو ئاوازەکەی زۆر پێش خۆش بوو، ئەوە یەکەم بەرهەمم بوو، پاش ئەوە سێ بەرهەمی دیکەم بۆ هونەرمەند یەحیا مەرجان ئامادە کرد، دواتر بەرە بەرە ئەو بەرهەمانەمان لە ئێزگەی کوردیدا تۆمار کرد، یەکێکیان (بەهارە جەژنی گوڵان) بوو، کە وەختی خۆی بە زۆری فوئاد ئەحمەد لە شەقڵاوە لە ئاهەنگەکاندا دەیگوتەوە، ئەوەی دیکەیان (ڕووناک بۆ وا داماوی...) کە شیعری یەحیا مەرجان خۆی بوو، یەکێکی دیکەیان گۆرانی (وڵاتەکەم) بوو، بەم جۆرە گۆرانیم بۆ یەحیا مەرجان ئامادە دەکرد، ئینجا کە لە ١٩٥٨، ١٩٥٩ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان



محەمەد قەدری - ئازاد عەبدولواحید

دەرچووین، ئەوە بوو من بە یەکەم دەرچووم و لە بەغدا دامەزرام، یەحیا مەرجان گەڕایەوە شاری هەولێر و نەیتوانی ئەو گۆرانییە دووقۆڵییە بڵێ، چونکە ئافرەتی دەست نەدەکەوت و خۆشی لە هەولێر بوو، دوایی جەمال جەلال گوتی لەو گۆرانییە دووقۆڵییە دەبێت (جوانی هونەرخوازی کچە کوردی نیشتمان، بۆیە وەها بەنازی) ئەوەبوو بۆ ئێزگە تۆماری کرد.

**رامان:** تۆ بە چ ناوونیشانێک لە شاری بەغدا مایتەوە؟

**محەمەد قەدری:** کە لە پەیمانگا دەرچووم، من بەسەرپەرشتیاری هونەری دامەزرام، هاوکات لە ساڵی ١٩٦٢، ١٩٦٣دا لە ئێزگەش بە گرێبەست دامەزرام، ئینجا لەوێوە دەستم پێ کرد و ئاوازم بۆ گۆرانیبێژەکان دادەنا لەوانە: فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها، عەبدوڵڵا دڵسۆز، گوڵبەهار، نەسرین شێروانی، ژیان ئەحمەد، خەلیل وەندی، مەحموود وەندی و تاد...

**رامان:** خەلیل وەندی چی مەحموود وەندییە؟

**محەمەد قەدری:** خزمی یەک نین، تەنیا خەڵکی خانەقینن.

**رامان:** وتت ساڵی ١٩٦٢، ١٩٦٣ بە گرێبەست لە ئێزگەی کوردی دامەزرایت، ئەوەمان بۆ تەواو بکە..

**محەمەد قەدری:** بەڵێ، جگە لەوەی بە سەرپەرشتیاریش لە پەروەردەی بەغدا دامەزرابووم.

**رامان:** تۆ بە گرێبەست لە ئێزگە دامەزرایت، کێ دایمەزراندی؟

**محەمەد قەدری:** داوایەکم پێشکەش کرد و وەرگیرام.

**رامان:** ئەوکاتە بەڕێوەبەری ئێزگە کێ بوو؟

**محەمەد قەدری:** نازم نەعیم سەرپەرشتیاری گشتی

ئێزگەکە بوو، لەوێ بەناوی ژەنیار دامەزرام.

**رامان:** ژەنیار لە تیپی ئێزگە؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ.. لە تیپی مۆسیقای ئێزگەی کوردی، بەڵام پاش ماوەیەک نازم نەعیم بوو بە سەرپەرشتیاری ئێزگەکە و منی کرد بە یاریدەدەری خۆی.

**رامان:** نازم نەعیم کورد بوو؟

**محەمەد قەدری:** نەخێر، مەسیحی بوو.

**رامان:** هیچ تێکەڵاوی لەگەڵ کورد و گۆرانی کوردیدا هەبوو؟ ئەگەر نەیبووە چۆن بووە سەرپەرشتیاری تیپێکی مۆسیقا و گۆرانی کوردی؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ لە سەرەتاوە لەگەڵ جەمیل بەشیر تێکەڵاوییان لەگەڵ کورد و هونەرمەندانی کورد هەبوو.

**رامان:** وابزانم ئەوانە خەڵکی لای مووسڵ بوون؟

**محەمەد قەدری:** لە بەغدا دادەنیشتن.

**رامان:** بەڵام ئەسڵیان دەچێتەوە سەر پارێزگای مووسڵ.

**محەمەد قەدری:** لەوانەیە.

**رامان:** بەهۆی ئەوەشەوە بووە کە تێکەڵاوی کورد بوون.

**محەمەد قەدری:** پێش نازم نەعیم، جەمیل بەشیر لەوێ بوو، گۆرانی بۆ گۆرانیبێژە تورکمان و کوردەکان لە کۆمپانیاکانی ئایرەفۆن و بەیزەفۆن و چەخماخچی گۆرانی تۆمار دەکرد. لە ئێزگەش خۆی بەرپرسی هەموو شتێک بوو.

**رامان:** بەڵێ برای هونەرمەند مونیر بەشیر بوو.

**محەمەد قەدری:** ئیتر ئەو ماوەیەی من چوومە ئێزگە، ئەوانە لەوێ مابوون، تیپێکی تازە دامەزرابوو، من وەک ژەنیار لەو تیپەدا دامەزرام، لەو دەمەوە ئاوازم دادەنا و گۆرانیبێژەکان دەهاتن بۆ لام.

**رامان:** مووچەی مانگانەت چەند بوو؟

**محەمەد قەدری:** وابزانم پازدە- بیست دینار، شتێکی ئاوابوو. نازم نەعیم گوتی: تۆ ئاواز بۆ خەڵکی دادەنێی، خۆشت دەنگت لەو گۆرانیبێژانە خۆشترە بۆچی گۆرانی ناڵێی، گوتم من نامەوێ گۆرانی بڵێم، تەنیا ئاواز دادەنێم. گوتی: دەنگت خۆشە، حەیفە گۆرانی ناڵێی، ئیتر زۆری لێ کردم و گوتی ئاوازت بۆ تۆمار ناکەم ئەگەر بە خۆت گۆرانی نەڵێیت، ئەو پیاوە زۆر منی خۆش دەویست.

**رامان:** دەکرێ باسی ئەندامانی تیپەکەی ئێزگەمان بۆ بکەی، ئەوە خۆت و نازم نەعیم-مان زانی، ئەدی ئەوانەی دیکە کێ بوون؟

**محەمەد قەدری:** عەبدولئەحەد جەرجیس بوو قانوونی لێدەدا، جۆرج جابر بوو چەلۆی لێدەدا، عەبدولڕەزاق دەراس بوو وەختی خۆی عەبدولڕەحمان کەلەکیان پێ دەگوت کەمانچەی لێدەدا، ئیبراهیم خەلیل ژەنیاری کەمان بوو، ئەحمەد مەحموود ژەنیاری کەمان بوو، فوئاد عوسمان چەلۆ بوو، سەتار عوود بوو، غازی نەستووری دەف بوو، مەحموود ئەحمەد ئیقاع بوو.

**رامان:** ئەوانە چەندیان کورد بوون، چەندیان عەرەب بوون، چەندیان مەسیحی بوون؟

**محەمەد قەدری:** غازی نەستووری مەسیحی بوو، عەبدولئەحمەد جەرجیس مەسیحی بوو، فوئاد عوسمان تورکمان بوو، ئەوانی دیکە عەرەب بوون.

**رامان:** لە تۆ زیاتر کوردی تێدا نەبوو؟

**له هەندێ کاری خۆم زۆر نارازیم**

**محەمەد قەدری:** نەخێر کوردی دیکەی تێدا نەبوو، دوایی بەرە بەرە کوردەکان هاتنە ئێزگەوە.

**رامان:** یەکەم جار لە ناو کوردەکان کێ هات؟ ئایا پێشتریش ئەو تیپە کوردی تێدا نەبوو؟

**محەمەد قەدری:** نەخێر، هەموویان هەر عەرەب بوون. لەناو کوردەکان تەنیا لە کۆرسدا ئەحمەد شێخاڵی هەبوو.

**رامان:** ئەوانە لە ساڵی (١٩٦٢)وەوە لەوێ بوون؟

**محەمەد قەدری:** هەر لە کۆنەوە لەوێ بوون.

**رامان:** ناوەکانی ئەوانەمان پێ بڵێ کە لە کۆرسی ئێزگەدا ئەندام بوون؟

**محەمەد قەدری:** ئەحمەد شێخاڵی، قادر ئەحمەد، خەلیل عەبدوڵلا، نەسرین شێروانی و گوڵبەهاریش لەوێ کۆرس بوون.

**رامان:** کێی تریش بوو؟

**محەمەد قەدری:** هەر ئەوانە بوون، ئەوانە جار بە جار گۆرانیشیان تۆمار دەکرد.

**رامان:** ئێوە لەسەر چ بنچینەیەک گۆرانیتان بۆ گۆرانیبێژێک تۆمار دەکرد، دەبوایە ئەوانە چ تایبەتمەندییەکیان تێدا بوایە؟

**محەمەد قەدری:** وەختی خۆی ئەو گۆرانیبێژە کۆنانەی وەک تاهیر تۆفیق، ڕەسووڵ گەردی، محەمەد عارف جەزراوی، حەسەن جەزراوی، عەلی مەردان، کاتێکی

دیاری کراوی حەفتانەیان هەبوو، ئەوانە خشتەیان بۆ دادەنراو دەبوایە هەر مانگێ چوار ئاهەنگ تۆمار بکەن.

**ڕامان:** هەر ئەو چوار، پێنجە بوون، کەریم کابانی تێدا نەبوو؟

**محەمەد قەدری:** نەخێر هەر ئەوانە بوون.

**ڕامان:** عیسا بەرواریش لەوێ نەبوو؟

**محەمەد قەدری:** عیسا بەرواریش لەوێ نەبوو، دوایی هات.

**ڕامان:** ئەوانە خۆیان گۆرانی و ئاوازیان دەهێنا، ئەی ئێوە چیتان بۆیان دەکرد؟

**محەمەد قەدری:** خشتە دادەنرا، بۆ نموونە ڕۆژی شەممە تاهیر تۆفیق دەبوایە دوو گۆرانی تۆمار بکات.

**ڕامان:** ئەمە ڕاستەوخۆ بوو، یان تۆمار دەکرا؟

**محەمەد قەدری:** نا تۆمار دەکرا، پێشتر ڕاستەوخۆ بوو، پاشان بووە تێپ و تۆمارکردن، ئینجا کە مسەجیلەکە بووە تێپ، ئینجا تۆمار دەکرا. ڕۆژی یەکشەممە عەلی مەردان بوو، ڕۆژی دووشەممە نەسرین شێروانی، هەر جارێک کە دەهاتن دوو گۆرانییان بۆ تۆمار دەکرا، یان گۆرانی، یان مەقام و هەرچی بوایە، بە کەیفی خۆیان بۆیان تۆمار دەکرا، مانگێ چوار جار، پاداشتی خۆیان وەردەگرت. بە نیسبەت ئێمەوە جاروبار گۆرانیمان تۆمار دەکرد، بە تایبەتی ئەگەر ماوەمان هەبایە، بە نیسبەت من و گوڵبەهار هەر مانگێ دەبوایە دوو گۆرانیمان تۆمار بکردبایە.

**ڕامان:** پێش خۆت، ئێزگە تیپی هەبوو، ناوی هەندێک لە ئەندامانی ئەو تیپی مۆسیقایەمان پێ بڵێ؟

**محەمەد قەدری:** ئەوەی لەبیرمە سەرەتا هونەرمەند جەمیل بەشیر بوو.

**ڕامان:** ئەی نازم نەعیم؟

**محەمەد قەدری:** نازم نەعیم دوایی هات.

**ڕامان:** ئەوانیش بە هەمان شێوە ڕەفتاریان دەکرد؟

**محەمەد قەدری:** نا تیپەکە زۆر لاواز بوو.

**ڕامان:** مەبەستم لە تیپەکەی پێش خۆت و بۆ تۆمارکردن، هەر ئەو چوار- پێنج کەسە بوون، یان هونەرمەندی دیکەش دەهاتن؟

**محەمەد قەدری:** هەبوون لەوانە: سەید عەلی ئەسغەر، مەلا کەریم، دایکی جەمال و هی تریش کە ئێستا بەبیرم نایەنەوە.

**ڕامان:** ئەوانەی دەهاتنە لاتان ئاوازیان دەهێنا، ئێوە تەنیا ئاوازەکانتان بۆیان دەژەنی؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ خۆیان ئاوازیان هەبوو، یان مەقاماتیان دەهێنا، بۆ نموونە تاهیر تۆفیق مەقامێکی دەهێنا لەگەڵ گۆرانییەک، دە خولەک، هەشت خولەک، نۆ خولەک، هەروەها عەلی مەردان، ئەوانە هەمیشەیی بوون، ئەوانەش کە لە دەرەوە دەهاتن وەک فوئاد ئەحمەد و کەسانی تر بوون...

**ڕامان:** ئەی شەماڵ سائیب کەی دەهاتە ئێزگەوە؟

**محەمەد قەدری:** شەماڵ سائیب کاتی ئێمە نەبوو، پێشتر بوو. لەپاش ئەوەی شەماڵ سائیب لە ئێزگە دەرچوو، ئینجا من چوومە ئێزگە..

**ڕامان:** بەڵام پێشتر لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بە یەکتر گەیشتبوون و یەکترتان بینیوە و ناسیوە.

**محەمەد قەدری:** تەنیا ئەوەبوو. ئەوانەی لە دەرەوە دەهاتن، خەلیل وەندی، عەبدوڵڵا دڵسۆز، محەمەد ئەحمەد، جەبار ئەحمەد، عادل باوەمیر، خوداداد عەلی، بەشار زاخۆیی، شاکر کەریم مەحموود، عەبدوڵڵا زێڕین بوون.

**ڕامان:** باشە ئەوانەی ئاوازیان نەبوایە و دەنگیشیان خۆش بوایە، کە دەهاتنە لاتان، ئێوە چۆن تاقیتان دەکردنەوە، لیژنەتان هەبوو؟

**محەمەد قەدری:** وەختی ئێمە دوو لیژنە دامەزرا، یەکیان لیژنەی شیعر بوو، یەکێکیشیان لیژنەی دەنگ و ئاواز بوو، ئیتر ئەو گۆرانیبێژە نوێیەی کە دەهاتە ئێزگەوە، دەبوایە قۆناغی لیژنەی دەنگ تەواو بکات، لیژنەی دەنگ گوێیان لە دەنگی دەگرت، بیانزانیبایە زانیاری لە بارەی مۆسیقاوە هەیە، یان ئامێرێک دەژەنێ، ئینجا پێیان دەوت ماوەیەکی تر ئەو شتە فێر بە، یان مەقامات فێر بە، تا کە گۆرانی دەڵێیت بزانی چی دەڵێیت. پاش ئەوە پێمان دەگوت گۆرانییەک لەگەڵ خۆت بێنە، پاشان بۆمان تۆمار دەکرد، ئەگەر باش بوایە دەردەچوو، باش نەبوایە پێمان دەگوت چاکی بکەرەوە و وەرەوە بۆتی تۆمار دەکەین.

**ڕامان:** لەبەر ئەوەی لە شەستەکانەوە لە ئێزگە بوویت، گۆرانیبێژ کەم بووە، یان بە عەیبەیان زانیوە و نەهاتوونەتە پێشەوە، ڕەنگە ئێوەش زۆر نەرمونیانیتان بەرانبەر بەو گۆرانیبێژانە نواندبێ کە ڕوویان کردووەتە لای ئێوەوە؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ ئەوە زۆر ڕاستە.

**ڕامان:** هەوڵتان داوە دەست بە ڕوویانەوە نەنێن و یارمەتییان بدەن.

**محه‌مه‌د قه‌دری:** ئێمه زۆر یارمه‌تیمان ده‌دان و به قسه‌ی خۆش هانمان ده‌دان تا بێن گۆرانی تۆمار بکه‌ن، به‌رهه‌مێک زۆر زۆر خراپ نه‌بوایه، پێمان نه‌ده‌گوت بیگۆڕه. زۆرجار ئاوازێکیان ده‌هێنا، خۆمان پێشه‌کی مۆسیقامان بۆ داده‌نا، ئینجا گۆرانییه‌که‌مان بۆ تۆمار ده‌کرد، ئه‌گه‌ر گۆرانییه‌که نه‌شازی تێدا بوایه، پێمان ده‌وت وای بڵێ و وای مه‌ڵێ، تا به باشی تۆمار بکرێت.

**ڕامان:** ئه‌ی ڕێک که‌وتووه گۆرانیتان بۆ یه‌کێک تۆمار کردبێ و هێنابێتانه پێشه‌وه و دواتر لێی په‌شیمان بووبنه‌وه، واته زانیبێتتان شایانی ئه‌وه نه‌بووه، یان ده‌نگی خۆش نییه، یان نه‌شازی زۆر بووه؟

**محه‌مه‌د قه‌دری:** نه‌شاز قبووڵ نه‌ده‌کرا، چونکه ده‌رهێنه‌ر هه‌بوو، له کۆنترۆڵ ده‌رهێنه‌ر و که‌سی هونه‌رکار هه‌بوو، ده‌رهێنه‌ر ئه‌وه‌ی قبووڵ نه‌ده‌کرد.

**ڕامان:** به‌ڵام له‌وانه‌یه ده‌رهێنه‌ر ئه‌و هه‌سته مۆزیکییه‌ی نه‌بووبێ، ڕه‌نگه ئێوه زیاتر له‌مه به‌رپرسیار بووبێتن.

**محه‌مه‌د قه‌دری:** ڕاسته ئێمه له ڕووی هونه‌رییه‌وه ئاماده‌مان ده‌کرد، ئینجا ده‌چووه لای ده‌رهێنه‌ری مۆسیقا، ئه‌ویش که گۆرانییه‌که تۆمار ده‌کات، به پله‌ی دووه‌م به‌رپرسیاره.

**ڕامان:** ئه‌و ده‌رهێنه‌رانه شاره‌زای هونه‌ری گۆرانی و مۆسیقا بوون؟

**محه‌مه‌د قه‌دری:** زۆر شاره‌زابوون، ئێمه وه‌ختی خۆی چه‌ند که‌سێکمان هه‌بوو، یه‌کێک له‌وانه یه‌حیا حه‌مدی ده‌رهێنه‌ر بوو، زۆر که‌سی دیکه‌ش له‌وێ بوون، به‌ڵام دواجار که من له‌وێ بووم، یه‌حیا حه‌مدی بوو.

**ڕامان:** ئه‌و پیاوه کورد بوو؟

**محه‌مه‌د قه‌دری:** یه‌حیا حه‌مدی گۆرانیبێژ به ئه‌سڵ کورده، ئه‌ویش خۆی ئاوازدانه‌ر بوو، گۆرانی و ئاوازی زۆره، بۆیه نه‌شاز لای ئه‌و تێپه‌ڕ نه‌ده‌بوو، که گۆرانیمان تۆمار ده‌کرد له‌گه‌ڵ تیپه‌که ڕاسته‌وخۆ بوو، میکرۆفۆن داده‌نرا و ڕاده‌وه‌ستان و یه‌کسه‌ر تۆمار ده‌کرا. وه‌ک ئێستا نه‌بوو، که ئێستاکه به ئامێری جۆراوجۆر ده‌نگیان چاک ده‌که‌ن، بێ گومان ئه‌وانه‌ی لای ئێمه ده‌نگی خۆیان بوو، نه‌شاز بوایه ده‌مان وه‌ستان و ده‌بوو ئاو بخواته‌وه، یان ده‌بوو بکۆکێ، یان ده‌بوو شتێک بکات. خراپ بوایه پێمان دووباره ده‌کرده‌وه، جار بووه ده جار، پازده جار به گۆرانیبێژه‌که‌مان دووباره کردووه‌ته‌وه، ئینجا ئه‌م تیپه ئه‌م گۆرانییه‌یان بۆ گۆرانیبێژه‌که لێده‌دایه‌وه، خه‌ریک بوو ته‌واو ده‌بوو، له پڕ له دوا کۆپله‌یدا دیسان سه‌رله‌نوێ



**محه‌مه‌د قه‌دری له کاتی وێنه‌گرتنی گۆرانییه‌کی زیندووی ناو ستۆدیۆی ته‌له‌ڤزیۆن - له کاتی گوتنی گۆرانی (گوڵه جوانه‌که‌ی ماڵم)**

پێمان دووباره ده‌کرده‌وه.

**ڕامان:** ئێوه وه‌ک تیپی ئێزگه، هه‌ر هه‌مان ئه‌و تیپه بوون که گۆرانیبێژه عه‌ره‌به‌کانیشتان ده‌هێنا و مۆسیقاتان بۆیان ده‌ژه‌نی؟

**محه‌مه‌د قه‌دری:** به‌ڵێ، زۆرجار که تیپی مۆسیقای عه‌ره‌به‌کان گوشاری زۆریان له‌سه‌ر بوو، هه‌ندێ له گۆرانییه‌کانیان حه‌واڵه‌ی لای ئێمه ده‌کرد.

**ڕامان:** ئه‌وکاته نۆته هه‌بوو له‌سه‌ری بڕۆن؟

**محه‌مه‌د قه‌دری:** به‌ڵێ نۆته‌ش هه‌بوو، ئێمه سێ به‌شی تیپه‌که‌مان حافز (نابینا) بوون.

**ڕامان:** ئه‌وانه‌ی حافزبوون ناویان چ بوو؟ کێ و کێ حافز بوو؟ وابزانم نه‌یژه‌نێکی باشیان ناوی خزر ئه‌لیاس بوو؟

**محه‌مه‌د قه‌دری:** عه‌دنان عه‌بدوڵڵا، ئیبراهیم خه‌لیل، ئه‌حمه‌د مه‌حموود، خزر ئه‌لیاس و ئه‌وانه بوون.

**ڕامان:** ئێوه له‌و تیپه‌دا ژماره‌تان چه‌ند که‌س بوو؟ ده که‌س ده‌بوون؟

**محه‌مه‌د قه‌دری:** به‌ڵێ ده- دوازده که‌س بووین.

**ڕامان:** چه‌ندیان نابینا بوون؟

**محه‌مه‌د قه‌دری:** زۆربه‌یان حافز بوون.

**ڕامان:** ئه‌وانه له کوێ فێری مۆسیقا ژه‌نین ببوون؟

**محه‌مه‌د قه‌دری:** هه‌ر به سروشت حه‌زیان له مۆسیقا بوو، هه‌رکه‌س به گوێره‌ی ئاره‌زووی خۆی فێر ببوو.

**ڕامان:** واته که‌س فێری نه‌کردبوون، ئه‌وان خۆیان هه‌وڵیان دابوو فێر بێن؟

**محه‌مه‌د قه‌دری:** وه‌ختی خۆی ئامۆژگای که‌م ئه‌ندامان (معهد المعوقین) هه‌بوو، عه‌لی مه‌ردان له‌وێ مامۆستایان بووه.

**رامان:** له بەغدا بووە، ئەمە ساڵی چەند بوو؟

**محەمەد قەدری:** شەستەکان بوو، ئەوانەی لەو ئامۆژگایەدا فێری مۆسیقا دەبوون، لەناو ئەوانە کە باش فێردەبوون، دەهاتن لە ئێزگە دادەمەزران.

**رامان:** گوتت لە ئێزگە دوو لیژنەمان هەبوو، لیژنەیەکی ئاواز و گۆرانی گوتن، ئەوی تریان هەڵسەنگاندنی تێکستی گۆرانییەکە بوو. ئەندامانی ئەو دوو لیژنەیە کێ بوون؟ پێش چوونی تۆ بۆ ئێزگە کێ بوون، دوای ئەوەی خۆت چوویتە ئەوێ کێ بوون؟

**محەمەد قەدری:** بە نیسبەت دەنگ و ئاواز نازم نەعیم، فوئاد عوسمان، ئەحمەد خەلیل، یەحیا حەمدی و من بووین، بە نیسبەت لیژنەی شیعر، عەلی مەردان-یش لەگەڵیان بوو، وەک بزانم جاروبار عەبدوڵڵا عەباس لەگەڵیان دادەنیشت، ئەوانەی کە شاعیر بوون لە ئێزگە لەگەڵیان دادەنیشتن.

**رامان:** ئێوە هەر گۆرانییەک بهاتبایە لاتان تورکمانی، کوردی، هەر ئەو چەند کەسە هەڵتان دەسەنگاندن؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ هەر ئەو تیپە بوو.

**رامان:** بۆ هەڵسەنگاندنی تێکستیش هەر ئەو چەند کەسە بوون؟

**محەمەد قەدری:** بۆ هەڵسەنگاندنی تێکستی شیعر، لیژنەی تورکمانی هەبوو، کە بەشی تورکمانی هاتە لای ئێمەوە، ئەوانیش لیژنەی خۆیان هەبوو، بەشی عەرەبی لەگەڵ ئێمە نەبوون. شیعرە تورکمانییەکان لەلایەن لیژنەی شیعری تورکمانییەوە دەردەچوو، دواتر دەهاتنە لای ئێمە کە دەردەچوو و دەزانرا ئەو شیعرە بۆ تۆمارکردن باشە، ئینجا خاوەنەکەی دەهات ئاوازەکەی دەهێنا، ژەنینی ئاوازەکە عایدی ئێمە بوو، کە شیعرەکەی و ئاوازەکەشی باش بوایە، ئیدی کاتمان بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکە دادەنا.

**رامان:** باشە تۆ هەست ناکەیت بێجگە لەو گۆرانیبێژە رەسەنانەی وەک تاهیر تۆفیق و عەلی مەردان و ئەوانە کە خۆت دەزانی ئاوازی ئەو کەسانە هەڵقوڵاوی ناو فۆلکلۆری کوردی و کۆمەڵگای کوردین، بەڵام ئەو تیپی ئێزگەی کوردییە، مۆرکی گۆرانی عەرەبی زۆری بەسەردا زاڵ بووە؟

**محەمەد قەدری:** زۆر راستە مۆرکی عەرەبی بەسەریدا زاڵە، چونکە تیپێکی عەرەبی بوو، تۆ ئاوازەکەت کوردیش بوایە، نەختێ مۆرکەکەی دەگۆڕێ، ئەوەی تۆ دەتەوێ ئەوە دەرناهێنێت.

**رامان:** تۆ خۆت پاش ئەو هەموو ساڵە کە ئەو بەرهەمانەی خۆت تۆمار کردووە، منیش وەک گوێگرێک کە گوێم لە دەنگی تۆ گرتووە، پێت وایە ئەوە پاساوەکەیە کە تۆش مۆرکێکی عەرەبیانە لە دەنگتدا بەدی دەکرێ؟

**محەمەد قەدری:** ئەوە راستە.. بەڵام لە دەنگمدا نییە، بگرە لە مۆسیقاکەدایە.

**رامان:** تۆ ئەگەر لەگەڵ تیپێکی کوردیدا کارت بکردایە کە هەموویان کوردبووان و بە رۆحیەتێکی کوردی ئاوازەکانتیان بۆ بژەندایە، پێت وایە بەرەو رەسەنایەتی زیاتر دەرۆیشتی؟

**محەمەد قەدری:** راست دەفەرمووی، لەو دواییە هەوڵم دا زۆر لە فۆلکلۆر نزیک ببمەوە، زۆر بەرهەمی فۆلکلۆرم هێنا و خزمەتم کرد، بۆ نموونە (ئامینێ و نازەنینێ) و (هەی بەلار)م تۆمار کرد، بەڵام تێکم نەدان، بناغەکەیان وەک خۆیان ماونەتەوە و بە مۆسیقایەکی جوان دابەشم کردوون و تۆمارم کردوون. بێینەوە سەر تیپەکە، ئێمە لەوێ بێ کەس بووین، ئەو پێداویستییانەی دەمانویستن بۆمانیان دابین نەدەکردن، لە زۆر گۆرانیدا پێویستمان بە کۆرس بوو، قبوولیان نەدەکرد بێن لەگەڵمان گۆرانی تۆمار بکەن.

**رامان:** بۆیە دەچوون ئافرەتی عەرەبتان لە دەرەوەی ئێزگە دەهێنا..

**محەمەد قەدری:** بێجگە لەوەی بە پارە هێناومانن، بۆ نموونە من ئامێری زورنام بەکرێ هێناوە، دە دیناری ئەو زەمانەم داوە بە سوبحی زورناژەن، ئەوجا چەند گۆرانییەکم تۆمار کردووە. ئەو ئامێرانەی کە مۆرکی کوردییان هەیە نەمانبوون. ئێمە تیپەکەمان زۆر لاواز بوو، بە نیسبەت خۆم ئەمە دەڵێم، دەست و قاچم بەسترابوو، پلەیەکی باشم لە ئاوازداناندا بریبوو، سەیرم دەکرد تیپەکە توانایی و دەسەڵاتی سنووردارە، دەمویست هەر گۆرانییەکم لە گۆرانییەکی ترم باشتر بێ، چونکە نابێ گۆرانییەکان هەموویان وەک یەک بن، هەر گۆرانییەک پێویستی بە جۆرە ئامێرێکە، حەزم دەکرد زۆر لە گۆرانی کوردەواری خۆمان نزیک ببمەوە.

**رامان:** ئەی نازم نەعیم، کە سەرۆکی تیپەکەتان بوو و تۆش جێگری ئەو بوویت، لە بەدی هێنانی ئاواتەکانتدا چەند هاوکارت بووە، بە تایبەتی لە بە کوردی کردن و نوێبوونەوەی گۆرانییەکان و هێنانی ئامێری کوردی هیچ هاوکارت نەبووە؟ تۆ دەڵێی زۆری خۆش ویستووم؟

**محەمەد قەدری:** راست دەکەی... زۆر هاوکارم بوو،

ئینسانێکی باش بوو، ئەوکاتە بەڕێوەبەری مۆسیقای بەشی عەرەبی هەبوو، ئێمە بەشێک بووین لەوان.

**ڕامان:** بەڕێوەبەری بەشی مۆسیقای عەرەبی ناوی چ بوو؟

**محەمەد قەدری:** ناوی وەدیع خوندە بوو، کە بە سەلیم بەغدادی بەناوبانگ بوو.

**ڕامان:** هاوسەری هونەرمەند مائیدە نەزهەت بوو.

**محەمەد قەدری:** بەڵێ ئێستاش ماوە

**ڕامان:** ئەوانە پێنج قۆڵییەکیان هەبوو و ناویان لەخۆیان نابوو (الخماسي الوتري)، واتە پێنج قۆڵیی ژێدار.

**محەمەد قەدری:** وەختی خۆی ئەم دەستەیە هەبوو، ئینجا وەک باسم کرد، دەمویست هەنگاوی بەرزتر بۆ پێشخستنی گۆرانی کوردی هەڵێنمەوە، چونکە توانایی و دەرفەتیش هەبوو، بەڵام توانایی تیپەکە ئەوە نەبوو کە من دەمویست، من دەمویست تیپەکە گەورەتر بێ و ئامێری زیاتری هەبێ، بەڵام ئەو ئامێرانەی کە مۆرکی کوردییان تێدا بوو نەمابوون، لەگەڵ ئەوەشەوە هەر گۆرانییەکم تۆمار بکردبایە، سۆلۆیەکم بۆ ئامێرە کوردییەکان دادەنا کە لەگەڵ گۆرانییەکە بگونجێ، بۆ نموونە ئامێری زوڕنام دەهێنا و تێهەڵکێشم دەکرد.

**ڕامان:** پێش ئەوەی تۆ بێیتە ناو ئەو تیپەوە، لە ئەندامانی تیپەکەی پێش خۆت بیستبوو، ئامێری کوردی دەوری هەبووبێ؟

**محەمەد قەدری:** نا نەخێر نەبووە..

**ڕامان:** ساڵی چەند بوو توانیت بۆ یەکەم جار ئامێری کوردی بهێنیتە ناو ئەو تیپەوە؟

**محەمەد قەدری:** لە ١٩٦٤ و ١٩٦٥وە هەرچی گۆرانییەکم تۆمار کردبێ، ئەو ئامێرانەم هێناوە.

**ڕامان:** یەکەم جار چ ئامێرێکت هێنا؟

**محەمەد قەدری:** یەکەم جار مەندۆلی-م هێنا و گۆرانی تەلەفۆنم تۆمار کرد، پاشان لەگەڵ (غادە سالم) گۆرانی دووقۆڵیمان تۆمار کرد، ئامێری مەندۆلی، ئامێرێکی یۆنانییە، عەبدولوەهاب شێخلی دەیژەنی، جگە لە (سایزەر)، چونکە وەختی خۆی ئۆرگ نەبوو.

**ڕامان:** باشە ئەو ئامێرە یۆنانییە چ پێوەندی بە گۆرانی کوردییەوە هەبوو؟

**محەمەد قەدری:** لەگەڵ گۆرانی کوردی دەگونجا.

**گۆرانی کوردی لە ڕووی میوزیک، دابەشکردن، تەکنیک پێشکەوتووە**

**ڕامان:** تۆ هەستت دەکرد لەو سەردەمی ساڵانی شەستەکان، جۆرێک دژایەتی کردن و بەربەرەکانی کردنی هونەری کوردی و هونەرمەندانی کورد لەم ئێزگەیەدا بوونی هەبووبێ؟

**محەمەد قەدری:** هەبوو، زۆریش هەبوو، چونکە بێ کەس بووین.. جارێک چوومە لای (وەدیع خوندە) گوتم بۆ کۆرس چەند کچێکم دەوێ، وتی کچمان نییە، تەنیا کوڕمان هەیە، ئیتر کە زانیم وەڵامیان وایە کاتێ پێویستم بە کەرستەیەک، شتێک بوایە لەسەر حیسابی خۆم دەمهێنا.

**ڕامان:** ئەوکاتە گۆرانیبێژێک کە گۆرانییەکی تۆمار بکردبایە، چەند پارەی وەردەگرت؟

**محەمەد قەدری:** خۆی لە سەرەتاوە پارەدانەکە بە دەقیقە بوو.

**ڕامان:** من لەبیرمە حەفتایەکانیش گۆرانییەک بە چوار- پێنج دینار و ئەو دەورە دەقرسا.

**محەمەد قەدری:** خۆی پێنج دینار بوو، بەڵام بە گوێرەی دەقیقەش بوو، هەر دەقیقەی دینارێک بوو.

**ڕامان:** ئاوازدانەر پارەی وەردەگرت؟

**محەمەد قەدری:** نەخێر ئەو نەیبوو.

**ڕامان:** ئەی ئەوەی شیعرەکەی دادەنا؟

**محەمەد قەدری:** ئەو هیچ پارەی پێ نەدەدرا، تەنیا گۆرانیبێژ بە گوێرەی دەقیقە پێنج دیناری وەردەگرت.

**ڕامان:** بۆ گۆرانیبێژە عەرەبەکانیش هەر ئاوا بوو، یان هەر بۆ کورد وابوون؟

**محەمەد قەدری:** تەنیا بۆ کورد وابوون، عەرەبەکان پارەکەیان زیاتر بوو، کەمترین پلەیان بۆ ئێمە دانابوو، ئێمەیان لەگەڵ گۆرانیبێژانی (ڕیف) دانابوو.

**ڕامان:** گۆرانی ڕیفی، واتە گۆرانی گوندان..

**محەمەد قەدری:** لە کاتێکدا گۆرانییەکانی ئێمە هیچی لە گۆرانی ئەوان کەمتر نەبوو، بگرە لە هی ئەوانیش بەرزتر بوو.

**ڕامان:** کەواتە عەلی مەردان بیوتبایە، تاهیر تۆفیق و ڕەسووڵ گەردی بیانوتبایە هەر پێنج دیناریان دەدرایێ؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ، بەڵام چونکە ئەوان مەقامیان لەگەڵ بەستە دەگوت، هەوڵیان دەدا لە دە دینار زیاتر وەربگرن.

**ڕامان:** شتی وایش هەیە، هەوڵیان دابێ مەقامەکەیان

زیاد بێ بۆ ئەوەی پارەی زیاتر وەربگرن؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ، من ئاگام لێیە ئەمە بووە.

**رامان:** رەنگە ئەوەیان بۆیێ کردبێ تا پارەی هاتوچۆکەیان بۆ دەربێتەوە.

**محەمەد قەدری:** ئەوانە مانگێ چوار ئاهەنگیان هەبوو، هەر هاتنێکیان دوو گۆرانییان تۆمار دەکرد، ئینجا مەقام، یان گۆرانی بووبێت.

**رامان:** کێ بەو هونەرمەندانەی رادەگەیاند کە فلان رۆژ، لە فلان حەفتە سەرەی ئاهەنگێرانی هاتووە؟

**محەمەد قەدری:** کە چوومە ئەوێ من خشتەکەم دەکرد و رۆژی هاتوچۆیانم بۆ دیاری دەکرد.

**رامان:** ئەوکاتە هۆیەکانی پێوەندی کردن کەم بوو، یەکێک لە سلێمانی و هەولێر بوایە چۆنت پێ رادەگەیاند؟

**محەمەد قەدری:** خۆیان دەهاتن بۆ لامان و لە پرسگە خەبەریان بۆمان دەهێنا و دەیانوت گۆرانیبێژەکە لە فلان جێگاوە هاتووە و ناوی فلانە، ئێمەش یەکسەر دەچووین بۆ پرسگە ناومان دەخستە لیستەکە و دەمانهێنایە ژوورەوە.

**رامان:** پێش ئەوەی تۆ بچیتە ئەوێ، ئێزگەی کوردی لە کوێی ئێزگەی بەغدا بوو؟ کاتێ تۆ چووی لە کوێ بوو؟ دواتر کەوتە کوێ؟ باسی شوێنەکانی ئێزگەی کوردیمان بۆ بکە، یادەوەریم یارمەتیم بدات ئێزگەی کوردیم لە دوو سێ جێیان بینیوە.

**محەمەد قەدری:** کە من چوومەتە ئەوێ، بینایەی ئێزگەی کوردی، ستۆدیۆکەی هەر ستۆدیۆی ژمارە یەک بوو، کە لە پرسگە دەهاتیتە ژوورەوە ستۆدیۆی ژمارە یەک هەبوو، لەوێ تۆمارمان دەکرد.

**رامان:** پێشتریش هەر لەوێ بوو؟ دیارە تۆ زیاتر باسی ستۆدیۆکەتان دەکەیت، نەک بەشی کارگێڕییەکەی؟

**محەمەد قەدری:** بە نیسبەت ستۆدیۆکەی لەکاتی من هەر لەوێ بووە، لە ساڵی ١٩٣٩ کە ئێزگەی کوردی دامەزراوە و ئێزگەی عەرەبیش لە ١٩٣٦ دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٣٩ بەسەرپەرشتی کامیل کاکەمین بووە و نیو سەعاتێک بووە، هەروەها بەشێک بووە لە بەشی عەرەبی، ئینجا بەرە بەرە بەردەوام بووە و گەیشتووە بەو ئێزگەیەی کە بینیمان.

**رامان:** تۆ تا ساڵی چەند لەوێ مایتەوە؟

**محەمەد قەدری:** تا ساڵی (٢٠٠٣) لەوێ بووم، ئەوکاتە بەڕێوەبەری بەشی تەنسیق بووم.

**رامان:** ئەو بینایە هەر لەو شوێنە بوو کە تۆ ساڵی ١٩٦٢ یەکەم جار چوویە ناوییەوە؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ، بەڵام دواتر چەندین بینای تری بۆ زێدەکرا و لایەکیان دا بە ئێمە. ئیتر کە بارودۆخەکە گۆڕا، کەمال ئەمین سەمین هات و بوو بە بەڕێوەبەری ئێزگە، فوئاد خۆشناویش بوو بە بەڕێوەبەری تەلەڤیزیۆن، منیش بوومە بەڕێوەبەری بەشی تەنسیق، عەلی ساڵەیی بووە بەرپرسی بەشی گشتی لە ئێزگەی کوردی.

**رامان:** جارێ ئێمە هەر لە پەنجایەکان و شەستەکان و ئەو ناوەین. ئێوە وەک تیپ سوودتان لە تیپە عەرەبییەکە وەردەگرت، ئەی هیچ تێکەڵاویان نەدەبوون؟ کاریگەری، یان سوود لێ وەرگرتنێک لێیان؟

**محەمەد قەدری:** نا، ئەو تیپەی لەگەڵ ئێمە بوو، خۆیان عەرەب بوون.

**رامان:** ئەرشیڤی ئێزگەی کوردی، کەلەپوورێکی دەوڵەمەندی هەبوو، لە گۆرانیبێژی کۆن و خەڵکانێکی زۆر، هەر لە نازدار و ئەسمەر فەرهاد و گۆرانیبێژە پێشەنگەکان و لە گۆرانی فۆلکلۆری و ئەمانە هەمووی لەوێ تۆمار کراون، بەڵام لە پاش ٢٠٠٣ کە لەبەغدا درا، نەتزانی ئەم ئەرشیڤە چی لێ هات؟

**محەمەد قەدری:** من بەڕێوەبەری ئەو بەشە بووم، ئەوانە هەمووی لەژێر دەستی من بوون. کاک کەمال ئەمین سەمین کە بوو بە بەڕێوەبەری ئێزگە، منیش بووم بە بەڕێوەبەری بەشی تەنسیق، گوتی وەرە ئەوە پسپۆڕیی تۆیە، ئەم ئێزگەیە زیندوو بکەرەوە، بودجە بۆ تۆ کراوەیە، تەنیا ئەو ئەرشیڤەمان بۆ ڕێکوپێک بکە. ئیتر منیش خۆشنووسم هێنا و ناردم سجلێکی زۆر گەورەیان کڕی، ئەو خۆشنووسە دەستی پێکرد و هەمووی بۆ ناو ئەو سجلانەی ئێزگەی کوردی گوێزایەوە ئەوێ. گۆرانیبێژە بادینییەکان بەجیا، سۆرانییەکان بەجیا، منداڵان بە جیا، تەمسیل و ئەوانە بە جیا . ئەو سجلە گەورەیە کرایە چەند بەشێک، کە ئەوە تەواو بوو، دوو جیهاز لە ژوورەکەم هەبوو، ئەگەر گۆرانییەک تێکچووبایە، دەیانهێنا بۆم و منیش گوێم دەدایە، ئەگەر بمزانیبایە تێک چووە یەکسەر ژمارەی ئەرشیڤەکەم دەدانێ و جارێکی دیکە نەقڵیان دەکردەوە.

**رامان:** ئەوەی ئەرشیڤ تێک نەدەچوو؟

**محەمەد قەدری:** نا..نا ئەوە ئەساس بوو.

**رامان:** بە شێداربوونی کەشوهەواو و گەرمی و ساردی و ئەوانە تێک نەدەچوون؟

**محەمەد قەدری:** ساردکەرەوەی مەرکەزیان هەبوو.
هەر لە سەرەتاوە ئەوها پاراستبوویان؟

**محەمەد قەدری:** هەر لە زووەوە پانکەی هەبووە، دوایی ساردکەرەوەی هەبوو.

**رامان:** هۆڵەکە چەند بە چەند بوو؟

**محەمەد قەدری:** نزیکەی ١٠×٤٠ مەتر بوو.

**رامان:** یانی دە مەتر درێژ و چوار پێنج مەتر پان بوو، ئەو هۆڵە هەمووی رەفەی هەبوو.

**محەمەد قەدری:** بەڵێ هەموو رەفەی هەبوو، هەروەها جیهازێکی گەورەش هەبوو، ئافرەتێکیش دادەنیشت، ئەمینداری مەکتەبەی دەنگ ماوەیەک خەلیل عەبدوڵلا بوو، ماوەیەکیش جاسم وەندی بوو، کە من بەرێوەبەری ئەوێ بووم، جاسم وەندی لەوێ نەما، غولام لەوێ بوو، جا قوربان خزمەتێکی زۆری ئەو مەکتەبەیەم کرد، کە من چوومە ئەوێ سجلەکان هەموو رزابوونەوە، هەموویانم تازە کردەوە.

**رامان:** ئەو ئەرشیڤە قەوانیشی تێدا بوو؟

**محەمەد قەدری:** قەوانیشی تێدا بوو.

**رامان:** قەوانەکانیشتان پاراستبوو؟

**محەمەد قەدری:** بە هەمووی، چوار کارمەند لەناو مەکتەبەکەدا هەبوون.

**رامان:** لە شەست و دووەوە ئەو چوار کارمەندەی لێ بوو؟

**محەمەد قەدری:** هەندێ جار دەگۆڕان و دەبوون بە سێ، دەبوون بە دوو، دەبوون بە چوار، کە بەپێی بارودۆخ دەیانهێنان و لەسەر میلاک دادەمەزران، بە گرێبەست، یان بە کارمەندی هەمیشەیی.

**رامان:** کە تۆ تا دواسات لەوێ بوویت، ئەو ئەرشیڤە چی لێ بەسەر هات؟

**محەمەد قەدری:** تا دواسات لە خزمەتی ئەو ئەرشیڤەدابووم، ئیتر پاش ئێمە ئەمان نەیانتوانی ئەو مەکتەبەیە بپارێزن، کە زانییان وەختی شەڕە و خەریکە فڕۆکە لێی دەدا، بەشی عەرەبییەکە بەخۆیان بەشێکیان لە ئەرشیڤەکەیان لەناو ئێزگەکە دەرهێنا، بەڵام ئەرشیڤەکەی ئێمە بێ کەس بوو، کەسێکی وانەبوو بڵێ حەیفە ئەمە ئەرشیڤی کوردە و با بیپارێزین، قوربان ئەمانە هەموویان لەژێر بۆمبارانی فڕۆکە مانەوە و سووتان. پاش دوو حەفتە لە لێدانی بەغدا، ئیسماعیل گەیلانی هات چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردم و گوتی با بچینە ئێزگە، بەڵام ئێزگە کەلاوە بوو. چووین بزانین



**لە ئاهەنگێکدا ئەم هونەرمەندانە کۆبوونەتەوە: (ئەحمەد شێخ عەلی، ئەسوەد محەمەد، رەسووڵ گەردی، محەمەد قەدری، جەلال کۆچەر، لەگەڵ ئەندامانی تیپی شانۆ)**

مەکتەبەکە چی لێهاتووە، بەڵام مەکتەبەی چی و حاڵی چی.. هەموو ژوورەکان وێران ببوون و هەر ژوورەی خێزانێکی تێدا بوو و بەتانییەکیان بە دەرگای ژوورەکانەوە هەڵواسیبوو.

**رامان:** کەواتە بە بوردومانەکە سووتا، یان بردبوویانن و تالانیان کردبوون؟

**محەمەد قەدری:** سووتاندبوویانن و هەمووشیان بردبوو.

**رامان:** هیچی دەرنەچوو؟

**محەمەد قەدری:** نازانم، ئیسماعیل گەیلانی دەڵێ گوایە هێناومە بۆ ئێرە.

**رامان:** جارێک ئەوەی بە منیش گوت.

**محەمەد قەدری:** ئەی کوا لای کێ دایناوە؟

**رامان:** نازانم، هیوادارم وابێ.

**محەمەد قەدری:** نا وا نییە، ئەگەر بیهێنابایە لە وەزارەت، لە جێگایەک دیار دەبوو، ئەوە موڵکی کوردە، هی تاکەکەسێک نییە.

**رامان:** لیژنەی پشکنینی گۆرانی، هی ئاواز بە جیاو شیعر بە جیا، ئەو لیژنەیە ساڵانە دەگۆڕا، یان دوو ساڵ جارێک دەگۆڕا؟

**محەمەد قەدری:** لێی زیاد و کەم دەکرا و چەند کەسێکی تر دەهاتنە ناوییەوە.

**رامان:** ئەوە زەمانێک وابوو، تۆ باسی ئەوەت کرد کە خۆت و نازم نەعیم و ئەوانە بوون، هەر ئەو لیژنەیە تا کۆتایی مانەوە؟

**محەمەد قەدری:** هەر ئەوانە بوون.

**رامان:** ئەو ساڵەی کە من هاتم بۆ ئێزگەی کوردی،

وابزانم ساڵی حەفتاو سێ بوو، ئەوساش هەر ئەوانە بوون؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ هەر ئەوانە بوون.

**ڕامان:** بەڵام ئەوکاتە من سێ کەسم بینی، مامۆستا عەلی مەردانیش لە لیژنەکە بوو، تۆ بووی، لەگەڵ نازم نەعیم.

**محەمەد قەدری:** بەڵێ ئەوکاتە نازم نەعیم سەرۆکی لیژنەکە بوو.

**ڕامان:** ئەوکاتە کە مامۆستا عەلی مەردان دانیشتبوو، ئەو زۆرتر قسەی لەگەڵ کردم.

**محەمەد قەدری:** ئێمە کەمتر گوێمان لە فۆلکلۆر و گۆرانی ببوو، نازم نەعیم نەیدەزانی ئەوە هەیە.

**ڕامان:** بۆ ئیقاع و وەزن نازم نەعیم بوو، چونکە ئەو ئیقاعی لەسەر مێزەکە لێدا، گوتی ئەوەمان بە دەنگ بۆ دەربێنە.

**محەمەد قەدری:** ئاخر گۆرانیبێژ، یەکەم جار ئەگەر بیەوێ ببێتە گۆرانیبێژ دەبێ ئیقاع بزانێ. دەبێ وەزن بزانێ، ئیقاع بزانێ تا بتوانێ لەگەڵ گۆرانییەکە بڕوا و لە وەزن دەرنەچێ، کە لە وەزن دەرچوو مانای ئەوەیە گوێچکەی مۆسیقایی نییە. جا بە نیسبەت ئێمەوە دەمانزانی و دەمانگوت ئەو گۆرانییە هەیە، ئەو گۆرانییە بۆ نموونە ڕەسووڵ گەردی گوتوویەتی. نابێ تۆ بڵێی.

**ڕامان:** وابزانم ئەوەیە کە زۆرتر ڕووتان کردۆتە فۆلکلۆر، چونکە فۆلکلۆر لە بەغدا لە ڕووی شیعر و ئاوازەکەیەوە لە هەموویان سەلامەتتر بووە، بۆیە وەک ئاگام لێیە وەک زۆرتر بایەختان بەو لایەنە داوە.

**محەمەد قەدری:** (پێدەکەنێ) بەڵێ لە هەموویان سەلامەتتر بوو.

**ڕامان:** هەر قسەیان بکردبایە، دەتانگوت بابە ئەوە کۆنە و فۆلکلۆرە. تۆ بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە ئێزگەدا ئیشت کردووە لە ١٩٦٢ تا ٢٠٠٣ ڕێکەوتی زۆر کەست کردووە، هەر لە عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق و محەمەد عارف و حەسەن جەزراوی، بیرەوەریت لەگەڵ ئەوانە چۆنە، شتێک کە لە یادتدا مابێتەوە و جێی سەرنج بێ، لەگەڵ مامۆستا عەلی مەردان لە سەرەتاوە چۆن بووی؟

**محەمەد قەدری:** بەڕاستی عەلی مەردان مرۆڤێکی زۆر بەڕێز و تێگەیشتوو بوو، ئاستی مامۆستا عەلی مەردان لە ئاستی (گوبانچییە) لە مەقامدا، زۆر ئاوازیشی هەیە و ڕێزیشی زۆرە. مامۆستا عەلی مەردان قوتابخانەیە.

**ڕامان:** بێجگە لەوەی خۆی گۆرانی وتووە، ئاوازیشی داناوە، بۆ خۆی وەک قوتابخانەیەک ئاوازی بۆ کەسانی دیش داناوە و هونەرمەندی دیکەی پێگەیاندووە، باشە ئەی ئەوانەی تر، بۆ نموونە مامۆستا تاهیر تۆفیق چیت لەگەڵی بووە باسی بکە؟

**محەمەد قەدری:** خوا عافووی بکات بەڕاستی هونەرمەندێکی بەڕێز بوو، زۆر دەنگخۆش بوو، شێوەی گۆرانی گوتنەکەی تاهیر تۆفیق لەگەڵ هی (نازم غەزالی) عەرەبی دەیگونجێنم، لە هەموو دەوڵەتەکان کە دەڵێن گۆرانی عەرەبی یەکسەر دەڵێن (نازم غەزالی)، هەر بەویش گۆرانی عەرەبی دەناسن.

**ڕامان:** تۆ زۆری گۆرانیبێژە عەرەبەکانیشت هەر لەوێ ناسیوە؟

**محەمەد قەدری:** بە نسبەت نازم غەزالی، من ئەوکات لە ئێزگە نەبووم. ئەو پێش منە، بەڵام لە شێوەی گۆرانیدا، گۆرانییەکانی تاهیر تۆفیق لە شێوەی بەغدادییە، بەڵام ئەمەی ئەو شێوەی کاری کوردەوارییە، تاهیر تۆفیق دەنگ و ئاوازەکەی شێوەی کوردەواری خۆمانە و ئەو شێوەیە قەت نامرێ.

**ڕامان:** ئێوە لە ئێزگە کافتریاتان هەبوو، کاتێ گۆرانیبێژەکان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکەوە دەهاتن بۆ لاتان تا لەگەڵیان دابنیشن و قسەیان لەگەڵ بکەن.

**محەمەد قەدری:** تۆ ڕێگایەکی ڕاست بۆ من دادەنێی، بەڵێ وەختی خۆی کافتریایەکی زۆر گەورە کرا، هەمووی مەڕ مەڕ بوو، ئەوێ جێگای کۆبوونەوەی هونەرمەندان بوو. بە نیسبەت خۆم کێم بویستبایە، لە ئافرەتان بۆ نموونە دەچووم دەمگوت گۆرانییەکم هەیە دەمەوێ لەگەڵ تۆ تۆماری بکەم، لەگەڵیان ڕێک دەکەوتم، لێرە جێگایەکی ئاوا نییە، کە من بچم لەگەڵ هونەرمەندەکان دابنیشم و قسە بکەم، ئەوە زۆر پێویستە.

**ڕامان:** ئەو کافتریایە هەر هی بەشی کوردی بوو، یان هی هەموو بەشەکان بوو.

**محەمەد قەدری:** هی هەموو بەشەکان بوو، لەو کافتریایەدا کێت دەویست دەتدیت.

**ڕامان:** گفتوگۆکانتان سەبارەت بە چ باس و بابەتێک بوو؟

**محەمەد قەدری:** بە نیسبەت خۆم، ئاوازم هەبوو، دەگەڕام بۆ ئافرەتێک کە دەنگی لەگەڵ دەنگی مندا بگونجێ، لەگەڵ گوڵبەهار سێزدە گۆرانیمان بە دووقۆڵی تۆمار کردووە، بەڵام خۆ ناکرێ هەر لەگەڵ ئەو گۆرانی تۆمار بکەم، لەگەڵ نەسرین شێروانی چوار پێنجێکم

هەیە، لەگەڵ ژیان ئەحمەد هەمەو من بۆ ئەوم تۆمار کردووە.

**ڕامان:** ئەوە دکتۆرە بەلقیسەکەی ئێستایە وانییە؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ دکتۆرە بەلقیسە. لەو دواییەدا (٢٠٠٦) ئەلبومێکم بۆ کرد (ئەم کۆڵانە و ئەم کۆڵانە).

**ڕامان:** ئەوە دەنگدانەوەی هەبوو.

**محەمەد قەدری:** پێش ئەویش ئافرەتێک هەبوو ناوی (خالیدە) بوو، ئافرەتێکی قەڵەو بوو لە کۆرس بوو، گۆرانی باشم تۆمار کرد، خودا عافووی بکات مەحموود زامدار لەبەری کردبوو. دەیگوت (بەیانیت باش گیانی من...).

**ڕامان:** بەڵێ بەڵێ ئەو گۆرانییە زۆرتر بەیانییەکان لێ دەدرا.

**محەمەد قەدری:** ئێستا بەداخەوە لێرە گۆرانی بەیانیمان نییە.

**ڕامان:** دامناوە قسە لەسەر ئەوەش بکەین. ئەی بۆ هاوکاریت لەگەڵ هونەرمەندی وەک تاهیر تۆفیق و عەلی مەردان و ئەوانە چیت هەیە؟

**محەمەد قەدری:** ئەوان هی خۆیان هەبوو.

**ڕامان:** ئەی مامۆستا عەلی مەردان؟

**محەمەد قەدری:** وەختی خۆی داوای ئاوازی لە من کرد، من ئەوەندە سەرقاڵ بووم، بواری ئەوەم نەبوو ئاوازی بۆ دابنێم.

**ڕامان:** یانی قبووڵی بوو، پێی خۆش بوو تۆ ئاوازی بۆ دابنێیت؟

**محەمەد قەدری:** خۆی گوتی کاک محەمەد ئاوازێکم بۆ دابنێ. گوتم بەسەر هەردوو چاوم.

**ڕامان:** ئەی بۆ پشتگوێت خست؟ ئەوە بۆ تۆ زۆر گرینگ بوو؟

**محەمەد قەدری:** کە ئینسان زۆر سەرقاڵ بێ، زۆر شتی لەبیر دەچێ. سێ بەشی ژیانی من بە شتی لابەلاوە بە فیڕۆ چوو. ئیتر زۆر سەرقاڵ بووم، ئەو ئاواز و شتانە کە دام دەنان، لەو خۆشیانەوە بوون کە سەرنجمی بۆ شتێک ڕادەکێشا.

**ڕامان:** هیچ ڕێکەوتووە مامۆستا عەلی مەردان، یان ئەو پیاوە گرینگانە لە دانیشتندا ڕەخنە لە تۆ بگرن؟

**محەمەد قەدری:** کەس ڕەخنەی لەمن نەگرتووە.

**ڕامان:** چەند کەس لەسەری نووسیوی؟

**محەمەد قەدری:** جارێکیان ئەنوەر تاهیر گوتی لەناو گۆرانیبێژە کوردەکان باشترین ئەدا هی محەمەد قەدرییە.

**ڕامان:** خۆت بیروڕات سەبارەت بەمە چییە؟

**محەمەد قەدری:** من لە ئەدای خۆم ڕازیم. لە دەنگ و ئاوازی خۆم زۆر ڕازیم، بەڵام لە هەندێ کاری خۆشم ڕازی نیم.

**ڕامان:** گرفتەکەت تۆ ئەو تیپە بووە؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ، وەک باسم کرد، ئێمە نەمانەدەتوانی ئامێرێکی تر بهێنین، هەر ئەوەبوو کە هەبوو، دەبوو گۆرانییەکەت تۆمار بکەی. ڕۆژی خۆت کە بۆت دیاری کرابوو، ئەم ڕۆژە بڕۆشتبا، ئیتر بە ئاسانی بە دەستت نەدەکەوتەوە، بۆیە ئەو ڕۆژە ئەگەر دەنگیشت خراپ بووبێ، دەبوو تۆماری بکەی. ئێستا هەمووی تراکاتە، ئەوە گۆرانییە، ئەمە سۆلۆیە، ئەوکات تیپەکە بە زیندوویی لەگەڵت دادەنیشت، ڕۆژی خۆتە، دەبێ لەو ماوەیەدا گۆرانییەکە تۆمار بکرێت. ئەو ڕۆژە نەبوایە، لەوانەبوو مانگێکی تر بوارت بۆ نەڕەخسێتەوە.

**ڕامان:** ئەو ئافرەتانەی لە ئێزگە گۆرانییان گوتووە، یان کۆرس بوون ژمارەیان زۆر کەمە! تۆ چۆنی لێ تێدەگەی؟

**محەمەد قەدری:** زۆر زۆر کەمە، هەر گوڵبەهار و نەسرین شێروانی بوون.

**ڕامان:** ئەدی فەوزییە محەمەد؟

**محەمەد قەدری:** فەوزییەم نەدیوە.

**ڕامان:** ئەوە هی زەمانی کۆنە.

**محەمەد قەدری:** لە وەختی خۆم هەر ئەوانەم دیوە.

**ڕامان:** هۆیەکە هەر ئەو کۆسپە کۆمەڵایەتییە بووە کە خەڵک پێی عەیب بووە گۆرانی بڵێ؟

**محەمەد قەدری:** بۆم باس کردی و گوتم منیش ڕووم نەدەهات گۆرانی بڵێم، نازم نەعیم گوتی دەبێ گۆرانی بڵێی، دەنگت لەو گۆرانیبێژانە خۆشترە کە دێن ئاوازیان بۆ دادەنێی، بۆچی گۆرانی ناڵێی؟ من دەمگوت لە تەلەڤزیۆن وێنەم بڵاوبێتەوە و قوتابی ببینێ ناخۆشە، لەبەر ئەوە خۆم لە تەلەڤزیۆن و گۆرانی وتن دوور خستبووەوە.

**ڕامان:** ئەی ئەو ستۆدیۆیەی گۆرانیتان تێدا تۆمار کردووە، هەمان ئەو ستۆدیۆیە بوو کە عەرەبەکان گۆرانییان تێدا تۆمار دەکرد؟

**محەمەد قەدری:** هەمان ستۆدیۆ بوو.

**ڕامان:** هەر ئەو ئامێرانە بوون، ئامێرەکانتان باش بوون؟

**محەمەد قەدری:** ئەو ئامێرانە کۆن بوون، جار بەجار ئامێریان دەهێنا، تێکچووبانە چاکیان دەکردنەوە، جاری

وابووه، ئامێرەکانمان تێکچوونە، ناچار دەچووینە ستۆدیۆی عەرەبی و لەوێ گۆرانیمان تۆمار دەکرد.

**ڕامان:** کەواتە ستۆدیۆی ئێزگەی کوردی جیا بوو؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ هی کوردی خۆشمان هەبوو.

**ڕامان:** لەوەدا فەرق و جیاوازی نەبوو؟

**محەمەد قەدری:** چۆن نەبوو، هەرچی شتی کۆن بوو بۆ بەشی ئێمە بوو.

**ڕامان:** مەبەستم ئەوەیە کە دەڵێی شتە کۆنەکانیان دەدایە ئێمە، حکومەتی عیراق تەنیا بۆ ئەوەی بڵێن مافێکمان داوە بە کورد، یان زۆرتر بۆ ڕواڵەت ئەو بەشەیان کردبووەوە، بۆیە هەمیشە کەلوپەلی کۆنیان بە ئێوە داوە و هەوڵیان داوە ئێوە لەو سنوورە زیاتر تێی نەپەڕێن، کەواتە پێی خۆش نەبووە هەبن.

**محەمەد قەدری:** ئێمە لەوێ هەتیو بووین، بێ کەس بووین، کەسێک نەبوو بچین سکاڵای لەلا بکەین. هەرچی ئامێری کۆن هەبوو بۆ ئێمە بوو، ئێمەیان دانابوو بە پلە سێ، گۆرانیبێژی (ڕیفی) کە کەمترین پلە بوو، لە کاتێکدا گۆرانییەکانی ئێمە لە هی ئەوان بەتامتر بوو، هەرچی هەوڵمان دەدا تێیان بگەیەنین کە گۆرانی ئێمە تازەیە بێ کەڵک بوو.

**ڕامان:** تۆ گوتت هەندێ لەوان دەهاتن، ئەگەر ئاوازیان بهێنابا پێشەکیمان بۆ دادەنان، ئەی دابەش کردنەکەی کێ دەیکرد؟

**محەمەد قەدری:** من دام دەنا، دابەشکاری خۆمان دەمانکرد، من دەمکرد، بۆ نموونە ئەم بەشە بۆ نای، ئەم بەشە بۆ قانوون، ئەم بەشە بۆ کەمان، بە گوێرەی ئەو ئاوازەی کە دەیهێنا دەمانکرد.

**ڕامان:** ئەو گۆرانییە ئێستاش لە زاکیرەم ماوە کە دەیگوت (چاوەکەم لەیلێ واق واق).

**محەمەد قەدری:** ئەوە هی (فرێنچ هۆڕن)ـە.

**ڕامان:** ئەو ئامێرەت پێ باش بوو، ئایا لەگەڵ گۆرانی کوردی دەگونجا؟

**محەمەد قەدری:** وەختی خۆی گوڵبەهار ئەو گۆرانییەی دەگوت (کەوا سپێدە بخوینە هەر بخوینە) ئەو دووانە ئاوازی نازم نەعیم بوون، شتێکی تازەیە، شێوازێکی تازەی گۆرانی کوردییە.

**ڕامان:** بەڵام لەناو گۆرانی کوردیدا هەستت نەدەکرد ئەم ئامێرە نەشازە؟

**محەمەد قەدری:** مۆسیقاکە ئەو شێوەیەی داوەتێ.

**ڕامان:** تۆ ئەزموونێکت هەیە و زۆر لەناو ئیشەکانتدا دووبارە بۆتەوە، کە گۆرانی دوو قۆڵییە (یان مەحاوەراتی غینایی) یەکەم جار ئەم بیرۆکەیە چۆن دەستی پێکرد و چۆن بەرەو پێشەوەت بردووە؟

**محەمەد قەدری:** حەزم لەو دووقۆڵییە دەکرد، چونکە کە بە تەنیا گۆرانی دەڵێی، گۆرانی بۆ نادیار، بەرانبەرت دیار نییە، بەڵام کە ئافرەتەکە لەگەڵ خۆت بێ، ڕاستەوخۆ بێت، زیاتر سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێ.

**ڕامان:** پێش تۆ کێ وای کردووە؟

**محەمەد قەدری:** شەماڵ سائیب.

**ڕامان:** ئەی ڕاستەوخۆ دوای شەماڵ سائیب؟

**محەمەد قەدری:** من.

**ڕامان:** پەیداکردنی ئەو ئافرەتانە کە زۆربەیان عەرەبن و گۆرانییەکان دەڵێنەوە، بەشێک لە کێشەکەیە.

**محەمەد قەدری:** وەک باسم کرد لەگەڵ گوڵبەهار شازدە گۆرانیم تۆمار کردووە.

**ڕامان:** هەندێکی لەگەڵ (غادە سالم) وتراون.

**محەمەد قەدری:** دوایی لەگەڵ (غادە سالم) دوازدە-سێزدە گۆرانیم گوتووە. کە عارەبە و نەخوێندەواریشە. گۆرانیم لەگەڵ تۆمار کردووە، گۆرانی (تەلەفۆن) ئەمیش بەشێوەیەکی زۆر تازەیە و زەنگ لێ دەدرێ، -ئەلەو- بەڵێ ئەوە تۆی- بەڵێ گیانە، بەو شێوەیە گۆرانییەکی دوازدە دەقیقەییمان تۆمار کرد، ئەو ئافرەتە عەرەبەش نەخوێندەوار بێ وەرە فێری کوردی بکە.

**ڕامان:** ئەوکاتە ئافرەتی کورد پەیدا نەدەبوو، یان نەتدەتوانی لەگەڵ گوڵبەهار و نەسرین شێروانی ئەوە بکەی؟

**محەمەد قەدری:** دەمویست دەنگەکان بگۆڕم. دوایی لەگەڵ (مائیدە نەزهەت) ئەم تاقیکردنەوەیەم هەیە کە دەنگێکی عیراقییە، لەگەڵ هیچ کەسێک نەیگوتووە.

**ڕامان:** ئاخر من مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەوەی خۆت لەو مۆرکە عەرەبییە ڕزگار بکەی، ئەوەت بکردایە؟

**محەمەد قەدری:** ئەو ساڵانە وەزع ئاوابوو، تیپەکەت عەرەبییە، ئافرەتت نییە، یەک دوو دەنگ نەبێ، ناچاری ئەوە بکەیت، بە تایبەتی کە تۆمارکردنەکەشت ڕاستەوخۆ بێ، منیش دەمەوێ هەر گۆرانییەکم لە گۆرانییەکەی دیکەم باشتر بێ، لە مۆسیقا و دەنگ و ئاواز، دەی چ بکەم دەبێ هەوڵێک بدەم.

**ڕامان:** ئەی ئەو شیعرانەی کە دیالۆگی تێدایە، ئەوانە کێ بۆی پەیدا دەکردی؟

**محەمەد قەدری:** بۆ ئەوانە شاعیر هەبوو.

**ڕامان:** شاعیرەکانت کێ بوون؟

**محەمەد قەدری:** یەکێکیان مەحموود زامدار بوو، (کچە کوردە قوتابی، کوڕە کوردە قوتابی)، (شلێرە) (سەلاح حیلمی) نازانم ناویت بیستووە، ئەوە شیعری ئەو بوو.

**ڕامان:** هەموو شیعرەکانت لەو دوو شاعیرە وەرگرتووە؟

**محەمەد قەدری:** نانا زۆر شاعیری تر هەبوون.

**ڕامان:** ناوی هەموویان بڵێ، شاعیرەکان کێی تر بوون کە هاوکارییان کردووی؟

**محەمەد قەدری:** سەردار بێ بەخت، عوسمان شارباژێڕی، بورهان قانیع، ڕەمەزان زامدار، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەزا شوانی، هیوا ئیسماعیل، یەحیا مەرجان، دڵشاد مەریوانی، محەمەد عەلی مەدهۆش و زۆرانی تر.

**ڕامان:** ئەی فۆلکلۆر؟

**محەمەد قەدری:** زۆر فۆلکلۆریشم هەیە.

**ڕامان:** تۆ یەکسەر ئەو شیعرانەت دەهێناو ئاوازت بۆ دادەنان، یان لەگەڵ شاعیرەکە دادەنیشتی و پێکەوە شیعرەکانت دەستکاری دەکرد؟

**محەمەد قەدری:** کە شیعرم لێ وەردەگرتن، دەمخوێندەوە، کە هەندێ جێگای نەدەگونجا، دەمگوت بۆم بگۆڕن، یان شیعرەکەم بەدڵ نەبوایە دەمگوت بیگۆڕن، یان پێم دەگوتن بەو شێوەیە بۆم دابنێن. کە وەزنم بۆ شیعرەکە دادەنا، ڕستەیەک نەدەگونجا، دەمگوت ئەم دێڕەم بەو شێوەیە بۆ بگۆڕن، بە خۆم دەستکاریم نەدەکرد.

**ڕامان:** تۆ کە گوێ لەو گۆرانیانەی ئەوسای خۆت دەگری، بۆ کوالیتی تۆمارکردن و ئاستی مۆسیقا و جێبەجێ کردنیان خەفەتیان لێ ناخۆی، کە ئاوا بەو شێوە خراپە تۆمار کراون؟

**محەمەد قەدری:** زۆر زۆر خەفەت دەخۆم.

**ڕامان:** ئەی بۆ هەوڵ نادەی هەتا خۆت ماوی، هێندێک لە گۆرانییە بەناوبانگەکانت کلیپیان بۆ بکەیت؟

**محەمەد قەدری:** کێ بۆم دەکات؟

**ڕامان:** ئێستا تۆ گرفتەکەت ئەوەیە. باشە چووی بۆ لای کەس بۆی نەکردبێتی؟

**محەمەد قەدری:** چووم بۆ لای کاک شێرزاد سەر سپی، گوتم گۆرانی خۆم هەیە با وێنەی بگرم و دەمەوێ لەگەڵ تیپ بێ، یان لەگەڵ دیمەنی سروشت و شاخ و داخ و گوڵ و گوڵزار و ئەمانە بگیرێ. گوتی چۆن دەبێ لەگەڵ ئەو تیپە بیژەنین، گوتم چۆن نابێ کاتی خۆی عەرەبەکان ئەوەیان دەکرد.

**ڕامان:** ئێستا زۆر ئاسانە و دەکرێ ژەنین نوێ بکرێتەوە و دەنگەکەی ئەو سەردەمە بە کۆمپیوتەر بخرێتە سەری.

**محەمەد قەدری:** بۆمی ناکەن.

**ڕامان:** تۆ لە دەرگات داون و ئەوان نایکەن و پێشوازییان لێت نەکردبێت؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ.. بەڵام دەنگم نەکەوتووە، دەتوانم بە دەنگی خۆم تۆماریان بکەمەوە.

**ڕامان:** باشە یەکەم کلیپ وەک لەبیرت بێ کێ کردی؟ گۆرانی تەلەڤزیۆنی لە دەشتودەر کرابێ، وابزانم شەماڵ سائیب بوو؟

**محەمەد قەدری:** من ئەوە نازانم.. چەند گۆرانییەکی شەماڵ سائیبم لە تەلەڤزیۆن دیوە.

**ڕامان:** ئەی خۆت چیت لەو بارەیەوە هەیە؟

**محەمەد قەدری:** بە نیسبەت کلیپ نیمە، چونکە گۆرانییەکانم بە شێوەی تەلەڤزیۆنی تۆمار کراون.

**ڕامان:** بۆچی بیر لەوە ناکەیتەوە ئەوە بکەیت؟

**محەمەد قەدری:** نە کلیپ و نە هیچم نەکردووە. وەختی خۆی پێش سێ چوار ساڵ کاک شێرزاد سەرسپی گوتی کۆنسێرتێکت بۆ دەکەین، چەند گۆرانییەک حازر بکە و خۆشم لەگەڵ تیپەکە عوود لێدەدەم، ئەوە هەتا ئێستا مایەوە و هیچ نەکراوە.

**ڕامان:** ڕێکەوتووە کەسانێک سەر بە تیپی مۆسیقای سەربازی بوون و پاشان بوون بە موزیکژەن لە ئێزگەی کوردی؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ

**ڕامان:** ئەوانە کێن؟

**محەمەد قەدری:** شەوکەت ڕەشید، ئەنوەرساڵح

**ڕامان:** ئەنوەر ساڵح کورد بوو؟ چی دەژەنی؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ کورد بوو، ترامپێتی لێدەدا، کاک شەوکەت ڕەشیدیش کلارنێت بوو.

**ڕامان:** کێی تر بوون؟

**محەمەد قەدری:** هەر ئەو دووانە بوون.

**ڕامان:** تۆ بە ڕێکەوت بوو چوویتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە، یان خۆشەویستییەک لەدڵ و دەروون و خەیاڵتدا هەبووە و کارت بۆ کردووە تا بگەیتە ئەوێ؟

**محەمەد قەدری:** وەک جەنابت فەرمووت خۆشەویستی و عەشق بوو، لە منداڵییەوە حەزم لە گۆرانی دەکرد، کە

منداڵ بووم هەر لەخۆمەوە گۆرانیم دەگوت، لە هەولێر لە تەیراوە بووین، مامۆستا عەلی مەردان لە ماڵان ئاهەنگی بەڕێوە دەبرد، لەگەڵ چەند منداڵێک کۆ دەبووینەوە و دەچووین و گوێمان لەو گۆرانیانەی مامۆستا عەلی مەردان دەگرت. هاوینان لەبەر دەرگای قەڵا گوێم لە حەیدەرە کەچەڵ دەگرت، ئەو دەرگایەی کە رووی لە تەیراوەیە لەگەڵ جەماعەت دادەنیشت، قۆریات و گۆرانی دەگوت، ئیتر لەو ساتەوە حەزم لە گۆرانی و ئاواز کرد، پاشان باوکم هانی دام ببمە ئەفسەر. گوتم بابە من حەزی لێ ناکەم، گوتی نا کوڕم ببە بە ئەفسەر، سێیی ناوەندیم تەواو کرد و دوو ساڵ دەورەم بینی و بووم بە یاریدەدەری ئەفسەر.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**محەمەد قەدری:** لە ساڵی (١٩٥٣) تا (١٩٥٦)، لەو ماوەیەدا براکەم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو، ڕەحمانی برام لە بەغدا قوتابی بوو، ئەو لەگەڵ جەمال هیدایەت، سوڵتان عەبدوڵلا و ئەوان لە (١٩٥٦) تەواویان کرد، ئینجا من لەو ماوەیەدا هاتوچۆی پەیمانگام دەکرد، سەیرم دەکرد ئەو جێگایە جێگای منە، ئەوە بوو داوایەکم پێشکەش کرد و لە سوپا دەرچووم، لە ساڵی (١٩٥٦) چوومە تاقیکردنەوەوە و یەکسەر وەریان گرتم. تاقیکردنەوەکە دە کەس لیژنە بوون، یەکەم کەس ناوی من دەرچوو.

**ڕامان:** تۆ کە تاقی کرایتەوە وەک مۆسیقا ئەوەت بۆ کرا؟

**محەمەد قەدری:** نەخێر بەشی مۆسیقا وەک دەنگ تاقیت دەکەنەوە، ئەوان نایانەوێ تۆ ئامێرێک بژەنیت، لەسەر بناغە فێرت دەکەن.

**ڕامان:** بەڵام تۆ گۆرانیت گوت.

**محەمەد قەدری:** دەنگت تاقی دەکەنەوە بزانن گوێچکەی مۆسیقیت هەیە، بزانن جیاوازی نێوان ئاواز و ئیقاعات دەکەیت، ئەوانەت نەبێ وەرت ناگرن. ئیتر بە هەموو جۆرێک تاقییان کردمەوە و گوتیان حەزت لە چ ئامێرێکە، گوتم حەز لە ئامێری عوود دەکەم، گوتیان لەگەڵ ئامێری عوود ئامێرێکی تریش وەربگرە، گوتم ئاخر من ئامێری عوودم هەیە، گوتیان قەیناکا شتێکی تریش وەربگرە، ئیتر ئەوە بوو ئیشوکاری عەسکەریم بەجێ هێشت.

**ڕامان:** پێنج ساڵ لەوێ بووی؟

**محەمەد قەدری:** نەخێر سێ ساڵ، بە یەکەم دەرچووم و هەر لە بەغدا دامەزرام.

**ڕامان:** لەوێش فێری عوودژەنین بوویت؟

**محەمەد قەدری:** وەختی خۆی بەخۆم عوودم دەژەند.

**ڕامان:** عوودیشت لە ماڵەوە هەبوو؟

**محەمەد قەدری:** عوودیشم لە ماڵەوە هەبوو. لەوێ بەشێوەیەکی ئەکادیمی و بە نۆتەوە فێربووم، بە نۆتە و ئەوانە.

**ڕامان:** کە دەرچووی یەکەم جار لە کوێ دامەزرای؟

**محەمەد قەدری:** لە پەروەردە لە چالاکی هونەری. (چالاکی قوتابخانەکانی بەغدا)، ئینجا هەروەک باسم کرد لە ساڵی (٩٦٢- ٩٦٣) بە گرێبەست لە ئێزگە دامەزرام.

**ڕامان:** کەواتە لەولاش ئیشت دەکرد؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ.

**ڕامان:** ساڵی چەند بە یەکجاری خۆت لەسەر ئێزگە ساغ کردەوە؟ واتە بە تەواوی خۆت بۆ ئێزگە تەرخان کرد؟

**محەمەد قەدری:** کە لە چالاکی قوتابخانەکان خانەنشین بووم.

**ڕامان:** ساڵی چەند خانەنشین بووی؟

**محەمەد قەدری:** بە گرێبەست تا ١٩٩٥ ئیشم دەکرد. کە خانەنشین بووم، جارێکی دیکە گەڕامەوە و مابووم بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

**ڕامان:** لە ئێزگە هەر بەگرێبەست مابووی؟

**محەمەد قەدری:** لە ئێزگەش هەروا بە گرێبەست مابووم.

**ڕامان:** تەنانەت کە بووی بە بەڕێوەبەری تەنسیقیش، هەر گرێبەست بووی؟

**محەمەد قەدری:** هەر گرێبەست بووم، تا (٢٠٠٣) کە ڕژێم ڕووخا، بەم شێوەیە مامەوە.

**ڕامان:** کەوایە ڕووکردنی تو بۆ بواری هونەر لە ژێر کاریگەری ڕەحمانی براتە؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ کە ئەو لەوێ بوو، دەچووم سەیری ئەو پەیمانگەیەم دەکرد و دەمگوت ئەوە جێی منە.

**ڕامان:** ئەویش هەر حەزی لە مۆسیقا و گۆرانی بوو؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ ئەویش لەسەر ئاستی پەیمانگا دووەم دەرچوو.

**ڕامان:** ئەو هیچ گۆرانی تۆمار نەکردووە؟

**محەمەد قەدری:** ئەو لە سلێمانی دامەزرا.

**ڕامان:** وازی هێنا.

**محەمەد قەدری:** وازی هێناو خەریکی دەرس گوتنەوە

بوو.

**رامان:** لەناو ماڵەوەتاندا هەر ئەو برا گەورەیەت کاریگەری لەسەرت هەبوو؟ ئەی کەسی تر پاڵپشتت نەبوو؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ، بەڵام بەخۆشم لە منداڵییەوە خەریک بووم، بەهرەکە لە خوێنمدا بوو. دەتدیت لەبەر خۆمەوە ئاواز دەڵێم و ناشزانم چییە، ئیتر کە چوومە پەیمانگا و فێری ئاوازدانان بووم، ئینجا زانیم کە ئاواز چۆن دادەنرێ، ئاواز ئوسوولی خۆی هەیە، لەسەر چ مەقامێک، لەسەر چ وەزنێک، بە گوێرەی شیعر و وشەکان دادەنرێت.

**رامان:** ئەی تۆ پێت وانییە ئەگەر لە کوردستان بوویتایە، دەتتوانی باشتر خزمەتی لایەنە هونەرییەکەی خۆت بکەیت و زۆرتر لەگەڵ گۆرانیبێژە کوردەکان تێکەڵاو ببیت و زیاتر ڕەسەنایەتی لەناو گۆرانییەکانتدا بەرجەستە بکەی، وەک ئەوەی لەگەڵ ژەنیاری عەرەب و ڕوحیەتی عەرەباندا ڕەفتار بکەی؟

**محەمەد قەدری:** باشتر بوو، بەو مەرجەی لێرە تیپ هەبوایە.

**رامان:** بەڵام لە شەستەکانەوە بەردەوام لە کەرکووک، لە سلێمانی، لە هەولێر تیپ هەبووە، تۆ دەتتوانی دوای دەرچوونت بێیتەوە هەولێر، یان کەرکووک، یان سلێمانی و کارەکانت لەناو کوردستان جوانتر بکەیت، نەتدەتوانی؟

**محەمەد قەدری:** ئاخر من لەوێ دامەزرام.

**رامان:** دامەزرانەکەت بەدەست خۆت نەبوو؟

**محەمەد قەدری:** نەخێر ئەوەی بە یەکەم دەردەچوو، لەو جێگایە دادەمەزرێ، ئەگینا ئەوانەی تر هەموویان چوونەوە شارەکانی خۆیان.

**رامان:** ئەو ئەزموونەی لە ئێزگە هەتانە، پێت وایە ئەو ئەزموونە خزمەتی تۆی کردبێ؟ پێت باش بوو؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ، من ویستوومە خزمەتی نەتەوەی خۆم بکەم، من ڕوحییەتێکی کوردیم هەیە. لەو بەغدایە، هیچ گۆرانیبێژێک لەسەر سەرۆک بارزانی گۆرانی نەگوتووە، من یەکەم کەس بووم گۆرانیم وت.

**رامان:** ئەمەساڵی چەند بوو؟

**محەمەد قەدری:** ساڵی (١٩٧٣) بوو، لە هۆڵی موستەنسریە لەگەڵ تیپی خۆمان پێشکەشم کرد، چەند مۆسیقاژەنێکی عەرەبمان لەگەڵ بوو، کۆرسم لەگەڵ بوو، ئازاد ئەحمەد برای فوئاد ئەحمەد، جەلیل ئازید کە ئێستا مامۆستای زانکۆیە، لەگەڵ چەند ئافرەتێک کە کۆرس بوون، لەگەڵمان بوون.

**رامان:** هەر ئەو تیپەی ئێزگە بوون؟

**محەمەد قەدری:** تیپی ئێزگە لەگەڵ ئەو کۆرسانە بوون.

**رامان:** بە بۆنەی چییەوە گۆرانیتان گوت؟

**محەمەد قەدری:** بەبیرم نایەت، من بانگهێشت کرابووم، گوتیان خۆت ئامادە بکە لە هۆڵی موستەنسریە ئاهەنگ هەیە. ئەوکات مەحموود زامدار لەلام بوو، شیعری ئەوم وەرگرتبوو.

**رامان:** ئەو شیعرەی بۆ بارزانیت وت، شیعری ئەو بوو؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ شیعری ئەو بوو، (لە بەغداوە تا گەڵاڵە، ڕیز ئەکەین چەپکە گوڵاڵە).

**رامان:** ئەی ئاوازەکەی هی کێ بوو؟

**محەمەد قەدری:** هی خۆم بوو (لە بەغداوە تا گەڵاڵە ڕیز ئەکەین چەپکە گوڵاڵە- بۆ ئەو سەرۆکە ئازیزەی دوژمن لە بەردەمی لاڵە). دوژمن کێیە ئەوانەی لەوێ دانیشتبوون، باش بوو منیان نەتواندەوە و بەتیزاب نەیانکوشتم.

**رامان:** بەڵام وابزانم تۆ نەهاتیتە دەرەوە و هەر لەشاری بەغدا مایتەوە؟

**محەمەد قەدری:** هەر لە بەغدا مامەوە، بە کاک مەحموود زامدارم وت گوتم برا ئەو شیعرەم بۆ تەواو بکە هەر ئەو دێڕە دەزانم و لەبیرم چووەتەوە و نازانم بۆچی گوێی نەدامێ؟ ئەو شیعرە باش بوو بۆ من دەمتوانی بەهۆی ئەوەوە شتێک بکەم. من یەکەم گۆرانیبێژ بووم لە ناوچەی عەرەبان خزمەتی نەتەوەی خۆم کردووە، هیچ نەبێ لە ڕێگەی ئەو گۆرانییەوە. (نیشتیمانی بارزانی)یش کە فوئاد ئەحمەد دەیڵێ ئاوازی منە. (ڕۆڵەی کورد ڕاپەڕە بەچکەی کورد ڕاپەڕە) و زۆر گۆرانی و سروودی نیشتیمانیم هەیە، ئیتر ئەوانەم لەژێر دەستدا نییە شیعرەکانیانم لەبەر نەکردووە. بە مەحموود زامدارم گوت و زۆر هەوڵم دا بەشکم ئەوانەم بۆ تەواو بکا، تا بتوانم بڵێم ئەو شیعرەم کردووە بە گۆرانی، وێنەکەشیم هەیە و زۆر کەسیشم شاهیدە، ئازاد ئەحمەد یەکێکیانە، سەلاح ئەوە ئۆکۆردیۆن لێدەدا و لەگەڵ کاک شێرزاد سەرسپییە، ئێستا لێرە کارمەندە، دکتۆر جەلیل ئازید شاهیدە ڕەسمەکەشیم هەیە، بە جلی کوردییەوە لە هۆڵی موستەنسرییە ئەوەم بۆ سەرۆک بارزانی نەمر گوتووە.

**ڕامان:** چەند گـۆرانیت تۆمـار کـردووە؟ بۆ تەلەڤـزیۆن چەندە، بۆ ئێزگە چەندە؟

**محەمەد قەدری:** بۆ تەلەڤزیۆن نزیکەی ٥٠ گۆرانییە، بۆ ئێزگەش نزیکەی ٥٠٠ گۆرانییە.

**ڕامان:** ئەی چەند ئاوازت بۆ گۆرانیبێژی تر داناوە؟

**محەمەد قەدری:** بە ژمارە نازانم.

**ڕامان:** دیارترینی گـۆرانیـبـێـژەکـان کـە ئـاوازت بۆیان داناوە کێن؟

**محەمەد قەدری:** فوئاد ئەحمەد، جەمال جەلال، خەلیل وەندی، نەسرین شێروانی، گولبەهار، عەبدوڵڵا دڵسۆز، عـەلی عـەزیز، مـەحـمـوود وەندی، قـادر ئەحـمەد، بەشـار زاخـۆیی، عــەبدوڵڵا زێڕین، ژیان ئـەحــمــەد، مــائـیــدە نەزهەت، سابیر عـەبدولڕەحـمان، جەلال کۆچەر، خـالیدە عەبدوڵڵا تاد...

**ڕامــان:** ئـەدی ئەحـــمــەد خـــەلیـل، هیـچ ئـاوازت بـۆی دانەناوە، یان گۆرانیتان پێکەوە نەگوتووە؟

**مـحـەمـەد قـەدری:** ئـەو لە بەشی عـەرەبی تیـپی خـۆی هەبوو.

**ڕامــان:** ئـەی تۆ هیـچ لەگـەڵ عــەباس جـەمــیـل و گۆرانیبێژە عەرەب و عیراقییەکانی تر پێوەندیت نەبوو؟

**محەمەد قەدری:** هەمووشمان برادەر بووین.

**ڕامان:** ئەو عـەباس جەمیلە بە یەکێک لە گۆرانیبێژە نوێخـوازەکـانی عـەرەبی عـیـراق دادەنرێت، تۆ کـە لە نزیکەوە ناسیبێتت، دەبێ سوودت لێی وەرگرتبێ؟

**محەمەد قەدری:** من هەر گۆرانییەک لە لایەنی دەنگ و مۆسیـقاوە جوان بوایە، حەزم لێ کـردووە و سوودم لێ وەرگرتووە. گۆرانییـە عـەرەبییـە میـسرییەکـان، ئەوانەی محەمـەد عـەبدولوەهاب، فـەرید ئەترەش، ئوم کـەلسووم، گوێم لە هەموو ئەو گۆرانییە بەرزانە گرتووە، سەرچاوەمی ئیلهامم ئەوانە بوون.

**ڕامان:** واتە ئیلهامی ئاوازدانانی تۆ لەوانەوە بووە؟

**محەمەد قەدری:** لە هەمـوو ئەوانە ئیلهامم وەرگرتووە، لە عەلی مەردانیش شێوەی مەقامەکانیم وەرگرتووە.

**ڕامــان:** تۆ ســوودت لە مــەقــامــاتی کــوردی، لە ڕەسەنایەتی کورد و گۆرانی فۆلکلۆری وەرنەگرتووە؟

**مـحـەمـەد قـەدری:** جگە لەوانە، سوودم لە هەمـوویان وەرگـرتووە، لە هەمــوو سـەرچاوەیەک ئاواز و گـۆرانیم وەرگرتووە، شاعـیرێک دەبێ کتێبی هەموو شاعیرەکان بخـوێنێـتـەوە، ئینجـا شـیـعـر بنووسێ، منیش بە هەمـان شـێـوە. چ گـۆرانیــیــەک بەرزە گــوێم لێ گــرتووە، لە گۆرانییەکان و ئاوازەکان، ویستوومە بگەمە پلەی هەرە بەرز، چونکە هەستم کردووە تواناییم هەیە.

**ڕامان:** کەواتە بەرنامەیەکت هەبووە، بۆ ئەوەی گۆرانی کـوردی لە بۆتەی فـۆلکلۆر بێنیـتـە دەرەوە و هەوڵ بدەی کاری نوێ بکەیت، تۆ ئەوەت مەبەست بوو؟

**مـحـەمـەد قـەدری:** بەڵێ ئەوەم مەبەست بووە، گـۆرانی بەشـێـوەی نـوێ کـۆت و بەندی نییـە و دەبێ فـراوان بێ، واتە دەستت واڵابکەیت و بە هیچ شتێکەوە پابەند نەبی. چ بڕگـەیەکت ویست دەبێ دایبنێی، نەڵێی ئەوە ناکـەم و ئەمـە دانانێم، بگرە دەبێ فـراوان بێ تا بە کـەیفی خـۆت ئاوازەکـە دابنێی. شـێـوەی نوێ وایە، ئەگـەر شـێـوەی فۆلکلۆری بێ، تۆ پابەند دەبیت.

**ڕامـان:** بێـجگە لە گـۆرانی ئـاسـایی مـەنەلۆجـیـشت داناوە؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ.

**ڕامان:** بۆ کێت داناوە؟

**محەمەد قەدری:** بۆ سابیر عەبدولڕەحمان

**ڕامان:** شیعرەکانی هی کێن؟

**مـحـەمـەد قـەدری:** شـیـعـرەکـان هی خـۆیەتی. شـەش شیعری دا بە من، ئاوازم بۆیان دانا.

**ڕامان:** بێجگە لە گۆرانی دووقۆڵی، گۆرانی مەنەلۆجت داناوە، ئەی ئۆپەرێتت داناوە؟

**محەمەد قەدری:** ئەی ئەوانە ئۆپەرێتن.

**ڕامان:** ئۆپەرێت جیایە، دەنگی تێدا زیاترە.

**مـحـەمـەد قـەدری:** دەنگی زیاترە، بەڵام وەک پێم وتی ئەو بوارەمـان نەبوو، دەمـویست بە بەرزترین شـێـوە ئیش بکەم، تا لەو گـۆرانیـبـێـژە عـەرەبانە باشـتـر بین، بەڵام ئیـمکـانیـەتمان نەبوو. ئامـێـرمـان کۆن بوو، کـەس بواری کارکردنی نەدەداین و دەست و قاچمان بەسترا بوو.

**ڕامـان:** بێـجگە لەوەی خـۆت هەندێ ئیـشت کـردووە، ئاوازت بۆ هونەرمـەندان داناوە و گـۆرانیت گـوتووە، ئەی لە نوێبـوونەوەی گۆرانی کوردیدا پێت وایە کێ پێـشـتـر دەستپێشخەری کردووە کە هەوڵی دابێ گۆرانی کوردی نوێ بکاتەوە، من پێم وایە شـەمــاڵ ســائیب لە نوێ کــردنەوەی گــۆرانی کــوردیدا دەوری هەبووە، بۆ نموونە باکووری لەسـەردەمی خـۆی هەوڵی داوە ئاوازی جیـاواز دابنێ تا لە قــاڵبی فــۆلکلۆر بێـتــە دەرەوە، بەمــەش هەنگاوێک بەرەو نوێبـوونەوەی گـۆرانی باوێ.. تۆ کـێی ترت بەبیردا دێت؟

**محەمەد قەدری:** گۆرانییەکانی باکووری فۆلکلۆرن.

**ڕامان:** ئاخر هی تریشی هەیە.

**محەمەد قەدری:** هەمووی دە گۆرانییەکە زۆری ئەدەبیاتە.

**ڕامان:** کێی تر شک دەبەیت نوێبوونەوەی کردبێ. بۆ نموونە فوئاد ئەحمەد هەوڵی داوە گۆرانی نوێ بڵێ کە ئاواز و شیعرەکەی نوێ بێت.

**محەمەد قەدری:** من هەر خۆم بۆم کردووە، یەکەم کەسم کە ئەو هەوڵەم داوە.

**ڕامان:** تۆ پێت وایە خۆت لە گۆرانی کوردیدا نوێکەرەوە بوو بیت؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ نوێکەرەوەم و ئێستاش توانایی باشم هەیە، ئەگەر بوارم هەبێ، شتی باشتر دەکەم. باسی شەماڵ سائیب کرد، شەماڵ سائیب باشترین دەوری لە گۆرانی کوردیدا هەبوو، بە تایبەتی گۆرانی دووقوڵی. ئەو بوو ئەو شێوە گۆرانییە تازەیەی خستە نێو گۆرانی کوردییەوە، ئێستاش گۆرانییەکەی (هەرێ لەیلێ) عەرەبەکانیش دەیلێنەوە.

**ڕامان:** باشە تۆ چۆن لە ڕەسەنایەتی مۆسیقای کوردی تێدەگەی؟

**محەمەد قەدری:** سەرچاوەم هەبووە و فۆلکلۆری زۆرم لەبەربووە.

**ڕامان:** مەبەستم تێگەیشتنت، بۆچوونت بۆ ڕەسەنایەتی چییە؟

**محەمەد قەدری:** بۆچوونم ئەوەیە بنەچەی گۆرانییەکانمان خۆی فۆلکلۆر بێت.

**ڕامان:** پێت باشە لەسەر ئەو بنەچەیە بڕۆین و بەردەوام بین؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ ئەوە گۆرانی باب و باپیرمانە.

**ڕامان:** ئەی چی بەو کەسانە دەڵێی کە لەو بنەچەیە دابڕاون و گۆرانی دەڵێن؟ ئایا کارەکانیان دوورکەوتنەوەیە لە فۆلکلۆر و ڕەسەنایەتی گوێچکەی کوردی و میزاجی کوردەواری؟

**محەمەد قەدری:** ئەوانە هیچ خزمەتی گۆرانی کوردی ناکەن.

**ڕامان:** پێت وانییە گۆرانی کوردی لە عیراق و لە سوریا مۆرکی عەرەبی بەسەریدا زاڵە و دوورکەوتنەوەیەک لە ڕەسەنایەتی و لە فۆلکلۆریان تێدا دەبینرێ؟

**محەمەد قەدری:** ڕاستە ئەوە هەیە، باسی ئەوەم کرد تیپەکە عەرەبییە، کاربەدەستەکان هەموویان عەرەب بوون، ئێمە توانایییەکی وامان نەبوو! ئیتر دەمانتوانی چی بکەین؟ بە نیسبەت شوێنی جوگرافی ئێستا خەڵکی سلێمانی لە ئێرانەوە نزیکن، بۆیە شێوەکانیان زۆربەی ئێرانییە. لەم لاوە دهۆک لەژێر کاریگەریی تورکیا دان، ئێمەی ناوەڕاست لەژێر کاریگەری عەرەبەکانداین. ئیتر ئەو شێوانە تێکەڵی گۆرانی کوردی بوون.

**ڕامان:** ئێستا پاش ئەوەی تەمەن و قۆناغێکت بڕیوە و ئەزموونت هەیە، هەستت نەکردووە هەندێک ئیشت کردووە هەڵەبوون و نەدەبوو بیانکەیت، ئەگەر بتەوێ ئێستا قسەیەک ئاراستەی خەڵکی بکەیت چ دەڵێی؟ چونکە وەک جاران نەماوە، ئێستا ئیمکانیەت هەیە، ستۆدیۆ هەیە، ژەنیاری چاک هەیە، شاعیر هەیە، ئەگەر ئێستا بۆ ئەوەی خۆمان لەو کاریگەرییانە ڕزگار بکەین، چی بکەین باشە؟

**محەمەد قەدری:** بە نیسبەت خۆم لەو ماوەیەی دواییدا زۆربەی گۆرانییەکانم بە شێوەی کوردەوارییە، لە هەموو ئیقاعێک، لە هەموو شێوەیەک گۆرانیم هەیە. لە سەرەتاوە چەند گۆرانییەکم هەیە خۆم بە دڵم نییە، لەژێر کاریگەری دابووم، بەرە بەرە کەرستە و ئامێری کوردیم دەست کەوت، ئیتر توانیم لەو شێوەیە نزیک ببمەوە کە هەڵقوڵاوی کوردەواری خۆمان بێت.

**ڕامان:** تۆ بەرگری لە ئیشەکانی خۆت دەکەی، بەڵام بە درێژایی تەمەنێک ئیشت کردووە، بێجگە لە خۆت کەسی دیکە هەیە بە نووسین شاهیدی ئەوەت بۆ بدات کە تۆ لەسەر ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردی ئیشت کردووە؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ لە زۆر کتێبان ئیشارەتیان بەمە کردووە، هەروەها لە دانیشتنەکان و لەناو برادەراندا.

**ڕامان:** بەڵام لە دانیشتندا زۆرجار موجامەلە دروست دەبێ، بەڵام نووسین ماڵە بەسەریانەوە و دەبێتە مێژوو، دەمەوێ لە ماوەی ٥٥ ساڵی کارکردنت بە نێگەتیف، یان بە پۆزەتیف چیت لەبارەوە نووسراوە باسی بکەیت؟

**محەمەد قەدری:** نەمبیستووە کەس شتی خراپی بەرانبەر بە من نووسیبێ.

**ڕامان:** کەسێکی بە توان و پەنجەیەکی کوردی وەک ئەنوەر قەرەداغی پێوەندی و میانەت لەگەڵی هەبووە؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ زۆریش پێوەندیمان هەبووە.

**ڕامان:** قەت پێت گوتووە، بۆچوونت لەسەر ئیشەکانم چۆنە؟

**محەمەد قەدری:** هونەرمەندی وا هەیە حەز ناکات ستایشی بەرانبەرەکەی خۆی بکات، ئەوانە وا بیر

دەکـەنەوە ئەگـەر باسی تۆ بکەن و ستـایشت بکەن لە خۆیان کەم دەبێتەوە. هی وا هەیە دڵی پیسە، ناگاتە تۆ کەچی هەوڵ دەدات تۆ بشکێنێ.

**ڕامان:** ئەی باشە تۆ بۆچی تا ئێستا باسی حەسەن زیرەک ناکەیت. پێشتر چۆن حەسەن زیرەکت دیتبوو؟

**محەمەد قەدری:** یەک جار هاتە لامان، شەش گۆرانیمان بۆی تۆمار کرد، ئیتر بزر بوو.

**ڕامان:** ئێوە مۆسیقاتان بۆ لێ دا؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ.

**ڕامان:** ناوی گۆرانییەکان چ بوون؟

**محەمەد قەدری:** بەبیرم نایەنەوە. حەسەن زیرەک لە بواری شێوەی گۆرانییەکانی خۆی گۆرانیبێژێکی میللی و ڕەسەن و بەتوانایە.

**ڕامان:** تۆ ساڵێکیان هێرشت کردە سەری و ئاگام لێ بوو بەم بیروڕایانەت هەڵلایەکت دروست کرد، بیروڕایەکانت بە چ مەبەستێک دەربڕیبوون؟ ئەمە چۆن بوو؟ لەم دەرفەتەدا ئەمەمان بۆ ڕوون بکەرەوە؟

**محەمەد قەدری:** دەرفەتێکی زۆر باشە کە باسی ڕاستیی ئەو مەوزوعە بکەم. من کەسێکم لەوانەی مەحاڵە بە خراپی ناوی هیچ هونەرمەندێک بەرم. هەر کەس توانایییەکی هەیە، ڕێزم بۆ هەموو گۆرانیبێژێک هەیە. ئەو چاوپێکەوتنەی تۆ باسی دەکەی، گوتیان عەلی مەردان و حەسەن زیرەک لە بواری مەقامدا بەراورد بکەم، گوتم لە بواری مەقامدا عەلی مەردان، حەسەن زیرەکیش گۆرانیبێژێکی میللییە، بە خۆشم حەز لە دەنگی دەکەم.

**ڕامان:** ئەی بۆ بەو شێوەیە لێکدرایەوە؟ ئەی مەگەر هونەرمەندێکی میللی نییە؟

**محەمەد قەدری:** ئەی دڵپیسەکان چی بکەن و بەچی بم شکێنن؟

**ڕامان:** بیروڕایەکەی تۆ بەو شێوەیە بوو، هێرش کردنە سەر حەسەن زیرەک نەبوو؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەی چەند شارەزاییت لە بواری مەقامدا هەیە؟

**محەمەد قەدری:** دەبێ شارەزاییمان هەبێ، ئەگەر مەقام نەزانم، ئەوە ناتوانم ئاواز دابنێم.

**ڕامان:** ڕەنگە لە ڕووی تیۆرییەوە شارەزاییت هەبێ، بەڵام وەک ئەدا ئاگام لێیە باش نیت.

**محەمەد قەدری:** مەقام شێوازی خۆی هەیە.

**ڕامان:** ئەی بۆ جار بەجار لەناو بەستەیەک، دەرچوونێکی مەقامت هەیە.

**محەمەد قەدری:** نا ئەوە هیچ نییە، بەڵام مەقام یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، ئەگەر تەواو نەبێ، بە مەقام ناگوترێ. لقوپۆپی هەیە.

**ڕامان:** هەندێ جار لەناو بەستەیەکدا، دەرچوونێکی مەقامت هەیە، هەوڵت دابا خۆت لەوە نەدەی، چونکە بەسەریدا زاڵ نیت.

**محەمەد قەدری:** ئەو پارچەیە، پێشەکییەکە بۆ گۆرانییەکە.

**ڕامان:** من پێم باش بوو تۆ هەر بەستەکەت بگوتبایە.

**محەمەد قەدری:** کاریگەری چییە؟

**ڕامان:** کاریگەرییەکە ئەوەیە ڕەنگە من لە بنەماکانی ئوسووڵی وتنی مەقامات شارەزابم، بەڵام نەتوانم ئەدائی بکەم و بیڵێم. بێجگە لەوە مەقامات ڕوحییەتیشە، هەرکەس و هەر نەتەوەیەک ئەو مەقامە بە جۆرێک دەڵێ.

**محەمەد قەدری:** قوربان ڕاستە پیاوی خۆی دەوێ.

**ڕامان:** تۆ خۆت بە مەقامزان دەزانی؟

**محەمەد قەدری:** نەخێر.

**ڕامان:** ڕۆشنبیرییەکەت لە بواری مەقامدا چۆنە؟

**محەمەد قەدری:** دەبێ بزانم مەقام چییە، لە کوێوە دەست پێدەکات و لە کوێ کۆتایی پێدێت، بەڵام کە باس لە ئەدا دەکەین، نەخێر پیاوی خۆی هەیە، عەلی مەردان مەقامزانە.

**ڕامان:**ئەی تۆ خۆت ئاوازت بۆ خۆت داناوە، ئاوازت بۆ کۆمەڵێک کەسی دیش داناوە، کەسی تر هەبووە ئاواز بۆ تۆ دابنێ؟

**محەمەد قەدری:** کەس داینەناوە.

**ڕامان:** پێم باشە تۆزێک باسی ئەوەمان بۆ بکەیت تۆ چۆن فێری ئاوازدانان بوویت؟ ئاوازدانان لەلاتان بە چەند قۆناغدا تێدەپەڕێ، تا ئاوازێک لەلاتان دایک دەبێ؟

**محەمەد قەدری:** ئاوازدانان فیترەیە، شتەکە خواییە، چۆن شاعیرێک ئیلهامی بۆ دێ، ئاوازدانانیش هەمان شتە. مەرج نییە ئەوەی مۆسیقا بزانێ، ئاوازیش دابنێ، یەحیا حەمدی ئەو هەموو گۆرانییەی داناوە و گوتووە خۆی مۆسیقی نەبوو.

**ڕامان:** ئەمە وایە ئێستا لەناو کورددا زۆریشمان هەن، کەریم کابان و خالید دلێرمان هەیە، ئاوازیان داناوە کە ئاوازی زۆر بە تام و خۆشیشن، لە کاتێکدا ئەوانە مۆسیقیش نەبوون.

**محەمەد قەدری:** فیترەیە و ئیلهامت بۆ دێ و ئاواز

دادەنێی، کە ئاواز دادەنێی دواتر دەبێ نەختێک ڕۆشنبیریی مۆسیقیت هەبێ، کە ئەوەت هەبوو، دەزانی ئەو شتەی دایدەنێی، لەسەر بناغە و بنەما دایدەنێیت.

**ڕامان:** ئەی باشە هیچ ڕێک کەوتووە ئاوازێکت دانابێ، دواتر بۆت دەرکەوتبێ لە لای تۆدا ڕستەیەکی مۆسیقی هەبووە پێشتر لە گۆرانیبێژێک، لە ئاهەنگسازێکت بیستبێ، واتە لە لاشعووری تۆدا جێگیربووبێ و لە ئاوازەکەی تۆدا ڕەنگی دابێتەوە؟

**محەمەد قەدری:** کە ئاوازم دادەنا بە چەند کەسێکی مۆسیقیم نیشان دەدا.

**ڕامان:** وەک کێ؟ هونەرمەندە کوردەکان، یان عەرەبەکان؟

**محەمەد قەدری:** ئەوانەی لێیان دەزانی، لە هونەرمەندە کوردەکان و لە عەرەبەکان.

**ڕامان:** بۆ نموونە مامۆستا عەلی مەردان و ئەوانە.. پێت گوتوون ئەو ئاوازەم داناوە چۆنە؟

**محەمەد قەدری:** مامۆستا عەلی مەردان نا.

**ڕامان:** ئەدی نازم نەعیم؟

**محەمەد قەدری:** ئا، نازم نەعیم بەڵێ. عەلی مەردان نا، چونکە عەلی مەردان نەیدەتوانی ڕێنمایی گۆرانیبێژێک بکات و فێری مەقامێکی بکات. قادر ئەحمەدمان هەبوو کۆرس بوو، شێوەیەکی مەقامی هەیە کە شێوەیەکی فارسییە. دەنگی خۆشە، مەقامی تۆمار دەکرد عەلی مەردان پێی دەگوت نا کاکە وانابێ. باشە کەوانابێ فێرم بکە چۆن بیڵێم، ئەو نەیدەتوانی فێری بکات.

**ڕامان:** باشە لەناو ئەو هەموو ئاوازانەی کە بۆ خۆتت داناوت، یان بۆ خەڵکی دیکەت داناون، جوانترین ئاواز لەناو ئەو ئاوازانەدا کامەیە؟ ناوی هەندێکیان بڵێ؟

**محەمەد قەدری:** هەمە و زۆریشە، وەک شیرین، قژی لەملا ئالاوە، سوێند دەخۆم بە کوردستان، پێکەنە گوڵی بەیان، پێبکەنە مانگی ئاسمان.

**ڕامان:** تۆ هەندێک ئاوازیشت هەیە کە تایبەتن بە دانی بەیانیان وەک چۆن فەیرووز بەیانیان گوێی لێ دەگیرێ. گوڵبەهار گۆرانییەکی هەیە بیستوومە ئاوازی تۆ بووە، باشە تایبەتمەندیی گۆرانی تایبەت بە بەیانیان چییە؟

**محەمەد قەدری:** خۆم حەزم دەکرد لە هەموو شێوەیەک گۆرانیم هەبێ.

**ڕامان:** حەزت دەکرد، بەڵام پێش هەموو شتێک شیعرەکەی گرینگە، ئەمەیانت چۆن پەیدا دەکرد؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ شیعرەکە گرنگە.

**ڕامان:** ئینجا ئاوازەکەی دەبێ سووکەڵە و پڕ گەشبینی بێ؟

**محەمەد قەدری:** دەبێ بۆ بەیانیان شێوەیەک بێ کە یەکێک لە خەو هەستا شتێکی وابێ سەرنجی ڕابکێشێ، نەک بێزاری بکات.

**ڕامان:** باسمان کرد بۆ ئاوازدانەر پێویستە مەقام بزانێ، ئەی بۆ گۆرانیبێژ مەقام زانین پێویست نییە؟

**محەمەد قەدری:** ئەی چۆن پێویست نییە.

**ڕامان:** باسێکی ئەوەم بۆ بکە؟

**محەمەد قەدری:** مەقام کەسی شیاوی خۆی هەیە کە بیڵێ. مەقام خۆی ئوسووڵ و قەواعیدی خۆی هەیە، بەڵام گۆرانیبێژ دەبێ لە مەقام تێبگات. مەقامی بەیات هەیە، مەقامی حیجاز هەیە، نەهاوەند هەیە، سێگا هەیە. دوایی بێینە سەر ئاواز و میلۆدی دەبێ لە میلۆدی تێبگات. بە گوێرەی ئەو نەغمەیە بجووڵێتەوە و دەبێ حەقی ئەو نەغمەیە بدات.

**ڕامان:** ئەی ئەگەر گۆرانیبێژێک مەقامی نەزانی و گۆرانی وت، تۆ چی پێ دەڵێی؟

**محەمەد قەدری:** هەیە ئەو بەهرەیەی هەیە و خوا پێی داوە کە گۆرانی بڵێ، بە تەبیعەت ئەو ئاوازانە دادەنێ، بەڵام ئەگەر هاتو فێری مەقام ببێ باشترە، ئەوسا ئاوازی باشتر دادەنێ.

**ڕامان:** مەبەستم گۆرانیبێژە کە مەقام نەزانێ؟

**محەمەد قەدری:** دەبێ فێری بێ تا بزانێ چی دەڵێ و لە چ نەغمەیەکە.

**ڕامان:** ئەوانە کە ئاوازە دادەنێن کارەکەیان زۆرتر سەماعییە؟

**محەمەد قەدری:** بەڵێ، ئەگەر ئەکادیمی بێ، ئەوە زۆر باشترە.

**ڕامان:** زۆر لە گۆرانیبێژانی ئێمە فێربوون بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکانیان لە ستۆدیۆکانی تورکیا و ئێران گۆرانی تۆمار دەکەن و ڕووەدەکەنە ئەو وڵاتانە، پێت وایە تۆمارکردنی گۆرانی لەو وڵاتانەدا چەند خزمەتی گۆرانی کوردی دەکات؟

**محەمەد قەدری:** ئەو ژەنیارانە کە تورکن حەتمەن شێوەی تورکی دەخەنە سەر ئەو ئاوازەی دەیژەنن.

**ڕامان:** جارێ مەبەستم ستۆدیۆیە، کە ئەوە شتێکی ڕەوایە، بەڵام ژەنینی ئاواز بە ژەنیاری تورک و فارس،

ئەوە جێگای گلەییە، ئەوانە زۆرجار ڕوحیەتی خۆیان دەخەنە سەر ئاوازە کوردییەکان.

**محەمەد قەدری:** ڕاستە، چەند بتەوێ بگەیتە فۆلکلۆرێک، هەر لەژێر کاریگەری ئەوان دەمێنیتەوە و ئەو ڕوحییەتەی نابێ، بۆیە لەگەڵ ئەو تیپ و ژەنیارە عەرەبانە، ئەو ڕوحیەتە نادەن کە بتەوێ.

**ڕامان:** ئێمە گوێمان لێ بووە هەندێک پێیان وایە گۆرانی کوردی زۆر پێشکەوتووە و لە چاخی زێرینی خۆیدایە، هەندێکیش پێی وایە گۆرانی کوردی لە پاشاگەردانیدایە و لە ڕەوشێکی زۆر خراپدایە و بەرەو هەڵدێر ڕۆیشتووە، تۆ لەو ناوە بیروڕات چییە؟

**محەمەد قەدری:** گۆرانی کوردی لە ڕووی میوزیکەوە، لە ڕووی دابەشکردنی گۆرانی و بواری تەکنیکەوە پێشکەوتووە، بەڵام ئاوازدانەرمان زۆر کەمە کە میلۆدی بۆ شیعرەکە دانێ، ئەگەر ئاوازدانەری باشمان هەبێ، گۆرانی کوردی دەگاتە ئاستێکی باشتر.

**ڕامان:** زۆری و بۆریش هەیە، بەڵام بە ڕای تۆ بۆ ئەوەی گۆرانی گوتن ڕێک بخەین، وەک کەسێک کە ساڵانێکی زۆرە لەو بوارەدا ئیش دەکەیت، ڕێگا چارە چییە؟

**محەمەد قەدری:** وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێ وەک ئێزگەی بەغدا بکات، هۆڵێک و چەند تیپێکی مۆسیقا و دوو لیژنەی دەنگ و ئاواز و شیعر، لەگەڵ نووسینگەیەکی دەنگ و ئەرشیڤ دابنێ، ئەوکاتە دەتوانین گۆرانیبێژەکان کۆنترۆڵ بکەین. لیژنە بۆ ئەوەیە هەر گۆرانیبێژێک کە دێ فەحسی دەنگ و ئاوازەکەی بۆ بکرێ، ئەگەر پەسەند نەکرا و شێوەکە بەدڵی ئەو لیژنەیە نەبوو، شێوەی کوردەواری خۆمان نەبوو ڕەت بکرێتەوە، ئەوەی بەدڵیشیان بوو یەکسەر تۆمار بکرێت. ئەوکات گۆرانیبێژ ناتوانێ شتی خراپ بێنێ، بەرهەمی خراپ بێنێ ڕەت دەکرێتەوە.

**ڕامان:** دەبێ لیژنەیەک بێ ئەوانیش خاتر و خۆتر نەزانن.

**محەمەد قەدری:** لیژنەکە لە گۆرانیبێژە کۆنەکان، یان مۆسیقییەکان بن کە لە هەموو بوارێک تێبگەن، دەبێ ئێزگەیەکی ئاوازیش دابنرێ کە حکومی بێت.

**ڕامان:** مەرج نییە وەزارەتیش بێ، چونکە وەزارەت خۆی لق و پۆپی زۆری هەیە.

**محەمەد قەدری:** ئیتر نازانم گرنگ پاڵپشتییەکی گەورەی ئەو لیژنەیە بکرێت، لەوەی باشترە کە پارەیان بدرێتێ بچن بە خۆیان تۆماری بکەن، لێرەوە سەیتەرەی لەسەر دەکرێ، ئەگەرنا ئەو دەچێ بە ئارەزووی خۆی ئاوازی تورکی و ئێرانی و عەرەبی تۆمار دەکات و پارەشی دراوەتێ، بەڵام ئەگەر ئەوە بکەم کە ئەو لیژنەیەم هەیە، لێی دەکڕم و پارەی دەدەمێ و ڕێزی لێ دەنێم، پاشان ئەو گۆرانییە لە ئەرشیڤی ئێزگە دەمێنێ و بەسەر تەلەڤزیۆن و ئێزگەکانی ڕادیۆدا دابەش دەکرێ دواتر بەرە بەرە ئەو کارە خراپانە نامێنن.

**ڕامان:** تۆ خوێندنت لە بواری هونەر تەواو کردووە، ئایا خوێندنی هونەریی چەند خزمەتی هونەرمەند دەکات؟

**محەمەد قەدری:** ئەوەندە خزمەت ناکات، تەنیا ڕێوشوێن دەستنیشان دەکات، کە بە چ شێوەیەک ئیش بکەیت. ئەگەر بتەوێ ببی بە شتێک، دەبێ خۆت هەوڵ بدەی. پاش دەرچوونت، ئەو زانیارییانەی وەرت گرتووە ئەوانە جێبەجێ بکە، لەگەڵ ئەو ئەو سەرچاوانەی کە دەتەوێ خۆت کاریان لەسەر بکەیت، ئەوسا دەتوانی شتی باش بکەیت، دەمێنیتەوە سەر توانایی و ماندووبوونی خۆت کە ڕەسەنایەتی بپارێزی و سەرنجی گوێگر بۆ لای خۆت ڕابکێشی.

**ڕامان:** ئێستا هەست دەکەین هێرشێکی بەردەوامی گۆرانی تورکی و فارسی و عەرەبی و تەنانەت ڕۆژئاوایش بۆ سەر گوێگری کورد هەیە و بە تەواوی چێژی گشتی شێواوە. بە دەردی مامۆستا گۆران دەڵێ «میزاجی کوردەواری تێک چووە». ئێمە بۆ ئەوەی ئەو میزاجی کوردەوارییە تێک نەچێ و لەنوێ بوونەوەش دانەبڕێین. بە ڕای تۆ چ بکەین باشە؟

**محەمەد قەدری:** وەک باسم کرد دەبێ تازەترین ئامێر بهێنین، ئەندازیاری دەنگ بهێنین، تیپی مۆسیقای بەرز دابنێین، چەندین جۆر ئامێری تێدابێت، هی کوردەواری و ڕۆژئاوایی، هەر ئاوازێک بەپێی ئامێری خۆی، گۆرانیبێژەکان دەنگیان تاقی کرابێتەوە و ئاواز و شیعرەکە باش بێ، ئەوکاتە جوانترین گۆرانی تۆمار دەکرێت.

# گێڕانەوە و زمان لە (پێنجەمین کتێب)دا

**د. کاوە شێروانی**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**

**(١) دەستپێک:**

پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان زمان و گێڕانەوەدا هەیە، زمان بەبێ گێڕانەوە بێ مانا و بێ گیانە و گێڕانەوەش بەبێ زمان هەر ناکرێت. جەبار جەمال غەریب لە ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب"یدا(١) زمان و تەکنیکی گێڕانەوە وەکو کەرەستەیەک بۆ گواستنەوەی مانا و مەبەست بەکاردەهێنێت و لەمەشدا تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بووە. گێڕانەوەکان ستایلێکی هونەری زۆر جوانیان بەم ڕۆمانە بەخشیوە، ڕووداو و ئەفسانەکان خوێنەر بۆ خوێندنەوە کێش دەکەن و بەمەش تاموچێژێکی ناوازەیان بە ڕۆمانەکە بەخشیوە.

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕایەڵەکانی زمان و گێڕانەوە لە ڕۆمانی " پێنجەمین کتێب"دا کە لە نووسینی جەبار جەمال غەریبە. باسەکە بۆ حەوت بەشی سەرەکی دابەش کراوە، بەشی یەکەم دەسپێک و پێشەکییە، بەشی دووەم باس لە تەکنیکی گێڕانەوە دەکات و نموونە لە ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب" دەهێنێتەوە، بەشی سێیەم گرنگی بە زمان و زمانی گێڕانەوە و زمانی ئەدەبی دەدات، بەشی چوارەم هەوڵێکە بۆ جێبەجێکردنی ڕێبازی گوتارشیکاری ڕەخنەییانە لەسەر ژینگەی ئەم ڕۆمانە، بەشی پێنجەم تاووتوی زمانی وێنە و میوزیک دەکات کە لەم ڕۆمانەدا زۆر گرنگی پێدراوە، بەشی شەشەم بە کورتی ئەنجامەکانی ئەم باسە دەخاتە ڕوو، بەشی حەوتەمیش کە دوا بەشە بریتییە لە لیستی ئەو سەرچاوانەی لەم باسەدا بەکارهاتوون.

**(٢) گێڕانەوە:**

هەروەکو چۆن زمانەوانان پێیان وایە گێڕانەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆڤ و لە بوونەوەرەکانی تری جیادەکاتەوە، بەهەمان شێوە دەکرێت بڵێین حەزێکی سروشتی بۆ گوێگرتن لە چیرۆک و حیکایەت و گێڕانەوەکان لە مرۆڤدا هەیە و تەنیا مرۆڤیش جیا لە بوونەوەرەکانی تر توانایی گوێگرتن و چێژوەرگرتنی لە گێڕانەوەکان هەیە. گێڕانەوە کە لە بنچینەدا پشت بە زمان دەبەستێت و کەرەستەکی زمانەوانییە و ڕەهەندێکی زارەکیانەی هەیە، هەزاران ساڵ بەر لە پەیدابوونی نووسین، گێڕانەوە هەبووە و حیکایەتخوانان تەکنیکی گێڕانەوەیان بەکارهێناوە. کەواتە ئەو تەکنیکەی کە ئێستا چیرۆکنووس و ڕۆماننووسان بەکاری دەهێنن، ڕەهەندێکی مێژوویی زۆر کۆنی هەیە و بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی شێوازەکانی پێوەندیکردن و زمانە سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە.



**جەبار جەمال غەریب**

ڕۆلان بارت(٢) باس لە چەندین جۆری گێڕانەوە دەکات و پێی وایە بە قەد ژمارەی ژانرەکان جۆری گێڕانەوەش هەیە، گێڕانەوەی زارەکی و نووسراو، گێڕانەوەی جێگیر و جوولاو، گوتەیی و ناگوتەیی و...تاد. گێڕانەوە لە ئەفسانە و داستان و کاری ئازایانە و سەرئاسانە و جوامێری و شەڕوشۆڕ و حیکایەت و چیرۆکدا هەیە، گێڕانەوە لە مێژوو و درامای کۆمیدی و تراژیدیدا هەیە، گێڕانەوە لە سینەما و وێنە و ڕەسم و پۆرترێت و هەواڵی میدیاکانیشدا هەیە، گێڕانەوە لە هەموو کات و شوێنێکدا ئامادەیی هەیە و لەنێو هەموو کۆمەڵ و کۆمەڵگە و زمان و دایەلێکت و زار و شێوەزارێکدا بوونی هەیە. بارت پێی وایە کە گێڕانەوە بریتییە لە بەرهەمهێنانی گوتارێک (دیسکۆرسێک) کە تێیدا زمان بە دوو پرۆسەی سەرەکیدا تێدەپەڕێت، پرۆسەی یەکەم بریتییە لە بەرهەمهێنانی یەکەکانی زمان وەکو وشە و فرێز و ڕستە، پرۆسەی دووەمیش بریتییە لە بەستنەوەی ئەم یەکانە بۆ ئەوەی مانایەک بە زمان ببەخشن. نووسەرانی ڕۆمان، بۆ نموونە، لە سەرەتادا بە ئاگایانە، یان بێ ئاگایانە ( بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی) یەکەکانی زمان بەرهەم دێنن، پاشان پاڵپشت بە تەکنیکی گێڕانەوە ئەم یەکانە بە یەکەوە دەبەستنەوە بۆ ئەوەی مانایەک بە گوتارەکانیان ببەخشن و مەبەستەکانیان بپێکن. زۆربەی کاتیش گێڕانەوە لە سنوورەکانی وشە و فرێز و ڕستە تێدەپەڕێت و دەچێتە ئاستی دیسکۆرس. گاناسکەران(٣) پێی وایە تەکنیکی گێڕانەوە گرنگترین تەکنیکی نووسینی ڕۆمانە و جۆر و سروشتی گێڕانەوەکان یارمەتی خوێنەر دەدەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر لە بابەتەکە بگات و چێژ لە خوێندنەوەکان وەربگرێت.

جەبار جەمال غەریب لە ڕۆمانی پێنجەمین کتێبدا، هەندێک جار لەسەر زاری خۆی (کەسی یەکەم) و زۆر جارانیش لەسەر زاری کارەکتەرانی نێو ڕۆمانەکەی (کەسی سێیەم) ڕووداو و بابەت و ئەفسانەکانی دەگێڕێتەوە. بابەتی ڕۆمانەکە بابەتێکی مێژوویی هەستیارە، لە کاتێکدا ڕووداوەکان لە کوردستان ڕوویان داوە، بەڵام کورد زۆر کەم قسەی لەسەر کردووە. نووسەر ئازاری نەتەوەیەک دەگێڕێتەوە کە لەم خۆرهەڵاتی ناوینەدا جینۆساید کراون. نووسەر ژانرێکی ئەدەبی دەخاتە خزمەتی کەیسی نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو. ئازارەکانی ئەم نەتەوەیە بە زمانێکی سادە و ئاسان و خۆش و پڕ لە چێژ دەگێڕێتەوە کە خوێنەر ناچار دەکات هاوسۆزی ئەم نەتەوەیە بێت و هەست بە کەمتەرخەمی و ئازاری دەروونییش بکات کە چۆن لە ناوچەکەی ئەو، ئەم ڕووداوانە ڕوویان داوە، ڕاستە باپیرانی خوێنەر لەوانەیە دەستیان لەم جینۆسایدەدا نەبووبێت، بەڵام هاوئایینانی باپیرانی، لە تورکانی موسڵمان، داینەمۆی سەرەکی ئەنجامدانی ئەم تاوانە گەورەیە بووینە. لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانەدا خوێنەر دەکەوێتە خەیاڵی ئەوەی بیر لە سەرچاوەی ئەم توندوتیژییە ئایینی و ناسیونالیستییە بکاتەوە کە هاندەری ئەم جۆرە تاوانانەن، ئەی ئایین شوێنی لێبوردەیی و یەکتر قەبووڵکردن نییە؟ ئایا دەبێت شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە چی پاڵیان پێوە بنێت بۆ ئەوەی ئەم تاوانانە لە دژی نەتەوە و ئایینزایەکی تردا بکەن! نووسەر بەشێوەیەک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە خوێنەر لەبیری دەچێتەوە ئەمە ڕۆمانە و وا هەست دەکات واقیعە.

نووسەر بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە ڕووداوی هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکان دەگێڕێتەوە، زۆریش حسێب بۆ شەپۆلی بیرکردنەوەی خوێنەر دەکات و وا لە خوێنەر

دەکات کاردانەوەی هەبێت و لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا بژێت و هەست بە خەم و ئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بکات و هەندێک جار گوێی لە تۆنی دەنگیان بێت و بۆنی خۆراک و شتومەکەکانیان بکات و دووکەڵی سووتانی ماڵە ئەرمەنییەکان ببینێ و هەست بە ئازاری هەتککردنی کچ و ژنەکانیان بکات و لە کوشتن و سەربڕینی کوڕ و پیاوەکانیان تووشی شۆک بێت. لە هەندێک شوێنی ڕۆمانەکەدا خوێنەر وا هەست دەکات ئەم شوێنانەی بینیوە و هەندێک لە کارەکتەرەکان دەناسێت، بۆ نموونە، عەتای نەهایی و ژەنیاری موراد بەگ کەسانی نامۆ نین و شێوەیان لە کۆمەڵگەکانی خۆمان زۆرە و خوێنەر هەست دەکات دەیانناسێت، ئەمەش بۆ هێزی زمان و گێڕانەوەکان دەگەڕێتەوە. نووسەر نسکۆ و کۆستکەوتوویی و جینۆسایدی ئەرمەنەکانی بە قەڵەم وێناکردووە. ئەزموونی تاڵی ئەرمەنەکان ئەوەندە تاڵە، ئاسان نییە کەسێک بە قەڵەم وێنای بکات و بە زمان بیگێڕێتەوە و گێڕانەوەکەشی دەستکرد نەبێت، بەڵکو واقیعیانە بێت. جەبار جەمال غەریب توانیویەتی ئەمە بکات و لەمەش زیاتر ئەمەی بە کایە و سەرچاوەکانی توندوتیژی لە کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکان بەستۆتەوە. لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە نووسەر ئاگای لەوە هەیە کە ڕووداوە کارەساتئامێزەکان لە دیدگا و ناخی مرۆڤەکاندا دەمێننەوە و دەبن بە برینێک بە ئاسانی سارێژ نابن. دەبینین ئارتۆش کوردەی دایکی کاکۆ پاش چەندین دەیە هێشتا لەگەڵ ئەو ئازار و کارەساتانە دەژێت کە تووشی خێزان و کەسوکار و بنەماڵەکەی بووە، کەچی ئێستا لە ئەوروپایە و ژیانیشی باشە و لەنێو خێزانێکی ئاسوودە دەژێت و کوڕ و مێردەکەی لەگەڵیدا دەژین.

مارتینا کۆپ(٤) پێی وایە کە ئەدەب و هونەر دەکرێت وەکو کەرەستە و هۆکارێک بۆ چارەسەرکردنی کارەسات و ئازار و سارێژکردنی برینەکان بەکاربهێنرێن. دەکرێت جەبار جەمال غەریبیش ئەم ڕۆمانەی بۆ چارەسەرکردنی برینی ئەرمەنەکان نووسیبێت. هەرچەندە ئەم ڕۆمانە بە کوردی نووسراوە و خوێنەرانیشی بەزۆری کوردن، بەڵام کێ دەڵێت ڕۆژێک لە ڕۆژان وەرناگێڕدرێتە سەر زمانانی تریش و کێ دەڵێت ناگاتە دەستی ئەرمەنەکانیش. لەلایەکی ترەوە ئەم جۆرە ئازار و مەینەتی و جینۆسایدە خۆ تەنیا تووشی ئەرمەنەکان نەهاتووە، هاوشێوەی ئەوان زۆرن. ئەمە هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی ئەو مانایانەی کە بزربوون، هەوڵێکە بۆ ناساندنی کەیسێک بە خوێنەران کە لەوانەیە کەیسی هاوشێوە زۆربن، ڕۆژهەڵاتیش هەتا خاوەنی ئەم کولتوورە توندوتیژە بێت، ئەوە لەوانەیە کەیسی هاوشێوە دووبارە و چەندبارە بێتەوە، ئەم ڕۆمانە پێدانی دەنگ و ڕەنگێکە بە قوربانیانی توندوتیژی، گێڕانەوەی سەروەرییەکی لەدەست چووە. ئەم ڕۆمانە پێدانی دەنگ و ڕەنگێکە بە قوربانیانی توندوتیژی، گێڕانەوەی سەروەرییەکی لەدەست چووە، ئەم ڕۆمانە مانایەک بە ژیانی ئەو کەسانە دەبەخشێت کە خۆیان، یان کەسوکار و خۆشەویستانیان تووشی کارەسات و ئازار و جینۆساید بوون، ئەم ڕۆمانە دەنگێکە ڕووبەڕووی کولتووری توندوتیژی و تاکڕەوی ئایینی و ڕەتکردنەوەی جیاوازی دەبێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا نووسەر چیرۆکی چەند زەمەنێکی جیاجیا دەگێڕێتەوە، زەمەنی کاکۆی گەنج، زەمەنی دایکی کاکۆ، زەمەنی جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان، زەمەنی گەنجی ژەنیاری موراد بەگی باوکی کاکۆ، ...تاد. گوزەران بەنێو ئەم هەموو زەمەنە جیایە و بەیەکەوە بەستنەوەیان بۆ نووسەر و بۆ خوێنەریش کارێکی ئاسان نییە. قورسیی تێگەیشتن لە ڕۆمانەکانی جەبار جەمال غەریب بەلای هەندێک لە خوێنەران لەوانەیە بۆ ئەم فرەزەمەنی و فرەپلۆتییە بگەڕێتەوە. دەبینین لە یەک کاتدا چەندین پلۆت بە هاوتەریبی و هەندێکیان لە یەک زەمەن و هەندێکی تریان لە زەمەنی جیاجیادا ڕێ دەکەن. بۆ نموونە پلۆتی کاکۆ و کارۆلین، پلۆتی دایکی کاکۆ و پوورە هەریازی بە هاوتەریبی لەگەڵ یەک دەڕۆن، بەڵام پلۆتی ئۆرانووسی میوزیکژەن و پلۆتی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە زەمەنی لەیەک جیادا ڕێ دەکەن، هەندێک جار ئەم پلۆتانە تێکەڵ دەبنەوە، ئەمەش ئاڵۆز دەبێت و سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت، بەتایبەتی خوێنەرێک کە زۆر نەخوێنێتەوە و زۆر شارەزای تەکنیکەکانی ڕۆمانی نوێ نەبێت. دەبینین دایکی کاکۆ لە چەند زەمەن و لەنێو چەند پلۆتێکی جیاجیادا دەژێت، جگە لەو زەمەنەی کە لە سەرەتای دەسپێکی ڕۆمانەکە تێیدا دەژێت کە لە وڵاتێکی ئەوروپایییە، ئەو لە زەمەنی نێو دەفتەرە چەرمینەکەش دەژێت کە چەندین ساڵە ئەم دەفتەرەی

پاراستووە و هەڵیگرتووە.
ئەم ڕۆمانە پڕاوپڕە لە چیرۆک و گێڕانەوە و حیکایەت و وردە پلۆت. زۆرێک لە نووسەران کاتێک باسی زمانی ئەدەب و ڕەوانبێژی و ستایلی ئەدەبی دەکەن، باس لە گێڕانەوەش دەکەن. گێڕانەوە پێویستی بە نووسەری خەیاڵ فراوان و ئاسۆ بەرین هەیە بۆ ئەوەی بتوانن خەیاڵ و ئاسۆکانیان لە دروستکردنی چیرۆکی جوان و گێڕانەوەیان بەکاربهێنن، هەرچەندە ئەمڕۆ گێڕانەوە چیتر موڵکی حیکایەتخوان و چیرۆکبێژ و ڕۆماننووسەکان نییە، بەڵکو سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسانیش ئەمڕۆ بەکاری دەهێنن. وۆلتەر فیشەرمان(٥) بەشێوەیەکی تێروتەسەل توێژینەوەی لە بارەی گێڕانەوە کردووە و تیورێکیشی هەیە بەناوی تیوری گێڕانەوە. بە گوێرەی ئەم تیورە مرۆڤەکان هەموویان حیکایەتخوانن و زۆرجاران مرۆڤ ئەم تەکنیکە بۆ قەناعەت پێهێنانی خەڵکانی تر بەکاری دەهێنن، هەر لەبەر ئەوەیشە جگە لە ئەدیب و وێژەوانان، سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسانیش ئەمڕۆ زۆر بە بەربلاوی تەکنیکی گێڕانەوە بەکاردەهێنن. جین ئیچیسنی(٦) زمانەوانیش پێی وایە کە گێڕانەوە سیمایەکی جیاکەرەوەی زمانی مرۆڤە و مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە، چونکە تەنیا مرۆڤ توانایی گێڕانەوەی هەیە.
لەم ڕۆمانەدا زۆرجار چیرۆکەکان زۆر بە باشی لە زاری کارکتەرەکانەوە دەگێڕدرێنەوە، باشترین نموونەش گێڕانەوەکانی ناز جەواهیرخانە. نووسەر خۆی ئەم کارەکتەرە بە خودای گێڕانەوە و حیکایەت ناودەبات. لە زاری ئەم کارەکتەرەوە نووسەر چەندین چیرۆک و ئەفسانە دەگێڕێتەوە. ئەم ڕۆمانە پڕە لە ئەفسانەی جۆراوجۆر، ئەفسانەی خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتی و کوردی و ئەرمەنی و کۆری و ...تاد. ئەفسانەی ئەسپی باران، ئەفسانەی دێوی ڕەش کە کچی پاشای پەریانی بەندکردووە، ئەفسانەی ئەژدیهای حەوت سەر کە بەری ئاوی شاری گرتووە و بە شمشێری ئەڵماس نەبێ ناکوژرێ، ئەفسانەکانی ژنەی سیحرباز، ئەفسانەی هەزار زەریا، ئەفسانەی بای بەهەشت، ...تاد. کاکۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکەش زۆر جاران شت دەگێڕێتەوە. ئەوەتا چیرۆکی ژنە ئەرمەنەکان بۆ هێوژینی دۆستی، کە کچێکی بە ڕەچەڵەک فیلاندییە، دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (لەو سەری دنیا، لە سەری ئەو سەری، خۆر هەموو شتێ دەسووتێنێ و کەسێکی فیلاندی هەرگیز ناتوانێ چاوی هەڵێنێ، لەوێ کاروانێک بە ڕێگاوەیە، ئەو کاروانە هەر هەموویان دایکمن، لەوێ نووسراوە قامچییەک لەشیان دادڕ دادڕ دەکات).

**(٣) زمان:**

زۆر جار دەگوترێت زمانی ڕۆمانەکانی جەبار جەمال غەریب زمانێکی قورسە، پێم وایە ئەمە پێوەندی بە خوێنەر و ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی خوێنەرەوە هەیە نەک زمان، لەوانەیە زۆربەی خوێنەرانی کورد تا ئێستا هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخسابێت ئەوەندە بخوێننەوە تا بگەنە ئەو ئاستەی بە تەواوی لە زمان و تەکنیکەکانی ڕۆمانی نوێ تێبگەن. جگە لەم ڕۆمانە، ئەگەر سەیری ڕۆمانەکانی تری نووسەر بکەیت، لە (دنیا لە کتێبێکدا)(٧)و ( لەسەر باران دەنووسم)(٨)و (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن)(٩)، هەروەها ڕۆمانەکانی تریشی، دەبینیت نووسەر بە زمانێکی سادە و پاراو دەنووسێت و زمانەکەی هیچ قورس نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاواز و ڕیتمێک لەم ڕۆمانانەدا هەیە کە



خوێنەر بۆ لای خۆیان کێش دەکەن بۆ خوێندنەوە و چێژوەرگرتن، پاشان پێم وا نییە لە نووسینی ئەدەبیدا زمانی قورس و زمانی ئاسان هەبێت، دەکرێت بابەت و شێواز و تەکنیکەکان قورس بن نەک زمان. دەپرسین زمانی قورس و زمانی ئاسان مانای چییە؟ زمانی فەرمی و نافەرمی، ستاندار و دایەلێکت، دایەلێکت و شێوەزار هەیە، بەڵام قورس و ئاسان چییە؟ قورسی لە خودی زمانەکاندا نییە، لە کاتێکدا زمان قورس دەبێت کە نووسەر بە دایەلێکتێک، یان شێوەزارێکی ناوچەیی، یان کۆمەڵایەتی بنووسێت کە زۆربەی هەرە زۆری ئاخێوەرانی زمانێک بەکاری نەهێنن، پێم وا نییە جەبار جەمال غەریب بەم جۆرە زمانە بنووسێت. ئەو بە زمانێک دەنووسێت کە زۆربەی هەرە زۆری ئاخێوەرانی کرمانجی خواروو، یان (سۆرانی) بەکاری دەهێنن.

لە ڕێگەی وشە و فرێزی وەکو بەفر و بای سارد و گۆڵە ئاوە بچووکەکان و بەستن و دێیەکی چەند ماڵە کە شانی بە گردێکەوە داوە و هاتنی سەگەکان و فەرشی ڕەنگ تۆخ و و قاپی پڕ مریشک و گۆشت و تەسبیحی شووشەی مۆر و وێنەی بە ویقاری هەڵواسراو بەقەدی دیوارەوە، خوێنەر دەزانێت کە ئەمە گوندێکی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانە، کە خوێنەر دەگاتە لاپەڕە ٨٢ ی ڕۆمانەکە ئینجا بە تەواوی بۆی ئاشکرا دەبێت و دەزانێت کاکۆ لە کوردستانە، کە نووسەر دەڵێت: ( کاکۆ چەند مەترێک لە سنوور دوور، لە ماڵێکی پۆشتە، لە دێیەکی کوردنشین...).

لە ڕووی زمانەوە ئەوە سەلماوە کە خەڵکی ناوچەکانی دەرەوەی شار زمانیان لە خەڵکی ناو شار پاراوترە، بەتایبەتیش کە نووسەر لەدایکبووی شارەدێی قەڵادزێیە و خەڵکی ئەم ناوچەیە بەوە ناسراون بە کوردییەکی پاراو قسە دەکەن، ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کاریگەری زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسییان کەمتر بەسەرەوەیە و لە ڕووی جوگرافییەوە لەم زمانانەوە دوورن، هەروەها ناوچەی قەڵادزێ دەکەوێتە ناوەڕاستی شوێنی جوگرافی دایەلێکتی کرمانجی خواروو ( سۆرانی)، هەر بۆیە دەبینین لەم ڕۆمانەدا و لە ڕۆمانەکانی تریشیدا نووسەر وشە و زاراوەی هەموو ناوچەکان بەکاردەهێنێت، وشە و زاراوەی سلێمانییانە و هەولێرییانە و هەتا موکریانی و کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بەکاردەهێنێت.

لە چەندین شوێنی ئەم ڕۆمانەدا لە زاری کارەکتەرەکانەوە نووسەر قسە لەسەر زمان دەکات، هەندێک جار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و هەندێک جاریش ناڕاستەوخۆ، ئەمەش لە ڕێگەی زمانی جەستە و زمانی بێ دەنگی و زمانی وێنە، بەتایبەتیش زمانی وێنەکانی جەیمس پۆل براون کە مەینەتی و ئازار و جینۆسایدی ئەرمەنەکان دەگێڕنەوە. لە لاپەڕە ٣٣ لە ڕێگەی دوو کارەکتەرەوە، نووسەر باس لە زمان دەکات، زمان وەک پارچە گۆشتێک لەنێو دەمی مرۆڤەکان کە وەک هۆکارێکی پێوەندیکردن بە کاری دەهێنن، زمان وەک سیستمێکی پێوەندیکردن کە هەندێک جار بێ دەنگی و کپیش دەکرێت چەندین پەیام لەخۆ بگرێت. ئەم دوو کارەکتەرە بۆ ماوەیەکی درێژ بەبێ ئەوەی یەک وشەش دەرببڕن، تەنیا بە گۆڕینەوەی نیگا غەمگینەکانیان و دانیشتن لە بەرانبەر یەکتر چەندین پەیام دەگۆڕنەوە، کە لەوانەیە بە پارچە گۆشتێکی نێو دەم و بە سیستمی زمان و وشە و فرێز و ڕستەکان نەتوانن ئەم پەیامانە بگۆڕنەوە، (ئەو دوو ژنە بە هێمنییەک لە ئاسنەوە بەرانبەر بە یەک دانیشتوون، هێمنی بەو مانایەی نا کە ئارام بن، بەو مانایەی کپ بن، کپ بە مانای بێ دەنگی سەرەتا، سەرەتای پێش پەیدابوونی وشە، ئەو سەرەتایەی زمان نە وەک پارچە گۆشتێک، نە وەک وشە و دەنگ و هاوار نەبوو...). ئەمە ئەو مشتومڕ و پرسە فەلسەفییەمان بەبیر دەهێنێتەوە کە ئایا زمان پێش بیرکردنەوە هەبووە، یان بیرکردنەوە پێش زمان؟ ئەم بابەتە بە سەدان کتێبی لەسەر نووسراوە. زۆرێک لە ڤەکۆڵەرانی بواری زمان پێیان وایە زمان لە پێش بیرکردنەوەوە هەبووە، چونکە مرۆڤ بەبێ زمان ناتوانێت بیربکاتەوە، کەسانی تریش پێیان وایە، ئەگەر بیرکردنەوە نەبێت، چۆن زمان بەرهەم دێت. زۆرێک لە دیمەنەکانی نێو ئەم ڕۆمانە پاڵپشتی لە بۆچوونی یەکەم دەکەن، دەبینین کارەکتەرەکان بە دەنگێکی بەرز بیردەکەنەوە و خەیاڵ دەکەن و خەیاڵەکانیان بە وشە و ڕستە دەگێڕنەوە.

### (٤) گوتارشیکاری ڕەخنەییانە (Critical Discourse Analysis):

بۆ ئەوەی زیاتر لە نووسەر و لە گوتاری ڕۆمانەکە

تێبگەین، بە گوێرەی ڕێبازی ڕەخنەشیکاری گوتار (Critical Discourse analysis)، دەبێت ژینگەی دەوروبەری دەقەکە شی بکەینەوە. ئەم ڕێبازە ڕێبازێکی نوێیە و لە سەرەتاکانی ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی زمانزانانی وەکو ڤان دایجی هۆڵەندی و فێرکلەفی ئینگلیزی و کۆمەڵێک زمانزانی تر سەری هەڵداوە(١٠). ئەم ڕێبازە بەم دواییانە بەشێوەیەکی فراوان بۆ شیکردنەوەی دەقە ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی و وتارە سیاسییەکان بەکارهێنراوە. بە گوێرەی ئەم ڕێبازە لە شیکردنەوەی هەر دەقێکدا زۆر گرنگە خوێنەر بزانێت نووسەرەکە کێیە؟ کەی و لەکوێ ئەم دەقەی نووسیوە؟ باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کاتی بەرهەمهێنانی دەقەکە چۆن بووە؟ چونکە ئەمانە هەموویان کاردەکەنە سەر جۆری دەقەکە، ناکرێت نووسەر و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژێت لە دەقەکە جیابکرێتەوە ، ئەمانە کاریگەرییان لەسەر زمان و گێڕانەوەی نێو دەقە ئەدەبییەکان دەبێت.

نووسەری ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب" لە ساڵی ١٩٦١ لە شارۆچکەی قەڵادزێ لە کوردستانی باشوور لەدایک بووە و هەڵگری بڕوانامەی زمان و ئەدەبی ئینگلیزییە و چەندین ڕۆمان و وتار و چیرۆک و نۆڤلێتی بە زمانی کوردی نووسیوە. ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی ٢٠٠٩ چاپ کردووە، بەڵام پێدەچێت زووتر کاری لەسەر کردبێت و تەواوی کردبێت، چونکە لە دوا لاپەڕەی ڕۆمانەکەدا مێژووی ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٨ دەبینرێت. لەدایکبوونی نووسەر لە دەرەوەی شارە گەورەکان و لە شوێنێکی وەک قەڵادزێ کاریگەری خۆی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و زمانی نووسەرەوە هەیە. قەڵادزێ چەندین جار تووشی وێران کردن و بۆردومان بووەتەوە و خەڵکەکەی تووشی دەربەدەری و کۆچکردن بوون، ئەمەش وای کردووە گێڕانەوەی ئازاری ئەو خەڵکانەی لە زێدی باب و باپیرانیان هەڵدەقەنرێن ئاسان بێت. لەلایەکی ترەوە، وەک پێشتریش باس کرا، لە ڕووی زمانەوە خەڵکی ناوچەی قەڵادزێ بەوە ناسراون کە بە کوردییەکی پاراو قسە دەکەن، ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کاریگەری زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسییان کەمتر بەسەرەوەیە و لە ڕووی جوگرافییەوە لەم زمانانە دوورن، هەروەها ناوچەی قەڵادزێ دەکەوێتە ناوەڕاستی شوێنی جوگرافی دایەلێکتی کرمانجی خواروو ( سۆرانی)، هەر بۆیە دەبینین لەم ڕۆمانەدا و لە ڕۆمانەکانی تریشیدا نووسەر وشە و زاراوەی هەموو ناوچەکان بەکاردەهێنێت. کاتێک خوێنەر دەزانێت نووسەر دەرچووی بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزییە، پێشبینی ئەوە دەکات بەیوولف و تی ئێس ئیلیەت و شکسپیر و هارۆڵد پینتەر و دان براون و ...تاد خوێندبێتەوە، ئەگەر سەردانی وڵاتانی ڕۆژئاوایشی نەکردبێت، دەبێت ئاشنا بێت بە کولتوورەکەیان و لە سینەماو گۆڤار و کتێبە ئینگلیزییەکان ئەم شوێنانەی دیبێ، هەر بۆیە کاتێک وەسفی شوێنێک، یان شارێک دەکات، هەست دەکەی وەسفەکەی واقیعیانەیە. زمانی ئینگلیزی ماوەیەکی زۆرە بووە بە زمانێکی جیهانی و بە دەروازەیەکی چاک دادەنرێت بۆ ئاشنابوون بە کولتوورەکانی جیهان و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نووسەرانی هەموو زمانەکاندا هەیە. بۆ نموونە جەبار جەمال غەریب و شێرزاد حەسەن ئەگەر دەرچووی بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی نەبان، ئەوە زۆر شارەزای کولتووری خۆرئاوایی نەدەبوون و ئاستی بیرکردنەوە و خەیاڵیان ئەوەندە فراوان نەدەبوو و نووسین و چیرۆک و ڕۆمانەکانیان تا ئەو ڕادەیە جیاواز نەدەبوو. کاتێک گێڕانەوەکانی نێو ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب" دەخوێنینەوە، هەست دەکەین نووسەری ئەم ڕۆمانە بۆ ماوەیەکی زۆر لە وڵاتانی خۆرئاوا و ئەمریکا ژیاوە و لەسەر بەفر خلیسکانێی کردووە و لە یانەکانی شەواندا مەی نۆش کردووە و درەنگانی شەویش کچێکی قژزەرد و سپی پێستی وەک کافووری لەگەڵ خۆی بردۆتەوە نێو ئەپارتمانە تایبەتییەکەی، بەڵام پێم وا نییە وا بێت، نازانم، ئەگەر سەفەرێک، یان دووانی کورتیشی کردبێت، ئەوە هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر لەم شوێنانەدا نەماوەتەوە، پێم وایە لە ڕێگەی خوێندنەوە و ئەزموون و گوێگرتن لە گێڕانەوەکانی خەڵکانی ترەوە، توانیویەتی ئەم وەسفانە بکات.

نووسەر وەکو ئەندامێکی هاوشێوەی نەتەوەی نێو ڕۆمانەکەی کە بە درێژایی مێژوو، تووشی جینۆساید و دەربەدەری و داگیرکاری بووە، هاوسۆزی هەیە بۆ ئەم جۆرە کەیسانە. ئەرمەنەکان هاوشێوەی کوردان خەڵکی ڕەسەنی ئەم خۆرهەڵاتی ناوینەن، بەڵام ئەوان بە

پێچەوانەی کوردان ئامادەنەبوون ئایینی خۆیان بگۆڕن و واز لە کولتووری هەزاران ساڵەی خۆیان بێنن و لە چوارچێوەی کولتوور و ئایینێکی نامۆدا بتوێنەوە، هەر بۆیە تووشی دەربەدەری و قەڵاچۆکردن بوونەتەوە، دوایەمین جینۆسایدیش ئەوەبوو کە لە نێوان ساڵانی ١٩١٥ - ١٩١٨ تووشی قەڵاچۆکردنێکی گەورە بوون و نزیکەی دوو ملیۆن کەسیان لێ کوژرا و بە ناشرینترین شێوە لەسەر دەستی تورکەکان سووکایەتییان پێ کرا و هەتک کران و سەربڕان و دەربەدەرکران و خاک و ماڵ و موڵکیان لێ داگیرکرا.(١١)

**(٥) ڕەمز:**

لەم ڕۆمانەدا و لە زۆر شوێندا ڕەمز بەکارهێنراوە، دەتوانین بڵێین هەر لە یەکەم لاپەڕەوە خوێنەر لە بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە دەگات، چونکە بە گێڕانەوەیەک دەستی پێ کردووە کە پڕە لە سیمبول و شیکردنەوەی ئەم سیمبولانەش زۆر زەحمەت نییە، چونکە جگە لە سیمبولەکان تەکنیکێکی زۆر ئاسایی و ئاشنایە بە گوێی خوێنەرانی کورد بەکاردێنێت، تەنیا ئەوەندەی کەمە بڵێت "هەبوو نەبوو" کاتێک دەڵێت: (کاکۆی ژەنیاری موراد بەگ دەیڕوانییە ئەو ڕێگەیەی کە نەیدەزانی بەرەو کوێ دەچێت)، پاشان (کاکۆ لە دایکێکی ئەرمەن و باوکێکی کورد لە وڵاتێکی لێرە دوور لە دایک ببوو...). خودی ناوەکان یەکە کە سەیر نین، بەڵام بەستنەوەی ئەم سێ ناوە بەیەکەوە تۆزێک سەیر و سیمبول ئامێزە، بۆ کاکۆ و بۆ ئەحمەد نا، یان بۆ جۆن نا، بۆ ژەنیار و بۆ موحەمەد، یان پیرۆت نا، موراد بەگ چییە و ئەم بەگە بۆ بە موراد نووساوە، دەکرێت ئەم ناوانە هەموو سیمبول و ئاماژە بن. کاکۆ کە ناوێکی کوردییە، بەڵام ئاماژەی ئایینی نییە بۆیە دەکرێت لەلایەن دایکێکی ئەرمەنیشەوە قەبووڵ بکرێت کە لەوانەیە ناوە ئایینی و ئیسلامییەکان یادگاری تاڵی وەبیر بێننەوە. ژەنیاریش کە بە هەمان شێوە ناوێکی کوردی و میوزیکییە دەلالەتی خۆی هەیە. لەلایەکی تریشەوە ئۆرانووسی میوزیکژەن بووە بە سیمبولێکی میوزیکی تر، ئەوەندە گرنگی بەم کارەکتەرە داوە تا گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی وەک مەسیح خەڵک چاوەڕوانی گەڕانەوەی بکەن. دەکرێت بابەتی میوزیک لەم ڕۆمانەدا لە بەرانبەر بابەتی توندوتیژی بەکارهێنرابێت، ژەنیاری موراد بەگیش کە ناوەکەی میوزیکییە بە پێچەوانەی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ئاییندار توندوتیژی ڕەت دەکاتەوە و زۆر بە نەرمونیانی و لێبوردەیی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری دەکات، هەتا پێکهێنانی هاوسەرگیرییەکەیشی لەگەڵ کچێکی ئەرمەنی پڕ لە گرێی سایکۆلۆژی پڕ لە خەم و ئازار بەو ئاراستەیەیە کە بتوانێت یارمەتی ئەم کچە بدات و لەم دۆزەخە ڕزگاری بکات کە تێیدا دەژێت. (کاکۆ لە دایکێکی ئەرمەن و باوکێکی کورد لە وڵاتێکی لێرە دوور لە دایک ببوو...) دەکرێت ئاماژەی پێکەوەژیان و هاوسۆزی کورد و ئەرمەنیشی لێ هەڵێنجین.

دەفتەرە چەرمینەکەش سیمبولێکی پڕ لە نهێنییە کە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە. چۆن میوزیک و چیرۆکی ئۆرانووسی میوزیکژەن چارەکێکی ڕۆمانەکەی داگیرکردووە، ئەم دەفتەرە چەرمینەش چارەکێکی تری داگیر کردووە. ئەم دەفتەرە هەڵگری مێژوویەکی گەورە و قورس و پڕ لە نەهامەتی و پڕ لە کوشتن و بڕین و خوێن و توندوتیژییە، مێژووی ئازار و جینۆسایدی ئەرمەنەکانی هەڵگرتووە، هەربۆیە دەبینین دایکی کاکۆ دەیشارێتەوە و پێی خۆش نییە کاکۆ بیبینێت و ئاشنای ئەم مێژووە تاڵ و پڕ لە ئازارە بێت و ژیانی وەکو ژیانی دایکی لێ تاڵ ببێت، هەرچەندە لەدواییدا کاکۆ بەم مێژووە هەر ئاشنا دەبێت و ئەم دەفتەرە دەدزێت و سەفەریش بۆ خۆرهەڵات دەکات، لەگەڵ خۆیدا ئەم دەفتەرە دەهێنێتەوە بۆ کوردستان کە گۆڕەپانی جینۆسایدی ئەرمەنەکانە لەسەر دەستی تورکەکان. لە سەرەتادا کاکۆ زۆر لەم دەفتەرە دەترسێت و ناوێرێت بیکاتەوە و سەیری بکات. نووسەر لە لاپەڕە ٨٦ دەڵێت: (کاکۆ زۆر دواتر نهێنی ئەو دەفتەرە چەرمینەی زانی، زۆر دواتر توانی تەنیا بەرگەکەی ببینێ...) لە لاپەڕە ١٠٢ دەڵێ: (کاکۆ بیری لەوە دەکردەوە ئەو دایک و پوورەی چۆن ئەو هەموو ماوەیە لەگەڵ ئەو دەفتەرە و سەرنشینەکانیدا ژیاون، چۆن گەڕاونەتەوە و بۆ هەمیشە نەیبردوون و لەگەڵ هەورێکدا فڕێی نەداونەتە دورگەیەکەوە). لە لاپەڕە ١٧٨دا پوورە هەریازی دەڵێت: (جگە لەم چەند لاپەڕەیە چیمان هەیە، ئیدی شار و گوندێک نەماوە بۆ ئێمە...ئیدی هەموو خزم و کەسی مە لەناو ئەو لاپەڕانەدانە. هەموو شار و گوندەکانمان لەوێدان، ماڵە کۆن و کەنیسەکانمان تەنیا

لەوێدا زیندوون).
ئەم دەفتەر چەرمینە ڕەمزی نەتەوە و وڵاتێکە کە بەهۆی توندوتیژی ئایینی و یەکتر قەبووڵ نەکردن و یەکتر ڕەتکردنەوە لە ناوچەیەکی جوگرافی و لە زێدی باب و باپیرانیانەوە قرکراون، ئەوانەش کە ماون ڕایان کردووە و کۆچیان کردووە و بە وڵاتانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. ئەوەتا لە لاپەڕە ١٠٤دا نووسەر دەڵێت: (بەڵام ئەو دەفتەرە کە ئەوە تەنیا کاکۆیە پێی دەڵێت دەفتەر! دەنا هیچ ناوێکی لێ نانرێ، دەشێ شارێکی سەربەخۆ، یان وڵاتێکی ون، یان نەتەوەیەکی لەدەستچوو بێت)، پاشان لە لاپەڕە ١٠٧دا دەڵێت: (کاکۆ بۆ یەکەم جار هەستی کرد ئەوە دەفتەری ژیانە، ئەوە نووسینەوەی هەناسە و لەحزەکانە...). لە ژێرەوەی لاپەڕەی یەکەم بە خەتێکی جیا نووسراوە (ئەی ئەرمەنی لە هەر جێگایەک هەی پێ بە خۆڵەمێشدا مەنێ، دەشێ گریانێک لە ناخیدا نووستبێ). دایکی کاکۆ هەر بە کردنەوەی ئەم دەفتەرە بەرگ ڕەش و قاوەییە پێی دەنایە نێو زەمەنێکی تەواو جیاواز، ئەگەر لە بەر خاتری کاکۆ و مێردەکەی نەبوایە هەر حەزی نەدەکرد لەو زەمەنە بێتەدەرەوە. کاکۆ دەڵێت: (ئەو کە دەگەڕایەوە لەبەر خاتری ئێمە دەگەڕایەوە و لە خەڵوەتەکەی دەهاتەدەر).

### (٦) زمانی وێنە و میوزیک:

لەم ڕۆمانەدا کار لەسەر زمانی وێنە و زمانی میوزیکیش کراوە. وێنەی پۆرترێتی بەدیوار هەڵواسراودا قسە لەگەڵ کاکۆ دەکات، کامێراکەی جەیمس پۆل براون وێنەی ئازار و مەینەتییەکان دەگوێزێتەوە. نووسەر ئەوەندە بە گرنگییەوە باس لەم کامێرایە دەکات کە وەکو ئەوە وایە شتێکی گیانلەبەرە و هەست و سۆزی هەیە و توانایی قسەکردنی هەیە، نەک ئامێرێکی ڕەق و تەق و بێ گیان. لەسەر زاری کاکۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەڵێت: (ئەو کامێرا تاقانەیەی تۆ هێندەی هەموو کامێراکانی دنیا بەهای هەیە). خاوەنی ئەم کامێرایە جەیمس پۆل براون ئەوەندە ناودار بووە وای لێ هاتووە کە (بووە بە پیاوێک ئەگەر بدوێت دنیا شەق دەکات)، ئەم کامێرایە کامێرایەکە (تەرمی ئەرمەنەکان دەگەیەنێتە نیویۆرک). کاتێک کاکۆ وێنەی ئەم کامێرایە دەگرێت و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتەوە ماڵەوە، دایکی بە دزیی کاکۆوە بە باوکی کاکۆ دەڵێت (تۆ نازانی ئەو وێنەیە چییە، ئەوە سندووقی هەموو حیکایەتەکانە، دەبینم وەک ئێستا لە بەردەمم بێ، نەنکم دەبینم بەدوای منداڵە دوو ساڵانەکەیدا دەگری، دەبینم ڕێچکەی هەزاران ئەرمەنی دەبینم بە ڕووتی و برینداری تێدەپەڕن... ئەوە وێنەی کامێرایەک نییە لەو دیو شووشەی ڕوون و خاوێنەوە دانرابێ، نا ئەو کامێرایە پارچە میتاڵێک نییە بە ڕێکەوت کرابێتە کامێرا، ئەوە سندووقی ڕوحی هەزاران ئەرمەنییە...).
میوزیکیش بەشێکی زۆری ئەم ڕۆمانەی داگیر کردووە. هەر لە ناوی باوکی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە کە ناوێکی میوزیکییە و ئاماژەی میوزیکیانەی هەیە بگرە تا دەگاتە چیرۆکی ئۆرانووسی میوزیکژەن، ئەم ڕۆمانە پڕاوپڕە لە زمانی میوزیک. خودی نووسەر خۆی لە زۆربەی نووسین و چاوپێکەوتنەکانی زۆر گرنگی بە میوزیک داوە. لەم ڕۆمانەشدا بەشێکی زۆری بریتییە لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئۆرانووسی میوزیکژەن، ئەوەندە گرنگی بەم کارەکتەر داوە تا گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی وەکو مەسیح خەڵک چاوەڕوانی گەڕانەوەی بکەن. دەکرێت بابەتی میوزیک لەم ڕۆمانەدا لە بەرانبەر بابەتی توندوتیژی بەکارهێنرابێت، ژەنیاری موراد بەگیش کە ناوەکەی میوزیکییە بە پێچەوانەی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ئایندار توندوتیژی ڕەت دەکاتەوە و زۆر بە نەرمونیانی و لێبوردەیی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری دەکات و لە ژیاندا کەسێکی ڕشت و لەسەرخۆ و ئارامە و زۆر حەزدەکات سوود بە کەسانی دەوروبەری بگەیەنێت و خەڵک ئاسوودە بکات. میوزیک لەلای نووسەری ئەم ڕۆمانە چارەسەری زۆر گرێ و گار دەکات و زۆر برین سارێژ دەکات، چونکە زمانی میوزیک زمانی پاکبوونەوە و لێبوردەیی و چێژ و سۆز و پێکەوەژیانە.

### (٧) ئەنجامەکان:

ئەنجامەکانی ئەم باسە لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:
(١) لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە ڕووداوی هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکانی گێڕراوەتەوە، زۆریش حیساب بۆ شەپۆلی بیرکردنەوەی خوێنەر کراوە، زمان و تەکنیکی گێڕانەوە وەکو کەرەستەیەک بۆ گواستنەوەی مانا و

مەبەست بەکارهێنراوە و لەمەشدا نووسەر تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتووە.

(٢) ئەم ڕۆمانە بە زمانێکی سادە و پاراو نووسراوە، ئاواز و ڕیتمێک لەم ڕۆمانەدا هەیە کە خوێنەر بۆ خوێندنەوە و چێژوەرگرتن کێش دەکەن. کارەکتەرەکان بە دەنگێکی بەرز بیردەکەنەوە و خەیاڵ دەکەن و خەیاڵەکانیان بە وشە و ڕستە دەگێڕنەوە.

(٣) نووسەر وەک ئەندامێکی هاوشێوەی نەتەوەی نێو ڕۆمانەکەی کە بە درێژایی مێژوو تووشی جینۆساید و دەربەدەری و داگیرکاری بووە، هاوسۆزی هەیە بۆ ئەم جۆرە کەیسانە و هەوڵیشی داوە لە ڕێگەی زمان و گێڕانەوەکانییەوە سۆزی خوێنەریش بۆ ئەم کەیسە کێش بکات.

(٤) لە زۆر شوێنی ئەم ڕۆمانەدا ڕەمز بەکارهێنراوە، دەتوانین بڵێین هەر لە یەکەم لاپەڕەدا خوێنەر لە بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە دەگات، چونکە بە گێڕانەوەیەک دەستی پێکردووە کە پڕە لە سیمبول و شیکردنەوەی ئەم سیمبولانەش زۆر زەحمەت نییە، بۆ نموونە ناوەکان وەک ڕەمز بەکارهێنراون.

(٥) لەم ڕۆمانەدا کار لەسەر زمانی وێنە و زمانی میوزیکیش کراوە. وێنە و پۆرترێتی بەدیوار هەڵواسراودا قسەی خۆیان دەکەن و پەیامیان پێیە. لەلایەکی ترەوە لەم ڕۆمانەدا میوزیکیش زمانی خۆی هەیە و ڕووداو دەگێڕێتەوە و وەکو سیمبولیش بەکارهێنراوە، باشترین نموونەش ئۆرانووسی میوزیکژەنە.

**(٨) سەرچاوەکان:**

**(١) جەبار جەمال غەریب (٢٠٠٩) پێنجەمین کتێب. هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.**

**(2) Roland Barthes (1975). An Introduction to the Structural Analysis of Narrative. John Hopkins University Press.**
**(3) Gunasekaran, K. (2010) Narrative Techniques, Language and Style in R. K. Narayan's Works. Language in India. Volume 10.**
**(4) Martina Kope (2005) Writing Sexual Violence. Words and Silences in Yvonne Vera's Under the Tongue. New York: Rodopi.**
**(5) Fisher, Walter, R. (1987). Human Communication as Narrative: Towards a Philosophy of Reason, Value, and Action. Colombia: University of South Carolina Press.**
**(6) Aitcheson, Jean (1999) Linguistics. 5th ed. London: Hodder Headline.**
**(٧) جەبار جەمال غەریب (٢٠٠٢) دنیا لە کتێبێکدا. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.**
**(٨) جەبار جەمال غەریب (٢٠٠٦) لەسەر باران دەنووسم. سلێمانی: دەزگای ڕەنج.**
**(٩) جەبار جەمال غەریب (٢٠١١) ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زیلن. لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر.**
**(10) Sherwani, K. A. (2011) A Critical Discourse Analysis of English Broadcast Political Speeches. Unpublished Dissertation. Salahaddin University.**
**(11) The History Place - Genocide in the 20th Century / www. Historyplace. Com**

# نالی و (ئەو) ڕێژکردنی جەستەی مەستووره

پێشڕەو عەبدوڵلا

## سەرەتا

قەسیدەی مەستووره یەکێکە لەو دەقانەی زۆری لەبارەوە وتراوە، کە هەموویان هەڵگری ڕوانینی جیاجیان لە بارەی ئەم قەسیدەیە لەوانە مامۆستایان (ڕێبوار سیوەیلی) و (حەمەی حەمە باقی) و چەندانی تر ، بەڵام ئەم خوێندنەوانە ڕێگەی ئەوەمان لێناگرن کە جارێکی تر ئەم دەقە بخوێنینەوە، چونکە شاعیرێکی وەکو نالی فرە ڕەهەندە و ئاوا بە ئاسانی خۆ بەدەست یەک ڕوانین و ڕاڤەوە نادات.

هەرچی ئەم کورتە باسەی ئێمەیە ڕوانینە بەدیدی دەروونشیکارییانە بۆ دەقی ئەدەبی بەگشتی، بەتایبەت شیعر لەناو دەروونشیکارییە ئەدەبییەکانیش (سیگمۆند فرۆید) ، چونکە لە خوێندنەوەی قەسیدەی مەستوورەدا زۆرێک لە تیورە دەروونییەکانی فرۆید بەدی دەکەین، کە وەک ماسی لەناو قەسیدەکەدا مەلە دەکەن . ئێمە لەم باسەدا هەوڵی نزیکردنەوەی دیوی ناوەوەی نالی و تیوری (ئەو)ی فرۆیدمان داوە .کە دڵنیام ئەم خوێندنەوەیەش دوا خوێندنەوە و دوا ڕێگا نییە لەسەر ئەم قەسیدەیە، بەو ئومێدەی توانیبێتم دەرگایەکی ترم کردبێتەوە .

## ١- ئەو Id

ئەگەرچی ئەو بۆ خۆی بەشێکە لەجەستە و سەر بەلایەنی بایەلۆژی مرۆڤە، بەڵام فرۆید لە ڕیزکردنی بەشەکانی دەروون لە مرۆڤدا بە بەشێکی سەرەکی لە قەڵەم دەدات. لە کاتێکدا هەموو هەوڵەکانی فرۆید بۆ ئەوە بوو کە لایەنی بایۆلۆژی لە مرۆڤدا جیا بکاتەوە لە لایەنی دەروونی لە مرۆڤدا هەروەک چۆن بەم جیاکردنەوەیەی توانی زانستی پزیشکی و زانستی دەروونناسیش لە یەک جیابکاتەوە. ڕیزبەندکردنی ئەو لە خانەی دەرووندا لای فرۆید، ئەو باوەڕەمان لەلا پتەو دەکات کە جەستە پێوەندییەکی گەورەی بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە و ناتوانین لە باسی دەرووندا جەستە فەرامۆش بکەین. بۆ باسکردنی ئەو «کۆگا و سەردابێکە پڕیەتی لە ڕەمەک و پێداویستییە فسیۆلۆژییەکان و کۆنترین بەشی کەسایەتییە، واتە کاتێک مرۆڤ لە دایک دەبێت تەنیا ئەم بەشەی هەیە و لە تەکیا لە دایک دەبێت و بە درێژایی ژیانیش هەر لە تەکیا دەمێنێتەوە و لە گشت بۆماوە و حەز و ئارەزووە ئاژەڵییەکان پێکهاتووە و دەبێت بە بەردی بناغەی کەسایەتی مرۆڤ» (١) ، واتە (ئەو) لەگەڵ ئەوەی لە جەستەدایە و بەشێکە لە جەستە، بەڵام زیاتر وەک حەز و ئارەزوو و غەریزەکان هەیە، کە



**نالی**

لەناو مـرۆڤـدا بوونیـان هەیە، ئەم حـەز و ئارەزووانە دەتوانین بڵێین شتانێکن، کە نەک بەتەنیا مرۆڤ بەڵکو ئاژەڵیش خاوەنیانە، بە مانایەکی تر (ئەو) ئەو بەشە ئاژەڵییە لە مرۆڤدا کە ڕێسا و یاساکان ناناسێت و تێناگات لە شتەکان و هەموو هەوڵێکی خۆشی هەوڵە بۆ گەیشتن بە چێژ.

«فرۆید ئەوەی سەلماند کە خودی دنیای (ئەو) لە قۆناغی منداڵی مرۆڤدا باڵادەستە و ئەم غەریزە سەرەتاییانە پاڵنەرن بۆ هەڵسوکەوتەکانی منداڵ، کە منداڵی بچووک هەوڵی جێبەجێبوونیان دەدات و بە ڕاستەوخۆیی گوزارشتیان لێ دەکات لەو پاڵنەرە شەڕانیانە بەبێ ئەوەی هەست بە پەشیمان بوونەوە، یان تەریق بوونەوە بکات و عادەت و کولتووری جیهانی دەرەکی ناپارێزێت» (٢)

بەو مانایەی (ئەو) لە قۆناغەکانی سەرەتایی ژیانی مرۆڤدا زۆر ئازادە لە جێبەجێکردنی حەز و خولیاکانی خۆی، مرۆڤ لەم بارەدا هەروەک ئاژەڵ وەهایە و چۆن هەردووکیان گوزارشت لەو شتانەی خۆیان دەکەن بەبێ ئەوەی ڕەچاوی عادەت، یان یاسا، یان هەر هێزێکی دیکە بکەن. کە لە واقیعی خۆیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەگەر ئێمە ورد بینەوە لە (ئەو) لایەنێکی هەیە جەستەییە، بەڵام لایەنێکی تری دەروونییە، ئەویش حەز و خولیاکانن کە هەر ئەم حەزانەیە وەک پاڵنەری سەرەکی کار لە جووڵەی جەستەی مرۆڤ دەکەن. لەپاڵ ئەوەدا کە (ئەو) وەک کۆگا وایە کۆمەڵێک غەریزە و ڕەمەکی جیاجیای لە خۆی گرتووە کە زۆر دژی یەکتریشن، بەڵام بەم دژ و جیاوازیانەیان ناکەونە بەرانبەری و یەکتر سڕینەوە.

«دوو جۆر لەپاڵنەر لەم ناوچەیەدا هەیە، پاڵنەرێکیان ژیان دۆستییە، وەک داهێنان و دروست کردن و خۆشەویستی لەگەڵ کۆمەڵێک حەزی تر، کە بە لیبدۆ (libdo) ناونراوە، کە ڕەهەندێک لە (ئەو) تایبەتە بە پێوەندییەکان و چالاکی و سێکسییەوە، بەڵام پاڵنەری دووەم مەرگ دۆستییە وەک شەڕانییەت و مردن و تێکدان و ڕووخان کە پێی دەوترێت مەرگ دۆستی، یان غەریزەی مردن» (٣).

واتە (ئەو) لەگەڵ ئەوەی کە یەک بەشە لە دەروون، بەڵام لە ناوەوەی خۆیدا کۆئەندامێکە بۆ خۆی، کە پڕە لەشتی سەیروسەمەرە و جیاواز و دژ بەیەک، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەم دژانە لەگەڵ یەکتردا ناکەونە ناو شەڕەوە، خۆ ئەگەر وابوایە ئەوە مرۆڤ هەر خۆی بە خۆی دەبووە هۆی لەناوچوونی خۆی، بەڵام ئەم ڕەمەکانە لە واقیعدا خۆیان دادەڕێژن. «لە ئەودا دژەکان و ناکۆکییەکان و ئەنتیتێزەکان لە تەک یەکترەوە بەئاشتی و سازش بەردەوام دەبن، بەبێ ئەوەی کە لەگەڵ یەکتریدا پێوەندی، یان دژایەتی دروست بکەن» (٤)

بەڵام کێشە و ململانێی مرۆڤ، یان خۆشەویستی کاتێک بەرهەم دێت لە واقیعدایە، واتە کاتێک غەریزەی مەرگ دۆستی لە مرۆڤێکدا دەردەکەوێت، لە واقیعدا لەگەڵ مرۆڤێکی تردا، کە ئەویش لەو حاڵەدایە کە ئەم غەریزەیەی تێدا دەرکەوتووە، ئەوە ئەم دوو مرۆڤە دەکەونە ناو شەڕ و تێکدان و هەراوە، بۆ خۆشەویستیش بە هەمان شێوە کار دەکات، یان جار هەیە خۆشەویستی لە مرۆڤێکدا دەردەکەوێت، بەڵام بەرانبەرەکەی جارێک هیچ حاڵێکی نییە، ئەم مرۆڤەی یەکەمە وا دەکات ئەو غەریزەی خۆشەویستییە لەو بەرانبەرەیدا دەرکەوێت و هەردووکیان دەکەونە ناو فەزای خۆشەویستییەوە، یان فەزای سێکس، یان شەڕ. شتێکی ئاساییە کاتێک مرۆڤ بەهۆی (ئەو)ەوە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی

خۆشەویستی، یان هەر کارێکی دیکە، کە پێویستە ئەنجامی بدات. هەر وەک فرۆید دەڵێت: «کاتێک (ئەو) دەکۆشێت خواستێکی غەریزەیی خاوەن ئەدگارێکی ئیرۆسی، یان سانتۆسی بەسەر مرۆڤدا فەرز بکات، ئەوە سروشتترین و ئاسانترین بەرتەکی (من - ئیگۆ) سەروەری هەردوو ئۆرگانی بیرکردنەوە و ماسولکە ئەوەیە بە کردارێک لە کردارەکان پێشوازی لەو خواستە بکات» (٥)

هەموو هەوڵەکانی (ئەو) لەسەر بنەمای چێژ خۆی بینا دەکات، واتە کاتێک مرۆڤ شەڕ دەکات، یان خۆشەویستی، یان سێکس، یان شتێک دروست دەکات، یان دەیرووخێنێت، هەمووی بۆ چێژە، فرۆید چێژ دەکاتە بنەمای جووڵانی (ئەو) لەمرۆڤدا. «ئەو بە کۆگایەک دادەنرێت لە توانایی دەروونی کە لەسەر بنەمای چێژ ڕێ دەکات» (٦) (ئەو) لای فرۆید یەکەمین بەش و پلەی یەکەمی هەیە و دەکەوێتە پێش (من) و (منی باڵاوە)، هەروەها زۆر ئاژەڵیانە هەڵسوکەوت دەکات و شارستانی نییە، بەڵکو نارێکە و بێ سەروبەرە.

«زۆربەی بەشەکانی بە نیگەتیڤ ناو دەبرێت و لەگەڵ (من)دا لە دژایەتیدایە، (ئەو) سەرەتاییە، بەڵام من شارستانییە و نارێکوپێکە و ڕێکخراوە بنەمای لەزەت دەچەسپێنێت» (٧)

هاتنە دەری (ئەو) بۆ ناو واقیع و جێبەجێبوونی مرۆڤ لە دڵەڕاوکێ و دوودڵی ڕزگار دەکات، چونکە ئەگەر بنۆڕین، ئەم غەریزانە خەیاڵ بۆ مرۆڤ دروست دەکەن و وادەکەن مرۆڤ ئارامی نەبێت، هەروەک چۆن غەریزەی سێکس خەیاڵ بۆ مرۆڤ دروست دەکات، بەمەش مرۆڤ تووشی شڵەژان دێت کاتێک ئەم وەسوەسەیە لەمرۆڤدا کۆتا دێت، کە ئەو غەریزەیە تێر بکات و ڕازی بکات.

«مەبەست لە بنەمای چێژ ئەوەیە مرۆڤ لە شڵەژان ڕزگار بێت، ئەگەرچی ئەمە یەکجاری نییە، بەڵام بۆ ساتێک مرۆڤ ئارام دەکات» (٨)

## ٢- (ئەو) و شیعر

بەوەدا ئەو نیشتەجێی ناو جەستەی مرۆڤە و واقیع یەکەمین وێستگە و دواهەمین وێستگەیەتی، هەروەها شیعریش خەمی جیهانێکە لە دەرەوەی واقیع و هەمیشە ڕەشماڵی خۆی لە جیهانی خەیاڵدا هەڵداوە، بۆیە ئێمە لە بەردەم دوو ڕەگەزی جیاوازداین، یەکیان لەسەر واقیع خۆی بینا دەکات، هەرچی شیعریشە لەسەر وەهم گەمەکانی خۆی درێژ دەکاتەوە، ئێستا با بزانین چۆن ئەم دوو ڕەگەزە دەکەونە ناو پێوەندی و چۆن لەپاڵ یەکتردا دادەنیشن.

سەرەتا ئەوەمان زانی (ئەو) سەردابێکە پڕە لەڕەمەک و حەز و ئارەزووەکان، کە بەبڕوای فرۆید زۆربەیان سروشتین و مرۆڤ کە هەر لەمنداڵییەوە خاوەنیانە.

ئەم کۆمەڵییەش لایەنی ئاژەڵی مرۆڤە و یاسا و کولتوور و ئادابەکان ناناسێت، بەڵام واقیع هەروا سادە و خۆش ڕێگا نییە. بۆ ئەوەی (ئەو) خۆی باوێتە ناو جیهانی هەستییەوە. بۆیە کۆمەڵەکەی ئەو لە واقیعدا تووشی چەپاندن و دەرکردن دەبن، بەڵام سروشتی مرۆڤ وەهایە هەمیشە جێگرەوەی بۆ حەزە لەدەست چوو و خەفەکراوەکان هەیە کە ئەویش جیهانی خەیاڵ.

لێرەوە شیعر دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئەودا دەست پێدەکات، وەک ئەوەی گرێبەستێک ببەستن بەوەی هەرچی لەئەودا چەپێنراو و شکایەوە شیعر بیگرێتە خۆی، ئیتر ئەم جۆرە لەشیعر، پڕە لەو هێزە مەرگ دۆستی و ژیان دۆستییانەی لەئەودا بوونیان هەیە.

«چالاکی ئەدەبی هیچ نییە جگە لە گوزارشتکردن لەو حەزانەی کە لە جیهانی شتەکاندا دانامرکێنەوە، بۆیە بۆ جیهانی وەهم و خەیاڵ بڵاوە دەکەن بۆ ئەوەی دایانبمرکێننەوە» (٩)

بەڵێ ! ئەدەب بەگشتی شوێنی خواستنی خواستنەکانە، جا جیاوازی نییە ئەم خواستانە خواستی دەروونی بن، یان بایۆلۆژی و جەستەیی، چونکە ئەم هەموو خواستانە خاوەنی گوشاری خۆیانن بۆ سەر مرۆڤ.

هەر بۆیە شاعیر لەیەک کاتدا نیشتەجێی نێوان دوو جیهانە، ئەویش جیهانی خواستە بەدیهاتووەکان و جیهانی خواستە بەدی نەهاتووەکان، ئەوەی بەدی دێت شاعیر وازیان لێدەهێنێت، بەڵام خواستە بەدی نەهاتووەکان شاعیر دەکەنە ئەو گەریدەیەی کە بۆ ناو ماڵی شیعر بیانگوازێتەوە. شاعیر ڕاگوزەرە لەنێوان جیهانەکاندا هەمیشە خەمی ئەو خەمی خواستە بەدی نەهاتووەکانە، هەر بەوەندە ناوەستێت ئاشکرایان بکات، بەڵکو جیهان و شوێنگەشیان بۆ دەدۆزێتەوە تا بەرجەستەبن. با بە خەیاڵ و وڕێنەش بێت شاعیر



مەستوورە

هێندەی ڕابردووی لەگەڵ خواستە بەدی نەهاتووەکاندا هەیە، هێندە ماوەی ژیانی لەگەڵ خواستە بەدی هاتووەکاندا نییە، چونکە خواستە بەدی هاتووەکان لەگەڵ بەدی هاتنیاندا، دەمرن و دەگەنە کۆتا، بەڵام خواستە بەدی نەهاتووەکان شاعیر هەراسان دەکەن و داوای بەدیهاتن لەشاعیر دەکەن.

«هونەر گۆڕینی خواستە واقیعەکانە، کە هونەرمەند بۆ خواستی خەیاڵی نایانگاتێ»(١٠)، هەرچی (ئەو)ـە، لەدوو شوێنی جیاوازەوە هێرش دەکاتە سەر شاعیر یەکەمیان ڕەمەکەکانە وەک ڕەمەکی سێکس و خواردن و مەرگ و ژیان و... تاد. دووەمیان حەز و خولیاکانە، بەهەردوو بارەکەدا شاعیر دەخەنە ژێر گوشاری خۆیانەوە.

کە هەردووکیان بۆ گەیشتنە بەو هیوایەی خەیاڵ بۆ شاعیر دروست دەکات، ئەمەش بەخشینی جۆرێکە لەچێژ بۆ شاعیر جا چ بەدیوە جەستەیی، یان دەروونییەکەی بێت. بۆیە بەشێک لەو خواستانە سروشتین و بەشێکیان دەستکردن و لە ئەنجامی ئەزموون و تێکەڵی دەروبەرەوە بۆ مرۆڤ دروست دەبن.(١١)

ئەم ئەزموون و تێکەڵ بوونە هەمیشە لەگەڵ خۆیدا خەون دەهێنێت، کۆمەڵێک خواست دەهێنێت، کە مەرج نییە شاعیر خۆی لە سروشتی خۆیدا هەیبێت، بەڵکو ئەم سەرئەنجامی سەرسام بوونە بەدنیای دەوروبەری خۆی، یان لە ئەنجامی ئەو گرفت و کێشانەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەموو ئەمانە پێکەوە سەرچاوە و ئیلهامی شاعیرن بۆ گەورەکردن و فراوان کردنی جیهانەکەی خۆی کە ئەویش شیعرە.

«چێژ بەپێی تیوری ئێمە کۆمەڵێک گیروگرفتی ئەرێنی و نەرێنییە کە ڕەمەکەکان وەک چاوگێک بۆ تێربوون ئاراستەی دەکەن»(١٢).

واتە مەرج نییە چێژ هەر خۆشی بێت، یان لایەنی ئەرێنی لەخۆی بگرێت. نا! بەڵکو زۆر جار مرۆڤ هەیە چێژ لە کوشتن و ئازاردانی بەرانبەر وەردەگرێت، یان چێژی تۆڵەکردنەوە، یان ئەزیەتدانی خەڵک، هەموو ئەمانە بۆ خۆیان سەلمێنەری لایەنی ئەرێنی و نەرێنی چێژن، بۆیە مەرج نییە چێژ هەمیشە خۆش و باش بێت، بەڵکو خۆشی هەیە، بەڵام باش نییە، چونکە (ئەو) وەک گوتمان لایەنی ئاژەڵی لەخۆدەگرێت لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک لایەنی باشیشی هەیە، وەک هێزی بیناکردن و بنیادنان، بەڵام کاتێک ئەم ئاژەڵپەرستییە بووە یەکەمین چێژی مرۆڤ، ئەوە کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەویش شکاندن و تێکدانی شتەکانە، یان خوێن ڕشتن و تێکەڵکردنی شتەکان بەخۆیەوە گرێ دەدات. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لەشیعردا هەرچەندە بە وشەی جوان و ناسک پڕ بێت، هەمیشە لایەنێکی ناشیرین و دزێو لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئەم بنەمایە کێشەیەکی لەمێژینە لەسەر ماهیەت و جەوهەری شیعر زیندوو دەکاتەوە. کە ئایا شیعر ئیلهامە، یان ئەم بارە دەروونیانەیە.

(د. ئەحمەد کەمال زەکی) زۆر بەتوندی دژی ئەوە دەوەستێتەوە کە شیعر ئیلهام، یان سرووش، یان شتێکی پیرۆز بێت، چونکە ئەو باوەڕی وەهایە مادام شاعیر مرۆڤە و لەگەڵ مرۆڤدا دەژیت، لەکار و کاریگەری بەدەر نییە، بۆیە ڕەخنە لەوانەش دەگرێت کە کاتێک باسی شاعیر، یان شیعر دەکەن، هیچ ئەوە بەهەند وەرناگرن کە دەوروبەر و ئەزموونەکان کار لە ژیانی شاعیر و شیعر دەکەن، چونکە ئەم ئەزموونە با زۆر کۆن بێت، یان هی سەردەمانێکی منداڵی و لەیادچووبێت، یان حەزێکی ونبوو بێت، چونکە شیانی ئەوە لەشیعردا هەیە کە هەموو شتە بزربووەکانی شاعیر جارێکی تر زیندوو ببنەوە و لەدوای فەوتان و لەناوچوونیان سەر دەربهێنن، دیارە

ئەمەش لەشیعردا نەک لەواقیعدا، تەنانەت زۆر دژی ئەوەش دەوەستێتەوە کە شیعر بارێکی دەردراو و بۆهاتن بێت، چونکە ئەو لەسەر ئەو ڕایەیە کە شیعر هەمیشە لە خواستەکانی شاعیر، یان جیهانی دەوروبەر و ئەو ژینگەیە دانابڕێت شاعیر ژیانی تێیدا دەگوزەرێت، بەڵام لەپاڵ ئەم ڕا سەختەشیدا دژی ئەوەش دەوەستێتەوە کە شاعیر بەشێوەیەکی پیشەگەرانە و بەدەستی ئەنقەست وێنە دروست بکات و شیعر بنووسێت(١٣).

بەڵکو هەردەبێت ئەو هاوسەنگی و هارمۆنیەتە بدۆزێتەوە کە هەم لەلایەکی بۆهاتن بێت و شاعیر بەویستی خۆی وێنەکان نەسازێنێت، لەلایەکی تریشەوە نابێت شیعر لەواقیع دابڕێت و بەئاسمان و سرووش و ئیلهامەوە ببەسترێتەوە. بەم پێودانگە شیعر بەرئەنجامی ئەو ژیان و ناسۆرانەیە کە شاعیر ئەزموونیان دەکات.

ئەم بنەمایەی (د.ئەحمەد کەمال) ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات زیاتر لەپێوەندی نێوان (ئەو) و شیعر تێبگەین. کە چۆن شیعر لەگەڵ کۆمەڵەی ئەودا، هاوپەیمان و هاوئاهەنگە، بەتایبەت کۆمەڵەی خواستە بەدی نەهاتووەکان ئەم جۆرە لەشیعرە، شیعرێکە بە حەزە شەڕانگێز و ئاشتیخوازەکانی شاعیرەوە، یان ئەزموونە تاڵ و شیرینییەکانەوە پەیوەستە، کە پێدەچێت بۆ گەیشتن بەچێژ جارێک جوانی بخولقێنێت و شتەکان ڕیزبکات ، یان کاردانەوەی خۆی لەسەر یارە بێ وەفا و سەرکردە درۆزن و ئەو کەسانە نیشان بدات، کە ڕۆژێک شاعیریان بریندار کردووە (ئەو) وەک هێز وەک دەموچاوێکی ترسناک خۆی لەناو ئەو شیعرەدا نیشان دەدات و ئەو ڕیژی دەکات.

**«مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ**
**هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ**
**هاتووم وتی عوقدەم هەیە قەط مومکینە وا بێ**
**هیی تۆم ئەگەر ئەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ»(١٤)**

نالی شاعیر لەم قەسیدەیەدا هەموو ڕەمەک و خواستە بەدی نەهاتووەکانی، کە پێشتر هەیبووە لەسەر مەستوورە خانمی شاعیر بێ ڕتووش دەربڕیوە، بە جۆرێک هیچ شتێکی تێدا نەهێشتووەتەوە، بۆ ئەمەش سەرەتا بە فێڵێکی دەروونی ئەنجامی دەدات. هەتا خۆی لە لۆمەکردنی (من) دەرباز بکات بۆ ئەوەی (ئەو)ی زۆر ئازادانە خۆی باوێتە ناو گەمەکانی زمانەوە. نالی هەر لەسەرەتای قەسیدەکەوە دەڵێت لە خەومدا ئەم ڕووداوە ڕووی داوە بۆ ئەوەی خۆی لەو هەموو کۆتوبەندەی (من) بدزێتەوە کە نالی دیوار ڕێژ کردووە، کە مەلایە و خاوەنی وێنەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزە لەناو کۆمەڵگادا جا بۆ خۆقوتارکردن لەم هەموو کۆتە دێت شیعرەکەش دەخاتە ناو خەوەوە، واتە لەناو شیعرەکەشدا کە بۆ خۆی جۆرێکە لە زیندە خەو، دێت ئەمەش دەخاتە ناو خەوەوە، ئینجا خەوەکەش وا دەگێڕێتەوە کە مەستوورە گرێی هەیە نەک نالی، واتە جۆرێک لە ڕەوایەتی دەداتە خۆی بۆ ئەوەی ڕەمەکەکانی خۆی لە جەستەی مەستوورەدا بەتاڵ بکاتەوە، کە بە واقیع نەک نەیتوانیوە، بەڵکو ڕوودانی ئەم خەوەی نالی لە پلەی مەحاڵدایە، جا چ لە لایەن خودی نالی کە ئایا بە واقیع ئامادەگی ئەم کارەی هەیە چ لە لایەن مەستوورەوە کەخانەدانێکی گەورە و ڕۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی بووە، بۆیە شیعر شوێنی «نالی»یە تا ئەم خەونەی واقیعی بکاتەوە.

**«نوکتێکی ظەریفە بە نەصیبی ظورەفا بێ**
**تەعریفی دەکەم بەڵکو لە بۆ دەرد شیفا بێ»(١٥)**

نالی دێتە سەر باسکردنی مەستوورە، کە لەبنەمادا ئەم باسکردنە خودی نووسینەوەی خەیاڵە سێکسییەکانی خۆیەتی دەرهەق بە مەستوورە، بەڵام نالی دەڵێت تەعریفی دەکەم واتە ئەو خەیاڵەی نالی کردوویەتی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر مەستوورە نالی دێت لەم شیعرەدا زۆر بە ئازادانە دەینووسێتەوە، کە بۆ خۆی جۆرێکە لە چێژ، واتە لە ڕێگەی چێژی خەیاڵەوە دەیەوێت بڕوات بۆ چێژێکی بایۆلۆژی و دەروون. ئەم کارەی بۆ ڕایی دەکات هەتا نالی ئەم ئارەزووەی دامرکێتەوە و لە واقیعدا تووشی نارێکییەک نەیەت بەرانبەر بە مەستوورە.

**«دوککانی توحەف، کانی حەیا، کانیی بەقا بێ**
**قوببەی لە قیبابی بێ نەقوبابێ**
**وەک خەیمە بە پەردێکی دوو ئەستونە بەپا بێ**
**سەر تیلەکی نەختێ بە نەزاکەت قڵەشابێ**
**وەک هیممەتی صۆفی کە لە نێو خەڵوە خزابێ**
**مەستوور و عەزیزی شەرەف و ڕیفەت و جابێ»(١٦)**

نالی لێرەدا دێتە سەر باسکردنی جەستەی مەستوورە و باسی ڕان و ئەندامی مێینەی دەکات و وا وەسفی دەکات کە کەس نەیدیوە و شاراوەتەوە، ئەمە لە لایەک باسکردنە و لەلایەکی ترەوە هەوڵدانە بۆ خۆ بەتاڵکردنەوەی خۆی لە

جەستەی مەستوورەدا. هەتا لە کۆتایی شیعرەکەدا مەبەستەکەی خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت :

**«کێ بێ لە جیهاندا چ گەدا بێت و چ شابێ**
**تەرکێکی وەها ناسک و پڕ لەززەتی گابێ؟!» (١٧)**

هەموو دێڕە بەیتەکانی ئەم شیعرە لە سەرەتاوە وەسف و جۆرێک لە لێسانەوەی جەستەی مەستوورەیە، کە هەمووی بەتاڵکردنەوەی ڕەمەک و غەریزەکانی خۆیەتی لەسەر مەستوورە، هەتا ئەم ئاخر دێڕە کە مەبەستی خۆی دەڵێت و کۆتایی هەم بە کارەکە دەهێنێت و هەم شیعرەکەش. ئەوەی لەم قەسیدەیەدا چالاکە کۆمەڵەی خواستە بەدی نەهاتووەکانی ناو ئەوی (نالی)یە، بۆیە شیعرەکەش شەلاڵە بە ئامادەگی جەستە و خەیاڵ کە هەردووکیان سەر بە دەروونن و شیعرێکە لەسەر جەستەی مەستوورە ئەو ڕێژ کراوە.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**(١) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاک ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٨٦**

**(٢) عبدالرحمن محمد العيسوي، سيكولوجية الشخصية، ب ط، مطبعة عصام جابر، مصر، ٢٠٠٢، ص١٣٧**

**(٣) نفس المصدر السابق، ص ١٣٧**

**(٤) سیگمۆند فرۆید، پێنج وانە لە دەروون شیکاریدا، و: صباحی مەلا عەولا، ل١٦٢**

**(٥) سیگمۆند فرۆید، مووسا و یەکتاپەرستی، و: محەمەد جەواد مستەفا، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٢٦-١٢٧**

**(٦) د. صالح حسن احمد الداهري، د.وهيب مجيد الكيسي، علم النفس العام، ص١٢٧**

**(٧) ئیریک فرۆم، مرۆڤ لە نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا، و: سابیر بەکر بۆتانی، چاپی دووەم، لەزنجیرە بلاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، ٢٠٠٤، ل١٧٠**

**(٨) كالفن. س. هول، مبادىء علم النفس الفرويدي، ت: دحام الكيال، ط الثانية، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٧٣، ص٢٢**

**(٩) حيدوش احمد، الإتجاه النفسي في النقد العربي الحديث، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص١٩**

**(١٠) نفس المصدر السابق، ص١٩**

**(١١) بڕوانە: د.شكري عزيز الماضي، تیۆری ئەدەب، و: پ.ی.د.سەردار ئەحمەد گەردی، ل ١٦٦**

**(١٢) أ.أ. رتشاردز، مبادىء النقد الأدبي، ت: د.مصطفى بدوي، ص١٤٥**

**(١٣) بڕوانە: د.احمد كمال زكي، نقد دراسة وتطبيق، ب ط، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، المؤسسة المصرية للتأليف والنشر، ١٩٦٧، ص١٠٨-١٠٩**

**(١٤) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، چاپی چوارەم، بلاوکراوەی کوردستان،ایران،١٩٧٦،ل ٦٠٣ - ٦٠٥.**

**(١٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠٧**

**(١٦) سەرچاوەی پێشوو،ل٦٠٨ - ٦٠٩.**

**(١٧)سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢٠.**

# عومەری خەییام
# (شاعیری زانایان و زانای شاعیران)

**جەلال زەنگابادی**
**لە عەرەبییەوە: حەمە کەریم عارف**
**(سلێمانی)**
**(٢ - ٢)**

هەموو سەرچاوەکان دەگەڵ بەرهەمەکانی خەییام خۆیشییەوە، ئەوە نیشان دەدەن کە بلیمەتێکی بەهرەمەندی مەزن و خودان ئاوەزێکی روون و رۆشن و رۆشنبیرییەکی ئینسیکلۆپیدیایی سەیر بووە. زۆر حیکایەتی سەیر و خۆش لەمەڕ جەڵوەدانی بلیمەتی و پێشبینییە پاراسایکۆلۆژییەکانی هەن مینا: "گۆڕەکەم دەکەوێتە شوێنێک کە هەموو بەهارێک گوڵباران بەری دەکەوێت" و زۆرتر لەم بابەتە کە لەم پانتایی و دەرفەتەدا بواری گێڕانەوەی نابێتەوە.

دەتوانین لەو شتانەوە کە هاوچەرخانی خەییام، لەبارەیانەوە گوتووە، خەسڵەتەکانی کەسایەتی خۆی و تایبەتمەندییە ئەدەبی و هزرییەکانی هەڵێنجین، کە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێک لە شرۆڤەکانی چوارینەکانی دەسەلمێنێت، کە گوایە هێماگەرایەکی سۆفی بووە. نەخێر فەیلەسووفێکی بوونگەرای ئیماندار (وجودي مؤمن) بووە و چەند سەدەیەک پێش فەیلەسوفە وجوودییەکانی ئەوروپا کەوتووە وەک: کیرکەگارد (١٨١٣-١٨٥٥)، ئونامۆنۆ (١٨٦٤-١٩٣٦)و گابرێل مارسیل (١٨٨٩-١٩٧٣) و کاری گەییوەتە ئەوەی ئەرنیست رینان (١٨٣٣-١٨٩٢) هزرڤان و مێژوونووسی بەنێوبانگی فەرەنسی بپرسێت "ئەرێ سەیر نییە لەسەدەی یازدەی زایینیدا، لەئێراندا شاعیرێکی هاوتای گۆێتە و هنریش هاینە پەیدا ببێت؟!"

ڕەنگە وەڵامی تەواوەتی و قەناعەتبەخشی ئەم پرسیارە لەلای ماموستا (ئەدیب تەقی) بێت، کە پێشەکی پاچڤەکەی (نەجەفی) نووسیوە و دەڵێت: "هەر هەموو ئەو مانایانەی کە شیعری خەییام بەدەوریدا دەسووڕێتەوە لەم نیو دێڕە عەرەبییەدا خەست دەبێتەوە: (دەرفەتی نێوان هەردوو عەدەم بقۆستنەوە) "واتە خەییام تاڕادەیەکی زەق ئەبیکۆری مەزهەبە (هەڵبەتە بەپشتیوانی گەلێک لە چوارینە ناڕەسەنەکان!) پێدەچێ ئەم رێبازەی خەییامە ئەوروپاییەکانی ئەفسووناوی کردووە، بە تایبەتی گەلێک لە شاعیرەکانیان، لەوانە (لۆرکا)یە، کە خۆسێ میگێل پێشوەخت کاریگەری چوارینەکانی خەییامی بەسەرەوە کەشف کردووە و وتوویەتی: "چونکە هەڵوێستی وجوودیانەی خەییام، بە هەموو سادەیی و قووڵییەکەیەوە، پێچەوانەی دابونەریتی مەسیحییە کە خوازیارەکانی دەستبەرداری لەزەتە بەدەنییەکان، وەک دزێوترین گوناح و ملدان بۆ دانپیانان و چاوەڕوانی هاتنی ژیانێکی تر لە پاش مردندا " کەچی خەییام لە چوارینەکانیدا بە گوێرەی خوێندنەوە و ئەنجامیگری دکتۆر موحەممەد غونێمی هیلال، وادیارە " بانگەواز بۆ لەزەتخوازی دەکا، بەڵام لە پشت کەڵکەڵە هەڵایساوەکانییەوە، خەمی هزرڤان و کزەی داخداران و

ناسکی هۆشی دەستەوەستان لە هەمبەر نهێنییەکانی ژیان، تا ڕادەی قەڵسبوون و بێزاری لە ڕووبینان و دەڵەچەو هەلپەرستان و فیشاڵبازانی ئایینی"، هەروەها "خەییام لە هەندێ چوارینەدا وەکو خودان باوەڕی تایبەتی سەبارەت بە ڕوح، سەرسامی و دۆشداماوی لە هەمبەر نهێنییەکانی گەردوون و بە گومان لە زیندووبوونەوە و ژیانیکی تر" دێتە بەرچاو.

ئا بەم جۆرە چوارینەکانی خەییام بەدەوری تەوەری تێهزرین لە کورتی تەمەن و حەتمییەتی نەمان و دۆشداماوی میتافیزیکیدا دەخولێنەوە و لە هەندێ لە چوارینەکانیدا خەییام "قەڵسە لە دەستەوەسانی ئاوەزمەندان لە هەمبەر نهێنییەکان و میناک چۆن لە فیشاڵبازانی ئایینی هاوچەرخانی خۆی بێزارە..ئەمەش لە دیمەنەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی چوارینەکانیەتی" بە گوتەی مامۆستا هیلال، سا بۆیە هیچ سەیر نییە بە پێی قسەی قەهرەمان سلێمانی (نوێنەری کولتووری ئێرانی لەتاجیکستاندا) لە کۆڕی ڕۆژی خەییامدا لە ساڵی ۲۰۰٥دا " هزر و بۆچوونەکانی خەییام لە ناخودئاگا و نەستی دەستەجەمی ڕۆژئاواییەکاندا نیشتۆتەوە و ڕەنگی داوەتەوە" جا هەر لێرەدا پوختەترین و گەشترین پێناسەی خەییام لەلایەن شاعیری سووری بەندەر عەبدولحەمید دێنینەوە کە لە تاقە ڕستەیەکدا چڕی کردۆتەوە: "شاعیرێکە ژیانی لەسەر زەمین بێدارکردۆتەوە" و بە ناوەڕۆکی چوارینە " حیکمەت ئامێزەکانی کە بانگەوازی مومارەسەی ژیانی بەخۆشی و ئازایەتی و جوانی و ئاسوودەیی هەڵدا، بۆیەش تەنانەت ئەوانەی کە هیچ پێوەندییەکیان بەخوێندنەوەوە نەبوو، ڕوویان کردە خوێندنەوەی!" لێرەشدا ڕاستییەکەی گوتەکەی شاعیر ولیەم بەتلەر ییتس بەدیاردەکەوێ: " ئەو کاتە دەست بە مومارەسەی ژیان دەکەین، کە لە قاڵبی تراژیدیادا وێنای دەکەین" هەر لێرەشدا ئاکامی ڕەشبینی خەییام بەراوردانە دەگەڵ ئاکامی ڕەشبینی مەعەڕی هاوتایدا دەرک دەکەین و دکتۆر غونێمی هیلال جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکا: " ئەم جۆرە تێڕامانانە لە سووڕانەوە و تێپەڕبوونی ڕۆژگار و نەماندا خەییام و مەعەڕی لە تێڕامانی فەلسەفیدا لێکدی نزیک دەکاتەوە، هەرچەندە هەریەکەیان گەییوەتە ئەنجامێکی پێچەوانە و دژی ئەنجامی ئەوی تر، ئەگەرچی هاوپێشەکی و پێش زەمینەن لە سەرەتادا و زێدەباری قەڵسی و بێزاری هەردووکیان لەبوون و خەڵکی، بەدوور نابینرێت کە دیدارێکی مێژوویی لە نێوانیاندا ڕووی دابێت"

خەییام بەجورئەتێکی دەگمەنەوە لە بوون و گەردوون و لە مەتەڵ و نهێنی ژیان و مردن تێڕاماوە و دەرک و تێگەیشتنی زووبەزووی خۆی لەو خولیا و خەیاڵ و گومان و هزرانەی کە دواتر لەسەردەمی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتەدا (لە سەدەی نۆزدەمی زایینیدا) یەکانگیری مرۆڤ بوونەوە، بە ڕاشکاوییەکی سەیری ئەوتۆوە دەری بڕیوە، کە لە شاعیرانی تری جیاکردۆتەوە، هاتووە بۆ ئەو مەبەستە قاڵبی چوارینەی - کە تێیدا مامۆستا بووە- هەڵبژاردووە و توانیویەتی لە ڕێگەیەوە بە چڕی گوزارشت لە گوتاری شیعری- هزری خۆی بکات و وەرگر بەئاسانی پێشوازی لێ بکات.. ئەوە بوو چوارینەکانی بلەز و بە فراوانی، تەنانەت لە ناو "میللەتانی بێگانەدا، بێگانە لە ڕووی نیشتیمان و ڕەگەز و زمان و ئایینەوە..." بڵاوبۆوە، بگرە کەوتنە سەر زاری مەردمی ڕەمەکیش، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی باسی ئەو شتانە دەکەن کە زەینی بەشەریان لە هەموو کات و شوێنێکدا نیگەران و زڕخەو دەکەن میناک: دۆشداماوی لە هەمبەر نهێنییەکانی گەردوون و ڕوح و هەبوون و نەمان و کورتی تەمەن و بەڵاو کارەساتەکانی ئەم دنیایە و مەسەلەی ژیان و مردن و چارەنووسی جەستە لەپاش مردن.. زێدەباری ئەوەی هەندێک لەچوارینەکانی خەییام ڕەخنە و ئیرادی توندیان تێدایە دژی نەخۆشییەکانی کۆمەڵگا و ڕیابازان و هەلپەرستان و ئەو فیشاڵبازانەی کە خۆیان لەژێر پەردەی زانایی و خواناسیدا دەشێرنەوە، ئەمەو جگە لەوەی هەندێ لە چوارینەکان پڕن لە گلەیی و گازندەی توند لە ڕۆژگار و فەلەک و چارەنووس، واتە بە پێچەوانەی دیباجە ئاساییەکانی نامە زانستی و فەلسەفییەکانی!

خەییام بەهەموو بوونییەوە ئاوەزێکی گەورەی زەبرمەند بوو، کە بێ وچان لە تێهزران و تێگوماندا عەوداڵی هەق و هەقیقەت بوو، هەروەها دڵێکی ناسک و هەستیاری لێوڕێژ لە جوامێرترین هەست و سۆزی مرۆڤایەتی بوو، زاتێکی هەستیاری نەفس بەرز بووە و خۆی لە ملکەچی و سەرشۆڕی و خۆپەرستی و ڕووبینی و حەسوودی و بوغز و تەماعکاری و چاوچنۆکی و ئاڵچاغی دوورگرتووە، کە لە سیفەتە هەرە نزم و دزێوەکان وا خەییام لە زۆربەی نامە و چوارینەکانیدا لەقاوی داون.

لێرەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەو لێکچوونە گەورەیە لە میزاج و هزردا بکرێت کە خەییام دەگەڵ مەعەڕیدا (۹۷۳-۱۰٥۷) کۆدەکاتەوە، کە بێ گومان خەییام لە کاریگەری بەدەر نەبووە و پوختەی هزرانەی چوارینەکانی خەییام لەو چامەیەی مەعەڕی-دا دەبینین کە بەم نیو دێڕە

دەست پێدەکات: " غیر مجد في ملتي و اعتقادي = بێ سوودە لە بیروباوەڕمدا" هەڵبەتە ئەم جووتە (سەڵتە پیاوە) تا مردن بەڕەبەنی مانەوە و هیچ باسکارێک نییە زەوجینی خەییامی سەلماندبێت، ئەگەرچی تاقە ئاماژەیەک هەیە کە گوایە (ختن) زاوایەکی بەنێوی ئیمام محەمەد بەغدادی هەبووە(ختن = هەم مێردی کچ و هەم مێردی خوشک دەگرێتەوە) لەگینە ئیمامی بەغدادی مێردی خوشکی بووبێت. پێشم سەیرە کە دکتۆر بەدر تەوفیق بەمتمانەیەکی تەواوەوە باسی (یاسەمین) ناوێک دەکات، گوایە دلبەر و ژنی خەییام بووە و زوو مردووە، جا نازانم ئەم زانیارییەی لە چ سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە، چونکە لە دەیان سەرچاوەی گرنگدا دەربارەی خەییام، بۆی گەڕام کەچی نەمدۆزییەوە! کەواتە ڕەبەنایەتی کاری لە کەسایەتی و ئەدەبی مەعەڕی و خەییام کردووە، بەڵام ئەوەی جیایان دەکاتەوە، زوهد و دنیا نەویستی و نەهلیستیەتی زاڵی مەعەڕی بوو.

واش دیارە ڕۆژئاواییەکان لێکچوونێکی زۆریان لەباری بەهرە و میزاج و خوو و هزر و فرەلایەنی داهێناوە لەنێوان خەییام و هەندێ لە زانا و فەیلەسووف و ئەدیب و هونەرمەندەکانی خۆیاندا بینیوە وەک: لیوناردۆ داڤنشی (١٤٥٢-١٥١٩) گالیلۆ گالیلی (١٥٦٤-١٦٤٢)، ڤۆڵتێر (١٦٩٤-١٧٧٨)، بایرۆن (١٧٨٨-١٨٢٤) و شۆپنهاوەر (١٧٨٨-١٨٦٠)، بۆیە هیچ سەیر نییە کە لە ساڵی ١٨٩٢دا (یانەی عومەری خەییام) لە ئینگلستان دامەزرا، پاشان لە ئەمریکادا لە ساڵی ١٩٠٠ دامەزراوە و بایەخێکی فراوان بە چوارینەکانی دراوە و ناووناوبانگیشی پەتائاسا لە ئەوروپا و ئەمریکادا بڵاوبۆتەوە! کەچی خەییام لە ئێراندا وەک شاعیر لەبازنەیەکی تەنگدا ناسرابوو، بۆیە "دوو خەییام هاتنە ئاراوە: یەکێکیان خەییامی شاعیر لە ڕۆژئاوادا، ئەوی تریان وەک زانای بیرکاری و گەردوون و فەیلەسووف لە ڕۆژهەڵاتدا. جا ڕۆژئاوا ڕۆژئاوایە و ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵاتە!" بە گوزارشتی (ف.سمێلجا)ی پرۆفیسۆری فیزیا و بیرکاری، دەگەڵ ئەوەشدا زۆری پێنەچوو هەردووک ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لەژێر باڵی سیحراوی چوارینەکانی خەییامدا یەکیان گرتەوە!

* * *

شۆرەتی دێرینی خەییام دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە زانایەکی خودان دانراوێن زانستی و فەلسەفی گرنگ و کاریگەر بووە، ئیبن خەلدوون (١٣٣٣-١٣٧٨) بە "مەزنترین زانای بیرکاری ڕۆژهەڵات" ی وەسف کردووە، بگرە خەییام بەو نامەیەی کە دەربارەی (جەبر و موقابەلە)ی نووسیوە پێش دیکارت (١٥٩٠-١٦٥٠)ی فەیلەسووف کەوتووە!بەڵام وەکو شاعیرێکی بەرجەستە و زێدە کاریگەر لە پاش مردنی بە حەوت سەدەونیو کەشف کراو ناسرا، بەڵام ئەو خەییامەی کە بەسەدان ساڵ دوای مردنی ئەم شۆڕەت و نێوبانگە گەورەیەی پەیداکرد، لەوە دەچێت خۆی بەشاعیرێکی پیشەڤان نەزانیبێت و ئەوەی بۆی هاتبێت بۆ سەرگەرمی خودی خۆی و حەسانەوە لە شەکەتی کار و ڕەواندنەوەی خەمی ژیان هۆندوویەتییەوە، نەخاسمە زانایەکی کۆشا بووە (چ لە بواری تیوری و چ لە بواری پراکتیکی و مەیدانییدا) لەوەیشە خۆی بە ئەنقەست شیعری خۆی پەردەپۆش کردبێت و نەیویستبێت وەکو شاعیرێک خۆی دەربخا، تا خۆی لە شەڕی زانا ڕووتە توندڕەوە فیشاڵبازە ئایینییەکان بپارێزێت، بگرە ناچاریش نەبێت بخزێتە ناو زەلکاوی ستایش و هەڵەوەڕییەوە وەکو زۆربەی شاعیرانی باوەشی دەرباران و سوڵتانان و میران، بێجگە لە زۆربەی شاعیرانی سۆفی و شۆڕشگێڕێن میناک شاعیر و داعیەی گەورەی ئیسماعیلی ناسر خوسرەو کە زاری خۆی بەپەسن و ستایش نەلەوتاندووە و گوتوویەتی: "کە ویستت لەنگییەکانی گەردوون ڕێک بخەیت، دەبێ سیستمی دنیایی هەڵبگێڕیتەوە"

جا وێڕای ئەو گۆشەگیرییە شیعرییە ئەنقەستەی خەییام، دەبینین لە چوارینەکانیدا- کە ژمارەیان ئەوپەڕی دووسەد چوارینەیەکە- وەکو یەکێک لە مەزنترین شۆڕشگێڕان دژی هاڤیبوون (نامۆبوون)ی ئەگزیستانیسیالستی و ڕامیاری و جڤاکی ئینسان وەستاوە، بگرە هەمیشە دژی چەوسانەوەی کەونی بووە و جاویدی و نەمری بۆ خۆی بەدەست هێناوە.

* * *

ئاشکرایە کە تەنیا چوارینەکانی خەییام پاچڤەوانی دنیایان ڕانەکێشاوە، بەڵکو بەرهەمە زانستییەکانیشی مایەی سەرنج بوون، بۆ یەکەم جار تۆماس هاید مامۆستای هەردک زمانی عیبری و عەرەبی لە زانکۆی ئۆکسفۆرددا، لە کتێبی (مێژووی ئایینە دێرینە فارسی و میدیەکان)دا بەزمانی لاتینی، کە لە ساڵی (١٧٠٠)دا پەخش بۆتەوە، باسی خەییامی زانای کردووە و بە یەکێک لە بەرجەستەترینی ئەو زانایانە ژماردوویەتی کە زیگی ئێرانییان لە سەردەمی جەلالەدین مەلیکشای سەلجووقیدا چاکسازی و هەموار کردووە و ڕوانگەی فەلەکی ئیسفەهانی دامەزراندووە.

یەکەمین ئەوروپاییەکان کە نموونەیێن لە چوارینەکانی خەییام وەرگێڕاوە ئەمانەن: فۆن هامەر بۆرگشتال (١٧٧٤-١٨٥٦)کە لە ساڵی ١٨١٨دا (٢٥ چوارینە)ی بۆ سەر زمانی ئەڵمانی وەرگێڕاوە، سێر گور ئوزلی کە دوو چوارینەی لەساڵی ١٨٤٤دا بۆ ئینگلیزی وەرگێڕاوە، ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی گارسن دوتاسێ کە (١٠ چوارینە)ی بۆ سەر زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە... ئیدی دوای ئەو پرزە پرزانەیە ڕێژنەی بارانی وەرگێڕان دایکرد و پاش بلاوبوونەوەی وەرگێڕانی فیتزجیراڵد (٧٥ چوارینە) بۆ ئینگلیزی لە ساڵی ١٨٥٩دا. بۆ زانینیش کۆنترین چاپی چوارینەکانی خەییام لە ئێراندا بۆ ساڵی (١٢٧٤ک=١٨٥٧ز) دەگەڕێتەوە و (٤٥٣ چوارینە)ی لەخۆگرتووە، بەڵام گەورەترین ژمارەی ئەو چوارینانەی کە بەناوی خەییامەوەیە لە چاپی لکنهودایە لە هیند کە (٧٧٢ چوارینە)یە، دوای ئەوە چاپی وینفلیدە کە (٥٠٠ چوارینە)یە دەگەڵ وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەیدایە، پاشان چاپی نیکۆلاسە (٤٦٤ چوارینە) یە دەگەڵ وەرگێڕانیدا بە پەخشان بۆ سەر زمانی فەرەنسی.. ئیدی سەدان چاپی چوارینەکانی خەییام بەزمانی فارسی و زمانانی دی بەدوادا هات.

هەر هەموو ئەوەی باسمان کردن بەجێی خۆیە و فرەڕەوی تێدا نییە، چونکە خەییام کاریگەرییەکی گەورەی لە کولتووری جیهانی کرد، بەتایبەتی بزووتنەوەی نوێخوازی شیعری لە ئەوروپادا. هەڵبەتە پاش ئەوەی ئەوروپاییەکان بلیمەتی شیعری و فەلسەفی خەییامیان کەشف کرد، ئەو کەشفە ڕۆژهەڵاتیشی گرتەوە!

بۆ نموونە کاریگەری خەییام بەرچاوە لەسەر: شاعیر و شانۆکار و هزرڤانی بەلچیکی مۆریس مەتەرلینگ (١٨٦٢-١٩٤٩)، شاعیری ئەنگلۆ ئەمریکی تی. ئێس. ئیلیەت (١٨٨٨-١٩٦٥)، شاعیری پورتوگالی فێرناندۆ پیسووا (١٨٨٨-١٩٣٥)، شاعیر و هونەرمەندی ئیسپانی فدریکۆ گارسیا لۆرکا (١٨٩٨-١٩٣٦)، شاعیری عیراقی عەبدولوەهاب بەیاتی (١٩٢٦- ١٩٩٩) و ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی عیراقی و عەرەبی دیکە مینا: جەمیل سدقی زەهاوی (١٨٦٣-١٩٣٦)، ئیلیا ئەبومازی (١٨٨٩-١٩٥٧)، عیرار (مستەفا تەل) (١٨٩٧-١٩٤٧)، ئەلیاس ئەبوشەبەکە (١٩٠٣-١٩٤٧)، مەهدی شەمماسی (١٩٢٠-١٩٧٩) و حوسێن مەردان (١٩٢٧-١٩٧٢)...... ئەمە جگە لە شاعیرانی کۆن و نوێی ئێرانی، لەوانەش: فەریدەدین عەتتار (١١٤٢-١٢٣٠)، سەنائی غەزنەوی (م:١١٣٠)، خاقانی شێروانی (١١٢٠-١١٩٩)، سیراجەدین قومری ئامولی (م:١٢٢٧)، بابا ئەفزەلی کاشانی (١١٨٦-١٢٥٦)، مەولانا جەلالەدینی ڕوومی (١٢٠٧-١٢٧٤)، سەعدی شیرازی (١٢١٣-١٢٩٢)، نیزامەدینی ئیسفەهانی (م:پێش١٢٨١ز)، حافزی شیرازی (١٣١٧-١٣٩٧)، عوبەیدی زاناکانی (١٣٠٠-١٣٧١)، ئیبن یەمین (١٣٦٧-١٤٥٠)، جەمالەدین سەلمان ساوجی (١٣٠٠-١٣٧٦)، سەحابی ئەستراباد (م:١٥٩٢ز) و حوسێن قودس نەخەعی (١٨٩٤-١٩٧٧) ناسراو بە (خەییامی سەدەی بیستەم) کە بە ڕاستی شایستەی ئەو نازناوە بوو.

لێرەشدا ئەوەی سەرنجڕاکێشە کاریگەریی جەماوەری شیعری خەییامە کە لە ڕۆژئاوادا زیاتر دیارە تا لە ڕۆژهەڵات، بەو سیفەتەی "ڕوحی ڕۆژهەڵات و مادییەتی ڕۆژئاوای" لەخۆ گرتووە. هەڵبەتە ڕۆژئاواییەکان وێنەی خەییامی شۆڕشگێڕ دژی ڕاسپاردە ئایینییەکان، تەنانەت زەندیقیشی لەلا خۆشەویستترە تا وێنەی خەییامی ئامۆژگار و ئیماندار و فەیلەسووفی ئیسلامی کە ڕۆژهەڵاتییەکان حەزی لێدەکەن. یەکێک لەو کەڵە ڕۆشنبیرانەی ئەوروپا کە ستایشی فەلسەفەی خەییامی هزرڤانی ئازادی کردووە ئەرنیست ڕینانی فەرەنسییە، بەوەش ئەو بۆچوونە هەڵەیەی خۆی سەبارەت بە فەلسەفەی ئیسلامی هەڵوەشاندۆتەوە کە گوتوویەتی: "فەلسەفەی ئیسلامی هەمان فەلسەفەی یۆنانییە بەڕێنووسی عەرەبی نووسراوە!"

زۆر ئەدیب و هونەرمەند و هزرڤان و زانای ڕۆژئاوایی هەن کە دڵبەندی خەییامن، چ وەک شاعیر و چ وەک زانا و فەیلەسوف، لەوانە: شاعیری گەورە عیزرا پاوند (١٨٨٥-١٩٧٢) بە ڕادەیەک کە ناوی یەکێک لە کوڕەکانی ناوە (عومەر) کە بەخۆم لە ناوەڕاستی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا لەبەغدا دیتم و بە هەردووک زمانێن فارسی و ئینگلیزی قسەمان پێکڤە کرد و کۆ شیعرێکی چکۆلەی (لە دانان و وەرگێڕانی خۆی) نیشاندام.

* * *

هەڵبەتە لێکۆڵینەوە و سەرچاوەی فرە لە بارەی خەییام و ئەدەب و زانستی خەییام، بەدەیان زمان هەیە و هێندە زۆرە، کە بە پێی پێیێر پاسکاڵی خەییاملۆژی فەرەنسی " ڕەنگە نیمچە مەحاڵ بێت بیبلۆگرافیایەکی تەواو ئامادە

بکرێت بۆ هەموو ئەو وەرگێڕان و نووسینانەی کە بە خەییامەوە پەیوەستن لەم سەدەی دواییندا" هەر بۆ نموونە تا ساڵی ١٩٦٠ پتر لە (سێ هەزار کتێب و لێکۆڵینەوە و باسۆکە) دەربارەی خەیام و چوارینە و بەرهەمە زانستی و هزرییەکانی بڵاوکراوەتەوە..بێ گومان ئەم ژمارەیە لەماوەی ئەو پەنجا ساڵەی دواییەدا گەییوەتە سێ چەنانە. لەمەوە دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە شیعر و زانستی خەییام تا چ ڕادەیەک بووەتە مایەی ڕاکێشانی سەرنج و بایەخی گەلان و نەتەوەکانی جیهان بۆ ئێران و هەردوو کولتووری کۆن و نوێشی. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ چەند ڕۆمان و کتێبێک دەربارەی سەرگوزەشتەی خەییام بکەین، لەوانە: ڕۆمانی (چیرۆکی ژیانی عومەری خەییام) نووسینی دیرۆکڤان و ڕۆماننووسی ئەمریکی هارۆڵد لامب (١٨٩٢-١٩٦٢)، (سەرگوزەشتەی خەییام) نووسینی ئا.ج.بۆتەر، (قەڵای داڵاش) نووسینی مانوێل کومورن (کە عومەر ئەبونەسر بەدەستکارییەوە و بەو سەرناڤە وەرگێڕاوەتە عەرەبی)، شانۆنامەی (دادگاییەک لە نیشاپوور) نووسینی شاعیر عەبدولوەهاب بەیاتی، ڕۆمانی (سەمەرقەند) نووسینی فلیڤانی مەزن ئەمین مەعلووف، ڕۆمانی تۆمارئامێزی (ژیانی خەییام)ی نووسەری ئێرانی مستەفا بادکوبەی هزاوەی، ڕۆمانی (خەییام و ئەو درۆ شادی بەخشەیە)ی نووسەری ئێرانی هۆشەنگ موعین زادە، کە ڕوحی خەییام ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا دەبینێت، ڕۆمانی (گورگی دەریایی)ی جاک لەندەن، کە خەییام تێیدا دەبێتە تەوەری باس و گفتوگۆی دووان لە کارەکتەرانی ڕۆمانەکە، کەچی ئۆ هنری دوای ئەوەی خەییام دۆستی لەلای خەڵکی دەبێتە (مۆدەیەکی هستیریائامێز) پەست و قەڵس دەبێت و لە چیرۆکێکیدا بەناوونیشانی (گەڕانەوەی هایمەن) زۆر بەتوندی هێرش دەکاتە سەر خەییام!

ئینجا دەبێ بگوترێ کە لە ماوەی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا چەند کتێبێکی گرنگ دەربارەی خەیام بڵاوبوونەتەوە، لەوانە: (عومەری خەییام شاعیر و زانای بیرکاری) بەزمانی ئیسپانی، نووسینی باسکار ڕیکاردۆ مورینو کاستیلۆ، لەساڵی ٢٠٠٢ دا و کتێبیکی بێژەری بەنێوبانگی ڕادیۆ هژیر تەیموریان (لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٠ لە کوردستانی ئێران و لەلاوێتییەوە ئاکنجی بەریتانیایە) و کتێبی (میسواک)ی وەرگێڕ و نووسەری فەڕەنسی جان ئیف لاکرووا، کە سەرگوزەشتەی عومەری خەییام دەگێڕێتەوە، سەرباری کەمی ئەو زانیاریانەی کە دادی هیچ نووسەرێک نادات، کتێبێکی گەورە بەشێوەیەکی بابەتی و تەواوی پێ لەسەر خەییام بنووسێت، سەرەڕای ئەو گێنگەشەو مشتومڕە گەرمەی لە کۆنەوە تا نهۆ دەربارەی ژیان و شیعر و فەلسەفەی خەییام هەبووە و وێڕای زۆری ئەو چوارینە نێوەرۆک هەڤدژانەی دراونەتە پاڵ خەییام. سەرباری هەموو ئەوانەش لاکرووا لە کتێبەکەیدا بەشێوازێکی زیاتر حیکایەتگێڕانەوە تا زانستی، شتێکی زۆر نزیک لەواقیع و مەنتیق دەربارەی ژیانی خەییام پێشکەش کردووە.

*   *   *

هەروەها گەلێک لە هونەرمەندانی شێوەکاریش (ئێرانی و بێگانە) هاتوون وێنەی شیعری خەییامیان ئاوێتەکردووە و دیمەنگەلێکی ناو چوارینەکانیان بەنیگارکێشیی بەرجەستەکردووە و گەلێک لەچاپەکانی چوارینەکانی خەییامیان پێ ڕازاندۆتەوە و دیارترین فلیڤانانی ئەم مەیدانە بریتین لە: کەمالەدین بەهزاد، ئەلیهۆفیدەر، گیلبەرت جەیمس، سەرکیس خاچادۆریان (هونەرمەند و ئارکیۆلۆجیستێکی ئەرمەنییە)، ئەکبەری تەجویدی، قوربان ئەجەلی ئازەربایجانی، محەمەدی تەجویدی، جەببار بەگ، حوسێن بەهزاد(١٨٩٤-١٩٦٨)، مەحموود فەرشچیان (لەدایکبووی ١٩٣٠)، پاشانیش شاهروخ گوڵستان کە بە وێنە فۆتۆگرافییە مۆدێرنەکانی هەردک دوا وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی کەریم ئیمامی و فەڕەنسییەکەی فوئاد ڕوحانی لە جیاتی میناتۆرە ئاساییە باوەکاندا ڕازاندۆتەوە. (موحسن فەرزانە)ی باسکار ئاماژە بۆ فەزڵی چوارینەکانی خەییام دەکات لە ژیانەوە و زیندووکردنەوەی هونەری ڕەسم و نیگار، نەمازە هونەری میناتۆر، کە لە سەدەکانی (١٦، ١٧و١٨)دا گەشەی کردووە، پاشان لە ئاخروئۆخری سەدەی هەژدەدا دایە کزی و خەریک بوو ئاوا ببێت، بەڵام دەگەڵ ڤەژینی چوارینەکانی خەییامدا سەرلەنوێ بووژایەوە، بەتایبەتی دەگەڵ چاپەکانی ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەدا. دیارە ئەم حاڵەتە هونەری خۆشنووسیشی گرتۆتەوە، نەک هەر لە ئێراندا، بگرە لە هیندستان و وڵاتانی دیکەشدا. جا هەر لێرەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەو پیشانگا سیرامیکییە دووقوڵییەی هونەرمەندێن هۆڵاندی ماریا ئانا دیۆند و یۆلا بوشهێر بکرێ، کە لە تەمووزی ساڵی ٢٠٠٨دا کرایەوە و پارچە هونەرییەکانی بەتایبەتی (گۆزەکان) بەچوارینەکانی خەییام (وەرگێڕانەکەی فیتز جیراڵد) ڕازابوونەوە و پێشوازی و

ستایشێکی گەورەی لێکرا.

لێرەشدا دەبێ ناوی هەندێ لەو خۆشنووسە فلیڤانانە بێنین کە چوارینەکانی خەییام چ لە کۆن و چ لە ئێستادا نووسیوە، یان وێنەی تابلۆیەکانیان کێشاوە و هەردک هونەری نیگارکێشان و شیعریان ئاوێتەی یەکدی کردووە، لەوانە: سولتان عەلی مەشهەدی، میر عیمادی قەزوینی، حەسەنی خوسرەوی، فاتیح عیززەت پوور، عەبباسی مەنزووری، نەسروڵڵا ئەفچەی و رەسوولی مورادی.

* * *

دەبێ ئەو مۆسیقاسازانەش فەرامۆش نەکەین کە سرووشی بەرهەمەکانیان لە چوارینەکانی خەییامەوە وەرگرتووە، هەروەها گەلێک لەو مەقامبێژ و گۆرانبێژە پیاو و ژنانەی کە بەفارسی و بە زمانانی تر، نەخاسمە بە زمانێن رۆژهەلاتی، چوارینەکانیان بە دەنگ و ئاوازی خۆش چریوە، هونەرمەندێن نازم غەزالی و ئوم کەلسووم دوو نموونەی گەشی ئەم مەیدانەن، هەروەها ئەو بێژەرانەی کە چوارینەکانی خەییامیان بەشێوەیەکی هونەری لە رادیۆ و تەلەڤزیۆن و کاسێت و سیدیاندا خوێندۆتەوە و تۆمارکردووە.

* * *

خەییام جیهانی سینەماشی داگیر کردووە، لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەو فیلمە بکرێ کە ئەلبێرت لویس لە ساڵی ١٩٤١دا لە هۆلیوود بەناوی (عومەری خەییام) دەری هێنا، ئەگەرچی نەیتوانیوە وێنەیەکی راستەقینەی روونی کەسایەتی مەزنی خەییام بگرێ، هەروەها فیلمی (کەلەپووری ئەفسانەیی عومەری خەییام) کە هونەرمەندانی هەشت وڵات تێیدا بەشداربوون و هونەرمەندی ئیسپانی برۆنۆ لاسترا رۆڵی فەیلەسووف و زانای نیشاپووری تێدا بینی و لە شارانی سەمەرقەند و بوخارا وێنەی گیراوە و بە گوێرەی قسەی میشکا ستیڤانۆزیچ بەرێوەبەری بەرهەمهێنانی فیلمەکە (کە لە ماوەی سی ساڵی ژیانی هونەری خۆیدا پتر لە سەد فیلمی بەرێوەبردووە) ئامادەبوونی چەند کۆمپانیایەکی هۆلیوودی و دەیان هونەرمەندی هەشت وڵات (ئەمریکا، ئەلمانیا، ئێران، ئیتالیا، سربیا و هیند....تاد و سەد و بیست ئۆزبەکیش) ئەمە خۆی لەخۆیدا بیرخستنەوەیەکە بۆ هەموو جیهان کە خەییام وەک وێژەڤان و هزرڤان و زانایەکی ناوازە و دەگمەن و مرۆڤیکی ئازاد و جوامێر لە سەدەکانی ناڤیندا لە رۆژهەلاتدا ژیاوە، کە لە ئەورووپا هاوتای لیۆنارد داڤینشی بووە! هەروەها فیلمێکی تۆمارئامێزیش هەیە بەناوونیشانی (عومەری خەییام بلیمەتی پرسیارڤان) کە تۆڕی تەلەڤزیۆنی فارسی (بی بی سی) بلاوی کردەوە، ئەم فیلمە دەربارەی پلە و پایەی رۆشنبیریی خەییامە، کە میناک زانایەک و فەیلەسووفێک جەختی لەسەر کراوە تا وەک شاعیرێک و ژمارەیەکی بژاردە لە باسکارانی ئێرانی و بەریتانی و ئەمریکایی و کەسایەتیانی رۆشنبیریی و هونەری چالاک، کە دوا ئەنجامگیری لێکۆڵینەوە و باسەکانی خۆیان سەبارەت بە خەییام و بەرهەمە زانستی و فەلسەفی و ئەدەبییەکانی تێدا پێشکەش کردن، لەوانە: محەمەد ئیسلامی نەدۆشەن باسکاری بەرز و دیاری ئێرانی کە باسی پایەی خەییامی لە کولتووری ئێرانیدا کرد، داریوش شایگانی فەیلەسووفی بەناڤودەنگ باسی بایەخی بۆچوونە فەلسەفییەکانی خەییامی کرد، رۆماننووسی گەورەی ئێرانی مەحموود دەوڵەت ئابادی کاریگەریی خەییامی بەسەر ئەدیبانی دوای خۆیەوە نیشان دا، هونەرمەندی سترانبێژی بەناوبانگ محەمەد رەزا شەجەریان رای خۆی لەمەڕ خەییام و ئیلهام وەرگرتنی مۆسیقاسازانی ئێرانی لە شیعرەکانی دەربڕی و خوێندنەوەی چوارینەکانی خەییامی لەلایەن شاعیری گەورە ئەحمەدی شاملووەوە دەگەڵ مۆسیقای هونەرمەند فەرەیدوون شەهبازیان، لەساڵی ١٩٧٦دا، بە گرنگترین کاری هونەری ئەم مەیدانە ژمارد، پاشان هونەرمەند ئایدن ئاغداشلو کاریگەریی چوارینەکانی خەییامی لەسەر هونەری شێوەکاری ئێرانی، بەتایبەتی میناتۆرەوە تاووتو کرد. فیلمەکەی لە پێشدا بەزمانی ئینگلیزی نمایش کرا، هەروەها لە چەند ماڵپەرێکی ئینتەرنێتیش بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فارسی بلاوکرایەوە. بە گوتەی سادق سەبا (سەرۆکی بەشی فارسی لە بی بی سی) فیلمەکە هەفتەیەک بەر لەهەڵبژادنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئێرانی لە بەهاری ٢٠٠٩دا ئەنجام درا، کە هەنگێ هیچ دڕدۆنگییەک لەنێوان (بی بی سی) و دەسەلاتی ئێرانیدا نەبوو، بۆیە رێ بە وێنەگرتن و جێبەجێکردنی فیلمەکەی درا.

* * *

خۆش ئەوەیە دەبینین هەندێ کەس ئەم چوارینە، یان ئەو چوارینە لەسەر جەستەی خۆ بە تاتوو (خاڵ) دەنەخشێنن، هەڵبەتە بەگوێرەی فەلسەفەی خۆیان لە ژیاندا، بۆ نموونە ئافرەتێکی شۆخ ئەم چوارینەیەی بەزمانی فارسی لەسەر بازووی خۆی نەخشاندووە (وێنەکەیم لەسەر ماڵپەرێکی ئینتەرنێتدا بینی):

**از دی کی گذشت هیچ ازو یادمکن**
**فردا کی نیامدست فریاد مکن**
**بر نامده و گذشته بنیاد مکن**
**حالی خوش باش و عمر بربادمکن**

* * *

**دوێنی که گوزەشت قەت مەهێنەوە یاد**
**سبەینێ که نەهاتووە بۆی مەکە فریاد**
**لەسەر گوزەشـتە و نەهـاتوو مەکە بنیاد**
**نهۆ بەخۆشی بژی و تەمەن مەکە بەرباد**

* * *

بەو جـۆرە خـەییـام کـانیـاوێکی هەمـیـشـە بەجـۆش و هەڵقوڵاوە، گەشترین بەڵگەش ئەو فیستیڤاڵە گەورەیە بوو (بەدرێژایی سێ ڕۆژ) کـە بەیارمـەتی ڕێکخـراوی یۆنسکۆ و بەشـداری بەرزترین لایەنێن پێـوەندیدار و گـەورە خـەییـامناسـانی هەرچوار نکالی جیـهـان، لە نۆسەدەمین ساڵیـادی مردنیدا هاتەگێڕان: ئینگلتـەرا، ئیسپانیا، ئەڵمانیا، ئەمریکا، فەرەنسا، ئوزبەکستان، تاجیـکسـتـان، تورکـیـا و هیند.......دیارترینیـان : ژیلبـەرت لازاری فـەرەنسی، ڕیچـارد لۆرجی ئەڵمـانی، بۆریس ڕوزینفـیلدی ئەمـریکی.. لەکـۆی ئەو (١٥٠) بەرهەمەی بەشداران کە بەدەستی لیژنەی سەرپەرشتیاری فـیستیڤاڵەکە گەیشتبوو، (٣٣) گوتار و توێژینەوەیان پێشکەش و موناقـەشەکران. هەر هەمـوویانیش دەربارەی پایەی ئەدەبی و عـیـرفـانی و زانسـتی خـەییـام و کـاریگەریی بەرچاوی بەسـەر ئەدەبیـات و زانست و هونەرەوە بوو. ئەمـــە جگە لە ڕوونکردنەوەی دیەنی ئەبستـمـۆلۆژی و ڕامـیـاری و کـۆمـەڵایەتی شـاری نیشـاپووری ئەو ڕۆژگـارە. شایەنی باسیـشە دیارترین کتێب کە لە هاوکـاتی ئەو بۆنەیەدا چاپ و بڵاوکرایەوە (چوارینەکـانی خـەییـام بوو، بەخـەتی برێلی تایبـەت بەنابینایان، لە هەشـتـا لاپەڕەدا) کـە لەلایەن دکـتـۆر جەلالەدینی کەزازییەوە ئامادەکرابوو، بۆ زانین پێشـتر چوارینەکانی سەعدی و حافزی شیرازی بەهەمان خەت بڵاوبوونەتەوە.

ڕەنگە سەیرترین کتێب کە تا ئێستا (ساڵی ٢٠٠٥) پەخش بووبێت، ئەو کتێبە ئەلەمنیۆمییە بێت کە بەخەتی هونەرمەندی خۆشنووس غولام حوسێن ئەمیرخانییە، کە (١١٠چوارینە)ی لە پێنج فـەسـڵـدا لەخـۆگـرتۆتەوە و بریتـیـیـە لە (١١٢لاپەڕە) درێژی هەر لاپەڕەیەک یەک مەترە و پانییـەکەی شەست و شەش سەنتیـمەترە) و هەموو لاپەڕەیەکی پاقرکاری (دەمارسازی بە مس) کراوە و کێشی چوار کیلۆگرامە، واتە کێشی کتێبەکە نزیکەی ٤٠٠ کیلۆگرامە! کتێبـەکە بەجۆرێک دروست کراوە کە شێ و ژەنگ کـاری تێنەکـات و هونەرمـەندی پیـشـەڤـان نیعـمەتوڵڵا نکۆیی دروستی کردووە، کە پتر لە چواردە هەیڤ پێـوەی سـەرقـاڵ بووە، بڕیاریشـە وەرگـێـڕدراوی ئینگلیـزی و فـەرەنسی چوارینەکـانیش بخـرێنە پشـتی لاپەڕەکانەوە.

هەر بەم بۆنەیەوە ئامـاژە بۆ ئەو بۆنە سـاڵانەیە دەکـەین کـە لە ڕۆژی ٢٨ی ئوردی بەهەشـتـدا (مـانگی دووەمی تەقویمی کـۆچی هەتاوی ئێـرانیـیـە و لە دوا سێـیـەکی نیسـانـدا دەست پێدەکـا و لە سـەرەتای دوا سێـیـەکی مایسدا تەواودەبێت) ئەو بۆنەیە کە بۆ ساڵیادی خەییام دەگـێـڕدرێت، لە ١٨ی مـایسـدا، لە ئێـران و لە دەیان وڵاتانی تری دنیـادا، لە سـاڵی ٢٠٠٤دا، لە پتـر لە پەنجـاوپێنج وڵات ئاهەنگ و فـیـسـتـیـڤـاڵ بۆ خـەییـام گێڕدرا.

* * *

شۆرەتی خەییام لە هەردووک ئاستی فەرمی و میللی لە ئێران و لە هەندەراندا یەکجار باوو بڵاوە. لە ئێراندا شارۆچکەیەکی پیشەسازی نیزیکی نیشاپوور بەناوی خــەییـــامـــەوە ناونراوە، هەروەها وێـســتـگەیەکی شەمەندەفەریشی بەناوەوە نێونراوە. لەساڵی ١٩٨٠دا هەسـارۆکـێـک دۆزراوەتەوە و بەنـاوی ئەوەوە نێـونراوە(omarkayyam 3095)، هەروەها زۆر بازاڕ و دوکانی بازرگانی و کۆمپانیای هەمەجۆر و خواردنگە و هوتێل و باڕ و نۆشینگە و سینەما و مەلها و باخچە و کەلوپەلی بەناوەوە نێونراوە، ئەمە جگە لە بوتڵە شەڕابی سوور لە فـەرەنسـاو مـیـسـردا...بەناوی خـەییـامـەوە (هەڵبەتە بەر لەچالاکی و چەلەنگی زۆربەیان) نێونراون!

وێڕای هەموو ئەمانەش "بەدەگمەن لەسەرانسەری دنیادا کتێبێک هەبێت وەک (چوارینەکانی خەییام) پەسەند و ستایش کرابێت، ڕەفزکرابێت، تووڕدرابێت، شێوێنرابێت، بوختـانی پێکرابێت، سـەرکـۆنە و مـەحکووم کـرابێت، لۆکـەئاسـا هەلاجی کـرابێت و شـوهرەتی جـیـهـانی وەرگرتبێت، کـەچی بە نادیاری و ئاڵۆزی مـابێتـەوە!" بە گـوزارشـتی ئەدیب و باسکاری مـەزنی ئێـرانی صـادق هیدایەت.

کـەواتە ئەمـەیە خـەییـامی نەمـر، کـە نزیکەی هەزار ساڵێکە لەبەینی بەرداشی پیرۆزاندن و کـوفـراندندایە، ئەهلی شەریعەت دەیبوغزێن و خەڵکی خۆشیانگەرەکە، نەمـــازە دەســـتــەبژێری ئەدیبـــان و هونەرمـــەندان و

فەیلەسووفان و زانایان، بەڵام خۆشەویستی لەنێو خەڵکیدا لەبەرئەوە نییە کە ئەهلی شەریعەت دەیبوغزێن، چونکە زۆربەی پیاوی ڕوحانی ژێراوژێر لە زۆربەی شاعیرانی تر خۆشتریان دەوێ!، هۆیەکەشی لەو هزرە پارادۆکسییە (هەڤدژیانە) خەییامییە پەنهانەیە، کە لە مێشک و زەینی ڕوحانیانی ئێرانی و غەیرە ئێرانیدا دەخولێتەوە!

* * *

بەیهەقی و مێژوونووسانی دیکەش خەییامیان بەرژد لەبواری دانان و نووسین و وانەگوتنەوەدا وەسف کردووە، بەڵام ئەم گازندەیە دروست نییە، چونکە چۆنیەتی هەمەجۆری مەیدانی نووسینەکانی فەرامۆش دەکەن، کەچی عیبرەت لە ژمارە و قەبارەی دانراواندا نییە، بەڵکو عیبرەت لە جددییەت و ئیزافەکردنی داهێناندایە، لەوەیە چرە گوتارێکی سفت لە رووی سوود و بایەخەوە هاوتای کتێبێک بێت، یان زیاتریش. خۆ فەتحە نوێیەکانی نامە زانستییەکانی خەییام نموونەیەکی گەش و دیارن، کە خەییام بە هۆیانەوە پێشەنگایەتی گەورەی لە بوارگەلی بیرکاری و فیزیا و گەردوونناسیدا بەدەست هێنا و بە سەدان ساڵ پێش سەردەم و ڕۆژگاری خۆی کەوت، ئەوەی زانا لباجیڤسکی (١٧٩٢-١٦٥٦) لە ڕەنگرشتن و چەسپاندنی ئەندازەی نائیقلیدیدا بەدی هێنا و ئەنیشتاین (١٨٧٩-١٩٥٥) لە تیورە بەناوبانگەکەی خۆیدا (تیوری ڕێژەیی)دا قۆستییەوە، خەییام زۆر زووتر و لە نامەیەکیدا دەربارەی ئەندازە، کە لە ساڵی (١٠٧٧ز)دا داینابوو، گەیشتبووە هەمان دەرەنجام! ئەمە جگە لەو کەشفە زانستییە کە پاش چەندین سەدە بە (سێگۆشەی پاسکال) (١٦٢٣-١٦٦٢) و (جووتە ڕستەی نیوتن) (١٦٤٢-١٧٢٧) ناسرا، خەییام لەوەشدا ڕابەربوو، وێڕای ئەو دەسپێشخەرییە خەییام بەگومان بووە کە گۆی زەوی وەستابێت و تەوەرەی هەسارەکانی تر بێت و بۆ قوتابییەکانی تاقیکردنەوەیەکی لەم بوارەدا کردبوو، کە مۆمێکی هێنابوو بە(هەتاوی) شوبهاندبوو، زەوی و هەسارەکانی دیکەشی بەشتێن تری شوبهاندبوون، بە دەورە دەسوورانەوە. بەمەش هەر زوو بۆچوونێکی پێچەوانەی بۆچوونی هەموو زانایانی ڕۆژگاری خۆی خستبووە ڕوو! ئەمە جگە لە حەللی هاوکێشەی پلە سێ و هەمووارکردنی ساڵنامەی ئێرانی.

جا بەبۆنەی ناوهێنانی ئەم تەقویمەوە جێی خۆیەتی نێوی ئەو زانایانە بێنین کە لە چاکسازی و هەمووارکردنی تەقویمی نێوبراودا هاوکاری خەییامیان کردووە و خەییام بەوپەڕی شایستەیی لەنێویاندا بەدیار کەوتووە، لەوانە:

١- خەواجە عەبدوڕەحمانی خازنی مەروەزییە (خەواجە بەمانای: مامۆستا، پیر، سەیدا دێت،): زانای بیرکاری، فیزیا، فەلەک و میکانیک بوو. ئەم بەرهەمانەی هەیە: (الزیج السنجري)، (الزیج الخازني) و کتێبی (میزان الحکمة).

٢- خەواجە ئەبوحاتەمی ئەبومووزەففەری ئەسفزاری، خودانی ئەم بەرهەمانەیە(الاثار العلویة أو کائنات الفضاء)، (میزان ارخمیدس)، (مختصر اقلیدس)، (منتخب کتاب الحیل) و (میزان الحکمة)

٣- حەکیم ئەبوعەبباس لۆکری (کورد)، چەند نامەیەکی هەن لەگەڵ کتێبە پڕ بەهاکەیدا (بیان الحق بضمان الصدق).

٤- حەکیم مەیموون نەجیبی واسیتی: زانای بوارێن پزیشکی و بیرکاری و فەلەک.

٥- محەمەدی کوڕی ئەحمەدی مەعمووری بەیهەقی: زانای مەیدانی بیرکارییە و نامەیەکی دەربارەی (مخروطات = قووچەکان) هەیە.

٦- ئەبوفەتحی کوڕی کوشکی بەیهەقی: گەردوونناس بوو.

دەڵێن خەییام بەهاوبەشبوون دەگەڵ ئەبوعەبباسی لۆکری و ئەبوفەتحی خازنیدا (الزیج السنجری) لەبواری ئەستێرەناسیدا داناوە.

وێڕای هەموو دانان و چالاکییەکانی خەییام، خەڵکانێک هەن، تەنانەت لە ئێرانیش پلەوپایەی زانستی خەییام نزم دەکەنەوە، بۆ نموونە باسکار ئەحمەد بیرشک دەڵێت خەییام تەنیا بە ڕێکخستنەوەی ئەو تەقویمەی کە لە ئێرانی دێریندا بەکاردەهێنرا، بوو بە خاوەنی تەقویمی ئێرانی، واتە هیچی نەکردووە مەگەر سووکە هەموارکردنێک و ڕێکخستنەوەیەکی ئەو تەقویمە باوە!

بە هەرحاڵ، ڕەنگە دانراوەکانی خەییام زۆرتر بووبن، بەڵام چەپۆکی ڕۆژگار و دەورانی زەمان زۆری لێ ون کردبن و فەوتاندبن، بەتایبەتی لەکاتی شەڕوشۆڕ و لەسایەی دەسەڵاتە یەک لە دوو یەکە زاڵمەکاندا. لێرەشدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە چۆن (فرووغی) باسکاری شارەزای گەورە، ستایشی ڕێبازی خەییامی لە بواری نووسیندا کردووە، کە بریتی بووە لە کەمی بەرهەم و بایەخدان بەچۆنایەتی بەرهەم و تەنیا لەکاتی پێویستدا بەرهەمی نووسیوە و خۆی لە دووبارەکردنەوە بواردووە.

ئەمەش لیستی ئەو بەرهەمانەیە کە بە هی خەییام لە قەڵەم دەدرێن و زۆربەیان بەزمانی عەرەبین و نزیکەی نیمەیان بزر و فەوتاون:
١- القول على أجناس الذي بالربعة: بەشێکە لە نامەی (شرح المشكل من كتاب الموسيقى).
٢- رسالة في شرح ما أشكل من مصادرات كتاب اقليدس: دەربارەی هێڵە تەریبییەکان و تیوری ڕێژەکانە.
٣- رسالة في قسمة ربع الدايرة.
٤- رسالة في البراهين على مسائل الجبر والمقابلة: دەربارەی هاوسەنگییەکانی پلەی سێیەمە.
٥- رسالة ميزان الحكمة: في الإحتيال لمعرفة مقداري الذهب والفضة في جسم مركب منهما.
٦- ضرورة التضاد في العالم والجبر والبقاء.
٧- رسالة الضياء العقلي في موضوع العلم الكلي.
٨- رسالة جوابا لثلاث مسائل.
٩- رسالة في الوجود.
١٠- رسالة في الكون والتكليف: دەربارەی حیکمەتی پەروەردگارە لە ئەفراندنی کەون و حیکمەتی پەرستن.
١١- رسالة لوازم المكنة: في علم المناخ والأنواء الجوية.
١٢- رسالة في صواب الطرق الهندسية لإستخراج الجذر والكعب.
١٣- رسالة مشكلات الحساب.
١٤- رسالة في الطبيعيات.
١٥- رسالة في بيان الزيج الملكشاهي.
١٦- رسالة (سياستنامه) نظام الملك: بە هاوبەشی یان یارمەتی.
١٧- عيون الحكمة.
١٨- رسالة معراجية.
١٩- رسالة في تحقيق معنى الوجود.
٢٠- رسالة مسائل الحساب (بزره).
٢١- رسالة في كشف حقيقة نوروز، بالفارسية.
٢٢- رسالة في علم كليات الوجود، بالفارسية.
٢٣- ترجمة خطبه الغراء (التوحيد) لابن سينا إلى الفارسية.
٢٤- شیعرە عەرەبییەکانی، کە (٨ پارچە) م تا ئێستا دۆزیوەتەوە و دەڵێن زیاترە.
٢٥- رباعيات بالفارسية، (چوارینەی ڕەسەن و خەییامی ئاساییە) دەگەڵ چامەیەک و پارچەیەکدا.

هەندێک لە باسکاران لیستەکە دەگەیەننە ٣٠ ناوونیشان! کەچی هیچیان پتر لەم بەرهەمانەی کە مامۆستا ڕەحیم ڕەزا مەلیک تەحقیقی کردوون، بە دەستی نەکەوتووە. هەڵبەتە هەندێکیان فەوتاون، یان هێمان بزرن و لە هەندێ سەرچاوەدا دوو ناوونیشانی کەمێک جیاواز لەم نامە، یان لەو نامەیە بەرچاو کەوتوون، کە ئەمە وادەگەیەنێت دووجار حیساب کراون، بەم پێیە ناوونیشانەکان لە هەندێک سەرچاوەدا بوونەتە نزیکەی (٣٠) ناوونیشان، بەڵام ئەم بەرهەمانە تا نهۆ دەستکەوتوون کە بەم ژمارانەن: (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥).

لە کۆتایی ئەم تۆێژینەوەیەدا، پێویستە ئەم حیکایەتەی خوارەوە بگێڕینەوە(کە چەندین جار میناکی دەگەڵ دانەری ئەم کتێبەدا ڕوویداوە):

"دەگێڕنەوە دەڵێن کۆلکە زانایەک هەموو ڕۆژێک بەر لە ڕۆژهەڵاتن دەچووە لای خەییام و وانەیەکی حیکمەتی لەلای دەخوێند، کەچی لەنێو خەڵکدا بەخراپی باسی دەکرد... جا عومەر ئەمەی پێ دەگاتەوە، ئیدی تیپێک دەهۆڵ کوت و زوڕنا ژەن خڕ دەکاتەوە و لە ماڵەکەی خۆیدا شاردنیییەوە و کاتێ کابرای فەقیە وەکو جاران دێ بۆ وانە خوێندن، ئەمری پێ کردن دەهۆڵ لێدەن و زوڕنا بژەنن، ئیدی خەڵکی لە هەموو لایەکەوە هاتن و خڕبوونەوە و عومەر گوتی:

- ئەی خەڵکی نیشاپوور، ئەمە زانایەکەتانە کە هەموو ڕۆژێک لەم کاتەدا دێت و زانستم لێ وەردەگرێت، کەچی لەلای ئێوە بەو جۆرەم باس دەکات کە هەمووتان دەیزانن، جا ئەگەر ئەوەم کە ئەو دەیڵێت، بۆچی زانستەکەم لێ وەردەگرێت، دەنا ئەگەر وەهاش نیم، بۆچی بەخراپە باسی مامۆستاکەی خۆی دەکات؟!"

**ژێدەر:**

**ديوان عمر الخيام / ترجمة و تقديم: جلال زنگابادي / منشورات الجمل / بيروت- بغداد ٢٠١٠.**

# نموونەی بێ لافی، یان وێنەی دووەمی شاعیرەکانمان

**د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)**

یەکەمین بەشی ئەم باسە لە ژمارە (١٧٤)ی گۆڤاری (ڕامان)ی خۆشەویستدا بڵاوکراوەتەوە. کە حەفت شاعیری لەخۆ گرتبوو (نالی، سالم، کوردی، مەلا وەسمان، حاجی، مەحوی، شێخ ڕەزا).

بۆ ئەم بەشە (١٦) شاعیری تر وەرگیراوە و نموونەی شیعرەکانیان بۆ هەمان مەبەست پێش چاو خراون. بە هیوای ئەوەی ڕوحی ئەو شاعیرانەمان شاد و ئاسوودە کردبێت و سوودێکی بچووکیشمان بە ئەدەبی کلاسیکی کوردی گەیاندبێت.

*** وەفایی دەڵێت:(٩)**

**داغی تۆم هەر پێوەیە صەد جار دەرم کەی دێمەوە**
**من سەگێکی تۆم (وەفاییی) ڕوو لە دەرگای کێ دەکەم؟!** (٨٥)

داغ: ئاسن، یان هەر مەعدەنێک زۆر گەرم کرابێت و سوور کرابێتەوە و داغ کرابێت، وەکو نیشانە و مۆر مرۆڤی کۆیلە و ئاژەڵیان پێ نیشان کردووە، بە مەبەستی ئەوەی لە خاوەن و ڕەوەی خۆی دانەبڕێت و بناسرێتەوە، ئەو مرۆڤەی ئەو نیشان و مۆرەی پێوەبا، کەس نەیدەتوانی دالدەی بدا، یان بەخۆی بگرێت، هەربۆیە پاش هەموو ڕووداوێک، یان بۆچوونێک ناعیلاج و بێ چارە، هەر دەبا ڕوو لە هەمان دەرگەی خاوەنەکەی بکاتەوە.

هاتنی سێ (یا) بەدوای یەکدا لەناوی (وەفاییی)(*)دا وەکو ڕێنووس شتێکی شازی دروست کردووە و کێشی شیعرەکەشی لەنگ کردووە.

*** دیسان دەڵێت:**

**نایدەم بە هەموو دەوڵەتی دونیاو و قیامەت**
**جارێ بە (وەفاییی) کە بلێ کەلبی ئەمینە** (١٤٩)

وەفایی قسە و گۆتەی بەرانبەرەکەی ناگۆڕێتەوە بە هەموو سامان وگەنجینە و سەڵتەنەتی دنیا و قیامەت لە (ئێستا و دواڕۆژ)دا. دەبێ ئەو قسەیە چی بێت و بەهاکەی چەند بێت!! بە دەستەواژەی (کەلبی ئەمین)ـە دەبێ چ گۆڕانکارییەک بەسەر ژیان و دواڕۆژی وەفایی دابێت.

ئەمین: بێ زەرر و ئاگادار و بەغەم.

*** دیسان دەڵێت:**

**فەرمووی: لە کوفر لادە موسڵمان بە (وەفایی)**
**دێوانە مەبە، دەست مەدە زوڵفم، ئەوەتا ڕووم** (٧٢)

لەنیوە دێڕی یەکەم کوفر و موسڵمان هاتووە. لەنیوە دێڕی دووەم زڵف و ڕوو بەرانبەر بە یەک وەستاون، کە ئەمەش هونەرێکی ڕەوانبێژییە (لەف و نەشر)ـە:

زلف= ڕەشی و تاریکی بۆ کوفرە

ڕوو= گەشی و ڕووناکی بۆ موسڵمان دەگەڕێتەوە دڵبەرەکەی دەڵێت: وەفایی شێت و بێ هۆش مەبە!!



**حەمدی**

نەکەی دەست بۆ زلّفم ببەیت، ئەوە ڕوخسارم تێی دەڕوانی، یان ماچی دەکەیت کەیفی خۆتە.

*** دیسان دەڵێت:**

**خۆش بوو ئەو دەمەی گوڵ پشکووت شەکەر دەباری لە یاقووت**

**لێم لادە (وەفاییی) دەیکوت: تۆ گەدا، من شا بۆت نابم!** (٥٠)

دڵبەر و ماشووقە دەیەوێت نازێک بەسەر وەفاییدا بکات، یان هەندێک غەمی بداتێ و دڵی توند بکات، دەڵێت: تۆی گەداو دەس بەتاڵ و منی شازادە چۆن بۆ تۆ دەبم!! خۆی لەوە غەشیم کردووە کە زۆرجار چ بە خەیاڵ بووبێت، یان لە حەقایەت و ئەفسانەکان، کوڕە کەچەڵێکی بێ کەس، یان هەتیوێکی هیچ نەدار شازادەیەکی خۆش ویستووە و بەنسیبیشی بووە.

*** حەمدی دەڵێت:** (١٠)

**قبووڵی کە بە سەگ (حەمدی) ئەگەر نابێتە عوششاقت**

**کە پابۆسی سەگی تۆیە هەتا شەمس و قەمەر دەڕوا** (٢٤٨)

ئەگەر ڕازی نیت حەمدی ببێ بە عاشق و خۆشەویستت، بە سەگ قبووڵی بکە، ئەو دەمێکە لە خۆشی تۆ سەربەرزە ماچی پێی سەگەکانت بکات. وا ڕاهاتووە، هەتا (شەمس و قەمەر دەڕوا) واتە شەووڕۆژ و بێ پسانەوە (٢٤) سەعات، یان هەتا ڕۆژی قیامەت و ئەوکاتەی (ڕۆژ و مانگ) وجوودیان نامێنێت.

*** دیسان دەڵێت:**

**(حەمدی) شێتانە کە ئەتلێتەوە میسلی بیمار**

**نییە بێ چارە حەکیمێ نییە چاری ناچار** (٦٤)

لەبەر ئەوەی حەکیم و تەبیب بۆ دەردەکانی حەمدی نییە، بێ هۆش و شێتانە، وەکو نەخۆشێکی دەردەدار، بێ ئۆقرە و ناچار دەتلێتەوە.

*** ئەحمەدی کۆر دەڵێت:** (١١)

**ئەحمەدی کۆر، دڵ بزووتی، جوستوجۆ، وەک عەنکەبووتی**

**ئەو کەسی وا، بۆی دەسووتێ کردێ یە (قەیس) و، نای، لە هەرد** (١٨٤)

ئەحمەدی کۆر لە نیوە دێری یەکەم زۆر بە ئاشکرا دەڵێت: ئەمن وەکو جاڵجاڵۆکە وام (داپیرۆچکەم). ئەو وێکچوونە لە چ سیفەتێکدا لێک نزیکن، لە هاتوچۆ و بزۆزی و بێ ئۆقرەیی. لە نیوە دێڕی دووەم ناوی قەیسی هێناوە، کە ئەویش لەژێر کاریگەری (لوبنا)ی خۆشەویستەکەی داویەتییە دەشت و بیابانان، واتە (بە چۆڵێ کەوتووە ـ شێت بووە).

*** بێخود دەڵێت:** (١٢)

**ئەمن (قطمیری) ئێوە و، ئێوە (اصحاب الرقیم)ی من**

**لە بۆ کەهفی ئەمانت وا سەگی دەرگانەکەی خۆت هات** (١٤)

ئەو شیعرە بۆ شێخەکانی بیارە وتراوە و ناوی شێخ زیائوددین هاتووە. قطمیر: ناوی سەگەکەی ئەسحاب ولکەهفە. ئەسحاب و ڕەقیمیش بەواتای ئەسحاب ولکەهف هاتووە.

بێخود دەڵێت: ئەمن قەتمیری ئێوەم و ئێوەش هاوڕێیانی ئەشکەوتی منن. جارێکی تریش دەڵێت هەرچی دەبێت و نابێت، من هەر سەگەکەی بەر دەرگانەکەی تۆم.

*** دیسان دەڵێت:**

**(بێخود) کە هەتیوی دەری ئەولادی ڕەسوولە**

**نازدارە فەرامۆشی مەکەن تۆبی خوداتان** (٦٢)

شاعیر خۆی بە هەتیوی پێش دەرگای نەوە و وەچەی پێغەمبەر (د.خ) داناوە. لەنیوە دێڕی دووەمدا دەڵێت: بەو هۆیەوە زۆر نازدارە و توخوا ئەگەر لە بیری بکەن.

*** سافی دەڵێت:** (١٣)

**ئەگەر جارێکی تر فەرمووی سەگی دەرگای منە (صافی)**
**هەتا مەحشەر بەسە بۆ من مەقامی عیززەت و جاهم (١٨٣)**

تەماشای مەقام و عیززەت و جاهی (شوێن و پایەی، سەر بڵندبوونی، شان و شکۆی) سافی لەچی ڕا دیارە و ڕەنگی داوەتەوە، ئەو هەموو پلەوپایە بەرز و بەڕێزانەی، کە کاتی نین و تا ڕۆژی حەشر بەردەوامییان هەیە، بەرانبەر بە یەک وشە وەستاون:

*** دیسان دەڵێت:**

**(صافی) کە لە خاکی دەری تۆ دوورە بە قوربان**
**سەگ مەرگی نەبێ هێندە چلۆن قابیلی ژینە (٢٠٨)**

شاعیرمان لە خاکی پێش دەرگاکەی ماڵی دڵبەرەکەی دوورکەوتووەتەوە، بۆیە نەخشەی ژیانی ئاسایی و سروشتی ڕۆژانەی لێ تێکچووە و بووەتە (سەگە مەرگی) بەو حاڵەیە ژینەکە درێژەی پێ دراوە.

*** دیسان دەڵێت:**

**گەدازادەی تووە (صافی) حەقی ئازادییە قوربان**
**خەڵاتم گەر سیاسەت بێ، بە مەمنوونی ئەوا هاتم (١٦٧)**

سافی لە نیوەدێڕی یەکەم باس لە گەدازادە دەکات. لە نیوەدێڕی دووەمدا دەڵێت: خەڵات و بەراتم ئەگەر سیاسەت کردنیش بێت، من هەر مەمنوونم وا بە غاردان هاتم.

*** سابری دەڵێت: (١٤)**

**سەد کەڕەتم دەربکەی و دێمەوە**
**تۆ کە میسالی عەسەل و من (ذباب) (٦٣)**

ژمارەی سەد، زۆری دەگەیەنێت، نەک ژمارە (١٠٠). ئەو بەهەنگین چوێنراوە. شاعیر خۆی بەمێش چواندووە، مێش بی، هەنگوین و شەکراوت لەپێش بێت، چۆن واز دەهێنیت و دەڕۆیت؟!

*** دیسان دەڵێت:**

**سەد جار کە بەڕووی ترش و قسەی سەرد دەرم کەی**
**هەردێمەوە وەک مێش بە هەنگوینی هەناسەت (٦٦)**

ڕووت ترشە و سماق دەفرۆشیت، قسەت سارد و جەرگبڕە هیچ گرنگییەکی نییە، من مێشم و تاقیبی ئەو شوێنە دەکەم کە هەنگوینی لێ هەڵدەقووڵێت (هەناسە – هەنگوین) سابری دەیەوێت بەردەوام لەسەر لێوی دلبەرەکەی بێت.

*** دیسان دەڵێت:**

**بەو چاوە سەبووریم نییە تا تۆ بەدەمی خۆت**
**تەنبیهی نەکەی (سابری) خۆ شێت و نەزانە (١٨٢)**

بەوچاوە: سوێند بەوچاوە، یان هەر بەو چاوە... تاد.

ئەو بە ئیشارە و هێما دڵی ئاو ناخواتەوە (ئیشارە و هێمایەکی یەکجار زۆرمان هەیە بۆ ئەوەی بە بەرانبەرەکەت بسەلمێنیت کە شێتە و هۆشی لە دەستدایە. سابری دەیەوێت بە زمان و قسە دانی پێدا بنێت و ئاگادار و وریاشی بکاتەوە هۆشی لە دەستداوە، بۆیە هیچ نازانێت.

*** ناری دەڵێت: (١٥)**

**هەتا کەی (ناری)یا فیکری بەتاڵت**
**هەتیو پەیدا کە بۆ خۆت عەقڵ و فامێ (١١٨)**

ناری لەو دێڕەیدا بزانە چی بەخۆی گوتووە، لە نیوە دێڕی یەکەم، فیکری خۆی بە بەتاڵ لە قەڵەم داوە، لە نیوە دێڕی دووەم، خۆی بە خۆی دەڵێت: هەتیوا! هۆش و فامێک بۆ خۆت پەیدا بکە.

*** دیسان دەڵێت:**

**لە گەنج و دەوڵەتی نەظم و غەزەل دا**
**وەکو (نالی) غەنی (ناری) گەدا بوو (٨١)**

پاش ئەو هەموو دەسڕەنگی و وردەکارییە هونەرییانەی نێو ئەو دێڕە شیعرە، بزانە ناری چۆن نالی مامۆستای هەڵدەسەنگێنێت(*).

*** ویسالی دەڵێت: (١٦)**

**هەر دەلوورێنێ (ویصالی) وەک سەگی ون بوو لە خێڵ**
**بانگی کە بۆ خوا کە شایەد بێتەوە دەرگای تۆ (١٩٢)**

دیارە سەگ کە ون دەبێت دەلوورێنێت، تا خاوەن و خێڵی خۆی دەدۆزێتەوە. هەر لۆ خوای بانگی بکە، بەشکەم دێتەوە بەردەرگا نەکەت و وێ دەکەوتەوە.

*** دیسان دەڵێت:**

**(ویصالی) قەط مەبە مەئیوسی ڕەحمەت**
**لەلا خۆت تۆش سەگی ئەصحاب و ئالی (١٤٢)**

ویساڵی قەت نابێت لە بەخشندەیی باری تەعالا نائومێد بیت، چونکە خۆت بە سەگی ئەسحاب و ئال (هاوەڵ و خاو و خێزانی) پێغەمبەر (د.خ) لە قەڵەم داوە.

*** دیسان دەڵێت:**

**وصالی وەک سەگی ئەصحابی کەهفی**
**دەخیلە بەرمەدە دامەنی چاکان (١٧٧)**

دەگێڕنەوە و دەڵێن: (قیتمیر) واتە سەگەکەی ئەسحابولکەهف، بە زۆری و زۆردارەکی بە گەڵ ئەو



زێوەر

کۆمەڵە گەنجە کەوتبوو بە پاسەوانیان، گەنجەکان زۆر هەوڵیان دا سەگەکە وازیان لێ بێنێت، ئەوبوو بە (قیڕوبنێشت)، هەر ئەو عینادییەی بوو، بەو پلە و پایە بەرزەی گەیاند و ناوی لە قورئانی پیرۆز تۆمارکرا.

*** زێوەر دەڵێت:** (١٧)

**(زێوەر) خوڵامی خۆتە، ئەم جەورە حەیفە خووتە**
**مەمنوونە گەر بفەرمووی: تۆی عەبدی ئاستانم** (١٥٧)

دەڵێت: من هەر غوڵامەکەی خۆتم، زۆر حەیفە ستەم و ئازاردان بۆتە سرشت و خووت. تەماشام کە!! هێشتا من مەمنوونم گەر بفەرمووێ کۆیلەی بەردەرگاکەمی.

*** دیسان دەڵێت:**

**ڕیش سپی، ڕوو زەرد و دڵ ڕەش پیری ئاخر شەڕ منم**
**لەم جیهان و لەو جیهان بێ قیمەت و بێ فەڕ منم** (٢١)

زێوەر بە ڕەنگەکان چ وێنەیەکی نەخشاندووە، بە بوونی ئەو ڕەنگانە، ئەنجامەکەشی بەدەست داوە، کە پیری ئاخیر شەڕی لێ دەرچووە. بەوە نەوەستاوە!! ئاخیر شەڕی لە بێ نرخی و بێ فەڕی نەک ئەو جیهانە تەشەنەی کردووە و جیهانەکەی ئەو لاشی گرتووەتەوە.

*** دیسان دەڵێت:**

**تۆ لە (زێوەر) قەت مەڕەنجێ خاکی دەرگات کا بەسەر**
**چونکە شێت هەرگیز نەبووەتە مەوریدی تەعنەوعیتاب** (١٣١)

شێت هەرچی بکات لێی ناگیرێت، بۆیە نابێت تۆ لە زێوەر بڕەنجێیت هەر شتێک بکات، هیچ گوێی مەدێ جێی گلەیی و لۆمە و گازندە نییە.

*** میرزا غەفوور دەڵێت:** (١٨)

**کە دەست هەڵگرتنم نابێ! لە پا بۆسی سەگی گەیلان**
**دەڵێ (میرزا) [أباعن جد] سەگی دەرگای (محی الدین)م** (٥٥)

میرزا ناتوانێت دەست لەو کارەی هەڵگرێت، کە ئەویش ماچ کردنی پێی سەگی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، لە نیوەدێڕی دووەم و بە پەلە وێنەیەکی ترمان نیشان دەدات: نەک هەر خۆی، ئەوەی لە باب و باپیرەوە بۆ ماوەتەوە کە سەگی پێش دەرگای شێخ محیەددینن.

*** دیسان دەڵێت:**

**(غەفور) عەمرت نەمێنێ بۆ خەیاڵی قۆڕ و بێ سوودت**
**مەڵێ: خانووم هەیە خوێڕی کە نیشتەی جوولەکانم کرد** (٣٠)

میرزا لە دوو نیوە دێڕ دوو جنێوی داوە و چەند شتێکی سەیریشی ورووژاندووە. هەندێک مرۆڤ لە چرکەساتی تایبەتی و ناسروشتی و ئاسایی تووشی ئەو جۆرە حاڵەتانەی میرزا غەفوور دەبن.

*** خادیم دەڵێت:** (١٩)

**وەکو ڕێوی ئەسیری دەستی شێری عیشقە (خادیم)**
**وەکو بازیی لە غەفڵەت چەنگی خوێنینی لە تێهوودا** (٨٨)

خادیم وەکو ڕێوی بەند و گرفتاری ژێر دەستی شێری عیشقە، تێهوو: هەڵەیە (تەیهوو)ە، واتە: سووسکە، یان سوێسکە. وەکو بازێک لە غافڵەتی و بێ ئاگا چەنگی تیژ و بەهێزی دەبێت چۆن بەلاشەو هەناوی باڵندەیەکی وەکو سووسکە گیرکات. (ڕەنگین کردنی دەستی ماشووقە بەخوێنی دڵدار).

*** دیسان دەڵێت:**

**سەگم یا خادیم ئەوا هاتوومە بەر دەرگەت**
**هەتیوێکم بەبێ سایە، ئەتۆش سایەی هەیتوانی** (٦٣)

خادیم: نۆکەر، خزمەتکار. من هاتوومەتە پێش دەرگاکەت، جا تۆ ئازادی چ ناوێکم لێدەنێیت لەو دوو ناوەی بۆ خۆم داناوە. هەتیوی بێ سایە: منداڵی بێ کەسوکار.

سایە: سێبەر. سایەی هەتیوان؛ بە دەسەڵات و

دەوڵەمـەندی پڕ سـۆز و دلۆڤـان، لە خـزمـەت كـردن و سەرپەرشتی هەتیواندا بێت.
* **دیسان دەڵێت:**
**وەكــو ســەگ پاســەوانی كــوی یارت دەست كــەوێ (خادیم)**
**مـوبارەك بادی یە بۆ تۆ لە جاهو مـەنسـەبت ئیـمشـەو (٢١٠)**
ئەم دێڕە شیـعرە بە ئاشكرا دیارە كـاریگەری دێڕەكـەی سـالمی بەسـەرەوەیە (بە پەنهـانـی لە كـۆی یارا...). (كو)ی نیبە (كۆ)یە واتە گەڕەك، كۆڵان.
مەنسەب: پلەو پایە
* **دیسان دەڵێت:**
**(خادیێكی) وەكو منت تۆ هەر دەوێ دایم لە دەر**
**تا لەگەڵ سـەگ ئەو بكەن شەو پاسی دەرگـەت پێكەوە (٢٢٨)**
دەر: واتـای زۆرە لـەوانـە: دەرێ، یـان دەرەوە، پـێـش دەرگا و...تاد
پاس: چاو لێ بوون و ئاگاداری.
بە زمـانی خـۆی دەڵێت: نـۆكـەر، یان خزمـەتكارێكی وەكــو منت هەر پێــویست دەبێت!! هەر نا لە دەرەوە چاومان لێت دەبێت.
* **سەید ئەحمەدی نەقیب دەڵێت: (٢٠)**
**تۆ بە دوو پیت و لە تێ (ئەحمەد) مەكە نازو نیاز**
**چونكە تۆ مەهجووری عیشقی، گاملی نەك كامیلی (٨٨)**
لەت: كەرت، پارچە. نیاز: ئارەزوو، مەبەست...
مەهجوور: فەرامۆش كراو، پشتگوێ خراو.
گامل: ملە ستووری مل پان. كامیل: تەواو، بێ كەم و كوڕی.
لەو دێڕە شـتی سـەیر پێكەوە باس كـراوە: ئەنجـامی نیوەدێڕی یەكەم بە (جەهلی مورەككەب)مان دەگەیەنێت، واتە: نەزان و بێ ئاگـا، لای وابێت زانا و پێـشـەنگە. لەنیـوە دێڕی دووەمـدا دەڵێت: ئەوەی پشت لە عـیشق و خـۆشـەویسـتی بكا حـەتمەن بە گـامل دەردەچێت نەك كامیل.
* **دیسان دەڵێت:**
**لە كـۆشی وەحـدەتی حـوزن و ئەلەمـدا مـەحـوە وا (ئەحمەد)**
**كـە فـەرقی لانی یە خـەڵقی بڵـێن مـەجنوونە یا هارە (٤٦)**

پاش هەموو ئەو سیفەتانەی داویەتە پاڵ خۆی، دەڵێت: هیچ جیـاوازی و گرنگییـەك لەوەدا نابینم، خەڵك پێم بڵێن: شێتە، یان هارە.
* **پاكی دەڵێت: (٢١)**
**(پاكی) كەوتە گێژی حرمان تۆی شەفیعی موجریان**
**گێژی بەحری جورم و عصیان غەیبەت و بوهتان و زوور (١٠٧)**
لە نیـوەدێڕی یەكـەم، پاكی ڕووی قـسـەی لەگـەڵ پێغەمبەرمانە (د.خ)، بۆ ئەوەی دەستی یارمەتی بۆ درێژ بكات، بۆ ئەوەی لەو گێژاوە ڕزگـاری بكات كە گـێژاوی حیـرمانە. گـێژی نیـوەدێڕی دووەم مەیدانەكەی فراوانتر كـردووە بەحری (جورم و عـصـیـان غـەیبـەت و بوهتـان و زوور) پێنج سیفەتی زۆر ناشیرین و قێزەونی داوەتە پاڵ خۆی.
* **عاسی دەڵێت: (٢٢)**
**(عاصی) و كەمەر بەستەو و كەمتر لە غولامت**
**جێی فەخرە كە لەم دەرگەیە زەبیال و كەناسم**
شاعیـر كـەمەربەسـتـە و ئامادەیە هەمـوو فـەرمـانێك بە مەمنوونییەوە جێبەجێ بكات، ئەوەتا خۆی بە كـەمتر لە غـولام لە قـەڵەم داوە. دواتر بە زمـانی خـۆی دانی پێدا دەنێت و دەڵێت: جێی فەخر و شانازیمە لەبەر دەرگاكەتان (زەبیــال و كـەنناس) بم. زەبیـال: ئەو كـەسـەی زبڵ و خـاشـاك و شـتـی فـڕێ دراو كـۆ بكاتەوە بە مـەبەسـتـی فڕێدان. كـەنناس: كـەنناسیش هەر زەبیالە، واتە ئەوەی شـەقام و كـۆڵان و شـوێنە گـشـتـییـەكـان بە گـەسك پاك دەكاتەوە.
* **دیسان دەڵێت:**
**ئەشهەدوبیللا لە دونیا بێ حەیابووی (عاصی) یا**
**بێ وەفـابووی دەرحەقی حـەق ڕووڕەشی پیس و زەغـەل (١٨٣)**
ئەشهـەدوبیللا: ئێمە دەڵێین: ئەشەدوبیللا، خوا شاهید و ئاگـادارە. بێ حەیا: بێ شـەرم، بێ چاوڕوو. دەرحەق: لە ڕاست. حـەق: پەروەردیگـار، باری تەعــالا. زەغـەل: تەمبەڵ، تەوەززەل، قەڵب.
لە نیوەی یەكـەم دەڵێت: خوا شاهێد و ئاگادارە كە تۆ لە دنیا بێ حەیا دەرچووی، لە نیوەی دووەم سەرزەنشتەكە زیاتر دەبێت، بێ وەفا بووی لە ڕاست باری تەعالا، هەی ڕوو ڕەش و پیس و تەوەززەل.
* **دیسان دەڵێت:**
**گوتم بەسیە ئیتر (عاصی) چییە ئەم لاف و دەعوایە**

**که تۆ جەهلی مورەککەب بی مەلێ مونشیی ئیکسیرم (٥٠)**
کە ئەو پارچەیەک بێت لە (جەهلی مورەککەب) خۆ هەڵکێشان و خۆ بەزل زانین و ئەوانی تریشی هیچ نرخ و بەهایەکیان نابێت.

*** میهری دەڵێت: (٢٣)**

**چ بەدبەختی، چ بەدحالی، تۆ میهری**
**چ بێزاری لە دونیا و ژیانی (٤٩)**

میهری بەدبەخت و بەدحاڵە، بێزارە لە دنیا و ژیانی.

**دیسان دەڵێت:**

**میهری بڵێ بە دڵبەر موفلیسی سەرزەمینم**
**غەیرەز گەنجی موحیبەت لە رووی زەمینم نییە (٥١)**

لە نیوەدێڕی یەکەم، لەسەر رووی ئەو زەمینە لە میهری موفلیستر نییە، واتە ئەوەی شت بێت نییەتی، ئەوپەڕی هەژاری و نەداری. لە نیوەی دووەم، باس لە سەروەت و گەنجینەکانی دەکات، کە ئەمانیش نە پارە و نە ماددەن، نە شتن، بەڵکو خۆشەویستییە. دەیەوێت ئەو هەواڵ و پەیامەش بە دلبەرەکەی ڕابگەیەنێت.

*** موخلیس دەڵێت: (٢٤)**

**(موخلیسا) چەرخ و فەلەک ملکەچی تۆبی چ دەبی**
**تۆ سەگی قاپییەکەیی جەدی حوسێن حەسەنی ١٧٤**

جەد: باپیر. جەددی حوسێن و حەسەن واتە: پێغەمبەرمان (د.خ). ملکەچی بەرانبەر بە دەسەڵاتێک دەکرێت. دیارە موخلیسیش بەو پلەوپایە گەیشتووە.

*** دیسان دەڵێت:**

**فەزلی سەحبی تۆ لەگەڵ ئەسحابی کەهفان لێک جودان**
**من موحیبی سەحبی تۆمە و سەگ موحیب بوو بۆ ئەوان**
**سەگ بەهەشتی بوو بە مەنزیل سافیدات بێ جیسم و جان**
**چۆن سەگی ئەسحابی کەهفان بچتە نێو قەسری جینان**
**من سەگی ئەسحابی تۆ نەچم قسووری عالیات**
(٢٠٠).

ئەم پێنج نیوەدێڕە، کۆپڵەیەکە لەو پێنج خشتەکییەی کە موخلیس لەسەر شیعرێکی حەزین دایەزراندووە، واتە: سێ نیوەدێڕی بەرایی هی موخلیسە و هەردوو نیوەی چوارەم و پێنجەم هی حەزینە. دیارە دێڕەکەی حەزین چ وێنەیەکی لەخۆ گرتووە. موخلیس لە گۆشەنیگایەکی جیاوە وێنەکانی بە ڕەنگی دڵگیر نەخشاندووە. ئەم باسە درێژەی هەیە..

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(٩) وەفایی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەممەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.**

**(*) لە کۆی (١٣٨) پارچە شیعر، جگە لە چوارینەکان، نازناوی وەفایی بە (وەفایی) تۆمار کراوە، جگە لە (ل٣٣) بە (وەفایی)ن هاتووە. (ل١١٤) نازناوەکە بە (وەفا) تۆمار کراوە. (ل١٥٥، ١٦١) ئەو دوو پارچەیە نازناویان نییە.**

**بە واتایەکی تر (١٣٤) شیعری دیوانی وەفایی بە سێ (یا) نازناوەکە تۆمار کراون و کێشەکانیشیان لەنگ بووە.**

**(١٠) حەمدی (دیوان)، ساغکردنەوە و ڕێکخستن و چاپکردنی عەبدوڵڵا خدر مەولوود، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.**

**(١١) ئەحمەد کۆر- شێخ- (دیوان و شەرحی حاڵی)، عەزیز موحەممەد پوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیام، ١٣٧٨.**

**(١٢) بێخود (دیوان)، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ١٩٧٠.**

**(١٣) صافی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی محمدی مەلا مصطفی هیرانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.**

**(١٤) سابری (دیوان)، لەژێر چاودێری و لەسەر ئەرکی عەبدولجەبار شۆرجە چاپ کراوە، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاسیا، کەرکووک، ٢٠٠٨.**

**(١٥) ناری (دیوان)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی کاکەی فەللاح، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٨٤.**

**(*) عەبدوڵڵا خدر مەولوود، ألا یاأیها الساقی و دە بابەتی تر، بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٠٥.**

**(١٦) ویسالی (دیوان)، ئامادەکردنی جەمال محەمەد، محەممەد ئەمین، (دارالجاحظ للطباعة والنشر)، بەغدا، ١٩٨٦.**

**(١٧) زێوەر (دیوان)، مەحموود زێوەر کۆی کردۆتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**(١٨) میرزا عەفوور (دیوان)، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩١.**

**(١٩) خادیم (دیوان)، ئامادە کردن و ساغکردنەوەی جەمال محەمەد، محەمەد ئەمین، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (دارالحرية للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٠.**

**(٢٠) سەیید ئەحمەدی نەقیب (دیوان)، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی مەحمود ئەحمەد محەمەد، (مطبعة الارشاد)، بەغدا، ١٩٨٥.**

**(٢١) پاکی (دیوان)، ئامادەکردنی دکتۆر ئیبراهیم طاهر مەعروف، بلاوکردنەوەی نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٧.**

**(٢٢) عاصی (دیوان)، ئامادەکردن و پێشەکی و فەرهەنگۆکی عەزیزگەردی، بلاوکردنەوەی نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**(٢٣) میهری (دیوان)، بژاردن و ئامادەکردنی عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٨٤.**

**(٢٤) موخلیس (بەشێک لە دیوان)، لێکدانەوە و ساغکردنەوەی د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠.**

# نوێکردنەوەی شێوازی گێڕانەوە لە چیرۆکێکدا

**د.عادل گەرمیانی**
**(زانکۆی کۆیە- کۆلێژی زمان)**

گێڕانەوە بنەمایەکی گرنگی بینای هونەریی چیرۆکە، زیاتر بۆ بەرجەستەکردن و خستنەڕووی ڕووداوێک، یان بەسەرهاتێک بەکاردەهێنرێت و هەبوونی بگێڕەرەوە بۆ پرۆسەی گێڕانەوە زۆر گرنگە، چونکە بەهۆی ئەم کەرەستەیەوە بۆ گێڕاو ئاگاداری وردەکاری لایەنەکانی ڕووداوی نێو چیرۆکەکە دەبێت.

لە تەکنیکی گێڕانەوەدا سێ جۆرە بگێڕەرەوە هەیە: زۆر شتزان، هەمان شتزان، کەم شتزان. هەریەک لەمانە ڕۆڵی خۆی هەیە، لەپێناو مەبەستێکی هونەریدا چیرۆکنووس هانای بۆ دەبات، تا بە هۆیەوە لەخستنەڕووی سروشتی ڕووداوی نێو چیرۆکەکە سەرکەوتوو بێت. چیرۆکنووس جێناوی سێیەمین کەسی تاک بۆ بگێڕەرەوەی زۆر شتزان بەکاردەهێنێت، کە زۆر جار بەزمانحاڵی خودی چیرۆکنووس دادەنرێت، لەڕووی ئاگاداربوونی لەزۆر لایەنی بەسەرهاتەکانی پاڵەوان و کەسانی دیکەی نێو چیرۆکەکە. بۆ بگێڕەرەوەی هەمان شتزان، چیرۆکنووس جێناوی یەکەمین کەسی تاک بەکاردەهێنێت، کە خودی پاڵەوانەو لەبارەی خۆیەوە دەدوێت. بۆ بگێڕەرەوەی کەم شتزانیش چیرۆکنووس جێناوی دووەمین کەس بەکاردەهێنێت، کە دروستکراوی چیرۆکنووسەو زانیاری زۆری لەبارەی بەسەرهاتەکانی پاڵەوان و کەسانی دیکەی نێو چیرۆکەکەوە نییە. ئەمەی باسمان کرد چوارچێوەی گشتیی هونەری گێڕانەوەیە لەنێو جۆرەکانی چیرۆک و ڕۆماندا، کە تا ئەم ڕۆژگارە نووسەران چ بەشێوەی تاک، یان بەشێوەی ئاوێتە هەڵیان دەبژێرن.

زۆربەی چیرۆکنووسە کۆن و هاوچەرخەکان، بۆ خستنەڕووی ڕووداوی نێو چیرۆکەکانیان، هانا بۆ گێڕانەوەی تەقلیدی دەبەن، واتە زیاتر سێیەمین کەسی تاک بۆ گێڕانەوەکە هەڵدەبژێرن، کە لەڕووی کاتەوە لە خاڵێکی ڕابردووەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە کاتی ئێستای نێو گێڕانەوەی دەقی چیرۆکەکە. ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لە چیرۆکی هونەریی نوێدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، چیرۆکنووس بۆ کاتی گێڕانەوەی نێو دەقەکەی لەوانەیە لە کاتی ئێستاوە بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە، واتە شێوە گێڕانەوەیەکی بازنەیی بەکار دەهێنێت، یان ئەوەتا لەنێوان هەردوو کاتی ئێستا و ڕابردوودا بە شێوەیەکی چەماوەیی گێڕانەوەکەی بەکاردەهێنێت و لەم دوو جۆرەی گێڕانەوەی بازنەیی، یان چەماوەیی مەرج نییە تەنیا سێیەمین کەسی تاک بۆ خودی بگێڕەرەوەکە بەکاربهێنێت.

هەروەک چۆن جۆری گێرانەوەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەهەمان شێوە کەرەستەی گێڕانەوەش گۆڕانکاری



د. فەرهاد پیربال

بەسەردا هات. بۆ نموونە هەندێک چیرۆکنووس ڕێگا بە زیاتر لە کەسێکی نێو چیرۆکەکەی دەدات لایەنەکانی وردەکاری ڕووداوی نێو چیرۆکەکە بگێڕنەوە، یان تەنیا دانساندن دەکاتە کەرەستەی گێڕانەوەی نێو چیرۆکەکەی، بەشێوەیەک لەو جۆرە دانساندنەی دوور دەخاتەوە لەنێو دەقی شانۆدا بەرچاومان دەکەوێت، ئەمەش بەجوانی لەنێو دەقی هەردوو چیرۆکی (شیزۆفرینیا) و (زار و مار)ی د.فەرهاد پیربالدا بەکارهێنراوە.

د.فەرهاد پیربال لە چیرۆکی (پەناهەندە) دیاردەی دووبارەکردنەوەی ڕستەیەک بۆ چەند جارێک بەکاردەهێنێت، هەرچەندە دیاردەی بەکارهێنانی دووبارەکاری زیاتر لەنێو شیعردا بەکاردەهێنرێت، بەمەبەستی جەختکردن لەسەر دووبارەکراو، یان بەمەبەستی وەبیرهێنانەوەی خوێنەری شیعرەکە، یان بۆ بەخشینی جۆرە کاریگەرییەکی دەروونی بە دووبارەکراو، لە هزرو دەروونی خوێنەری شیعرەکەدا.

ئەوەتا د.فەرهاد پیربال لە دەقی چیرۆکی (پەناهەندە)دا بە چەند شێوەیەک دووبارکراو بەکار دەهێنێت، ئەمەش بەلامانەوە جۆرە نوێکردنەوەیەکی گێڕانەوەی نێو چیرۆکی هاوچەرخی کوردییە.

بۆ نموونە دە جار ڕستەی (ئایا ڕاستە کە تۆ مۆزی یەکەمت خواردووە و پەلکەکەت فڕێ داوەتە سەر شۆستەکە) دووبارە دەکاتەوە، لەهەر دووبارەکردنەوەیەکدا (ئایا ڕاستە کە تۆ)ی لابردووە و ژمارەکەی گۆڕیوە، هەروەها بۆ دە جار ڕستەی (نەخێر، من هەرگیز مۆزی یەکەمم نەخواردووە و پەلکەکەی فڕێ بدەمە سەر شۆستەکە) دووبارە دەکاتەوە، لە هەر دووبارەکردنەوەیەک (نەخێر، من هەرگیز)ی لابردووە و ژمارەکەی گۆڕیوە، هەروەها بۆ دە جار ڕستەی (ئایا تۆ دیوتە ئەم پەناهەندەیە مۆزی یەکەمی خواردبێت و پەلکەکەی فڕێ دابێتە سەر شۆستەکە) دووبارە دەکاتەوە، لە هەر دووبارەکردنەوەیەکدا (ئایا تۆ دیوتە)ی لابردووە و ژمارەکەی گۆڕیوە، هەروەها بۆ دە جار ڕستەی (ئەم پیاوە! مۆزی یەکەم بخوات و پەلکەکەی فڕێ بدەیتە سەر شۆستەکە) دووبارە دەکاتەوە، لە هەر دووبارەکردنەوەیەکدا (ئەم پیاوە)ی لابردووە و ژمارەکەی گۆڕیوە، هەروەها بۆ دە جار ڕستەی (چما تۆ چیت مۆزی یەکەم بخۆیت و پەلکەکەی فڕێ بدەیتە سەر شۆستەکە) دووبارە دەکاتەوە، لەهەر دووبارەکردنەوەیەکدا (چما تۆ چیت)ی لابردووە و ژمارەکەی گۆڕیوە، هەروەها بۆ دە جار ڕستەی (پەناهەندەیەکی کورد لە گازینۆیەکی شاری (میوونخ) داوای دە مۆزی کردووە و، پاشان مۆزی یەکەمی خواردووە و پەلکەکەی فڕێ داوەتە سەر شۆستەکە) دووبارە دەکاتەوە، لە هەر دووبارەکردنەوەیەکدا (پەناهەندەیەکی کورد لە گازینۆیەکی شاری (میوونخ) داوای دە مۆزی کردووەو، پاشان)ی لابردووەو ژمارەکەی گۆڕیوە، هەروەها بۆ دە جار ڕستەی (دوێنێ ئێوارە لە گازینۆیەکی شاری (میوونخ)دا، پۆلیس بینیویانە مۆزی یەکەم دەخوات و پەلکەکەی فڕێ دەداتە سەر شۆستەکە) دووبارە دەکاتەوە، لە هەر دووبارەکردنەوەیەکدا (دوێنێ ئێوارە لە گازینۆیەکی شاری (میوونخ)دا، پۆلیس بینیویانە)ی لابردووەو ژمارەکەی گۆڕیوە. هەرچەندە وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە هەبوونی ئەم جۆرە دیاردەی دووبارەکارییە زیاتر بۆ داڕشتنی شیعر دەشێت، بەڵام د. فەرهاد پیربال بە ئەنقەست ئەم جۆرە دووبارەکارییەی کردووە، تا جۆرە نوێکردنەوەیەک بە جیهانی داڕشتنی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە ببەخشێت.

د.فەرهاد پیربال لەنێو دەقی هەردوو ڕۆمانی (مولازم

تەحسین و شتی تریش)و رۆمانی (منالّباز)دا فرە دەنگیی بەکارهێناوە، نوێکردنەوەی لە جۆری بگێڕەوەی نێو هەردوو دەقەکە دروست کردووە، تا جۆرە تازەکردنەوەیەک بە چەشنی گێڕانەوەکە ببەخشێت. بۆ نموونە لە کورتە رۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش) هەردوو شاکەس جوامێر و ئەختەر دەکاتە دوو بگێڕەوەی سەرەکی، هەریەکەیان لەسەرانسەری رۆمانەکەدا نیوەی لاپەڕەکانی بۆ تەرخان دەکرێت، ئەم جۆرە دارشتنە پێشتر لەلایەن هیچ نووسەرێکەوە نەکراوە. ئەم جۆرە دارشتنەی گێڕانەوە لە رۆمانی (منالّباز) فراوانتر دەکرێت و چوار چوارگۆشەیی بۆ چوار بگێڕەرەوە لە سەرانسەری لاپەڕەکانی رۆمانەکەدا تەرخان دەکات، هەر یەک بە جیاو لەگۆشەی خۆیەوە بەپێی بۆچوونی ئەرکی گێڕانەوەی رووداوەکە خۆی دەبینێت.

بەلامانەوە د.فەرهاد پیربالّ بە رابەری نوێکردنەوەی هونەری گێڕانەوە لە چیرۆک و رۆمانی هاوچەرخ دادەنرێت، هەرچەندە لەسەر ئەم جۆرە نوێکردنەوەیە لە دارشتنی چیرۆک و رۆمانە تازەکانی بەردەوام نەبووە. لەوانەیە هەندێک خوێنەری ئاسایی ئەم جۆرە نوێکردنەوەی گێڕانەوەی نێو چیرۆک و رۆمانەکانی د.فەرهاد پیربالّ نەبێتە جێی بەخشینی چێژوەرگرتنە تەقلیدییەکەیان، بەلاّم ئەم جۆرە نوێکردنەوەی گێڕانەوەی نێو چیرۆکی هاوچەرخی کوردی کارێکی زۆر پێویست و گرنگە، بۆ ئەوەی چیرۆکی کوردی لە گۆماوی مەنگی خۆی دووربکەوێتەوەو هەنگاو بەهەنگاو لەگەلّ رەوتی نوێکردنەوەی چیرۆکی هونەریی جیهانیدا بڕوات. بەپێویستمان زانی وەک نموونە بۆ باسەکەمان سەرەتا دەقی تەواوی چیرۆکی (شیزۆفرینیا) بلاوبکەینەوە پێش باسکردن و خستنەرووی داهێنانی نێو گێڕانەوەی دەقی چیرۆکەکە.

**دەقی چیرۆکی (شیزۆفرینیا)**

(١)

بەختیار، لەبەردەم ئەفسەرەکە، کە بەرپرسی یەکەمی تۆژینەوەی دۆسیەی بەختیار بوو، وەک ئەسیرێک، دەستەوەستان، راوەستابوو. ئەفسەرەکە رووی لە موتەرجیمی بەختیار کرد و وتی:

Il faudrais qu il aille a l hospital psycatrique

موتەرجیمەکە گەنجێکی کوردی لبنان بوو، ئەم قسەیەی بە خەفەتێکەوە بۆ بەختیار تەرجەمە کرد، وتی:

- کاکە، وا بزانم ماوەیەک دەتنێرن بۆ شەممّاعیە.

---

١- ئەگەر دەتەوێ بزانیت بەختیار کێ بوو، بڕوانە گۆشەی ژمارە (١١)

٢- ئەگەر حەز دەکەیت بزانیت ئاخو بەختیار چی بەسەر هات؟بڕوانە گۆشەی (٥)

(٢)

دایکی بەختیار، هەموو بەیانییەک، لە گوندەکەی خۆیانەوە، بە پاص، دەچووە ناو شار، بۆ خزمەتکردنی مالّە دەولّەمەندەکان، جلی بۆ دەشووشتن، حەوشەو ژوورەکانی بۆ پاک دەکردنەوە، حەفتەی سێ رۆژانیش(سێ شەممەو چوارشەممەو پێنج شەممە) دەچووە شەممّاعیەی هەولێر، لەوێ فەراش بوو) باوکی بەختیار لە جەولەی شەڕی یەکەمی براکوژیدا بە ئەسیر گیرابوو، بەختیار بەمەی نەدەزانی، تا ئەو رۆژەی نامەیەکی بەدەست گەیشت و هەوالّەکەی خوێندەوە

---

١- ئەگەر حەزدەکەیت بزانیت هەلّوێستی بەختیار، دوای بیستنی ئەم هەوالّە، چی بوو؟ بڕوانە گۆشەی (٧)

٢- ئەگەر حەز دەکەیت بزانیت مالّی بەختیار چیان لەبارەی بەختیارەوە دەگوت. بڕوانە گۆشەی (٨)

(٣)

درونی لدار الشارزور و برده
کفرمیسک گرم الی او سرده

---

١- ئەگەر حەزدەکەی لە واتای ئەم شیعرە تێ بگەی، بڕوانە گۆشەی (١٣)

٢- ئەگەر دەتەوێ بزانیت: برادەرەکەی بەختیار بۆچی بەردەوام ئەم شیعرەی دەخوێندەوە. بڕوانە گۆشەی (١٤)

(٤)

دوو سالّ و سێ مانگ و چواردە رۆژ بوو، بەختیار لەو ئۆردوگایەدا چاوەڕێی دەکرد. شەوێک - دوای ئەوەی بۆ دووەم جار کە لە پۆلیسی پەناهەندانەوە رەفزی بۆ هاتەوە - کاتژمێر سێی بەیانی بوو، بێ ئاگا، لە خەو

هەستایەوەو چووە دەرەوە: لەسەر شەقام، هەرچی جامخانەی دوکان و مغازەکان هەبوو، هەموویانی دایە بەر بەرد، زۆربەشیانی بە ئاسنێکی درێژ وردوخاش کرد. بۆ بەیانی، بەختیار، کە لە پۆلیسخانە چاوی کردەوە، دەیوت: «من شتی وام نەکردووە، ئاگام لەهیچ نەبووە».

---

١-ئەگەر دەتەوێ بڕیاری پۆلیس لەم بارەوە بزانی، بڕوانە گۆشەی ژمارەی (١)

٢- ئەگەر حەز دەکەی بەدیمەنێکی خەستەخانەکەی بەختیار ئاشنا ببیت. بڕوانە گۆشەی ژمارە (٩)

(٥)

بەختیار بە بیستنی ئەم قسەیە، یەکسەر لە جێی خۆیدا وشک بوو، ویستی ڕابکات.

---

١- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت بەختیار لەسەر چی بانگ کراوەتە پۆلیسخانە، بڕوانە گۆشەی (١٤)

٢- ئەگەر حەز دەکەی بزانیت ئایا بەختیار ناردرایە شەمماعیە یان نا. بڕوانە گۆشەی ژمارەی (٧)

(٦)

- ئەگەر چاک بیتەوە، حەز دەکەیت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت؟

ئەمیش وتی:

- پڕ بە دڵ حەز دەکەم بگەڕێمەوە باوەشی دایکم.

---

١-ئەگەر دەتەوێ زیاتر ئاشنای ژیانی دایکی بەختیار بیت، بڕوانە گۆشەی (٢)

٢- ئەگەر دەتەوێ دێڕە شیعرێکی جوان لەم بارەوە بخوێنیتەوە. بڕوانە گۆشەی(٣)

(٧)

بەختیار، زۆر نیگەران بوو، پێنج ڕۆژ بوو سەرو ڕیشی نەتراشیبوو، کاتێ بە دڵتەنگییەوە گەڕایەوە ئۆردووگاکەی خۆی، لەبەردەم دەرگا، تووشی برادەرێکی خۆی هات، ئەویش کورد، لەوێ لەگەڵی پەناهەندەبوو. برادەرەکەی وتی:

- ها.. بەختیار؟ بەختیار پەست، وەک لەبەر خۆیەوە قسە بکات:

- خەریکە دڵم شەق دەبا، دەگەڕێمەوە.

- بۆ کوێ؟

- بۆ کوردستان.

- بۆ؟

- یان دەبێ بگەڕێمەوە، یانیش ئەوەتا بچمە شەمماعیە.

---

١- ئەگەر دەتەوێ شتێک لەبارەی ڕابردووی بەختیار بزانیت، بڕوانە گۆشەی (١٢)

٢- ئەگەر دەتەوێ بزانیت بەختیار کێ بوو. بڕوانە گۆشەی (١١)

(٨)

دایکی بەختیار، خوشکەکانی، دوو براکەی، پوورەکانی، ماڵی خاڵەکانی، هەموویان ئیرەییان بە بەختیار دەبرد، دەیانوت «خۆزگە بە بەختیار! بۆ خۆی گەیشتە ئەوروپا!». ڕۆژێکیان، دایکی بەختیار، لە شەمماعیە، دەستی لە ملی نەخۆشێک کردبوو، ئاوی دەدایە ئەو نەخۆشە، کوڕێکی گەنجی عەرەبی خەڵکی (دیوانیە) بوو، لە دەست ڕژێمی بەغدا ڕایکردبووە کوردستان، نەیدەتوانی بگەڕێتەوە، دایکی بەختیار بەزەیی بەو گەنجەدا دەهاتەوە، دەشیزانی کە ئێستە وردە وردە خەریکە چاک دەبێتەوە. لێی پرسی:

---

١-ئەگەر دەتەوێ بزانیت دایکی بەختیار چی لەو کوڕە عەرەبە پرسی؟ بڕوانە گۆشەی (٦)

٢- ئەگەر دەتەوێ خەونێکی دایکی بەختیار لەبارەی بەختیارەوە بزانیت. بڕوانە گۆشەی (٨)

(٩)

«ئێرە شەمماعیە نییە. باشە، خەستەخانەی سەرپەرشتیکردنی ئەو کەسانەیە کە نەخۆشی دەروونییان هەیە. موتەرجیمە لبنانییەکە بەهەڵە منی تێگەیاند».

بەختیار، بەدڵخۆشییەوە، لەسەر قەرەوێڵەکە، بە دیشداشەیەکی خەتخەتەوە، وای بەخۆی دەوت. پیرەژنێکی فەرەنسی، کە لەو خەستەخانەیەدا ستەر بوو، لە دڵەوە بەزەیی بە بەختیاردا دەهاتەوە. ئێوارەیەک

لە کاتێکدا جەمی ئێوارەی لەگەڵ پرتەقاڵ و سێوێک لەبەردەم بەختیاردا دادەنا، بەمیهرەبانییەکی دایکانەوە دەستی لەملی بەختیار کردو لێی پرسی:

---

١- ئەگەر دەتەوێ بزانیت ئەم پیرەژنە چی لە بەختیار پرسی، بڕوانە گۆشەی (٦)
٢- ئەگەر دەتەوێ بزانی ئەم پیرەژنە بۆچی ئەم پرسیارەی لە بەختیارکرد،بڕوانە گۆشەی(١٤)

(١٠)

ماوەیەک بەختیار لە قەبرستانەکەدا، بەکۆمەڵ، پیسایی و گەڵای وەریوی سەر قەبرستان و ڕێڕەوەکانیان پێ پاک دەکردنەوە، دەیوت: «بوومەتە کەنناس». ماوەیەکیش دەیانبردن، بەکۆمەڵ، ناو میترۆکانیان پێ گسک دەدان. بەختیار، لەبەر بێ پارەیی، لە هەزار مەتر چوارگۆشەی ئۆردووگاکەیان زیاتر، نەیدەتوانی ببزوێ. برادەرە فەلەستینی و سریلانکی و لبنانییەکانی، دەچوون قەمصەڵەو جلوبەرگیان لە مغازەکان دەدزی و بەنرخی هەرزان دەیانفرۆشتنەوە، پێی دەژیان. ئەم، ئەم کارەی پێ ناشیرین بوو.

---

١-ئەگەر حەزدەکەی بزانیت چۆن و کەی ئۆفیسی پەناهەندان زانییان بەختیار تووشی «نەخۆشییەکە» بووە، بڕوانە گۆشەی ژمارەی (٤)
٢- ئەگەر حەز دەکەی هەندێ شتی تر لەبارەی ژیانی ئێستەی بەختیار بزانیت، بڕوانە گۆشەی (١٥)

(١١)

بەختیار پەناهەندەیەکی کوردی عیراق بوو، خەڵکی گوندی «گۆمەسپان». تەمەنی بیست و یەک ساڵ، لە هەولێر، ئامادەیی کشتوکاڵی تەواو کردبوو.

---

١-ئەگەر دەتەوێ بزانیت بەختیار لەکام وڵات و شار، چۆن دەژیا، بڕوانە گۆشەی ژمارە(١٥)
٢- ئەگەر حەز دەکەی بزانیت: ماڵی بەختیار کێ بوون و چۆن دەژیان. بڕوانە گۆشەی (٢)

(١٢)

بەختیار کە گەیشتە فەڕەنسا، کۆک و ساغڵەم، هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، برادەرە پەناهەندەکانی ناو ئۆردووگاکە دەیانوت: «ئەم سێ ساڵە چاوەڕوانییە بوو کە بەختیاری ئاوها لێکرد». بەختیار کە گەیشتە فەڕەنسا، تەمای وابوو بچێت لە «کۆلێژی ئەندازیاری» بخوێنێت، لەهەمان کاتدا جار بەجار بتوانێ «کەمێک دۆلاریش» بۆ دایکی بنێرێتەوە.

---

١-ئەگەر حەز دەکەی بزانیت چارەنووسی بەختیار چی بەسەرهات؟ بڕوانە گۆشەی ژمارە (٧)
٢- ئەگەر دەتەوێ بزانیت گوزەرانی بەختیار چۆن بوو. بڕوانە گۆشەی (٢)

(١٣)

تەنیا دوو لێکدانەوە بۆ ئەم شیعرە هەیە:

---

١-لێکدانەوەیەکی ڕۆژهەڵاتانە، بڕوانە گۆشەی ژمارەی (٨)
٢- لێکدانەوەیەکی ئەورووپاییانە، بڕوانە گۆشەی ژمارە (٨)

(١٤)

لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:
١- بەختیار تووشی نەخۆشیی شیزۆفرینیا هاتبوو.
٢- بەختیار شەوان لە خەو هەڵدەستایەوە، دەچوو جامخانەی دوکان و مغازەکانی بازاڕی دەشکاند.
٣- بەختیار زۆر بە توندی و بە هەستێکی پڕ جۆشەوە غەریبی دایکی دەکردو دەگریا.
٤- بەختیار، کە دەیگوت، بەردەوام جنێوی بە حزبەکانی کوردستان دەدا، دەیوت: «ئەوان بوون چارەنووسی منیان تووشی ئێرە کرد». لەمەش خراپتر، جنێوی زۆر ناشیرینی بە خەڵکی فەڕەنسی و حکوومەتی فەڕەنسا دەدا.

---

١-ئەگەر حەزدەکەی چەند شتێکی تر لەبارەی ژیانی غەریبی بەختیار بزانیت، بڕوانە گۆشەی(٧)
٢- ئەگەر دەتەوێ شتێک لەبارەی ڕابردووی بەختیار

بزانیت. بروانە گۆشەی (١٢)

(١٥)

بەختیار لە گوندێکی باشووری شاری پاریس، لە ئۆردووگایەکی پازدە قاتیدا دەژیا، سێ ساڵ بوو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد ئیقامەی پەناهەندەیی بدەنێ. ڕاستە: بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە نانیان دەدایە، بەڵام هەر ئەوە بوو، ئیتر: تەنانەت پارەی جگەرەو پارەی بلیتی هاتوچۆشیان نەدەدایە. هەموو ژیانی، لە کیلۆمەتر چوار گۆشەیەکدا، هەر چاوەڕوانی بوو.. کەی ئیقامەکەی دەردەچێت؟! لەناو هەمان ئۆردووگادا، بەختیار برادەرێکی کوردی هەبوو، دەیوت «شاعیرم». هەمیشە، ئێواران، شیعرێکی نالی بۆ بەختیار دەخوێندەوە، کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

---

١-ئەگەر حەزدەکەی شیعرەکە بخوێنێتەوە، بروانە گۆشەی (٣)

٢- ئەگەر دەتەوەێ زیاتر ئاشنای ژیانی غەریبی بەختیار ببیت. بروانە گۆشەی (١٠)

## بۆچوونە ڕەخنەییەکەمان

هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لەنێو بۆشایی سێ گۆشەی نووسەر و دەق و خوێنەردا پەنگ دەخواتەوە، هەموو نووسەرێک پەیامنێر و خاوەن پەیامێکی ئاراستەکراوە، خوێنەریش پەیاموەرگرێکە لەنێو تیوری زانیاریی دەقدا. هەر گۆشەیەک لەو سێ گوشەیە خاوەن هۆشیاری خۆیەتی بە شێوەی زنجیرەیی کار لە یەکتر دەکەن (نووسەر - دەق - پەیاموەرگر)، هۆشیاری نووسەر لەڕێی هۆشیاری دەقەوە کار لە هۆشیاری پەیاموەرگر دەکات.

کەواتە هەردوو هۆشیاری نووسەر و دەق هەوڵ دەدەن ئاستی هۆشیاری پەیاموەرگر بەرز بکەنەوە. لێرەدا شێوازی نووسینی دەق و دارشتنی ڕووداوەکەی فاکتەرێکی کاریگەرن بەسەر چێژ وەرگرتنی پەیاموەرگرەوە، کە یان پەیاموەرگرێکی ئاسایی دەبێ توانایی شیکردنەوەو هەڵوەشانەوەی سیستمی بینای ڕووداوی نێو دەقەکە نییە، یان پەیاموەرگرێکی زیرەک دەبێ، وەک ڕەخنەگرێک مامەڵە لەگەڵ دەقەکەو سیستمی بینای ڕووداوەکەی دەکات و لە پرۆسەی خوێندنی دەقەکە توانایی بە کارهێنانی وزەی شیکاری مێشکیی هەیە، بۆیە دەگوترێت ڕەخنەگر خاوەن ئەقڵیەتی شیکارییە، یان ئەقڵیەتی هەڵوەشاندنەوەییەو نووسەری دەق لە نووسینی دەقەکەیدا خاوەن ئەقڵیەتی پێکەوەنانییە.

خوێنەری دەقی چیرۆکی (شیزۆفرینیا)ی د. فەرهاد پیربال دەرک بەوە دەکات ئەو هاوکێشەیە لەنێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەق ئاوەژووکراوەو نووسەری دەق لەم چیرۆکەدا لایەنی پێکەوەنانی دیمەنەکانی ڕووداوی چیرۆکەکەی خستووەتە ئەستۆی خوێنەری دەقەکە، تا شوێنی چیرۆکنووس وەربگرێت، ئەوسا دەبێتە نووسەری دووەمی دەق، هەرچەندە هەردووکیان لە دەرەوەی دەق هەبوونیان هەیە، بەڵام نووسەری ئەم دەقە لەڕێی بگێڕەوەی دەقەکە هەبوونی خۆی لەجیهانی ناوەوەی دەق بۆ خوێنەری دەقەکە دەسەلمێنێت. ڕووداوی ئەم دەقە بەلای خوێنەری هاوچەرخەوە نامۆ نییە، چونکە لەم ڕۆژگارەی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆری ڕووداوی لە هەمان چەشن هەن بەسەر گەنجە ئاوارەکانی دەرەوەی کوردستان هاتووە، بەتایبەتی لە شوێنەکانی تاراوگەی ئەوروپا.

بەدبەختی و نامۆیی بەختیاری نا بەختیاری پاڵەوانی چیرۆکەکە لەوەدایە، لێپرسراوانی فەرەنسا کارتی پەناهەندەیی بەم کوردە ئاوارەیە نادەن، هەرچەندە سێ ساڵە لەو وڵاتەدا دەژێت و لەم حاڵەتەدا دروستیی یاسا فیزیکییەکە دێتە کایەوە، کە هەموو کردەوەیەک کاردانەوەیەکی هەیە ئاسترەوی پێچەوانە وەردەگرێت و کاردانەوەکە هەمان هێزی کردەوەکەی هەیە.

ڕەفتاری ڕۆژانەی بەختیار لەو سێ ساڵەی ئاوارەبوونی زۆر ئاسایی دەبێت و لەڕێی پاککردنەوەی شۆستەی شەقامەکانی شارەکە لە گەڵای دارەکان، ڕۆژانە خزمەتی خەڵکی شارەکەی دەکرد، تەنانەت بەوەش ڕازی بوو لە سنووری یەک کیلۆمەتری چوارگۆشەیی دەرنەچێت لەبەر بێ پارەیی، بەڵام کاردانەوەکەی بەختیار لەو وەختەدا دەبێ کە ئەفسەرە فەرەنسییەکە دەیخاتە بەردەم هەڵبژاردنی گەڕانەوەی بەبێ ئۆمێدی بۆ وڵاتەکەی، یان چوون و ناردنی بۆ خەستەخانەی شەماعییەی پاریس.

خوێنەری ئەم دەقە هەست بە هاوسۆزی چیرۆکنووس

لەگەڵ پاڵەوانەکەیدا دەکات، کاتێک چیرۆکنووس هەوڵ دەدات کار لە سۆزی خوێنەر بکات لەڕێی دروستکردنی هاوکێشەی سۆزداری لەنێوان سۆزی پیرەژنە فەرەنسەییەکە لەگەڵ بەختیاردا لە لایەک و نێوان سۆزی دایکی بەختیار لە هەولێر لەگەڵ گەنجە عەرەبە هەڵاتووەکەی شاری دیوانییە، هەرچەندە ئەم لەبەر هۆکارێکی رامیاری بۆ هەولێر هەڵاتووەو بەختیاریش لەبەر هۆکاری رامیاری بۆ فەرەنسە هەڵاتووە. کردەوەی بەختیار لە فەرەنسە وەک گسکدەر و خزمەتکەری شاری پاریس، وەک کاری خزمەتکاری دایکیەتی لە (شەمماعیە)ی هەولێر. لێرەدا ئەم لایەنانەی لێکچوون و جیاوازییە لەم خاڵانەی خوارەوە کۆ دەکەینەوە:

١- بەختیار وەک گەنجە عەرەبە هەڵاتووەکەیە لەڕووی نالەباری ژیانەوە، بەڵام بەختیار بۆ دەرەوەی کوردستانی عێراق دەچێت و گەنجە عەرەبەکە بەرەو شارێکی کوردستانی عێراق دەچێت.

٢-بەختیار وەک دایکیەتی لە بواری خزمەتگوزاریدا، بەڵام هەریەکەیان لەشوێنێکدا.

٣-دایکی بەختیار وەک پیرەژنە فەرەنسەییەکەیە لە بواری سۆزداریدا.

٤-بەختیار وەک گەنجە عەرەبەکە لە شوێنە تازەکەی ژیانیان، تووشی نەخۆشی کەرتبوونی کەسێتی (شیزۆفرینیا) دەبن.

٥-چارەنووسی بەختیار وەک گەنجە عەرەبەکە نادیار دەبێت، پاش خراپی پەرەسەندنی هێڵی کارەساتەکانی ژیانیان.

٦-بەسەرهاتی بەختیار و گەنجە عەرەبەکە ئەوە دەسەلمێنێت مرۆڤی باش و مرۆڤی خراپ هەمیشە لە شوێنەکانی جیهاندا هەیەو کار لە چارەنووس و ئارەزووی خەڵکی دەوربەریان دەکەن.

هەموو چیرۆکنووسێک لە هەڵبژاردنی بابەتی نێو ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی سەربەستە، ئەم کارە بەلای چیرۆکنووسەوە زۆر زەحمەت و ئاستەنگ نییە، بەڵام لەوانەیە هەڵبژاردنی شێوازی دارشتنی ڕووداوەکان ببێتە ئاستەنگ بەلای چیرۆکنووسەوە،چونکە شێواز وەک (بۆفمان) دەڵێت کەسێتی نووسەرەکەیە. ئەم جۆرە هاوکێشە دوو لایەنە لەنێوان کەسێتی نووسەرو چیرۆکنووس و شێوازەکەی، دەلالەتی دەسەڵاتی دەق بەسەر نووسەرەکەی دەنوێنێت، بۆیە دەبێت بەدوای باشترین شێوازی کاریگەر لە دارشتنی بابەتی نێو ڕووداوەکانی دەقەکەی بگەرێت، تا پەیامی دەقەکەی بە پەیامەوەرگرانی بگەیەنێت، چونکە هەردوو دەسەڵاتی نووسەر وەک پەیامنێر و دەقەکەی وەک پەیام، هەوڵی کاریگەری لە هەست و هۆشیاری پەیامەوەرگر دەدەن، تا بگاتە ئاستی هەست و هۆشیاری نووسەرەکە. هەریەکە لە سێ گۆشەی نووسەری پەیامنێر و دەقی پەیامدار و خوێنەری پەیامەوەرگر خاوەن جۆرە هۆشێکن لە تیوری زانیاریدا (Epistemology) و سەرچاوەی سەرەکیی ئەم پرۆسەیە هۆشیاری نووسەرە کە لەڕێی هۆشیاری نێو دەقەکەیەوە کار لە هۆشیاری خوێنەرەکە دەکات، لەم پرۆسەیەدا شێوازی نووسەر گەورەترین رۆڵی کاریگەری خۆی دەنوێنێت، هەروەها لەم پرۆسەیەدا ئاستی لێکدانەوەی خوێنەر و پەیامەوەرگر رۆڵی خۆی هەیە، چونکە هەموو نووسەرێک هەوڵی بەخشینی چێژێک بە خوێنەرەکەی دەدا لەڕێی شێوازی چیرۆکەکەیەوە، هەرچەند ئاستی لێکدانەوەو تێگەیشتنی خوێنەر باش و بەرز بێت، ئەوەندە ئاسانتر و خێراتر لە چێژ وەرگرتنەکە نزیک دەبێتەوە. لەم حاڵەتەدا ئێمەیش دەڵێین: نووسەر خاوەن ئەقڵێکی پێکەوەنەرە لە بواری بینای ڕووداوەکانی نێو دەقی چیرۆکەکەی، خوێنەریش دەبێتە خاوەن ئەقڵێکی هەڵوەشێنەرەوەی بینای ڕووداوەکانی نێو دەقەکە، تا بگاتە ئاستی چێژوەرگرتن لە دەقەکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییەکەی، کە زۆر مەبەستە بەلای نووسەر و خوێنەرەوە.

ئەم جۆرە لێکدانەوە لۆژیکییەم لە سەرەتای ئەم رەخنەیەمدا بۆ ئەوە نووسی تا بەراشکاوی بڵێم خوێنەری زیرەکی دەقی چیرۆکی (شیزۆفرینیا)ی د. فەرهاد پیرباڵ، کە ساڵی ١٩٩٨ لە ژمارە (٢١)ی گۆڤاری (رامان)دا بڵاوبووەتەوەو پاشان لە لاپەرەکانی (٦٥-٧٥)ی کۆچیرۆکی (پەتاتە خۆرەکان) جارێکی دیکە بڵاوی کردووەتەوە، تووشی ئاوەژووکردنەوەی بەدوای یەکتر هاتنی هەنگاوەکانی بینای دەقی چیرۆکەکە دەبێت، کاتێک نووسەری دەق لەڕێی شێوازێکی نوێی گێرانەوەی چیرۆکی کوردی رێگە بە خوێنەرەکەی دەدات هاوبەشی بینای گشتیی ڕووداوەکانی بابەتی دەقی چیرۆکەکە بکات لەڕێی ئەو سی (بروانە گۆشەی..)ی لەنێو پازدە

دیمەنی چیرۆکەکەیدا هەن.

گێڕانەوەی چیرۆکەکە لەسەر شێوازی لەت لەتکردنی بینای گشتیی بابەتی چیرۆکەکە بنیادنراوەو خوێنەر هیچ چێژێک لەم دەقە وەرناگرێت ئەگەر خاوەن ئەقڵێکی پێکەوەنەر نەبێت، تا بە هۆیەوە بتوانێت سەرلەنوێ سەرجەمی بڕگەکانی بینای گشتیی بابەتی نێو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بە شێوەیەکی زەنجیرەیی پێکەوە بنێتەوە. لێرەدا ئەوەی سەیری ئاسترەوی (بڕوانەکانی کۆتایی هەر دیمەنێک) لەو پازدە دیمەنە بکات ئەوسا بۆی دەردەکەوێت دیمەنی دووەم و حەوتەم و چواردەم سەر و سێ جار سەرنجی خوێنەر لەلایەن چیرۆکنووسەوە بەرەو لایان ئاراستەکراوەو، تەنیا یەک جار سەرنجی خوێنەر لەلایەن چیرۆکنووسەوە بەرەو لای دیمەنەکانی یەکەم و پێنجەم و سێزدەم ئاراستەکراوە، سەرو دووجار سەرنجی خوێنەر بەرەو لای دیمەنەکانی سێیەم و چوارەم و شەشەم و هەشتەم و نۆیەم و دەیەم و پازدەم ئاراستەکراوە، بەپێی ئەم نەخشەی پۆلینکردنی گرنگی دیمەنەکانی نێو چیرۆکەکە بۆمان دەردەکەوێت کە دیمەنەکانی (۲+۷+۱٤) لە نێو بینای دەروونیی بابەتی چیرۆکەکەدا زیاتر گرنگن، کە لەمەڕ نەخۆشی شیزۆفرینیایەو دیمەنەکانی (۱+۵+۱۳) کەمتر گرنگن لە ڕووی دەروونییەوە لە بینای گشتیی بابەتی چیرۆکەکە، دیمەنەکانی (۳+٤+٦+۸+۹+۱۰+۱۱+۱۲+۱۵) خاڵی ناوەندین لە هێڵی پەرەسەندنی گرنگی دیمەنەکانی ئەم چیرۆکەدا، کە شێوازەکەی تەقلیدی نییەو لە چۆنێتی دارشتنی چیرۆکی کوردیی هاوچەرخدا پێچاوپێچ و نوێیە، ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە د.فەرهاد پیربال وەک شەیدایەکی نوێخوازی لە چیرۆکنووسیندا هەوڵی پێشکەشکردنی ئەم جۆرە شێوازەی داوە، لەڕێی بەکارهێنانی شێوازی لەت لەتکردنی بینای گێڕانەوەی چیرۆکەکەیەوە.

خوێنەری زیرەک پاش پشت بەستن بە گرنگی (شێوەی -۲) کە سێ کەڕەت ئاراستەکردنی سێ جاری بەدی دەکات، دەتوانێت سروشتی بینای کات لە نێو ئەم چیرۆکەدا دەستنیشان بکات، کە بەم شێوەیە (کاتی ئێستا -کاتی ڕابردووی نزیک - کاتی ڕابردووی دوور)، چونکە دیمەنی دووەم، کە دیمەنەکانی (٦+۱۱+۱۲) ئاراستەی کراوە، لە بارەی کاری ئێستای دایکی بەختیارەوە دەدوێت، وەک خزمەتکارێک سێ ڕۆژ لە خەستەخانەی شەمماعییەی هەولێر کاردەکات و ڕۆژانی دیکەی هەفتە لە ماڵی دەوڵەمەندەکانی شار جلوبەرگ دەشوات و نێو ماڵیان بۆ پاک دەکاتەوە. کاتی نێو دیمەنی حەوتەم، کە دیمەنەکانی (۲+۱۲+۱۵) ئاراستەی کراوە، کاتی ڕابردووی نزیکەو لەمەڕ دڵەڕاوکێی بەختیار و پێنج ڕۆژ ڕیش نەتاشینی دەدوێت و، کاتی نێو دیمەنی چواردەش، کە دیمەنەکانی (۳+۵+۹) ئاراستە کراوەکانی ڕابردووی دوورەو لەمەڕ مانەوەی بەختیار لە فەرەنسا بۆ ماوەی سێ ساڵ بەبێ بەخشینی کارتی پەناهەندەیی دەدوێت.

کەواتە سروشتی کاتەکەش دەروونییە و پێوەندی بە بینای بابەتی دەروونیی چیرۆکەکەوە هەیەو چیرۆکنووس ڕێ بە خوێنەری دەدات لە کاتی ئێستای نێو چیرۆکەکە بەرەو کاتی ڕابردووی نزیک بڕوات، پاشان زیاتر بۆ ڕابردووی دوور دابەزێت تا لە نزیکەوە ئاگای لە ڕاستی بەسەرهات و کردەوەکانی کاتی ئێستای ژیانی بەختیار بێت، کە تووشی نەخۆشی کەرتبوونی کەسێتی (شیزۆفرینیا) دەبێت و بەبێ ئاگا لە خۆ، شووشەبەندی کۆگاکان و دەرابەو کەپەنگی دوکانەکان دەداتە بەر شیشە درێژەکەی دەستی و ئەوسا دەگیرێت و ئەفسەری پۆلیسخانەکە دەیخاتە بەر دوو هەڵوێستی لە یەکتر ناخۆشتر، یان بۆ وڵاتەکەی بگەڕێتەوە، یان بۆ خەستەخانەی شەمماعییەی فەرەنسا ڕەوانە بکرێت.
سروشتی بابەتی چیرۆکەکە مۆرکێکی ڕەخنەگری پێوە دیارەو لە سیمای ڕەشبینی دوور نییە، ئەمەش هەر خۆی یەکێکە لە دیاردە سەرەکییەکانی ڕیالیزمی ڕەخنەگری، کە بە ڕەنگێکی ڕەشبینی تابلۆی ڕووداوەکان ڕەنگڕێژ دەکات.

هەروەها پاڵەوانی ئەم جۆرە ڕیالیزمە کردەوەی خراپە زیاتر لە کردەوەی چاکە دەنوێنێت. واتە پاڵەوانەکە پاڵەوانێکی نەگۆڕ (flat character) نییە و بە یەکجاری لە ژێر کۆنترۆڵی چیرۆکنووسەکەدا نییە، بەڵکو دەیەوێت بارودۆخەکەی بە پێی ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی سوور بدات و بچەرخێنێت.

هەروەها سروشتی بابەتی چیرۆکەکە ڕۆڵی خۆی بینیوە لە زیاتر هەڵبژاردنی ئەو شوێنانە بۆ سەرهەڵدان و نواندنی ئەو ڕووداوانە دەشێن، کە لە بازنەی

بەرجەستەکردنی وێنەیەکی دەروونیی کاریگەردا دەخولێتەوە. لێرەدا هەڵبژاردنی فەرەنسەو پاریسی پایتەختی لەلایەن چیرۆکنووسەوە، وەک قەوارەیەکی شوێنی کراوەو ئۆمێدبەخش بەلای گەنجانی رۆژهەڵاتەوە، رۆڵێکی کاریگەری خۆی هەبوو لە زیاتر هاندانی خوێنەر بۆ گەران بەدوای هۆکاری نامۆیی بەختیاردا، کە بە راستی ژیانی لە پاریس زۆر نابەختیارە و دیارە چیرۆکنووس بەمەبەستی توانج گرتن ئەم ناوەی بۆ پاڵەوانە نامۆ و بەدبەختەکەی چیرۆکەکەی هەڵبژاردووە، کە لەلایەکەوە، وەک نەفرەت لێکراوە لە فەرەنسا پاش ئەو سێ ساڵەی ژیانی پڕ لە ئەشکەنجەی دەروونی لە پاریس کارتی پەناهەندەیی پێ نابەخشرێت، هەروەها لەلایەکی دیکەوە ئارەزووی گەرانەوەی بۆ وڵاتەکەی نییە، چونکە خەونێک لە مێشکیدا گەڵاڵە بوو بوو، بەهەر نرخ و کردەوەیەک بێت، تێدەکۆشێت بیهێنێتەدی، بۆیە هیچ بڕیارێک نادات کاتێک ئەفسەرە فەرەنسەییەکە لەنێوان گەرانەوەی بۆ باوەشی وڵات وەک دایکی دووەم، یان چوونی بۆ خەستەخانەی شەمماعیییەی شێتان و مێشک تێکچووانی پاریس سەرپشکی دەکات، لەبەر ئەو کردەوە نادروستانەی کاتێک دەڕابەی کۆگاکان و شووشەبەندەکانیان دەداتە بەر شیشە ئاسنینەکانی دەستی.

هەروەها سروشتی رووداوی دەروونیی ئەم چیرۆکە، رۆڵی کاریگەری خۆی لە هەڵبژاردنی جۆرە گرێچنێک (plot) هەیە، کە پێچاوپێچ و هێلکەیی سەردەکەوێت تا دەگاتە ئەو لووتکەو کۆتاییە والایە.

ئێمە وەک پرۆژەیەکی سەرلەنوێ دارشتنی رووداوە لاوەکییەکانی بەسەرهاتی بەختیار و دایکە کلۆڵەکەی دەتوانین بە شێوازێکی بینای لاسایی کۆنی چیرۆکنووسین پێشنیاری ئەوە بخەینە بەردەستی خوێنەری دەقی ئەم چیرۆکە دەروونییە، کە دیمەنەکانی (١+٥+٧+٤+١٤+١٢+١٥+٢+٨+١٠) بە شێوەی یەک لە دوای یەکتر ریز بکاتەوەو ئەوسا بە روونی هێڵی پەرەسەندنی رووداوی چیرۆکەکەی بۆ دەردەکەوێت، بەڵام هەمیشە هانی خوێنەری ئەم دەقە دەدەین هەوڵی بەرزکردنەوەی هێڵی چێژ وەرگرتنەکەی بدات، تا وەک چیرۆکنووسە داهێنەرەکەی ببێتە خاوەن هەمان شێوازی دارشتنی پازدە دیمەنە جیاوازەکانی رووداوی دەروونی ئەم چیرۆکە، کە پاڵەوانەکەی لە پاش کەرتبوونی کەسێتی (شیزۆفرینیا) وەک کاردانەوەیەکی بارودۆخە دەروونییەکەی ئەو کردەوە نادروستانە دەنوێنێت.

لێرەدا بەتەواوی راستیی وتەکەی کارل مارکس دەردەکەوێت، کە «هۆشیاری مرۆڤ شێوەی هەبوونی دیاری ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە شێوەی هەبوونی کۆمەڵایەتییەکەی هۆشیارییەکەی دیاری دەکات»، لەم حاڵەتەدا ناتوانین بەختیاری پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بە تووشبوونی نەخۆشی کەرتبوونی کەسێتی (انفصام الشخصیة - الشیزوفرینیا) تاوانبار بکەین، چونکە شێوەی هەبوونی وای لێکرد ببێتە خاوەن ئەو جۆرە هۆشیاری و کردەوە نادروستانە.

# کاوەی ئاسنگەر و گوڵەگەنمەکانی سەرشانی

ئیبراهیم ئیسماعیل پوور
(سەقز)

**ئاماژە:**

هەموو دەزانین کە ئوستوورە مێژوو نییە و ناتوانین بە تیورییە مێژووییەکان بیخوێنینەوە. ئوستوورە لە خۆیدا هەڵگری مانایەکی نەگۆڕ و ڕاستەوخۆ نییە. تەنیا شێوەی خوێندنەوەی ئێمەیە کە دەتوانێ مانایەکی سەردەمیانەی پێ ببەخشێت. ئێمەین کە ئوستوورە دەخەینە چوارچێوەی دیالۆگەوە و وەکو دارێکی بە نەشەوشنە دەیرازێنینەوە و لقوپۆپی پێ دەبەخشین. مێژوو نەبوونی ئوستوورە بە مانای ئەوە نییە کە هەرکەس دەتوانێ لەسەری بدوێ و خۆی بە پسپۆڕی ئەم بوارە بزانێ. هەر ئەمە دەخوازێت کە بۆ شیکاری و باس لەسەر ئوستوورە دوو خاڵی گرنگ وەبەرچاو بگرین.

١- ئوستوورە دەشێ ئوستوورەناس کاری لەسەر بکات و بە میتودە تایبەتەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئوستوورەیەک دەتوانێ ببێتە ڕۆژەڤی ڕۆشنبیران و زانایانی گەلێک، کە لە کێڵگەی بیری ئوستوورەناسێکدا بەرهەم هاتبێ و بە بەردە شۆرکراوی خرابێتە بەردەستی زانایانی تر. کە وابوو ئەمە کاری شاعیر و مێژووناس و کەسانی ئایینی و ... تاد نییە.

٢- بەپێی ئەوەی کە ئوستوورە ڕەنگدانەوەی هۆگرییە شوناسییەکانی نەتەوەکانە و لە بیری شوناسی نەتەوایەتییەوە هەڵدەقوڵێ، ڕۆشنبیرانی نەتەوەیی و بیروڕای گشتی دەتوانن لە درێژخایەندا گۆڕانکاری بەسەربێنن. ڕۆشنبیران لە چەمکە ئوستوورەییەکاندا گۆڕانکاری پێک دێنن و دەیانکەنە هەوێنی چەمکی بەرگری و بەپێی پێویستی نەتەوەکەیان هەموو نوێکارییەکی دڵخوازی بەسەردا دێنن و دەیخەنە بەردەم ڕای گشتی. ئەمە ڕای گشتییە کە بڕیار دەدات ئاخۆ



**ئەحمەدی شاملوو**

وەری دەگرێ، یان بە سەندووقی فەرامۆشی دەسپێرێ.

کەوابوو هەرجۆرە مامەڵەکردنێک لەگەڵ ئوستوورەکانماندا بەدەر لەم چوارچێوەیە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ و هەوڵی دژبەرانی ئوستووره ساغەکە بێ ئاکام دەمێنێتەوە.

کورد بەهۆی باوەڕ بە خۆنەبوون و خۆ بە کەم زانین تا ئێستا هەمیشە چاوی لەوە بووە کە گەلانی باڵادەست و دەوروبەری ددانی پێدا بنێن. ئەم گەلە نەیتوانیوە جارێک لە جاران بیێتە ئاوێنەی باڵانوێنی خۆی و بە چاوێکی خۆماڵیانە و دڵسۆزانە لە قەڵافەتی خۆی ڕامێنێ و پێناسەیەکی کوردانەی لە خۆی هەبێ. ئەمە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و تا ئێستاش هەر قیرە و بە کەوای سپی کوردەوە نووساوە. ئەم دیاردە نالەبارە بەزەقی بە هەموو لایەنەکانی فەرهەنگ و شارستانیەتی کوردەوە دیارە. ئەم گەلە نەیوێراوە و نەیانهێشتووە بە زمان و قەڵەم و کەرەسەکانی تر خۆی دەربڕێ و باسێک لە خۆی بکا. هەرکەس لە دەرەوەی جەغزی کوردبوونەوە سەری کێشاوەتە ناوەوە، گۆڕەپانی بۆ نووسین و باس کردن و مێژوونووسین و پێناسەی نەتەوایەتی خاڵی دیوە و بە بیروبۆچوونی خۆی ئەم کارانەی بۆ کورد کردووە. هەر لە یەکەم کتێبی مێژوویییەوە بگرە تا دەگاتە یەکەم فیلمێک کە ساڵەکانی ١٩٢٦ و ١٩٢٧ لەسەر کورد دروست کراوە و وێدەچێ کاری ئەرمەنییەکانی ڕوسییەی ئەوکات بێ، هەروەها هەموو ڕوونکردنەوە مێژوویی و تیشک خستنە سەر دەقە ئەفسانەییە کۆنەکان و لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانین ئاماژە بە دەیان شتی تر بکەین کە هەرکام بە جۆرێک جێگە پەنجەی ناکوردێکی پێوە دیارە. وەکو نموونەی هەرە بەرچاو دەتوانین ئاماژە بە مەزن زانینی ئەو هونەرمەند و شاعیرانە بکەین کە تا هونەرمەند و شاعیرانی گەلانی تر باسیان نەکردن، ئێمە بە مەزن و گەورەمان نەزانین. تا عەرەبەکان ددانی خێریان بە مامۆستای گۆرانی و مەقامی کوردی عەلی مەردانی مەزندا نەهێنا، ئێمە وەکو لووتکە نەمانناسی. تا شەجەریانی گۆرانیبێژ و گەورە هونەرمەندی فارس باسی مامۆستایی و مەزن بوونی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی نەکرد، ئێمە تا ئەو ڕادەیە ڕێزمان لێ نەگرت. تا وێنەی شاملووی شاعیرمان لەگەڵ مامۆستا شێرکۆ بێکەس نەدی، بە مەزن بوونی شێرکۆمان نەزانی. بۆ بەڵگە هێنانەوە بۆ مەزنایەتی کەڵە پیاوێکی مێژووی هەنووکەیی کورد چاومان بڕییە دەمی بەڕێوەبەری بەرنامەیەکی کێبەرکێی دەنگوڕەنگی ناوەندی، لە تاران. ئێمە ئێستاش بۆ ناسینی خۆمان پەنا دەبەینە بەر ئاسەواری ڕۆژهەڵاتناسەکان و لە دێرەنووسراوەکانی ئەواندا خۆمان دەبینینەوە. سەیرتر لەوە ئەوەیە کە بۆ ناسینی ئەو زمانەی کە خۆمان دەیزانین و قسەی پێدەکەین، دیسان پەنا دەبەینە بەر ئەوان.

هەمیشە چاومان لەوە بووە کەسێک لە دەرەوەی جەغزی کوردبوونەوە لێمان بڕوانێ و مەوجوودیەتمان بە حەق بناسێنێ. کە لەم بوارەشدا دەتوانین ئاماژە بە ڕۆژهەڵاتناسان و بەشێک لە نووسەرانی ڕووسی بکەین کە لەسەر کورد شتیان نووسیوە. لە لایەکی ترەوە ڕەنگە هیچ نەتەوەیەکی تر بەقەد کورد کارەسات و مەینەتی ئەزموون نەکردبێ. ئاخۆ لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتەدا چیمان کردووە؟ ئەو کارەسات و مەینەتییە گەورانەمان نەکردووەتە فاکتەری دروستکردنی شوناسی نەتەوایەتیمان. ئەوەتا دەبینین بە درێژایی مێژوو سینگ بە سینگ، کراسی عوسمان و هۆلۆکۆست و کوشتاری بێ بەزەییانەی ئەرمەنییەکان و مەزلوومیەتی فەلەستین و کۆکوژییەکانی جیهانی و ئیفلیج کردنی هیرۆشیما و دەیان کارەساتی جەرگبڕی تری جیهان بۆ بەرەکانمان

دەگێڕینەوە، بەڵام قەت جارێک لە جاران باسی ئەنفال و هەڵەبجە و شەهیدکردنی کۆمار و پاکتاوکردنەکان و دەیان کارەساتی دڵتەزێنی ترمان بۆ منداڵانمان نەگێڕاوەتەوە. ئێمە ناکوردتر و عەرەبتر لە هەموو خەڵکانی ناوچە بێ دەنگی کۆنفرانسی ئیسلامی سەردەمی کارەساتی هەڵەبجەمان بە ئاسایی و یاسایی زانی. ئێستاش هەر تاکێکی کورد هەموو کارەساتەکانی جیهانی عەرەب دەزانێ و خۆی وەکو تاکێکی موسوڵمان لە جەرگەی ئەو کارەساتانەدا دەبینێ، بەڵام موخابن تەنیا لە سالڕۆژی کارەساتە کوردییەکاندا شتەکانمان بیر دەکەوێتەوە و هەروەکو پێشتریش باسمان کرد، تاوانی تاوانکاران دەپۆشین. تراژیدیا لە مێژووی ئێمە هەمیشە دەگاتە لووتکە. دوژمنانمان کارەساتمان بەسەردێنن و بە سەدان شێوە، کوشتن و برین و تەجاوز پێکردن شاڵاومان دەکەنە سەر، کەچی ئێمە زۆر حەکیمانە لەسەر ئەوانی لادەبەین و پاکانەیان بۆ دەکەین. ئێستاش کوردێک ئامادە نەبووە لەبەرچاوی ڕاگەیەندراوە گشتییەکاندا ئامادە بێت و باس لە تەجاوزێک بکا کە پێی کراوە. ئەمانە و سەدان نموونەی تری ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئێمە خۆمان نەخستۆتە پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە و کارێکی جددیمان بۆ نەکردووە. ئەم پێشەکییە کورتەم لەبەر ئەوە هێنایە گۆڕێ کە بە ئاسانی بچمە ناو باسی نەورۆزەوە. ڕەنگە کەس لەوە لاری نەبێ کە نەورۆز جەژنی زۆربەی گەلانی ناوچەکەیە. لە هیندوستانەوە بگرە تا دەگاتە تورکیا. کە بەشێک لە گەلانی هیندی و گەلانی بەلووچ و لوڕ و فارس و کورد و تورکمان، تەنانەت عەرەبیش لە خۆ دەگرێ. ڕەنگە لە کەسیش ئاشکرا نەبێ کە کورد وەکو نەتەوەیەکی ناوداری ئەم ناوچەیە لە کەیەوە خاوەنی جەژنی نەورۆزە و لە کەیەوە ڕێزی لێدەگرێ و وەکو جەژنێکی مەزن چاوی لێدەکات، بەڵام هەموو ئەوە دەزانین کە تیشکی ئاگری نەورۆز بەشێک لە ژیانی کوردانە، ئەم ئاگرە پیرۆزەمان بە داستانی حەماسی کاوە و زوحاکەوە گرێ داوە. لە دەیان سەدە لەوەپێشەوە سینگ بەسینگ ئەم چیرۆکەمان پاراستووە کە: قارەمانێکی کورد بە ناوی کاوە لە سەردەمێکی پڕ لە جەور و ستەمدا و لە زەمانی پاشایەتی مرۆخۆرێکی وەکو زوحاکدا قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و تاج و تەختی ئەم پاشایەی تێک داوە و بە سزای خەیانەتەکانی گەیاندووە و ئەم مەزنایەتییەی وەکو میراتێک بۆ نەتەوەکەی بەجێ هێشتووە، بەڵام کاتێ کە ویستوومانە وەکو تیوری و دەق بەڵگەیەکمان بۆ نەورۆز هەبێت، دیسان وەرگەڕاوینەتەوە سەر تیوری و دەقی نووسەرانی نەتەوەی سەردەست. ئەو نەتەوەیەی کە کەڵەشێری خۆی بە لەپەوە لێناوە و کیان و دەسەڵاتی پێک هاوردووە و چیتر بۆ ناسین و بە ئامانج گەیشتنەکانی، حەوجێی بە نەورۆز نەماوە. نەتەوەیەک کە بە پێچەوانەی ئێمە جوگرافیای فەرهەنگی خۆی لە ناسنامە فەرهەنگییەکان ئاخنیوە و بوون و نەبوونی نەورۆز ڕەنگە چ شوێنێکی کاریگەری لەسەر ئەو نەبێ. هەربۆیە نووسەری بەناوبانگ و خامەڕەنگین ئەحمەدی شاملوو بە نووسینی وتارێکی سەردەمیانە لە نەورۆز هەستاوە. ئەم نووسەر و شاعیرە گەورەیەی فارس بە دەرک کردنی ئەم ڕاستییە کە ئیتر ئەوان بۆ تازەکردنەوەی ئەفسانە و ئوستوورەکانیان دەتوانن هەر جێگۆڕکێیەک بە قارەمانەکانیان بکەن، تەنانەت بۆ زیندوو ڕاگرتنی نەورۆز وەکو فەرهەنگ و دووبارە وەگەڕخستنەوەی ئەم بابەتە فەرهەنگییە، خائین و چەواشەکار بکەن بە قارەمان و گەل خۆشەویست و مرۆڤە ڕزگاریدەرە ئوستوورەییەکەش بە خائین ناوبەرن، ئەم کارەی لەگەڵ نەورۆزدا کردووە و خوێندنەوەیەکی نائاسایی و پێچەوانەی لە نەورۆز بووە. لەم پێچەوانە خوێندنەوەی شاملوودا، کاوە پیاوێکی خەیانەتکار و گەلفرۆش بووە و بە گژ پاشای عادل و گەل خۆشەویست، زوحاکی دادپەروەردا چووە و لە ئاکامدا تاج و تەختی پاشای کوردانی تێک داوە و دەسەڵاتی بە نەتەوەکانی تر بەخشیوە. ئەمە هەروەکو باسمان لێ کرد و لە کاتی خۆشیدا لە گۆڤاری ئەدەبستانی چاپی تارانیشدا لەگەڵ چاپی وتارەکەی شاملوودا هاتبوو، هیچ لە ڕاستییەکەی داستانی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکی نەدەگۆڕی. شاملووش مەبەستی تێکدانی بارەمانایییەکەی نەورۆز وەکو سیاسەت نەبوو، بەڵکو تەنیا ئامانجی ئەو وەگەڕ خستنەوەی دووبارەی ئەفسانەی نەورۆز بوو. هاتبوو لە ترسی بۆژۆبوونی باسەکە ڕواڵەتێکی تری پێ بەخشیبوو. شاملوو دەیزانی کە ئەمە لەسەر گەلی فارس وەکو نەتەوەی سەردەست هیچ شوێنێکی نەرێنی دانانێ، تەنانەت دەبێتە کۆڵەکەیەکی ئەستووریش و دەدرێتە بن هەنگڵی فەرهەنگەکەیان. ئەم کارەی ئەحمەدی شاملوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە زاری گرووپێکی ئایینی شیرین

دێ و دەبێتە بنێشتەخۆشکەی سەر زاریان و دەیکەنە گۆپاڵی دەستی دژ بە نەورۆز و کەلەپووری کوردییان. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەوان هیچ کام لە بەرهەمەکانی تری شاملوویان پێ باش نییە، تەنانەت خۆیشی بە کەسێکی باش ناودێر ناکەن. بۆ ئەوان کە باسی نەتەوایەتی لە پلەی دووەم و سێیەمدایە و ئامانجی سەرەکییان جێبەجێکردنی یاسا و نەریتی شەریعەتی سوننەکانە، نەورۆز بە تێکدەری ئەم بیرۆکەیە دەزانن و تەنیا ڕێگای گەیشتن بەو ئاواتانە لە لابردنی جەژن و فەرهەنگە خۆماڵییەکاندا دەبینن، هەربۆیە زۆر بە خەستی کاری بۆ دەکەن و لە جەژن و ئایینەکانی نەورۆزدا بەشدار نابن و تەنانەت بەشداربووانی جەژنی نەورۆز و سێزدەبەدەر بە جاهیل ناو دەبەن. پێیان وایە هەرکەس بەرەوپیری نەورۆزەوە چوو بێ ئەخلاق و دۆڕاو و خائینە. ئەم بیرۆکەیە فرێ بەسەر ئەو ڕاستییەوە نییە کە کورد وەکو یەکێ لە نەتەوە یاساغەکانی ناوچەکە پێویستییەکی زۆری بە باری مانایی سیاسی نەورۆزەوە هەیە و بۆ لابردنی کێشە سیاسی و شوناسییەکانی خۆی لە نەورۆز وەکو هەڵگری باری سیاسی و شوناسی کەڵک وەردەگرێ. ئەم ڕاستییەشیان لەبەرچاو نییە کە ئێمەی کورد ڕەنگە نەتوانین بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، یاخۆ لانی کەم کەمکردنەوەی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست لە سەرمان، هیچ شتێکی تر لەم حاڵەتەدا بکەینە ئەڵتەرناتیڤی نەورۆز. دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ئێستا نەورۆز لە باکووری کوردستاندا ڕۆڵێکی زۆر گرینگ و حەیاتی دەگێڕێ و بۆ دروستبوونی شوناسی کورد و جیابوونەوەی لە نەتەوەی سەردەست یەکەم شتە. نەورۆز دەتوانێ هێمای یەکگرتوویی خەڵک بێت. ئێمە لە باتی باس لە دنیای فانتازی کردن و بیرکردنەوە لە یۆتۆپیای عەدالەت سەنتەری هەرگیز ڕووناکی نەدیوی جیهانی میتافیزیک و ملکەچ کردن بۆ مێژووی بە چەواشە ڕاگوێزراوی بەسەر داسەپاوماندا دەتوانین بیر لە ئەمری واقیعی نەورۆز بکەینەوە و بە کردەوە بیسەلمێنین کە هەردەم لە جووڵانەوە و ئالوگۆڕ پێکهێناندا بین و هەر ساڵ بە نووسینی جەژنە پیرۆزە بە تیشکی ئاگر ڕەمزی مانەوەمان لە گیرفانی کەوای مرادخانی مێژووی هەردەم زیندوومان بخەین. لە باتی بە حەرام زانینی نەورۆز و یاساغ کردنی، دەبێ ژیرانە ئوستوورەکە بۆ خۆمان دروست بکەینەوە و بە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە نەورۆز بکەینەوە بە ڕەمزی دەگژ زاڵم ڕاچوون و شوناسێکی کوردانە. چیتر گوتاری زاڵ بە سەر خۆماندا بەرهەم نەهێنینەوە و نەورۆز بە جۆرێک بکوردێنین کە بۆ هەر تاکێکی کورد فام بکرێ و لە جێی پشت بەستن بە دەقی شاملوو و نووسەرانی نەتەوەی سەردەست، پشت بە نووسەران و شاعیران و ئوستوورەناسانی خۆماڵی و دەقە بەرهەم هاتووەکانی گەلەکەمان ببەستین. بۆ کورداندنی نەورۆز پێناسەیەکی نوێمان پێویستە. کورد دەشێ خۆی فەرهەنگەکەی پێناسە بکاتەوە و بۆ باسی نەورۆزیش هەر خۆی بە ڕەگەزەکانی نەورۆز دابێتەوە. خراپەکانی لێ هەڵوەژێرێ و خاڵە باشەکانی زەق بکاتەوە. تا ئەو ڕادەیە کە نەورۆز ببێتە بەشێکی بەرچاوی شوناسی نەتەواویەتیمان. بە ڕوانگەیەکی پراگماتیستیانەوە بڕوانینە نەورۆز. وەکو نەتەوە، هەرچی خێروبێری بۆمان نەبوو، بیخەینە پشتگوێ و بە گیان و دڵ ئەوەی تری بپارێزین. ئەوەش حاشا هەڵنەگرە، ئێمەش بۆمان هەیە پاش بە ئاکام گەیشتنی پرۆسەی بەنەتەوەبوونی خاوەن دەسەڵاتمان، هەر ئەو کارە لەگەڵ نەورۆز و ئەفسانەکانی ترماندا بکەین کە نووسەر و شاعیری گەورە ئەحمەدی شاملوو کردی، بەڵام ئێستا تەنیا جەژنێک کە دەتوانێ هەموو کوردان پێکەوە گرێ بدات و لە بن سێبەری خۆی کۆیان بکاتەوە، جەژنی نەورۆزە، هەربۆیە دەتوانین بیکەینە هەوێنی دروستکردنی بەرەبەیانێکی گەش و لێک نزیک بوونەوەیەکی بێ ئەم لاو ئەولا. نەورۆز بەشێک لە کولتووری ئێمەی کوردە کە هەردەم دەتوانین بیخەینە بازنەی دیالۆگەوە و بە کەیفی دڵمان ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێنین. تا بەو شێوەیە دەردێ کە دەتوانێ ببێ بە هۆکاری ڕزگاریمان. ڕەنگە چاک وابێت کە نەورۆز لە حاڵەتی عادەتی و ئاساییەکەی دەربێنین و بۆ حاڵەتێکی مانادارتر و بەرگریانەتر و ئیختیاری تری بگوێزینەوە.

وەکو باسی کۆتایی دەبێ بڵێم: بە هۆی ئەوەی کە بارودۆخی کورد لە ناوچەکەدا لە هەموو گەلانی تر جیاوازە، دەشێ نەورۆز و کولتووریشی جیاواز بێت. هەر ئەمە دەخوازێ کە ئێمە ڕوانگەیەکی جیاواز لە گەلانی ترمان لە نەورۆز هەبێت. لە ئەفسانەی نەورۆزی کورددا زوحاک پاشایەکی زاڵم و مێشک خۆرە و بە نیشانەی مرۆخۆری و دڕندەیی دوو ماری لە سەرشانە و کاوەش مرۆڤێکی ڕزگاریدەرە کە لەسەرشانی دوو گوڵە گەنم بە نیشانەی خۆشەویستی ژیان و عەشق بۆ ئازادی ڕواوە.

# کۆخی کورتەک

مەلا مستەفا ڕەشیدی زاواکێو
(بۆکان)

لە ڕابردوودا بە هۆی سەرمای توند و بەفری زۆر و نەبوونی ڕێگاوبانی پێویست و ناخۆشی هاتوچۆ بۆ شار و دێهات و ناوچەکانی کوردستان، دەگەڵ ئەوەش خواستی پێویست بۆ کاروباری بازرگانی و ساتوسەودا و ئاتاجی بۆ خواردن و خواردەمەنی و کەلوپەلی پێویست هەمیشە ڕێبوار و کاروانچی دەگەڵ ڕووداوی تاڵ و دڵتەزێن ڕووبەڕوو بووە و جاری وا بووە ڕێگای لێ گۆڕاوە و وەبن هەرەسی بەفر کەوتووە، یان لەبەر نەزانینی دەراوی چۆمی لە ئاودا خنکاوە. سەرما و گێژەڵووکە و بارەن ڕێگای لێ ون کردووە و ڕەق هەڵاتووە و زۆر ڕووداوی ئاوا بۆ خەڵکی ئەوکات هاتۆتە پێش و ڕووی داوە و جا خێرخوازان و دڵسۆزان هاتوون لە گەردەنە و بەندەن لەسەر ڕێگا و چوارڕێ، کۆخ و خانوویان دروست کردووە، یان لە چۆم و چۆمەڵ پردیان ساز کردووە تا هەم هاتوچۆ لە بەینی شار و دێ ڕانەوەستێ و خەڵکی فەقیر و هەژاریش بێکار و کاسبی نەبێ و بە هیلاکیش نەچێ. یەکێک لەوانە کۆخی کورتەکە. کۆخی کورتەک خانوویەکە چوارچاوەیە لە پشت گوندی کانی سپی ناوچەی گەورکی مهاباد لە کەنار جادەی سەردەشت مهاباد و لەبن گەردەنەی زمزیران لەبەینی دێیەکانی کانییە ڕەش، کانییە سپی، گردشیلان و کەڵەکاوی و بە دیوی سەردەشت، قاوەخانەی گوێزان و قوڵەسمۆرێ دروست کراوە و بە کوێستانی خۆش و بە ناوبانگی مەیدان چوغە و چیای نستانەوەیە. ئەو خانووە ئاسار و شوێنەواری زۆر مێژوویی تێدایە، بەڵام نەنووسراوە و نەکوتراوە. هەروەک شیعر و نووسراوە و کتێب نیشانەی زانست و فەرهەنگی ئەو میللەتەیە، هەروەها ئاسار و شوێنەوارە مێژووییەکان نیشانەی ناسین و ناسنامەی ئەو نەتەوەیەن؛ جا بە داخەوە لە هیچ جێگایەک ئاماژە بەو خانووە، یان کۆخە نەکراوە دەگەڵ ئەوەشدا خزمەتێکی زۆر بە کەڵکی کردووە

بۆ ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە کە ڕێگای ناوچەکانی سەردەشت بووە بۆ مهاباد، بۆکان، گەورک و مەنگوڕ، چۆن ئەوکات هاتوچۆ هەر بە وڵاغ و قەتارچی بووە و ڕێگای قەتار و وڵاغ و کاروان هەر ئەوێ بووە. (ڕوونکردنەوە: قەتار ئەوە بووە لە جێی دوورەوە هاتووە زۆرتر بارەکەی قیمەتی بووە و چەندین وڵاغ بە دووی یەکدا ڕیز بووە. چەند پیاوی دەگەڵ بووە بەوانەیان کوتووە قەتارچی و بە خاوەنەکەشیان کوتووە (خاوەن) زۆر شتی وا هەیە کە بە دووی یەکدا ڕیز دەبێ، پێی دەڵێن قەتار، یان (قەتارەی بەستووە). کۆخی کورتەک لەبن گەردەنەی بەناوبانگی زمزیران کە شەقامەڕێی کۆنی کاروانی لێڕەوار و سیاکێو بووە و زنجیرەی گەردەنەی زمزیران و باسکی کورتەک کە کۆخی کورتەک لەوێدا دروست کراوە ئەلێرەوە دەست پێ دەکا. دوای بەجێ هێشتنی کانییەهەوارە مانگ و مەڵبەندی شەش ڕێیانی و گردی قەبری پورەزێنێ لە پشت گوندی کیسەڵان کوێستانێکی گەورەی لێیە بە نێوی نێرخاسان «میرخاسان» کە لە بەین دێی سورخاب، کوران، چۆمەڵ دایە ئەوجار دەگاتە کوێستانی ئەسپۆنەجاڕی دەستی ڕاستی میرخاسان کە ئەوانە جێگا هەواری ئەو دێهاتە بوون. دوای ئەو دەگاتە کوێستانی قامیشە کە بەندەنی دێی کەڵەکاوییە دواتر دەگاتە جێگا هەواری برینجەوانی، ئەڵبەتە دوای هەواری بەردووکە دەگاتە برینجەوان لە پەنا برینجەوان دۆڵێکی زۆرخۆشی لێیە بە نێوی دۆڵی کاکەشان «گاگەشان» کە لە کەناری هەواری بەردووکە دێتە خوارێ و لەوێ تێ دەپەڕێ دەگاتە کوێستانی بە ناوبانگی برایم جەلالی کە دەکەوێتە بەینی گوندی جانداران و دۆڵەتوێ. کە سەرچاوەی چۆمی سەرەگایە و بڵندیی ٢٢٢٦ مەترە. دوای برایم جەلالی دەگاتە دەروەسێو بەینی دێی زمزیران و نەڵۆسە کە گەورکی سەردەشتە و کاتێک لە دێی کەڵەکاوی سەر دەکەوێ لەبەین گوندی زمزیران و قوڵە سمۆرێ باسکێکی خۆش و دوورودرێژی لێیە بە نێوی گردی بنەوشان و باسکی بێریان یەک دەگرێتەوە، ئەوجار دەگاتە کێوێکی زۆر بڵند و بە ناوبانگ کە ڕووبەڕووی کۆخ و گەردەنەی زمزیرانە بە کێوی بەندەنی کەکی دەناسرێ. ئەوجار دەگاتە هەواری گەلۆناسری، لەوێشەوە دەچێتەوە دۆڵی کۆخی کورتەک کە لە گەردەنەی زمزیران بە دیوی دێهاتی کانییە سپی و کانییە ڕەش دایە، ئەو دۆڵەی کۆخی هەڵدەگرێ دەڕواتە هەواری دۆڵ هەرزن،



دواتر دەچێتەوە ویشکەڵان دەگاتەوە جێگا هەواری نستانێ، ئەوکات ئەو جێگایەی کۆخی کورتەک چوارڕێیان بووە. لەسەر گردێکی کەمێک بڵند و دوو تەڕەفی ئاو و کانییە، بە هەر چوار لای خۆیدا دەڕوانێ. پشتەکەی دەگەڵ بانەکەی ڕێک و تەختە تا بەفر ڕندووی لێ نەکا و نەیگرێ. پێشەکەی بە تەختە سەنگ سەنگ چین کراوە. پلیکانی نییە بۆ ژووڕێ تا وڵاغ لێی نەسڵەمێتەوە بتوانێ بچێتە ژوورێ. خانووەکە چوار دیوی گەورەیە، بەرەو خۆر داندراوە، یەکیان لە هەموان گەورەترە و دیارە جێگای وڵاغ بووە، دیوی خەوتن نان کردن و چێشت دروست کردنی بووە، ئێستا شوێنەواری چوار دیوی ماوە ڕەنگە دیوی دیکەشی بووبێ وەبن گڵ کەوتبێ، یان ڕووخابێ، هەموو دیوەکان بۆ نێو یەکتر لە ژوورێدا دەرگا و ڕێگای هاتۆچۆیان هەیە تا لە کاتی لێ قەوماندا، یان ڕێگا و دەرکویان گیران، ئەوانەی ژوورێ لە یەکتر بێ خەبەر نەبن دیوارەکانی بە سەنگی چاککراوی سپی جوان داندراوە. سەرەکەشی بە خەرپشتە هاتۆتەوە سەنگی زۆر گەورە و جوانی لێ بەکارهاتووە بە شتێک پێکەوە نووساوە پێی دەڵێن سارووج کە بە پاچ لێی هەڵنابێ، بڵندی دیوەکانیش دەستیان نایگاتێ، دیارە خشتی تێدا نییە و لێشی لەکار نەکراوە، گوێسوانەشی هەر لەو سەنگانە بۆ ساز کراوە جێگای هەموو شتێکی لە ژوورێدا هەبووە وەک سەرتەندوور، جێ ئاور، کادێن، ئاخۆر، جێگای خەوتن...تاد، بەڵام بەداخەوە زۆری ڕووخاوە. لە بەین چەند لووتکە، کێوی بڵندایییە، دیارە ئەوکات ڕێبوار و کاروان بەو لووتکە بڵندانە ئەویان دیتۆتەوە و نیشانیان کردووە. وەکو:

١- لووتکەی مایندۆش.

٢- لووتکەی جەنیبان.
٣- قوتەی هەوارخیزۆکی.
٤- سەرچاوەی بناوان.

هەمووی ئەوانە نزیک بە کوێستانی مەیدان چوغەن. وا دەنگۆیە کە ئەو جێگایە مەرحومی بداغ سوڵتان، حاکمی سابلاغ کە پیاوێکی خێرخواز و لە خودا نزیک و تینووی خزمەت بە مزگەوت و حوجرە و پرد و ئەوانە بووە دروستی کردووە، بەڵام بەڕێز کارناسی شوێنەواری مێژوویی و میراسی فەرهەنگی کاک مەحموود پێدرام پێی وایە کۆخی کورتەک زۆر لە دەورانی بداغ سوڵتان کۆنترە و ئەو «سەنگانە» بەردانەی لە لاوە بۆی هاتوون و چاک کراوە هی ئەو مەڵبەندە نین. بەڕێزی پێی وایە ئەو شوێنەوارە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی حکوومەتی ساسانی، زۆر لە دەورانی بداغ سوڵتان کۆنترە. دیارە ئەو کۆخە لەو چوارڕێیانە بۆتە هۆی حەسانەوەی ڕێبوار و ڕزگاربوونیان لە مەرگ. وا دەبیسترێ ئەوکات ئەو دێیانەی دەوروبەر بە خێری خۆیان وەک سوێناس، گردشیلان، کانییەڕەش، کانییە سپی، کاوڵان، پاییزان سووتەمەنییان بردووە بۆ زەخیرەی زستانێ بۆ ئەو ڕێبوارانە تاکو سەرمایان نەبێ. کاروان لە هەردووک دیوان گەردەنەی زمزیرانی گرتۆتەوە ئیتر، ئەگەر لەوێ ماوەتەوە و تێیدا حەساوەتەوە و هەرکات بەندەن ڕووناک بووبێ هەوا برووکی(*) دابێتێ و ڕەچە دیار بووبێ، وڵاغ بەر سمی خۆی دیبێ، ڕۆیشتوون. بۆیەش پێی دەڵێن کۆخی کورتەک؛ کۆخ زۆرتر بەو جێگایانە دەڵێن دوور بێ لە ئاوەدانی، کورتەک ناوی ئەو گردەیە کە کۆخەکەی لەبن دروست کراوە، دیارە ئەوە کاری هەر کەسێ بێ، بۆ ئەوکات و شوێنە خزمەتێکی گەورە و خێری نەبڕاوەیە.

ئەو کۆخە لە شیو و دۆڵێکدا بە نێوی دۆڵی کۆخی، لە پشت گوندی کانی سپییە، لە جادەی گەورەی مهاباد- سەردەشت لە پردی جەماڵەددین لە ڕێگای کانییەڕەش بۆی لا دەدا، لە خوار ئەوێ چاوەیەکی گەورەی لێیە کە بە چاوەی کانی سپی دەناسرێ، دێ بۆ کاوڵان و دێهاتی دەوروبەر، ئەو کانییە هەروەک چەند چاوە و کانی گەورەی دیکە کە لە کوێستان و کێوی گەورەی ئەو مەڵبەندە مەیدان چوغە دێتە دەرێ زۆرن؛ یەک چاوەی کانی سپی کە دێتە خوارێ بۆ چۆمی کاوڵان و بەراو کردنی ئەو زەویوزارانەی ئەوێ. دووەم کانییە تۆرە کە لە بەینی گوندی گردشیلان و کانییەڕەش دایە و بە کوێستانی تۆرە بە ناوبانگە ئاوێکی زۆر خاوێن و سووکی هەیە و زۆری چۆمی کاوڵان کە دێتەوە هوڵەبۆز ئەو دوو کانییە پێکی دێنن. سێیەم کانی ئاو دەلە و مەران کە لە بەینی برایم خەسار و گەمنانە ڕووبەڕووی کێوەڕەشی موسێیە و لە پەنا چلپلەی عومان بەیتی فولکلوری لاس و خەزاڵە، ئاوێکی زۆر بە تۆپ لەبن شاخی دێتە دەرێ. سەرچاوەی چۆمی زەنبیل، بۆکان و تەتەهوو (سیمینە) ئەو کانییەیە دێتە خوارێ. چوارەم چاوەی بۆڵژییە کە لەبن چیای نستان سەر بە کوێستانی مەیدان چوغەیە دێتە دەرێ و لە بەینی گەمنان و نستاندا دێتە خوارێ و دەچێتەوە چۆمی کەڵوێ. پێنجەم ئاوی چاوەی کانییە گامۆڵی کە لە چیای نستان دێتە دەرێ دەچێتەوە نێو دێی نستان و دەڕواتەوە چۆمی کەڵوێ. ئەوانە کانیاوێکی زۆر بەرچاو و جێگای سەیرانگا و گەڕانی نیشتەجێ بوونی هەوارچیانن کە لە دەوری کێوی دوورودرێژ و کوێستانی گەورەی مەیدان چوغە دێتە دەرێ کە کۆخی کورتەک هەر لەوێ هەڵکەوتووە دیارە دووردرێژی ئەو کوێستانە و نێو و سەیرانگا و هەوارگەکانی مەیدان چوغە زۆرە، لێرەدا زۆرمان لێ درێژ دەبێتەوە و ئەو چوار زنجیرە کێوە گەورەی ناوچەکان دێتەوە مەیدان چوغە و چیای نستان، هەروەها ئەو زنجیرە کێوانە وەک لە چل چەمەی سەرشیوی سەقزەوە لە وەستا مستەفای تورجانەوە وەک قەلیج بابای قوڵ قوڵەوە و لە کێوی ئەسحابی کۆسەکەرێزی شارویرانی مهابادەوە دێنەوە سەر ئەو کوێستانە گەورەی مەیدان چوغە، کەپری، تۆرە، چیای نستان کە هەموو یەکن و لە زنجیرە کێوەکانی زاگرۆسن.

**پەراوێز:**

*** شەبەق: ڕووناکی**

**سەرچاوەکان:**

**١- وتەی بەڕێز کارناسی زانای میراسی فەرهەنگی کاک مەحموودی پێدام.**

**٢- گێڕانەوەی ڕدێن سپی و قەدیمیەکانی ناوچە.**

**٣- گیتاشناسی ئێران نووسراوەی ئەندازیار عەباسی جەعفەری.**

**٤- هاوکاری و وێنەگەری کاک عەلی و زۆرار ئەحمەدی.**

**٥- دیتن و چوونی خۆم.**

# سازانی ڕۆمانسییەت و ڕیالیزم

ئا: ئیحسان سابیر سەعید

## مێژوو و پێناسە

وشـەی ڕۆمـانس ئامـاژەیە بۆ چەشنی شـیـعـر یان پەخـشـان، هەروەها بۆ بوونی لە نێـو چیـرۆکـەکـانی پاڵەوانیـەتی و سـەرکـەشی و سـەیروسـەمـەرەوە. لە دێرزەمـاندا ڕۆمـانس وەکـو خـافـڵاندن و خـەم ڕەوێنەر دەخـوێندرایەوە. ڕۆمـانسی ئەو دەم لەنێـو جـیـهـانی ئەرستۆکراتیدا باو بوو. خۆشەویستی و حەزی سێکسی یەکـێک بوو لە بابەتە هەرە سەرنجڕاکـێشـەکـان، بەڵام شموولیەتی تێیدا بەدی نەدەکرا. تەنیا بابەتی سەرەکی ڕۆمانس کە بە شموولی دادەنرا ئەو سەرگەرمییە بوو کە لە پێناوی خـۆشـەویسـتـیـدا، یانیش بۆ گـەڕان بە دوای گەنجینە و زێڕدا بوو ( ١).

بە کـورتی ڕۆمـانس زێدەڕۆیی لە هەندێ خـەسـڵـەتی مـرۆڤـدا دەکـات، هەروەها بە پیـر هەندێ بابەتی وادا دەچێت کـە وەک خـودی ژیان بلـێـسـەدار بێت. هۆی لە قەڵەمدانی هەندێ ڕۆمان بە ڕۆمانس ئەوەیە ڕۆمانس تا ڕادەیەکی بەر چاو پشت بەو پێـوەندییـە دەبەسـتـێت کـە لەنێـوان خـوێنەر و دەقـدا هەیە، بۆ نموونە، ڕۆمـانسی تاوانکاری هەڵبـەتە حـەز و ئارەزووی یاسـادۆسـتـان دەپێکێت و.. تاد.

## گەشەسەندنی مێژوویی

کـتـێـبی "دۆن کـیـخـۆتە"ی (سـێـرڤـانتس) بە خـاڵی بووژانەوەی ڕۆمـانس لە بەریتـانیـادا دادەنرا. بوارەکـەش فرەوانی و بێ سنووری، بەڵکو ئەستەمی لەخۆ دەگرت، تا ئەو ڕادەیەی وای لە نووسەرانی سەردەمی ڕۆمانسـیـیـەت کـرد بۆ نموونە (شلێگل) و (کـۆلەرێج) بە شـێـوەیەک گوزارشت لە ڕۆمانس بکەن وەک جیهانێکی هەمیشەیی و خـەون و خـەیاڵ وابێ. دوا بە دوای لەدایکبـوونی ڕۆمـانیش لە سـەدەی هەژدەمدا، کۆتاییـەکـانی ڕۆمـانس



ئاراگۆن

وای لێهات لە گەشەکردنی ڕۆمان جیا نەدەبۆوە (٢). خاسیەتێکی دیکەی ڕۆمانس بەکارهێنانی سەیروسەمەرەی لە ڕادەبەدەری سروشتە، ئەوەش ناسنامەی ڕۆمانسە بە گشتی.

جیاوازی نێوان ڕۆمان و ڕۆمانس ئەوەیە ڕۆمان زیاتر بایەخ بە وێناکردن و شرۆڤەکردنی جیهانی ئاسایی دەدات، کەچی ڕۆمانس بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە لەو جیهانە ئاساییەدا شاراوەیە. ڕۆمانس هەمیشە بەدوای خواست و ویستەکانەوە وێڵە، بۆیە زۆر شێوەی هەمەجۆر لەخۆ دەگرێت وەک: داستان و شوانکاری و ئاوارەیی و گرێوگۆڵ و خەون و تافی منداڵی و خۆشەویستی توند و گەرموگوڕی گشتگر و کۆتایی بەختەوەر و....تاد، هەروەها پابەندە بە مۆدێکی تایبەتی خۆی و قاڵبێکی وردی سەردەم.

## ڕۆمانس و ڕیالیزم

لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی ڕۆمانسیەت وشەی (ڕۆمانس) مۆرکێکی ئەدەبی لەخۆ دەگرت زیاتر لەوەی بوونی جۆرێکی ئەدەبی بێت، زۆر جار لە مشتومڕی ئەدەبیدا ڕووبەڕووی (واقیع reality) دادەنرا. لە هەمان کاتدا و بە درێژایی سەدەی نۆزدەم وشەی ڕۆمانس شێوەگەلێکی دیکەی بەخۆوەگرت، لەوانە: زیندەخەون و حیکایەتی سیمبول ئامێز و مێژوو و حیکایەتی ئەفسانە و جەڵیت و پەڵیت و حیکایەتی ترس و تۆقاندن و ئەندێشە و گومانکردن و...تاد. تێکڕای ئەمانە دەشێ بە ئەدگارەکانی ڕۆمانس ئەژماربکرێن.

لای نووسەرانی سەردەمی ئەلیزەبێس ١٥٥٨ – ١٦٠٣ چیرۆکەکانی سوارسوارانێی ڕۆمانسی وەک بابەتێکی فیستیڤاڵی نمایش دەکران، بەڵام لای نووسەرانی سەردەمی ڤیکتۆریا ١٨٣٧- ١٩٠١ وەک بابەتێکی هونەری پێشکەش دەکران . پێچەوانەی نێوان ڕۆمانس و واقیع لە سەدەی هەژدەمدا بە پێچەوانەی نێوان سەیروسەمەرە و ڕەوتی عەقڵانی لێک دەدرایەوە. ئێستاش ململانێیەکە کەوتۆتە نێوان کاری تاکی ڕۆمانسی و پرۆسەی دەستەجەمعی لاسار لە نێو کۆمەڵگای واقیعدا (٣).

## سازانی ڕۆمانس و ڕیالیزم

ئەو مشتومڕەی لەنێوان خوازیارانی (ڕیالیزم) و خوازیارانی (ڕۆمانس) دەکران لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا، زێدەڕۆیی زۆری پێوە دیاربوو. هەوڵی دابەشکردنیشیان بۆ دوو ژانری جیاواز هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە.

(چارلز دیکنز)، ڕۆماننووسی ئینگلیزی، لە ساڵی ١٨٤٩ دا باس لە سوودی ئەدەبی سووک (ڕیالیزم) دەکات و دەڵێت: "با بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرا بێت کەوا لە نێو سەرجەم شتە ئاساییەکاندا، تەنانەت بە ڤێزەونەکانیشەوە، بایی ئەوەندە ڕۆمانسەی تێدا هەیە، ئەگەر بەدوایدا بگەڕێین. با کارمەندانی ئەو کایەیە بزانن، وێڕای قەیراناوی واقیعەکەیان، لە بەهرەی خەیاڵ و خۆشییەکانی " بەدەر نین. وێنای ڕۆمانس زۆر زیندوو و ئەکتیڤ لای (هـ. ج. وێڵز) مابۆوە وەک گوزارشت لە ئاواتی خێر لەخۆنەدیوەکانی کە هەمیشە لە ژێر باری نەداری و پەروەردەی چینی هەژار دەتلانەوە؛ چونکە ئەو بێ بەشبوونەیان لە ئەدەب، لەسەر زاری (کیپس) دەڵێت، لە (کاسە پیرۆز)ەکە دووریانی خستبۆوە کە جوان بەخشێکی هەمیشەییە بۆ ژیان(٤).

ڕۆماننووسی ئینگلیز، بە ڕەگەز پۆڵەندی، (جوزێف کۆنراد ١٨٥٧ – ١٩٢٤) هەمیشە هەوڵی ڕەخنەگرانی ڕەت دەکردەوە بۆ پۆلێنکردنی کارەکانی بۆ ڕۆمانسی یان ڕیالیزمی، مکوڕیش بوو لەسەر ئەوەی کارەکانی ئەو تەنیا میزاجی بوون، بۆیە لە پێشەکییەکەیدا بۆ ڕۆمانی (هێڵی سێبەر) دەڵێت: "جیهانی ئێستای گیانەوەران

پڕە لە شتی سەیروسەمەرە و ناوازە و کاریگەری ئەوتۆی لەسەر سۆز و ئاوەزمان هەیە کە شرۆڤەکردنی ئەستەمە، تەنانەت وەک سیحر سەیر دەکرێت. زۆری نەخایەند ململانێی نێوان ئەو دوو ڕێبازە لە سەدەی بیستەمدا تا دەهات خاوتر دەبۆوە، چونکە نووسەران لە ئینسان گەیشتن کە جیهانێکە پڕە لە گرێوگۆڵ و جیهانێکە جیاوازە لە خود. کەواتە شتێک نییە لە ژیاندا بە ناوی (ڕەها absolute)، بەڵکو هەموو شتێک (ڕێژەییە rel-ativity) بە پێی زانست و زانیارییەکانمان. خودیش لە ڕۆمانسییەتدا هەڵوێستێکی هونەریی گشتی وەرگرت.

خەیاڵ لەنێو بەرهەمە ڕۆمانتیکییەکانی شاعیرانی کۆنەپەرست و هەندێک لە شاعیرە کوردەکانی عێراق سیفەت و سیمای وا هەڵدەگرن جیاوازن لەگەڵ هی ڕۆمانتیکییە پێشکەوتنخوازەکان. ئەوان ژیان بە مایەی بێزاری کوشندە تێدەگەن کە تێیدا هزر و دەروونی مرۆڤ لەسەر پەککەوتن و نائومێدی ڕادێنێ. وێنەکانیشیان بە گشتی تەڵخ و سیسن وەک ئەو گیا و ڕووەکانەی دوور بن لە تیشکی خۆرەوە؛ بۆیە هەرگیز خۆیان گەش نابینن (٥).

کەچی خەیاڵ لە نێو بەرهەمەکانی ڕۆمانتیکییە پێشکەوتنخوازەکان، بۆ نموونە گۆران، نە ڕووکارەکانی ڕاستی دەشارێتەوە و نە دەیانشێوێنێ، بەڵکو بەرجەستەی دەکات و دەیخاتە جووڵە و ڕوحی پێدەبەخشێت. هەر ئەوەشە زەمینە خۆشکردنی ڕاستەقینەی واقیعی بۆ داهێنان. کەواتە تراژیدیا هەرگیز ناتوانێت پاڵەوانی نێو شیعری گۆران وەلانێت و پەکی بێخیت، بەو مانایەی دەستەوسان بەرانبەر یاساکانی دەسەڵات و دابونەریتە کۆنەکانی نێو کۆمەڵ بە پەشۆکاوی (perplexity) ڕابوەستێت و فرمێسکی گەرم بڕێژێت، بەڵکو تراژیدیاکەی ئەو دەبێتە هۆی ڕامان و بیرکردنەوە و تووڕەیی و هۆشیاری، ئینجا خەباتکردن و تێکۆشان. دەشێ هەندێ جاریش بیگەیەنێتە ڕادەی گریان، بەڵام نەک گریانی بێ دەسەڵاتی و بێ ئومێدی، بەڵکو گریانی تووڕەیی.

چیرۆکیش وەک ڕەگەزێک لە ڕۆمان، لەبەر ئەوەی زمانی زانست و شارستانیتی و واقیع و خەیاڵ و فەنتازیا و سیحر و ڕەهەندەکانی دەروونە، بۆیە چیرۆکنووسیش پەنا دەباتە بەر ئەندێشە و فەنتازیا، ئەوەش مانای ئەوە نییە پەنا دەباتە بەر بەسەرهاتی ئاڵۆز و نامۆ و سەیروسەمەرەی دەستکرد بە نیازی ئەوەی کار لە سۆز و ویژدان و هەست و نەستی خوێنەر بکات. لە هەمان کاتدا بەو مانایەش نییە کە چیرۆکنووس پشت بەبەستێت تەنیا بە کۆکردنەوەی ڕووداو و کارەسات لە دەوروپشتی خۆیەوە و مۆنتاژیان بکات و شتی دیکەیان بخاتە سەر بە شێوازێکی سۆزدار و سەرنجڕاکێش، وەلێ بە هەرحاڵ نابێت خولقاندنی دەق فەرامۆش بکرێت و هەوڵی کوشتنی ئەندێشە بدرێت. ئەوەی لە چیرۆکدا ڕوودەدات کێبڕکێیە لە نێوان واقیع و خەیاڵدا. حیکایەتە ئاینییەکان و میللییەکان بە ڕوونی لە چیرۆکدا تەوزیف کراون. گەڕانەوەی عەتا محەمەدی چیرۆکنووسیش بۆ سەدە کۆنەکان و بەکارهێنانی ئەفسانە و حیکایەتی کۆن، خەیاڵی خودی خۆیەتی. ئەزموونی عەتا لەگەڵ شاردا گەڕانەوەیە بۆ ڕابردووی سلێمانی لە ڕۆژگاری شەڕی میرنشینەکاندا و لە ڕۆژگاری عوسمانی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ و حیکایەتی ململانێیە ئایدیۆلۆژییەکان و سیاسەت و شەڕ و کاولکاری ناوچەکەیە. لە چیرۆکی (پەنهانییەکانی زیندوویەتی مەسیح)دا عەتا محەمەد ئەفسانەی مەرگی مەسیح و قازی محەمەد تێکەڵ دەکات بەو پێیەی گوایە لە داردانی هەردووکیان گومان ئامێز بووە (٦).

ڕۆمانسییەتی (گۆران)ی شاعیریش گەیشتبووە ڕادەیەک بە تەواوی لەگەڵ ڕۆمانسییەتی کلاسیکی جیاوازبوو کە گوزارشتی لە ئاخ و ناڵە و حەسرەت و فرمێسک ڕشتن بۆ ڕابردوو دەکرد. ڕۆمانسییەتی گۆران ڕێبازێک بوو نەهامەتی و مەینەتی و جەور و ستەم و سەختیی زەمانەی دەردەبڕی. لە نێو شیعری گۆراندا ڕیالیزم و ڕۆمانس بە یەکەوە بە ڕوونی دیارن، ئەو ڕیالیزمەی پێکهاتووە لە واقیعی ژیان و سروشت تێکەڵ بە خەیاڵی ڕۆمانتیکی، ئەو جۆرە خەیاڵە تێکەڵ بە واقیع لە شیعری گۆراندا شتێکی نوێ بوو.

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین گۆران کۆمەڵێک لە پاڵەوانانی (واقیع)ی کردووە بە ئەفسانە، بۆ نموونە "هەڵۆ بەگ " ی شەهیدی بەر دەرکی سەرا لە ڕۆژی ڕەشی (٦)ی ئەیلوولی ١٩٣٠، وەک هێما (symbol) لەنێو شیعری "شەهید"دا بەکارهێنا:

**بڵێ بەو بووکی تازەی یەک شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم،**

**نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا!**

کتومت ئەوەیە نموونەی ڕاستەقینەی سازان

(compatibility).

شایەنی باسکردنە ئەو "من "ەی کە لە نێو شیعری گۆراندا هەیە هەر هەمان "من" نییە کە لە ساڵانی ۱۹۲۰-۱۹۳۰ دا لە نێو شیعرەکانی خۆشەویستی رۆمانتیکیدا بەکاری هێنا، چونکە ژیان ئاراستەکەی پێ گۆڕی و بۆچوون و بیرۆکەی خۆشەویستی لا گۆڕا و گەشەی سەند. ئەگەر پاڵەوانی پێشووی بە پاڵەوانی خۆشەویستی و مەستیی چێژ و ئازار دەچواند، لە ئەنجامدا تێگەیشت و ئازادی سەرجەم کۆمەڵگاکەی بە ئازادی خۆشەویستی بەستەوە، بەو واتایەی هەردووکیان یەک داری دوو لقن جیا نابنەوە. با بزانین لە نۆبەرە شیعرەکانیدا چی دەڵێت:

**شەمعێکە لەسەر لێوە لەرەی مەینەتی من رۆژ**
**ئەستێرەیی شەو شاهیدە من سەختە عەزابم**
**توخوا دڵەکەم کوانێ خطوراتی جوانیت ؟**
**بۆ رەش بوو هەموو ئوفقی خەیاڵات و سەوابم؟**

پاڵەوان لە نێو ئەم قەسیدەیەدا جوانیی خۆشەویستەکەی بە جوانیی سروشت بەراورد دەکات، بەڵام هزر و دەروونی لە نێو دووکەڵی خەمۆکیدا پەنگی خواردۆتەوە. بۆچی ئەو وەسڵەی ژیان پێی بەخشیوە تێکەڵ بە ژەهری دابڕان بێ؟ چ هێزێکە لە هێزە رەشەکانی رۆژگار دەبێتە بەربەست لە پێش ئازادی و خۆشەویستیدا؟ لێرەدا هێشتا پاڵەوانی شیعری دۆش داماوە و توانایی بیرکردنەوەی نییە، دوژمنی گەورەی ئەو بە بۆچوونی خۆی لێکدابڕان و خەمۆکییە، بۆیە گۆران هەرچەند دەکەوێتە نێو گێژەنە و گەردەلوولی رووداوەکانەوە، هەڵوێستی پاڵەوانە سادە و ساکارەکەی زیاتر دەگۆڕێ و خەیاڵاتی رۆمانتیکی لە مێشکیدا وردە وردە وەک هەڵم پەرشوبڵاو دەبێتەوە و نامێنێ؛ چیتر بیر لە لێکدابڕان و خەم ناکاتەوە، هێندەی بیر لەو هێزانە دەکاتەوە کە هۆکارن، بۆیە ئیتر دژی ئەو هێزانە دەجەنگێ و خەبات دەکات، بەڵام ئەوەی نوێیە لە نێو قەسیدە نوێیەکانیدا چییە؟ پێش هەموو شتێک راستگۆییە (sincerity) هونەرمەندانە شیعر لە واقیعێکی ژەهراوی هەڵدەهێنجێ و راستگۆیانە سەرنجی خۆی دەردەبڕێ.

دەشێ قەسیدەی (ئاوازی خۆشەویستی) زەقترین دەلالەتی ئەو وەرچەرخانە بێ کە لە لیریک و قەسیدەکانی خۆشەویستی گۆراندا روویدابێ:

**کچە کوردێک وەک گوڵ وا بێ**
**کوردستانی پێ ئاوا بێ!**

لە میانەی باسکردنی جوانیی ئەو گوڵەی کە کوردستانی پێ ئاوا بکرێتەوە، شاعیر دڵنیایە هیچ رێگایەک نییە بۆ گەیشتن بەم ئاواتە، مەگەر کرانەوەی گوڵەکە نەبێت، گوڵەکەش مەحاڵە بەبێ ئازادی بکرێتەوە. بەو مانایەی جوانیی رزگار نابێت ئەگەر خودی ئافرەتی کورد رزگاری نەبێت. لە قەسیدەی "گوڵی خوێناوی"دا شاعیر نغرۆی قووڵاییی ژیانی کورد دەبێت و ژان و ژاکانی ژیانی واقیع داهێنەرانە وێنا دەکات:

**باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە**
**خێڵی دوژمن دەورەی داوە،**
**ئەرۆم رێگام لێ گیراوە**
**نارۆم! چاو کاڵ لیم تۆراوە!**

لە نێو ئەو تابلۆیەدا ئافرەتانی کورد هانی عاشقانیان دەدەن بۆ سەرکێشیکردن و سەرەڕۆییکردن لە پێناو پەیداکردنی ناوازەترین دیاری بۆیان، ئەویش بۆ تاقیکردنەوە و ورووژاندنی ئیرەیی دەستەخوشکەکانیان، هەروەها شاعیر ژیرانە رق و کینەی خوێنەر دژی پاشای زۆردار دەورووژێنێ کە کورەی عاشق دووچاری مەرگەسات دەکات لە پێناو وەدەستهێنانی گوڵە سوورەی نێو باغچەکەی کە لەلایەن چەکدارەکانییەوە بە چڕی گەمارۆدراوە.

لە شیعرەکانی (جۆن کیتس)دا بە تایبەتی لە (بۆ بلبل)دا رکەبەری نێوان چێژ وەرگرتن لە جوانی و لە راستی کۆڵینەوە بە روونی بەدی دەکرێت. لە کۆپلەی هەشتدا شاعیر دوای تێرامانێکی تێروتەسەل لە خوێندنی بلبلدا وەئاگادێت، ئینجا دەپرسێت: کام دۆخ نزیکترە لە راستی؟ دۆخی رامان یان ژیانی راستەقینە؟

**Was it a vision, or a walking dream?**
**Fled is that music: do I wake or sleep?**

**ئەوە چی بوو! خەیاڵ بوو؟ یان زیندەخەون بوو؟**
**ئەو مۆسیقایە باڵی گرت و چوو: ئایا هوشیارم، یانیش من نوستووم؟**(۷)

(بەدر شاکر سەییاب)یش لە قەسیدەی "سروودی باران"دا داهێنەرانە وێنای عێراق دەکات... عێراقی رۆژە رەشەکانی ۱۹۶۳ کە قەلەڕەشکەکان و کوللە سەرەخۆرەکان تەنگیان بە گەلەکەی هەڵچنیوە، بۆیە بێ ئەندازە هەست بە بێزاری (alyosis / rest-lessness) دەکات، هەرچەندە هۆکاری بێزارییەکەی لا ئاشکرا نییە، وەلێ بە دەنگی پڕ ئاخ و نووزەوە پەنا بۆ

باران دەبات:

**وفي العراق جوع**
**وينثر الغلال فيه موسم الحصاد**
**لتشبع الغربان والجراد**
**وتطحن الشوان و الحجر**
**رحى" تدور في الحقول...حولها بشر**
**مطر...مطر...مطر**

**لە عێراقیش برسیەتی!**
**لە وەرزی درووێنەی دەغڵ و دان**
**بۆ قەلەڕەشکە و کوللە سەرخۆران**
**مشتێک لیرە و مشتێک لەوێ**
**دینگ لە کێڵگاندا دەگەڕێ**
**مرۆڤیش لەگەڵیدا دەسووڕێ**
**دەغڵ و بەرد وێکڕا دەهاڕێ**
**باران... باران... باران**

لە قەسیدەی (لە بارەی ئینسانەوە - عن انسان)دا مەحموود دەرویشی فەلەستینی بە مەبەستی لاواندنەوەی گەلەکەی خۆی، ئەوپەڕی گەشبینی (optimism) کە ئاوێتەی خەیاڵ و واقیعە، ئاراستەی سەرجەم مرۆڤایەتی دەکات کە شانبەشانی گەلەکەی لە پێناو ڕزگاریدا تێدەکۆشن:

**نيرون مات، ولم يمت روما...**
**بعينيها تقاتل!**
**و حبوب سنبلة تموت**
**ستملأ الوادي سنابل..!**

واتە:

**نیرۆن مرد، بەڵام ڕۆما نەمرد...**
**بە چاوەکانی دەجەنگێت !**
**دانەی یەک گوڵەگەنم با بمرێت**
**خۆ دۆڵ پڕ دەبێت**
**لە گوڵەگەنم...!**

زۆر لێزانانە (بەکر گەردی)یش لە قەسیدەی "بۆ منداڵان"دا یاری بە خەیاڵی منداڵانی کورد دەکات کە شەیدای باڵندەی (هێمای) نیشتمانەکەیانن، نەک هەر هێندە، بەڵکو سەرنجیان بۆ شەدداد پاشا ڕادەکێشێ، کە ستەمکارانە دەیەوێت یاسای ژیان بگۆڕێ و حەز و ئارەزووی خۆی بە زۆر بسەپێنێ، بەڵام خەیاڵی خاو دەردەچێت:

**مناڵینە گوایە شەدداد کە پاشا بوو**
**باڵی بارە کەوێکی زۆر باش کێشابوو**
**لە پڕ دای لە شەققەی باڵ و بۆخۆی فڕی**
**جا زانی پەڕ دەڕوێتەوە وا بە کڕی**

ئەحمەد هەردی لە (فەلسەفەی دڵداری)دا لە میانەی ماچ ماچانێی لەگەڵ دەریادا وێنای مانگ دەکا، بەڵام لای ئەو، ئەو ماچانە هیچ تاموچێژێکیان نییە، ئەگەر ماچی یارەکەی نەبێ. ئەوەش لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە دیاردەی (من ego)ـە لەنێو دەروونی مرۆڤدا:

**ئەوا مانگیش ئەکا ماچی بەحر، گەر تۆش نەکەی ماچم**
**هەمووی بێ کەڵکە ئەم ماچانە بێ تۆ فائیدەی نابێ**

لە قەسیدەی (ئەی دیدە پەری)یشدا دەڵێت:

**مەڕوانەرە ئەمڕۆ**
**کە بە ڕوومەت گوڵی تاکی**
**بڕوانە سبەینێ**
**کە لە ناو دامەنی خاکی!**

لێرەدا هەردی شاعیر، گۆران ئاسا، لە شیعرەکەیدا ڕۆمانس و واقیع بەرجەستە دەکات، یارەکەی هۆشیار دەکاتەوە کە هەرچەندە سروشت ئەم جوانییەی پێ بەخشیوە، بەڵام دەبێ بزانێ وەک پاییزی سروشت، تەمەنیش پاییزی بەسەردا دێت و گوڵیش سیس دەبێ و هەڵدەوەرێ.

لای (کەریم دەشتی)ش زمانی شیعر و مەجاز یارییەکە لە نێوان واقیع و ئەفسانەدا، لە ڕێگای خەیاڵەوە دەمانباتە نێو قووڵترین مانای واقیعەوە. لە شیعری (باخەوانەکانی زەوی)دا دەڵێ:

**باخەوانەکان لە پاییزدا ئەوەندەی سەیری**
**ڕووت و قووتی درەخت دەکەن**
**ئەوەندە سەیری ژنەکانیان ناکەن**
**ئەوەندە بە دیار قەدی درەختەکان حەکایەت دەگێڕنەوە**
**ئەوەندە گۆرانی بۆ کۆرپەکانیان ناچڕن**

لێرەدا باخەوان بێ ئەندازە خولیای باخەکەیەتی، لای ئەو لە ڕووتی ژن جوانترە. ئا بەم شێوەیە ڕوحییەکانی سروشت و مرۆڤ بەرجەستە دەکات (incarnation) (٨).

(عەباس عەبدوڵلا یووسف)یش زیرەکانە فەنتازیای بۆ سازاندنی ڕۆمانس و ڕیالیزم لە نێو شیعری " گەشتی پێنج پەنجە "دا تەوزیف کردووە:

**ئەنگوستی یەکەم وتی:**
**وا دەچمە باخی مێوەجات**

**بزانم...به چاوی خۆم ببینم**
**کرم ئەشقی سێوە**
**یا سێو ئەشقی کرمە؟!**

عەباس عەبدوڵڵا نەک هەر هێندە، بەڵکو سوودی لە فۆلکلۆرە کوردەوارییەکەی خۆشمان وەرگرتووە (کە هەڵبەتە لە خەیاڵ و ئەفسانە بەدەر نییە) و باس لەوە دەکات: ئەنگوستی یەکەم وای وت و ئەنگوستی دووەم وای وت و ئەنگوستی سێیەم...تاد. خۆ ئەگەر بڵێم پرسیارە ئەزەلییەکەی نێو فەلسەفە کۆنەکەی بیزەنتییەکان کە دەڵێ:" ئایا هێلکە لە مریشکە، یان مریشک لە هێلکەیە؟" هونەرمەندانە تێکهەڵکێشی سیمبول و گومانی کردووە زۆرم نەگوتووە (٩).

شاعیری مەزنی ترک (نازم حیکمەت)یش لە قەسیدەیەکیدا خەون و خەیاڵ تێکەڵ بە واقیعێک دەکات کە خۆی لە پێناویدا دەڕەنجێنێت و گەلەکەی جۆش دەدات بۆ خەباتکردن بۆ وەدەستهێنانی حەسرەت و ئاواتەکانی:

.....
artik
hepinizin kafasina
shu
daaaank
desin:
koylunun topragha
hesreti var,
toprghin hasreti
makinalar!

واتە:
.....
**لەنێو کەللەی هەمووماندا**
**ئەو دەنگە بزرینگێتەوە:**
**دەشتی شەیدای خاکەکەیە،**
**خاکیش شەیدای مەکینەیە!**

## دوا وتە

لویس ئاراگۆن، کەڵە شاعیری فەرەنسی، لە وتەیەکیدا لە گۆڤاری (الآداب الفرنسية - ژمارە ٧٧١)دا دەڵێت: " ڕاستی بە ڕێگای سرووشەوە نەبوو خۆی نیشانم دا لەو ڕۆژەی خەتەنەکرام و نە لە باوک و خێزانەکەمەوە پێم گەیشت. من خودی خۆم فێری بووم، ئەوەش بە ڕێگای گومانکردن و ڕامان و پەشۆکان و تەکان و ئازاری تاقیکردنەوەوە بوو. ئەو ئەدەبەی لە کێشەکانی ژیان دەکۆڵێتەوە بە سەدان لاپەڕە، دەچێتە نێو ڕەوتی (تەوباوییەت)ەوە کە لە ئەفیون مەترسیدارترە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی (١٠).

شیعری ئازاد، هێشتا ساوا بوو، کە چەند کەسانێکی توندڕەو چاویان بەرایی نەدا و قووت بوونەوە، بۆ نموونە پرۆفیسۆرێکی عەرەب ڕایگەیاند کەوا ئەو کەسانەی ئەو جۆرە شیعرە دەنووسن، سرووش لە باڵیۆزخانەکان وەردەگرن، بەڵکو دوور نییە بۆ سڕینەوەی کولتووری عەرەبی برێ پارەش وەرگرن. لە لایەکی تریشەوە کەسانێک پەیدابوون بە ناوی ڕیالیزم و نوێخوازییەوە، وشە و دەستەواژەی جۆراوجۆری بریقەداری وەک: گەردوون، دیاردەی ڕاکێشانی گۆی زەوی، بۆشایی ئاسمان، جیۆلۆژیا، جیۆپۆلەتیک، سۆسیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا، ئینتەرنێت...تاد دەیانئاخنییە نێو شیعر و چیرۆکەکانیانەوە.

پێم باشە بە وتەیەکی ئەم دواییەی ڕۆماننووس عومەر مەولوودی کۆتایی بە بابەتەکەم بهێنم کە دەڵێ: هەوێنی ڕۆمانەکانم ژیانی خۆمن. نووسەری بێ خەون و خەیاڵیش ناتوانێ هیچ بنووسێ.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


**(١) جلن بير - موسوعة المصطلح النقدي (الرومانس) ت: عبد الواحد لؤلؤة .**
**(٢) هەمان سەرچاوە.**
**(٣) هەمان سەرچاوە.**
**(٤) هەمان سەرچاوە.**
**(٥) حسين علي شانوف - شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران. دار الجاحظ، ١٩٧٥.**
**(٦) گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژ ٥١، نیسانی ٢٠١١ - ئەفسانەسازی و پیشەسازی خەیاڵ لە تێکستی عەتا محەمەددا.**
**(٧) گۆڤاری ڕامان ژ ١٢٨، کانوونی دووەم - چەند خاڵێکی بەراوردکاری نێوان جۆن کیتس و گۆران.**
**(٨) گۆڤاری ڕامان ژ١٦٨، مایسی ٢٠١١- ئەزموونێک لە ئەفسانەوە بۆ نوێگەری - مەحموود نەجمەدین.**
**(٩) حەفتەنامەی باسەرە، ژ٦، نیسانی ٢٠٠٣.**
**(١٠) دراسات في أدب الواقعية - عبدالمطلب صالح، دار الفارابي، ١٩٧٤.**

# ڕەهەندەکانی فەلسەفەی ئاکار

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

(٢ - ٢)

**سەدەکانی ناوەڕاست**

١- فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەو فەلسەفەیەیە لە سێبەری هەرسێک ئایینە گەردوونییەکەدا: جوولەکە، عیسایی، ئیسلام لەلایەن کەسانێکەوە کە پەروەردەیەکی ئایینییان هەبووە و لە کەنیشتە و کڵێسە و مزگەوتەکاندا پێگەیشتوون، نووسراوەتەوە و بەرهەم هێنراوە. وەک چۆن فەلسەفە تا ڕادەیەکی سەرنجڕاکێش پڕیشکی ئایینەکەی بەرکەوتووە، بابەتی ئاکاریش کە بەشێکە لە فەلسەفە لەو دەرباز نەبووە، بۆیە دەکرێ بگوترێ، ئاراستەکەی، لە چاو قۆناغی پێشتر کە فەلسەفەی یۆنان بووە، بەلایەکی دیکەدا براوە، ڕوخسار و ناوەرۆکی بەپێی جیهاندیدە ئایینییەکە گۆڕانی بەسەردا هێنراوە، بۆیە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نابێ کە مرۆڤ لەو سەردەمەدا کە نزیکەی هەزار ساڵی خایاندووە، بابەتێکی ڕێکوپێکی نووسراو دەربارەی ئاکار سەرنجی ڕانەکێشێ و بگرە بەرچاوی نەکەوێ- ئەگەر ئیبن مەسکەوەی کە کتێبی تەهزیبی ئەخلاقی نووسیوە بە دەر بگرین- ئەو دیاردەیەی نەبوونی بابەتی ئاکار لە هەرسێک فەلسەفەی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلامدا چەندین پرسیار لەمێشکدا دەورووژێنێ: ئەو هەموو فەیلەسووفە بەرهەمەکانی ئەرستۆیان خوێندۆتەوە و کاری تێ کردوون، بۆچی بەرهەمە ئاکارییەکانی هەستی نەورووژاندوون و نەبوون بە مایەی ئەوەی لایەکیش لە بابەتی ئاکار بکەنەوە، یان دیاردەکە خۆی پێوەندی بە سروشتی ئایینەکەو ئاکارەوە هەیە؟! ئایا هەر سێ کتێبە پیرۆزەکە- تەورات، ئینجیل، قورئان- توانیویانە خۆیان ڕۆڵی بابەتی ئاکار بگێڕن و کاریگەری بابەتی ئاکار کاڵ بکەنەوە؟! ئەگەر ئاکار لافی ئەوە لێ بدات کە پەکی لەسەر بنەماکانی باوەڕ و ئایین

هەندەکییەوە دەست پێدەکات بەرەو بنەمایەک هەنگاودەنێ کە بکرێ بەپێوەری هەڵسەنگاندنی ئەنجامی کرداری مرۆڤی تاک. لە ئاکاردا پشت بە میتۆدەی زانستی ئیندەکشن دەبەسترێ کە هەڵکەوت دەکات بە کەرەسەی توێژینەوە و بەرەو تیوری و بنەما هەنگاودەنێ. هەربۆیە گوتراوە، لە ئاییندا پشت بە یاسا و ڕێسا و (قانوون) و بنەما ڕەببانییەکان دەبەسترێ کە پتر لەسەر شێوازی ئامۆژگاری و ڕێسا و ڕێوشوێن و شێوەی «دەشێ و ناشێ و بیکەو مەیکەی»یان هەیە. ئاکار بە یاسا و قانوونی لە ئارادابووی تۆمارکراوی کۆمەڵگا کە پتر لە ڕەوشی لە ئارادابووەوە کەوتوونەتەوە پشت دەبەستێ. ڕاستە ئایین و ئاکار پێکەوە، بەڵام بەجیا، بایەخ بە مرۆڤ دەدەن و هەوڵی ڕێکخستنی ژیان و کردار و ڕەفتاری دەدەن و ئەو ڕێگایەی نیشان دەدەن کە گوایە بەرەو دوا ئامانج دەیبەن: بەختەوەری، بەڵام هەریەکەیان بەجۆرە بۆچوونێک پێناسەی ئەو دوا ئامانجە دەکات، ئینجا لە ئاییندا بە پێچەوانەی فەلسەفەی ئاکارەوە، باوەڕ (ئیمان) ڕێوشوێنی کردار دیاری دەکات و (عەقیدە) کار و ڕەفتاری دەستنیشان دەکات و سنووری بۆ ڕەنگرێژ دەکات: چی بکات و چی نەکات. ئەو سنوور ڕەنگرێژکردنە لە بەرتەسککردنەوە و تەنگەبەرکردنی ئازادی کە بنەمای سەرەکی چالاکی ئاکارە بەولاوە شتێکی دیکە نییە!.

٣- لە چوارچێوەی ئەو کولتوورەدا کە لە ئەورووپا و دەوروبەری دەریای سپیدا لە ئەورووپا لەژێر باڵی ئایینی سەرتاپاگیری مەسیحیدا خەت و خاڵی داوە، بابەتی هەمەڕەنگ دەربارەی ژیانی مرۆڤ، خێزان، کۆمەڵگا و دەزگای دەوڵەت و ژیان دوای مردن، ڕێوشوێنەکانی ئاکار، چاکەکاری و ئازادی و چارەنووس و ئۆباڵ کێشان قەزاو قەدەر، خۆشەویستی و هیوا، پێوەندی نێوان ژیر و سرووش (وەحی)، زانین و بروا بە تێروتەسەلی ڕەنگیان ڕێژراوە و شرۆڤەکراون و لێکدراونەوە.

پشت ئەستوور بە سەرچاوەکان، هەر لە ئینجیلەوە تاوەکو ئەو بەرهەمانەی بە زمانە ئەورووپاییەکان کە لە بارەی کولتووری ئەو قۆناغەوە بڵاوکراونەتەوە: هێزو توانایی مرۆڤ سنووردار کراوە بۆ ئەوەی ڕێگای پابەندبوونی بە جیهانێکی دیکەوە خۆش بکرێت. گومان لە ژێری مرۆڤ کراوە بۆ ئەوەی پێویستی هەبوونی



**تۆماس هۆبز**

ناکەوێ، دەکرێ ئایین بێ چەند و چۆن دەستبەرداری ڕێوشوێنەکانی ئاکار ببێت؟!

٢- نەبوونی بابەتێکی سەربەخۆی ئاکار کە بە تێروتەسەلی لێوەی کۆڵرابێتەوە ئینجا ڕەنگی ڕێژرابێ، دوو هۆکاری هەیە، هەردووکیشیان لە سروشتی ئایین و ئاکار خۆیانەوە کەوتوونەتەوە:

**یەکەم:** هەر یەکێک لە سێ ئایینەکە وای داناوە، بۆشی چۆتە سەر، کە کتێبەکەیان سەرچاوەی ئاکارە. ئەوی لە بابەتی ئاکاردا دێت و باس دەکرێ لەو کتێبەیدا هاتووە، هەرچی پێوەندی بە کردار و ژیان و چاکەکاری و بەدکارییەوە هەیە، لەوێدا ڕێنمایی کراوە و ڕێوشوێن و بنەمایان بۆ دانراوە، بۆیە پێویست بە بابەتی ئاکار ناکات!

**دووەم:** دەستپێکی ئایین و سروشتی دۆگمەکانی باوەڕ و ئیمان بە تەواوەتی لەگەڵ هی ئاکار لە یەکتری جیاوازن(٢٥).

ئایین لە جیهاندیدەکەیدا بە چەند بنەمایەک (پرەنسیپ) پشت ئەستووره، بە هیچ جۆرێک دەرفەتی ئەگەر و گومان کردن لێیان نادات. ئەو پرەنسیپانە سروشت و خەسڵەتی هەمەکی- گشتییان هەیە و لەچوارچێوەیەکی ڕەهادا داڕێژراون. بە پێچەوانەوە فەلسەفەی ئاکار لە هەڵکەوتی لە ئارادابووی تاکی

ڕێگایەکی ترانسندێنتالی سەروو سروشتی گەیشتنە ڕاستی (سرووش- وەحی) پاساو بدرێت. دنیای سەر زەوی پشتگوێ خراوە، بایەخ بە جیهانێکی ئەفسووناوی لەولای دنیاوە دراوە کە ناوی (پەڕەدایس)ی لێ نراوە. پاکانە بۆ هەبوونی بەدکاری و بێ دادی و هەژاری و بەدبەختی و کۆیلایەتی کراوە.

لە جیهاندیدی ئایینی مەسیحیدا، دوای ئەو گۆڕانەی بەسەریدا هاتووە و ڕووی کردۆتە ئەورووپا و لەوێ جێگیر بووە، باوەڕ (ئیمان هێنان) کراوە بە پێوەر و سەرمەشق. لە ڕوانگەی باوەڕەوە هەوڵ دراوە سەرجەم کێشەکان تاووتو بکرێن و ڕێگا چارەیان بخرێتەڕوو. ئەوی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ بابەتی بەدکاری، بێ دادی، بەختەوەری و ژیانی دوای مردنە.

ڕابەرانی لاهووتی مەسیحی خواستی ئازاد و بەدکارییان خستۆتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە، پێناسەی خواستی ئازادی مرۆڤیان بەجۆرێک کردووە کە لەخۆیدا بەدکاری بە پشکێکی تەواوکاری بوونی مرۆڤ دابنرێ. سانت ئۆگۆستین، ڕابەری فەلسەفەی مەسیحی ئەورووپا، بەلایەوە وابووە مرۆڤ ئازادە، خواستی ئازاد و ئازادی ئەوەیە مرۆڤ لە ژیانیدا خۆی لە گوناح کردن و کەوتنە بەدکاری بپارێزێت(٢٦). ئەو پێناسەیە پتر پاساودانی بنەماکانی کڵێسەی مەسیحییە، چونکە نە بابەتەکەی بە تەواوەتی پێناسە کردووە، پێناسە باسکردنی ڕەگەز و جیاکارە، نە مرۆڤی لە ئۆباڵی بەدکاری و گەردن ئازادیی ئازاد کردووە.

- ئادەم بە خواستی ئازاد لەبەری داری زانینی خواردووە. جیاکردنەوەی ئازادی لە تۆبزی و ناچاری ئینجا ئازادی و ڕزگاربوون لە بەند و کۆیلایەتی مرۆڤ لەبەردەست گوناح و بەدکاریدا، بە هیچ بنەمایەکی ژێر پشت ڕاست ناکرێنەوە.

- لە جیهاندیدی کڵێسەی مەسیحیدا ئەگەرچی مرۆڤ لەنێو بوونەوەراندا پلەوپایەیەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام بەهۆی ئەو گوناحەی ئادەمی نێو تەوراتی جوولەکەوە کردوویەتی، باری سەرشانی گران و سەخت بووە، دەبێ بەکردەوە «ڕەب پەرستی» کۆششی دەرباز بوون- ڕزگاربوون لە بەدکاری و ماددە- بکات. مرۆڤ لەلایەن ڕەببەوە داهێنراوە (خەڵق کراوە) لەوەدا ئازادییەکەی بەرجەستە دەبێ کە لەنێوان دوو شیاوەکیدا سەرپشک کراوە یەکێکیان هەڵبژێرێ:

**یەکەم:** دوو ژیان و دوو جیهان لەبەردەمیدایە:

- جیهانی بەرهەستی کە ئێستا تێیدا دەژی (دنیا) یان:

- جیهانی گیانی سەرووسروشتی (دوای مردن). ئەگەر دووەمیانی بوێ، دەبێ پەیڕەوی ڕێوشوێنی کڵێسەی یەسوعی مەسیح بکات و دەبێتە مرۆڤێکی بەهەشتی ئاسمانی. خۆ ئەگەر بەلای دنیادا بچێ هەموو شتێک دنیاو قیامەت لە دەست دەدات.

**دووەم:** ژێردەستەیی و هەژاری و بەند و کۆیلەیەتی پاساو دراون و ڕەواکراون. یەسوعی مەسیح کە موسڵمانەکان عیسای کوڕی مریەمی پێدەڵێن گوتوویەتی:

«ئەگەر زللەیەکیان لە ڕوومەتی ڕاستت دا، ڕوومەتی چەپتیان بۆ ڕابگرە(٢٧)!». هەروەها لە شوێنێکی دیکەی هەمان سەرچاوەدا هاتووە کە یەسوع بە ئاشکراتر هەڵوێستی خۆی دەستنیشان کردووە و گوتوویەتی: «ئێوە بیستووتانە کە دەگوترێ: خزمی خۆتانتان خۆش بوێ و ڕک و قینتان لە دوژمن بێتەوە، بەڵام من بە ئێوە دەڵێم: دوژمنەکانی خۆتان خۆش بوێ(٢٨).»

ئەگەر ئەو قسەیە بەڕاستی یەسوعی مەسیحی کردبێتی، وەک چۆن لە ئینجیلی مەتتادا تۆمار کراوە، لەسەردەمی خۆیدا گونجابێ و کرابێ و پاساو بدرێ لەو سەردەمەماندا بێدەنگ بوون لە بەرانبەر دەستدرێژی و جەوردا و خۆشویستنی نەیار و دوژمن، نە خۆشەویستییە و نە باوەڕ و ئیمان قایمییە و نە هیوا و ئاوات بەخشە، بەڵکو چاوپۆشینە و بگرە پەسندکردنی بێ دادی و زۆر و جەورە کە خۆی لەخۆیدا هەڵوێستێکە بەشداربوون لەو بەدکارییانەدا دەردەخات و ساغ دەکاتەوە.

خۆشویستنی دوژمن، کێشە ئاڵۆزتر دەکات، هۆکار و هەلومەرج و ڕەوشە ڕاستەقینەکانی پەیدابوونی و چارەسەرە ڕاستەقینەکەی پتر ئاڵۆز و تەمومژاوی و چەواشە دەکات.

کێشەیەک لە کێشە گرینگەکانی ئاکار، بوونی بەدکارییە لە ژیان و جیهاندا، فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست کۆشاوە بەپێی هەلومەرجی سەردەمی پەیدابوونی شرۆڤەی ئەو ڕەوشە بکات کە بە «بێ دادی و بەدکاری سەرزەوی» ناوبراوە. بە باوەڕی



ژان ژاک ڕۆسۆ

ئایین بەدکاری میتافیزیکی و بەدکاری سروشتی هەیە:

– بەدکارییە میتافیزیکییەکە ئەگەر وەک بەدکاری بەدەربکەوێ، لە خۆیدا چاکەکارییە و دەسەڵات و هێز و توانایی لە ڕادە و سنوور بەدەری ڕەب و داناییەکەی بەرجەستە دەکات: باران دەبارێ چەند گوندێک لافاو دەیبات و ئاژەڵ و زیندەوەر لەناودەچن، بەڵام لەپشت ئەو دیاردانەوە، ئاو دەژیەتەوە، کشتوکاڵ (زەراعەت) و لەوەڕ دەبووژێنەوە و سەرچاوەی ژیانی مرۆڤ دەستەبەر دەبێ! ئەگەر قاتوقڕی و هەژاری و نەخۆشی بڵاودەبێتەوە، بۆ ئەوەیە بەندە و کۆیلە و (ڕۆڵەکانی ڕەب) تاقی بکرێنەوە بزانرێ تا چەند باوەڕ و ئیمانیان بە ڕەب قایمە و پشوودرێژن و بەرگە دەگرن و پابەندی ڕێسا و ڕێنماییەکانی ئایین دەبن.

– بەدکارییە سروشتییە ئاکارییەکە بەرانبەر بە میتافیزیکییەکە بابەتی سەر زەوی و مرۆڤە، دەکرێ بە دوو بەشەوە و هەر بەشە هۆکاری خۆی بۆ دیار و دەستنیشان کراوە:

لە سەردەمی ئادەمەوە، کە گوناحی کردووە و لە بەهەشتی عەدەن دەرکراوە، بەدکاری و مردن لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە، یەسوعی مەسیح (ڕۆڵەی ڕەب) وەک لە ئینجیلدا (هاتووە) هاتۆتە سەر زەوی و چوارمێخە کێشراوە بۆ ئەوەی گوناحی مرۆڤ پاک بکاتەوە و گەردن ئازادبن و مردن پاشەکشێ بکات و ژیانی هەتا هەتایی جێگەی بگرێتەوە. شان بە شانی ئەو شرۆڤەکردنە، دوو هۆکاری بەدکاری لە دنیادا باس کراون:

**یەکەم:** ئیبلیس، بوونەوەرێکی بەدکاری ئەفسانەیی هێز و دەسەڵات لە ڕادە و سنوور بەدەرە، هۆکارێکی دەرەکی تەفرەدانی مرۆڤ و مایەی بەدکارییە لە هەموو کات و جێگایەکی دنیادا.

**دووەم:** دەروون (نەفسی) مرۆڤ خۆی کە فرمانی پێ دەکات بەدکاری بکات.

بەو پێیە جۆری یەکەمی بەدکاری خواست و دانایی ڕەبی مووسا و عیسا، بەرجەستە دەکات بۆ ئەوەی باوەڕ و ئیمانی مرۆڤ تاقی بکرێتەوە، دووەمیشیان پێوەندی بە خواستی ئازادی مرۆڤ خۆیەوە هەیە، بەڵام هەردوو جۆرەکە بە شرۆڤەکردن و پاساودانیانەوە ڕەخنەیەکی توندیان لێدەگیرێ، چونکە بە هیچ جۆرێک پشت ڕاست و ساغ ناکرێنەوە. بەپێی گوتەی تەورات و ئینجیل ڕەب مرۆڤی داهێناوە. بۆ دەبێ داهێنەر پێشەکی داهێنراوەکانی خۆی نەناسێ و نەزانێ چی دەکەن و چی ناکەن؟

تاقیکردنەوە بەڵگەی نادانایی ئەو کەسەیە کە تاقیکردنەوەکە دەکات، ئەگەر تاقیکار شارەزا و ئاگادار بێ، پێویستی بەو تاقیکردنەوەیە نابێ!.

– گریمانەی بوونی ئیبلیس بەو هەموو هێز و توانایی و دەسەڵات و زیرەکییەی هەیەتی لەگەڵ هەبوونی ڕەببی بەهێز و توان و دەسەڵات لە سنوور بەدەر ناگونجێ و نایەتەوە. بوونی ئیبلیس گریمانەیەکە ئەهریمەنی بەدکاری ئایینی زەردەشتی لە بەرگێکی دیکەدا بەرجەستە کردووە.

ئەگەر دەروونی مرۆڤ ئەو هێزە بێت فرمانی بەدکاری بدات، لە دوو لاوە ڕەخنە دەکرێ:

– چ هێزێک ئەو دەروونەی دروست کردووە، دەبوو ئەو ڕێگا نەدات ئەو نەفسە بەدکاری بکات.

– بوونی ئەو دەروونە بەو جۆرە لەگەڵ خواستی ئازادی مرۆڤدا نایەتەوە! چونکە دەسەڵات و توانایی خاوەن دەروون لەبەردەم دەروون کاڵ دەبێتەوە و دەستەوەستان دەوەستێ، کەوابوو چۆن بچێتە ژێر باری کارو کردارێک کە هێزێک پێی کردووە، دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێ؟

پێوەندی ئاڵۆزی نێوان ئایین و ئاکار، کێشەیەکە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەند دەکێشێ:

من وای بۆ دەچم کە ناکرێ هیچ جۆرە پاکانەیەک بۆ پێوەندی ئایین بە ئاکارەوە بکرێت، هەروەها بە هیچ جۆرە بنچینەیەکی ژیری و لۆژیکی ئەو جۆرە پێوەندییە پشت ڕاست ناکرێتەوە. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەش لەخۆیدا کەمتر کێشە ئامێز نییە: دەبێ بۆچی باوەڕهێنان (ئیمان) بەهێز و دەسەڵاتێکی لە ڕادەبەدەر و سنوور بەزێن کە لەسەروو سروشتەوە بێ و دنیای داهێنابێ، جۆرە ڕێوشوێنێکی لێ بکەوێتەوە کە دەبێ مرۆڤ بەپێی ئەو جۆرە ڕێوشوێنە کە لەو بڕوا هێنانە کەوتبێتەوە، کردار و ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات و بجووڵێتەوە؟! وەڵامەکە وەنەبێ لە پرسیارەکە سادە و ساکارتر بێ، چونکە لە ڕەهەندێک بەولاوە هیچی تر شک نابات: ڕەهەندی کێشەی نێوان ژیر لەلایەک، هەست و سۆزی ناخی دڵ و دەروون لەلاکەی دیکەیەوە.

ئایین و باوەڕ بابەتی ناخی دەروونن، ڕووی گوفتار دەکەنە هەست و سۆز و دڵ. ئیتر چۆن دەکرێ بە پێوەری ژیر هەڵبسەنگێنرێن و لێیان بپێچرێتەوە؟! ئەگەر ئایین بابەتی ئاکاری لێ بکرێتەوە، چی لێ دەمێنێتەوە؟ ئایین کاتێک بوونی کردەکی دەبێ کە کەسانێک باوەڕی پێ بهێنن و لە تیوری و ناخی دەروونەوە بیکەن بە بابەتێکی زیندوو کە لە ڕەفتار و کرداردا جێبەجێ بکرێ، بنوێنرێ و بەرجەستە ببێ! هەر کاتێک مرۆڤێکی بێ هەست و سۆز و ناخی دەروون وێناکرا، یان بتوانرێ وێنا بکرێ، ئەوکاتەش دەتوانرێ مرۆڤی بێ ئایین لە ژین و جیهاندا وێنا بکرێت!

بەڵام ئەو هەڵکەوتە لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە هەبوونی ئایین لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤی ئازاد و سەربەستدا شتێکە و بەکوتەک و تۆبزی سەپاندنی ئایینەکە شتێکی دیکەیە. ئەگەر ئایین بۆ سوود و قازانجی مرۆڤ هاتبێ و سەرگەرمی جێگیرکردنی دادی ڕەببانی بێ لە جیهاندا، بۆ دەبێ پەنابەرێتە بەر تۆبزی و ئازادی تەسک و تەنگەبەر بکاتەوە؟! سەپاندنی هەر جیهانبینیەک بەهەر ناو و لەژێر هەر دروشمێکدا بێ، خۆی لەخۆیدا بە پێچەوانەی ئەو ئەرکەیە کە گرتوویەتییە ئەستۆ. ئایا جێگیرکردنی داد و ئازادی بەوە دەبێ ڕێنمایی مرۆڤ بکرێت، ئەو مرۆڤەی کە بەهرەداری ژیرە؟ ڕێنمایی کردن، دانانی ڕێسا و بنەما کە هەوڵی پەیڕەوکردنیان بدرێت، خۆی لەخۆیدا بەهەند نەزانینی مرۆڤە و کەمکردنەوەی توانایی ژیرە.

**ئاکار لە جیهانبینی فەلسەفەی نوێدا**

١- ئەگەر فەلسەفەی نوێ دوای ساڵی (١٤٥٣ز) کە تورکی عوسمانی شاری کۆستەنتەنۆپلی یۆنانی زەوت کردووە و ناوی ئیستەمبوڵی لێ ناوە، توانیبێتی بە یەکجارەکی خۆی لە دەست لاهووت و ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست ڕزگار بکات، ئەوە جارێکی دیکە دووچاری پێوەندییەکی تر بۆتەوە، ئەو پێوەندییە بووە بە مایەی ئەوەی پاشکۆی بابەتێکی نوێ بێ، ئەو ڕەوشە کارێکی ئەوتۆی تێکردووە، ئەگەرچی لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا جیا و تایبەتی بووە، لەهی ئایینەکە کەمتر نەبووە، بابەتی زانست لەو سەردەمەدا ئینجا تەکنۆلۆژی لە چوارچێوەی ئەو پێوەندییە نوێیەدا، هەلومەرجی نوێی زانست لە فەلسەفەشدا جۆرە گۆڕانێکی بەرپا کردووە لە هەموو لقەکانیدا دەرکەوتووە و هەستی پێ کراوە. لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانەدا تیوری زانین جێگای لاهووتی جارانی گرتۆتەوە و هەوڵ دراوە گۆڕانی توندوتۆڵ بە بابەتی ئاکارەوە گرێ بدرێ، بۆیە شتێکی چاوەڕوان کراو بووە کە جیاوازی و ناکۆکی هەردوو ڕێبازی ڕکەبەر، لایەنگیرانی ڕێبازی ئەزموون و لایەنگیرانی ڕێبازی ژیرەکی، هی ئایدیالیستی و مەتریالیستییەکان لە بابەتی ئاکاردا ڕەنگ بداتەوە و بەرجەستە بێ. ئەو دۆخە نوێیە لە ئەرکی نوێی ئاکاردا دەرکەوتووە، بە تایبەتی لەو پرسیارانەدا کە ڕووبەڕووی کراونەتەوە و لە وەڵامەکانیدا ناوەڕۆک و ڕوخساری نوێی ئاکار بەدەرکەوتووە:

- بۆ دەبێ مرۆڤ پابەندی بنەماکانی ئاکار بێت؟
- بە چ شێوە و شێوازێک ئاکار خزمەتی سوود و قازانجی مرۆڤ دەکات؟
- پێویستە بنەڕەت و پرەنسیپەکانی کرداری مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا چۆن بن؟

لایەنێکی دیکەی گرینگی بابەتی ئاکار لە چوارچێوەی فەلسەفەی نوێدا دەرکەوتنی ڕێبازی تاکەکەسی و ئازادی مرۆڤ بووە دوور لە ڕەوش و سرووشی ئایینی مەسیحی. ئەگەر ئاکار لە چوارچێوەی کولتووری سەدەکانی ناوەڕاستدا کرابێ بە پاشکۆی ئایین و بە هیچ جۆرێک لە دەرەوەی کایەی کڵێسەدا دەرفەتی توێژینەوەی ئازاد لە گۆڕەپانی ئاکاردا نەدرابێ و بەهرە و ڕێسا و ڕێنماییە

ڕەببانییەکان بە پێودانگی هەڵسەنگاندنی ڕاست و ناڕاست و چاکەکاری و بەدکاری کردار دانرابن، ئاکار کرابێ بە ئامرازێک بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆک و ڕێنماییەکانی ئینجیل بەسەر ڕەوش و دۆخی تاک و تاکەکەساندا، ئەوە لەسەردەمی نوێدا ئاکار بەهۆی ئازادی تاکەکەسییەوە جۆرە ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییەکی بەدەست هێناوە و بە تەواوەتی کلێسە و ڕێوشوێن و دۆگمەکانی پشتگوێ خراون. لە چوارچێوەی ئەو ئاراستە و ڕێبازە مودێرنانەدا کە پێ لەسەر ئازادی و ڕۆڵی تاکەکەسیدا داگیراوە، دوو جیهاندیدی لە یەکتری جیاواز دێنە بەرچاو:

**یەکەم:** جیهاندیدی ئاکاری تۆماس هۆبز.

**دووەم:** ڕێبازی ژان ژاک ڕۆسۆ.

## تۆماس هۆبز

١- هۆبز (١٥٨٨- ١٦٧٩ز) بە فەیلەسووفی سیاسەت و ئاکار ناسراوە، ڕابەرێکە لە ڕابەرانی فەلسەفە (میتۆدەی) ئەزموونی ئینگلیز. لە جیهاندیدەکەیدا بەلای مەتریالیزم (ماددییەت)دا شکاندوویەتی ئەو دروشمەی بۆ تۆمار کراوە کە گوتوویەتی:

«مرۆڤ گورگە لەپێستی مەڕدایە» (٢٩). لە شاکارێکدا کە بەناوی لوڤیاتان Leviathan بڵاوی کردۆتەوە، ئەوەی دەرخستووە کە بابەتی «ڕەب و ئایین و لاهووت» هیچی تر لە فەلسەفەدا جێگایان نابێتەوە. ناکرێ ئەو سێ کەرەسەیە بخرێنە نێو هیچ خانەیەکی ئەو بەرهەمەی هزر و ژیری مرۆڤەوە. خۆ ئەگەر یەکێک سەرگەرمی زانینی شت بێت لە بارەیانەوە، دەبێ ڕوویکاتە لاهووت و فەلسەفە بەجێ بهێڵێ.

هۆبز بە فەیلەسووفی «خۆپەرستی و چێژ» ناسراوە، چونکە لەو باوەڕەدابووە ئەگەر خواست و نیاز و مرازی مرۆڤ بێنەدی هەست بە خۆشی، چێژتنێک دەکات، خۆ ئەگەر نەشهاتنەدی، خەمبار دەبێ و ئازار و ئێشی پێدەگات، بۆیە چاکەکاری چێژتن و چێژ وەرگرتنە و بەدکاریش لە ئێشوئازار چەشتن بەولاوە نییە. چاکەکاری و بەدکاریش کەرەسەی بابەتی ئاکارن.

٢- بە بۆچوونی ئەو فەیلەسووفە، مرۆڤ لە چەند هێز و توانایەک پێکهاتووە، هەر هێزە، ئۆرگان ئاسا، ئەرک و فەرمان و ماف و مەبەستی دیاریکراوی خۆی هەیە:

**یەکەم:** ژیر.

**دووەم:** ئەزموون و تاقیکردنەوە.

**سێیەم:** هێزی لەش.

**چوارەم:** خواست و ئارەزوو. ڕاز و نیاز(٣٠).

ئەو جۆرە پێکهاتەیەی مرۆڤ، ئەو هێزانەی هەیەتی و پێی بەخشراون دەبنە مایەی ئەوەی هەموو ڕووداو و قەوماو و دیاردەیەک لێک بداتەوە و بەدوای هۆکاریاندا بگەڕێ، ئینجا ئەو دیاردە- ئەنجامە پاساو بداتەوە. بەلای هۆبزەوە، بەو پێودانگە، دەکرێ دیاردەی پەیدابوون و دەرکەوتنی ئایین بە سێ هۆکار و چەند پاڵنەرێک لێک بدرێتەوە:

**یەکەم:** هەستی شت زانین بەگشتی و زانینی هۆکاری قەومانی شتەکە خۆی. ئایین ئەو هۆکارانەی ڕوون کردۆتەوە.

**دووەم:** مرۆڤ حەز دەکات دەستپێکی شت بزانێ، وەک پەیدابوونی گەردوون و ژیان. ئەم پرسیارانە لە ئایینیدا باس کراون.

**سێیەم:** دەویستری بزانرێ بۆچی ئەنجامی دیاریکراو لە هۆکاری دەستنیشان کراوەوە دەکەونەوە. لە ناخی دەروونی مرۆڤدا ئەو ئارەزووە هەیە سەرنجی ئەنجامی شت بدات(٣١) ئەمانەن بەگشتی هۆکاری پەیدابوونی ئایین لە دیدی هۆبزەوە!.

٣- کاتێک هۆبز باسی مرۆڤ دەکات لە هەڵوێستەکەیدا بە ئاشکرا جێ دەستی ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرانەی سەدەی حەڤدەی بەریتانیا بەسەر کۆمەڵگادا هاتووە، بەدەر دەکەوێ. ئەو هزرمەندە دڵێرانە هەموو ئەو کەلەبەر و نالەباری و کەموکورتییەی گۆڕانی هەلومەرجی کۆمەڵگای چینی دەرەبەگی (فیودالی) کشتوکاڵی بەرەو کۆمەڵگای بازێڕ و سنعات و سەرمایەداری تۆمارکردووە و چۆن لە بنەماکانی بابەتی ئاکار و دابونەریت و لاوازبوونی کۆن و بێ توانایی نوێ کە نەیتوانیوە بە تەواوەتی جێگای ئەوی پێشتر بگرێتەوە بەرجەستە بووە، نیشانی داوە، ئەو ڕەوشە، بە بۆچوونی هۆبز، لە توندوتیژی نێو ئەندامانی کۆمەڵگا بەرانبەر بە یەکتری و چاوتێرنەبوون و ڕژدی و چاوبەستەکێ و بێ دادی و زۆر و جەوردا بەرچاودەکەوێ کە مرۆڤ بەرانبەر بە یەکدی دەیکەن.

هەموو مرۆڤێک لە جیهاندا سروشت ئاسا لە ناخی خۆیدا ئەو مەیل و هەست و ئارەزووەی هەیە دەسەڵاتداربێت و کەسانی تر بکاتە ژێردەستەی خۆی. خۆ ئەگەر هاتو مرۆڤ توندوتیژی و چاوبەستەکێ و فرتوفێڵی دژی کەسانی تر کرد و بەکارهێنا لەوەوەیە بڕوای بە وانی دیکە نییە و لێیان دەترسێ و خۆشی لە ناخی خۆیدا هەست دەکات لاواز و بێ دەسەڵاتە و دەستی ناڕوات، ئەو ڕەوشەی بە پەنابردنەبەر توندوتیژی پەردەپۆش دەکات، بۆیە سەیر نییە ئەگەر جەنگێکی نادیار و شاردراوەی بەردەوام لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا هەبێ(٣٢). مرۆڤ کە دەچێتە سەر پرسەی مردوو، خەمبار دەبێ، پەرۆشی مردووەکەی نییە، بەڵکو پەرۆشی خۆیەتی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەویش تووشی هەمان چارەنووس دەبێ و مردن یەخەی دەگرێ!. گومان سەرمەشقی ژیانە! هەموومان دەزانین کە دزی بەدکارییە و بەپێچەوانەی ئاکارەوەیە، پاسەوانیش هەیە پارێزگاری سەروماڵ و موڵکمان دەکات، کەچی کە چووینە ژوورەوە دەرگاکە توند دادەخەین!. ئەمەیە خۆویستی کە هۆبز داکۆکی لێ کردووە. لە مرۆڤدا بەپێی ئەو جیهاندیدە کە لە ناخی مرۆڤدا بە سروشت سێ هۆکاری پاڵنەر هەیە هانی دەدەن بڕوای بە کەس نەبێ و هەمیشە ململانێ-ئاشکرا، یان شاردراوە، لەگەڵ کەسانی دیکەدا، لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگاکەیدا بکات و بەچاوی لێ ترسان و سڵ و پارێزەوە تەماشایان بکات:

**یەکەم:** ڕکەبەریکردنی کەسانی دیکە.

**دووەم:** گومان و بێ ئەمانی و دڵنیایی نەبوون.

**سێیەم:** بەدەستهێنانی ناوو ناوبانگ و پلەوپایە.!(٣٣).

مرۆڤ هەمیشە لەو جێگایەیە کە سوود و قازانجی لێبەتی، سەرگەرمی مانەوە و پاراستنی ژیانیەتی کە لە کولتووردا بە «هۆکاری پاڵنەری سروشتی مانەوە» ناسراوە، بۆیە ئاساییە کە ژیری خۆی بەکاربهێنی و بەو جۆرە کاربکات و بڕیار بدات کە بۆ درێژەدان بە ژیان و مانەوەکەی سوودبەخش بن و خۆشی و چێژیان لێ بکەوێتەوە. ئەوەیە جیهاندیدی ئاکاری هۆبز: مرۆڤ بە سروشت خۆپەرستە، چاوی تێر نابێ، بەدوای سوود و قازانجی تایبەتی خۆیدا دەگەڕێ، گورگیشە لە پێستی مەڕدا.

## ژان ژاک ڕۆسۆ

١- ئەگەرچی ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨ز) کەمتر بەلای فەلسەفەدایە، بەڵام لە بابەتی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و ئاکاردا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە. بەپێچەوانەی فەیلەسووف و ریفۆرمیستەکانی پێشووترەوە، جۆرە گەشبینییەک لە جیهاندیدەکەیدا دەردەکەوێ، بە تایبەتی لە هەڵوێستیدا بەرانبەر بە مرۆڤی دواڕۆژ. بەپێی سەرچاوەکان ئەو گوتوویەتی: مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت، بەڵام دواتر لە کۆمەڵگا کۆت و پێوەند دەکرێ و ئازادییەکەی لە دەست دەدات.(٣٤) ئەو بۆچوونە کە خۆی لە خۆیدا بڕیارێکی ئازا و دلێرانەیە، بە تایبەتی کە بە پێچەوانەی دیدی فەرمی کڵێسەی مەسیحییە کە گوایە لە سەردەمی ئادەمەوە مرۆڤ گوناحبارە و ئازادی خۆی لە دەست داوە. ئەگەر مرۆڤ بە ئازادی لە دایک بووبێ، ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیدا بە هیچ لایەکدا نەچووە، نە بەدکار و نە چاکەکار، بەڵام پەروەردە، خێزان، دابونەریت، پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگا ڕەنگی کەسایەتی مرۆڤ بە چاکی، یان بە ناحەزی و بەدی دەڕێژن و ئەو کەسەی لێ دەردەچێ کە خوازراوە و بەپێی ڕەوش و هەلومەرجی لە ئارادابوو بێتەوە و بگونجێ و بەدڵی کڵێسە بێت. ئەوەیە مەبەستی ڕۆسۆ کە باسی دوو جۆرە مرۆڤی کردووە:

**یەکەم:** مرۆڤی دەستکردی کۆمەڵگاو دابونەریت و سیاسەت و ئایین، ئەو مرۆڤە کەسایەتی خۆی لە دەست داوە و بووە بە ئامراز خزمەتی بەرژەوەندی و سوود و قازانجی ڕەوش و هەلومەرجی دەستبەکاری لە ئارادا بوودا دەکات. ئەو جۆرەی کەسایەتی مرۆڤ، ئەو قسەیە پشت ڕاست دەکاتەوە گوایە ئازادی مرۆڤ مایەی بەدبەختی و بەدکاری و ئاکاری ناڕەوایە! ئەمە ئەو دروشمە بووە کە کڵێسەی مەسیحی و سیستەمی زەبروزەنگی کاربەدەستی ئەوسای دەرەبەگایەتی (فیودالیزم)ی ئەورووپا کاری پێ کردووە. گریمان ئەو قسەیەی کڵێسە ڕاستە، ئەو پرسیارەی بەبیردا دێت ئەوەیە: ئەگەر ئازادی نەبێت، چۆن مرۆڤی عیسایی (مەسیحی) دەتوانێ بچێتە ژێر باری گوناح و هەڵەکانییەوە و چۆن دەتوانێ باری لاربووی سەرشانی ڕاست بکاتەوە؟!

**دووەم:** مرۆڤی سروشتی(٣٥): ئەو کەسەیە کە دەستی

نالەباری دابونەریت و کڵێسە و دۆگماکانی نەیگەیشتوونێ، توندوتۆڵ پابەندی سروشتە، پەیڕەوی ئازادی خودی خۆی و ویژدان و هەست و سۆز و ژیری خۆی دەکات. هەست و سۆز و خواستی ئاکارییانە بە پێچەوانەی ژیرەوە نین، بەڵکو ئامرازی سروشتین پاڵپشتی ژیرن بۆ باوەڕهێنان بە یەکڕەنگی ڕێک و پێکی سروشت!.

٢- بە پێچەوانەی ڕابەرانی تری ڕێبازی ڕۆشنگەری فەڕەنساوە، ڕۆسۆ جگە لە ژیر هەست و سۆز و پاڵنەرە زگماکییە سروشتییەکانی مرۆڤی بە کەم دانەناوە، چونکە ڕۆڵیان لە هی ژیر کەمتر نییە. سروشتیش خۆی لە خۆیدا گۆڕەپانی ململانێی جەنگی مرۆڤ لە دژی مرۆڤ نییە، بەڵکو ڕەوشێکی دڵڕفێنی ڕاستەقینە بەرجەستە دەکات. کێشە و ناکۆکی لەو ڕۆژەوە لە سروشتدا، لە کۆمەڵگادا پەیدابوون کە موڵکداریەتی تایبەتی هاتووەتە کایەوە، یەکەم کەس، بەلای ڕۆسۆوە- کە پارچە زەوییەکی زەوت کردووە، گوتوویەتی: ئەوە موڵکی منە و کەسانی سادە و ساکار بڕوایان پێ کردووە، ئا لەو ساتەوە کۆمەڵگای بۆرژوازی، جەنگ، تاوان، هەژاری و بەدبەختی بە دەرکەوتوون(٣٦). لێرەوە بەلای ئەو ڕۆشنگەرە فەڕەنساییەوە پێویستە لە فەلسەفەدا هەردوو ڕێبازی ژیر و ئەزموون یەک بگرن و ئامرازێکی شیاوی ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بن لەپێناوی گۆڕینی ڕەوش و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و هزری کۆمەڵگادا.

- ڕۆسۆ وای بۆچووە کە کردار و بیروهزری زگماکی ئەکارییانە ناکرێ بەد بێ و بە پێچەوانەی سروشتەوە بێت. لە هەمان کاتدا لە ڕەوشی سروشتی ئاساییدا خواستی تاک و خواستی گشتی دژی یەکتر نین، بەڵکو پێکەوە دێنەوە، هەر لەو پێکەوەگونجانەشەوە «گرێ بەستی کۆمەڵایەتی» پەیدا بووە. ئەو تیوریە بنەمای دەسەڵاتی سیاسییە لە کۆمەڵگادا. هەر بەو پێیە تاکەکانی کۆمەڵگا لە ڕەوشی سیاسیدا پابەند و ملکەچی خواستی سەرتاپاگیری گشتی دەبن، ئەو پێوەندییە خزمەتی سوود و قازانجی گشتی کۆمەڵگا دەکات و لەگەڵ سوود و قازانجی تایبەتیدا ناکۆک نییە و دەگونجێ، چونکە هیچ جۆرە ناتەبایییەک لە دۆخی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا، لەنێوان ئازادی گشتی و ئازادی تایبەتی تاکەکاندا نابێت. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەربارەی ئەو جیهاندیدەی ڕۆسۆ بەبیردا دێت، ئەوەیە، ئایا ئەو ملکەچییە جۆرە دەستبەرداربوونی ئازادی تاکەکەسی ناگەیەنێ؟ ئەگەر ئەو ڕەوشە بەند و کۆیلایەتییەکی بە خواست و ئارەزوو نەبێ، دەبێ چی بێت؟!

بەلای ڕۆسۆوە ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییە دوورە لە بەند و کۆیلایەتی، چونکە ئارامی و ئاسایش و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کۆمەڵگا پێویستیان بەو جۆرە هاوکارییەی ئەندامانی هەیە. ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییە، بەلای ڕۆسۆوە هیچ جۆرە بەسەردا سەپاندن و تۆبزی و ناچارکردنی تێدا نییە، بەڵکو بەشداریکردن و هاوکارییەکی ئازادانەیە کە مرۆڤ بە ویستی خۆی و بەخواستی ئازادانە هەڵیدەبژێرێ و بڕیار دەدات. لێرەدا مرۆڤ سەرپشکە، بەڵام سوود و قازانج و خواستی گشتی ئەم ڕەوشە پێویست دەکات. ڕاستە تاک لەگەڵ تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگادا بە هۆی گرێبەستەوە یەک دەگرێ، بەڵام ئەو یەکگرتنە لە ئازادی تاکەکەسی کاڵ ناکاتەوە، بەڵکو لەو گرێبەستە- پێکەوە ژیانەوە موڵک و ماڵ و سەر و ئازادی گشت لەلایەک دەپارێزرێ و تاکیش دەبێ بە بەشێکی گرینگ و جیانەبووەوە لە کۆی گشتی کۆمەڵگادا. پاراستنی بوون و خواستی گشتی کۆمەڵگا لە هەمان کاتدا پاراستنی بوون و خواستی تاکەکان یەکەیەکە بەرجەستە دەکات. ئەو گرێبەستە پێداویستییەکە لەوەوە کەوتۆتەوە کە خەڵک بە تاک و کۆوە دەبێ و ناچارن لە پێناوی سوود و قازانجی خۆیان و گشتیدا هاوکاری بکەن.

## ڕێبازەکانی فەلسەفەی ئاکار

١- لە ڕێبازەکانی فەلسەفەی ئاکاری نوێدا چەند پرسیار و بابەتێک سەرنج ڕادەکێشن. جۆری داڕشتنی پرسیارەکان و ئەو وەڵامانەی دراونەتەوە تاڕادەیەکی بەرچاو جیاوازی نێوان ڕێبازەکان بەرجەستە دەکەن. ئەگەر ئەو جیاوازییە کارەکتەر و کەسایەتی تایبەتی هەر ڕێبازێک بەدەربخات، ئەوە لە هەمان کاتدا بە پێزیی خامەی ئەو بیرمەندانە ساغ دەکاتەوە کە بە تێروتەسەلی، هەریەکە لەلای خۆیەوە، لە ڕوانگەی جیاوازەوە بابەتەکانیان شەن و کەو کردووە و یەکلاییان کردوونەتەوە.

- هەموو چالاکییەک ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی خۆی هەیە، ئەو مەبەستە دەکرێ ئامرازێک بێ بەرەو مەبەستێکی دیکە، یان خۆی لە خۆیدا دوا مەبەست دەبێ. کەوابوو دەبێ مەبەستی سەرەکی ژیان کە هیچ مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە نەبێ چی بێت؟!

لەو ڕۆژەوە بابەتی ئاکار پەیدا بووە، لە چوارچێوەی جیهاندیدەکەیدا پێ لەسەر دوو چەمک داگیراوە:

- چەمکی چێژ.
- چەمکی بەختەوەری.

ڕاستە هەموو ئەندامێکی لەشی مرۆڤ لە ئەنجامدانی چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا هەست بە چێژ و خۆشییەک دەکات، تەنانەت دیتنی ئەو بابەتانەش کە چاوەڕێ ناکرێن لە خۆیاندا هەستێکی ڕازی بوون بەرپا دەبێت، بەڵام ئەو چێژتن و هەست کردنە بە خۆشی بەردەوام نابێت و هەندێک جار ئێشوئازاریان بەدوادا دێت، بۆیە ناکرێ چێژ و خۆشی دوا ئامانجی ژیان بن.

کەوابوو دوا ئامانج شتێکی ترە، ئەو شتە لە بەختەوەری بەولاوە نییە، بەڵام بەختەوەری خۆی لەخۆیدا چییە؟ ئایا ئەو بەختەوەرییە ڕەوشێکی دەروونییە، یان قۆناغێکە لە ژیاندا مرۆڤ پێی دەگات، یان شتێکی دیکەیە؟! تا چ ڕادەیەک ئەو بەختەوەرییە پێوەندی بە چێژ و خۆشی و ئێشوئازارەوە هەیە؟ بە واتایەکی دیکە کامیان دەستەبەری بەختەوەرییەکە دەبن پەنابردنە بە چێژ و خۆشی، یان کۆنترۆڵکردنی هەست و سۆزی ناخ و ئەوەندەی بکرێ خۆ لەچێژ بە دوور بگیرێ و بەربەستی ئێشوئازار بکرێت؟! دەبێ چاکەکاری و بەدکاری لەو ڕەوشەدا چ ڕۆڵێکیان بەربکەوێ؟

٢- سەرەڕای ئەو پرسیارانە کە بە شێوازی جیاواز هەوڵی وەڵامدانەوەیان دراوە، لە ڕێبازەکانی ئاکاری سەردەمدا، دوو بابەت لە یەکتری جیاکراونەوە و بایەخیان پێ دراوە، ئینجا ئەنجامی ئەو دوو بابەتە جیاوازە، بۆتە مایەی دەستنیشان کردنی ئامانجی سەرەکی ژیان- ئاکار:

**یەکەم:** لە چوارچێوەی بابەتی ئاکاردا دوو جۆرە کردار هەیە کە دەبنە کەرەسەی توێژینەوە:

- کردارێک کە بەهۆی پاڵنەرێکی سروشتی بە خواست و ئارەزووی بێگەردەوە کەوتبێتەوە و کرابێ.
- کردارێک بەپێی یاسا و بنەماکانی باو پەیڕەوکراوی ئاکار کرابێ.

**دووەم:** بڕیار و هەڵسەنگاندنی ئاکارییانەی کردار دوو جۆرە:

- دەرەکی: پشت بە باوەڕ و بنەماکانی ئایین، دابونەریتی کۆمەڵایەتی دەبەستێ ئەو دووانەش جۆرە دەسەڵاتێکی دەرەکین لەودیو خودی مرۆڤەوەن.
- ناوەکی: ویژدان مرۆڤ خۆیەتی، ئەو ڕۆڵی بڕیاردان و هەڵسەنگاندنەکە دەگێڕێ.
- هەر لەسەردەمی سۆفستاییەکانەوە کێشەیەک ڕووبەڕووی ڕابەرانی بابەتی ئاکار بۆتەوە خۆی لە هەردوو ئاراستەی ڕێژەیی و ڕەهادا بەرجەستە کردووە:

ئایا ئەو بنەمایانەی هەڵسەنگاندنی کردار بە ئارێ- نارێ، دانانی بە چاکە، یان بەدکار، پێویستە چ سروشتێکیان هەبێ؟ ڕێژەیی بن لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و لە کات و جێگا و قۆناغێکەوە بۆ هی تر بگۆڕێن و جیاوازبن، یان سروشتێکی ڕەهایان هەبێ و دەستی گۆڕان بە هیچ شێوە و شێوازێک نەیانگاتێ؟! ئایا دیاریکردنی دوا ئامانج بە چێژ و خۆشی، یان دانانی بەختەوەری بە دوا ئامانجی ژیان و بابەتی سەرەکی ڕێبازی ئاکار لەو ڕەوشەدا ڕۆڵێکی یەکلایی کردنەوەی دەبێ؟ ئایا جیاوازی جیهاندیدی ڕێبازە ئاکارییەکان لە چییەوە کەوتۆتەوە و چۆن لێک دەدرێتەوە؟

- بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەو بارەیەوە نووسراون و لەبەردەستدان، پێنج ڕێبازی فەلسەفەی ئاکار لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا جیا و سەربەخۆ دەست بەکارن:

**یەکەم:** ڕێبازی چێژتن و خۆشی Hedonism

**دووەم:** ڕێبازی بەختەوەری. Eudaemonism

**سێیەم:** ڕێبازی ئەرک و فرمان (ئیمانوێیل کانت) Kant

**چوارەم:** ڕێبازی سوود و قازانج. (بێنتام) Bentham

**پێنجەم:** ڕێبازی ویژدان. (بەتلەر) Butler

- ئەگەر ئەو ڕێبازانە لە سۆنگەی جیاوازەوە سەرنجی دوا ئەنجامی کرداری ئاکاری ژیانی مرۆڤیان دابێ، ئەوە هەموویان لە بیروبۆچوونیاندا لە بارەی دیاردەکانی ئاکارەوە کۆک و تەبان. ئەو دیاردانە کەرەسەی سەرەکی توێژینەوەی ئاکاریی ئەو لقەی فەلسەفەن. ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشەوە، ئەوەیە: ئەو تایبەتمەندییانە کامانەن کە کارەکتەری ئەو جۆرە دیاردانە دیار و دەستنیشان

دەکەن و لە دیاردەکانی تری بابەتی سۆسیۆلۆژی و ئایین جیایان دەکەنەوە؟ ئایا بەو جۆرە قسەکردن لە دیاردە ئاکارییەکان کاڵ کردنەوەی بنەمای ڕێژەیی نییە؟ دەکرێ بەو ڕەهاییە باسی ئەو دیاردە جۆر بە جۆرانە بکرێت؟

دیاردەی ئاکاری لە خۆیدا بە هەردوو بەهای چاکەکاری و بەدکارییەوە جۆرێکە لە کردار و ڕەفتاری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ. ئەو پێناسەیە لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە لەو کایەیەدا هەردوو کارکردەی کات و جێگا کاریگەری خۆیان لە دەست نادەن. ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە بنەماکانی ئاکارەوە هەیە لە سەرانسەری مێژوودا دوو قۆناغ نابینرێ و نەبووە و ناشبێ، تەنانەت لە یەک کۆمەڵگاشدا کە لە هەموو شتێکدا دیاردەکانی ئاکار وەک یەک بووبن و بە یەک چاو تەماشا کرابن و بە یەک پێوەر هەڵسەنگێنرابن. ئەگەر لە سەردەمێکدا ئاش برین ئازایەتی بوو بێ، دواتر بە جۆرێک لە کاری ناحەزی «دزی» دانراوە. ئەو دیاردەیەش بە پێچەوانەی بنەماکانی ئاکارەوەیە و شایستەی سزایە!

دیاردەی ئاکاری بەچاک و بەدەوە دیاردەیەکە خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە لە چوارچێوەی کۆمەڵگا و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرهەڵدەدات و پێدەگات، بەڵام پێش ئەوەی کۆمەڵگا بورووژێنێ بە ئارێ، یان نارێ کار لە ناخی دەروون و وێژدان دەکات و دەیبزوێنێ و دوور نییە ببێتە مایەی کردارێکی دیاریکراو.

دیاردەی ئاکار و ئەو کارەی لە ناخی دەروون و ویژداندا دەیکات لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و کولتوور و شارستانییەتدا لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا دێت کە دوور نییە ڕۆڵی ئایین لاواز بکات. لە کۆمەڵگای مودێرندا کە زانست سەرمەشقە و تەکنۆلۆژی پێداویستییە سەرەکییەکانی شارستانی دەستەبەر دەبێ و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری باڵادەستن، بۆ نموونە، لەو ڕەوشەدا مرۆڤ کاری نارەوا ناکات نەک لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی بنەما و ڕێسا و دۆگمەکانی باوەڕ و ئایینەوەیە و لەو دنیای تردا سزای بەدوادا دێ، هەروەها ترسی پۆلیس و دادگاشی لەبەرچاو نییە، بەڵکو ویژدانی خۆی ڕێگای نادات ئەو کارە بکات! دەبێ چاکەکارییەک (خێر) کە بۆ ڕازی کردنی هێزێکی سەروو سروشتی کرابێ و بەدکارییەک لە ترسی ئاگری دۆزەخ نەکرابێ چ بە هایەکی ئاکارییان هەبێ؟! چاکەکاری لەخۆیدا کە ئامانج بێ و بەدکاری لەخۆیدا کە شتێکی نەخوازراو بێ، بەبێ چاوەڕێ کردنی پاداشت و سزا، دەخرێنە خانەی دیاردەکانی ئاکارەوە، ئایا ئەو بڕیارە ئەوە ناگەیەنێ کە ئایین بە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەڵگاوە بەند بکات؟! باشە لەو بارودۆخەدا خواستی ئازادی چاکەخواز چ ڕۆڵێکی بەردەکەوێ و دەخرێتە نێو چ خانەیەکەوە؟!

## ڕێبازی چێژ و خۆشی

وشەی چێژ لە جیاتی وشەی (ئەل لەزە)ی عەرەبی و Lust ئەڵەمانی بەکارهاتووە، بەرانبەرەکەشی ئازارە لە جیاتی وشەی ئەڵەمانی Schmerz دانراوە. گەڕان بەدوای چێژ و خۆشی و خۆ پاراستن لە ئێشوئازار دیاردەیەکی بنەڕەتی ڕاستەوخۆی ژیانە و دوا ئامانجی پێوەندییە کردەکییە پراکتیکییەکانە، بۆیە شتێکی ئاساییە کە چێژ و ئازار لەگەڵ هەردوو چەمکی چاکەکاری و بەدکاری بەرانبەر یەکتری دانرابن و خرابنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە. ئەگەر هەردوو چەمکی چاکەکاری و بەدکاری لە چێژ و ئازار دابڕێن، دەبێ چ واتا و ناوەرۆکێکیان پێ بمێنێ، ئەگەر نەبن بە دوو چەمکی کوێری نابینای پووچ، هەموو شتێک لەو دنیایەدا، هزر و بیرکردنەوە، تەنانەت زانست خۆی ئەگەر دەستەبەری چێژتن و لەززەت و خێروخۆشی نەبن(٣٧) دەبێ چ بایەخێکیان هەبێ؟ لێرەدا چاکەکاری و بەدکاری بە واتا ئاکاری و ئایینییەکەیەوە بەرانبەر بە هەردوو چەمکی چێژ و ئازار دانراون، چونکە چاکەکاری جۆرە خۆشییەک بە دڵ و دەروون دەدات و بەدکاریش (شر) دەبێتە مایەی ئەوەی بکەرەکە ترس دایبگرێ و هەست بە ئێشوئازار بکات.

ئەو بۆچوونە هەر لە سەردەمی فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانەوە باو بووە و سوکرات لە کایەی تێکەڵ کردنی بابەتی زانین و ئاکاردا وای داناوە کە زانینی چاکەکارییە و چێژ و خۆشییەک دەبەخشێ و بەدکاریش نەزانینە و ئازار بەخشە!

ڕێبازی چێژ کە بەلاتینی بە (Hedonic) ناودەبرێ چەندین کێشە دەورووژێنێ کە ڕووبەڕووی ئەگەر و پرسیار دەبێتەوە. ئایا چێژ خۆی لەخۆیدا ئامانجێکە، یان دوا ئامانجە؟ ئایا ئەو ئامانجە هەستە کە مرۆڤ ناتوانێ

شی بکاتەوە و شتـێکی ئەوتۆی لە بارەیەوە بڵێ، یان نا؟ جاری وا هەیە چێژ و خۆشی بە ئێشوئازار کۆتایی دێت، واش ڕێک دەکەوێ کـە هەندێک ئازار خـۆشی و هەسـتی چێـژتنی بەدوادا دێ. ئایا ئەو ڕەوشـە نابێـتـە مـایەی ئەوەی کـە چێــژتن بە ئامــراز دابنرێ و بەرەو ئامانجێکی تر و خۆی لەخۆیدا ئامانج نەبێ؟

ئەگەر چێژ خۆی چاکەکاری بێت و جۆرێک لە هەستی دەروونی مـرۆڤ بێ کـە ناکـرێ پێناسـە بکرێت، چونکە بابەتێکی خـودی ناخی مـرۆڤـە، ئەوە لە هەمـان کـاتدا تاقیکردنەوەیەکی ڕەهای زیندووە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێ و چاکـەکـاری و بەدکـارییـەکـەی بابەت و کـەرەسـەیەکی لەخـۆیدا سـەربەخـۆن و جـیـان و بەبێ گـوێدانە هۆکـاری وروژاندن و سـەرچاوەکانیان چێژ هەر چێژە و ئازاریش هەر ئازارە، لێرەوە لە کـایەی دەروونزانی دەچنە دەرەوە و دەچنەوە نێو جیهانی ئاکارەوە.

ڕێبازی چێژتن دەکرێ بە دوو بەشەوە:

**یەکەم:** چێژی خودی تایبـەتی: بەپێی ئەو ئاراسـتـەیە هەڵسـەنگاندنی کردار بە چاکەکاری و بەدکاری، بەڕاست و چەوت، دەبێ پشت بە بکەرەکەی و پشت بەوە ببەستێ چەنـدە چێــژ و خــۆشی، چەندە ئێش و ئازار بە کــەســە بکەرەکە(٣٨) دەگەیەنێ.

**دووەم:** چێـژی گشـتی کـۆمـەڵایەتی: لێـرەدا دەگـوترێ، دەبێ بەو جـۆرە کـردارێک هەڵبـسـەنگێنرێ، ئایا تا چ ڕادەیەک و چەند بایەخی بۆ کۆی ئەو کەسانەوە هەیە کە کــاریان تێـدەکـات، ڕادەی ئەو چێــژ و خــۆشی و ئازارە چەندە کە بە هەر تاکێکی تێکڕای ئەو کۆمەڵەی کردارەکە پێـوەندی پێــیـــانەوە هەیە، دەیانگرێتــەوە. ئەو دوو ئاراسـتـەیەی ڕێبـازی چێژ دەکـرێ بەرانبـەر بە سـوود و قـازانجی تایبەتی و گشتی، بەرانبـەر تاک و کۆی خەڵـک دابنرێت.

لاری لەوە نیـیـە کـە هەمـوو کـردار و چالاکـیـیـەکی ئامانجەکی سەرکەوتوو چێژ و خۆشییەکی لێدەکەوێتەوە و بکەرەکـەی هەسـتی پێ دەکـات، بەڵام چاکـترین چێـژ و خۆشی ئەوەیە کـەمـتر ئازاری بەدوادا بێت، یان هەر بێ ئێشـوئازار و وەی بێت. باشـترین ژیانیش، بەپێی ئەو ڕێبازە و ئەو پێوەرەی دایناوە، ئەوەیە کە ئەوەندەی بکرێ پێداویستییەکانی کەم بکرێنەوە دووربێ و بە دەر بێ لە سەریەشە و کوێرەوەری و نەداریی و هەڵچوونی دەروونی و دەمارگیران!

## ڕێبازی بەختەوەری

١- ڕێبـازێکە لە ڕێبـازە سـەرەکـیـیـەکـانی فـەلسـەفـە بەگـشـتی و هی ئاکـار بە تایبـەتی. خـۆی لەخـۆیدا ئەنجـامێکە لە ڕەخنەکردنی ڕێبازی چێژ کـەوتۆتەوە، بەو پێـیـەی ناکرێ چێـژ و ئازار دوا ئامـانجی کـردار و ژیانی مرۆڤ بن، چونکە کاتین و بەردەوام نابن و لە چوارچێوەی هەست و هەندەکی ناچنە دەرەوە، بەڵام بەخـتـــەوەری لەخۆیدا هەمەکی گشتییە و پەیوەست نییە بە هەستێکی تایبـەتیـیـەوە. ئەگـەر چێـژ دوا ئەنجـام بایە، نەدەبوو ئێـشـوئازاری بەدوادا هاتبـایە. هەندێک جـار لە دوای ئێشوئازارەوە جۆرە هەستی خۆشی و چێژتن دەکەوێتەوە، بۆیە دەبێ ئامـانجی کـرداری ژیان شـتێکی تری ئەو لای چێژ و ئازار بێت.

ئەگـەر سـەرنجی سروشـتی مـرۆڤ بدرێت، دەبینرێ کـە هەست و ســۆز و هەڵـچـــوون و هزر و ژیر و کــــردار تایبـەتمەندییەکەی بەرجەستە دەکەن. ئەوی بابەتی ئاکارە کرداره لە ژیاندا، ئەو کردارانە لەلای خۆیانەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە:

**یەکەم:** کرداری ئاساییە کە هاندەرەکەی مەیل و سۆز و هەڵچـوونە بەبێ ئەوەی گـوێ بداتە ئەو دابونەریتـانەی لە کۆمـەڵگادا باون و بەبێ ئەوەی یاسا بە هەند بزانێ. ئەم کردارە بابەتی ئاکار نییە.

**دووەم:** ئەو کـردارەی کـە دەبێ مـرۆڤ بەپێی بنەمـای پابەند بوونی ئاکـارییـەوە بیکات، ئیـتـر ئەو کـردارە مەبەستی بە دەستهێنانی خێر و خۆشی و چێژ بێ، یان خۆ پاراستن و بەدوور بوون بێ لە ئێشوئازار، یان نیازی مەبەست و ئامانجێکی دیکە بووبێ کە خێر و خۆشی و چێـژێکی تایبـەتی درێژخـایەنی بۆ دابین بکات لێـرەوە بابەتی ئاکار پەیدا Pleasure دەبێ. ئەو ئامـانجـەش لە بەختەوەری بەولاوە شتێکی دیکە نییە و نابێ.

٢- ڕاستە کە هیچ ئەگەر و گومان هەڵناگرێ کە هەموو کـەسـێک، هەمـوو مـرۆڤـێک چەندین سـۆز و ئارەزوو و ئاوات و ئامــانجی هەیە، هەمـــیـشـــەش کـۆشــشی بەدیهـێنانیــان دەکــات، ئەمــەش لەخـۆیدا مــەیلێکە سروشتییە و لە ئاکاردا بە «گەڕان بەدوای بەختەوەری»دا ناودەبرێت. بەخـتـەوەری کـە دوا ئامـانجی کـرداری ژیانە

ڕۆڵێکی گەورە و گرینگ لە ژیانی ئاکاری مرۆڤدا دەگێڕێ، چونکە خۆی لەخۆیدا بەهایەکی باڵا و بەرزە و ئەوپەڕی چاکەکارییە. مرۆڤی بەختەوەر هەمیشە چاکەکارە و مرۆڤی کلۆڵیش لەو بەهرەیە بێ بەشە. ئایا ئەو بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێ کە خواستی چاکەخوازی مرۆڤ هەمیشە سەرگەرمی ئەو بەهایانەیە کە شکۆمەندی هەندێک جۆری کرداری مرۆڤ پشت ڕاست دەکەنەوە و لەخۆشیاندا تاکە ئامانجیان بەختەوەرییە؟!

خواستی چاکەخواز جۆرێکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێست، کە ڕۆژانە مرۆڤ دووچاری دەبێ، بەڵام کێشەکە لێرەدا بە جۆرێکی تر دەشکێتەوە، ئایا مرۆڤ خۆی و ئینجا خواستەکەی ئازادن؟ وەڵامەکە بەهەر جۆرێک بێت، ناکرێ مرۆڤ لەو هەستە بەرزە کە ئاواتی هەمووانە، لە بەختەوەری داببڕێ و ئەو بەختەوەرییەش لەخۆیدا ئامانجە و ئامرازی بەدیهێنانی ڕەوشێکی دیکە نییە، چونکە خۆی بەهایەکی بڵند و بەرزە، بەهایەکی ئاکارییە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە تاکە مرۆڤەوە نییە، بەڵکو توندوتۆڵ بە پرۆسەی بەدەستهێنانی چاکە و چاکەکارییەوە بەندە، بەهایەکە لە ڕەوشێکی دەروونیدا بەدەست دێت، هەستی پێدەکرێ. بەوپێیە بەختەوەری هەڵکەوتێکی گشتییە، چونکە ناکرێ تاکەکەسێک بکرێت بە هۆکاری بەختەوەری خەڵک، خۆی لە خۆیدا بە کۆمەڵە بەهایەکەوە بەندە هەر لە بەهاو چاکەکارییە ئاکارییە گیانییەکانەوە تاوەکو چاکەکارییە دەرەکییەکان(٣٩) جارێکی دیکە لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەداتەوە و بێ پسانەوە چاوەڕێی وەڵام دەکات:

– دەکرێ بەختەوەریی وەک پارە و ماڵی دنیا و خۆشەویستی ببێ بە بابەتێکی سەربەخۆ و مرۆڤ کۆششی پێگەیشتن و بەدەستهێنانی بکات؟! ئەو وەڵامە وا بە ئاسانی نادرێتەوە، چونکە لەلایەکەوە بەختەوەری بە ئەنجام دادەنێ کە دوای کۆشش و چالاکی بەبێ ئەوەی بکرێ کات و شوێنی دەرکەوتنی دیاری بکرێ پەیدا دەبێ، لەلایەکی دیکەوە ئەوە گریمانە دەکات کە ئەو بەختەوەرییە ڕەوشە بەر لەوەی هەڵکەوت بێت، جارێکی تر بابەتەکە بەو پرسیارە باری گران دەبێتەوە: ئایا دەکرێ بەهۆی کردار و بەهاو و پێوەر، ڕەوشێک پەیدا ببێ؟!

**ڕێبازی ئەرک و فرمان**

١- ئیمانوییل کانت (١٧٢٤- ١٨٠٤ز) بەرابەر و دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ڕێبازی ئەرک و فرمان دادەنرێت. لە دوو شاکاری:

– ڕەخنەکردنی ژیری پراکتیکی ساڵی ١٧٨٨ز.

– دانانی بنەماکانی میتافیزیکی ئاکار ساڵی ١٧٨٥ز. ڕەنگی ئەو جیهاندیدەی ئاکاری ڕشتووە کە تێیدا بنەماکانی ئاکار و کرداری مرۆڤی کردووە بە کەرەسەی توێژینەوە و فرمانی ئاکارییانەی تاووتو کردووە و لایەکی لە فرمانی گریمانەیی و فرمانی ڕەهای ئاکاری کردۆتەوە؛ کەوابوو تایبەتمەندی ئەو ڕێبازە چییە؟ بەچی لە ڕێبازەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە؟

لەو ڕێبازەدا وەک لە بەرهەمە نووسراوەکانیدا دەردەکەوێ کانت لە سۆنگەی جیهاندیدە ترانسندێنتالییەکەیەوە سەرنجی بابەتی ئاکاری داوە و توندوتۆڵ بەتیوری زانین و میتافیزیکەکەیەوە پابەندی کردووە، بۆیە دەکرێ بگوترێ کە ڕابەری ئەو ڕێبازە، بابەتی سەرەکی ئاکار کە چاکەکارییە و لە کردارەوە دەکەوێتەوە، وەلا ناوە و لە جێگاکەیدا چەمک و بیرۆکەی ئەرک و فرمانی داناوە. ئەو جێگۆڕکێیەش دەبێتە مایەی ئەوەی خاوەنەکەی ناچار ببێ لە جیاتی ویژدان (ژیری کردەکی) وەک لەناوونیشانی شاکارەکەیدا هاتووە، دابنێ و جێگیری بکات.

ویژدان خۆی هەست کردنە بە پابەندبوون بە بنەماکانی ئاکارەوە، ئەو پابەند بوونە، ئەوە دیار و دەستنیشان دەکات دەبێ مرۆڤ چی بکات و چی نەکات و خۆی لە چ بپارێزێ و بەدوور بگرێ. ئەرک و فرمان لەلای خۆیانەوە لەوە بەولاوە شتێکی دیکە نین کە دەبێ کرداری مرۆڤ بەپێی قانوونی ئاکار بێت(٤٠) و ڕەفتاری مرۆڤ لەگەڵ ڕێساکانی ئاکاردا بێتەوە و تەبا بێت.

بەو پێیە ئەو جێگۆڕکێیەی کانت لەنێوان چەمکی بابەتی ئاکاردا کردوویەتی، ژیر جێگای ویژدان و ئەرک جێگای چاکەکاری بگرنەوە، ڕوخسار و کەرەسەیەکی تری بە ئاکار بەخشیوە، ئەو ئاکارە سەر ئاو کەوتووە بە ئاکاری ڕوخسارەکیش ناودەبرێ. ڕوخسارەکی لێرەدا بەو مانایەیە کە بابەتەکە پتر پۆشاک و کاڵای پەتی- ئەبستراکی پێ بەخشراوە.

٢- چۆن کانت ئەو گۆڕانەی کردووە و ئەو ئەنجامانە

چی بوون و کامانەن کە لێوەی کەوتوونەتەوە؟ هەتا چەند ئەو هەنگاوە لەنێو چوارچێوەی جیهانديدە ترانسندێنتاڵییەکەیدا جێگای بۆتەوە؟ لە دوو بۆنەدا کانت گوتوویەتی:

**یەکەم:** «دوو شت ناخی دەروونمیان هەژاندووە و بەوپەڕی ڕێزەوە پەسندم کردوون:
- ئاسمانی بە ئەستێرە ڕازاوە لەسەرمەوە.
- قانوونی ئاکار لە ناخی دەروونمدا.(٤١).

**دووەم:** هیچ شتێک لەوە ترسناکتر نییە لە ژیاندا:
- مرۆڤێک بە تۆبزی ناچار بکرێت بەپێی ئارەزوو و خواستی یەکێکی دیکە ڕەفتار بکات!.

لەو دوو خاڵەدا کانت قسەی لە بایەخی قانوونی ئاکار و ئازادی و مافی مرۆڤ لە ژیاندا کردووە. ئەوەش ڕاستییەکە گومان هەڵناگرێ کە ئاکار و ئازادی ناکرێ لە یەکتری دابـبرێن. بەبێ ئازادی و خواستی ئازاد ناکرێ باسی هیچ جۆرە ئۆباڵکێشانی کردار بکرێت و چوونە ژێر باری سزای بەدکاریی کاڵ دەبێتەوە. لەو قسەیەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە خواستی ئازادی مرۆڤ بنەمای بنەڕەتی ئاکارە. کانت گوتوویەتی:

لە سەرانسەری دنیا و لە دەوروپشتیدا شتێک نییە بەبێ چەند و چۆن و قەید و مەرج و بێ سنوور بە چاکە دابنرێت لە یەک شت بەولاوە ئەویش: خواستی چاکەخوازە(٤٢).

بۆ پاساودانی ئەو بڕیارە ئەو فەیلەسوفە وای بۆچووە کە چەندین توانایی و بەهرەی سروشتی هەن لە جۆری تێگەیشتن و ئاوات و هێزی بڕیاردانی دەستوبرد، سووربوون و پێداگرتن، ئەمانە گشتیان چاکە و پەسندن، بەڵام دەشێ ئەو بەهرە و توانستە هەمەجۆرانە ببن بە بەدکاری و زیان ببەخشن ئەگەر هاتو ئەو خواستەی ئەو بەهرانەی بەکاربردووە، خواستێکی چاکەخواز نەبووبێت! ئایا دەکرێ ئەو قسەیە وا لێک بدرێتەوە کە جۆرە پاشگەزبوونەوەیەک لە بەیەکەوە بەستنەوەی خواستی چاکەخوازی و بەختەوەری بێت کە لە خۆیدا ئامانجی سەرەکی ژیانە؟!

ئەگەر چاکەخوازی خۆی لەخۆیدا ئەو سروشتەی هەبێ، ناکرێ ببێ بە ئامراز لە پێناوی شتێکی دیکەدا، بۆیە ئەگەر لەگەڵ بەختەوەریدا یەک بخرێ، ئەو سروشتەی خۆی لە دەست دەدات و چاکەخواز نامێنێ، خواستی چاکەخوازی ئەوە نییە سوودبەخش بێ، یان ئەنجامێکی سوودبەخشی لێ بکەوێتەوە لە هەمان کاتدا بەپێی ئەو بۆچوونە ئەنجامی کارو کردار بەهیچ جۆرێک، لە ڕەوشی ئاکارییانەدا، سروشتی تایبەتمەندی ئاکارییانەی کارەکە دیار و دەستنیشان ناکات، چونکە هەر خواستێکی چاکەخواز ئەگەر هاتو بۆ سوود و قازانجی ئامانجێکی تایبەتی بەکاربهێنرێ، جا ئەو ئامانجە بەختەوەری بێت، یان شتێکی دیکە، خواستەکە بایەخە ڕەهاکەی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە ئامراز و هیچی تر لەخۆیدا ئامانج نامێنێ. ئەگەر دیندارێک لە ترسی ڕەبی عیسا بەدکاری نەکات و بۆ ڕازی کردنی ئەو ڕەببە چاکەکاری بکات، دەبێ لەو دوو ڕەوشەدا ئەو کارەی ئەو دیندارە چ بایەخ و بەهایەکی ئاکاریی هەبێ؟ ئایا ئەو کارە بە خواستی ئازاد کراوە، یان بە مەبەستی خۆبواردن لە سزا و بەدەستهێنانی پاداشت؟!

٣- قانوونی ئاکار بەلای کانتەوە لە فرمانی ڕەهای ئاکاری (Kategorische Imperativ) پێکدێت و ئەمەش دەکرێ بەدوو جۆرەوە:

**یەکەم:** فرمانی گرێمانەکراو. ئەو فرمانەیە کە پتر لە ئامۆژگاری کردەکی دەچێ، ڕاستەوخۆ پێوەندی بەجۆری بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانەوە هەیە بەبێ ئەوەی پێ لەسەر پابەند بوون دابگرێ.

**دووەم:** فرمانی ڕەهای ئاکاری(٤٣).

ئەو فرمانە شێوازی یاسایی هەیە و پوختە و گەوهەری بنەماکانی ئاکاری لێ پێکدێت، چونکە بەپێی خواستی ئازاد، ئەو ئەرکە دیار و دەستنیشان دەکات کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ژیر و مرۆڤی هوشیار بچێتە ژێر بارییەوە و بیگرێتە ئەستۆ بەبێ ئەوەی چاوەڕێی سزای بەدکاری و پاداشتی چاکەکارییەکەی بکات. فرمانی ڕەها کە خۆی کەرەسەی سەرەکی توێژینەوەی ئاکارە لە سێ بنەمای سەرەکی پێکهاتووە:

جیهاندیدی ئاکاری کانت بە ڕوخسارەکی ناو دەبرێ، چونکە بایەخ بە چۆنیەتی کردنی کردار دەدات و ئەنجامەکەی کە لێی دەکەوێتەوە، پشتگوێ دەخات و ئەو کارە ئاکارییە بە ئەرکی سەرشانی مرۆڤ دادەنێ.

کردارێک لە ڕوانگەی ئەو ئاکارە ڕوخسارییەوە چاک دەبێت ئەگەر لە هەست کردن بە ئەرک و فرمانی سەرشانەوە کەوتبێتەوە، ئەوکاتە ئەو کارە ڕێزلێنانی

قـانوونی ئاکـار بەرجـەسـتـە دەکـات. قـانوونەکـەش لەو بوارەدا لە سێ بنەماکە پێکهاتووە:

**بنەمای یەکەم:**

باکردارت بەپێی ئەو بنەمایە بێت کـە دەشێ لە هەمان کاتدا ببێ بە قانوونێکی هەمەکی گشتی.(٤٤)

ئەمـە ئەو بنەمـایەیە کـە ژێر لە بڕیاردانی کـردەکـیـدا مـەیلی جـێـبـەجێ کـردنی هەیە، خـواسـتی توندوتۆڵ بە کـردارەوە بەندبوو چاک دەبێ ئەگـەر توانایی بەدکـاری نەبێت.

ئەو بنەمایە خواست و قانوونی ئاکار دەخاتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە، لێرەوە دەکرێ، بە بۆچوونی کانت، مـرۆڤ لەو دەڤەرەدا هەنگاوێکی تر بـچێـتە پێشـەوە بۆ ئەوەی مـەرجـەکـانی دەسـتـبـەکـاربوونی ئەو خـواسـتـەی قـانوونی ئاکـار جێـبـەجێ دەکـات و فـرمـانی پێدەدات، دەستنیشان بکرێنەوە و هەربۆیە:

**بنەمای دووەم:**

باکـردارت بەپێی چەند بنەمـایەک بێت کـە لە هەمـان کـاتدا بتـوانن و بشێ خـۆیان بکەن بە بابەتی چەند قانوونێکی هەمەکی-گشتی سروشت(٤٥).

لەو بنەمایەدا ئەو هەنگاوە بەرەو ئەو ئاقارە هەڵگیراوە کە مرۆڤ لەخۆیدا بە ئامانج دابنرێ و بکرێ بە کەرەسە و بابەت و ناوەرۆکی خواستی چاکەخوازی ئازاد، کەوابوو:

**بنەمای سێیەم:**

باکـردارت بەرانبـەر بە هەمـوو بوونەوەرێکی ژێر بەو جۆرە بێت کە لە بنەما و ڕێوشوێنە پەیڕەو کراوەکەتدا بە ئامانج نەک بە ئامراز دایاندەنێی.(٤٦)

دانانی مرۆڤ، بوونەوەری ژێر بە ئامانج، خۆی لەخۆیدا بنەمـایەکی بەرزی ئاکارییانەیە. ئەو دەسـتنیشـانکردنە جۆرە ئەرک و فرمان و مافێک بۆ سەرجەم مرۆڤ دیاری دەکات. خۆ ئەگەر لە چوارچێوە ڕوخسارییە فۆرمییەکە بهێنرێتە دەرێ، ئەوە بنەمـایەکی دڵنیایی لێکراو بۆ ڕێز لە یەکـتـری گـرتنی بەرانبـەر و یەکـسـانی و دادپەروەری دەستەبەر دەبێ.

- کـانت گـۆڕانی سـەرنجـڕاکـێـشی لە ناوەرۆک و ڕوخسـاری ئاکـاردا کـردووە، ئەو گـۆڕانە لە دوو خـاڵدا کۆبۆتەوە:

**یەکـەم:** قـانوونی ئاکـار و چاکـەکـاری بەلای ڕێبـازی ڕوخسارەکیدا بردووە.

**دووەم:** قانوونی ئاکار بەپێشمەرجێک جێبەجێ دەکرێ کە پێی دەگوترێ ئازادی.

ئەو ئازادییـــە بە هاو بایەخ بە بنەمـــاکـــانی ئاکـــار دەبەخشێ و چوونە ژێر باری ئەنجامی کـار و ڕەفـتـار و ئۆباڵکێشان پاساو دەداتەوە. جیاکـردنەوەی کـردار لەو ئامانجەی لە ڕێبـازەکانی تری فـەلسـەفـەدا بۆی دانرابوو، پوختە و گەوهەری سروشتی ڕێساکانی ئاکاری دەربڕیوە.

دەبێ بە چ پێوەرێک کردارێک خەسڵەتی ئاکارییانەی بێ ببڕێ ئەگەر لەپێناوی مەبەستێکی تایبەتیدا کرابێ، یان بۆ خــــۆ پاراستن لە زیان و بەدکــــاری بووبێ؟! چاکـەکـاری لەپێناوی ڕازیکردنی هێـز و بوونەوەرێکی ترانسندێنتی سـەرووسـروشت بۆ ئەوەی لە گـوناح و بەدکارییەکان خۆش ببێ و ببێتە مایەی ئەوەی ئەو کەسە لە دوای مـردنی لە جیـهـانێکی دیکەدا پلەو جێگایەکی شیاوی خوازراوی پێ ببەخشرێ بە هیچ جۆرێک ناچێتە ناو خانەی ئاکارییەوە و بە هیچ بنەمـایەکی ئاکـار پشت ئەستوور نابێ.

- جیاکردنەوەی ئاکـار و ئایین لەیەکـتری هەنگاوێکی بوێرانەی شایستەی ڕێزلێنان بووە کە کانت لە جیـهانی مەسیحی سەردەمی خۆیدا هەڵیگرتووە. باوەڕ و (ئیمان) هێنان بە بوونی هێـزێکی سەرووسروشـتی دەسـەڵات بێ سنوور و ڕەها کـە گـوایە جیـهـانی داهێناوە، ئەوەی لێ ناکـەوێتـەوە کـە ئەو (ئیـمـانداره) پابەندی دابونەریت و ڕێوشوێن و دەستوورێک بێت و بە جۆرێک ڕەفتار بکات کە لە ئیمانەکەوە کەوتبێتەوە!

ملکەچی ترسان لەو هێزە و پەرستنی لەگەڵ بیرۆکەی داد و ئازادی نایەنەوە، لەوەش بەولاوەتر ویژدان کــاڵ دەبێتـەوە و ڕۆڵێکی ئەوتۆی نامـێنێ و مـرۆڤ خـۆشی لەسـەروەرییەوە دەبێتـە بەندە و ئامراز.! لێرەوە بایەخی جیهاندیدی کانت بەدەردەکەوێ.

## ڕێبازی سوود و قازانج

١- لە ڕێبازە جۆر بەجۆرەکانی ئاکاردا قسە لە سوود و قـازانجی تایبـەتی تاکـەکـەسـان و هی گـشـتی کـۆمـەڵ و کۆمەڵگا کراوە. لە بەرانبەر ئەو سوود و قازانجە تایبەتی و گشتییەدا دوو جۆرە چێژ و خۆشیش باس کراون:

- چێژ و خۆشی و تاکەکەس و هی کۆمەڵانی خەڵک.
- چێژ و خۆشی دەروونی و چێژ و خۆشی ئاکاری.

بەپێی سەرچاوەکان فەیلەسووفی ئینگلیزی جیریمی بێنتام Bentham ئەو لایەنانەی پێکەوە لێکداوە، ئاوێتەی یەکتری کردوون و لە هەموویانەوە ئەو جیهاندیدە ئاکارییەی ڕەنگ ڕشتووە کە بە ڕێبازی سوود و قازانجی گشتی ناودەبرێ. Utilitarismus.

ڕێبازی سوود و قازانجی گشتی جیهاندیدی ئەو هزرمەند و فەیلەسووفانەن کە خۆیان سەرگەرمی چاکسازی کۆمەڵایەتی بوون، لە جیاتی هەردوو چەمکی چێژ و Pleasure بەختەوەری، کە جاران بە دوا ئامانجی کردار و ژیانی مرۆڤ دانرابوون، چەمکی سوود و قازانج دانراوە. لەو جێگا گۆڕینی ئەو چەمکە- ئامانجەدا سوود و قازانجی کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی خەڵک لەجیاتی پێداگرتن لەسەر سوود و قازانجی تاک و تاکەکەسی، بایەخی پێدراوە و دووپات کراوەتەوە. ئەگەرچی سوود و قازانج خۆی لەخۆیدا دەکرێ لە هەردوو ڕوانگەی تاک و کۆ (کۆمەڵایەتی) سەرنج بدرێت، بەڵام هەردووکیان پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەیە. بەبێ سوود و قازانجی گشتی ناکرێ سوود و قازانجی تاک وێنا بکرێت و نەبوونی تاک، نەبوونی کۆی لێدەکەوێتەوە.

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی چەمکی چێژ و خۆشی لە چوارچێوەی ڕێبازە فرە ڕەنگ و هەمەجۆرەکانی ئاکاردا کێشە لەنێوان هەردوو لایەنی خۆویست و ئەوی تر ویستدا بەرپا بووە. ئەگەر مرۆڤ باسی چێژی کردبێ، چ جۆرێکی مەبەست بووە؟!

چێژی تاکەکەسان، ئەمە ڕەوشێکە ناجێگیرە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە کات و جێگایەکەوە بۆ هی تر دەگۆڕێ. ئیتر چۆن دەکرێ ڕەوشێکی گۆڕاو ئامانجی سەرەکی کردار و ژیانی مرۆڤ بێ لە کۆمەڵگایەکدا کە هەمیشە و بێ پسانەوە لە گۆڕاندایە. هەمان چارەنووسی ڕێژەیی ڕووبەڕووی چەمکی بەختەوەری دەبێتەوە. کەوابوو دەبێ سوود و قازانجی گشتی (مەنفەعەت)، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی سوود و قازانجی ئەو تاکانەی کۆمەڵ و کۆمەڵگا لێیان پێکهاتووە، لە هەموو کار و کردار و نیاز و ڕاز و مەبەستێکدا ئامانجی سەرەکی بێ. لێرەوە دەچینە ناو جیهاندیدە فرەڕەنگییەکەی فەیلەسووفی ئینگلیز بێنتام. دەکرێ ئەو ڕێبازە لەگەڵ ئاراستەی بەختەوەریی کۆمەڵایەتیدا بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە.

ئەو بڕیارەی ڕابەری ئەو ڕێبازە بەوە لێکدەدرێتەوە کە چەمکی چێژ و خۆشی و چاکەکاری Goodness لە چوارچێوە فەلسەفەییە تیورییە ژێرییەکەوە هێناویەتە دەرێ و لەسەر بنەمای ڕێبازی ئەزموونی (٤٧) ڕەنگی ڕشتووە و دایڕشتۆتەوە، ئەو هەنگاوەش شوێنی ئەو دابونەریتەی Custom هەڵگرتووە کە فەلسەفەی ئینگلیز هەر لەسەردەمی بیکۆن و هۆبزەوە تاوەکو هیوم جێگیریان کردووە و پەرەیان پێداوە.

تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە دەریدەخات کە ئامراز و ئامانج هەیە، هەندێک بابەت هەیە وەک ئامانج بێنە بەرچاو، ئەوە لە خۆیاندا ئامرازن بەرەو ئامانجێکی هەمەکی گشتی کە لە سوود و قازانجی گشتی بەولاوە نییە، ئەو چەمکەش ئەو بنەما ئاکارییەیە کە دوا ئامانج کە بەختەوەرییە دەستەبەر دەبێ. چاکەکاری و چێژ ئەگەر سوودبەخش نەبن و ئێشوئازار زیانبەخش نەبن، دەبێ چی بن؟ ئەوی بۆ «دانا» سوودبەخشە بۆ «توانا»ش هەر وایە و لە هەمان کاتدا بۆ هەموو کەس سوودبەخش دەبێ. لێرەدا گرینگ ئەوەیە زۆرترین ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگا لەو چێژتن و خۆشییە سوودبەخش بن. ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردادێ ئەوەیە: ڕاستە چاکەکاری کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە سوود و قازانجی من و نامن، هی ئەوانی تر پێکەوە بگونجێن و بێنەوە، بەڵام ئایا بەبێ قوربانیدانی تاک بە سوود و قازانجی تایبەتی خۆی دەکرێ قسە لە سوود و قازانجی گشتی بکرێت؟ باشە ئەو قوربانیدانە کە هەندێک جار دەستبەردار بوون لە سوود و قازانجی خودی خۆم دەگەیەنێ، دەخرێتە نێو چ خانەیەکی جیهاندیدی ئاکارەوە؟! لە چ سەردەم و جێگایەکدا تاکوکۆ پێکەوە تەبابوون؟

٢- سروشتی مرۆڤ لەو ڕۆژەوەی پەیدابووە، ڕووبەڕووی دوو ڕەوش دەبێتەوە کە لە یەکتر جیاوازن، بەڵام دەستیاوی بەیەکەوە بەندن و ناتوانن دەستبەرداری یەکتری بن، لەوەش سەرنجڕاکێشتر دوور نییە ئەوی دیکە لە یەکێکیانەوە بکەوێتەوە، ڕەوشی چێژ و ئازار! ئەو دوو ڕەوشە بە جۆرێک دەست ڕۆیشتوون و کۆنترۆڵی کار و کردار و قسە و گوفتار و هزر و بیری مرۆڤیان کردووە کە ناکرێ بەبێیان بژی، بۆیە بێنتام ناهەقی نەبووە کە هەردووکیانی بەسەروەری مرۆڤ و بە مەرجی سەرەکی گەیشتنە بەختەوەری داناوە، بە مەرجێک ژێر ڕێنمایی

بکات، ئەو ڕێنماییە بریتییە لەوەی مرۆڤ بەرژەوەندی خۆی لەو کردار و کارانە بکات بۆ ئەوەی بزانێ کامیان سوودبەخشە و کامیان زیان بەخش، ئینجا لەبەردەم ژیردا هەردووکیان بخاتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە تاوەکو بۆی ساغ بکاتەوە تای تەرازووەکە بەلای کام تادا دەیشکێنێ بۆ ئەوەی پەسندی بکات و هەڵیبژێرێ. ئەوکاتە ئەو سوود و قازانجە کە سروشتی گشتی پێدەبڕێ، دەکرێ  بکرێ بە پێوەری هەڵسەنگاندنی بنەمای ئاکاری کردار و ئەنجامەکانی. بەو پێیە دەکرێ بنەمای ڕێبازی سوود و قازانج بەو شێوازە دەربڕدرێ:

ئامانجی هەموو کار و کردارێکی مرۆڤ ئەوەیە زۆرترین بەختەوەری بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵک بە گشتی دەستەبەر ببێ و بەدەست بهێنێ(٤٨) پاساوی ئەو ڕێبازە لە بارەی سوود و قازانج هەرچی و چۆن بێت، ئەو ڕاستییە بایەخی خۆی لە دەست نادات کە کردار و شت لەو جیهانەدا ئەوەندەی پێوەندییان بە چێژ و خێر و خۆشی و ئێشوئازارەوە هەیە لە چاکە و بەد بەولاوە شتێکی دیکە نین. ئەوی خۆشی و چێژمان بۆ دەستەبەر دەکات، چاکەیە و ئەوی ئێشو ئازارمان پێ دەگەیەنێ بەد و بەدکاری (شەڕ)ـە. دوا ئامانجیش کە مرۆڤ شەیدایەتی بەختەوەرییە. ئایا ئەو بەختەوەرییە ڕەوشی دەروونییە، یان وەک ئەو ڕیبازە دەڵێ سوود و قازانجە، بەکراوەیی دەمێنێتەوە!

## ڕێبازی ویژدان

١- وشەی ویژدان لە جیاتی وشەی ئەڵەمانی -Ge wissen وشەی ئینگلیزی Conscienece وشەی عەرەبی (ضمير) بەکارهاتووە.

خۆی ناوی ڕێبازێکی جیهاندیدی ئاکارە لەلای فەیلەسووف و چاکساز و هزرمەند سامۆییل بەتلەر -But ler خەت و خاڵی داوە.

بەلای ئەو ڕێبازەوە بابەتی ئاکار توندوتۆڵ بە ناخی مرۆڤەوە بەندە و ناکرێ بدرێتە پاڵ هێزێکی سەرووسروشتی کە لەوێدا بە ڕەب ناوبراوە. لێرەوە بابەتی پێوەندی نێوان مرۆڤ کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی- ژیرە لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە ئەویش لەلای خۆیەوە کۆڵێک پێوەندی و دیاردە و دابونەریتی کۆمەڵایەتییە سەرئاو دەکەوێ و دێتە پێشەوە.

سروشتی مرۆڤ خۆی لەخۆیدا لە سێ بەش- هێز- پێکهاتە پێکهاتووە:

**یەکەم:** هەست و سۆز و مەیل بە هەموو جۆرێکەوە، پاڵنەری سروشتی زگماکی، کە هەریەکە لەلای خۆیەوە ئامانج و مەبەستی هەیە و دەیەوێ پێی بگات.

**دووەم:** خۆ خۆشویستن و ڕێزگرتنی ئەوی تر کە نامنن و لەگەڵ من و لە دەروبەرمدا چالاکن و ژیان بەسەر دەبەن. من لەدوو لاوە چالاک و دەستبەکارم، وەک ئەو ڕێبازە دەڵێ، سوود و قازانجی خۆمم بەلاوە مەبەستە، لە هەمان کاتدا خەمی سوود و قازانجی خەڵکی تریشم هەیە.

**سێیەم:** ویژدان کە سەرمەشقی(٤٩) هەردوو لایەنەکەی ترە و تەرازوو لەنێوانیان ڕادەگرێ و نایەڵێ بە جۆرێکی نالەباری زیانبەخش بەلایەکدا لاسەنگ بێت، چونکە ژیر پێوەری کاری ئاکارە.

ئەوی لێرەدا بەبیردا دێ، ئەوەیە ئایا ئەو قسەیە، ئەوە ناگەیەنێ کە بەتلەر ویژدانی لە جێگای ژیر داناوە و ئەرکێکی پێ سپاردووە کە لە بایەخ و گرینگی ژیر کەم دەکاتەوە ئەگەر بە یەکجاری کاڵی نەکاتەوە؟!

- ژیرو ویژدان ڕاستە دوو هێزی سەرەکی ژیان و پێکهاتەی سروشتی مرۆڤن، بەڵام لە ئامراز و ئەرکدا جۆرە جیاوازییەک لەنێوانیاندا هەیە.

ژیر و ئامرازی بڕیاردان و ئەنجامگیرییە و مرۆڤ بە ئاگا و بێ ئاگا لە چالاکی ژیریدا پشت بە بنەمایەکانی لۆژیک دەبەستێ و لەچوارچێوەی بنەمای هۆیەکی ناچێتە دەرەوە. ئایا دەکرێ ویژدان کە پتر بەلای هەست و سۆزدایە، جا ئەو هەست و سۆزە خۆویستن و ئەوی تر ویستن بێ، پابەندی پرۆسەی لۆژیکی و هزری ئاڵۆزی تیۆرییانە نییە.

- ویژدان بەلای بەتلەرەوە خۆی لە خۆیدا بەوە لە هەستی ئاکاری جیاوازە کە بەلای ژیر و سوود و قازانجی ئەوی تردا، نا مندا دەشکێنێ و بڕیاری دروستی ئاکارییانە دەدات. ئەو بڕیارانە بەگشتی ڕەخنە و سەرزەنشت و گازندە و پەسندکردن و بە چاک دانان و هەندێ جاریش تۆمەتبارکردن دەگرنەوە.

- مرۆڤ خۆی لەخۆیدا ژیانێکی کۆمەڵایەتی بەسەر دەبات و بەبێ هاوکاری کەسانی تری کۆمەڵگا، ناتوانێ سەرکەوتووانە ژیان بەسەر بەرێ، ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە

تەبایی و پێکەوە هاتنەوەی سوود و قازانجی تایبەتی و گشتی دووپات دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی جیاوازی نێوان تاک و ڕکەبەری و جیاوازی نێوان تاک و کۆمەڵگا پشتگوێ بخرێ، بۆیە تاک ناچار دەبێ بۆ وەدی هێنانی چاکە و خێروخۆشی و سوود و قازانجی گشتیش پەنا بەرێتەبەر ویژدانی خۆی و بیکات بە سەرپشکی کردار و ڕەفتار و هەڵوێست و بڕیاردان.

**سەرچاوەکان:**


**٢٥- الدكتور احمد محمود صبحي: الفلسفة الأخلاقية في الفكر الاسلامي. دارالمعارف بمصر ١٩٦٩، ص١٩ فيما بعد.**

**٢٦- د. ه. سدجویک: هەمان سەرچاوە، ل٢٤٠ لە چەند شوێنێکی دیکەدا.**

**27- Die Bible: Matthaeus. 5-39.**

**28- Das Neue Testament: Die Bible. Matthaeus. 5-43.**

**29- Thomas Hobbes.: Vom Menschen. Vom Burger. Felix- meiner Verlag Hamburg 1977. S.59. ff.**

**ئەو قسەیەی هۆبز بە ئەڵمانییەکە بەو جۆرەیە: «مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤ».**

**30- Thomas Hobbes.: Ebenda. S.75. ff.**

**31- Thomas Hobbes.: Leviathan. Felix Meiner Verlag Hamburg. 1996. S.88-89.**

**32- G.W.F. Hegel: Werke in 20. Banden. Bd. 20. Vorlesungen Uber die Geschichte der Philosophie. S.Suhrkamp. 1975. S.227-229.**

**33- Thomas Hobbes.: Leviathan.... S.104.**

**34- Wolfgang Rod: Der Weg der Philosophie. Bd. II. becksche reihe. 2. Auflage 2009. S.124.**

**٣٥- جيمس كولينز: الله في الفلسفة الحديثة. ترجمة: فؤاد كامل. بالاشتراك مع مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر. القاهرة-١٩٧٣، ص٢٢٠ فما بعد.**

**36- Hans Joachim Storig: Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgaet. 1961. S.426.**

**37- Friedrich Jodl.: Ebenda. Bd. 1. S.23. ff.**

**٣٨- هنتر ميد: الفلسفة أنواعها و مشكلاتها. ترجمة: الدكتور فؤاد زكريا، القاهرة، ١٩٦٩، ص٢٠١ فما بعد.**

**٣٩- د. زكريا إبراهيم: المشكلة الخلقية. دارمصر، ١٩٦٩، ص١٦١.**

**٤٠- د. توفيق الطويل: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩.**

**41- Immanuel kant: Kritik der Praktischen Vernunft Beschuss. Para. 162.**

**42- Immanuel kant: Grundlegung der Metaphysik der Sitten. Para 393.**

**- ئیمانوێیل کانت: دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار، دەزگای چاپی ڕامان، هەولێر ٢٠٠٧، ل١٩، نووسەری ئەم بابەتە ئەو شاکارەی کردووە بە کوردی.**

**43- Immanuel kant: Ebenda. para. 414.**

**44- Immanuel kant: Ebenda. para. 437.**

**45- Immanuel kant: Ebenda. S.236.**

**46- Immanuel kant: Ebenda. S.237.**

**٤٧- الدكتور زكريا إبراهيم: المشكلة الخلقية، دارمصر للطباعة، ١٩٦٩، ص١٦٥.**

**48- Hans Joachim Storig: Ebend. S.5543.**

**٤٩- د. توفيق الطويل: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.**

# شانۆی منداڵ لە خوێندنگەکاندا

مۆفەق عارف لەهۆنی
(سلێمانی)

**شانۆی منداڵ لە باخچەی ساوایان و خوێندنگەکاندا**

بێ گومان لە هەموو کۆمەڵگە مەدەنی و ژیارییەکانی جیهانی پێشکەوتوودا منداڵان بە پلەی یەکەم دێن لە رووی گرنگی پێدان و دانانی میتود و پێڕەو و پرۆگرام و بەرنامەی پەروەردەیی و زانستی و هونەری و وەرزشی بۆیان و جوانترین سەرمایەی نیشتمانن، چونکە دیارە کە ئەمڕۆ جوان و زانستییانە و مۆدێرنانە بۆ سبەینێیەکی بەختەوەر و جوانتر و پێشکەوتووتر پەروەردە دەکرێن، هەر بۆیە ئەوەی کە خۆمان لێی بێبەش کراوین، پێویستە بۆ ئەوانەی دەستەبەر بکەین لە ئەمڕۆ و سبەینێدان.

جا لەبەر ئەوەی شانۆ یەکێکە لە کۆڵەگە گرنگ و کاریگەرەکانی بواری پەروەردەو فێرکردن و گەشەی منداڵ لە رووی هەست و سۆز و جوانی و زمانەوانی و رۆشنبیری گشتی و چەندین بواری باشی تر. پێگەیەکی دیار و گەورەی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا و هەردەم رۆڵی بەرچاوی لە پێشکەوتن و بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگەدا هەبووە.

بەپێویستم زانی چەند لایەنێکی گرنگ و دیاری بواری درامی شانۆی منداڵان بە گشتی و لە باخچەی ساوایان وخوێندنگەکاندا بخەمە بەرچاو، بەمەبەستی بەرچاو روونی مامۆستاو راهێنەرانی ئەو بوارە پەروەردەییە گرنگە کە لەم ساڵانەی دواییدا وەک دیاردەیەکی کولتووری و شارستانی پێگەو رۆڵی لە باخچەی ساوایان و خوێندنگەکاندا دەرکەوتووە.

**شانۆی خوێندنگە (قوتابخانە) و رۆڵی و گرنگی لە سیستمی پەروەردەو فێربووندا**

کە دەڵێین شانۆی خوێندنگە، مەبەست لەو چالاکی و بەرهەمە شانۆیی و ئۆپەرێتانەیە کە لە نێو خوێندنگەو

باخچەکانی ساوایاندا وەک چالاکییەکی پێویست و ڕاهێنراوی ڕۆژانەی منداڵانە بۆ دەرخستنی بەهرە و وزە و توانایی منداڵە فێرخوازەکانە کە لە تەمەنی (٣-١٦) ساڵانن کە بەشێکە لە میتودو پرۆگرامی باخچە و خوێندنگەکان بۆ فێر بوون و پەروەردەکردنی منداڵەکان. بە مەبەستی (دەرخستن و پێگەیاندنی توانایی و بەهرەی منداڵەکان و گەشەپێدان و کاری هەرەوەز و هاوکاری نێوانیان و ڕاهێنانی منداڵان لەسەر ئاکاری جوان و بەکەڵک، لە هەمان کاتدا پێگەیاندنی ئارەزووەکانیان و سوود وەرگرتن لەکاتی بێکاری و حەسانەوە و پشوویەکی دەروونی و چێژپێگەیاندنیان) کە دیارە لە هەمان کاتدا زۆربەی ئەم ئامانجانە بۆ منداڵە بینەرەکانیش سوودبەخش دەبن.

شانۆ کەرەستەیەکی پەروردەییانەی بەهێز و کاریگەرە، جا ئەگەر بەچێژێکی هونەرییانەی ئاست بەرز و جوان لە دەقەوە بۆ نمایش لە دیدو جیهانبینی منداڵانەوە کاری تێدا کرابێت. لە ڕووی بابەت و بیرۆکەو نواندن و تەکنیکی شانۆیی و ڕەگەزەکانی ترەوە لەگەڵ جیهانە ڕەنگین و فەنتازی و خەیاڵ و چێژە جوانەکانی منداڵاندا گونجاو و شیاو بێت و لەگەڵ بوارە پەروەردەیی و فێرکردنەکاندا یەک بگرێتەوە.. واتە فاکتەری سەرەکی هونەری منداڵان، هەبوونی مەرجی پەروەردەیی و فێربوون و مەرجە هونەری و چێژ بەخشەکانە لەیەک کاتدا،

کە ئەم مەرجە لە دەق و چیرۆک و هۆنراوەو بواری شێوەکاری و مۆسیقایی و شانۆییەکاندا سەرەکییە، شانۆ پێویستییەکی گیانی و هزری و کولتووری منداڵە کە بێ گومان خوێندکاران لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی ئامادەیی بە دڵنیاییەوە پێویستیان بە خوێندن و پراکتیزەکردنی هەیە و ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنەی لە ژیانی مرۆڤدا هاتۆتە دی، جەخت دەکاتە سەر هەبوونی وانەی (پەروەردەی هونەر) لە پرۆسەی فێربوون و خوێندندا، چونکە هونەر بە گشتی و شانۆ بە تایبەتی فاکتەریکی گرنگن بۆ پێگەیاندنی چێژو ئارەزوو و بەهرەی منداڵان (خوێندکاران) و لە هەمان کاتدا هۆکارێکی چالاکە بۆ ئەزبەرکردن و فێربوونی وانەکانی قۆناغە جیاجیاکانی تری خوێندن، لە لایەکی ترەوە شانۆ هۆکارێکی چاکە بۆ چاندنی باوەڕێکی پتەو لای منداڵ بۆ دروستبوونی کەسایەتی بەهێزو خۆراگر کە لەسەر هاوکاری و هەرەوەزی و یارمەتیدانی کەسانی دی ڕادێت و دوورکەوتنەوە لە خۆخواردنەوەو گۆشەگیری و بێزاری و شەرمکردن، شانۆ بزوێنەری فراوانبوونی بیرو خەیاڵی منداڵە بۆ پشت بەخۆبەستن و ئاشنابوونی بە ژینگەو دەوروبەری خۆی... ئەمانەو چەندین لایەنی ئیجابی تر کە هەموویان ڕۆڵ و گرنگی شانۆ دەخەنەڕوو لە پرۆسەی پەروەردەو فێربوون لە خوێندنگە و باخچەی ساوایاندا، بۆیە مامۆستا و ڕاهێنەر و سەرپەرشتیارانی خوێندنگەو باخچەکان لە وتنەوەی وانەکەوە تاوەکو نووسین و ئامادەکردنی دەق و ڕاهێنان و دەرهێنانی نمایشەکاندا، پێویستە ڕەچاوی لایەنە پەروەردەییەکان بکەن و هیچ کاتێ لەبەر جوانترکردن و بەچێژکردنی لایەنە هونەرییەکە فەرامۆشی نەکەن بۆ ئەوەی ئامانجە سەرەکی و گرنگەکانی شانۆ لە پرۆسەی فێربوون لای منداڵان و ئەرکە جوانکار و چێژبەخش و یەکانگیری هەردوو ئامانجەکە (هونەری و پەروەردەیی)یەکە بێتە دی.

کەواتە لە کاتی خوێندنی (شانۆ) وەک بەشێک لە وانەی پەروردەی هونەر، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت لە هەڵبژاردنی دەق، یان نووسین و ئامادەکردندا تا دەگاتە ڕاهێنان و دەرهێنان لە بەرهەم هێناندا:

١- ڕەچاوکردنی گەشەو قۆناغی منداڵ (کە زیاتر مەبەستمان لەو منداڵانەیە کە تەمەنیان لە ٣-١٥ ساڵانە) لەباخچەی ساوایانەوە بۆ قۆناغی ئامادەیی هەبوونی مەرجە پەروەردەییەکان.

٢- گونجاندن لەگەڵ دابونەریت و کولتووری ڕەچاوکراوی کۆمەڵگە و ژینگەی منداڵ.

٣- ڕەچاوکردنی باری دەروونی (سایکۆلۆژی) منداڵ و خوێندکار لە دەقەکاندا و گونجاندنی لەگەڵ ژینگەو دەوروبەری منداڵ و خوێندکاران و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو ناوچە و گەڕەک و شارۆچکەیەی کە خوێندنگەکەی لێیەو ڕەچاوکردنی جیهان و دنیای فەنتازیاو ڕەنگاڵەیی منداڵان.

٤- ڕەچاوکردنی مەبەستە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی و دوورکەوتنەوە لە دەمارگرژی و ڕەگەزپەرستی و جیاکاری ڕەگەزی و بابەتی بێ کەڵک و نەتەوەپەرستی و ناوچەگەری و دەستەگەری و حزبایەتی و....... بەڵکو بابەتە کۆمەڵایەتییە، مرۆڤایەتییە گشتییەکان بکرێنە هەوێنی دەق.

٥- لە ڕووی داڕشتن و بیرۆکەو لێکۆڵینەوەو تێگەیشتن و ڕاڤەکردنەوە، پێویستە دەقەکەو نمایشەکە

لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و وەرگرتن و هەرسکردنی خوێندکارەکانەوە گونجاو و شیاو بێ، لە هەمان کاتدا پێویستە نووسەر لە پەندوئامۆژگاری ڕاستەوخۆ و ڕووت و بابەتی زۆر زانستی و وشک و گاڵتەجاڕی دوورکەوێتەوە، چونکە ئەم جۆرە بابەتانە لای خوێندنکاران خۆشەویست نین، بەڵکو پێویستە هەڵبژاردنی بابەتەکە لە توانایی هزرو تێگەیشتنی منداڵان و خوێندکارانەوە هەڵقوڵابێت.

٦- ڕەچاوکردنی هەبوونی بنەما دراماتیکییەکانی دەق (خستنەڕوو، بینراوی یەکەم، چی ڕوودەدات، گرێ و کێشە، قەیران و ترۆپک، ئاکام و بینراوی دانراو) و هەبوونی ڕەگەزە درامییەکانی دەق (بیرۆکە، کەسێتی، دیالۆژ، ململانێ، کەشی گشتی)، (ئەم بنەما و ڕەگەزە درامییانە لەبەشی دەقدا باس دەکرێن).

بێ گومان ئەم خاڵانەی سەرەوە و چەند خاڵێکی تری تایبەت بەشێوازی تایبەت بە نووسەر و ڕەچاوکردنی پێکهاتەکانی شانۆی خوێندنگە لە خوێندنگەو باخچەی ساوایاندا دەبنە هەوێنی دەق، پاشان نمایشێکی شانۆیی- ئۆپەرێتی- هونەری شیاو و جوان بۆ کارکردنی مامۆستاو سەرپەرشتیار و ڕاهێنەرانی شانۆ کە لەگەڵ خوێندکارەکاندا بۆ گەشەکردن و پەروەردەکردن و ڕاهێنانیان و پێشکەشکردنی دوای ئەو ڕاهێنان و ئامادەسازییە..

## قۆناغەکانی گەشەی منداڵ و پێوەندی بە ئەدەب و هونەرەوە

لەبەر تیشکی ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی تایبەت بە گەشەی منداڵانەوە لەلایەن زانایان و لێکۆڵیارو دەروونزان و پەروەردەکارانەوە سازکراوە... گەشەو پەروەردەکردنی منداڵانیان بەسەر چەند قۆناغ و پۆلێن و پلەیەکدا دابەش کردووە کە هەر یەکە لەو قۆناغانە هەیە لە ڕووی تەمەن و دەروون و هزر و تێگەیشتن و ویژدان و جۆری مامەڵەکردنەوە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بۆیە پێویستە زۆر بە وریایی و سەرنج و سەلیقەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت و ڕەچاوی تەمەن و بیرکردنەوەو خەیاڵی منداڵ و خوێندکار بکرێت لە نووسین و داڕشتن و ئامادەکردنی هەر جۆرە چالاکی و بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری و کولتووری و ڕووناکبیرییەوە. ئەوەی مایەی سەرنجە زانایانی دەروونزانی لەسەر دابەشکردنێکی یەکگرتوو و کۆتایی دەربارەی قۆناغەکان و بەیەکداچوون و نزیکبوونەوەیەکی زەمەنیی لە نێوان قۆناغەکان ڕێک نەکەوتوون و جیاوازی بیرکردنەوە و هزری لە نێوان کوڕو کچ و تاکەکانی هەر گەل و میللەتێکدا هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم توێژینەوانەی کە لەبەر دەستدان، بەرهەمی لێکۆڵیارانی بیانییە و لە ژینگە و کۆمەڵگەیەک سەرچاوەیان گرتووە کە تەواو لە دەوروبەرو ژینگەی منداڵی کورد جیاوازە.. لەگەڵ ئەوەشدا وردەکاری و سەلیقەی ڕاهێنەرو مامۆستا و پەروەردەکاران بە ڕووناکبیری گشتی و مامەڵەو ڕەفتاری دەروونیانەو بە شارەزایی خۆیان ئەو کەلێن و تێبینیانە پڕ دەکەنەوە.

**١- قۆناغی واقیعی و خەیاڵی سنووردار بە دەوروبەر (ساوایان، لە تەمەنی ٣ بۆ ٥ساڵان)**

لەم قۆناغەدا خەیاڵی منداڵ تیژە، ئەگەرچی سنووردارە بەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەژی، ئەم بەهێزیی خەیاڵە وای لێدەکات بەخەیاڵی خۆی کورسییەک وەک سەیارە یان شەمەندەفەر بەکاربێنێ و دارێک دەکات بە ئەسپ و گوڵنگەو پەت و شتی پێوە دەکات و سواری دەبێت، یان بووکەشووشەکەی خۆی هەروەک بوونەوەرێکی زیندوو ڕەفتاری لەگەڵ دەکات و قسەی لەگەڵ دەکات و لێی تووڕە دەبێ و پێدەکەنێ و تاد.... ئەم جۆرە خەیاڵە تیژە سنووردارە وا لە منداڵ دەکات بە حەزو تامەزرۆییەوە گوێ لەو چیرۆک و هۆنراوەو بابەتانە بگرێت کە تێیدا گیانداران و باڵندەو دارو گوڵ و درەخت و شتە بێ گیانەکان دەدوێن و زیندوون. لەم قۆناغەدا منداڵ حەز دەکات وەسفێک بە پاڵەوانەکان بدا بۆ نموونە بڵێت: (مراوییە ڕەشەکە، کەروێشکە سپییەکە، کچە کراس سوورەکە، گوڵە زەردەکە،....) نەک بەناوی ڕووتی خۆیان بیانناسێت وەک بڵێ (مراوییەکە، کەروێشکەکە، کچەکە...) هەروەها لەم تەمەنەدا منداڵ توانایی سەرنجدانی ماوەیەکی درێژی نییە، بۆیە پێویستە بابەتەکە کورت و چڕو پڕ بێت و ڕووداو و گرێ و کێشەکە بە شێوەیەکی سادەو ساکار و ڕوون و ئاشکرا و بێ ئاڵۆزی و ڕووداوی لابەلایی دابڕێژرێت. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم قۆناغەی گەشەی منداڵ زۆر گرنگ و پێویستە، چونکە سەرەتاکانی دروستبوون و پێکهێنانی کەسێتی منداڵە و ئەو خامە سپییە پاک و بێگەردەیە کە ئاکارو ڕەفتارو پێوەندی و بەهرەو تواناییەکانی تێدا دەردەکەون، پاشان

دەبنە هۆی جێگیربوون و پێدانی کەسێتییەکی دیاریکراو بۆ ئەو منداڵە لە قۆناغەکانی دی.

ئەم قـــۆناغـــە بە قـــۆناغی (لاســـاییکردنەوە) و ئارەزووکـردن لە گـێـڕانەوە و نواندن و جـوولّە و سـەمـا ناسراوە کە دەتوانرێت (یاریکردن) بکرێتە فاکتـەرێکی گونجاو بۆ برەودان بە توانایی و بەهرە شانۆییەکان.. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی منداڵانی ئەم قـۆناغـە، پێـویسـتـە ئەو دەق و ئۆپەرێت و نمایشـە شانۆییانەی بۆ ئەم قۆناغە ئامادە و پێشکەش دەکرێن، پڕاو پڕ بکرێن لە ڕەگەزەکانی کۆمیدیاو ڕەنگاوڕەنگی و جـۆراوجـۆری و هۆنراوەو مـوزیک و گـۆرانی و سـەمـا و جـوولّە و بەزم و ڕەزمی خێـراو دەنگی ناسـک و جـوان و گـونجـاو و جلوبەرگ و ئێکسـسـواری شـیـاو و دیکۆری شیاو و گونجاو و ڕەنگین کە سەرچاوەی ئەمانە هەمووی جیـهـانی پڕ فـەنتـازیای منداڵی تەمـەن (٣-٥) سـاڵ و دنیا ڕەنگین و ناسک و سادەو ساکارەکەی بێت.

**٢- قــۆناغی خـەیاڵی سـەربەست و کـراوە (٦-٨ ساڵان)**

لەم قۆناغـەدا منداڵ خـەیاڵی کـراوەو سـەربەسـتـترە و شارەزایی بۆ دەوروبەرو ژینگە بەرفراوانتر دەبێ، خەیاڵی منداڵ فـراوانترە بەرەو جیـهـانێکی تر کە تێیدا پەری و فـریشـتــە و کـورتە بنە و زەبەلاحــەکـان لە وڵاتانی سـەیروسـەمـەرە و پڕ ئەفـسـوون و فـەنتـازیادا دەژین و بەشێکی شـیـرینی خـەیاڵ و حـەزی منداڵی ئەم قـۆناغـە داگیر دەکەن. لەم قۆناغەدا منداڵ هێشتا بە باشی مانای ئاکاری جوان و ڕەوشتی باش شارەزانین و ئەو پێوەندگە کۆمەڵایەتییانە نازانن وەک گەورەکان، بەڵکو ڕەفتاریان بە ئارەزووە غەریزییەکانەوە پابەندە، بۆیە قسە بۆکردن و ئامۆژگاری کردن و فـەرمـان پێکردنیـان ڕاستەوخۆ هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو لەبری ئەوە پێویستە لەڕێی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و وەرزشـەوە حـەز و ئارەزووەکـانی گەشە پێ بدرێت و لە ڕێگەی یاریکردن و نواندن و جووڵەو سەماوە چیرۆکی خەیاڵی و ئەفسانەیی بەهرەو تواناییـەکـانی تێـر بکەین و پەرەی پێ بدەین. بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بەو ئاکارو مەبەستە جوان و مەرامە مـرۆڤ دۆسـتـانەیە ئاشنا بێت و جـێگـیـر بێ لەبـیـر و خــەیاڵدا وەک هاوکــاری و هەرەوەزی و دڵســـۆزی و بەوەفایی و ڕاستگۆیی و..... تاد.

**٣- قۆناغی قارەمانێتی و سەرکەشی (٩-١١ ساڵان)**

منداڵانی ئەم قۆناغە جیـهانی چیرۆکە ئەفسـانەیی و خـەیاڵی و فـەنتـازییـەکـان تێـدەپەڕێن و بەرەو قـۆناغی چیرۆکە واقیعی و پاڵەوانێتی و سەرکەشییەکان هەنگاو دەنێن و حەز و ئارەزووی منداڵان لە خۆ دەرخستن و شت کـۆکـردنەوەو هەڵگرتن و جـۆرە مـوڵکایەتیـیــەک لە ڕەفـتـاریاندا بەدی دەکـرێت، بۆ نموونە ئەگـەر گـیـرفـانی بگەڕێیت چەندین جۆری هەڵمات و مـتـومـوورووو و شـتی سـەیری پێـیـە، کە بێ ئەوەی گـوێ بە نرخ و بەهـای ئەو شتانە بدات، بەڵام پێویستە لەم قۆناغەدا چاودێری ئاکار و ڕەفــتـــاری بکرێت بۆ ئەوەی بەدوور بێ لە دزی و پیـسـکەیی و هەڵگرتنی شـتی نا تەندروست، هەر لەم قۆناغەدا منداڵ حەز بە هاوبەشیکردن و تێکەڵاوی زیاتر دەکات و لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەستەو گرووپی جۆراوجۆر پێک دەهێنن، کە دیسـانەوە دەبێ بە وریاییـەوە چاودێری بکرێت بۆ دوورکەوتنەوە لە دەستـەگەری و شـەڕەنگێزی و دڕاندایەتی و دەسـتـدرێژی کـردنە سـەر کـەسـانی تر. لەم تەمـەنەدا منداڵ گـیـانی شـەڕەنگـێـزی و زاڵبــوون لە ڕەفـتـاریدا بەرجەسـتـە دەبێ، بۆیە لە ڕێی سـازکـردنی پێشبڕکێی ئازایەتی و وەرزشی و گەشتیاری و سازکردنی ئاهەنگ و فـیـسـتـیـڤاڵی هونەری جۆراوجۆر و نووسـینی شیعرو چیرۆک و کۆمەڵێک بابەتی ترەوە، دەتوانرێت ئەو گـیانە سـەرکـەشی و شـەڕەنگێـزییە کـەم بکرێتـەوە، ئەو چیـرۆکـانەی کـە منداڵان حـەزی لێ دەکـەن لەم تەمـەنەدا زیاتر بابەتی قـارەمـانێـتی و سـەرکـەشی و ئازایەتی و گەشت و سەیران و موغامەرەو گەشتی سەیروسەمەرەی پاڵـەوانەکـانە کـە بەئازایەتی و وریایی بەسـەر کـۆسپ و تەگـەرەکـاندا زاڵ دەبن، بەمـەرجێـک چیـرۆکـەکـان بە ئامـانجی چاکـەکـردن و نەهێـشـتـنی زوڵم و سـتـەم و خراپەکاری بن.

**٤- قۆناغی نموونەیی- هەرزەیی- مێردمنداڵی (١٢-١٥ ساڵان)**

ئەم قۆناغەی منداڵ هەسـتـەوەرترین قـۆناغی گـەشـەی منداڵە کە لەساڵانی ساواییدا چەندین بنەمای دانانی و بەرجەسـتـەکردنی کـەسێـتی منداڵ بووە، لەم قـۆناغـەشدا بەرهەمی ئەو کـەسێـتییـە بەرەو کـامڵ بوون و پێگەیشتن دەبێـتـەوە کـە هاوکـاتە لەگـەڵ مـاوەی تەمـەنی هەرزەیی منداڵ کە لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری فسیۆلۆژی (جەسـتـەیی) لە منداڵدا دەردەکـەون کـە هاوکـاتە لەگـەڵ سـەرەتای دەرکـەوتنی غـەریزە سێکسـیـیـەکـاندا و لەم

تەمـەنەدا بیـروباوەڕی ئایینی و ئایدیۆلۆژی و واتاکـانی ژیان لای منداڵ چەکـەرە دەکـەن. بەگـشـتـی حـەزو ئارەزووەکانی منداڵ لەم قۆناغەدا بۆ بابەت و چیرۆکی پڕ لە قارەمانێتی و ئازایەتی و خۆشەویستییە ، حەز لەو بابەتانە دەکـەن کـە چیـرۆکی (پۆلیـسی و دڵداری و سەرکەشی و ئازایەتی و موغامەراتە) بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەو بابەت و دەق و نمایشە شانۆییانەی بۆیان ئامادە و ساز دەکرێن، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ڕێی ڕاست و نموونەی باڵا و جوان و لایەنی پەروەردەیی سێکسی و زانست و زانیـاری نوێ و باری دەروونی بێ ئاڵۆزی و گرێ و گۆڵی دەروونی بکرێتە هەوێنی بابەت و دەقەکان، بەتایبەتی باری دەروونی و سێکسی پێویستە زۆر بە وریایی و پەروەردەییـانە مـامـەڵەیان لەگـەڵدا بکرێت کە لەسەر ئاستێکی زانستی و ئاسایی کردنەوە کە لە هەموو گرێیەکی دەروونی لە ئایندە و تەمەنی کامڵ بوونی منداڵەکـە لە قـۆناغی هەرزەکـاری و گـەنجـیـدا دووربخاتەوە بۆ ئەوەی بەئاسانی ئەو حاڵەتە دەروونیانە بەسەریدا تێپەڕن.

کەواتە زانین و ئاشنابوون بە قۆناغ و تەمەنی منداڵ و گەشەکردن و داخوازی و پێداویستییە گیانی و سۆزی و دەروونییـەکـانی هەر قـۆناغە دەخـوازێت کە پشت بەستن بەو قـۆناغـەو بەو تـەمـەنە دیاریکراوە جـۆرە هۆنراوە و چیرۆک و دەقی شـانۆیی و گۆرانی و مـوزیک و ئۆپەرێت و هەربەرهەمێکی تری ئەدەبی و هونەری بۆ ئامادە و ساز بکەیت کـە هاوتاو هاوکـار بێ لەگـەڵ ئەو قـۆناغـەدا بۆ بەخـشـینی چێـژ و جـوانی و ئاسـوودەیی دەروونی و کـرانەوەی منداڵەکـە بەرەو ڕووی جـیـهـانی نوێ و دوورکەوتنەوە لە گرێ و دەردی دەروونی و خۆخواردنەوە و شەڕەنگێزی و کۆمەڵێک دەردی تر.

## پێکهێنەرەکانی شانۆی منداڵ لە باخچەی ساوایان و خوێندنگەکاندا

دیارە ڕەگـەز و پێکهـێنەرەکـانی شـانۆی منداڵان لە باخچەکانی ساوایان و قوتابخانەو خوێندنگەکان هەمان ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی شانۆن، بەڵام سادەیی و سانایی و بنەما پەروەردەیی و ئاکاری و جوانکاری و جۆراوجۆری و ڕەچاوکردنی بارە دەروونییەکانی منداڵ ئەو فاکتەرانەن کە پێویستە جەختی زیاتریان بخرێتە سەر بە ڕەچاوکردنی قـۆناغ و تـەمـەنی منداڵەکـە لە هەر یەکـە لەو پێکهێنەرانەدا. جا پاش ئەوەی سەرپەرشتیار و مامۆستا و ڕاهێنەران لە پێگەو گرنگی و بایەخی شانۆ دڵنیا دەبن و لە منداڵانی دەگەیەنن بۆ گەشـەدانی زیاتر بە بوارەکە باشـتـرە. کـە شـارەزایی تەواوی دەربارەی ئەو ڕەگـەزو پێکهێنەرانە هەبێت کە شانۆی منداڵان پێک دەهێنن لە خوێندنگەکاندا:

١- دەق. ٢-ئەکتەرو نواندن. ٣-ڕاهێنان و دەرهێنان. ٤-ڕەگەزە تەکنیکییەکان (جلوبەرگ، دیکۆر، ڕووناکی، مـیـوزیک و گـۆرانی، ئارایشت و دەمـامک، سـەمـاو جووڵە.....) ٥-هۆڵ و شوێنی نمایش و بینەر.

### (١) دەقی شانۆیی

هەمـوو کـارێکی شـانۆیی لە دەقـەوە دەست پێـدەکـات، ئیـدی ئەو دەقـە نووسـرابێت، یان ئامـادەکـرابێ، یان داڕێژرابێتەوە، دەق زەمینەیەکی لەبار و گونجاو و شیاوە بۆ سـەرەتاو دەسـتـپـێکردنی بەرهەمێکی شـانۆیی، یان ئۆپەرێت، بۆیە مامۆستا و سەرپەرشتی بەرهەمەکە پاش خـوێندنەوەی کـۆمـەڵە دەقـێکی کـورتی شـانۆیی، یان ئۆپەرێت، گـونجـاوترین و شـیـاوترینیـان هەڵدەبژێرن کـە لەگـەڵ قـۆناغ و تەمـەنی ئەو منداڵانەدا و لەگەڵ مـەودای خەیاڵی سنووورداری ئەواندا گونجاوبێ و بواری تێگەیشتن و هەرسکردنی لای منداڵە بەشداربووەکان و بینەرەکانیش سانا بێ، ئەوسا مـامـۆسـتـا (دەرهێنەر) دەقـەکـە کورت دەکـاتەوە و دایدەڕێژێتـەوە، خـۆ ئەگـەر ئەو دەقـە لەبار و شـیـاوە نەبوو، یان چنگ نەکـەوت، ئەوسا ئەرکی ئەو مامۆستایەیە کە دەقێکی کورتی تایبـەت بەو قۆناغـەی سـاوایان لەڕێی ئەو سـەرچاوانەی کـەلەبەردەسـتـدان (چیـرۆک و هۆنراوەی تایبـەت بەو قـۆناغـەی منداڵ، یان ئەو چیرۆکە فۆلکلۆری و ئەفسانەیی و کەلەپووریانەی کە هەن، یان بابەتی زانیـاری و پەروەردەیی سـانا ، یان لە ڕێی خـەیاڵی خـۆیەوە، بنووسـێت، یان داڕێژێت، یان ئامـادە بکات بەمـەرجـێک مـەرجـە پەروەردەیی و هونەرییەکـان پێکەوە لە دەقەکەدا هەبن. شایانی باسە هەموو دەقێکی شانۆیی پێویستە لە نووسین و داڕشتن و ئامادەکردنیدا ڕەچاوی هەبوونی بنەما دراماتیکییەکانی دەق و ڕەگەزە دراميیەکان بکرێت، بۆیە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەدەم:

(أ) بنەمـا دراماتیـکییـەکانی دەق: پێـویسـتـە هەمـوو دەقێک ئەم بنەما دراماتیکییانە لە خۆ بگرێت، بەڵام لە دەقی شـانۆو ئۆپەرێتی منداڵاندا ئەم بنەمـایانە سـاناتر و

سـادەتر مـامـەڵەیان لەگـەڵدا دەکـرێت بەبێ ئاڵۆزی و قورسکردنیان:

١- خستنە ڕوو: سەرەتایەکە بۆ دەقەکە و دەروازەی چوونە ناو دەقە کە پێدەچێ بە هۆنراوەو گۆرانییەک بێ، یان بەیتبێژ و لێبووک (قەرەقۆز) و هەر کەسێتییەکی تر سـەرەتایەک و دەروازەیەک دەکـەنەوە بۆچوونە ناو دەقەکەوە.

٢- بینراوی یەکەم: پاش ئەو دەروازەیە، ئەو بینراوانە دەست پێ دەکات کە تێیدا کەسێتییەکان و کێشەکە، یان ململانێـیـەکـە و لایەنەکـانی کـێـشـەکـە بە سـانـایی دەردەکەون.

٣- چی ڕوودەدات: لێـرە بەدواوە کـێـشـەکـەو کـەسێـتـیـیـەکـان بەرەو ڕووی یەک دەبنەوە و چی لە کێشەکە، یان بابەتەکە ڕوودەدات و بەرەو کوێ دەڕوات.

٤- گرێ و کێشمەکێش: ئەو گرێیە، یان ڕووداوەی بابەتەکە دەردەکەوێ کە دیارە دەقـەکـەی لەسـەر چنراوە (بنـیـاد نراوە)، لێـرەدا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین منداڵ توانایی سەرنجدانی زۆری نییە، بۆیە دەبێ هەر یەکە لەم بنەمـایانە بەکورتی و خێرایی دەرکەون و گـرێکان نابێ گرێ و کێشـەیەکی ئاڵۆز و قـورس بن و تێگەیشـتنیـان زەحمەت بێ.

٥- قەیران و ترۆپک: ئەو کاتەی کە گرێ و کێشـەکە، یان ڕووداوەکە دەگـاتە لووتکە کە ئیدی قـەیرانەکە، یان کێشەکە باڵا دەنوێنێ، ئەوە ترۆپکی دەقەکەیەو دەخوازێ زۆر کورت بێ.

٦- ئاکـام: پاش ترۆپکی ڕووداوەکـان، دیارە ئەو کـێـشـەو ڕووداوە بەرەو کـۆتایی دەبێـتـەوە، بۆیە یەکلاییکردنەوەی کێشـەکەو سەرکەوتنی هێزی چاکە بەسەر هێزی خراپە ئاکامی دەقەکەیە.

٧- بینراوی دانراو: لە هەندێک دەقدا دەخوازێت کە نووسـەر، یان ئامـادەکـار بینراوێکی تر دابنێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئاکامەکە، یان لەو کاتەدا کە ئاکامێکی خـراپ، یان کـۆتاییـەکی کـراوە دەدرێت بە منداڵان، پێـویست بە دانانی بینراوێک دەکـات بۆ هاوسـەنگ کردنەوەی دەقەکە و سەرخستنی هێزی چاکە بەسەر هێزی خراپە و هەڵەدا.

دیارە هەر یەکـە لەم بنەمـایانە بەشـێـوەیەک پێکەوە بەسـتـراون کـە جـۆرە تێـهـەڵکێش بوونێک هەیە لە نێـوانیـاندا و ئەرکی نووسـەر و ئامـادەکـارە کە جـەخت بخـاتە سـەر زنجیـرە بەندی ئەم بنەمـا دراماتیکیـانە و مەرجی سانایی و نزیک بوونەوەیان لە هزرو تێگەیشتنی منداڵانی قۆناغە جیاوازەکان بەهەند وەربگرێت.

**(ب) ڕەگەزە درامـیـیـەکـانی دەق:** هاوشـانی ئەو بنەمـا دراماتیکیانەی کە باسکران کە ڕیزبەندییەکی ماقووڵ بە دەقی شـانۆیی دەدەن، ئەوە پێـویسـتـە ئەم ڕەگـەزە سـەرەکـیـیـانە لە ناو دەقـەکـەدا هەبن و هیچ دەقـێکی شانۆیی- ئۆپەرێتی منداڵان بەبێ هەبوونی ئەم ڕەگـەزانە کامڵ و تەواو نییە و بەدەقێکی نوقسان ناوزەد دەکرێت:

١- بیرۆکە- بابەت: بۆ نووسین و داڕشتنی هەر بابەت و دەقێکی شانۆیی یەکەم فاکتەر و ڕەگەز بیرۆکەیە، یان بیرۆکە ئەو هێڵە دراميیە سەرەکییەیە کە هەموو بابەتی دەقەکەی لەسەر بنیاد دەنرێت، بەڵام لێرەدا پێویستە ئەو بیرۆکەیە سادەو سانا بێ و لە توانایی منداڵانی ساوادا هەبێت و وەریگرن و لێی تێـبـگەن و دووربێ لـە دەمارگرژی و توندڕەوی و ئایدیایەکی فەلسەفی قورس.

٢- کەسێتی-کارەکتەر: دیارە کە بیرۆکە هەبوو، ئەوە کـۆمـەڵێک کـارەکـتـەر دەبنە پاڵەوان و بکەرانی ناو بابەتەکە کە ئەمانیش پێکەوە لە ڕێی گفتوگۆو جووڵەو کردارەکانیان بابەتەکە دەوروژێنن و کێشەو ململانێ لە نێـوانیـاندا بەرپا دەبێ. ئەوەی لێـرەدا مـایەی سـەرنجە، ئەوەیە لە هەڵبـژاردن و دانانی کـەسـێـتی نێـو دەقی منداڵاندا ڕەچاوی ئەوە بکرێت کەسێتییەکان ترسناک و وروژێنەری خەمۆکی و شۆک و دڵەڕاوکێ و نامۆ نەبن، زیاتر لە دنیـای ئاژەڵە نزیکەکـان بە دنیـای منداڵان و باڵندە و گوڵ و داروبەخت و کەسێتی ئادەمی و ئەوانە بن کـە منداڵ لە ژینگەو دەوروبەری خـۆی دەیانبـینێ و پێـیـان ئاشنایە، یان لەو کـەرەسـتـەو کەلوپەلانەی کە لە دەوروبەری خۆیدا هەن.

٣- دیالۆژ: ئەو گـفـتـوگـۆو لێـدوانانەی کـە لە نێـوان کەسێتییەکاندا هەن، پێویستیـان بەوە هەیە نووسەر، یان ئامادەکار لە وشە و دەستـەواژەی ناشایستـە و قـورس و (ڕووت- مـجـرد) بژاریان بکات و زیاتر لەو جـۆرە قسەکردنانەوە وەرگیرابێ کە ڕۆژانە و لەکاتی ئاخاوتنی خـۆیاندا بەکـاری دەهێنن، سـەرەڕای ئەوەی کـە دەبێ دیالۆژەکان بەگشتی کورت و چڕ و پڕ بن و مۆنۆلۆژ نەبن و منداڵان خۆیان چۆنیان بۆ دەوترێت، ئاوا بنووسرێن.

٤- ململانێ و کـێـشـە: دیارە بەسـادەیی لە نێـوان کـەسـێـتـیـیـەکـاندا جـۆرە ئاڵۆزی و لێک نەگـەیشتن و

کێشەیەک دروست دەبێ، ئەمە ململانێی نێوان کەسێتییەکانە کە ڕووداوەکانی لەسەر دروست دەکرێت، هەر بۆیە پێویستە ئەو ململانێ و کێشەیە لە ئاستی تێگەیشتن و هزری منداڵاندا بێ و نابێ ململانێی هزری و بیرۆکەی ئایدیۆلۆژی و فەلسەفی و ململانێی دەروونی و چارەنووسسازی تێکەڵ بەم دەقانە بکرێت، بەڵکو زیاتر شتە سادەو ساناکان و بوارە پەروەردەیی و فێرکردنەکان بن..

٥- کەشی گشتی دەق: ئەو هێڵە درامییەیە کە هەر چوار ڕەگەزەکەی تر پێکەوە دەبەستێ و لەشێوەیەکی دیاریکراودا و لەبارودۆخێکی شیاو و دیاردا دەقەکە پێکدەهێنێ، دەتوانین بڵێین (تایپی) دەقەکەیە وەک ئەوەی دەڵێین دەقێکی کۆمیدییە، یان فێرکردنە، یان ئەفسانەییە، یان هەر جۆرە تایپێکی تری دەق.

**دووەم/ ئەکتەر و نواندن**

لەدێر زەمانەوە نواندن بە خەون و خەیاڵی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە و هۆیەک بووە بۆ چارەسەی گەلێک کاروباری ڕۆژانە و لایەنێکی پراکتیکی مرۆڤ بووە، بۆیە بەسانایی لای منداڵان وەردەگیرێ و پێی ئاشنان، چونکە نواندن بەزۆر مانا هاتووە بۆ نموونە: (یاری، ڕۆڵ گێڕان، گێڕانەوە، لاسایی کردنەوە)، بەڵام کۆکراوەی هەموویان بریتییە لە (توانایی کەسێک وەک هزر و دەروون و توانایی جەستەو ئاماژەکانی دەموچاو و دەنگ بۆ بەرجەستەکردنی کەسێتییەکی تر کە نووسەر دەینووسێ، یان بە خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆی ئەو کەسێتییە لە ناخی خۆیدا دروست دەکات، پاشان بەکەرسەکانی خۆی(دەنگ و جەستە و ئاماژەی دەموچاو) ی لە ڕێی کەرستەکانی ناوەوەی لەبیرکردنەوەو خەیاڵ و سەرنجدان و خۆگونجاندن و لە شارەزایی لە مەودا سروشتی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ئەو کەسێتییە لەسەر تەختەی شانۆ بەرجەستەی دەکات کە بەمەش دەوترێت نواندن.

کەواتە ئەکتەر پێویستە خاوەنی بەهرەیەکی خۆرسکی سەرەتایی و ئارەزوویەکی تەواو بێ بۆ کارکردن لە شانۆدا، پاشان لە ڕێی ڕاهێنانی بەردەوامەوە ئەو بەهرە سەرەتاییەی بۆ نواندن گەشە دەکات و دەتوانێت یەکێک لەو کەسایەتییانە بەرجەستە بکات کە لە دەقەکەدا هەیە، دیارە ئەم پرۆسەیە لە باخچەی ساوایاندا زەحمەتەو ئاسان نییە، چونکە کاری نواندن لە گۆرانی وتن و نیگارکێشان قورسترە، هەر بۆیە دەخوازێ کە (مامۆستا - دەرهێنەر) پشت بە یاریکردنی منداڵان ببەستێ و کارەکە وەک یارییەک لێ بکات کە چۆن خۆیان ڕۆژانە چەندین یاری دەکەن، بۆ ئەو مەبەستە سوود لەو یارییانە وەربگرێت و لەگەڵ کارەکەی خۆیدا بیگونجێنێ، وەک ئاشکرایشە زۆرێک لە یارییەکانی منداڵان جۆرە گێڕانەوە و لاسایی کردنەوەو نواندنی تێدایە وەک (ماڵە باجێنە، ئەسپ سواری، فین کلانکۆ، بووکە بەبارانێ، دەسرەکەم، چاوشارکێ)، هەروەها بۆ نواندنی قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییش مامەڵەکردن لەگەڵ ئەکتەرەکان پێویستی بە شارەزایی و ڕەچاوکردنی تەمەن و قۆناغی گەشەی خوێندکارەکان هەیە.

شایانی باسە لە ڕووی ئەکتەرەکانەوە چوار پۆلێنکردن بۆ نواندنی شانۆی منداڵ هەیە:

١- ئەو شانۆییانەی کە ئەکتەرەکانی هەموویان منداڵن: کە بە زۆری لە باخچەی ساوایاندا لەبەر ئەوەی هەموویان منداڵن دەکرێت، هەر خۆشیان ئەکتەر بن و کاری نواندن بکەن.

٢- ئەو شانۆییانەی کە ئەکتەرەکانی هەموویان گەورەن: ئەم پرۆسەیە لە ڕووی نواندن و بەرجەستەکردنەوە ئاسانترە، چونکە ئەکتەری گەورە (١٨ ساڵان و بەرەو ژوور) بەپێی تەمەن و زانیاری و ڕووناکبیری و پسپۆڕییان زیرەکن و بەرجەستەکردن و نواندنی کارەکتەرەکە ئاسانە، بەڵام لای منداڵی (ساوایان) زۆر خۆشەویست و چێژبەخش نییە.

٣- ئەو شانۆییانەی کە هەموو ئەکتەرەکانی بووکەڵەن: ئیتر بووکەڵەی گەورەی کەسێتییەکان کە وەک جلوبەرگ و ماسک ئەکتەرەکە لەبەری دەکات، یان بووکەڵەی ماریۆنێت کە بەدەست و پەنجە دەجووڵێن، یان بووکەڵەی دەستی کە بەدەست دەمودووی دەجووڵێت و ئەکتەرەکە نواندنی دەکات. ئەم جۆرە بووکەڵانە لای منداڵ بەگشتی خۆشەویستن و چێژبەخشن.

٤- ئەو شانۆییانەی کە ئەکتەرەکانی گەورەو منداڵن: بەپێی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە ئەم جۆرە نواندنانە زۆر سەرکەوتووتر و چێژ بەخشترن، چونکە ئەو ئەکتەرە منداڵانەی کە لە ڕێی ئەکتەرە گەورەکانەوە بەشداری دەکەن زیاتر فێر دەبن لە هەمان کاتیشدا دووچاری (لووتبەرزی و لەخۆبایی بوون) نابن و دەکرێت

ماموستا و چاودێر و ئەکتەرانی تر لە خوێندنگەکاندا هاوبەشی دراما و شانۆیی و ئۆپەرێتەکان بن وەک نواندن بۆ ئەوەی کارەکە ئاسانتر بێ و خۆشەویستی منداڵەکانیش بۆ کارەکە بەدەست بهێنن، چونکە هەندێک کەسێتی هەیە پێدەچێت لە توانایی و بەهرەی منداڵەکاندا نەبێت، بۆ نموونە (دایک و باوک و باپیرەو داپیرەو بەیتبێژ و قەرەقۆز و مامەپیرە ....تاد).

## سێیەم/ دەرهێنان

لە خوێندنگەکاندا دەرهێنەر (ڕاهێنەر) ئەو ماموستاو سەرپەرشتیکارەیە کە فێرکردن و نواندنی کۆمەڵێک چالاکی سەرەتایی جێبەجێ دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێی یارییەکانەوە پەی بە بەهرەو توانایی نواندن ببات لای منداڵەکان، پاشان هەڵبژاردنی دەق، یان نووسین و داڕشتن و کورتکردنەوەو دواتر کاری ڕاهێنانی ڕۆژانە و دابەشکردنی کارەکتەرەکان و زۆرجار خۆشی کاری نواندن و جووڵەو سەماکان جێبەجێ دەکات. کەواتە کارەکەی ئاسان نییە و هیلاکی و لەخۆبوردەیی و پشوودرێژی دەوێت بۆ ئەوەی مەبەستە گرنگە پەروەردەییەکەی خۆی بگەیەنێت، هەر بۆیە کاری ڕاهێنان و دەرهێنان لە خوێندنگەکاندا گەلێک قورسترە و مەزنترە لەلایەک وەک ڕاهێنەر و فێرکار و ماموستا کارەکەی دەکات، لەلایەکی دیکەوە هونەرمەند و دەرهێنەر و داهێنەرەو بۆ دەرخستنی وزە و توانایی و چالاکی منداڵەکان تێدەکۆشێت و هەوڵی گەشەپێدانی کاری هەرەوەز و هاوکاری و پێگەیاندنی حەزو ئارەزوو و خەونەکانیان دەدات لەکاتی بێکاری و بۆ پاڵپشتی وانەکانی تری ناو خوێندنگەکان.

کەواتە پێش هەموو شتێ پێویستە شارەزاییەکی باشی لە بواری سایکۆلۆژی و دنیابینی منداڵان بەگشتی و قۆناغ و گەشەی هزری و بیر و هۆشی منداڵانی باخچەی خوێندنگەکان هەبێت و لە ڕوانگەی جیهانبینی و تێگەیشتنی ئەوانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و دووربکەوێتەوە لە مامەڵەی وشکی تەقلیدی (ماموستاو خوێندکار) و لە هەڵبژاردنی بابەتی دەقەکە، یان ئامادەکردن و داڕشتنەوەدا دەبێت ڕەچاوی کاریگەریی دەقەکە بۆ سەر بینەران بکات (چونکە چ ئەکتەر و چ بینەرەکان هەموویان منداڵی تەمەنی ٣-١٥ ساڵانن، دیارە پاشتر پرۆسەی ڕاهێنانی منداڵەکان دەست پێدەکات. لێرەدا پێویستە ئەو ماموستایە- دەرهێنەر- باکگراوندێکی کولتووری ڕووناکبیری گشتی لە بارەی منداڵ و سایکۆلۆژیا و قۆناغ و تەمەن و جۆری مامەڵەو ڕەفتارکردنەوە لە گەڵیاندا هەبێت، هەروەها باشترە ماموستای دەرهێنەر شارەزایی هەبێ لە زمانەوانی و کولتووری گشتی و نواندن و دەنگ و دەمودوو و جلوبەرگ و دیکۆر و دیمەنەکان و موزیک و کاریگەری دەنگ و ڕەنگییەکان، سەرەڕای هەبوونی مەرجی سەرپەرشتی و سەرکردەکردنی گرووپی نواندن و شانۆ، بۆیە پێویستە کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی هونەری لە کەسێتی خۆیدا هەبێت، وێڕای بنەما کۆمەڵایەتی و ئاکاری و ئیلتیزام و توانایی سەرپەرشتی و سەرکردەیی کردن:

١- مامەڵەی لەگەڵ منداڵەکاندا پەسەند و شیاو بێ و ڕەچاوی کەسێتی سەربەخۆی هەر یەکەیان بکات.

٢- ڕێز لە توانایی و بیروبۆچوونیان بگرێت و توانایی و بەهرەکانیان گەشە پێ بدات و لەکاتی شەکەتی و بێزاربوونیان پشووی جەستەیی و دەروونیان پێ ببەخشێت.

٣- شارەزاییەکی باشی بواری پەروەردەیی و فێربوون و سایکۆلۆژیای نوێی منداڵانی هەبێت.

٤- سەرزەنشت نەکردنی منداڵەکان و گاڵتە نەکردن بە بسکۆو نەتوانینی گوزارشت و نواندنیان.

٥- ڕێکخستنی ئیشوکارەکانی لەگەڵ بەڕێوەبەرو ماموستایانی تردا لەکاتی ڕاهێنان و نمایشدا و سوود وەرگرتن لە تێبینی و سەرنجی ئەوان لەبەرهەمەکەیدا.

٦- بیری تیژ و سەرنجی خێرا بێت لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەیەکدا لۆژیکیانە هەوڵی کپ کردنەوە و چارەسەر بدات.

٧- سەرپەرشتی کردن و دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی تری وەک (موزیک، ڕووناکی، دەنگ و دیکۆر) بۆ ئەم مەبەستە زۆر پێویست بە هاوکاری ماموستایانی پسپۆڕی ئەو بوارانە دەکات.

٨-

## چوارەم/ ڕەگەزە هونەرییەکانی تر

ئەو ڕەگەزانەن کە لەپێکهێنان و پراکتیزەکردنی بەرهەمێکی شانۆییدا ڕۆڵی کاریگەریان هەیە:

١- دیکۆرو دیمەنەکان: ئەو شوێنەی کە ئەکتەر کەسێتییەکەی تێدا بەرجەستە دەکات لەسەر تەختەی

شانۆ بە دیکۆر و دیمەنی شانۆییەکە ناو دەبرێت، پێویستە ئەو شوێنە لەگەڵ ڕووداوەکاندا گونجاو بێت و هاوشانی کات و زەمەنی ڕووداوەکان بێت بۆ ئەو مەبەستە بۆ دروستکردنی بەشەکانی دیکۆرەکە و نیگار و دیمەنەکان پێویست بە هاوکاری مامۆستای شێوەکار دەبێت و لە ئەنجامدانی نەخشەو نیگار و دیکۆرەکەدا پێویستە ڕەچاوی دوو خاڵی گرنگ بکرێت:

أ-ئەو ژینگەو دەوروبەرەی کە شانۆییەکەی تێدا ڕوودەدات، یان شانۆییەکە (ڕووداوەکانی) لە چ شوێن و جێگەو ناوچەیەکدا ڕوودەدەن.

ب-ئەو کات و سەردەمەی کە شانۆییەکەی تێدا ڕوودەدات، واتە ڕووداوەکان لە چ کات و سەردەمێکدا ڕوویان داوە، یان ڕوودەدەن.

پاش ڕەچاوکردنی ئەو دوو خاڵە، دەرهێنەر بەپێی داواکاری دەقەکەو بیروبۆچوون و تێڕوانینی خۆی و کات و شوێنی ڕووداوەکان- شوێنی دیاریکراو- دیکۆر و دیمەنەکان دیاری دەکات و لە ڕێی مامۆستای شێوەکارییەوە نەخشەیەکی گونجاو و ڕەنگاوڕەنگ و سەرنج ڕاکێش دەکێشێت و وا باشترە لە باخچەی ساوایاندا دیکۆرەکان ڕەگەزی زیندوو و نیگار پێکەوە تێکەڵ بکرێن بۆ نموونە: ئەگەر دارستان بوو لەگەڵ نەخشەی دارستانەکە بە نیگار لەسەر سایکی دواوەی شانۆ دەتوانرێت چەند دارودرەختێکی ڕاستەقینە لە پەناو تەنیشت (کەوالیس)ەکان دابنێت و تەواو جێگیریان بکات، بۆ ئەوەی نەکەون. کە دیارە ئەم پرۆسەیە زۆر سەرنجڕاکێش و چێژ بەخشە لەلای منداڵ، دەبێت لە کاتی نەخشەدانانی دیکۆرەکەدا هۆڵی نمایشەکەو جۆری مادەو پێداویستییە بەکارهاتووەکان لەگەڵ تێگەیشتن و بینین و حەزو ئارەزووی منداڵان و ساوایاندا گونجاو و شیاو بێت و کەمترین گۆڕانکاری لە سایک و دیکۆری دیمەنەکاندا هەبێت.

٢- ڕووناکی: ئەرکی ڕووناککردنەوە و دیاریکردنی کات و شوێنی نمایشەکە (دەقەکە) لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەو مەبەستە دەرهێنەر پاش ئەوەی (هۆڵ) شوێنی نمایش دیاری دەکات و دیکۆر و دیمەنەکان نەخشەو ئامادە دەکات و جلوبەرگ و پێویستییەکانی تر جێبەجێ دەکات، کاری ڕووناکی دەست پێدەکات و لێرەدا ئەو ئامێرە ئاسانە بەکارهاتووانە سازدەکات کە ئەرکی ڕووناکی دیمەنەکان لەخۆ دەگرن، لەوانەش (پرۆجکتۆر، بەیبی لایت و سپۆت و فولولایت....) کە لە هەموویان ساناتر (پرۆجکتۆرەو ئەگەر نەشبوو، ئەوە دەکرێت گڵۆپی سپی و زەرد) بەکار بێ بۆ کاری ڕووناکی کە پێویست بەهاوکاری مامۆستایانی تر دەکات. بێ گومان دەبێ ڕەچاوی ڕەنگەکان بکرێت و ئەو ڕەنگە بەکارهاتووانەی کە هەن لەگەڵ ڕەنگی دیکۆر و دیمەنەکان و جلوبەرگ و ئارایشت دژیەک نەبن و کار لە گۆڕینی ڕەنگەکانی تر نەکەن، لەگەڵ تێبینی بەکارهێنانی جۆراوجۆری و ڕەنگاڵەیی لە ڕەنگی ڕووناکیدا، بە تایبەتی لە دیمەنە جووڵە و سەمائامێز و فەنتازییەکاندا. شایانی سەرنجە زۆر کات ئەو نمایشی ئۆپەرێت و شانۆییانە لەناو باخچەکاندا لە گۆڕەپانی باخچەکە پێشکەش دەکرێن، یان هۆڵێکی تەخت (فلات) دا نمایش دەکرێن، کە لێرەدا تیشکی خۆر کاری ڕووناککردنەوە دەگێڕێت و (ئامێرەکانی ڕووناکی) هیچ کاریگەرییان نامێنێت.

٣- جلوبەرگی شانۆیی: پاش ئەوەی ڕاهێنانی نواندن بەردەوام دەبێت و نمایشکردنی شانۆییەکە نزیک دەبێتەوە، پێویست دەکات دەرهێنەر و ئەکتەر و ئەوانی دی جلوبەرگ و پێویستی پۆشاکی هەریەکە لە کەسایەتییەکان دەستەبەر بکەن، یان لە ڕێگەی کڕین و دوورینەوە پەیدا دەبێت، یان بە وەرگرتن بۆ ئەو مەبەستەش پەنا دەبرێتە بەر سادەیی و ساکاری کەرەستەو جلوبەرگ و بەرگەکان و دەمامک و کەڵڵە سەری ئاژەڵ و باڵندە و کەسێتییەکانی تر، کە بەپێی مەودای (سروشتی و دەروونی و کۆمەڵایەتی) و کات و شوێنی ڕووداوەکان و دەقەکە جلوبەرگەکان دیاری دەکرێن، یان دەرهێنەر خۆی یان شارەزاییەکی تر نەخشەی پۆشاکەکان ئامادە دەکات و چاودێر و کەسانی تر هاوکاری پەیداکردنی ئەم جلوبەرگانە دەکەن، یان لە ڕێی بەرگدروویەکی بەسەلیقەو شارەزاوە دەدوێن و ئامادە دەکرێن. ئەوەی جێی سەرنجە، پێویستە چەند ڕۆژێک بەر لە نمایش جلوبەرگەکان ئامادەبن و لەبەر بکرێن و لەلایەن منداڵەکانەوە بۆ ئەوەی تاقی بکرێنەوە لە کەموکورتی و تەسکی و بچووکی و گەورەیی و هەندێک جار دیمەنی عەنتیکەی کارەکتەرەکان دەبێتە مایەی پێکەنین و نەگونجانی، بۆیە زۆر پێویست بە تاقیکردنەوە دەکات پێش نمایشکردن، هەروەها هەوڵ بدرێت بۆ کەمکردنەوەی (بڕی تێچوون) سوود لەو جلوبەرگە بەکارهاتووانە وەربگیرێت کە پێشتر لەشانۆدا بەکارهاتوون، یان سوود

له خام و بلووری و قوماشی هەرزان و ئاسانی بەکارهاتوو لای دەرهێنەر و بەڕێوەبەری باخچەکان وەربگیرێت.

٤- ئارایشت: بۆ گۆڕینی سیماو دیمەنی ئەکتەرێک بۆ کارەکتەرەکەی، پێویست بە بەکارهێنانی هەندێک ماددەی دروستی ئارایشت دەکات، چونکە لەگەڵ پۆشینی جلوبەرگە ئامادەکراوەکەی خۆیدا وا دەخوازێت بە هەمان شێوە لەو کەسێتییە نزیک بێتەوە کە لەمانە گرنگتر ئەوەیە کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیشی بەپێی کەسێتییەکە بگۆڕێت، جا لێرەدا ئەوەی گرنگە باس بکرێت، ئەو ماددە بەکارهاتووانەیە کە ناتەندروست نەبن و کاریگەری سەلبی لەسەر دەموچاو و پێستی ناسکی منداڵەکان دروست نەکەن، بۆ بەرگرتن لەم حاڵەتەش پێویستە هەوڵ بدرێت بە کەمترین ڕێژە ئارایشت و ماددەی ئارایشت بەکاربهێنرێت و لەبری ئەوە سوود لەو ماسکانە وەربگیرێت کە بەکارهێنانیان ئاسانە، بۆ نموونە کارەکتەری ڕێوی دەتوانرێت ماسکی کەللەسەری ڕێوی و گوێکانی و لامل و پشتی بکرێتە بەر منداڵەکەو ئیدی پێویست بە ئارایشت ناکات، یان لەکاتی پێویستدا کە ئارایشت زۆر کاریگەرە، ئەوسا پەنا ببرێتە بەر ئەو ماددانەی کە کەمترین ماددەی کیمیاوی و چەوریان تێدایە و شیاون بۆ دەموچاو.

٥- موزیک و گۆرانی و کارتێکەرە دەنگییەکان: بۆ زیاتر جۆشدانی ڕووداوە درامییەکان و بۆ بەچێژکردن و جوانکردنی دیمەنەکان و باشکردنی نواندنی منداڵەکان وا پێویست دەکات کە موزیک و گۆرانی لەسەرەتا و نێوەند و کۆتایی نمایشەکەدا هەبێت و بەپێی پێویست کارتێکەرە دەنگییەکان لەکات و شوێنی خۆیدا بەکار بهێنرێت، بۆیە لەم کردەیەدا مامۆستای (میوزیک) هاوکاری دەکات و ئاوازو گۆرانییەکانی ئامادەو ساز دەکات و لەلایەکی ترەوە ڕاهێنان و پرۆڤەیان پێدەکات و دەرهێنەریش بەپێی ڕەزم (ئیقاع) و بەزمی ئاوازی گۆرانییەکان جووڵەی ئیقاعی و گوزارشتی و سەما و هەڵپەڕکێی پێویست دادەنێت و پرۆڤە بە منداڵە ئەکتەرەکان، یان منداڵانی تر کە وەک سەمازان بەکار دەهێنرێن. لەبەر زۆر پێویستی و پێگە و ڕۆڵی گرنگی گۆرانی و موزیک لە ئۆپەرێت و بەرهەم و شانۆییەکانی منداڵان بەگشتی و باخچەی ساوایان بە تایبەتی، ناکرێت بەهیچ شێوەیەک ئەم ڕەگەزە گرنگە فەرامۆش بکرێت و لەبەر هەر پاساوێک بووە پشتگوێ نەخرێت، بۆیە لە سەرەتای دانان و هەڵبژاردن، یان داڕشتنی دەقەکەوە پێویست بە دانانی کۆمەڵێک هۆنراوەی پەروەردەیی دەکات بۆ چڕکردنەوەی ڕووداوو بابەت و گۆڕانکاری لە کات و شوێن و ڕووداوەکان کە زەحمەتە بە دیالۆگ و نواندن بکرێن. لێرەدا دەکرێت لە ڕێی هۆنراوەو پاشان ئاوازدانان و گۆرانی و جووڵەو سەماکانەوە ئەو ڕۆڵە دیاری بکرێت. خۆ ئەگەر مامۆستای تایبەت بە (میوزیک) لەباخچەکەدا نەبوو ئەوە، یان بەسەلیقەو توانایی دەرهێنەر خۆی، یان بە پشت بەستن بەکەسانی شارەزاو موزیکی دەرەوەی باخچە، ئاواز و گۆرانییەکانیان بۆ ئامادە بکرێت.

٦- سەماو جووڵەکان: بەپێی ڕەزم و ئاوازی گۆرانییەکان بۆ جوانترکردن و بەچێژکردنی هەموو نمایشەکە، یان ئۆپەرێتەکە وا دەخوازێ کە کۆمەڵێک جووڵەی ئیقاعی، یان گوزارشتی، یان سەماو باڵێ و هەڵپەڕکێ و بزاوتی شانۆیی تر ڕەونەق و جوانی زیاتر ببەخشێتە گۆرانییەکان، ئینجا یان ئەوەتا ئەو منداڵانەی کە خۆیان کاری نواندنی کارەکتەرەکان جێبەجێ دەکەن و هەرخۆیان جووڵە و سەماکان دەکەن، یان دەکرێت کۆمەڵێک منداڵی تر بەجلوبەرگی ناسک و جوانەوە ئیقاع و جووڵەکانیان بە ڕێکخراوی بە ئەنجام بگەیەنن و تەعبیر لە حاڵەتەکان بکەن. میوزیک و گۆرانی و جووڵەو سەماکان لە شانۆیی خوێندنگەکاندا لە ڕەگەزە هەرە گرنگ و بەچێژەکانن کە مایەی سەرنج و دڵخۆشی و ئاسوودەیی منداڵانن، بۆیە پێویستە سەرنجی زیاتریان بخرێتە سەر وێرای دیکۆرە جوان و ڕەنگاوڕەنگەکان و جلوبەرگە جۆراوجۆر و پێویستەکانی تر، بەرهەمێکی شانۆیی کە ئەم ڕەگەز و پێکهاتانە هەموویان پێکەوە نمایشەکە جوانتر و پەروەردەییتر و پڕ ماناتر دەکەن و لە هەمان کاتدا کە منداڵە ئەکتەرەو بەشدارەکان چێژ و خۆشی لێوەردەگرن و منداڵە بینەرەکانیش بەقربوەو پێکەنین و تێڕامان و سەرنجەوە لە نمایشەکە ئامادە دەبن.

**پێنجەم/ هۆڵ و شوێنی نمایش و بینەر**

بێ گومان لە زۆربەی خوێندنگەکاندا هۆڵێکی گونجاو و پڕاوپڕ لە پێداویستییەکانی هۆڵی شانۆ نییە و ئەگەر هەشبێت وەک پێویست نییە و لە هەندێک ڕووەوە کەموکورتی هەیە، چونکە ئەوەی پێویستە هۆڵێکی

گــونجــاو و مـــامناوەندی کـــە نە زۆر پان و بەرین و گـەورەبێت و نە زۆر تەسک و بچـوک بێت و تەختـەی شانۆیەکەی نزم و داپۆشراو بە تەختەو داری تایبەتی بێت و شوێنی دانیشـتنی بینەرەکـان بەشێـوەی قالدرمـەی لە نزمــەوە بۆ بەرز و... تاد، هەروەها پێــویست دەکـات کورسی ڕیزکراو بێت، سەرەڕای پێداویستییە تەکنیکی و هونەرییەکانی تر، ئینجا بێ گومان ئەم جۆرە هۆڵە ئاسان نییـە و دەسکەوتنی زەحـمـەتە. خۆ ناشکرێت پاش ئەو هەموو هیلاکی و ڕاهێنانە، نمایشەکە پێشکەش نەکرێت، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر ئەو هۆڵە تەخت (فلات)ـەی کە لە خوێندنگەکاندا هەیە و شێوەی شانۆو (تەختەی شانۆ)ی بۆ دەستــەبەر دەکـرێت، یان بەو کــورسی و مـێــز و پێویستییانەی کە لە باخچەکە هەن، شوێنی دانیشـتنی بینەرەکـان جیـا دەکرێتەوە، دەشکرێت بەشێـوەی شانۆی بازنەیی و خڕ ناوەڕاسـتی هۆڵـەکـە تەرخـان بـکەین بۆ شوێنی نواندن و چوار دەوری ئەویش بۆ شوێنی بینەران، یان هەر شـێــوەیەکی تری دانانی شــوێنی بینەران کـە ئاسانتر و شیـاوترە (ئەمە لەکاتێکدا کە هۆڵی تایبەتی شانۆ و تەختەی شانۆ و قالدرمەی بینەران نەبێت). خۆ ئەگـەر ئەم جۆرە هۆڵ و سـالۆنانە لە باخچـەکـەدا نەبوون، ئەوە دەتوانرێت لە گۆڕەپانی باخچەکەدا (تەختەی شانۆ) و شـوێنی بینەر جـیـابکرێتـەوە و ئامادە دەکـرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ڕەچاو بکرێت: شوێنی دانیـشـتنی بینەران گــونجــاو بێت و ناڕەحــەت نەبن (بۆ نموونە ڕوویان لە تیشکی خۆر نەبێت)، یان شوێنی دانیشـتنەکەیان تەڕ، یان لێژ نەبێت، یان تەپوتۆزاوی، یان قـوڕاوی و پیس و پۆخڵ، یان بەردەڵان نەبێت، هەروەها مـەودای بینین لە هەمـوو لایەکەوە ئاسان بێت و هەوڵی قـالدرمـەو پەیژەو بەرز و نزمی بدرێت بۆ ئەوەی بینەران لەیەکەم ڕیزەوە بۆ کۆتایی بەئاسانی ڕووداوەکان ببیـنن و گەیشتنی دەنگی ئەکـتـەرەکـان ئاسـان بێت، بەمـەش دەنگی ئەکـتـەرە منداڵەکان بەبێ قیژەو زۆر لەخۆکردن دەگاتە دوا کورسی و دوا بینەری نمایشـەکـە. ئەمـە هەمـووی پێـشـنیـارە و دەکرێت دەرهێنەر بەبۆچوون و دنیـادیدەیی خۆی چەندین خەون و خولیـا و دیدی جوانتـر و شیـاوتری لە هەگبـەدا هەبێت لە چۆنیـەتی داڕشتن و ڕاهێنان و ئامادەسازی و بەرهەمــهــێـنان، پاشــان نمایشـکردنی شـانۆیی، یان ئۆپەرێتـەکـەی بۆ منداڵەکـانی ئەو باخـچـەیەی کە منداڵ یەکـەم پیتی لێ وەردەگرێت و یەکـەم زانیـاری لێـوە فێـر دەبێت.

### ئاکام

بێ گــومــان ئەم چەند لاپەڕەیەی کــە لە بارەی پێگەو مـەزنی شانۆیی منداڵانەوە نووسـراوە، لە ژیانی منداڵی خوێندنگەکاندا هەمووی وەک (مەرەکەبی سەر کاغەز) دەمێنێتـەوە، ئەگـەر مامـۆستا- چاودێر- سـەرپەرشتیـار بەتایبـەتی مـامـۆسـتـای دەرهێنەر بە وریایی و سـەلیـقـەو زیرەکی و ڕووناکـبـیـری و کـولتـووری گـشـتی و دیدو بۆچوونی خـۆی کـاری پێ نەکـات و هەوڵی گـەیاندنی نەدات بۆ ئەو منداڵانەی کــە لاپەڕەیەکی سـپی پاک و ڕوون و بێ گــەردن و چاوەڕێی نووسین و چاندنی بیــری پاک و کرداری جـوان و بیـرکـردنەوەو عـەقڵی فراوانن، بەدڵنیـایی مامۆستای وانەی شانۆ - دەرهێنەر لە هەمـوو ئەم کــارەیدا و لە گــەیاندنی زانیـاری دروست و تەواوی شـــانۆ و شـــانۆی منداڵانی باخــچـــەی ســاوایان و خـوێندنـگەکـانـدا و لە هەڵبــژاردنی دەق، یان نووسین و داڕشتن و دوایی ڕاهێنان و پرۆڤـــەکـــردن بـە منداڵـە ئەکتـەرەکان و ئەوانی تریشدا لە ئامادەکردنی نمایشـەکەو ڕەگەزە تەکنیکی و هونەری و پێداویسـتـیـیـەکـانی تردا، ئەرک و ماندووبوون و هیلاکییەکی زۆر دەکێشێت، بەڵام دیارە ئاکـامـەکـەی زۆر جـوان و گـەورەو پیـرۆزە، چونکە جگە لەوەی کە هونەرێکی جوان و ڕەنگاڵەیی پێشکەش دەکــات، کــۆمــەڵـە منداڵێکی چالاک و بەهرەمــەند و گوێڕایەڵ و هونەردۆست و وریا و زیرەک دروست دەکات، کە لە ئایندەدا شانۆکاری چالاک، یان بینەری بەچێژ دەبن بۆ شانۆ.

**ژێدەر:**

**بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:**

**١- ادب الاطفال - د. هادي نعمان الهيتي.**

**٢- مسرح الاطفال - وينفريد وارد.**

**٣- في مسرح الاطفال - عبدالفتاح ابو المعال.**

**٤- في المسرح المدرسي - د. عوني كرومي.**

**٥- النمو والتطور العقلي عند الطفل - جان بياجه.**

**٦- کـۆمـەڵێک وانەی شـانۆی منداڵ و قـوتابخـانەی خـۆم لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی.**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**چاوپێکەوتن لەگەڵ د. جەمال ڕەشید ئەحمەد**

د. جەمال ڕەشید ڕۆژی (٣/٦/١٩٤١)، لە ناو قەڵای شاری کەرکووک چاوی کردۆتەوە. وەک پسپۆڕێکی بواری مێژوو کە تا ئەمڕۆ چەندین لێکۆڵینەوە و کتێب و نووسینی لەم بوارەدا بڵاوکردۆتەوە، هەوڵمان دا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێزیان ساز بکەین، دواجار بە یارمەتی بەڕێز (د. کوردستان موکریانی)ی هاوسەرییەوە، بە سوپاسەوە ئەم کارەمان بۆ هاتە دی.

سەرەتا داوامان لە بەڕێزیان کرد کورتەیەک لە قۆناغەکانی مێژووی ئادەمیزاد لەسەر ڕووی زەمین بە گشتی باس بکات؟

بەڕێزیان وەک پێناسەیەکی خێرا باسی لە قۆناغە هەرە کۆنەکانی ژیانی مرۆڤ کرد تا بە قۆناغی کشتوکاڵی گەیشت، کە لەم قۆناغەدا مرۆڤ جگە لە سەرقاڵبوون بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە، وردە وردە دەستی بە نیشتەجێبوونیش کردووە، ئا لەو ساتەوە پەرستگەیشی دروست کردووە، بۆ ئەوەی تێیدا تکا و نزا و ستایش و پاڕانەوە لە خواوەندەکان بکات، بەڵکو لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ خۆی لە هێزەکانی شەڕ و تۆقێنەری وەک هەورە تریشقە و لافاو و هی دی بپارێزێت. هەر لە سەرەتاشەوە ئەم بۆنانە لەناو پەرستگەکاندا بە پشت بەستن بە (دەنگی ئادەمیزاد بۆ گوتن) و بە (کوتان و ژەنینی هەندێ ئامێری سەرەتایی موزیک)ەوە بەڕێوەچوونە. دیارە مەبەستی بەڕێزیان ئەوەیە: کە هەر لە زووەوە مرۆڤ ژەنینی ئامێری موزیک و دەنگی خۆی لەناو پەرستگەکاندا بە شێوەی ستایش گوتن بۆ ئەو مەبەستە و بۆ مەبەستی دیکەیش بەکارهێناوە و لە کوردستانیشدا زەمینە لەبار بووە و کەرەستەی خاو بۆ دروستکردنی ئامێرەکان زۆر بووە، بۆ دروستکردنی دەیان کەرەستە و ئامرازی پێویستی ژیانی ئەو سەردەمە کۆنانە، لەوانەیش



**د. جەمال ڕەشید**

ئامێرەکانی موزیکیان بەکارهێناوە، کەرەستە خاوەکانیش وەک داری جۆراوجۆری ناو دارستانە چڕەکان و ئێسکی پەلەوەر و گیانلەبەرەکانی دی کە لەناو ئەو دارستانانەی ناوچەکەدا ژیاون.

دواتر بەڕێزیان باسیان لەوە کرد کە خۆرییەکان ئەسڵ و بنەچەی کوردن و هەر لە دێرزەمانەوە لە کوردستان بوونە و دانیشتووی ئەسڵی ئەم ناوچەیە بوونە و هەر لە سەرەتاشەوە لێرەدا ژیاون، هەرچەندە ئەمڕۆ لە دنیادا هەندێ نەتەوە هەن شانازی دەکەن و لافی ئەوە لێدەدەن کە خوورییەکان بناغەی نەتەوەی ئەوانن! وەک ئەرمەنەکان و نەتەوەی دیکەیش! بۆیە دکتۆر پرسی: باشە ئەگەر خوورییەکان باوک و باپیری ئەوانن، بۆچی لێرە لە کوردستان ژیاون؟ خۆ شوێنەوارەکانی خوورییەکان کە لە کوردستان دۆزراونەتەوە باشترین بەڵگەن کە ئەوان لێرەدا ژیاون و بەو پێیە دەبێ باوک و باپیرە گەورەی کوردان بن، بۆ نموونە شوێنەوارێک کە تایبەتمەندە بە هونەری موزیکی خوورییەکانەوە لە (نوزی) لە نزیک (لەیلان) لە لای کەرکووک دۆزراوەتەوە و بریتییە لە کەسێک ئامێرێکی (تەمبوور) دەژەنێت، مێژووی ئەو پەیکەرە بۆ (٢٠٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمە کۆنانەدا قەت لەتواناییدا نەبووە ئەم شوێنەوارە کە لە قوڕی سوورەوەکراو دروست کراوە لە شوێنێکی دیکەوە بۆ ئێرە بهێنرێت!

هەروەها د. جەمال ڕەشید گوتی: جگە لەو شوێنەوارەی باسمان کرد، ساڵێکیان بارانێکی یەکجار زۆر باری و شوێنێک لە ناو قەڵای کەرکووک داتەپی، سەیریان کرد ژوورێکە تا ساپیتەکەی پڕە لە تابلۆی لە قوڕی سوورەوەکراو دروستکراو، کە مێژووی پێنج بنەماڵەی کەرکووکی گرتبووە خۆی! ئەو پێنج کەسە چەند کوڕ و نەوەیان هەبووە و چی زەوی و زار و ئەملاک و شتی دیکەی کە هەیانبووە، هەموویان لەو خشتانەدا تۆمارکرابوون! د.جەمال گوتی: ئەم کارە زەحمەتە کاری تاکەکەسێک، یان چەند کەسانێک بووبێت، بەڵکو کاری حکوومەتێک بووە، کە لەو سەردەمە کۆنانەدا حوکمڕانی ئەو ناوچانەی کردووە.

جا بۆ زۆرتر ئاگاداربوون لە حوکمی ئەو سەردەمانەی (حووری، خووری، هووری)یەکان، پشتم بە (٢) نووسین بەستووە: ڕۆژنامەی (ألاتحاد)ی ڕۆژی سێشەممە (٥/١٦) کە بە پێنووسی (سیامەند ئیبراهیم) و نووسینێکیش بە پێنووسی (برزۆ محەمەد) کە لە (سایتەکان)ەوە وەرم گرتووە و لە (٢٠٠٥/٤/١١) بڵاوی کردۆتەوە. نووسراوە: نووسەری یەکەم لەو گوتارەیدا باسی (ئیمپراتۆریەتی حوری میتانی) دەکات، کە لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زایین نەخشەی سیاسی لە (کەرکووک)ەوە تا (باکووری سوریا) و تا (باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا)ی گرتۆتەوە. دەڵێت: «حوورییەکان بوون بۆ یەکەمین جار (فەخار)ی ڕەنگاوڕەنگیان لە قوڕی سوورەوەکراو دروست کرد.»، هەروەها نووسیویەتی: « بە گوێرەی هەندێ سەرچاوەوە ئەگەری ئەوە هەیە (پەیژەی حەفت دەنگی) لە ڕۆژهەڵاتەوە، بەڵکو لە باکووری عیراقەوە کە حوورییەکان تێیدا نیشتەجێبوون و موزیکیشیان بە بەشێکی گرنگی شارستانییەتەکەیان داناوە، ئەمە لە (١٤٠٠)ی پێش زایین، بۆ ڕۆژئاوای وڵاتانی عەرەب گوێزرابێتەوە! ئەوەی ئەو ئەگەرەش پشت ئەستوور و بەهێز دەکات، وەک نووسەری دووەم نووسیویەتی ئەوەیە: لە ساڵی (١٩٤٨)ی زایین، لیژنەیەکی شوێنەوارناسی وڵاتی فەڕەنسا کە لە ساڵی (١٩٢٩)وە لە (ئوغاریت – رأس الشمرة) لەسەر کەناری ڕۆژئاوای سوریا بە (٩) کم دوور لە باکووری شاری (لازقییە)، کۆمەڵێکی زۆر لە خشتی قوڕیان دۆزییەوە، کە بە خەتی بزماری نووسرابوون، یەکێک لەو خشتە نووسراوانە کە تا ڕادەیەک پەراوێز خرابوو، لە سێ بەش پێکهاتبوو، زاناکان سەرەتا ئەو هێمایانەی ناو ئەم خشتەیان بۆ لێک نەدرایەوە و تێی نەگەیشتن! ئەم کارەش بووە مایەی

سەرنجڕاکێشانی زانایانی پسپۆڕی بواری زمانە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان، لەوانە (عەمانوێل لاروش) مامۆستای زانکۆی (ستراسبورگ) لە وڵاتی فەڕەنسا، کە دەستی کرد بە وەرگێڕان و ڕاڤە و شیکردنەوەی هێماکانی ناو خشتەکە و دواتر لە دیراسەتێکی گرنگدا کە لە (موجەلەدی پێنجەم)ی گۆڤاری (ئوغارتیکا)، کە بە زمانی فەڕەنسی دەردەچوو، تێیدا باس لەوە دەکات کە ئەم خشتەیان هێماکانی (سروود)ێکی گرتۆتە خۆ تایبەتمەندە بە خودایەک بە ناوی (ئورخیا) و لەوانەیە (ئورفا)یش بێت، هەروەها ئەو زانایە بۆی دەرکەوتووە کە بەشی سەرەوەی ئەو (خشتە فەخارە ئوغاریتە) بە زمانی (حووری) نووسراوە، واتە زمانی حوورییەکان کە هەر لە کۆتایی سەدەی هەژدەمینی پێش زایین تا سەدەی پازدەمینی پێش زایین حوکمی وڵاتی دوو ڕووبارەکە و وڵاتی شامیان کردووە، هۆنراوەی ناو ئەو خشتەیش باس لە خواوەند (نیکال)ی هاوسەری خواوەندی مانگ دەکات، کە ڕستەی زۆر ڕۆمانسی تێدا بەکار هاتووە وەک: (خۆشەویستی دڵ، و هی تر) کە شێوازێکی شاعیرانەی هەست ناسکی تێدا بەکار هاتووە، بەڵام بەشی خوارەوەی ئەو خشتە (نۆتە)کانی ئەو سروودەی تێدا نووسراوەتەوە، بەڵام بە زمانی ئەکادی (بڕگەیی)، کە زمانی ئاخاوتنی فەرمی ئەو سەردەمانە بووە، بە کورتی ئەو خشتەیە لە بەشی سەرەوەی (٤) دێڕ هۆنراوەی تێدا نووسراوە بە زمانی (حووری) و لە بەشی ژێرەوەیشی هێما و نۆتەکانی ئاوازەکەی بە زمانی ئەکادی تیادا نووسراوەتەوە.

پرسیارم لە د. جەمال کرد و گوتم: ئایا ئەم شوێنەوارانە ئێستا لە کوێن؟

– لە (ئەمەریکا)ن و لەوێ لە موزەخانەدا بۆ نمایش دانراون. دکتۆر درێژەی بە قسەکانی خۆیدا و گوتی: خوورییەکان لەگەڵ ئەو نەتەوە کۆچەرییانەی دواتر بۆ ناوچەکەمان هاتوون و تێیدا نیشتەجێ بوون، تێکەڵ بوونە، ئەو نەتەوانەی لەو سەردەمە کۆنانەوە لە کوردستان ژیاون بە هەر هەموویان ئەسڵ و بنەچەی ئێمەی کوردن.

دکتۆر جەمال پێی ڕاستترە کە بۆ نموونە بگوترێت: هونەری گۆرانی و موزیکی کوردستان، یان کوردستانی، نەک هونەری گۆرانی و موزیکی کورد! پاساوی بۆ ئەم قسەیەش ئەوەیە: ئەگەر لێرەودوا دەستمان بە گەڕان و هەڵکۆڵین و تەنقیب بە دوای شوێنەواری مێژوویی خۆمان کرد، پاشان هەندێ شوێنەوارمان دۆزییەوە کە مێژووی بۆ سەردەمانێک بگەڕێتەوە کە جارێ هێشتا ناوی (کورد) دانەکەوتووە، شوێنەواری دۆزراوەی لەم جۆرە بە هی کێ دابنێین؟ بۆیە ئەو بەکارهێنانی زاراوەی کوردستانی پێ ڕاستترە، هەروەها گوتی: کاتی خۆی وشەی کورد زۆرتر بۆ ئەو هۆز و خێڵە کوردانە بەکارهاتووە، کە کۆچەر بوونە، نموونەی بۆ ئەو قسەیەیش ئەوەیە: کاتی خۆی پاشای (سەلمان پاک) کاتێک (ئەردەشیری ساسانی) داوای ڕەزامەندی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی لەو پاشایە کردووە، وەڵامی (ئەردەشیری) داوەتەوە و بۆی نووسیوە: (ئەی کوردە کۆچبەرەی دەوارنشینەی .....تاد).

* لە کتێبی (ئاواز و گۆرانی) کە لە نووسینی (حامید گەوهەری)یە و ساڵی (١٩٩٤) لە وڵاتی (سوید) بە چاپ گەییوە هاتووە: (سەردەمی (خوسرەو پەرویز)، باسی پیاوێکی دەنگخۆش دەکەن بە ناوی (نیکسا)، هەروەها مەزنترین موزیژەنی ئەو سەردەمەیش (باربود) ناوێک بووە، بەڵام هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر ئێران و شکانی (یەزدگورد) و کۆتایی هاتن بە زنجیرەی ساسانییەکان، هونەری ئاواز و موزیکی نەتەوەکانی جێگیری ئێرانی لەوانە هی کوردیشی ڕاوەستاند!)

– لە سەردەمی ساسانییەکاندا گۆرانیبێژێکی کورد هەبووە، زۆر ناودار بووە، مخابن ناویم وەبیر نەماوە.

* کریس کۆچیرا دەڵێ: کاتێک شۆڕشگێڕی ناوداری کورد (سمکۆی شکاک) کوژرا و ماڵەکەیشی بە تاڵان برا، ئامێرێکی (پیانۆ)یان لە ماڵەکەی دەرهێنا؟

– سمکۆی شکاک لەگەڵ (گراندۆک) نوێنەری (قەیسەری ڕووس – نیکۆلاس) ئەو سەردەمانە لە (تبلیس) کۆبۆتەوە، جا لەوانەیە ئەوساکە ئەم ئامێرەیان بە دیاری پێدابێت. سمکۆ پێشەوایەکی ئازاو نەبەرد بووە، ئەوسا هەموو ئەو ناوچانەی لەژێر دەستدا بووە، جارێکیان لە (بەحرکە) میوان دەبێ، (ئەدمۆنز)ی حاکمی بەریتانیا بە دوایدا دێت و سواری ئۆتۆمبیلی دەکەن کە بۆ (بەغدا) بیبەن، لە هەولێر دەڵێ: ڕایگرن و یەکسەر لە ئۆتۆمبیلەکە دادەبەزێت و پێیان دەڵێ: من لەگەڵتان نایەم! کە لێی دەپرسن بۆ؟ دەڵێ: چونکە گەورەی من (مەلیک مەحموود)ە و دەبێ پرس بەو بکەم، ئەگەر ئیزنی دام ئەوکاتە لەگەڵتان دێم! هەروەها گوتی: (مارشەمعوون) ڕۆژێکیان بە سواری ئۆتۆمبیلێکی (تەنتە)ی بە (١٠٠) سوار دەورەدراوەوە، بۆ لای سمکۆی شکاک دێت، ئەوکاتە ئینگلیز وادەیان بە مارشەمعوون دابوو دەوڵەتی بۆ دابنێن، بۆیە

مارشەمعوون هەر ئەو ڕۆژە بە سمکۆی گوتبوو: تۆ ئەو ناوچانەم بۆ داگیر بکە، من دەبم بە پاشا و ئەوکاتە (خود موختاری)یەکیش بە تۆ دەدەم! سمکۆش کە پێشەوایەک و قارەمانێکی کوردی کەم وێنە بووە، بە بیری خۆی لێکی داوەتەوە کە دەبێ بچێت کوڕی کوردی بۆ بە کوشت بدات و دواجار هەموو ناوچەکانی بۆ بگرێت و تەسلیمی دەستی مارشەمعوونی بکات! بە بیری ئەوسا واتە تەسلیمی گاورێکیشی بکات، بۆیە هەر ئەو ڕۆژە سمکۆی شکاک لە بەرچاوی چەکدارەکانی خۆیدا مارشەمعوونی کوشت. کە دواتر بووە هۆی تێداچوونی خۆیشی.

* وەک مێژووی نەتەوەی کورد چیترتان لەلایە؟

– کابرایەکی ئەرمەنی هەیە مێژووی (ئوورارتووی) نووسیوە، لە (بەیرووت) ئەو کتێبە بۆ عەرەبی وەرگێڕدراوە و چاپ کراوە، ئوورارتوو لە ناوچەی (شەمزینان) دەوڵەتیان هەبووە و پایتەختەکەیان شاری (وان) بووە، پەرستگەکەیان لە گوندی (موساسیر)ی نزیک شاری (ڕواندز)ـە و لەوێ (مجێسر)ی پێدەڵێن.

* کۆچکردوو (مەسعوود محەمەد) باسی کەسێک دەکات بە ناوی (خضر بن عمر الكوردي الكويسنجقلي موطنا) وەک (د. مستەفا جەواد) بەر لە مردنی بە چەند مانگێک لە پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی (الثورة)دا نووسیویەتی: کە لە ڕێگەی ئەمەوە و کەسێکی دیکەوە بووە زاراوەی مەقامە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ ڕۆژئاوای وڵاتانی عەرەب پەڕیوەتەوە، کەچی هەر بۆ ئەم بابەتە بەڕێز (د. زرار تۆفیق سدیق) مامۆستای مێژوو لە زانکۆی دهۆک ڕای بەو جۆرە بوو: (موزیککار (جمال الدين عمر بن خضر الكوردي بن زاده الداسني)، لە زۆر شوێن ناوی هاتووە، بۆ نموونە: لە کتێبی (الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة)ی (ابن حجر العسقلاني) و کەسێکی ئایرلەندی بە ناوی (جۆرج هێنری فارمەر) و (برۆکلمان) ئەوانە هەموویان باسی ئەو موزیکارە کوردەی دواییان کردووە، کە کەسێکی ناودار و بە توانست بووە. ئەم موزیکارەیان واتە (جەمالەدینی عومەری کوڕی خدری داسنی) هیچ پێوەندییەکی بە ئەوەی دی، واتە (خدری کوڕی عومەری کوردی کویسنجاقلی)یەوە نییە! ئەی تۆ بۆ ئەم مەسەلەیە دەڵێی چی؟

– کۆچکردوو مەسعوود محەمەد نکووڵی لە زیرەکی و لێهاتوویی ناکرێت، ئەوەندە هەیە لە زۆربەی نووسینەکانیدا ڕێگەی ئەکادیمی نەگرتۆتەبەر و لەیەک کاتدا باسی زۆر شتی وەک: سیاسەت و ئەدەب و کۆمەڵایەتی و یاداشت و بابەتی دیکەیشی کردووە، بۆیە بەڕای من ئەو دوو کەسەیشی لێ بۆتە یەک کەس.

* هەر ئەم ماوەیە دوای ئەوەی لە (Enternet)دا سەرقاڵی گەڕان بووم بە دوای نووسینەکانی بەڕێز (د. جەمال ڕەشید)دا، سەیرم کرد (د. شەعبان مزیری) لە بەشی سێیەمی نووسینێکیدا کە پشتی بە نووسینەکانی د. جەمال ڕەشید بەستووە، لە ژێر ناوونیشانی (سەرچاوەکانی مێژووی کوردان) نووسیویەتی: «کوردەکان لە سەدەکانی شەشەم و حەفتەمی کۆچیدا ڕۆڵێکی گەورەیان لە بەرگریکردن لە وڵاتانی ئیسلام و ئایینی ئیسلام هەبوو، لە دژی خاچ پەرستەکان ڕاوەستان و یەکەمین پێکدادان و پێکدادانەکانی دواتریشیان بەرکەوت، لەو بارەیەوە زۆر لەسەر ڕابەری ئەو سەرکەوتنانە (سەڵاحەدینی ئەییوبی) نووسراوە و ڕۆڵی ئەو پێشەوایە لە ڕابەرایەتی سوپای ئیسلامەکان و دواجاریش هەر بەهۆی ڕابەرایەتی ئەوەوە بووە کە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. دواتر د. شەعبان مزیری درێژەی بە باسەکەی داوە و نووسیویەتی: لە وڵاتی کوردان هەتا ئەمڕۆکەش دەبینین، شوێنەواری زۆرێک لە (قەلا) و (حوصن)ـەکان ماون، ئەو باڵاخانە زەبەللاحانەی کاتی خۆی بۆ خۆ قایم کردن تێیاندا و بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان دروستیان کردوون. بە هۆی کەشوهەوای سەختی شاخ و کێوەکانی کوردستانیشەوە کوردەکان مەڕ و ماڵات و وڵاخی بەرزیان ڕاهێناوە و بەخێو کردووە و بەو هۆیەوە شوانیش بوونە، بۆیە کوردە کۆچەرەکان لە ناو ڕەشماڵ و دەواردا ژیاون و هەر لەو سەردەمە کۆنانەوە ئامێری (شمشاڵ)یان ژەنیوە و بۆ کۆکردنەوەی مێگەلەکانیان بەکاریان هێناوە».

**تێبینی:**

**بە مەبەستی پەیداکردنی زانیاری زیاتر لەبارەی موزیکی کوردییەوە بە گشتی و هی ناوچەی کۆیەش بە تایبەتی، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠١١/١٢/٢٩) سەردانی بەڕێز (د. جەمال ڕەشید ئەحمەدم) کرد و لە ماڵەکەی خۆیاندا لە شاری خەونەکان لە هەولێر لەگەڵ هاوسەری بەڕێزیان (د. کوردستان موکریانی) بۆ ئەم مەبەستە بە سوپاسەوە پێشوازییان لێکردم.**

# چەند دەربڕینێک لەمەڕ حەیران

ئەحمەد حەیران

دەقەکانی حەیران لەناو ژیانێکی سەرپێیی و خاکەڕادا خولڤاون، بۆیە ئەوپەڕی ئەمەک و بەها و متمانەی بەرزی مرۆڤ دۆستی و وەفاداری و پەیامبەری و خۆنەویستییان تێدایە، زۆر لە خۆزگە و ئاوات و خواست و ئامانج و داخوازی هەمەچەشنی لەگەڵ خۆدا هاوئامێز و لوول پێچ کردووە، کۆک و ئامادەیە بەکراسی بەری و بەگرێی چارۆگەی دەگەڵ تەنکە لاوی خۆی گوزەر بکات، لەو سەریش لاوی نەرمۆڵە ساز و دەست کراوەیە، دەمانچەی نێک و خەنجەری پشتی لە پێناو کچە حەیرانی مەزاد بکات، تا بەژنی باریکی لێ نەڕەنجێ، ئەمە چ بەهایەکی گران و سەنگینە ڕۆژگار لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، کەچی باهۆز و گەوارەی قۆناغ هات و گشت ئەمانەی پێچایەوە و ئافرەتی کردە کۆیلەی زەبەند و سامان، بەند و کۆتی دیمەنی ڕووکەش و سیمای بێ ناوک و ناوەرۆک بێت، ئەم نازناو و پایە و ستایش و پێ هەڵدانەی لەناو بەند و بەیت و حەیران و لاوک و کەلەپووری زارەکی هەیبووە لە دەست بدات، بەند و هۆنینەوەکان زمان و دەربڕی پێگە و ڕێگەی ئادەمیزادن لەناو کولتوور و ڕۆشنبیریی نەتەوایەتیماندا.

**حەیران وەرە پێکەوە دەستی خۆ تێک بگرین**
**بچینە سەر چیایێ هەیبەت سوڵتانێ**
**هەتا ئەوێ ڕۆژێ**
**خێر و شەڕ بەش دەکرێ**
**خێرمان خێر**
**شەڕمان بەنیوی**

هاوبەشی لەخۆشی و ناسۆری، یەکتر ویستن تا ڕۆژی ئەزەل، ئاوێزان بوون و توانەوە لەناو بۆتەی خۆنەویستی و خۆبەخشیدا.

**حەز لەیەک کردنی**
**خەڵک و عالەمی گوندی مە**

**بەساڵ و مانگە**
**ئەمان هی من و بەژنەکەی باریک**
**دوو چاوی کاڵ و زەندێ بەبازن**
**کابانی ماڵێ**
**قەیدەلحەیاتە**
**بەمردن و ژینە**

لەحەیران و جۆرێک لەدەقە فۆلکلۆرییەکاندا لە چەندین شوێن ئاماژە بەگۆڕ و ژێرخاک کراوە، ئەمە نەک وەک هیوا و چارەنووس، بەڵکو وەک بەڵێن و پەیمان بەستن، کە تا ئەو ساتەی دەخرێنە ژێر گڵ دەستبەرداری یەکتر نەبن و ناپاکی نەکەن و مەیل لەیەکتر نەگۆڕن، تا دەنگی بێڵ دێت و خۆڵ دەخەنە سەر سنگی هیوا بڕ نابێت و دەست لەچاوی کاڵ هەڵناگرێت.

**ئەمن هەنگێ**
**دەست لەبەژنەکەی باریک و**
**دوو چاوێ کاڵ هەڵدەگرم**
**هەتا ئەوێ ڕۆژێ**
**بەکۆمەرەکی برا و برادەران**
**نەمبەنەوە کەرکێ حوسێنێ غازی**
**خرەی بێلان نەیێ لەسەر سینگم**
**تەسمیلم نەکەن بەگۆڕ و خاکێ**

خرەی بێلان واتە دەنگی خاکەناس و بێڵ. ئەم جۆرە ڕەوش و ئاکامانە دەرەنجامی گفت و بەڵێنی دڵسۆزییە، پەیمانێک کە سوێندی لەسەر خواردووە.

**ئەمن ئەو ساڵ سوندەکی دەخۆم**
**بەشێرە سواری لەغەرێ**
**بەسوڵتان عەبدوڵڵای عەرەبی**
**پاشی بەژنێ بڵند**
**چاوی بەڵەک**
**گەردەنی زەرد بەخاڵ**
**چ یارم نینە**

تابلۆی ڕەنگین، وێنەی نایاب، دیمەنی ڕازاوە، کە تەژییە لەخەیاڵی ناسک، بیری ورد کە خوازیار و پەرێشان و تینووە بەژیان و ئارامی و ئاسوودەیی و گیرسانەوە.

**وەکی کیژ جوابان دەنێری**
**دوعا و سەلامێ لەکوڕەتیم حەیرانێ**
**ئەو ساڵەکە بەویی دەرە بوارێ**
**یانەکە بمخوازە بەماڵی دنیایێ**
**یان بەخوشکەکەی لەداک و بابی**
**یان وەرە، دەستم لێ بەردە**

قسە و گفتێک ڕێز و ستایش و خۆشەویستی پەخش دەکات، ئەم دەربڕینانە هەڵقوڵاوی کولتوور و ڕۆشنبیری سروشتی و بی ڕتووشی خۆڕایین، زۆر بەکراوەیی و خاکەڕایی دەربڕاون دەڵێ! یان بمخوازە، یان دەستم لێ بەردە.

فەرمانە بەئامرازی داخوازی دەربڕاوە (بمخوازە). داوایەکی بەجێ، هەستێکی ڕەوان، دیدێکی ڕۆشن، گفتێک شەونمی بەختەوەری دەبارێنێت، بۆنی ڕەیحان دەپرژێنێت، ئەم دەربڕینانە چ هاودژییەکی لەگەڵ نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی و ڕێوڕەسمە باوەکانی ناو کۆمەڵ نییە، خەڵک بەکراوەیی و ئاسایی وەریانگرتووە، بەچاوی ڕێز و هەستی بەرزەوە تێیان ڕوانیوە، ئەمانە هەمووی گەورەیی و ڕێز و نرخی ئافرەت و پایە و پلەی کۆمەڵایەتییان لەناو کوردەواری دەخاتە ڕوو، ئەم هەستە بی گەردە وای کردووە دەروونەکان پەرۆشی یەکتر بن، لەپێناو بەختەوەری حەیران و سەرگەردانی یەکتربن.

**ئەوجە کیژ جوابان دەنێری**
**دوعا و سەلامی لە هێتیمە حەیرانێ**
**ڕەبی هۆردوو چاوم کۆرە بی**
**کەسم لەماری بابی نەمێنێ**
**دەتوو مەفرۆشە تفەنگی ملی**
**چاوەکەم خەریتەی پشتی**
**ئەو سار بەوێ دەرێ بوارێ**
**دەبا بێ دەستی خۆ تێکەر دەکەین**
**ئاوا دەبینەوە لە زوورگە زراوی**
**دەپەڕینە لەکەندی ناوێ**

تێکەڵی و ئاوێتە بوون لەپێناو ئەڤینێکی چارەساز، زۆرجار گەیشتووەتە ئەندازەیەک کە چەندین ساڵ لە چاوەڕوانی و هیوای یەکتربن، ئەمەش خۆنەویستی و خودگرتن و پشوودرێژی دەوێت، توانەوە لەناو تروسکەی پەیامی سۆفیگەری دەگەیەنێت.

**کیژ دەرێ: کوڕە حەیران**
**گەلەک دوعا و سەلامت لێ بی**
**ئەوساڵ خەمەکم لێ بخۆ**
**چونکە ئەو ساڵ چەند ساڵە**
**جۆتە شەمامەم پیر کردییە**
**سەبارەت بەکوڕە حەیرانێ**
**لەبن کەوێ و کراسی**

کوڕە حەیرانیش بەهەمان شێوە، پەرۆشە، کۆڵدارە، دڵ

بەخەمە، سەرگەردان و شێواوە لەسەر ئەم چاوەڕوانییە، ئاه و کەسەر بۆ گراو و دڵبەندەکەی هەڵدەکێشێت، نیگەرانە بۆ ئەڤیندارەکەی کە شەوگار بەتەنیایی دەباتە سەر.

**ئەوجا حەیفێ من دەمینێ**
**لەبەر کۆرپە کیژەکانی ئەوێ عەیامەی**
**شەوێ لە سێ بارە شەوێ**
**دەنوون لە ماڵە بابان**
**کەلەکەی وەردەگێڕن**
**بەتاقی تەنێ**

ئەم دیمەن و تابلۆ و وێنە ڕەنگینانە دیوی ژوورەوەی مرۆڤ دەردەبڕن، وشە و حەزی نادیار دێننە سەر ڕوخساری ڕۆژگار، کوڕ سازە تا دوا هەناسە هیوابڕ نەبێت و دەستبەرداری حەیرانی خۆی نەبێت، ڕەگی نامەی ئەمەکداری ئەوەندە بەناخیدا شۆڕبووەتەوە، مەرجدار و بەڵێنبەندی کردووە، کە تا دەگاتە ئاوزنگدان و هەنسکدان بۆ حەیرانەکەی هەر گوڕدارتر و دڵسۆزتر بێت.

**ئەمن هەنگینێ**
**هیوییێ بەژنێ باریکان دادەنێم**
**هەتا حەزرەتی عیزرائیل**
**لەسەر سینگم دەدا چۆکێ**
**بە ڕوحی شیرینم**
**دەدا نسکۆیێ**

بەڕاستی پەیام بارانە، نوقڵانە و شەکر ڕژانە، ئاخاوتنی ناخی کوردانە، ئەم دەرخستانە گشتی پەند و پەیامە بۆ مرۆڤ، دەڵێت: ژیان گەورەیە، ئادەمیزاد خاوەن حەز و توانایی و هێزی لەبن نەهاتووە، ساڵان دەڕۆن، ڕۆژگاران بەسەر دەچن، بەڵام هەڵوێستی جوان و جانانە هەر دەمێنێت، لەدڵ و نەست و ناخی کۆمەڵدا دەچەسپێت، ناوە ناوە لەگەڵ دەرهات و پێشهاتەکان دەبنەوە وێردی سەر زار و زمانان، ئەگەرچی گلەیی و گازاندە هەبێت، ڕوودەنیشن پاش هەستگرتن و دەربڕینی نیاز و ڕازەکان، گلەییەکان بەلاوە دەنرێن و مەبەستە ڕاستەقینەکە دەمێنێتەوە.

**کوڕ دەڵێ: چەتیم حەیران**
**وەرە دانیشین**
**بکەینەوە گلەیی و گازاندان**
**ئەوجا بکەینەوە**
**جەژنە لەگەڵ پیرۆزێ**

وێناکردنی ژیان و هەنگاونان بەرەو ئاسۆیەکی هیوابەخش بووەتە دیدێکی دڵنیاکار وەک چەمکێکی مرۆڤگەل بەردەوام لەناو تابلۆکانی حەیراندا خۆی چەند بارە دەکاتەوە، بە وشە و وێنەی چەشندار نامەی نەسیمی و هەناسەی شادی دەبەخشێتەوە، ئەوەتا کوڕە حەوت ساڵان ژیانی چۆڵەوانی و پەرگیری هەڵدەبژێرێت، کچەش لە هەموو سامانی دنیا پارچەیەک زێڕی هەیە، ئەمیش لێی بووەتە مایەی دوودڵی، نازانێت نە بۆ کوڕە لاوەی خەرجی بکات، یان بۆ خۆی بیدات بەگوارە و خەزێم، ژیانێک ئەم خۆنەویستی و خۆ بەخشییەی بۆ بکرێتە ئامانج، هەردەبێت گوزەرانێکی ساز و تەبا و ئارامی لێ بکەوێتەوە و خەیاڵ و دەقی ئاوای تێدا وێنا بکرێت.

**قەراج قەراجە، قەراجۆک دێمە**
**ئەو سار حەفت سارە**
**سەبارەت بە بەژنێ باریک بە چۆلێ لێمە**
**کیژ دەرێ:**
**زێڕەکم هەیە مسقالەک کێمە**
**نازانم نە لۆ کوڕە تیمە حەیرانێ**
**بکەمە زنجیری سەعاتێ**
**نە لە بۆ خۆ بکەمەوە گوارە و خەزێمە**

ئەندێشەی کوڕە حەیران سەرقاڵە، سەرگەردانە، خۆی لەناو خەون و خەیاڵ بزر دەکات، دەگەڕێت و دادەمێنێت و ڕادەمێنێت، وشە و وێنەی ناباو دەقۆزێتەوە تا لە ستایشی چەتیم حەیرانێ دەریبڕێت، کوڕەتیم و کچەتیم دوو گۆتەی ڕووپۆشکراون، ڕادەی خۆشەویستی و هاویەکی دەگەیەنێت. هەردووک بریندار و کوڵداری یەکترن، ئەندازەی ویستێ و تێکەڵگیری وا تەشەنەی سەندووە، هەریەکە خۆی لە ئەوی دیکە کوڵدارتر بزانێ.

**گۆتێ کیژێ: زێدە جوان**
**دەوەرە ئەمن و توو**
**دەمەکێ لە بۆ خۆمان**
**پێکەوە ڕوو بنیشین**
**ئای بزانین (کێ) هاڤمان**
**کولترین بەوان برینان؟**

(کێ) ئامرازی پرس، پرسیارێکی جووت جەمسەر کێ کوڵدار و ئەویندارترە؟ ئەم پەرێشانی و یەکتر ئاوێزانییە نیازمەندی و ئەمەک و بەڵێنی هەمیشەیی لێ دەکەوێتەوە، هیچ کام سەری خۆیان ناخەنە ئاژاوە و تۆڕ و گەرداوان، بەڵکو تەناهی و ئاسوودەیی و بەختەوەری هەڵدەبژێرن.

**دەوجا ئەوا کیژ دەرێ:**
**لە پاش لاوی نەرمۆکە**
**ئەمن لەخۆ**
**حەرام دەکەم دڵداریێ**
**ئەوە سەرێ خۆ ناوێمە**
**چ گەرداو و تۆڕان!**

بەهەمان پێوەر جەمسەرەکەی دیکە، کوڕ تابلۆی بەڵێن هەڵدەواسێت و مۆری هەمیشەیی لێدەدات، گفت و وادەیەک پەڕنووس دەکات و دەرگای هەموو پرس و ئەگەرەکان دادەخات.

**حەیران ساماره ساماری شینە**
**دەچمە سەر زێیەکەی بادینان**
**لە من بەقورینگ و سینە**
**شەرت بێ لەپاش**
**بەژنێ باریک و چاوێ بەرەک**
**بکەم تۆبەکی بەدر و یەقینە**

(شەرت) بەڵێن وادەبڕ کراوە بە فەرمانی داخوازی (بکەم)، بەڵێنەک لە قووڵایی دڵ و کونجی قەناعەتەوە دەرچووە، ئەم وێنە و بیر و ئاکارانە وایان کردووە دوو بوونەوەر، دوو مرۆڤ، دوو ڕەگەزی ئادەمی ئەوەندە لە مەینەت و ئازاری یەکتربن، هەردەم بیر و ئەندێشەی یەکتر چۆڵ نەکەن، هەواڵ دەگات کە کوڕ نەخۆشە و دەچێت دیدگابینی و وردنۆڕی دەکات دەرمانی گونجاوی بۆ دادەنێت و هێما و نیشانەی دەروون نیایی بۆ کوڕە حەیرانی جێ دەهێڵێت، تا لەپاش مەرگ هیچ جۆرە پرسیارێکی بێ وەڵام نەمێنێتەوە.

**ئاوا کیژ دەرێ:**
**ئەمن ڕوخسەتێ وەردەگرم لەداکێ**
**دەمەکێ بچمە سەرینێ**
**بەچاوانی بنۆڕمێ**
**بەدرانی لێ بکەم تەخمینێ**
**بازن و گوارەی**
**لۆ بەجێ بێڵم بە نیشان**
**ئەمن گەلە مەترسییان دەکەم**
**ئەو سار حەیران بمرێ بەبێ سۆراغی**

چونکە خواستەکان نیازگیری یەکتربوون، دڵ و حەز و ئارەزووەکان، لە هەموو بوارێک تەریب و هاوڕابوون، بۆیە بەهرەی هونەری دەتەقێتەوە و کانیاوی زمان دەردەبێت، جار لەجار وشە و وێنە و تابلۆی ڕەنگینتر دروست دەبێت.

**دەڕێم: لە مێرخوزاری گردوانان**
**ئەوا دەستت هەرناستی**
**لەبەر بازنان**
**کیژێ زێدە جوان**
**ملت گرانە لەبەر مەرجانان**

ورد ڕوانی لەم دەربڕینانە بکە، دەست لەبەر بازنان هەڵناستێت، مل لەبەر مەرجانان گرانە و هەڵنایەت، ڕوخسار و دیمەنی چ شۆڕەژنێک سەر و دڵی حەیرانبێژی بارگاوی کردووە، تا بەم شێوەیە خومار و حەیران بێت و تابلۆی وا بخولقێنێت، دیمەنەکان لە سنوورێک ناوەستن، بەڵکو لەخولگەیەکی هەمیشەیی جوولە دەکەن و بەنەپساوەیی وێنە و دیمەنی وامان دەخەنە بەردەست، سیماکان ڕەنگاوڕەنگ و چەشن ئەندازن، بە ئەدگاری هەمەجۆر خۆدەگۆڕن، ئەوەتا پێوەندییەکان گەیشتوونەتە باڵابوون، کچە ئەوەندە شانازی بەکوڕەوە بکات، خۆزگە بەدیمەنی قەد و پژدێنی دەخوازێت، هیوانوارە، خۆزگە خوازە، دەستەسرێک بوایە بەسەر قەد و پژدێنی کوڕە حەیرانێ بهاتایەتە خوار.

**کیژ دەڵێت:**
**خۆزی بە خۆزی داران**
**ئەمن دەستەسرەکی**
**کەتانی بە گوڵینگ بامایە**
**لەبەر پشتی کوڕەتیم حەیرانێ**
**فەسلێ بوارانی لە دەشتی کاولە قەراجی**
**ئێوارە و سبەینان**
**لە بۆ خاترێ کەیفێ درێ خۆ**
**بهاتبامە خوارێ**
**بەسەر قەف قەفی پشتێنێ**

چ جۆرە کەش و سرووتێک ئەم جۆرە خۆنەویستی و خۆبەخشییە دروست دەکات! توانەوە لەناو بۆتەی ئەڤینێکی دەروێشانە و دێوانە بوون بە دوای کۆری زیکرێکی سوێدار ،تابلۆی وای لێ دەکەوێتەوە، کەلەپووری گۆرانی فۆلکلۆریمان کانیاوێکی وشک نەکردووی ئەم شێوە نموونە گران و بەهادارانەن، کە نەک هەر کولتووری کوردەواری گەشاوە کردووە، بەڵکو سەرجەم بیری مرۆڤایەتی ڕازاندووەتەوە، ئەم جۆرە هەست و ئاکار و بیر و دەربڕینانە سنوور و ئاراستە و ئاسۆ و سات و کات و دەم و ڕۆژگار و قۆناغیان نییە، هەموانەیە و دەگشتێنرێن، کۆم لەکۆم دەتوانن پشوو لەبەر بدەن و هەناسەی تێدا بخۆنەوە، ئەوی ئاو لەم دەراوانە بخواتەوە

پێویستە لە ئاست دەربڕین و هۆنینەوەکان بێت، ئەوەتا تێکەڵاوگەری و خزینە ناو بۆتەی یەکترگیری بووەتە کەسەر، وەک تیراوە (شێرپەنجە) هەموو گیانی تەنیوە، کورە خودنەویستە لە خەم و پەژارە و نەهامەتی خۆی نییە، بەڵکو هەر لە ئاخ و کەسەر و نیگەرانی بەژنی باریکدایە.

**لەغەمێ ڕووت و قووت و**

**ماڵوێرانی خۆم نیمە**

**گەلەک حەیفێ من دەمینێ**

**کەسەرێ بەژنەکەی**

**باریک و چاوی کاڵ**

**لە دڵی من بوویتە**

**کولکێ سوتنی لەگەڵ تیراوێ**

بەشێکی دیار لە ناوەڕۆکی حەیران لەسەر بنەمای خۆزگە و خواست و بریا و نیاز و ئەگەری خوازیار دامەزراوە، حەیرانبێژ دەربڕی خواست و خۆزگەی یەکێکی ترە، لەبری کەسێکی دیکە دەئاخوێ، بۆیە خەیاڵ چنی و ئەندێشەگەری لەحەیراندا خاڵێکی چەسپاوە، خۆزگەکان گەورەن لە شوێنگەیەک ئاکنجی نابێت و ئاسمان تەی دەکات، کوێستان و گەرمیان دەبڕێت تا هەناسەی شادی و پشووی بەختەوەری وەرگرێت.

**گۆتە: درێ خۆم**

**ئەتوو بەس بکە تەخمینان**

**ئەمن و توو خۆزگەمان**

**بە وان قاز و قورینگان کا**

**وەکی فەسڵی بواران**

**دەفرن دەچنە کێلا کیستانان**

**دەبڕن گەرمێن و گەرمەسێران**

وەک دیارە دەقەکانی حەیران لەناو چ جۆرە ژینگەیەک داڕێژراون، کەسانی دەق ڕێژ مامەڵە و گیرسانەوەیان پتر لەگەڵ سروشت بووە، ژیانی کراوەی دەشتو دەر و کەژ و زوورگ و کۆچەری و دەوارنشینی و وەرزێری و بۆنە و یادەکانی ناو ئەم دۆخ و بوارە مەودای کارکردنیان بووە، بۆیە شتەکان بەپاکی دەربڕاون و بە ڕوونی و کراوەیی گوتراون، ئەمە وای کردووە نیاز خاوێنی و ڕاستی مەبەست لە شتەکان دەرکەون، بالانوێنی و دلۆڤانگەری مرۆڤ دەربخات، جیهانی حەیران چێژ وەرگرتنە لە ژیان بە هەموو وێنە جیاوازەکانییەوە، لەزەت وەرگرتنە لە جوانی سروشت، لە جوانی باو، لە ژینگە، لە دۆخی کۆمەڵایەتی، لە تێکەڵی مرۆڤ و خاک، مرۆڤ و پیشە و کار، مرۆڤ و مرۆڤ، لە مرۆڤ و پەلەوەر و باڵندە و زیندەوەر و ڕووەک، بۆیە لە ئاکامی ئەم پەیوەستگەرییە دەق و تێکستی فۆلکلۆری و حەیران هاتوونەتە کایەوە، ئەمەش وای کردووە جۆرێک لە زیندووگەری بە ئاواز و هونەری فۆلکلۆری دیاربێت، چونکە درێژویستی و دوورگەری پێوە دەمێنێت و بەسەرناچێت و لە مەودایەکی کورت ناپووکێتەوە، بەڵکو هەمیشە لە ناو خەیاڵ و هەستی کۆمەڵدا دەگیرسێتەوە و لەساتە پێویستەکان وەکو کانیاو دەردەبێتەوە، لەحەیراندا هەندێک هەست و بیر و ئەندێشە و وێنەی ناسک و جوانی تێدایە لەگۆتە و بێژەی باو دروست بووە، لە ژیانی ئاسایی وەرگیراوە، بەڵام بە وشە و دەستەواژەی بژارکراو ڕازاوەتەوە و دانراوە، دەقەکان پڕ وشەن، وشەکان پڕ پیتن، چونکە لە ناوەندی ژیانی کوردەوارییەوە هاتوون، ئەو ڕۆژگارە ژیان بە سیما و پۆشاکی کوردەواری ڕوخساری گرتبوو، دیمەنەکان لە دیوەخانەوە تا ڕەوەند و ڕەشماڵگەری، وەرزێری، شوانکارەیی دەگرتەوە، وشەکان و وێنەکان لەوێوە دەهاتن و دەبوونە زمان و داڕشتنی حەیرانیان لێ دەکەوتەوە، حەیران وەکو سترانی بەستە و شایی و گۆڤەند نییە ڕیتمی هێواشە، ستایلێکی تایبەت و دیاریکراوی هەیە، گۆرانی بۆنە و وەرز نییە، بۆیە داڕشتنی دەقەکان و جوگرافیاکەیان مەودایان سنوورێکی دیاری هەیە، حەیران پتر چڕکردنەوەی تێدایە، چونکە ڕووبەری تێکستی کەمە، ئەوەی دەگوترێت لە بەندەکان چڕ دەبنەوە، تا ئەوەندەی دەتوانرێ دادەنرێت و دەگوترێت، حەیران هەندێک هەست و بیر و وێنەی ناسک و جوانی تێدایە لە شتی ئاسایی جیادەبێتەوە، زمانی حەیران زمانێکی میللی خاکەڕای کراوەیە، شتەکان بە ڕوونی دەربڕاون و بەسروشتی خۆیان گوتراون، هونەر و شارەزا و پسپۆڕی لە دانان و جێگیرکردنیان هەیە، بەهرەی خودایی و کارامەیی کەسایی تێدایە.

**حەیران**

**مارێ بابی حەیرانێ سەر لە نشێوی**

**ڕیشی سنجاقی دوازدە زنجیرە**

**گەلە مەترسییان دەکەم**

**سەرێ شەمامان بنگێوی**

**سەت حەیفم دەمینێ**

**ئەمن چ خوشکی لەداک و بابێ خۆم نەبوو**

**هەموو دانی هێواران**

**لە ڕێگەی سراوێ**

**سەبرۆکە، سەبرۆکە**

**بەژنێ باریکم لە بۆ باخێوی**

زەین لەم پەیڤانە بدە (نشێوی، بنگێوی، باخێوی) ئەمانە سەربەند و ناوەند و دوابەندن، دەنگی ئەم وشانە لە بیستندا مۆسیقایی و ناسکن و وەک شەمالێک بەگوێچکەدا دێن و تێدەپەڕن. (بنگێوی) واتە: بگوێنی، واتە بگۆیێنی، بژاکێنی، یان (باخێوێ)، واتە بدوێنی، ب ئاخێوی، ئاخافتن، زەین بدە چۆن بەسەر زاراوە و شێوەزارەکان بازدراوە و دەقی حەیرانیان بەپەیڤە جۆراوجۆرەکان تەژی و پڕ وشەی ناسک و بژاردە کردووە، حەیران ڕەنگدانەوەی سروشت و کار و ژیان و گوزەرانی کوردەوارییە، هەستی ئیرۆتیکی و ئارەزووی ئەڤینی و چێژ و گێول و لەزەت و حەزی داپۆشراوی دەروونی ناوەرۆک و داڕشتنی هەندێک لە دەقە جیاجیاکانی حەیران دەگرێتەوە، هەر لە حەیراندا چەندین ویست و دەربڕینی چەمکی بەهادار هەن، کە ڕەهەندێکی مرۆڤدۆستی و بەهایەکی کۆمەلایەتی پەروەردەیی و ژیانداریان هەیە، بابەتگەلی وا هەیە لە هەموو سەردەم و بارودۆخێکدا وێنە و بوونیان بەدی دەکرێت، پارە، سامان، هێز، توانایی، ئەمانە لەناو هەست و نەریت و خووی کۆمەلایەتیدا بەقووڵی باویان هەیە، لەم کۆپلە حەیرانەدا ئەم دوو لێکدانەوەیە تاقیکراونەتەوە، بەلام ڕێگای سێیەم هەڵبژێردراوە، ئەم ڕێگەیەش لەچێوەی چەمکی چارەسەرین بۆ یەکلاکردنەوەی ئاریشە و گرفتە باوەکان، ئەوەتا دەڵێت:

**دەرێ هێتیمە لاوە**

**ئەوسار بەوێ دەرە بوارێ**

**وەرە پێش بەماری دنیایێ**

**یانەکینێ بە زەبری خەنجەرێ**

**یانەکینێ هێدی هێدی، سەبر سەبر**

**لە بۆ خۆت دەستانم لێ بەردە**

لەو ڕۆژگارەی کە حەیران باوی هەبوو، بەڵێن و وەفا و ئەمەک و نمەکداری لەنێوان مرۆڤەکان، یان کەسەکان زۆر بەهێزبووە، ئەمە وای کردووە گیانی لێبوردەیی و سەرگەردانی ڕەگی درێژی لە دەروونی ئادەمیزاددا هەبێت و هێزی بەخشین و گەردانبوونی بۆ دڵدار و دڵبەندەکەی هەبێت.

**حەیران سواری لەناو سواران**

**ئەتوو سواربە لە شینکەکی بێنیشان**

**باژۆ لەناو کوریکە و عاجیلە و بەیبوونی**

**دەرە بواران**

**کیژ دەرێ:**

**ئەمن گوارەی (ە) گۆت لۆ دەردینم**

**لەگێیا تەنک**

**لۆت دەبەمەوە کن وەستا و وەستاکاران**

**لەبۆ شینکەی دروست بکەن**

**سندم لەکاریتان**

**ئەوجا کلیلەی لۆ بکەن**

**لە گۆیێ گواران**

گوارەی (ە) گۆ تێکدەدات تاوەکو کەرەسەی سوارچاکی بۆ گراوەکەی کوڕە حەیرانەکەی سندم و کلیلی لێداڕێژێت بۆ ئەوەی کوڕە لاو لە ناو دەستە و تاقمی خۆی لە ئەسپی شینکەی بێ نیشان وەکو سواری ناو سواران دەرکەوێت. ئەم دەقانە ئەو ڕۆژگارانە دەگێڕنەوە کە کوڕی سوارچاک نیاز و خۆزگە و ئاوات و خەونی ئافرەتان بووە. ئافرەتیش کە سەروسەودای پیاوی بردووە، کوڕ هیوای خواستووە ئەڤیندارەکەی سەرتۆپی ژنان بێت، لە هیچ بوارێک مەینەت و ئاستەنگی نەچێژێت، هەردەم وەک کابانی گەورە دیار و بەرچاو بێت.

حەیران لەبەر ئەوەی گۆرانییە، گۆرانیش واتە گۆ، دەربڕین، دەنگ، بۆیە لەم ڕەگەزە هونەرەدا بە زۆری ڕازانەوە و نەخشاندن و وێناکردنی ئافرەتە، ژن، یان کچ و خانمان بەشی هەرە گەورەی پانتاییەکانی هزری پیاوانیان سەرقاڵی پێداهەڵدان و مەزنکردنی ڕوخسار و دیمەن و سیمای کچان کردووە، ئافرەت ڕێز و ستایشێکی زۆری بەرکەوتووە، توانایی کۆمەلایەتییەکانی ئافرەتان، جگە لە جوانی لە کابانداری و خانەدانی و کارکردن و گوزەراندن و ڕاگرتنی پارسەنگی ژیان بووەتە بنیاد و هۆنینەوە و ناوەرۆکی گۆرانی و لاوک و حەیرانەکان، بەهای ئافرەت، یان ڕەگەزی مێ بەگشتی لە جوانیدایە، لە شۆخوشەنگی و ڕێکسازی و ڕێکخوازیدایە، جوانی بە هەموو مانا و قووڵاییەکی جوانی، هەر لە جوانی ڕوخسارەوە تا دەگاتە جوانییەکانی ڕۆیشتن و گفت و دەربڕین و کردار و ئاکار و هێما و ڕەنگ و جلوبەرگ و نانگەری و چێشت لێنان و تەون و نەخشکاری، ئەمانە هەمووی سەرچاوەکانی جوانی ئافرەتانن، بۆیە لە حەیران و بوارەکانی دیکەی گۆرانی فۆلکلۆریدا بە شکۆمەندییەوە وێناکراون و بە مەزنییەوە دەربڕاون، پیشە و دەستڕەنگینی ئافرەتان بووەتە هێمای جوانی و ڕاکێشانی سەرنجی هونەرکاران تاوەکو تێکەڵ و ئاوێزانی

هۆنینەوەی بەرهەمەکانیان بکەن، کار و پیشە تەواوکەری جوانییەکانی ترە، هۆکارێکە بۆ داڕشتنی دەقی جوان و تابلۆی نایاب، کاتێک ئافرەت دادەنیشێتە بەر تەونی، دەست بە نەخش و دابەخشینی ڕەنگەکان دەکات، دیمەنێک لە هونەری سروشتی دەردەبڕێ خولیا و توانایییە هزرییەکانی خۆی لە ئاوێزانی ڕەنگەکان و گونجانیان چڕ دەکاتەوە، بە حەزەوە هونەری دەستی دەنەخشێنێت. بۆیە جوانکاری تێدا دەکات و هونەروەری تێدا دەنوێنێ، هەر ئەمە وای کردووە بکرێتە تابلۆیەک لە بەندی حەیران و سەرنجی هونەرمەند بۆخۆی بەرێت.

**ئەمن حەیرانەکەی خۆم چەند شیرن دەدیت**
**بەزەندەکی بە بازن**
**بەقامکەکی بە ئەنگووستیلە**
**بەشاز و لفەکی بە خەنە**
**لە نەعبێتی دوو دارە بازەی تەونی**
**نەرمۆکە نەرمۆکە**
**دەبڕی سەر گوفکەی مافووری**

ئەم کار و پیشانە هەموو هێزی هزر و توانایی ئافرەت لە بوارەکەی خۆی لە کار و پیشەکەی دەنوێنێت، ئەو دەست و پەنجانەی نەخشو نیگاریان لەسەر مافوور و قالّی و سەرەناز کردووە، بیر و هەستە جوانەکانی ئافرەتان لە نیگار و نەخشی کوردەواری دەردەبڕێت، هەر لە ڕێکسازی گونجانی ڕەنگە جیاوازەکان تا دەگاتە بێن فراوانی و خۆڕاگری و توانایی باسک و بازوو، هەموو ئەمانە سەروەری و گەورەیی ئافرەت لە کۆمەڵەکەماندا دەگەیەنێ، هەرکاتێک ئەمە لەپاشی دابێ، یان کز بووبێ، ئەوە هێز و توانایی جەستەیی و هزری ئافرەتان وەک ڕۆژگاری بەرایی لە ڕەوەندایەتی و وەرزێری ئامادەباشی هەیە و جارێکی دیکە دەربێتەوە و تواناییەکان بکەونەوە کار، کچان و ژنان هەمان گەورە کابان و سەرەژن و خانم و حەرێم گرانی جاران بن، ئافرەت وەک هەر بوونەوەرێکی دیکە دروستکەری توانایی پەروەردگارە، بۆیە لەپەیام و ئەرکە ئادەمییەکان بەدەر نییە، ئەو بەپێی چێوە و قەبارەی خۆی هێز و توانایی پێ دراوە، یان هەیەتی، شتێک کە پەی پێ نابات، یان ناتوانێت بیکات پیاو لێی زەوت نەکردووە، پێشی نەبەخشیوە، بەڵکو ئەو ئافرەتە و ئەمیش پیاوە، ژنانی جاران لەهیشکەڕا سەربەخۆ دەرکیان بەم بویەر و بەم باسو خواسە کردبوو، بۆیە لە دەقی حەیرانەکاندا ئەوانەی لەسەر زاری ئافرەتانەوە دەربڕاوە شتێک نییە لەدەرەوەی قەبارەی خۆی، بەڵکو ڕاشکاوانە خۆی کردووەتە سەرگەردانی کوڕە حەیران، پێی گوتووە (هۆ داکێ منت بەخورام بن)، (هۆ لاوێ ناو لاوان). (مەرگم پێش مەرگی کوڕەتیم حەیرانێ بێخی). (ئازیزەی بەدرێ خۆم)، (بەخۆم لۆی دەچمە ڕجایێ)، (سواری ناو سواران)، (هەوری و هیزارم بەمیرات بی)، (جۆتە شەمامەم پیرکردییە سەبارەت بەکوڕە حەیرانێ)، (ئەگەر دنیا بوو نەمدیتی گەردەنت ئازە) ئەمانە و زۆر ڕستە و دەستەواژەی دیکە، کە هەندێکیان بوونەتە ئیدیۆم و لەگفت و لفتی ڕۆژانەدا بەکاردێن، گۆرانی و حەیران و لاوکی کوردەواری هەڵگری پەیامێکی گەورەن بۆ ئافرەتان، ئەوەی ئافرەتی گیرخواردوو و تەریک کردووە جەنجاڵی و سەرقاڵی ژیانە، بەهۆی ئەم خەریک بوونەوە بەشێکی فرە لەتوانایییە هزری و جەستەییەکانی ئافرەت بەتاڵ دەبێتەوە و لە هەوادا دەتوێتەوە، بۆیە هەندێک لەداهێنانەکانی پێشتر کە لە بوارەکانی نەخش و چنینەوە و پەروەردەی منداڵ دەیانکرد کز بووبێ، هەرچەندە سیمای ژیان ئاڵوگۆڕی تێکەوتووە و دوێنی و ئەمڕۆ زۆر جیاوازە، گۆرانی بە حەیران و لاوکەوە بەهایەکی گەردوونی هەیە، سەر بە هیچ ڕێچکە و ڕەگەز و توخمێکی دیاریکراو نین، بەڵکو چێژێکی جیهانگەرییە لە دەنگێکی زوڵاڵی یەزدانییەوە دێتەدەر، دەردوور و دەوروبەر لە هەموو ڕەنگ و سیما و ئەدگاری جیاواز دڵخۆش دەکات، ئەو گۆرانیانەی جاران ئافرەتان لە بواری پەروەردەی منداڵ لە لاواندنەوە و بێشکەژەنین دەیانچڕی، ڕەهەندێکی قووڵی ڕاهێنان و پێگەیاندنی زارۆک و منداڵانی هەیە، سترانەکان ڕادەی سۆز و تێکەڵاوگەری نێوان خێزان و منداڵ دەردەخات. ئەوە دەردەخات ئەو ئافرەتەی هۆشو گۆشی لای منداڵە و ئەو زارۆکەی لە باوەش و ئامێزی دایکی پێ دەگات و بە شیری گۆی مەمکی فراژی دەبێت، تەندروست کار و چالاکن لە بواری خێزان و کۆمەڵ لەبار و گونجاون.

**تێبینی:**

**بۆ دەقی حەیرانەکان سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

**١- لاوک و حەیران، محەمەدی مەلا کەریم، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩.**

**٢- داستان و گۆرانی، عومەر شێخەڵلا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر-١٩٩٨.**

**٣- دیوانی حەیرانبێژان، بەرگی دووەم.**

# هوتێل ئەوروپا و عیشق و گەڕیدەیی

هاشم سەڕاج

فەرهاد پیرباڵ لە ڕۆمانی «هوتێل ئەوروپا»دا کاری لەسەر بابەتگەلێکی جۆراوجۆر کردووە، لەوانە مەینەتی پەنابەرێتی و دوورە وڵاتی، عیشق و جوانی و سێکس، بێکاری و برسیەتی، کێشەی نێوان بیری مۆدێرن و سەلەفییەت، حەز و ئارەزووە شاراوەکانی مرۆڤ، خولقاندنی جۆرێک لە دیالۆگ لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا... تاد. سەرجەم بابەتەکان لە ڕێگەی گێڕانەوە و دیالۆگەوە گوزارەیان لێ دەکرێت، هاوکات دەقی هوتێل ئەوروپا چەندین تەکنیکی تری تێدا بەکاردەبرێت وەک نوستالیژیا و هونەری نامە گۆڕینەوە و تەوزیفکردنی بەیتگەلێک لە شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی و بەختگرتنەوە، لە ڕوویەکی دیکەوە تێکست کاری لەسەر هونەری شێوەکاری کردووە، یان ڕاستتر کارەکتەری سەرەکی هوتێل ئەوروپا لە بنەڕەتدا نیگارکێشێکی گەڕیدەیە و بەهۆی بەرپابوونی جەنگی نێوان عیراق و ئێران «فەرهاد»ی شێوەکار کوردستان جێ دەهێڵێت و ڕوو لە هەندەران دەکات، محەمەدی حاجی زادەش کە مەلایەکی خەڵکی تارانە تەمەنی دەوروبەری ٤٥ ساڵە و «خەلعی لیباس» دەکرێت، ئەویش بە هەمان شێوە ئێران جێ دەهێڵێت و لە پاریس داوای مافی پەنابەرێتی دەکات، دواتر بە ڕێکەوت ئەم دوو کەسایەتییە یەکدی دەناسن و دۆستایەتی بەهێز لەنێوانیاندا دروست دەبێت، فەرهادی شێوەکار هەر لە ڕێگەی مەلاوە مورتەزای گوڵچین و فەرەحنازی هاوسەری و ساقی گوڵچینی خوشکی مورتەزا دەناسێت، دەتوانم بڵێم دەقی هوتێل ئەوروپا لە بنیادی قووڵدا کاری لەسەر عەشقێکی شاراوە و ئازادی تاک و گیانی گەڕیدەیی کردووە، بە تایبەتی ئەو پێوەندییە ئەڤینییە شاراوەیەی نێوان فەرهاد و ساقی گوڵچینی خاوەن ناودارترین گەلەری لە سان فرانسیسکۆ، یان عیشقی نێوان مسیۆلووسیانای جوولەکە و «زیبا»ی کچە ئێرانی کەوا لە میسیۆلوسیانا دەکات تا دوایین چرکە لەگەڵ تاکە پێڵاوەکەی زیبادا بژیت، هەروەها ئەو هاوسەرگیرییە



کاتییەی نێوان محەمەدی حاجی زادە و «هومەیلا»ی کچە ئازەری کۆمۆنیست و سەر بە توودە، بۆیە ئەو ڕوحە گەڕیدەییە کە زۆرتر لە ناخی هەریەک لە فەرهادی شێوەکار و مسیۆلوسیانادا بەرجەستە کراوە و ناڕاستەوخۆ ئەوە دەدرکێنێت کە پێویستە مرۆڤ بە ئازادی بژی و بە ئازادی بیربکاتەوە و هەوڵیش بدات ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە تێک بشکێنێت کە لەبەردەم عیشقدا دەبنە بەربەست، دەق تادێ لە ڕێگەی گێڕانەوە و دیالۆگ و گەمەی ڕووداوەکانەوە بەردەوامی بە پرۆسەی نووسین دەدات، بڕێ جاریش گێڕانەوە خەسڵەتی بەسەرهات و سەرگوزشتە وەردەگرێت، بە تایبەتی ئەو دەمەی فەرهادی شێوەکار بەدرێژی سەربهوردی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، لە ڕوویەکی دیکەوە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا جۆرێک لە لێکچوون و هاوشێوەیی لەنێوان محەمەدی حاجی زادەی ئێرانی و مسیۆلووسیانای بەڕەچەڵەک پورتوگالی و جوولەکەدا دروست کردووە، مەدام کالانتی: ئەو پیاوە ئێرانییە کێیە کە دەقاودەق بە لووسیانا دەچێ؟ «هەمان سەرو سیما و ئادگار.. تەنانەت قەد و بالاشیان هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتر نییە، ئێمەی کورد دەڵێین «سێویێکن و کراون بە دوو لەتەوە».. خولقاندنی ئەو جۆرە لێکچوون و هاوشێوەییە لەنێوان مرۆڤێکی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاواییدا، ڕۆمانی «قەلای سپی»ی ئورهان پامووکم بیردەخاتەوە کە دوای ئەوەی کابرای ئەوروپایی بەدیل دەگیرێت و لەگەڵ زانا تورکەکە بەیەکەوە دەژین و لە بواری زانستی سەربازی و فەلەکناسیدا کار دەکەن، پاشان هێندە لێکدەچن کەس بۆی نییە لێکیان جیا بکاتەوە، لە کۆتاییشدا کابرای تورک لە جیاتی کابرای ئەوروپی سەفەری ئەوروپا دەکات تا سەردانی خانەوادەی ئەو بکات، پامووک لە خولقاندنی ئەم حاڵەتی لێچوون و هاوشێوەییە مەبەستی بەیەکەوە ژیان و نزیکردنەوەی کولتووری مرۆڤایەتییە لە یەکتر، هاوکات بەرپاکردنی دیالۆگە لە نێوان کولتووری خۆرهەلاتی و خۆرئاوایی، دوور نییە دکتۆر فەرهاد پیربال لە کاتی نووسینی ڕۆمانی «هوتێل ئەوروپا»دا ئاگای لە ڕۆمانی «قەلای سپی» ئورهان پامووک نەبووبێت، یان ئەوەتا وەک حاڵەتێکی «دەقئاوێزان» و بەشێوە و ستایلێکی جیاواز کاری لەسەر لێکچوون و هاوشێوەیی دوو کەسایەتی کردبێت، چونکە محەمەدی حاجی زادە وەک مەلایەکی خەلعی لیباس کراو بڕوای تەواوی بە کولتووری تایبەتی گەلان و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت هەیە و دوای ئەوەی لە کەمپەکەی تورکیا بۆ ماوەیەکی کاتی هاوسەرگیری لەگەڵ هومەیلای کچە ئازەری تەمەن ٣٠ ساڵ ئەنجام دەدات و هومەیلا دەگەڕێتەوە ئێران و کچێکی لە مەلا دەبێت و ناوی دەنێت شەمزین، بەلام محەمەدی حاجی زادە بەردەوام بێ ئیشوکار لە شەقامەکانی پاریس دەخولێتەوە و جار جارە لە ڕێستورانتەکان بەکاری ڕەش قاپشۆری دەکات و تا دوایین چرکەی ڕۆمانەکەش مافی پەنابەری پێ نادرێت، لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران جلوبەرگ و مێزەری مەلایەتی پێ داناوە، کەچی لە ئەوروپاش هەر دڵی بەم ڕژێمە ئیسلامییەوەیە و بە چاکترین سیستمی لە قەڵەم دەدات، هاوکات لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی فەرهادی شێوەکار و هاموشۆی خانەوادەی مورتەزا و گفتوگۆ شێوەکارییەکانی نێوان فەرهاد و ساقی گوڵچین و کەشوهەوای دانیشتنە مۆسیقاییەکان، ئامێزەکانی ڕێستورانت و مەیخانەکانی شاری مۆنتماخن، کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەردا دێت، خەریکە خەسڵەتە سوننەتییەکەی لە دەست دەدات و مەلای خەلعی لیباس کراو جار جارە بیرەیەک دەنۆشێ و دواجاریش لە برسان و لەبەر بێکاری ڕازی دەبێت لەگەڵ هۆمۆ سێکسوێلێکی دەوڵەمەندی پاریسی بەرانبەر بە بڕێک پارە سێکس بکات، هەروەها محەمەدی حاجی زادە فاڵ دەگرێتەوە و بەخت و قاوە دەخوێنێتەوە، لێناگەڕێ «ڕوئیا» خانمی بێوەژنی دەوڵەمەندی ئێرانی شوو بە «موبارەک»ی عەرەبی مەغریبی بکات.. موبارەک لەم ڕۆمانەدا کەسایەتییەکی تارماییئامێزە و بە درێژایی ڕۆمانەکە دووجار دەردەکەوێت.

جارێک بۆ خوازبێنی ڕوئیا و جارێکی تر بۆ هاوسەرگیریی لەگەڵ ساقی گوڵچین، بەلام مەدام گالانتی دایکی مسیۆلووسیانا تەمەنی لە دەوروبەری حەفتا ساڵ دەبێت،

خاوەن چەندین هوتێل و ڕێستورانتە لە فەڕەنسا و تەلئەبیب..تاد، هوتێل ئەوروپا یەکێکە لەو هوتێلانەی مەدام گالانتی کە فەرهادی شێوەکار کاری تێدا دەکات، مسیۆلووسیانا تەمەن دەوروبەری چل و پێنج ساڵ خاوەن بڕوانامەی ماستەرە لە زمان و ئەدەبیاتی ئێران و لە هەمان کاتدا لە زانکۆی سۆربۆن قوتابی دکتۆرایە لە بەشی ئێراننـاسی مسیۆلووسیانا زۆربەی شیعرەکانی حافز و مەولانا و خەیام و نیمایۆشیج و فرووغی فەروخزادی لەبەر بوو.. دوای گەڕانەوەی «زیبا» بۆ ئێران..

مسیۆلووسیانا حەزی دەکرد سەفەرێ بۆ ئیسفەهان بکات.. هەم چاوی بە زیبا بکەوێت هەم بەدوای بەڵگەنامە ئایینییەکانی باب و باپیرانیدا بگەڕێت، بەڵام بۆ لووسیانای جوولەکە ئەم گەشتە کارێکی ئەستەم بوو، چونکە پاسپۆرتەکەی چەندین ڤیزەی تەلئەبیبی بەسەرەوە بوو، من لەم کورتە نووسینەدا حەز ناکەم سەرلەبەری ڕووداوەکان بگێڕمەوە و خەسڵەتی یەکەیەکەی کەسایەتییەکان بخەمە ڕوو پێم باشە لە عیشق و ڕوحی گەڕیدەیی بدوێم کە پابەندن بە تیشکی جوانییەوە، ئەوە جوانییە دەلالەتە جۆراوجۆرەکانی زمان دەوروژێنێت و ڕەنگ و فیگەرەکان دەخاتە جووڵە، ئەگەر عیشق و جوانی زیبای کچە ئێرانی نەبوایە مسیولووسیانا بەم ڕادەیە نوقمی ئەدەبیاتی ئێرانی نەدەبوو، نائومێدی بەم شێوەیە سەرتاسەری ژیانی داگیر نەدەکرد، بەڵام هوتێل ئەوروپا وەک چەمک و دەلالەت.. هەم کاروانسەرای پەنابەری و کولتووری جۆراوجۆرەکانە وەک- ئەوروپا-، هەم مووبەقی ئەو هوتێلەیە کە فەرهادی شێوەکار تێیدا گەشە دەکات و توانستە شێوەکارییەکەی پەرەدەسێنێت و بە دید و دنیابینییەکی جیاواز لە بوون و عیشق و جوانی و مەرگ دەڕوانێت.. [من لەو هوتێلەدا بوو کە «مان ڕێی» و «بین ڤوتیسییێ» و «ماکس ئێرنست» و «فریدا کالۆ» و «Hundertwasser» و «جاکسۆن پوڵۆک» و «ماکس ڤاڵتەر سڤانبێرگ»م ناسی.

کەواتە هوتێل ئەوروپا سەرەڕای ئەوەی وەک هێما دیار و بەرچاوەکەی بنکەی ململانێی نێوان فیکری مۆدێرن و سوننەتییە، یان بەشێوە گشتییەکەی مەڵبەندی شارستانیەت و ئازادی تاک و خۆشگوزەرانی و بەیەکەوە ژیانە، لای محەمەدی حاجی زادە وڵاتی کافر و بێ دین و داگیرکەرانە، فەرهادی شێوەکار لەم هوتێلەدا پێڕا دەگات و توانستە هونەرییەکەی گەشە دەسێنێت و گیانێکی لێوانلێو لە عیشق و جوانی و گەڕیدەیی تێدا دەڕسکێت، فەرهادی شێوەکار حەز بە دیداری ساقی گوڵچینی خوشکی مورتەزا و خاوەن ناودارترین گەلەری لە سان فرانسیسکۆ «ئەمریکا» دەکات و لە کانگای دڵەوە خۆشی دەوێت، ڕاستە پێوەندییەکی نیمچە بازرگانی بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە، فەرهاد تابلۆگەلێک دەکێشێت و ساقی گوڵچین لە گەلەرییەکەیدا تابلۆکان نمایش دەکات و دوای فرۆشتنیان ڕێژەیەک لەپارەکە بۆ خۆی گل دەداتەوە و ئەوەی تر بۆ فەرهاد دەنێرێت، بەڵام ئەوکاتانەی ساقی گوڵچین سەفەری فەڕەنسا دەکات، فەرهادی شێوەکار لە فڕۆکەخانە بە عیشق و تاسەوە پێشوازی لێ دەکات و بەیەکەوە ڕوو لە شوققەکەی فەرهاد دەکەن. دەقی هوتێل ئەوروپا لە دوابەشەکانیدا ئاماژە بەم پێوەندییە ئیرۆتیکییە دەدات و ئەوە دەدرکێنێت کە فەرهادی شێوەکار چەندین شەو لەگەڵ ساقی گوڵچین بەیەکەوە لەسەر یەک نوێن خەوتوون و چێژی لە جەستەی ساقی بینیوە، [ساقی گوڵچین، قژ کورتێکی چاو و برۆ ئێرانی، هەمیشە کۆک و ڕێکپۆش، لەو ژنە سەڵتەنەتخوازانە بوو کە باوەڕی وابوو پێویستە بنەماڵەی ڕەزاشا بگەڕێتەوە سەر حوکمی ئەمڕۆی ئێران، خاوەن گەلەرییەکی ناودار لە سان فرانسیسکۆ، لە هەمان کاتدا فێمێنیستێکی لیبراڵیش بوو، لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی فێمێنستیانەی ژنانی ئێران لە ئەمریکا کاری لەپێناو ماف و داخوازی و ئازادییەکانی ژنانی ئێران دەکرد، بۆیە ئافرەتانی قەیرە و سۆزانی و فێمێنیست و سەیر و سەمەرە و خاوەن گرفتی جۆراوجۆری لە هەر چوار قوڕنەی دنیاوە دەناسی..] فەرهادی شێوەکار لە ناخڕا عاشقی ساقی گوڵچینە، بەڵام ئەو ڕوحە دێونیزۆسی و گەڕیدەییە وای لێ کردووە بڕوای بە هاوسەرگیری نەبێت، بڕیاری دابوو مانەندی دۆستێک لەگەڵ ساقی گوڵچین بەیەکەوە بژین و جار جارە گەمەی ئیرۆتیکی بکەن و چێژ لە

جوانییەکانی جەستە وەربگرێت، چونکە ئەو ڕوحە گەڕیدەییە تا دێت لەدڵ و دەروونی فەرهاددا گەشە دەسێنێت و وای لێدەکات موبەقی هونەر و شێوەکاری جێ بهێڵێت، بۆیە بڕیار دەدات ڕوو لە کەناری دەریای بەڵتیک بکات و لەگەڵ چرکە ئێستێتیکییەکان بژیت و بژێوی خۆی بە پۆرترێت کێشانی تووریستەکان دابین بکات، چونکە هونەر گەڕانە بەدوای ناوازەترین جوانیدا، جوانیش وەهمێکی شینە و دەسگیر ناکرێت، ڕۆمانی هوتێل ئەورووپا بە گەمەی پۆستکارتەکان کۆتایی بە پرۆسەی نووسین دێنێت، ئەمەش ستایلێکی نوێیە کە لە ڕۆمانی کوردیدا بەکاردەبرێت. پۆستکارتەکان بە نامە لەلایەن محەممەدی حاجی زادە و میسیۆلووسیانا و ساقی گوڵچین... تاد. بۆ فەرهادی شێوەکار لە سانت مالۆ دەنێردرێن، پێم باشە ئەم پۆستکارتەی ساقی گوڵچین بڵاوبکەمەوە چوارەمین پۆستکارت.

ئازیزەکەم فەرهاد گیان

هیوادارم لە سانت مالۆ هەموو شتێکت باش بەڕێوەبچێت، ستایلە سیحراوییەکەی خۆت بپارێزە، لەبیرنەکەی، من هەمیشە گوتوومە تۆ ستایلێکت هەیە لەناو هەموو نیگارکێشە کوردەکانی پاریسدا، تۆ تاکرەوترینیت، کەی بێم سەرێکت لێ بدەم و تابلۆ تازەکانت ببینم؟ چاوەڕێی وەڵام و ژمارەی تەلەفۆنی تازەتم، زوو بە یادی هەموو ئەو شەوە خۆشانەی کە لە ئامێزی گەرم و بۆنخۆشی تۆدا ڕۆژم دەکردەوە..

ماچێک

هاوڕێت

ساقی گوڵچین

١٩٩٤/٧/٢٧

فەرهادی شێوەکار لەویاش لە کەناری دەریای بەڵتیک و دوورگەی سانت مالۆ لەگەڵ چرکە جوانەکانی وێنەکێشان و خەیاڵە ئیرۆتیکییەکانی ساقی گوڵچین دەژیت. ئەو دەمەی «موبارەک» کە پیاوێکی عەرەبی مەغریبییە دێ و هاوسەرگیری لەگەڵ ساقی گوڵچین دەکات، فەرهادی شێوەکار خەریکە ماچێ لە گەردنی ساقی بسێنێ، چونکە فەرهاد لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنەوە لە عیشق و جوانی دەڕوانێت.. جوانی چەشنی پەڵە هەورێک دەڕوا و پەڵە هەورێکی تر شوێنی دەگرێتەوە.. جەستەش مەفتەنی جوانییە، مرۆڤ مانەندی گەڕیدە و ڕەوتەنییەک پێویستە چێژ لە چرکە خۆشەکانی ژیان و جوانی وەربگرێت، مرۆڤ لە ئێستادا دەژی و لە ئێستاشدا لەنێو دەچێت، ئایندەش وەک وەهمێکی شین جارێ دەرنەکەوتووە تا دیدەنی بکەین، بەڵام عیشقی «زیبا» لای مسیۆلووسیانا پێچەوانەی عیشقی فەرهادی شێوەکارە بۆ ساقی گوڵچین، مسیۆلووسیانا کەوتۆتە داوی ئەڤینی زیباوە، بە ڕادەی پەرستن شەیدایەتی، ژیان بێ زیبا لای ئەو هیچ مانایەکی نییە، بۆیە دوای مردنی مەدام گالانتی دایکی نەیدەزانی چی لەو ماڵ و سامانە زۆر و زەوەندە بکات، زیبا گەڕایەوە ئێران و میسیۆلووسیانا لەپێناو ئاگری عیشقی زیبا و خۆ لە بیرکردنی خووی دایە نووسین و توێژینەوە، [نووسین لە بارەی مێژووی مۆسیقا لە ئێران، مێژووی پەیکەرتاشی لە ئێران، مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئێران، مێژووی جوولەکەکان لە ئێران..] هوتێل ئەورووپا لە بنیادی قووڵی نووسیندا هەڵگری دەلالەتێکی تراژیدییە، چونکە هێدی هێدی مەینەتە شاراوەکانی بوون دەردەکەون و جێگە بە جوانی و خۆشگوزەرانی لەق دەکەن، ئەوەتا مەرگ هات و مەدام گالانتی و ڕوئیا خاتم و دونی هۆمۆی ڕامالی، فەرەحناز لە مورتەزا جیابۆوە، ساقی گوڵچین شووی بە موبارەک کرد، زیبا گەڕایەوە ئێران و لووسیانا بە نیگەرانی و نائومێدییەوە خووی دایە نووسین، محەممەدی حاجی زادە بە سەرلێشێواوی گەڕایەوە ئێران و فەرهادی شێوەکار لە نێوان دڵەڕاوکێی هونەر و جوانی و عیشق و نوستالیژیای زێد و وڵات دڵ و دەروونی توایەوە، ڕۆمانی هوتێل ئەورووپا وەک تێکستێکی کراوە هەڵگری پرشنگ گەلێکی پۆست مۆدێرنە، بڕوای بە پێکەوە ژیان و ئازادی تاک و دیالۆگ و هەست و جوانی جەستە و لە یەک نزیک کردنەوەی کولتوورەکانی مرۆڤایەتی هەیە، هاوکات دژی توندوتیژی و توندڕەوی فیکری و ستەم و داگیرکارییە، ئەوە ئاستی ڕۆشنبیرییە مرۆڤی خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتی لێکدی نزیک دەکاتەوە، دەتوانن بەیەکەوە بژین، سەیری ئەو پێوەندییە قووڵ و ڕۆشنبیرییەی نێوان فەرهادی شێوەکار و

مسیۆلووسیانا بکە، یان مەلا محەمەدی حاجی زادە چۆن لە دوایین چرکەدا ڕەگەزنامەی ئێرانی خۆی دایە مسیۆلووسیانا تا سەفەری ئیسفەهانی پێ بکات- واتە ئەگەر دەسەڵاتە ستەمکارەکانی جیهان لێ بگەڕێن، مرۆڤ سەر بە هەرچی ڕەگەز و ناسنامەیەک بێت، دەتوانێت لەگەڵ مرۆڤی بەرانبەری وەک هاوڕێیەک بێ کێشە و گرفت بژیت، چونکە مرۆڤ لە هەر شوێنێکی ئەم سەرزەمین و جیهانەدا چوون یەکن و لە ڕووی چارەنووس و پێکهاتەی بایۆلۆژییەوە لە یەک دەکەن. لە دایک بوون، گەشەکردن، مردن، تەنیا لە ڕووی چۆنیەتی و شێوە و شێوازی ژیان و بیرکردنەوەوە جیان.. ئەمە خوێندنەوەیەکی خێرایە، بۆ ڕۆمانی «هوتێل ئەوروپا»ی دکتۆر فەرهاد پیربال.

دەکرێ ئەم تێکستە چەندین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ ئەنجام بدرێت و لەم بابەت و ناونیشانانە بکۆڵرێتەوە بۆ نموونە: مەینەتی پەنابەرێتی، ستەمەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا بەرانبەر بە مرۆڤی کورد، بێرناردۆ فێرارییە و دزرانی جانتاکەی فەرهاد، دەستەواژە ئامادەکراوەکانی ئەرشەدی قازی، چەمکی هوتێل بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، ڕووداو و ڕێکەوت لە هوتێل ئەوروپادا، کولتووری ئیسلامی و کولتووری خۆرئاوایی، ڕۆڵی شیعر و ئەدەبیاتی فارسی لە هوتێل ئەوروپادا، لێکدانەوەی دەلالەتە جوانەکانی پارچە شیعرەکەی «زیا پاشا» کە دەڵێت:

من کە بە سەرزەمینی بێ ئیمانەکاندا تێ پەڕیم چەندین شار و تەلارم دی

کەچی کە بەناو مەملکەتی ئیسلامدا تێ پەڕیم، لە کەلاوە زیاتر هیچی دیم نەدی

نیمایۆشیج و کاریگەری شیعری فەڕەنسی، شوێنەوارە ئایینییەکانی شاری ئیسفەهان، ئاگری عیشقی ڕۆژهەڵاتی، تێکشکانی مرۆڤی ئەورووپی... هوتێل ئەوروپا و قاوەگرتنەوە تابلۆکانی مویەقی هوتێل ئەوروپا و پۆرترێتەکانی دوورگەی سانت مالۆ، هوتێل ئەوروپا و گەمەی پۆستکارتەکان ئەمانە و چەندین بابەتی تر لەم ڕۆمانەدا هەیە و دەکرێ کاریان لەسەر بکرێت..

**سەرچاوە:**

**هوتێل ئەوروپا: ڕۆمان**

**ناوی نووسەر: فەرهاد پیربال**

**کتێبی ئاراس ژمارە، ١٠٤٥**

**چاپی یەکەم: ٢٠١٠**

**چاپخانەی ئاراس، هەولێر.**

# پێدەچێت دیداری شانۆی کوردی ئەم جارەش به دەردی دیدارەکانی پێشووتر بچێت

ئا: خەلیل بابە کەریم

به ئامادەبوونی وەزیری رۆشنبیری و لاوان د. کاوە مەحموود و ژمارەیەکی بەرچاو له شانۆکارانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکووک، بۆ ماوەی سێ رۆژ له ١٨-٢٠/١٢/٢٠١١ لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە دیداری شانۆکاران رێکخرا، سەرەتا له کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ دیدارەکە به وتەی هەریەکە له وەزیری رۆشنبیری و د. فازڵ جاف سەرۆکی لیژنە و هونەرمەند هیوا سوعاد له هۆڵی بەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆ دەستی پێ کرد. هەریەکەیان به جیا باسیان له گرنگی ئەم دیدارە و برگەکانی کرد، هەڵبەتە پێشتر وەزیری رۆشنبیری دەمێک بوو بانگەشەی بۆ کۆنفرانسی شانۆکاران دەکرد، تا له کۆتایی لەم مێژووەدا به پراکتیکی دەستی پێکرد، پرۆگرامەکەش بریتی بوو له رۆژی یەکەم ٢٠١١/١٢/١٨ بەیانییەکەی رێورەسمی دەسپێکردنی دیدار به وتاری وەزیری رۆشنبیری و لاوان و وتاری لیژنەی باڵای دیدار. دواتر وتاری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لەلایەن هونەرمەند هیوا سوعادەوە پێشکەش کرا، پاشان کاتژمێر ٤ی ئێوارە تەوەری یەکەم گفتوگۆی لەسەر کرا کە بریتی بوو له شانۆی کوردی پێوەندی و کۆمەنیکەیشن لەلایەن هونەرمەندان:

١- سەعدوون یوونس
٢- هۆرین غەریب
٣- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ
٤- سیروان بێلانە.

سەرەتا هونەرمەند سەعدوون یوونس گوتی، ئەگەر بمانەوێت جیهانی بین پێویستە گرنگی بەخۆماڵی بدەین، تا خوجێیەتیمان نەبێت و کاریگەر نەبن نابینە جیهانی و کەس دانمان پێدا نانێت، گوتیشی من ئەوە چەندین ساڵە له ئەڵمانیام ئەوەی شانۆی کوردی بێت، یان نمایشی شانۆی کوردی بێت له ئەڵمانیا نەبووە، چەند چالاکییەکی شانۆیی ساکار ئەنجام دراوە (٣٠) بینەر ئامادە نەبووە، زۆربەی زۆری هونەرمەندان رێکوکۆک بوون لەسەر ئەوەی کە پێوەندی شانۆکاران چ له ناوەوە و چ له دەرەوە لەم ئاستەدا نییە، تەنیا د. ئیبراهیم سمۆ نەبێت دەیگوت نمایشی جوان له ئەڵمانیا لەلایەن گرووپە کوردییەکانەوە ئەنجام دراوە، رۆژنامەیەکی ئەڵمانی زۆر به ئەرێنی ئەم نمایشەی هەڵسەنگاندووە، سەعدوون یوونس گوتی له ئەڵمانیا (٣٥٠٠) رۆژنامە هەیە، داخوا ئەمە چ رۆژنامەیەک بووە له پەنایەک باسی کردووە، من لێرەدا دەڵێم ئێمە سەرەتا پێویستە ماڵی خۆمان رێک بخەین، پێوەندیمان لەگەڵ یەکتر چاک بێت، پێوەندی نێوان تیپە شانۆییەکان و شانۆکاران خۆیان لەناو شارێک لەگەڵ شارەکانی تر له ساڵانی رابوردوودا تیپەکانی



سلێمانی نمایشیان لە هەولێر ئەنجام دەدا، هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ دەکرا، هەروەها تیپەکانی هەولێر دەڕۆیشتنە سلێمانی و ئەوانیش یارمەتییان دەدان، پێشوازییان لێ دەکرا، دەدان لە باسی پێوەندی لەگەڵ دەرەوە سیروان بێلانە گوتی من نەمبیستووە هیچ لە شانۆکارانی کەرکووک چووبنە دەرەوە، دیارە ئاگادار نییە کۆمەڵێک شانۆکار ڕۆیشتبن بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ نموونە. د. سەلمان فایق و هونەرمەند مەهدی ئومێدو د. فازڵ جاف ئەی ئەوانە خەڵکی کوێن؟!

لە کاتژمێر ٥,٣٠ ئێوارە هەر لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ تەوەری دووەم ڕۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لە پاراستنی مافی شانۆکاران لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە بەڕێوەچوو:

١- مەریوان زەنگەنە
٢-کامەران سوبحان
٣- ئەحمەد مەشخەڵی
٤- یووسف عوسمان.

ئەوانە هەر هەموویان باسیان لە ڕۆڵی سەندیکای هونەرمەندان کرد لە پشتگیری کردنی هونەرمەندان و پاراستنی مافەکانیان، کە لەم بوارەدا سەندیکا تا ئێستا وەک پێویست ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووە، بە تایبەتی ڕێکخراوی پێشوو، لەبەر ناتەبایی و بەربەرەکانێ لەنێوان خۆیاندا نەیانتوانی وەک پێویست ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەگەرچی چەند یاسایەکیان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کردووە وەک یاسای خانەنشینی و یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندان، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە، کەچی لە هەموو بۆنە هونەرییەکاندا باسیان لێوە دەکرد، وەک ئەوەی دەسکەوتێکی چاکیان دەست هێنابێت.

ڕۆژی دووەم ٢٠١١/١٢/١٩، تەوەری سێیەم پێگەی ژن لە شانۆدا لەلایەن ئەم شانۆکارانەوە باس کرا:

١- شاناز کەریم
٢- حەمە سوار عەزیز
٣- دڵخواز حاجی
٤- قاسم غەمگین

کە ڕایەکانیان زۆر جیاواز بوون لە ڕۆڵ و پێگەی ژن لە شانۆی کوردیدا، بۆ نموونە شاناز خان و دڵخوازخان ڕایان وابوو کە ژن ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشکەوتنی شانۆی کوردیدا هەبووە و قوربانییەکی زۆری لەم پێناوەدا داوە، چونکە ژن جگە لە هونەری شانۆ بارێکی گرانی خێزانی و پەروەردەی منداڵیشی لەسەر شان بووە ئەمە جگە لە تێڕوانینی کۆمەڵگا بەچاوێکی سووکەوە بۆ ئافرەتی شانۆکار بە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتادا، کەچی ڕای هونەرمەند و ڕاگەیاندکار حەمە سوار عەزیز جیاواز بوو، کە شانۆکاری ژن تاکو ئێستا پێگەی زۆر شل و لاوازە لە شانۆی کوردیدا، تاکو ئێستا زۆربەی زۆری ئەو ئافرەتانەی هاتوونەتە سەر شانۆ بۆشاییان پڕ کردووەتەوە و داهێنەر نەبوونە، گوتیشی ئافرەت لە شانۆ ئەکتیڤ نییە و بەشداری کەمە، ئەوەش هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە شانۆکارە کوڕەکان گێچەڵیان پێ دەکەن، لەبەر ئەم حاڵەتانە نایەنە پێشەوە، لەسەر ئەم بۆچوونە گفتوگۆیەکی زۆر کرا، بە تایبەتی ئافرەتە شانۆکارەکان هاتنە قسە لەوانە تارا عەبدولڕەحمان گوتی نەخێر من نەک هەر بۆشایی پڕ دەکەمەوە، بگرە پێشەنگ بوومە، زۆر کچ لاسایی من دەکەنەوە و کەسیش تاکو ئێستا نەیگوتووە لەسەرچاوت دوو برۆ هەیە.

لەبەر هەندێک هۆی هونەری و سەرقاڵی هەندێک لە ئەندامی تەوەرەکان گۆڕانکاری لەنێوان تەوەرەکاندا کرا، تەوەری پێنجەم کە دەبوایە لە کاتژمێر ٤ی ئێواران ١٢/١٩/ گفتوگۆی لەسەر بکرایە، هاتە شوێنی تەوەری چوارەم، کە ئەم تەوەرە بۆ ٥,٣٠ی ئێوارە دواخرا، کەواتە:

تەوەری چوارەم:

میکانیزمی چالاک کردنی تیپ و گرووپەکان: لەلایەن ئەم هونەرمەندانەوە باسی لێوە کرا:

١- سەباح عەبدولڕەحمان
٢- عومەر عەزیز
٣- هەڵکەفت ئیدریس
٤- دڵشاد حوسێن.

سەبارەت بە تیپەکان گەلێک باس و گفتوگۆی لەلایەن



کۆڕگێڕەکان و ئامادەبووانەوە لەسەر کرا و چەند خاڵێک بۆ چالاک کردنی تیپ و کۆمەڵە و گرووپەکان خرانە ڕوو لەوانە:

١- وا چاکە کۆنفرانسێک بۆ داڕشتنەوەی یاسا و مەرجی مۆڵەتدانی تیپەکان لەلایەن لایەنە پێوەندیدارەکانەوە ساز بکرێت.

٢- بڕیارێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی تیپ و گرووپەکان بدرێت، بە مەرجێک مافیان نەخورێت.

٣- بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ بە خۆیدا بچێتەوە و بوار نەدات هەموو کەسێک شانۆگەری بکات، هەروەها وا پێدەچێت گەندەڵی لە پێدانی بودجەکاندا هەبێت.

٤- پێویستە هونەرمەند شتی گەورە داوا بکات.

٥- ڕاگرتنی سندووقی داهێنان، ئەوە کراوە بۆ ئەوەی بە میزاج پارە بدرێتە هەندێک کەس، ئەو (داهێنراوە) وەزیر دروستی کردووە وا دەزانێت بنبڕکردنی گەندەڵی بەوە دەکرێت، ئەمەیان قسەی هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان بوو، لەگەڵ پێشنیارکردنی هەڵوەشانەوەی تیپەکان، ئەو وای پێ باش بوو.

٦- باشترین چارە بۆ تیپە شانۆییەکان دانانی دەزگایەکی شانۆیی سەربەخۆ لە بودجە و ئیدارە، کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبێت.

٧- گۆڕینی تەسویەی منحەی (بەخشین)ی مانگانەی تیپەکان، چونکە ئەم سیستەمە وا دەکات هونەرمەند فێری تەزویر و فڕوفێڵ ببێت.

٨- لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوانە بکرێت کە بوونەتە بەربەست لە ڕێگای پێشکەوتنی کاری شانۆی.

٩- هەڵسەنگاندنی دەق لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆوە کارەساتە، زۆربەی زۆری ئەم ڕایانە پێوەندییان بە هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمانەوە هەبوو کە ئەو ئەمانەی خستە ڕوو. یەکێک لەوانەی کە دەربارەی ئەم تەوەرە موداخەلەیان کرد، کە ڕایەکەی زۆر جوان و بەجێ بوو هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی بوو کە گوتی: بەداخەوە ئێستا گرنگی بە تیپ و کۆمەڵەکان نادرێت، کەس ناڵێت لەبەرچی بێ دەنگن؟! چۆن زەمینە بۆ چالاک کردنیان بڕەخسێنین؟ چونکە تیپ و گرووپەکان سەردەمێک شوێنی ئەکادیمییە و پەیمانگەکانیان گرتبووەوە، قوتابخانە بوون، چەندین هونەرمەندی بەتوانا لەم تیپانەدا پێگەیشتن ئێستا بە پەنجە ئاماژەیان پێ دەکرێت، گەلێک قسە لەسەر ئەم تەوەرەیە کرا، بەڵام من هەر ئەوەندەی دەخەمە ڕوو.

پێش ئەم تەوەرەیە کە دەربارەی تیپەکان بوو لە کاتژمێر ١١,٣٠ تەوەرێکی دی باس کرا ئەویش گرنگیدان بە شانۆی منداڵ و فێرگە بوو، ئەم تەوەرەیە لە لایەن ئەم هونەرمەندانەوە خرایە ڕوو:

١- بورهان قەرەداغی.

٢- مۆفەق عارف لهۆنی.

٣- هەرمان هاشم.

٤- یوونس عوسمان.

سەرەتا بورهان قەرەداغی گوتی پەروەردەی منداڵ پاش ماڵ قوتابخانەیە، پاشان منداڵ هیچ مافێکی ئەوتۆی نییە (١٠) هەزار دیناری دەدرێتی لە ڕێگای مووچەی دایک و باوکی، کەچی لە دەرەوە بە هەزاران دۆلاری بۆ سەرف دەکرێت، هەروەها گوتی شانۆی منداڵ هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ شانۆی گەورەدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بۆ منداڵ دەکرێت، یان لە گەورە و منداڵ پێکهاتووە، شانۆی منداڵ بۆ چێژ وەرگرتن و دەوڵەمەندکردنی بیروهزری منداڵە، بۆیە پێویستە دەقەکان گونجاو بن و نمایشەکان لەم قاوغەدابن، ئامانجیش لە شانۆی منداڵ ئەمانەیە:

١- پەروەردەکردنی سۆز و خەیاڵی منداڵ.

٢- جوانناسی و ناساندنی بە هونەر.

٣- شانۆی منداڵ بەشێکە لە ژیانی منداڵ.

چالاککردنی شانۆی منداڵ لە هەرێم بەم جۆرە دەبێت:

١- بوونی شانۆی منداڵ لە قوتابخانە سەرەتاییەکان زۆر لاوازە، چونکە لە پرۆگرامدا نییە و پێویستە چارەسەر بکرێت.

٢- پشتگیری کردنی شانۆی منداڵ لە قوتابخانەکاندا.

٣- میوانداری تیپ و گرووپەکان بۆ منداڵان، واتە میوانداری کردنیان.

٤- دروستکردنی هۆڵی نمایشی شانۆیی تایبەت بە منداڵان.
٥- دانانی سندووقێکی کۆمەک بۆ هاندانی شانۆی منداڵ.
٦- هاندانی نووسەری منداڵان و بە چاپ گەیاندنی بەرهەمەکانیان.
٧- گرنگیدان بە شانۆی بووکەڵە و (خیال الظل).
٨- گرنگیدان بە شانۆی گشتگیر کە هەموو هونەرەکان لەخۆ دەگرێت وەک میوزیک و گۆرانی و سەما، هەروەها مۆفەق عارف لە هۆڵەکەدا گوتی شانۆی خوێندنگە گرنگە، بەڵام فەرامۆش کراوە، چونکە گرنگی بە ژیانی منداڵ نادرێت، چۆن گرنگی بە هونەرەکەی دەدرێت وەک ئەوەیە بە یەک کەوچک شەکر سەتڵێک ئاو شیرین بکرێت، خەڵکی ئێمە نایەن بۆ نمایشی منداڵ، هەرچەندە زۆر هەوڵ دەدەین، بەڵام هەست دەکەین ڕەنج بە خەسارین لەگەڵ ئەوەشدا من و کاک بورهان قەرەداغی لە خزمەتی شانۆی منداڵ بەردەوام دەبین، هەروەها گوترا بوونی شانۆی منداڵ زۆر لاوازە و دەبوایە لە هەولێر چەند شانۆیەک بۆ منداڵ هەبوایە، پێویستە لە فێرگە و قوتابخانەدا وانەیەکی هونەری شانۆی منداڵ و پەروەردەی هونەری منداڵ هەبوایە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ منداڵ دەکات دەبێت پسپۆری لە بوارەکانی دەق، دەرهێنان، دیکۆر و جلوبەرگدا هەبێت. کۆڕگێڕەکانی دیکە و ئامادەبووان هەر هەموویان موداخەلە و قسەکانیان لەسەر ئەم لایەنانە بوو.
لەکاتژمێر ٦ی ئێوارەی ٢٠٠١/١٢/١٩ دانیشتن لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ لەسەر ئەم تەوەرەیە بوو: گرنگیدان بە پەروەردە و پێگەیاندن لە بواری خوێندنی زانستی شانۆدا:
ئەم تەوەرەیەش بابەتەکانی لەلایەن ئەم هونەرمەندانەوە خرایە ڕوو:
١- ئەحمەد سالار.
٢- کارۆخ ئیبراهیم حەکیم.
٣- محەمەد عەلی ئەترووشی.
٤- نیاز لەتیف.
٥- تەها یاسین.
سەرەتا هونەرمەند ئەحمەد سالار گوتی هەموو خوێندنێک پێویستی بە سێ ڕەهەندی سەرەکی هەیە: مامۆستا، پرۆگرام، شوێن، بەڵام بەداخەوە ئەمانە هیچیان فەراهەم نەکراون، خوێندنی شانۆ و تیوری دراما بە شێوەی زانستی و پراکتیکی جێگا و ڕێگا و مامۆستای بە توانستی دەوێت، باسی لە شانۆکانی دەرەوە کرد، بە تایبەتی لە بەرلین کە لەگەڵ عەبدولی حەمەجوان کە لەوێ هەموو شتێکیان بینیوە، بۆدی تەکنیک، سەماکردن لایەنی نواندن بە زمانی جەستەوە، پاشان لایەنەکانی دیکە لە ئەڵمانیا زۆر گرنگی بەلایەنی دەنگ و فۆنۆتیک لە نواندندا دەدەن، پێویستە ئەکتەر دەنگێکی دەربڕی بەهێزی هەبێت و بتوانێت گۆرانی بڵێ و لە ئۆپێرادا بەشدار بێت. لە ئەڵمانیا هەموو ئەکتەرەکان بە کالە و تراکسوت بۆ مەشق کردن دێن، زیاتر لە حەفت هەشت کاتژمێر ڕۆژانە مەشق دەکەن، هەموو شتێک دەخوێنین، هەتا زمانی ئینگلیزی، کەواتە ئێمە پرۆگرامان تەواو نییە، مامۆستای چاک تاکوتەرا هەیە، پێویست ناکات شانۆ لەگەڵ مۆسیقا و شێوەکاری بخوێنرێت، دەبێت شانۆ سەربەخۆ بێ، ئێمە هەموومان لە شانۆی قوتابخانەکاندا فێری نواندن و هونەر بووینە، کەچی ئەوەیش لە قوتابخانەکان نەما.
پاشان کارۆخ ئیبراهیم حەکیم گوتی پاش دروست بوونی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی هونەرمەندی ئەکادیمی بە شێوەی زانستی دروست بوو، کە پێشتر لە تیپەکان هونەرمەند و ئەکتەری خۆرسک دروست بوون، هەروەها گوتی پەرتەوازەییەک لەنێوان موفرەداتی پرۆگرامی پەیمانگەی هەولێر و سلێمانیدا هەیە، ئەو موفرەداتانە جێگیر نین. زۆربەی زۆری خوێندکارەکان شتەکان بەبێ تێگەیشتن ئەزبەر دەکەن، بۆیە فێرنابن، نەبوونی مەعریفەیەکی هونەری دەبێتە هۆی لێک تێ نەگەیشتن، پێویستیمان بەپەیمانگەی هونەری باڵا هەیە، هەروەها پێویستە لیژنەیەکی زانستی هەبێ بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو و هەوڵدان بۆ داهاتوو و لیژنەی چاپ و وەرگێڕان هەبێت لە وەرگێڕان لە عەرەبییەوە تاکو ڕزگارمان بێت، پێویستە لیژنەی زانیاری هەبێت، چونکە زانیاری وەرگرتن لە گۆڕاندایە.
هەروەها محەمەد عەلی ئەترووشی گوتی پێویستە پەروەردەی ڕۆشنبیری شانۆکاران هەبێت، وەرگرتنی قوتابی لە ئەکادیمیا و پەیمانگەکان ئارەزوومەندانە بێت، ئەگینا مامۆستایەکی سەقەتی لێ دەردەچێت تاکو ئێستا میدیاکان تەنیا گرنگی بە لایەنی مێژوویی شانۆ دەدەن، هیچ بەرنامەیەکی هونەری و زانستی نییە، باس لە نمایشەکان ناکرێت، هیچ سوودێک لە ڕاگەیاندن وەرنەگیراوە. ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە،



سوود لە پەیامی شانۆ وەرگرین کە هیچ کەمتر نییە لە وتاربێژی مزگەوتەکان، پاشان هونەرمەند نیاز لەتیف بەشێوەیەکی تەنزئامێز و کۆمیدی دەستی بە تەوەرەکە کرد و گوتی با بکەوینە وەهمێکی ستانیسلاڤسکی: بەخێربێن ئەی نوێنەرانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی وەزیران، وەزیرە بەرێزەکان، مەبەستی لەوە بوو دەبوایە نوێنەری ئەم شوێنانە و دەزگایانە ئامادەبانایە، هەروەها گوتی سازدانی فیستیڤاڵی قوتابخانەکان پێویستە و گرنگیدان بە شانۆی گەڕۆک و دروستکردنی ئینسیکلۆپیدیای شانۆی کوردی، دەستنیشانکردنی تەمەن لە زانکۆکان هەیە، پێویستە نەمێنێت، دروستکردنی زیاتر لە ٤٠ هۆڵی شانۆیی بەشێوەیەکی زانستی لە سەرتاسەری هەرێم، پاش ئەو تەها یاسین گوتی، پێویستە (٣) سێ پەیمانگە لە جیاتی (١٢) پەیمانگە بکرێتەوە باشترە، چونکە زۆرێک لەو پەیمانگانە فاشیلن و زۆری و بۆری پێوە دیارە، هەروەها گوتی وەرگرتنی قوتابی لە پەیمانگەکان سەقەتە، وەک پەیمانگەی مامۆستایان، باسەکەی لە تەوەرەکە دوورکەتەوە، پاشان ئامادەبووان بە چڕوپڕی موداخەلەیان کرد.

کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی سێیەم ٢٠١١/١٢/٢٠ ڕاسپاردە و پێشنیاری لیژنەکان بەم شێوەیە گفتوگۆ و تاووتو کران:

١- یەکخستنی پێشنیار و ڕاسپاردەکان.
٢- پێکهێنانی لیژنەی بەدواداچوون.

**بۆ ئەم دیدارە شانۆییەش ئەم لیژنانە پێکهاتبوون:**

١- لیژنەی باڵای دیدار:
- د. فازڵ جاف.
- هیوا سوعاد یوونس.
- مەسعوود عارف.
- بورهان قەرەداغی.
- بەکر مەعرووف.
- فرمێسک مستەفا.

٢- لیژنەی ڕاگەیاندن:
- حەمەسوار عەزیز.
- مەسعوودی مەلا هەمزە.
- عەبدولغەفار عەبدوڵڵا.
- نامیق هەورامی.

٣- لیژنەی دارایی:
- د. فازڵ جاف.
- فەرید محەمەد عەلی.
- حەمە ساڵح حەسەن.

لیژنەی پێشوازی:
- قاسم نووری.
- غازی شینە.
- هیوا عەلی.
- بێزار سلێمان.

پێش ئەوەی بێمە سەر ڕاسپاردەکانی دیداری شانۆی کوردی- هەولێر، لەم چەند ساڵەی دواییەدا ئەمە چەندەمین دیداری شانۆکارانە پێش چەند ساڵێک دیدارێکی فراوانی لەم چەشنە لە هەولێر سازکرا، کە شانۆکارانی هەر چوار شارە سەرەکییەکەی هەرێم بەشدارییەکی ئەکتیڤیان تێدا کرد، چەندین بڕیار و ڕاسپاردەیان خستە ڕوو کە لە میدیاکاندا بڵاو دەبووەوە، کە بەداخەوە هیچ ئەنجامێکیان نەبوو، هەروەها چەند دیداری تر لە هەولێر و شارەکانی دی کەس گوێی پێ نەدا، ئەز بەڕای خۆم ئەم دیدارەش بە دەردی دیدارەکانی دیکە دەچێت و هیچی لێ شین نابێت، نەخاسمە ڕاسپاردەکانی ئەم جارەیان گەلێک زۆرن کە لەو بڕوایەدام جێبەجێ ناکرێن، چونکە پەندێکی کوردەواری خۆمان هەیە دەڵێت بەردی گەورە هێمای نەهاوێشتنە، بۆیە دەبوایە ڕاسپاردە و داواکارییەکان هەندێک چڕ بکرابانەوە، نەک بەدەیان ڕاسپاردە و داواکاری هەبن کە داواکارییە گرنگەکان لەناو ئەو هەمووانەدا ون بن.

دووەم تێبینی من دەڵێم، ئەگەر هەر گرفتێک و قەیرانێک هەبێ هونەرمەندانی شانۆکار بەشی شێریان بەردەکەوێت، پێویستە خۆیان ماڵی خۆیان ڕێکبخەن، خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبێت، بۆ کارەکانیان دڵسۆزبن، ڕێز لەخۆیان بگرن، لایەنی پێوەندیدار تاکو



**سەباح عەبدولڕەحمان**

ڕێزیان لێ بگرێت و پشتگیرییان بکات، چونکە ئێستا پەرتەوازەییەکی تەواو لەناو شانۆکاراندا بەدی دەکرێت، بەدەیان تیپ و گرووپی شانۆیی هەن، چالاکییان نییە، بەهەرحاڵ ئەم بڕیار و ڕاسپاردانە لە (١٠) لاپەڕەی چاپکراودا خراوونەتە ڕوو، هیوادارین بۆ پێشخستنی شانۆی کوردیمان زۆربەی زۆریان جێبەجێ بکرێن.

### ڕاسپاردەکانی دیداری شانۆی کوردی- هەولێر لیژنەی پێوەندی و کۆمەنیکەیشن:

١- لە ئایندەیەکی نزیکدا دەزگایەکی شانۆیی سەربەخۆ دروست بکرێت و ئێمەش بە باشی دەزانین ئەو دەزگایە ببێتە پردی پێوەندی لەنێوان شانۆکارانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان و سەرجەم کارەکانی بە شەفافی بکرێت.

٢- هەر دەزگایەکی فەرمی و نافەرمی کە بودجە تەرخان دەکات بۆ کۆمەنیکەیشن، دەبێت بێ بەرانبەر و بێ مەرج و بێ هیچ دەست تێوەردانێک وەکو ئەرک ئەو کارە بکات.

٣- هەموو گرووپ و تاکەکەسێک دەتوانێت پێوەندی دروست بکات، بەڵام ئەو پێوەندییە ناشێت وای لێ بکات وەکو نوێنەری شانۆی کوردی خۆی بناسێنێت.

٤- دروستکردنی تۆڕێکی پێوەندی لەنێوان شانۆکارانی کوردستان بە سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا تازەکان وەک ئینتەرنێت...تاد.

٥- پارەی گشتی دەبێت بۆ ئەو بەرهەمانە خەرج بکرێت کە لە ڕووی هونەرییەوە ئاستێکی بەرزیان هەبێت و شیاوی ئەوە بن بڕۆنە دەرەوەی کوردستان، بە مەرجێک پێشوەخت لە کوردستان نمایش کرابن و لەلایەن ئەو دەزگا سەربەخۆیەوە پشتگیرییان لێ بکرێت، ئەمەش بۆ ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی پارەی گشتی بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی.

٦- پێشنیار دەکەین بۆ ناوەوەی کوردستان کە نمایشەکان پاش ئەوەی لە شاری یەکەم نمایش دەکرێت ببرێتە شارەکانی تری کوردستان.

٧- سازدانی دیداری شانۆیی ساڵانە لە سەرەتای ساڵدا بکرێت، بە مەرجێک هەر ساڵێک لە یەکێک لە شارەکانی کوردستان ساز بکرێت.

٨- گرنگی بە زمان بدرێت لەلایەن شانۆکارانە و لەسەر ئاستی تاکەکەسی و گرووپەکان و لەسەر ئاستی فەرمیش بە پلانێکی زانستی کاری بۆ بکرێت.

لیژنەی چالاک کردنی تیپ و گرووپە شانۆییەکان:

١- دارشتنی هەلومەرجی یاسایی و هونەری نوێ بۆ مۆڵەتپێدانی تیپە شانۆییەکان.

٢- لەبەر ڕۆشنایی خاڵی یەکەم مۆڵەتی سەرجەم تیپ و گرووپەکان لەکاربخرێت و سەرلەنوێ مۆڵەت وەربگرنەوە.

٣- کارکردن بۆ سازدانی فیستیڤاڵێکی سەرانسەری کوردستان بۆ تیپ و گرووپە شانۆییە خاوەن مۆڵەتە نوێیەکان و بەشداری پێکردنی ئەو تیپانەی بەر لە وادەی نمایش لیژنەی تایبەتمەند بەرهەمیان هەڵدەسەنگێنێ.

٤- جیاکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی تیپە هونەرییەکان لە سەنتەرە ڕووناکبیرییەکان.

٥- دانانی چاودێری و هەڵسەنگاندنی بۆ هەر نمایشێک کە بودجەی بۆ تەرخان بکرێت لە ڕووی هونەرییەوە.

٦- کارکردن بۆ هێنانە کارای دەزگایەکی شانۆیی تایبەتمەند کە خاوەنداری سەنتەری ڕووناکبیری شانۆیی و تیپی شانۆیی نەتەوەیی بکات و ئەم دەزگایە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت.

٧- نەهێشتنی ڕۆتینی تەقلیدی بۆ خەرجکردن و پاکتاوکردنی بودجەی تیپەکان بە مانگانە و بودجەی نمایشیانەوە، بەڵکو کاربکرێت و بەم شێوەیە کۆمەکی تیپەکە بکرێت:

أ- تەرخانکردنی بەخشینی ساڵانە بە چوار جار بۆ



سەعدوون یوونس

سەرجەم خەرجییەکانی کەرتینی لە «خەرجی بەڕێوەبردن» و ڕۆژانە.

ب- لە مانگی نیسانی هەر ساڵێکدا بەخشینی چالاکی و بەرهەمهێنانی وەرزانە بکات.

ج- لە سەرەتای مانگی تەمووزدا بەخشینی ناوبراو خەرج بکرێت.

د. لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەخشینی سێیەم بۆ هەمان مەبەست خەرج بکرێت «بە مەرجێک هەر گرووپە و ئەگەر لە وەرزێکدا چالاکی نەنواند وەرزی دووەمیش لەم بەخشینە بێ بەش بکرێت».

هـ- هەر گرووپە و پەیڕەوی پاکتاوی یاسایی ژمێریاری دەبێت.

**ڕۆڵی سەندیکای هونەرمەندان:**

١- هەوڵدان بۆ پاراستنی مافی شانۆکاری کورد بە شێوازێکی مەدەنی و پێشکەوتووخواز، کە لەگەڵ یاسای سەندیکا هونەرییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو بگونجێت.

٢- کارکردن بۆ گۆڕینی شێوازی کاری سەندیکایی و پیشەیی لە کوردستان بە جۆرێک ئەو سەندیکایە هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی هەموو شانۆکار و هونەرمەندێک ئەو سەندیکایە بە موڵکی خۆی بزانێت.

٣- هەوڵدان بۆ دروستکردنی ڕایەڵەیەکی هونەری توندوتۆڵی شانۆیی لە ڕووی پراکتیکی و تیۆرییەوە لەنێوان شارەکانی کوردستاندا، بە جۆرێک نمایشە شانۆییەکان لە زۆرێک لە شاکارەکانی کوردستاندا پێشکەش بکرێت، ئەمەش وادەکات لانی کەم شانۆکاران لە سەرجەم شارەکانی کوردستاندا لە بەرهەم و نمایشی یەکتر بە ئاگابن.

٤- پێویستە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان پێوەندی و کۆنتاک لەگەڵ زانکۆ و ناوەندە شانۆییەکانی دنیادا دروست بکات، بۆ کردنەوەی وۆرک شۆپ و خولی شانۆیی بۆ ئەوەی ڕێگری لە پێوەندی تایبەتی بکرێت و بەکارهێنانی پێوەندییەکان بۆ مەرامی تاکەکەس.

٥- گوشار بخرێتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سەرجەم مافە تەندروستی و کۆمەڵایەتی و داراییەکان بۆ شانۆکار و هونەرمەندی کورد لە جێبەجێکردنی بەپێی ڕێکەوتنە جیهانییەکان، کە تا ئێستا چەندین ساڵە سەندیکا بەدوای ئەو کشانەوەیە و حکومەتی هەرێمی جێبەجێی نەکردووە.

٦- جیاکردنەوەی سەندیکا بەپێی بەشە پسپۆڕییەکانی هونەر بە سەربەخۆیی «واتە سەندیکای شانۆکاران، سەندیکای موزیسیانان، شێوەکاری، سینەما..تاد».

**پێگەی ژن لە بواری شانۆدا:**

پێگەی ژن لە شانۆی کوردیدا لە ئاست ئەو پێگەیە نییە کە ئەمڕۆ ژن وەک ڕەگەزێکی کارای کۆمەڵگەی کوردی بەدەستی هێناوە، بۆ بەهێزکردن و باشترکردنی پێگە و ڕەوشی ژن لە نێوەندی شانۆی کوردیدا پێشنیار دەکەین کار لەسەر ئەم پێشنیار و ڕاسپاردانە بکرێت:

تایبەت بە پەیمانگە و کۆلێژی هونەر:

١- جیاکردنەوەی بەشەکانی پسپۆڕی کارکردن لە بەشی پەروەردەی هونەری، تەنیا دەرچوانی بەشی پەروەردەی هونەری وەک مامۆستا سوودیان لێوەربگیرێت، دەرچووی بەشەکانی نواندن و دەرهێنان لە بواری کاری شانۆیی سوودیان لێوەربگیرێت.

٢- وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵانە بەشێک لە کچانی دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و کۆلێژە هونەرییەکان وەک شانۆکار لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی شارەکان دابمەزرێنێت، بە تایبەتیش ئەوانەی کاران.

٣- بە پشت بەستن بە خاڵی یەکەم هەموو ئەو کچانەی کە لەبەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و کۆلێژە هونەرییەکان وەردەگیرێن بەڵێننامەیەک لە دادنووس پێشکەش بکەن کە دوای دەرچوونیان لە کاری شانۆییدا بەردەوام بن.

**ڕۆڵی ســــەندیکای هونەرمـــەندان لە پاراستن و بەهێزکردنی پێگەی ژن لە بواری شانۆ:**

١- دەرکردنی لیستێکی پاداشتی کارکردن بۆ ئەو ژنە شانۆکارانەی کە لە نمایشی شانۆییدا بەشداری دەکەن، بە مەرجێک بڕی پاداشتەکە لە ئاستێکی زۆر باشدا بێت کە بتوانێت ژنی شانۆکار لەسەری بژێت، بەتایبەتیش ژنی شـانۆکار لە ڕووی کـۆمـەڵایەتی و ئەرکی نێـو خـێـزاندا بارگرانییەکی زیاتری لەسەرە.

٢- ســـەندیکا ڕێگە بە هیچ کـەســـێک نادات ســوکـایەتی بە هونەر بکات، یان هونەرەکـە لەپێناو خۆبردنە پێشەوە ئیسـتـغـلال بکات، یان لەژێر پەردەی هونەر هەندێک کاری نەشیاو بکات، بە تایبەتیش ڕۆڵی کارای هەبێت لە پاراستنی ئەو ژنە شانۆکارانە کە ڕەنگە بە جـۆرێک لە جۆرەکـان لە ڕێگەی هونەرەوە گێچەڵیـان پێ دەکرێت.

٣- پێگەی ژن لە فیستیڤاڵ و بۆنە شانۆییەکاندا دیار و بەرچاو بێت، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە لیـژنە هونەری و ئیدارییەکان هەبێت کە سەرپەرشتیاری ئەو بۆنانە دەکەن.

٤- جـێگەکـردنەوەی ژن لە پێگە ئیـدارییـە باڵاکـانی بواری شـــانۆ و ســـەندیکا و گــرووپ و ســـەنتـــەرە هونەرییەکان.

٥- پشـتـگیـری کـردنی ژنانی شـانۆکـار بە هەردوو شێوەی ماددی و مەعنەوی.

٦- ســـاڵانە ئەو ژنانە خـــەڵات بکرێن کـــە ڕۆڵی بەرچاویان لە چالاکییە شانۆییەکانی ئەو ساڵەدا هەبووە.

٧- پەراوێز نەخـــســـتنی ژن لەو شـــاند و ســـەفـەرە هونەرییـانەی کـە بۆ دەرەوەی هەرێمی کـوردسـتـان ڕێک دەخرێن، بە شـێـوەیەک کـە ژمـارەیەکی بەرچاو لەژنانی شانۆکار دەرفەتی ئەوەیان هەبێت بە شانۆکانی تری دنیا ئاشنا بن.

٨- هاندان و هۆشـیـارکـردنەوەی ئەو ژنانەی کـە لە بواری شانۆ کاردەکەن و هۆشیارکردنەوەی ئەو خێزانانەی کە کچەکـانیـان لەم بوارەدا کـار دەکەن و هان بـدرێن بۆ ئەوەی ڕێگری لە کچەکانیان نەکەن کە لە بواری شانۆدا بەردەوام بن.

٩- دابینکردنی دەرماڵەی هونەریی بۆ ئەو ژنانەی کە وەک مـامـۆسـتـا دادەمـەزرێن و لە کـاری شـانۆییش بەردەوامـیـــان هەیە و بە ڕێژەی ســەدا پەنجــای مووچەکانیان کاردەکەن.

١٠- ڕێکخستنی دیدار و کۆنفرانسی شانۆیی تایبەت بەژن و بەهێزکردنی ڕۆڵ و پێگەی ژن لە نێوەندی شانۆدا.

**لیژنەی گرنگیدان بە شانۆی منداڵ و فێرگە:**

بۆ زیاتر گرنگیـدان و بەرەو پێشبردنی شانۆی منداڵ پێویستە ئەم پێشنیار و داواکارییانە جێبەجێ بکرێن:

١- دامـەزراندنی سـەنتـەرێک لە شارەکـاندا لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبـیــریـیـــەوە بە هەمـــاهەنگی وەزارەتی «پەروەردە و کـاروکـاروباری کـۆمـەڵایەتی» ، کە سـەرجەم نووســەری شــانۆی منداڵ و پســـپـۆڕییـــەکـــانی بواری دەروونناسی و پەروەردەیی و کۆمەڵناسی و هونەرمەندانی شێـوەکـار و مـوزیک و ئەکـتـەر و دەرهێنەرەکانی شانۆی منداڵ بە مەبەستی توێژینەوە و پلاندان و بەرنامەڕێژی بۆ هونەری منداڵ و شـانۆکـەی «لەکـاتی دامـەزراندنی ئەم سەنتەرەدا کارەکانی زیاتر دەستنیشان دەکرێت» .

٢- پێـــداچوونەوە بە مـــێـــژووی هەردوو وانەی نیگارکـێـشی لە قـۆناغی بنەڕەتیـدا و گـۆڕینی بەوانەی پەروەردەی هونەر کە تێیدا هەموو لقەکانی هونەر لەخۆ بگرێت بە شانۆشـەوە، بەپێی پۆلەکان مـیـتـود دابنرێت و بکرێتە وانەیەکی سەرەکی بێت و پراکتیزە بکرێت.

٣- دروســـتـکردنی هۆڵی شـــانـۆی منداڵ بەپێی تایبەتمەندییەکانی شانۆی منداڵ، بە تایبەتی لە سەنتەری شـار و قـەزاکـاندا، هەروەها چاککردنەوە و وەرگـرتنەوەی ئەو هۆڵانەی کە تایبەتن بە قـوتابخانە و خوێندنگەکان بۆ خزمەتی شانۆی منداڵان.

٤- چالاک کردن و پشتگیری کردنی شانۆی قوتابخانە لە ڕووی بودجە و گـەشـەپێـدانی توانایی کـادیرەوە لەنێـو یەکـەی چالاکی قـوتابخـانەکـاندا، چونکە قـوتابخـانە هەوێنی شانۆی منداڵە.

٥- دانانی سندووقـێکی کـۆمـەک بۆ شانۆی منداڵ لە شارەکاندا کە نمایشی شانۆیی لێی سوودمەندبێت.

٦- دروستکردنی شانۆی گەڕۆک بۆ نێو لادێ و قەزاو ناحیەکان.

٧- گـــرنگیـــدان بە شـــانۆی بـووکـــەڵە بە هەمـــوو جۆرەکانییەوە و کردنەوەی وۆرک شۆپ لە دەرەوەی هەرێم و ناو هەرێم بۆ شارەزابوون لەم هونەرە.

٨- سـازدانی فـیـسـتـیـڤـاڵی شانۆی منداڵ وەرزی و ساڵانە، بە بەشداری ناو هەرێم و دەرەوەی هەرێم.

٩- هـاندانی نووســەرانی شـانۆی منداڵ، لە ڕێگەی خـــەڵاتکردن و ســـازدانی پێـــشـــبـــڕکێ و چاپکردنی بەرهەمەکانیان.

١٠- کردنەوەی ووۆرک شۆپ بۆ هەموو بوارەکانی شانۆی منداڵ بە میوانداری کەسانی پسپۆر و شارەزا لەو بوارەدا و ناردنە دەرەوەی پسپۆرانی شانۆی منداڵ بۆ ئەو وڵاتانەی لە شانۆی منداڵدا پێشکەوتوون.

١١- ئەکتیڤ کردنی بەرهەمی منداڵ و دەستگیرۆیی کردنی تیپە تایبەتمەندەکانی هونەری منداڵان.

١٢- ساڵانە دیداری تایبەت بە شانۆی منداڵ و هونەرەکانی ساز بکرێت.

گرنگیدان بە پەروەردە و پێگەیاندن لە بواری خوێندنی زانستی شانۆ لە پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکاندا:

١- کەمکردنەوەی پەیمانگەکان لە قەزا و ناحیەکاندا و گرنگی بە هەر چوار پەیمانگەکانی «دهۆک، سلێمانی، کەرکوک، هەولێر بدرێت».

٢- لابردنی کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە کۆلێژەوە و دابەشکردنی بۆ سەر چوار سکولی پسپۆری «شانۆ، شێوەکاری، موزیک، سینەما» بەبێ بەهای زانستی لە بەشەکەوە لە ڕووی مامۆستا و پرۆگرامی خوێندن و بەسەر شارەکاندا دابەش بکرێن.

٣- هەڵوەشاندنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی پەیمانگەکان کە زۆر کۆنە و بۆ ساڵانی پەنجاکان دەگەڕێتەوە و دانانی پەیڕەوێکی نوێ کە لەگەڵ سیستمی نوێدا بگونجێت.

٤- دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی بەشەکان، بە تایبەتی بەشی شانۆ بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- بەشی نواندن.

ب- بەشی دەرهێنان.

ج- کردنەوەی بەشی پەروەردەی هونەری کە لە پۆلی سێیەمەوە هەر سێ بەشی شانۆ و میوزیک و شێوەکاری دابەش دەبن بۆ ئەو بەشەی بەپێی خواستی خۆیان بۆ ئەوەی مامۆستای پەروەردەی هونەری لێ دەربچێت.

د- بەشی سینۆگرافیا کە لە: دیکۆر- ڕووناکی- جلوبەرگ- ئێکسسوار- ماکیاژ- میوزیکی شانۆ و کارتێکەرە دەنگییەکان پێکدێت.

هـ- بەشی ئەدەبی شانۆیی کە لە نووسینی تێکستی شانۆیی- ڕەخنەسازی پێکدێت.

٥- گۆڕینی میتودی بەشی شانۆ کە لەگەڵ میتودەکانی شانۆی جیهانیدا بگونجێت.

٦- پاڵپشتی کردنی پرۆژە هونەرییەکان وەک چالاکییە شانۆییەکان و سازکردنی فیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگەکان.

٧- پاڵپشتی کردنی دەرچووانی پەیمانگەکان بۆ بەردەوامیدان بە خوێندنی هونەری لە زانکۆکان و ڕێخۆشکردن لە پرۆگرامی تواناسازی بۆ تایبەتمەندییەکانی هونەری بە تایبەت شانۆ.

٨- دانانی بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بۆ کارنامەی دەرچوونی خوێندکارانی دوا قۆناغی بەشی شانۆ.

٩- دانانی بڕی (٢٥٠٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار دینار بۆ ئەزموونی خوێندکارانی قۆناغی چوارەم بەشی دەرهێنان.

١٠- دروستکردنی باڵەخانەی هاوچەرخ بەپێی سیستمی هونەری شانۆ بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی و کەرکووک و کۆلێژی هونەر لە هەولێر، هەروەها دروستکردنی هۆڵی شانۆ بۆ پەیمانگەکانی هەولێر و دهۆک.

١١- دانانی پسپۆری تایبەتمەند لە بواری هونەردا بۆ کارگێڕی کردنی پەیمانگە هونەرییەکان و کاری سەرپەرشتیکردنی زانستی لە ڕێی بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگەکانەوە.

١٢- دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگەکانی بەشی شانۆ لە قوتابخانە و خوێندنگەکان وەک پسپۆری شانۆ بەدەر لە ڕێنماییەکان.

١٣- پشتگیرکردنی توێژەران و پسپۆرانی شانۆ لە بەشداری کردنی لە کۆنفرانسە جیهانییەکان بە توێژینەوەی تایبەتی لەسەر شانۆی کوردی.

١٤- دانانی وانەی هونەری شانۆ لە قۆناغی باخچەی ساوایان تا قۆناغی دوازدەم بە مەرجێک ئەو وانەیە لە خزمەتی چێژبەخشین و بواری زانستی بێت.

١٥- دانانی لیژنەیەکی پسپۆری بۆ چاپکردن و وەرگێڕانی میتودی هونەری شانۆ بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی هونەری شانۆ لە کۆلێژ و پەیمانگەکاندا.

١٦- کردنەوەی زیاتر لە (٤٠) هۆڵی شانۆیی جۆراوجۆری تایبەت بە شانۆ لەسەر ستانداردی جیهانی لەسەرجەم پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان بە کەرکووکیشەوە.

## بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# گۆڤاری ڕامان و هەگبەیەک لە سامانی نەتەوایەتی


پ.د. شوکرییە ڕەسووڵ


ماوەی شازدە ساڵە گۆڤاری ڕامان بە ڕوحم ئاشنایە و یەکێکم لە هۆگرانی ئەو گۆڤارە پڕ بایەخە کە سەرنووسەرەکەی کاک ئازاد عەبدولواحیدە و لە مێژە لە نزیکەوە دەیناسم و سەردەمی هەرزەییم کە لە مۆسکۆ گەڕامەوە، لە زانکۆی سلێمانی ناسیم. مرۆڤێکی بێ دەنگ و مەنگ بوو، ئەوەی بە زۆری باسی لێهاتوویی و زیرەکی و خوێندنەوەی بێ شوماری لە سووچێکی فەرمانگەکەی بۆ باسکردم خوشکم (بەدریە ڕەسووڵ) و زاواکەمان (هەڵکەوت ڕەشید) بوو.. هەمیشە لە پەسنی کاک ئازاددا بوون کە چۆن ڕژێم وازی لێ نەدەهێنا و تەشقەڵەی پێدەکرد و گرفتی بۆ دروست دەکرد.. بە هەرحاڵ مێژووی پڕ مەعریفەی ئەو زاتە گەیشتە ئەمڕۆ کە بەری ڕەنجی ماندوویی لە یەکێتیی نووسەران و سەرنووسەری ئەو گۆڤارەدا ببینێتەوە، کە بووەتە جێ سەرنجی ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستان.

– بە خوێندنەوەی گۆڤاری ڕامان و بابەتە دانسقەکانی وای لێ کردم، کە لێکۆڵینەوە و بابەتی وەرگێڕراو بۆ ئەم گۆڤارە بنێرم و هانی مامۆستایانی زانکۆ و باسکارانی «لێکۆڵینەوەی زانستی و باسی دەرچوونی قوتابیانی دوا قۆناغی زانکۆ لە بەشی کوردی بدەم، بە تایبەتی ئەوانەی چاکن. هەر ئەمە وای لێ کردم بە بۆنەی چوارساڵ دەرچوونی بابەتێکی ئەکادیمی بەناوی (قەڵەمی نووسەرانی ژن و ئافرەت بەپێی ئامار لە شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان) پێشکەش بکەم. لە یادمە کۆڕێکی گەورە بۆ چوار ساڵەی ڕامان سازکرا، من و دکتۆر خەزنەدار و چەند کەسێکی تر لەوێ بابەتەکانمان پێشکەشی کرد.

– ئێستا گۆڤاری ڕامان بووەتە سەرچاوە و مەرجەعی باسی لێکۆڵینەوەی قوتابیانی قۆناغی (ماستەر و دکتۆرا)... زۆرجار نامەی دکتۆراو ماجستێرم بە کورتی و پوختی لەم گۆڤارەدا بڵاوکردووەتەوە کە دوایی بە مستەفا زەنگنە و هیمداد حوسێن سپێردرا.

– دەتوانم بڵێم بە حەق ئەم گۆڤارە توانیویەتی خزمەتێکی گەورە بە سامانی نەتەوایەتیمان بکات، بە تایبەتی لە بوارەکانی ئەدەبی، هونەری، مێژوویی، جوگرافی، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، فەلسەفی.. زۆربەی زۆری بابەتەکان دانسقە و دەگمەنن و لەوەوبەر دەستی لێکۆڵینەوەی نەگەیشتووەتێ وەک بابەتی زمانەوانی، ئەپستمۆلۆژیا، هیرمینۆتیکا، وازی شیعر و زمان، فیکر و جەستە، قەسیدەکانی شاعیرانی ئەمڕۆمان (کەریم دەشتی، ئەنوەر مەسیفی، دلاوەر قەرەداغی، دڵشاد عەبدوڵڵا، فەرهاد پیرباڵ، هەڤپەیڤینەکان)، (نووسینەکانی مەسعوود محەمەد، شوکر مستەفا، عەبدولڕەقیب یووسف، هەردی، کامەران موکری....تاد) سەرباری بە ئاوڕدانەوە لە بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی و شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانیان لە ڕووی ڕێبازی فۆرمالیزم و مۆرفۆلۆژییەوە. کەواتە ئەم گۆڤارە بووەتە پردێک کە جەمسەری شاعیران و نووسەرانی دوێنێی بەم ڕۆوە بەستووەتەوە و مێژووی ئەدەبیاتی وەک کەلەپوورێکی جێماو بۆ ئەمڕۆ و پاشەڕۆژ کردووەتە هەگبەیەکی پڕ زەخیرەی هزری و سامانی نەتەوایەتی و ئینسیکلۆپیدیای پڕ لە زانست و مەعریفە...

– ئەوەی تێبینی بکات لەم گۆڤارەدا قەڵەمی کوردەکانی ڕۆژهەڵات، نووسەری ژن و پیاو دەورێکی جوانیان لە بەرهەمی جۆراوجۆر و وەرگێڕاندا بینیوە و هەر (١٧٧) ژمارەکانی ڕامان گەواهی قسەکانمانە.. سەرباری ئەم لایەنە لەم گۆڤارەدا بە سەدان وشە و زاراوە و دەستەواژەی نوێ هاتووەتە ناو گۆڤارەکەوە چ دروست کراو، یان بێگانە، یان خۆماڵی دەست و بۆ نەبراو، شوێنی خۆی کردووەتەوە.

– لەم گۆڤارەدا وەرگێڕان بایەخێکی زۆری پێ دراوە، چ لە (زمانی عەرەبی، فارسی، تورکی)، یان زمانانی ئەوروپی (ڕووسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، سوێدی، ئیتاڵی، دانیمارکی و ئیسپانی و...تاد)..

– تەمەنی (١٦) ساڵەی ڕامان و پێڕست و ناواخن و بابەتەکانی خۆی لە خۆیدا گەورەترین کارە بۆ سازدانی بیبلۆگرافیایەکی دەوڵەمەند وەک لە چوار ساڵەی تەمەنیدا ئەم کارە ئەنجامدرا.

– لایەنێکی جوانی ئەم گۆڤارە کاری (دیزاین و ڕەنگی بەرگەکان و جوانی و پوختی لایەنی ڕێزمانی و هونەرییە و هەر جارە بە ڕەنگ و جۆرە نووسین و ڕێنووسێک ڕامان دەڕازێتەوە، جارێک (أ) ئەلفەکان شێوەیەکی جوان وەردەگرێت، جارێکی تر بە شێوەیەکی تر بەرگەکە بە وێنەی شاعیران، یان فلچەی شێوەکاران... تاد، دەڕازێتەوە.

– لە ڕاماندا دەرک بەوە دەکەین بەسەدان نووسەر و ئەدیب لە دەوری گۆڤارەکە کۆبوونەتەوە و خۆیان بە خاوەن ماڵ و خزم و دۆستی ئەم گۆڤارە داناوە و ئەوەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە بخوێنێتەوە بە ڕوونی هەست بەم لایەنە دەکات کە زۆرێک لە ئەدیبان ڕووباری هزریان بۆ ڕامان گواستووەتەوە.

– هێندەی ماوە بڵێم جێگەی دڵخۆشییە زۆرێک لە ناوی دوکان و پێشانگە و خەیات و بەنزینخانە و ناوی منداڵانی کچ و کوڕ بەم ناوەوە ناونراون کە خۆم چەند ناوی منداڵانم بەم ناوە ناوناوە..

– لە کۆتاییدا ئەوەی ماوە بیڵێم ئەو پەندە ڕەسەنە کوردییە کە دەڵێت:

**لە گوڵیان پرسی بۆ وا جوانی**
**وتی: باخەوانەکەم مەردە**

کەواتە ئازایەتی بۆ سەرنووسەر کاک ئازاد عەبدولواحید دەگەڕێتەوە کە بە پەرۆشەوە ڕامان بە سەنگ و ڕەنگ و ماندووییەوە لە کات و ساتی خۆیدا پێشکەشی خوێنەران دەکات و لە دڵەوە دەست خۆشی لە خۆی و تەواوی ستافی گۆڤارەکە دەکەم. بە هیوای ئەوەی ڕامان ببێتە دەزگا و گەلێک لقی لێ ببێتەوە و سوارچاکییش بۆ سەرنووسەرە کە دەستێکی باڵای لە بواری ڕۆژنامەنووسی و بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا هەیە. هەر شاد و بەختەوەر بن لە خزمەتی سامانی کولتوور و کەلەپووری نەتەوایەتیماندا.

# لە نامەکانی محەمەدی مەلا کەریمەوە (٢)

**ئا: تاهیر عوسمان**

ئەمەی خوارەوە دەقی نامەی دووەمی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمە کە لە ١٩٨٢/٦/٢٧ لە وەڵامی نامەیەکی خۆم بۆم ناردبوومەوە کە لە ٦/٤ی هەمان ساڵ لە نامەیەکدا پرسیارم لە بارەی کتێبی یادداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لێکردبوو، ئەویش بەم نامەیە وەڵامی دامەوە..

برای خۆشەویستم کاک طاهیر، ڕۆژباش

نامەکەی ڕۆژی ٦/٤تانم بە دەست گەیشت. زۆر زۆر سوپاسی هەستی خاوێنی دڵسۆزی و برایەتیت دەکەم، من قەت خۆم وا دانانێم کە شایانی ئەو جۆرە نووسینانە بم کە تۆ بۆت نووسیوم. هەر چۆن بێ، چ بڵێم لەوە زیاتر کە بڵێم: سوپاس، گەلێک سوپاس. ئاواتەخوازم هەردەم لەش ساغ و کامەران و سەرکەوتوو بی و کاتی خۆت بەکاری سوودمەند و بەکەڵک و خوێندنەوە بەسەر بەری.

کاکی برای! یادداشتی مامۆستا ڕەفیق حیلمی کە ٦ بەرگە و هەندێ بەرگی دوو بەشە و لە ساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٨دا لە چاپی داوە، باسی ئەو ڕووداوانە دەکا کە ئەو لە ساڵانی بیست و سی دیوەتی لە کوردستانی عیراق، واتە یادداشتی سیاسی و مێژووی ژیانی خۆی (سیرة ذاتیة) نییە، زیاتر سەبارەت بە ڕووداوەکانی سەردەمی هاتن و پاش هاتنی ئینگلیز بۆ عیراق و سەردەمی شێخ مەحموودی ڕەحمەتییە. وەختی خۆی مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی و لە چاپی داوە. کتێبەکە شایانی خوێندنەوەیە و لام دوور نییە لە کتێبخانەی گشتی لە هەولێر هەبێ.

ئیتر خۆشی و بەختەوەریتم ئاواتە

**برات: محەمەدی مەلا کەریم**
**١٩٨٢/٦/٢٧**






# دەگەڵ برایم خان یوونسی و محەمەد قازی-دا



حوسێن شێربەگی
(بۆکان)

خۆشەویستان، خۆتان بەرز و بەڕێزن و شیاوی ڕێزگرتن و خۆشەویستین، ئەگینا من چیم و کێم کە بتوانم دەگەڵ ئێوەدا دەردەدڵ بکەم و خەمی دڵ هەڵڕێژم و «حدیث النفس» بکەم. من لە ئێوە و نووسین و وەرگێرانی ئێوەم زۆر کەڵک وەرگرتووە. بە ڕاستی ئەو بەرهەمانەی وەرتان گێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، فەرهەنگ و ژیاری ئێرانی دەوڵەمەند کردووە. هەردووکتان جوانترین و بەهێز و پێزترین بەرهەمتان دۆزیوەتەوە و بە ڕەوانترین و شیرینترین پەخشان و زمان کردووتانەتە فارسی.

نرخی کۆمەڵایەتی و فیکری و هونەری و ئەدەبی ئەو بەرهەمانە، بە تایبەت بە وەرگێڕان و زمانی ئێوەوە زۆر بەرز و باڵا و بەنرخە. لە خوێندنەوەی هەر کامی ئەم بەرهەمانەدا، هەروەک مۆخ و هزر و زانایی و ئاگاداریم دەوڵەمەند دەبێ، هەست و سۆز و دڵ و خۆشەویستیشم پاک و خاوێن و سامانداز و گەورەتر دەبێ، بەڵام هەر کاتێ بەرهەمەکانتان دەخوێنمەوە، وێڕای هەموو چێژ و شادمانی و کەڵک و بەرژەوەندێک کە لە خوێندنەوەیانی وەردەگرم، داخ و کەسەر و مەخابنیش ناخم دەهەژێنێ و بە خۆم دەڵێم: «ئاخ چ دەبوو ئەم بەرهەمە بەنرخە بە زمانی کوردی بایە؟ چ دەبوو ئەم دوو مامۆستا بەڕێز و زۆر خۆشەویستەی من ئەم شاکارانەیان وەرگێڕابایەتە سەر زمانی کوردی و ئەم کەڵەکارانە بە زمانی کوردیش لەماڵباتی کتێبخانەی کوردیشدا هەبایەن؟»

ڕەنگە ئێوە، یان کەسانێکی دیکە بڵێن ئاخە کوردی زمانێکی ناوچەیی و ئی جوگرافیایەکی سنووردار و بەرتەسکە و کەسانێکی بە ئەژمار کەم بەم زمانە مژار و بابەت و بڵاقۆک دەخوێننەوە. ئەمە ڕاستە، بەڵام بڕواتان هەبێ فارسیش هەر زمانێکی ناوچەیی و ئی جوگرافیایەکی بەرتەسک و سنووردارە، لەلایەکی دیکەوە، فەرهەنگی دەوڵەمەند و زمان و قەڵەم و هونەر و ئەدەبی دەوڵەمەند چ ئی فارس و کورد بێ، چ ئی ئەمریکا و ئەورووپا، تەنانەت ئەگەر ئی دەڤەری زۆر گچکەی وەکو داغستان و قرغیزستان و ئۆزبەک و ئەفغان و قولەڕەشەکانی ئەفریقاش بێ، تەشەنە دەکاتە گشت جیهانەوە و دەدۆزرێتەوە، دەخوێندرێتەوە، وەردەگێڕدرێتە سەر ئینگلیزی و فەرەنسی و هەموو زمانە زیندووەکانی دنیا و بە قەرا بایەخی خۆی جیهان دەنێتە ژێر چۆکی خۆیەوە و جێگای خۆی دەکاتەوە.

سوپاس بۆ کار و چالاکی و تێکۆشانتان و پێزانینم هەیە بۆ ئەو هەموو بەهرە و کەڵک و بەرژەوەند و چێژ و شادمانی و خۆشییەی لە قەڵەم و زمان و بەرهەمی ئێوەم بینیوە و داخ و کەسەر و مەخابنم بۆ ئەوەی بە کوردی نەبوون و بە زمانی کوردی لە ئەدەبێتاندا نین و ماڵباتی کورد لەمانە بێ بەشە...